
چاپی سێیەم




مهنداس کاراماشاد غاندی

وەرگێڕان : شێرزاد هەینی


# غاندی

## چیرۆکی ئەزموونەکانم

## لەگەڵ حەقیقەتدا


کتێبخانەی (PDF)
گروپێک بۆ خزمەتکردن بە خوێنەران و
خوێندکاران و کتێب دۆستان

چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا

# غاندی

Gandhi: an Autobiograghy

Mohandas k. Gandhi

- چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا – غاندی–
- وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی
- پێداچوونەوەی: مەجدی عەبدلواحید عەنەبە
- هەڵەبڕ: لوتفی فەتاح
- دەرهێنانی هونەری ناوەوە کارژین خلیل هیدایەت ٠٧٥٠٧٩٣٤٤٠٢
- بەرگ : ئاکار جەلیل کاکەوەیس
- تیراژ : ( ١٥٠٠ ) دانە
- نرخ : ( ٨٠٠٠ ) دینار
- نۆرەی چاپ : چاپی سێیەم ٢٠١٣
- شوێنی چاپ : چاپخانەی رۆژهەلات– هەولێر ٠٧٥٠٤٦٢٣١٩٥
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردن ( ١١٧٧ ) ساڵی ٢٠١١

دەقە عەرەبییەکە چاپی دووەمیەتی کە لە ساڵی ٢٠١١ لە میسر چاپکراوەتەوە، بەڵام چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٨دا چاپکراوە.

**ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاَوکردنەوە ژمارە (٧١)**



**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی ئاوێر**

## ئاماژەیەک:

لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە هەندێ رستە و ناوی درێژ و دووبارەبووەکانمان کورت کردیتەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری لە مانا و دەربڕینی ئەزموونەکانی ئەو خەباتگێڕە ماندووە سادەو بێگەردە بکات. کتێبەکە ئەگەرچی هەموو بیرەوەرییەکانی تێدا نییە، بەڵام وانە و راڤەی جوانی خەبات و خۆشەویستی خاك و زیندەوەر و مرۆڤ و سروشتی تێدایە، خەڵك فێردەکات بەئاشتی و دوور لە رق و قین و توورەیی بژیت و لە کۆشش ماندوو نەبێت. ئەزموونەکانی شاکارێکە بۆ فێربوونی رەوشت و خۆڕاگریی و مان و خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی. وەرگێڕانی ئەو کتێبە لەسەر پێشنیاری کتێبفرۆشی ئاوێری هەولێرە.

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆلم

١٢ی ئوکتۆبەری ٢٠١١

# پێشەکی وەرگێڕی دەقەکە

# لە زمانی جوجراتییەوە بۆ ئینگلیزی

چاپی یەکەمی بیرەوەرییەکانی غاندی بەدوو بەرگ چاپ کرا. بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٢٧ و دووەمیشی لە ساڵی ١٩٢٩ بووە، چاپە ئەسڵییەکە بەزمانی جوجراتی بوو، پێنج جار چاپکراوە و لە بازاڕیش بەخێرایی تەواودەبوون، دانەی بەیەك رووپیە دەفرۆشرا، کە پەنجا هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. نرخی دانەی کتێبە ئینگلیزییەکە لە لای کتێبفرۆشەکان زۆر بوو، خوێنەری هیندی نەیدەتوانی بیکڕێت، بۆیە دەبوایە چاپێکی هەرزانی بۆ بکرێت. وا کتێبەکە بەیەك بەرگ چاپکرا. ئەوەی شایانی باسە دەقە وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکە کە لە رۆژنامەی یانج ئەندیا بڵاودەکرایەوە، غاندی بەوردی پێداچوونەوەی بۆ دەقەکە کردووە، منیش پێداچوونەوەم بەدەقەکەش کردووە. بەڵام ئەوەی لەڕووی زمانەوە پێداچوونەوەی بۆ کردبوو، هاوڕێیەکمان بوو، کە توێژەرێکی دیاری زمانی ئینگلیزی بوو، کە لەبەر هەر هۆیەك بوو نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکەین، بۆیەش من ناوەکەم ئاشکرا نەکرد، بۆیەش من رێزم بۆ ئەو زۆرتر بوو، کە لیژنەی برومفیلد لە ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٢٩ خەریکی لێکۆڵینەوەی باردولی کشتوکاڵی بوو. هاوڕێ و برادەرەم بیاریلال لقەکانی بیست و پێنج هەتا چل و سیی بەشی پێنجەمی وەرگێڕاوە.

ماهدیف دیسای ١٩٤٠

## پێشەکی

لەو سێ چوار ساڵە و لەسەر داوای چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستیم ڕەزامەندییم دەربڕیبوو کەوا بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە، کە توندوتیژییەکانی بۆمبای بەرپابوو، من نەگەیشتمە لاپەڕەی دووەمی نووسینەکەم، ئیشەکەم راگرت، لە ئەنجامی چەند رووداوی تر من گیرام و کەوتمە زیندانی یێراڤدا. لەسەر داوای بەڕێز جیرامداس کە هاوڕێیەکی ناو زیندانم بوو، کە وتی دەست لە هەموو شتەکان هەڵگرە و دەست بکە بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانت. منیش وتم، من بەرنامەیەکم بۆ خوێندن داناوە، هەتا ئەو بەرنامە تەواو نەکەم بیر لە هیچ شتی تر ناکەمەوە. بڕیاریش بوو پێش دەرچوونم لە یێراڤدا بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە، بەڵام من ساڵێك زووتر لە ماوەکەم ئازاد کرام. بۆیە ئاناند دووبارە پێشنیار و داواکەی لێ کردمەوە، هەستیشم کردبوو کەوا دەتوانم بیرەوەرییەکانم لە رۆژنامەی ناڤاجیڤان بنووسم، چونکە نووسینی مێژووی ساتیاجراها لە باشووری ئەفریقیام تەواو کردبوو، بەڵام بەڕێز ئاناند دەیویست بیرەوەرییەکانم وەك پرۆژەی کتێبێك بنووسمەوە، بەڵام من کاتم بەدەستەوە نەبوو، بەڵام من هەفتانە بۆ ناڤاجیڤانم دەنووسی، ئینجا بیرم کردەوە باشە من بۆ لەو نووسینەدا بیرەوەرییەکانی خۆم نەنووسمەوە، بەڕێز ئاناند بیرۆکەکەی لا باش بوو، بۆیەش من کەوتمە ناو ئیشەکە.

برادەرێك وتی دەزانی نووسینەوەی بیرەوەری پیشەی خۆرئاواییانە، بەوەش تۆ بۆ ئەوەی داهاتوو بەرنامەیەکی باش دادەنێیت، بۆیەش وا چاکە تۆ ئەزموونەکانی ژیانت بنووسیتەوە. قسەکەی ئەو کاری تێکردم و ئارەزووم کەوتە سەر چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ راستەقینەدا، چونکە ژیانی من تەنها

بریتییە لە چەندین ئەزموون، ئیتر هەر چیرۆکێك شێوەیەکی تایبەتی لە بیرەوەرەی وەردەگرێت، بێزاریش نابم ئەگەر کتێبەکە تەنها بریتی بێت لە ئەزموونەکانم. بڕوام وابوو کەوا ئەوەش هەموو ئارەزووەکانم تێر دەکات، خوێنەرەکانیش سوود لەو ئەزموونانە دەبینن. دیارە کەوا شارەزاییەکانی من لە بواری سیاسەت، نەك لە وڵات، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی پێشکەوتووش ناسراوە. من هەست ناکەم ئەو ئەزموونە سیاسییەش بایەخێکی مەزنی هەبێت، بەڵکو نازناوی مهاتما کە لەو بوارەدا دەستم کەوتووە لەوەش کەمترە، بۆیەش زۆر بەو نازناوە دڵم توند دەبێت، بڕواش ناکەم هەرگیز ئەوەیان منی دڵشاد کردبێت، من دەمەوێ ئەزموونە رۆحانییەکانم بگێڕمەوە کە تەنها خۆم دەیانزانم. من ورەشم تەنها لە بوارە سیاسییەکەدا لەوان وەرگرتووە، لەبەرئەوەی لێزانینەکان تەنها پرۆسەیەکی رۆحی بوون، بۆیە پێویست بەشانازی و شکۆی خود ناکات، بەڵکو هەر ئەزموونەکەیە کە سادەیی و خاکەڕاییەکەم زۆرتر دەکات، هەرچەند رۆژانی رابردووم بەبیردێتەوە و زۆرتر دەچمە ناو رووداوەکان و هەست دەکەم من زۆر کەمتەرخەمم.

من سی ساڵە کۆشش دەکەم هەست بەخودی خۆم بکەم و لەگەڵ خودا رووبەڕوو ببمەوە و بگەمە موکشا، واتە دەربازبوون لە ژیان و لە مردن. بۆیەش کۆشش دەکەم و لە پێناوی ئەو ئامانجەشدا دەژیم، ئەوەی دەینووسم و دەیڵێم، هەموو گیانبازییەکانی بوارە سیاسییەکەش بۆ ئەو مەبەستەیە، بڕواشم وایە ئەوەی لەسەر تاکێك دەبێتە ماڵ، لەسەر کۆمەڵگەش دەچەسپێت. ئەزموونەکانیشم بەنهێنی نەبوون، هەموویان بەئاشکرابوون، بڕواش ناکەم ئەو راستییە بەها رۆحانییەکەی کەم بکاتەوە، کەس مەسەلەکانی نێوان خەڵك و خودا نازانێت، ئەوانەش ناکرێ باسی بکەیت، ئەو ئەزموونانەی دەمەوێ بیانگێڕمەوە ناچنە ناو ئەو خانەیە، ئەوانە ئەزموونی رۆحانین، یان بڵێم ئەوان ئەخلاقین، سەرەتاکانی بنچینەیی ئەخلاقییەکانیش ئایینە.

ئەو چیرۆکەش تەنها مەسەلە ئایینییەکانە کە گچکە و گەورە دەکرێ تێیان بگەن. ئەگەر من توانیم ئەو ئەزموونانە بەشێوەیەکی بێگەرد و بەسادەیی

بگێڕمەوە، کە تێدا خەڵکێکی زۆری شارەزا، لەو ئەزموونانە سوود دەبینن و لە کۆشش بەردەوام دەبن، هەستیش ناکەم ئەو ئەزموونانە گەیشتوونەتە رادەی کامڵبوون، ئەزموونەکانی منیش وەك ئەو ئەزموونانەیە کە لەو جیهانەدا باشتر و وردتر و بەنیگاتر پیادەدەکرێن، ئینجا گومانیش هەر دەمێنێت نەگەیتە دەرئەنجامێکی رەها بۆ راستییەکی رەها. من لەناخەوە چەندین لێکۆڵینەوەم کردووە، توێژینەوەی دەروونم لەناخەوە پشکنیوە، بەڵام گەیشتوومەتە یەك راستی، ئەویش ئەوەیە کەوا هەموو دەرئەنجامەکان راست نین، ئەگەر ئێستاش راست دیاربن، بەڵام لەڕاستییدا راست نین، من ئەوەشم کردبووە بناغەی کارەکانم. لەسەر ئەو بنچینەیەدا من هەموو پرۆسەکانی رەزامەندی و رەتکردنەوەی هەموو هەنگاوەکانم داناوە و دەزانم چۆن هەڵسوکەوتیان پێ دەکەم، چونکە هەست دەکەم ئەو کارانە ئاوەزە و دڵم رەتیان ناکاتەوە، بۆیە دەبێ من بەتوندییەوە بەدەرئەنجامە رەسەنەکان پابەندبم.

خۆ ئەگەر من مەبەستم مەسەلە بیردۆزییەکان بوایە، ئەوا بیرەوەرییەکانم دەنووسیەوە، بەڵام کە باس لە پراکتیزە زانستییەکانی ئەو بنچینەیە دەکەم، بۆیە ناوم لەو کتێبەناوە چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ راستەقینەدا، بێگومان تێدا باس لە ئەزموونەکانی ئاشتیانە و زەفتکردنی شەهوەتە دەروونییەکانم کردووە، کە هەندێ کەس، ئەوانە بەبەشێکی راستەقینەی نازانن، بەڵام من وادەزانم کەوا راستەقینە سەرەتای هەموو بنچینەکانی ترە. راستەقینە ماناکەی تەنها راستگۆیی وشەکان نییە و بەس، بەڵکو راستگۆیی هزریشە، ئەویش بەتەنها خودا دەگرێتەوە و بەس. لەبەرئەوەی خودا توانای بەرجەمسەرە لە زۆر دیاردەدا، بۆیە چەندین خەسڵەت لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە منیان سەرسام و سەیران کردووە، بەڵکو جاری واش هەیە رامدەچڵەکێنێت، من هێشتا خودام نەدۆزیوەتەوە و بەردەوامیش لە دواییدا دەگەڕێم و پەرێشانم، ئامادەشم لەو پشکنینەدا شتە بایەخدار و گەورەکانیشی لەسەر دابنێم، هیچیش دوودڵ نیم ئەگەر ژیانی خۆمیشی بکەمە قوربانی. لەبەرئەوەی هێشتا نەگەیشتوومەتە راستەقینە رەهاکە، بۆیە ناچارم جاری خۆم بەراستەقینە رێژەییەکە

ببەستمەوە، ئەوەش دەکەمە دەلیل و قەڵغانی خۆم، ئەگەرچی ئەو ڕێگایە خێرا و ئاسانیشە، بەڵام زەحمەت و تەسکە و وەك دەمی مووسیش تیژە، بۆیە لەو کاروانەدا هەڵە گەورەکانم هیچ مانایەکیان نییە، هەر ئەو ڕێگایە بوو، کە منی لە بەزین دەرباز کرد، بۆیەش گەیشتمە ئەو هیدایەتەی کە لە من ڕوون دەبێتەوە. ئیتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕاستەقینەی خودا بۆ من دەبێتە تاکە ڕاستەقینە و ئەوانی تر هەموویان سەرابن، جا ئەوەی دەیەوێ با بزانێت من چۆن پێگەیشتم و با لە ئەزموون و بڕوابوونەکەم بەشداری بکات، ئەگەر توانی.

من بۆچوونێکی لۆژیکییم هەیە کە لەسەر هەموومان دەچەسپێت.. هەتا منداڵی گچکەش، ئەویش هەموو وەسیلەکانی کارکردن بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینە وەك چۆن زەحمەت و قورسە، هاوکات ئاسانیشە، بەڵام ئەوەش بۆ کەسانی لووتبەرز زەحمەت و گرانە، بەڵام بەمنداڵێکی بەستەزمانیش ئەنجام دەدرێت. ئەوەی بۆ ڕاستی دۆزینەوە پەرێشان بێت، دەبێ وەك خاکوخۆڵ زەلیل بێت. هەموو خەڵك خۆڵی بن پێیەکانی پاندەکاتەوە، بەڵام شەیدایانی ڕاستی دەبێت ئەوەندە سادە و خاکی بن وەك ئەو خۆڵەی بن پێیان کە پان دەکرێنەوە، ئیتر لەودەمانە و پاش ئەوە دەکرێ ڕووناکی ڕاستییەکان بدۆزنەوە، دیالۆگی نێوان فاسیشتا و فیشفامیترا ئەو حقیقەتە بەباشی ڕوون دەکەنەوە، هەردوو ئایینی ئیسلام و کریستیانیش پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەن.

ئەگەر خوێنەری ئەو کتێبەلووتبەرزیی و شکۆیی تێدا بدۆزێتەوە، ئەوە بێگومان دیارە کەوا کۆششەکەم ئاشووبەیەکی تێدا بووە، تیشك و تیرۆژی ئەو ڕووناکییەش هیچ نییە تەنها سەرابێکە و بەس، ڕاستەقینە هەر دەمێنێت و سەدانی وەك منیش هیلاك دەکات، ئینجا با ڕاستییەکان بەدەستی کەسانی چەواشەی وەك من لەکەدار نەکەین، هەتا ئەگەر بەجووڵەی مێروولەیەکیش بێت.

لە خوداش داواکارم کەوا کەس نووسینەکانی ناو کتێبەم کە بریتییە لە ئەزموونەکانم بەئیلزامی نەزانن، ئەوانە نمونەیی شرۆڤەکراون، کە هەموو کەس بەئارەزوو و ویستی خۆی دەتوانێت ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆیانی لەبەر

بکاتەوە. من دڵنیام ئەو نموونە شرۆڤەکراوانە لە ئاسۆیەکی سنووردارردا دەبێتە کۆمەکێك بۆ خوێنەرەکان، چونکە من هیچ راستییەکی ناشیرینم بەچەواشە و بەساختە بەخوێنەرەکانم نەگەیاندووە. هیوام وایە هەموو تەشەر و هەڵەکانم باس کردبێت، دیارە مەبەستم نییە باس لە خۆم بکەم، بەڵکو من پێناسەی ئەزموونەکەم کردووە. ئەوانەی پەیوەندییان بەساتیاجراهاوە هەیە، من وەك رەقی و دژواری راستەقینە لەسەر خۆشم درِ و رەقم، بۆیە داواکارم خەڵکەکەش بەو جۆرەبن، دەبێ من هاوار بکەم، حیساب بەو پێوانەیە لەگەڵ خۆمدا بکەم، وەك ئەو دێرە شیعرەی سورداس:

کەسی نائومێدی وەك من هەیە، ئەوەندە خراپەکاری و قینی هەڵگرتبێت؟
من ئاگام لە خوڵقێنەرەکەم نەماوە،
ئای کە من سپڵەم.

لەبەرئەوەی من لە خوداکەم دوورم بۆیە بەردەوام ژانم هەیە، چونکە چاك دەزانم ئەو منی دروستکردووە، ژیانی منیش لەناو دەستی ئەودایە. من دەزانم ئەو ئارەزوو و چەشەیەی لە ناخمدا هەیە لە خوداکەم دوورم دەکاتەوە، بەڵام دیارە کەوا من ناخوازم ئەوەیان لە ناخمدا دەرباز بکەم.

ئێستاش دەبێ ئەو پێشەکییە کۆتایی پێ بهێنم، دەبێ گێرانەوەی پراکتیکی چیرۆکەکەش لە بەشی داهاتوو دەست پێ بکات.

مهنداس کارامشاند غاندی

ئەشرام، سابارماتی

٢٦ی نۆڤمبەری ١٩٢٥

# بەشی یەکەم

## ڕەچەڵەک و لەدایکبوون

بنەماڵەی غاندی، لەناو چینی بازرگانەکانی هیند هەڵکەوتووە، ئەوەی پێیان دەڵێن (بانیا). زووتر ئەوانە پیشەی بەقاڵییان کردووە و سێ جاریش و لەسەریەک سەرۆکی وەزیرانی چەندین هەرێم بووینە لە کاپیاوار. لەوانە ئوتا غاندی کە لەبەر زۆری پلانگێڕی سیاسی دەچێتە هەرێمێکی تر، لەوێ حاکمی هەرێمەکە بەدەستی چەپ دەستی دەکوشێت، کە دەزانێت میوانەکەی بەوەیان سەرگران دەبێت، پێی دەڵێت، دەستی ڕاستت بۆ سەرۆکی هەرێمی بوربانداری سازشی کردووە.

ئوتا غاندی لە ژنی یەکەمی چوار منداڵی هەبووە، کە ئەو دەمرێت، ئەو دووبارە ژن دەهێنێتەوە و لەویش دوو منداڵی دەبێت، کوڕی پێنجەمی بەناوی کارامشاند غاندی دەبێت کە بەناوی کابا غاندی دەناسرێت، ئەویش باوکی من بووە. ئەو ئەندامێکی دادگا بووە، ئینجا ماوەیەک دەبێتە سەرۆک وەزیران لە ڕاجکوت، دوایی لە ڤانکانر، پاش ئەوەی خانەنشین دەبێت لە ویلایەتی ڕاجکوت دەمرێت.

کابا غاندی چوار ژنی لەسەریەک هێناوە، لە دوو ژنی یەکەمی دوو کیژی هەبووە، لە ژنی چوارەمی کیژێك و سێ کوڕی هەبووە، کە من یەکێك بووم لەو کوڕانە، کە بەتەمەن لە هەموویان گچکەترم.

باوکم لە عەشیرەتەکەمان پیاوێکی خۆشەویست بوو، کەسێکی ئازا و ڕاستگۆ و بەخشندە بوو، بەڵام زوو تووڕە دەبوو. ئەو پیاوێکی زەوقی بووە، لە تەمەنی چل ساڵییدا ژنی چوارەمی هێناوە.

که یاریدەدەری بڕواپێکراوی بریتانی ئەمیری راجکوت لەبەر چاوی ئەو ریسوا دەکەن، باوکم لەسەری دێتە وەلام، یاریدەدەرەکە تووڕە دەبێت و داوا دەکات باوکم داوای لێبووردنی لێ بکات، بەلام کابا غاندی داوای لێبووردنی لێ ناکات، بۆیەش چەند سەعاتێك باوکم دەستبەسەر دەکات، دەرئەنجام کە دەزانێت باوکم کەسێکی کەللەرەقە ئازادی دەکات. باوکم هەرگیز چاوی لە سامان کۆکردنەوە نەبووە، بۆیە کە دەمرێت سەروەتێکی زۆری بۆمان جێنەهێشتبوو.

ئەو خوێندنی ئەکادیمی نەخوێندبوو، هەتا پۆلی پێنجەمی خوێندبوو، بەلام لە ئەزموونی رۆژانەی خۆی شتەکان فێرببوو، ئەو لە مێژوو و جوگرافیا شارەزا نەبوو، بەلام بەئەزموونەکانی ژیانی هەموو ئاشوبەکانی چارەسەردەکرد، لە بواری ئایینیش کەمێکی خوێندبوو. ئەو لە دواساڵەکانی تەمەنی لەسەر داوای یەکێك لە هاورێیەکانی خێزانەکەی کتێبێکی جیتا دەخوێنێتەوە، ئەویش زانایەکی براهمەی هندوسی بووە، رۆژانەش بەدەنگێکی بەرز و لەکاتی نوێژدا هەندێ لە بەشەکانی دەخوێندەوە.

من زۆر سرووتی ئایینی لە دایکم فێربووم، ئەو بەر لە نانخواردن نوێژەکانی دەکرد، زۆر ئیماندار بوو، رۆژانە دەچووە مەزارگەی خودای فیشتو، لەبیرمە جارێکیان نەخۆشیش بوو بەلام لە پەیمانی شاندرایانا بەرۆژوو بوو، ئەگەرچی رۆژووشی لەسەر نەبوو، ئەو لەکاتی شاتورماس تەنها یەك ژەمی دەخوارد، رۆژەکانی لەسەر یەك دەگرت، دڵی بەوە دانەدەکەت بەبەرۆژووی بوونی رۆژێك نا رۆژێك، لەکاتی شاتورماسدا نەزری کردبوو، هەتا خۆر نەبینێت هیچ نەخوات، ئێمەی منداڵیش فێرببووین چاومان هەر لە ئاسمان بوو، تا زوو بەدایکم بڵێین خۆر دەرکەوت. ئەگەر هەور و باران بوایە، خۆر دیار نەدەبوو، کە لەناکاو لەناو پەڵەهەورێك خۆرەکە سەری دەردەهێنا کرنۆشمان بۆ دەبرد و زۆر

بەپەلە خۆمان دەگەیاندە دایکمان، بەڵام ئەو دڵی دانەدەکەوت هەتا بەچاوی خۆی خۆرەکەی نەدیبوایە، ئەگەر رۆژێکیان خۆری نەدیبوایە، دەیوت گرینگ نییە، خودا حەز ناکات من ئیمڕۆ هیچ بخۆم.

دایکم لە کاروبارە سیاسییەکانیش زیرەك بوو، خاتوونە گەورەکانی پاشایەتی پرسیان بەو دەکرد. ئەو دیالۆگانەی دایکم و دایکی ئەمیرم لەبیر ماوە کە بەگچکەیی گوێم لێیان ببوو.

من لە دووەم رۆژی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦٩ لە بورناندار لەدایکبووم، لەوێ چوومەتە بەر خوێندن و ئەوەشم لەبیرماوە کە چەند بەزەحمەتی خشتەی لێکدانی بیرکارییم لەبەر کردووە.

## منداڵییم

بۆیه من تەمەنم حەوت دادگای راجاسانیک.
لەبەرئەوەی باوکم دەبێتە ئەندامی
سالان بوو کە ماڵەوەمان لە بورناندارەوە دەگوازنەوە راجکوت، لەوێ لە
قوتابخانەیەکی سەرەتایی دادەمەزریم، ئەو رۆژانەم زۆر باش لەبیرە، بەتایبەتی
ناوی ئەو مامۆستایانەی دەرسیان پێ دەوتین، ئەوانە و زۆر وردەکارییەکانم
لەبیرە. کە تەمەنم دەبێتە دوازدە ساڵ دەچمە قۆناخی دواناوەندی خوێندن. من
باشم لەبیرە لەو ماوەیەدا هەرگیز درۆیەکم، جا چ لەگەڵ مامۆستاکان یان لەگەڵ
هاورێیە خوێندکارەکانم نەکردووە. لەو قۆناخەی تەمەنم لەبەرئەوەی کوڕێکی
شەرمن بووم، بۆیە حەزم لە هاموشۆ و تێکەڵبوون نەدەکرد، هاورێیەکانم تەنها
کتێب و وانەکانم بوو. من لەگەڵ زەنگی قوتابخانە لەوێ ئامادە دەبووم، لەگەڵ
دوا ساتی دەوامەکەش یەکسەر هەر بەغاردان دەگەڕامەوە ماڵەوە، زۆر بەپەلە
رامدەکرد، نەوەك یەکێك قسەیەکم لەگەڵدا بکات، یان یەکێك پێم رابوێرێت.
لە تاقیکردنەوەی ساڵی یەکەمی دواناوەندییەکەم، بەسەرهاتێکم بەسەر هاتووە
شیاوی باسە و لەبیرم ناچێتەوە، کە تێدا سەرپەرشتیارەکەمان هاتبووە
سەردانمان، ئەو پێنج وشەی لێمان پرسی، من یەکێکمان نەزانی،
مامۆستاکەمان نووکی پێڵاوەکەی خۆی لە من دەدا تا من سەیری دەفتەری
هاورێیەکەم بکەم، بەلام من نەمویست و نەمدەزانی قۆپیە بکەم، بۆیە من ئەوەم
نەکرد، هەر منیش ئەو وشەیەم نەزانی، چونکە بڕوام نەدەکرد مامۆستاکە
مەبەستی ئەوەیە من سەیری هاورێیەکەم بکەم و وەلامی سەرپەرشتیارەکە

بدەمەوە، چونکە وامدەزانی ناکرێ مامۆستا خوێندکارەکانی خۆی لە قۆپیەکردن رابهێنێت.

هەر لە بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمە دوو دیمەنەم باش لەبیرە و لەبیرم ناچنەوە. یەکێکیان دیمەنی شانۆگەرییەك بوو، کە پیاوێك دایکوباوکە نابیناکەی بەرەو حەج لەکۆڵ کردبوو، ئەوەشم لە کتێب خوێندبۆوە، بۆیە ئەوە و مۆزیکی شانۆکەشم زۆر خۆشویست، ئینجا باوکم ئامێرێکی کونسیرتینام بۆ دەکرێت.

بەسەرهاتی دووەمیش شانۆنامەیەك بوو، کە راستگۆیی لەناخم چەقاندبوو.

## ژنهێنانم بە منداڵی

من زۆرم پێ ناخۆشە ڕۆژانی ئەو سەردەمە دەنووسم، حەزم دەکرد هەرگیز ئەوەیان نەنووسمەوە، بەڵام چونکە زۆر پەرۆشی گێڕانەوەی ڕاستییەکانم بۆیە نەدەکرا ئەو بەشە نەنووسمەوە، من لە تەمەنی سێزدەساڵی ژنم هێناوە، کە منداڵانی تەمەنی خۆم دەبینم، خۆم بەبیردێتەوە کە چەند بەستەزمان بووم کە ژنیان بۆم دەهێنا، نازانم بۆچی ئەوەیان دەکرد، کە زۆریش دوور بوو لە هەموو پرنسیپەکانی لۆژیك.

هیوادارم خوێنەرەکانم بەهەڵە لەوە تێنەگەن، من ژنم هێنابوو، نەك ژنم بەدەستگیران کردبوو، لە کاسیاوار دوو سرووت لە پرۆسەکەدا هەیە، دەستگیرانکردن و هاوسەرگیری، دەستگیرانکردن بەڵێنی یەکەمە بۆ هاوسەرگیری لەنێوان باوکی کوڕەکە و کیژەکە، دەکرێ لەو بەڵێنەش پەشیمان ببتەوە، ئەگەر لەودەمانەدا کوڕەکە بمرێت، کیژەکە بەبێوەژن ئەژمارد ناکرێت، چونکە ئەو تەنها نیشانکراوە، نەگوازراوەتەوە. ئەو پرۆسەیە تەنها لەنێوان باوکی کوڕەکە و کیژەکەیە، منداڵەکان ئاگایان لە هیچ نییە. من سێ جار باوکم بەبێ زانینی من نیشانی بۆ کردبووم، دوایی زانیبووم کە دوو لە دەستگیرانەکانم مردوون، ئەگەر هەڵە نەبم ئەوەی سێیەمیان باوکم نیشانی کردبوو کە من تەمەنم تەنها حەوت ساڵ بوو، بەڵام باشم لەبیر نییە چۆن بووە و کەسیش وردەکارییەکانی بۆ نەگێڕاومەتەوە، بەڵام ئەوەی باشم لەبیرمە دەیگێڕمەوە.

ئێمە سێ برا بووین، برا گەورەکەمان ژنی هێنابوو، بۆیەش بڕیاردەدەن من و ئەو برایەی کە دوو سێ ساڵێك لە من گەورەتر بوو ژنمان بۆ بهێنن، هەروەها ئامۆزاکەشم کە ساڵێك لە من گەورەتر بوو، ژن بۆ ئەویش بهێنن. بڕیارەکەش وا بوو زەماوەندی هەرسێکمان بەیەك ڕۆژ بێت و هیچ حیسابیان بۆ شادومانی و ئارەزووی ئێمەش نەکرابوو، مەسەلەکە پەیوەندی بەبەرژەوەندی ئەوان و خەرجیی زەماوەندەکە هەبوو.

هاوسەرگیری لەناو هیندۆسەکان ئەوەندە ئاسان نییە، خێزانی بووك و زاوا بەو پرۆسەیە ئیفلاس دەکەن، هەموو سامان و کاتیان لەو زەماوەندە سەرف دەکەن، چونکە ئاهەنگەکە چەند مانگێك دەخایەنێت، ئامادەکاری زۆریشی بۆ جلوبەرگ و ڕازاندنەوە دەوێت. هەردوولا تا خۆیان بەشکۆتر بەرامبەر ئەوەی تر دەربخەن زۆرترین سامان لە داوەتەکان خەرج دەکەن، ژنان ئەگەر دەنگیان ناخۆشیش بێت بەردەوام گۆرانی دەڵێن، گوێ نادەنە دەنگکەوتن و نەخۆش کەوتنیش، ئەوەندە گۆرانی دەڵێن هاوسێیەکانیان بێزار دەکەن، بەڵام ئەوانیش بەرگەی هاتوهاوارەکان و زبڵ فڕێدانەکان و پاشماوەکانی ئاهەنگەکانیش لە گەڕەکەکەیان دەگرن، چونکە ئەوانیش دەزانن خۆشیان ئەو ئاهەنگانە دەکەن.

باوکم پۆستێکی باڵای لە دیوانی ئەمیری ویلایەتەکە هەبوو، بۆیەش ئاسان نەبوو، مۆڵەت وەربگرێت و بەشداری ئاهەنگەکەمان بکات، کە گەڕانەوەی بۆ دەرەخسێت بەعارەبانەیەکی چوار تایەی کە بەئەسپ ڕادەکێشرا دەگاتە ماڵەوە. لەبەرئەوەی ڕێگاکەی دوور بوو، بۆیە پێنج ڕۆژەکەی ڕێگاکە بەخێرایی لێخوڕینی ئەسپەکان دوو ڕۆژ زووتر دەگاتەوە ماڵەوە، بەڵام بەگیانی شکاو و زامی زۆرەوە دەگاتەوە، ئەگەرچی زۆر خەمی باوکمان بوو، بەڵام ئاهەنگەکە هەر کرا، ئەو بەژان و برینەکانی جەستەی بەشداری دەکات. لەو ڕۆژەدا نەمدەزانی کەوا ڕۆژێك دێت گلەیی لە باوکمان دەکەین کە زوو ژنی بۆ هێناوین، چونکە

ڕۆژەکە تژی بوو لە خۆشی و جوانییەکان، هەروەها دیارە کەوا لەو ڕۆژانە زۆریش بۆ پرۆسەکە پەرۆش و تەنگاو بووم، بەتایبەتی کە لەگەڵ بووکەکە بەیەکەوە حەوت ڕۆژ هەنگاوەکانی سابتابادیمان کردبوو، چۆن کانسارمان لە دەمی یەکتری کردبوو، ئینجا هەردوو منداڵە نەفامەکە دەکەونە ناو کەژاوەی هاوسەرگیری. براژنەکەم هەندێ شتی فێرکردبووم کە شەوی یەکەم چ بکەم، بەڵام نەمزانی کێ بووکەکەی فێرکردبوو. من هەرگیز ئەو پرسیارەم لێ نەکرد، دیارە ئێستاش مەبەستم نییە ئەو پرسیارە لە هاوسەرەکەم بکەمەوە، بەڵام ئێوەی خوێنەر باش دەزانن کەوا هەردووکمان ترساو و نیگەران بووین، زۆریش شەرممان دەکرد، نەماندەزانی چۆن قسە لەگەڵ یەکتری بکەین و چ بڵێین؟ دیارە کەوا ئامۆژگارییەکانیش دادی نەدابوو، چونکە ڕاستییەکانی ژیان بەسەر هەموو ئامۆژگارییەکان زاڵ دەبێت و پێویستیش ناکات، ئینجا یەکترمان ناسی و زۆرتر بەڕووی یەکتردا کراینەوە، ئەگەرچی بەتەمەنیش وەك یەك بووین، بەڵام دوودڵ نەبووم لەوەی کە دەسەڵات و زەبری خۆم دەربهێنم.

## پیاوی ماڵەوە

کە تازە ژنم هێنابوو، چەندین نامیلکە لەسەر ئەڤین و پیرۆزیی پرۆسەی هاوسەرگیری و بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزان دەردەچوون، من زۆریانم دەخوێندەوە، لەوانە فێربووم دڵسۆزی ژنەکەم بم، هەرگیز خیانەتی لێ نەکەم، منیش بواری ئەوەم نەبوو، خیانەتی لێ بکەم. سەبارەت بەخیانەتی هاوسەرەکەم ئەوە هەرگیز گومانم نەبووە و بیریشم لێی نەکردۆتەوە.
وانەی دڵسۆزییەکە بۆ من کاردانەوەیەکی نێگەتیشی هەبوو، چونکە من ئەو وانەیەم باش خوێند و باشیشم پەیڕەو دەکرد، بۆیە بیرم دەکردەوە کەوا هاوسەرەکەشم وەك من پەیڕەوی بکات، بەوەش بوومە مێرد و پیاوێك ئیرەییم دەکرد، ئیتر دڵسۆزییەکەی من بۆ ئەو، بووە مافێکی ڕەهای خۆم کەوا دڵسۆزی ڕەهاش لەو جێگیر بکەم، بەوەش من پێگیریی خۆم لەسەر ئەو بنچینەیەدا توند و قایم دادەگرت، ئەگەرچی هیچ گومانیشم لە دڵسۆزی هاوسەرەکەم نەبوو، بەڵام ئیرەییکردن کایەێکی کوێرە. من بەردەوام چاودێری ئەوم دەکرد، بەبێ فەرمانی من، نەدەبوا ئەو بچێتە دەرەوە، بۆیەش لەوەیان دەمەقاڵێیمان لێ پەیدا دەبوو، فەرمان و ڕێنماییەکانی من وەك کۆتێك بوون بۆ ئەو. ماڵەکەشمان ببووە زیندان، بەڵام کاستوریا لەو ژنانە بوو کە بەرگەی زیندانی ماڵەوەی نەدەگرت، ئەو دەیویست کەی ویستووی بچێتە دەرەوە، هەرچەند من کۆت و ڕێنماییەکانم زۆرتر دەکرد، ئەو زۆرتر ئازادانە و سەربەستانە دەجووڵایەوە، دیارە کەوا منیش بەو هەڵسوکەوتەی ئەو تووڕە دەبووم، بۆیەش ڕۆژانە

قسەمان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد و نێوانمان ئاڵۆز دەبوو، دیارە ئەوەش سەیر نەبوو، چونکە هەردووکمان منداڵ بووین. لەگەڵ ئەوەی من ئەوم لە دەرچوون قەدەغە دەکرد، بەڵام دەرچوونەکانی ئەو لەماڵەوەش زۆر ئاسایی بوو. ئەو کیژە سادەیە نەیدەتوانی نەچێتە پەرستگا، نەدەکرا سەر لە هاوڕێیەکان نەدات، ئەگەر من دەسەڵات و مافی ئەوەم هەبوو دەرچوونەکانی قەدەغە بکەم، دیارە ئەویش مافی خۆی بوو ڕێ لە ئازادییەکانی منیش بگرێت. ئێستا تێدەگەم مەسەلەکان چۆنە، لەودەمانە من ئەوەم دەکرد تا خۆم وەک مێردێکی بەدەسەڵات بەو نیشان بدەم. دیارە من ژنەکەی خۆم زۆر خۆشدەویست و دەمویست ببێتە ژنێکی نموونەیی و خاوێن و بێگەرد بەیەکەوە بژین.

لێرەدا من ئەوە دەڵێم کەوا من کاستوریام زۆر خۆشدەویست، ئەودەمانەی لە قوتابخانەش بووم بیرم هەر لەلای ئەو بوو. شەوانە هەتا درەنگ بەقسەکردن و ئاخاوتنی بێ سەروبەریش دەمخافڵاند، ئەویش ژنێکی نەخوێندەواری سادە بوو.

من دەمویست ئەویش خوێندەوار بێت، بەڵام لەبەر جۆش و خرۆشەکانم نەمدەویست ئەو بچێتە بەر خوێندن، ئەویش حەزی لە خوێندن نەبوو، بۆیە دەبوایە شەوانە فێری بکەم، بەڵام نەدەکرا من لەبەرچاوی گەورەکانی ماڵەوە قسەی لەگەڵدا بکەم. ئەو ژنە هیچ بواری بۆ ساز نەبوو فێری خوێندەواری بێت. یەکێك لە ناپەسەندییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری منداڵانی هاوتەمەنی من و هاوسەرەکەم گچکەیی هەردووکمان بوو، بۆیە ژنەکەم لەبەرئەوەی منداڵ بوو بەردەوام لەلای دایکوباوکی دەمایەوە، کەم یەکترمان دەبینی، دوایی منیش لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بۆ خوێندن ڕووم لە ئینگلترا کرد و بەردەوامیش لە نێوان ئینگلترا و باشووری ئەفریقیا و هەرێمەکانی ناو وڵات بووم، بۆیەش چەشە و سۆزەکانم ساردبوونەوە.

## لە قۆناخی دواناوەندیدا

لەبەرئەوەی زوو ژنیان بۆ هێنابووم، بۆیە ساڵێك لە خوێندن دواکەوتبووم، بەڵام برا گەورەکەم هەر لەبەر ژنهێنانەکەی ئەو وازی لە خوێندنەکەی بەیەکجاری دەهێنێت، ئەوەش کێشەیەکی مەزن و گەورەی گەنجەکانی کۆمەڵگەی هیندی بوو.

ساڵانە بڕوانامەی زیرەکی و گوێڕایەڵی و ژیریم بۆ باوکم دەهێنایەوە، ئەوە و لە پۆلی پێنجەم چوار رووپیە و لە پۆلی شەشەم دە رووپیەم وەك پاداشت وەرگرتبوو.

لەبەرئەوەی من کەسێکی شەرمن بووم، بۆیە لە وانەکانی وەرزش بەشداریيم نەدەکرد، ئەگەرچی وانەکە بەزۆرەکیش بوو، بەڵام من پەیوەستبوونم بەخوێندنی وەرزش بەگرینگ نەدەزانی. لەوەشدا من هەڵەبووم، ئەگەرچی من لە مەشقەکانی وەرزش بەشداریيم نەکردبوو، بەڵام لە کتێبێکدا خوێندبوومەوە کەوا رۆیشتنی زۆر لە دەرەوە سوودی زۆری هەیە، بۆیە رۆیشتنی دوورم کردبووە خوویيەك، ئەوەش قەرەبووی مەشقەکانی وانەی وەرزشی دەکردمەوە و بوارساز بوو تا جەستەم بەهێز بێت.

من داوام لە بەڕێوەبەرەکەمان کردبوو تا بتوانم باشتر و زۆرتر خزمەتی باوکم بکەم و لە وانەی وەرزش نەچمە ژوورەوە و بگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو داواکەم رەتدەکاتەوە. جارێکیان لەبەرئەوەی سەعاتی دەستیم نەبوو، بۆیە نەمتوانی لە دەوامی ئێوارەمان لەکاتی خۆی بگەمەوە وانەی وەرزش،

ماموستاکەشم دیاربوو کەوا بڕوای بەبیانووەکەم نەکرد، بۆیە نازانم یەک عانە یان نیو عانەی سزا دابووم.

لەبەرئەوەی من زۆر لە مەشقکردنی نووسیندا تەمبەڵ بووم، بۆیە کەم بەشدارییم دەکرد، وامدەزانی خەتخۆشی پەیوەندی بەپرۆسەی خوێندنەکە نییە، لەسەر ئەو رامانە بەردەوام بووم و زۆریش بڕوام بەوە هەبوو، کەوا خەتخۆشی هیچ گرینگ نییە، هەتا بۆ خوێندن رووم لە ئینگلترا کرد، لەوێ بینیم ئەو پارێزەر و گەنجانەی ئەوانەی لە باشووری ئەفریقیا خوێندنیان تەواو کردبوو، دەستخەتیان چەند جوان و خۆشە، بۆیە منیش شەرمم لە خۆم دەکردەوە کە سەیری پەیڤی نووسینەکانی خۆمم دەکرد، بۆیەش ئێستا بڕوام وایە کەوا هونەری نیگارکێش بەر لە فێربوونیەتی، پێویستە منداڵ بەر لە فێربوون بزانێت پیتەکان وێنا بکات ئینجا بینووسێت، وەک نیگارکردنی باڵندەیەک یان گوڵێکی جوان.

پۆلی سێیەمم بەسێ مانگ بڕی، بەوەش دواکەوتنم لەو ساڵەی ژنم تێدا هێنابوو قەرەبوو کرایەوە، ئەوەش بۆ خوێندکارانی زیرەک ئاسایی بوو، ئیتر من بوومە پۆلی چوارەم لەو ساڵەوە خوێندنەکەمان بەزمانی ئینگلیزی بوو. من خۆم لە وانەی ئەندازە باش نەبووم، ئینجا بەئینگلیزی، بۆیە هەستم بەزەحمەتی کایەکان دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە دووبارە بگەڕێمەوە پۆلی سێیەم، بەڵام بەوەیان زۆر شەرمم دەکرد، چونکە ئەوەیان بۆ ماموستاکەشم شوورەیی بوو، کە ئەو منی لەو پۆلە دەرباز کردبوو، بەڵام بەکۆششی بەردەوام توانیم لەو کێشەیەش دەربازم بێت.

فێربوونی زمانی سنسکریتیم زۆر بەزەحمەت دەزانی، چونکە ئەوەیان وەک ئەندازەکە نەبوو، هەموو بابەتەکانم لەبەردەکرد و تەواو، بەڵام ئەوەم پێ لەبەر نەدەکرا. ماموستاکەش لەگەڵماندا زۆر توند بوو. ئەویش لەگەڵ ماموستای

زمانی فارسییەکەمان ململانێیان بوو. دووەمیان نەرم بوو، بۆیەش هەموو خوێندکارەکان بەئاسانی دەیتوانی بەفارسی بپەیڤن، بۆیەش مامۆستای سنسکریتییەکەمان تووڕە بوو، تا ڕۆژێکیان منی جیاکردەوە و وتی چۆن تۆ ناتوانی زمانی ئایینەکەت فێرببیت، تۆ هەواداری خودای فیشنوی و ناکرێ ئەو زمانە نەزانیت؟ من هاوکاری زۆرت دەکەم و ئامادەم وانەی زۆرترت لەو زمانە پێ بڵێمەوە. بۆیە من زۆر شەرمەزاری ئەو بووم و ئەگەر کۆششی ئەو نەبوایە، ئەوە هەرگیز نەدەکرا من سەرەتاکانی کتێبە موقەدەسەکانمان بزانم.

من وادەزانم پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن، فێربوونی زمانەکانی هیندی، سنسکریتی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی، ئەوانە و زمانی لۆکالی خۆمانیش، دیارە ئەگەر بەرنامەکان باش بن، ترسی زۆری فێربوونی زمان نابێت.

لەڕاستییدا زمانی هیندی و جوجراتی و سنسکریتی یەك زمانە، فارسی و عەرەبیش هەر یەك زمانە، چونکە پەیوەندی نێوان ئەو دوو زمانە زۆرە، ئەگەرچی زمانی فارسی لە زمانە هیندۆئەورووپییەکانە و عەرەبیش لە زمانە سامییەکانە، بەڵام ئەو دوو زمانە بەگەشەسەندنی ئایینی ئیسلام زۆر لەیەك نزیك بوونەتەوە. من زمانی ئوردی بەزمانێکی سەربەخۆ نازانم، چونکە لەسەر بنچینەکانی زمانی هیندی دامەزراوە، وشەکانی زۆر لە زمانی فارسی و عەرەبی وەرگیراوە، ئەگەر ئەو زمانە بزانیت فێربوونی فارسی و عەرەبی ئاسانە، ئەوەی دەیەوێ زمانی جوجراتی و هیندی و بنگالی و ماراسی فێربێت دەبێ زمانی سنسکریتی بزانێت.

## رووداوێكی دڵتەزێن

من دوو برادەرم هەبوو، یەكێكیان برا گەورەكەم بوو، بەیەكەوە لە یەك پۆلیش بووین، لەگەڵ هەموو ڕەوشتە خراپەكانی براكەم بۆ من زۆر بەوەفابوو، دایكم و برایەكی گەورە و ژنەكەشم پێیان خۆش نەبوو، من هاوڕێیەتی ئەو دەكەم، بەڵام شەرمم دەكرد بەقسەی ژنەكەم بكەم، نەشدەوێرام قسەی ئەوان بشكێنم، بەڵام لەبەردەمی ئەوان بەرگرییم لە خۆم دەكرد و دەموت: من ڕەوشتە چەوتەكانی دەزانم، بەڵام ئێوە نازانن ئەو چەند چاكەی لەسەر مندا هەیە. ئەو هەرگیز مەیانی هەڵەم نیشان نادات، دیارە منیش لەوەیاندا مەبەستمە هەڵەكانی پێ ڕاست بكەمەوە، من دڵنیام ڕۆژێك دادێت ئەویش ڕاست دەبێتەوە، بۆیەش خەمی منتان نەبێت.

دیارە كەوا ئەوان بەو قسانەی من رایی نەدەبوون، بەڵام تەگەرەیان نەخستە بەر ڕێگام. كەچی دوایی تێگەیشتم كەوا من هەڵەبووم، چونكە هەرگیز ناكرێ یەكێك بیەوێ كەسێك بسازێنێ و هاوڕێیەتی بكات، چونكە ئەو دوو شتە بەیەكەوە كۆناكرێتەوە، چونكە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە لەسەر پێكەوەنووسانی دوو گیان دەبێت، دیارە كەوا ئەوەش لەو جیهانەدا كەمە. ئەو هاوڕێیەتییەی لەسەر بنەمای سۆز و بەهای تەریب نەبێت ئەگەرنا زۆر بەردەوام نابێت. دیارە كەوا هاوڕێیەكانیش ناتوانن كاریگەری لەسەر یەكتری بكەن، بۆیەش بواری چاكسازیی كەمە. برادەرەكەی ترم لە ڕاجكوت وتی: دەزانی هەندێ لە مامۆستاكانمان گۆشتخۆرن، بەنهێنیش شەراب دەخۆنەوە. ئەو ناوی زۆری بۆ

دەژماردم، لەوانە خوێندکارانی ئامادەییش بوون. بەو قسەیە زۆر خەمم خوارد، منیش لە برادەرەکەم پرسی، باشە ئەوانە بۆ وا دەکەن، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئێمە میللەتێکی لاوازین چونکە گۆشتخۆر نین، بۆیەش ئینگلیزەکان فەرمانڕەوایەتیمان دەکەن و دەستیان بەسەرماندا دەشکێت، چونکە ئەوان گۆشتخۆرن. سەیرکە کە من گۆشتخۆرم دیارە کەوا لە غاردان چەند خێرام و دەتوانم بەرگەی بارە قورسەکانیش بگرم. گۆشتخۆرەکان برین و دۆمەڵیان لێ نابێت، کە زامداریش دەبن زوو برینەکانیان سارێژ دەبێت. ئەو مامۆستایانە و ئەوانەی تر کە گۆشت دەخۆن کەسانی گەوج و دەبەنگ نین. ئەوان باش سوودەکانی گۆشت دەزانن، بۆیە دەبێ ئێمەش وەك ئەوان بکەین، تۆ گۆشتخواردن تاقی بکەرەوە بزانە چەند بەهێز دەبیت.

براکەم بەقسەکانی ئەو بڕوای کرد، ئەویش گەیشتنە ناو ئەو دەستەیە. دیارە کەوا من لە چاو برایەکەم و هاوڕێیەکەم کەسێکی لاواز و سیس بووم، ئەوان لە من ئازاتر و بەرشتتریش بوون، بەتایبەتی ئەو دەیتوانی زۆر زۆر را بکات، لە بازدان و هەنگاوەکانی بەتوانا بوو، ئەو بەرگەی سزای جەستەیی زۆریشی دەگرت، بۆیەش قسەکانی ئەو کاری لێم دەکرد.

من لەو تەمەنەدا ترسنۆك بووم، شەوانە لە تارمایی و دزان دەترسام، زراوم لە مار دەچوو، شەوانە بەتاریکی رشتی دەرچوونم نەبوو، شەوانە لە ترسی تارماییەکان نەدەوێرام بەتاریکی بنووم، وامدەزانی دز و تارماییەکان و مارەکان لە هەر چوار لاوە بەرەو رووم دێن، بۆیە دەبوایە بۆ نوستن ژوورەکەمان رووناك بێت، نەمدەیویست ئەوەیان بەژنەکەم بڵێم، باشم دەزانی کەوا ئەو ژنەی لەتەنیشتم دەخەوێت لە من ئازاترە، بۆیەش شەرمم لە خۆم دەکرد، چونکە ژنەکەم لەو شتانە نەدەترسا، ئەو شەوانە و بەتاریکی دەچووە هەموو شوێنێك.

هاوڕێیەکەم هەموو ئەو شتانەی منی دەزانی، ئەو دەیوت من مار بەدەستی

دەگرم، من راوی دزەکانیش دەنێم، لە تارماییەکانیش ناترسێم، دیارە ئەوەش هەموو لەبەر ئەوەیە کەوا من گۆشت دەخۆم بۆیە وا ئازا بووم.

لەناو خوێندکارەکان پارچە شیعرێکی گاڵتەجاڕی شاعیری جوجراتی نارماد زۆر بەناوبانگ دەبوو، کە دەیوت:

سەیری ئینگلیزە بەهێزەکان بکە،
سەیری هیندە لاوازەکان بکە،
ئەوان گۆشت دەخۆن و گەشە دەکەن
بالایان پێنج باڵە و بالاتریش دەبن.

ئەوانە هەموو کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر من دانابوو، بڕوام وابوو ئەگەر منیش گۆشت بخۆم ئازا و بەهێز دەبم، ئەگەر هەموو خەڵکەکەش گۆشت بخۆن ئەوا دەتوانین ئینگلیزەکان بشکێنین.

تا منیش گۆشتەکە بخۆم رۆژێکیان دانرا، بەڵام دەبوایە زۆر بەنهێنی بێت، چونکە ماڵەوەمان پەیڕەوی فیشنو بوون، دایکوباوکم زۆر دڵسۆزی ئایینەکە بوون، بەردەوام سەردانی پەرستگای هاڤیلییان دەکرد. ئەوانیش لەو پەرستگایەدا شوێنی تایبەتییان هەبوو. ئایینی جاینیی لەناو جوجرات زۆر گەرم بوو، ئەوانیش دژی گۆشتخواردن بوون، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوان بیانزانیبوایە ئەوە شۆك دەبوون، نەمدەویست بەهیچ شێوەیەکیش درۆیان لەگەڵ بکەم، لەولاشەوە نەمدەویست قسەی برادەرەکەشم بشکێنم. دیارە مەبەست لە گۆشتخواردنەکە لەبەر تامەکەی نەبوو، ئەوەندی مەبەستی گۆڕان و ریفۆرمەکە بوو، تا ئازا بم و ببمە هاونیشتمانێکی ئازا و بەجەرگ، بەوەش وڵاتەکەمان لەبن دەستی داگیرەکان رزگار دەکەین، من هێشتا گوێم لە وشەی ئۆتۆنۆمی نەببوو، بەڵام دەمزانی ئازادی چییە.

ئیتر لە رۆژە چاوەڕوانکراوەکە نزیک دەبوومەوە تا هەنگاوێک لە چاکسازییەکە بچمە پێشەوە و گۆڕانێکی مەزن لە ژیانمدا بکەم، لەگەڵ برادەرەکەم لە شوێنێکی لاچەپ دەگەڕاین تا بەدزی گۆشتی تێدا بخۆین، یەکەمجار لە ژیانمدا لەسەر رووبارێکی گچکە گۆشت و نانم خوارد، بەڵام بەڕاستی هەردووکیان هیچ تامیان نەبوو، گۆشتەکە گۆشتی بزن بوو، وەک کەستەک لەسەر دڵم مایەوە وشک و رەق بوو، پارووەکەم پێ قووت نەدەدرا. ئەو رۆژەی تێدا گۆشتەکەم خواردبوو شەوەکەی خەوم لێ نەکەوت، بزنێک وەک تارمایی رووبەڕووم دەبۆوە، ئەو پارووەی خواردم ببووە بزنێک لەناو هەناوم کاوێژی دەکرد، زۆر ناڕەحەت بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی هیوام بەو خواردنە بەرز بوو، بۆیە کەمێک دڵم خۆش دەبوو.

برادەرەکەم لەو کەسانە بوو بەئاسانی تەسلیم نەدەبوو، ئەو هەموو جۆرە گۆشتێکی بۆم ساز دەکرد، بەجوانیش خوانەکەی دەڕازاندەوە، شوێنەکەمان گۆڕی و لەسەر رووبارە گچکەکەوە گەیشتینە ناو سالۆنە گەورەکانی باڵەخانەی ئەنجوومەنی تەشریعی، ئەو بەپێناوی سەرۆکی چێشتلێنەرەکان منی دەبردە ئەوێندەرێ لەسەر کورسی و مێزە گەورەکان گۆشتمان دەخوارد.

یەک ساڵ گۆشتم دەخوارد و حەزم لێ دەکرد، شەش جار ئەو داوەتە گەورانەی ئەنجوومەنمان بینی، دیارە لەبەر گرانی گۆشتەکەش نەدەکرا زۆر لەو کاروانەی چاکسازییەدا بەشداری بکەم، بەڵام برادەرەکەم ئازا بوو پارەی بۆ ئەو داوەتانە پەیدا دەکرد.

ئەو ئێوارانەی لە دەرەوە بەدزی گۆشتم خواردبوایە، لەماڵەوە هیچم پێ نەدەخورا، دایکیشم کوڵی بەرنەدەدام و دەیویست بزانێت بۆچی من هیچ ناخۆم، منیش دەموت: من ئیمرۆ ئارەزووی خواردنم نییە، هەست دەکەم ژانەسکم هەیە. من درۆم لەگەڵ ئەو دەکرد، لەگەڵ ئەو درۆکردنەش زۆر

دەترسام ئەگەر ئەوان بزانن من گۆشتم خواردووە چ دەکەن، بۆیە ئەو ترسە هەناوی کون کون کردبووم.

دایکم جارێکیان بەمنی وت: دەزانی خواردنی گۆشت شتێکی گرینگە. دیارە ئەوەش یەکێکە لە هەنگاوەکانی بژاقی چاکسازی، بەڵام فێڵکردن لە ماڵەوە خراپترە، لە نەخواردنی گۆشتەکە، بۆیە بڕیارم دا هەتا ئەوان لە ژیاندا مابن، من چیتر گۆشت نەخۆم، کە ئەوانیش مردن ئەوا من ئازادم، ئینجا هەر گۆشت ناخۆم.

ئیتر بڕیارەکەم بەبرادەرکەم وت و، چیتر من گۆشتم نەخوارد، ئەوانیش هەر نەیانزانی کە یەکێك لە کوڕەکانی گۆشتی خواردووە. هەمووش بۆ ئەوەبوو من نەمویست درۆ بکەم.

هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەو کوڕە هانی دەدام لەگەڵ ژنەکەشم خیانەت بکەم. ئەو منی بردە ماڵە سۆزانییەك و پارەکەشی لەجیاتی من دا. بەڵام کە هیچم نەکرد ژنەکە منی لەسەر سیسەمەکەی دەرپەڕاند و منیش بەشەرمەزاریی و گومانکردن لە پیاوەتی خۆم دەرچووم، چوارجار بەنیەتی پاك و چاکە و بەهێزی ئیرادەیی خۆمەوە دەربازم بووە و هەڵەم نەکردووە.

یەکێك لەو فاکتەرانەی کە لەگەڵ ژنەکەم کێشەم دەبوو، هاوڕێیەتی ئەو برادەرە بوو، من هاوسەرێکی بەوەفا و ڕشت بووم، بەڵام ئەو کوڕە منی بەرەو خیانەت و بەدڕەوشتی دەبرد، بەوەش من زۆر تاوانم دەرحەق بەو ژنە کردووە. تەنها ژنی هیندییە کە دەتوانێت بەرگەی لاسارییەکانی مێردەکەی بگرێت و بەس، بۆیە دەڵێم ژن نموونەی گەشەی مانای لێبووردییە. ئەگەر کەسێکی خزمەتکار بەناهەقیش تاوانبار کرابویە دەردەکرا. ئەگەر کوڕێك لە ماڵەوە لاسار بوایە دەردەچوو، هاوڕێیەتی لەسەر شتێکی گچکە تێکچووە، بەڵام ژن کە گومانی لە مێردەکەی هەبوایە بێدەنگ بووە، بەڵام ئەگەر پیاوەکە گومانی لە ژنەکە

هەبوایە، ئەوە کۆتایی ئەو بوو. ژنی هیندی چ بکات، دادگای هیندی ناتوانێت سەیری داوای جیابوونەوەی ژن لە مێردەکەی بکات، یاسای لەگەڵدا نییە، بۆیە تاوانەکانم لەبیر ناکرێن، ئەوم خەمگین کردووە، خیانەتم لێ کردووە.
ئیتر گومانم نەما کە دەستەواژەکانی ئاهیمسا و براهماشاریام ناسی و ئاشنایەتییم بەوانە کرد کە خۆیان لە ئاشتی و دان بەخۆدانان و دوورکەوتنە لە شەهوەتی سێکسی و ئارامبوونەوە دەدۆزێتەوە، لەو رۆژانەوە گەیشتمە رایەی کەوا ژن و هاوسەر کەنیزەیەك نییە، ئەو هاوڕێ و هاوبیرە و بەشدارە لە کاروانی باشە و خراپە، ئەویش وەك پیاوی ماف خۆیەتی هەموو ئازادییەکانی هەبێت، زۆریش پەشیمانم کەوا کوێرانە بڕوام بەو برادەرە دەکرد.

## دزی و تەکفیرکردنی

من و خزمێکمان حەزمان لە جگەرەکێشان بوو، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوە بوو واماندەزانی کەوا دووکەڵ بەباکردن خۆشییەکی هەیە و بەس، مامێکم هەبوو ئەو جگەرەی دەکێشا، ئێمە قوونکە جگەرەی ئەومان کۆدەکردەوە و دامانەگیرساند.
کە ئەوەشمان دەست نەدەکەوت پارەی مسمان لەناو گیرفانی پیاوە خزمەتکارەکەمان دەدزی و جگەرەی هیندییمان پێ دەکڕی، بەڵام نەماندەزانی جگەرەکان لە کێندەرێ بشارینەوە. دیارە کەوا نەدەکرا لەبەرچاوی گەورەکانمان جگەرەکان بکێشین. ئەو پارەی کە دزیبوومان بەشی چەند هەفتەیەکی کردین بۆ کڕینی جگەرەکە، بەڵام بەتەواوبوونی ئەو جگەرانە بیرمان لەوە دەکردەوە جۆرە قامیشێك بدۆزینەوە و ئاگری تێ بەربدەین.
بڕوامان بەو بیرۆکانە نەبوو، کە دەمزانی ئێمە هیچ جۆرە سەربەستییەکمان نییە، بەوەیان خەمی زۆرمان دەخوارد کە لە بەرامبەر گەورەکانمان هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، لە کۆتایی بیرمان لەوە کردەوە خۆمان بکوژین!
بەڵام چۆن خۆمان بکوژین؟ لە کێ ژەهر پەیدا بکەین؟ پاش بیرکردنەوە و بڕیارمان دا تۆی دارێك بدۆزینەوە کەوا ژەهرێکی بکوژی هەبێت، ئینجا دەچینە پەرستگای کیدراجی و لەوێ بەرەکەت لە ژەهرەکە دەکەین و دەچینە پەنایەکی پەرستگاکە. بەڵام ئێمە ڕشتی و ئازایەتی خۆکوشتنمان نەبوو، بیرمان لەوە دەکردەوە ئەگەر یەکسەر بەو ژەهرە نەمردین؟ باشە سوودی چییە ئێمە خۆمان بکوژین؟ ئەو ئازادییە کۆتکراوە لە مردنەکە باشتر نییە؟ بەڵام دوو سێ دانە

تۆیە ژەهراوییەکەمان هەر خوارد، بەڵام زۆرمان نەخوارد، ئیتر گەڕاینەوە پەرستگاکە تا دووبارە وزە و باوەڕەکانمان بەهێز بکەینەوە و بیرۆکەی خۆکوشتنەکەش لە هزرمان دەربهێنین. لەو رۆژەوەش چیتر بیرمان لە جگەرەکێشان نەکردەوە و چیتریش پارەمان لە گیرفانی پیاوە داماوەکەش نەدزی.

کە من گەورەبووم بیرم لەوە دەکردەوە ئەو خەڵکە بۆ ئەو رەفتارە ناپەسەندە هەمواردەکەن و جگەرە دەکێشێن. زۆریش خۆم لە سواربوونی ئەو عارەبانانە دوور دەگرت کە خەڵکەکە تێدا جگەرەیان دەکێشا، چونکە بەوەیان هەستم بەخنکان دەکرد.

دزیی دووەمم لەو برایەم کرد کە گۆشتی دەخوارد. ئەو بازنەیەکی زێڕی هەبوو. بازنەکەی چەند پوولەکەی وردی پێوە بوو، من لەوانە یەکێکم لێ کردەوە و دزیم. ئەو دزییەم لە تەمەنی پازدە ساڵی لەو کردبوو، چونکە من بیست و پێنج رووپیەی قەرزاری ئەو بووم و بازنەیەکی زێڕیشی لە دەستی دابوو، بەوەیان قەرزەکەی ئەوم دایەوە، بەڵام ئەو دزیکردنە کاردانەوەیەکی زۆر گرانی لەسەر مندا هەبوو، بۆیە بڕیارم دا چیتر دزی نەکەمەوە، دەبوایە لە بەرامبەر باوکم دان بەوەدا بنێم، بەڵام دیارە کەوا ئەوەیان ئاسان نەبوو، بۆیە لە کۆتایی بڕیارم دا نامەیەك بۆ باوکم بنووسم. بەو نامەیەش دان بەتاوانەکەم بنێم و ویژدانی خۆم پاك بکەمەوە، باوکم ژانی ناسووری هەبوو، بۆیە بەردەوام لەسەر جێگەدا کەوتبوو، کە بریتی بوو لە تەختەدارێکی رەق، منیش لەبەرامبەری دانیشتم و پارچە کاغەزەکەم دا بەباوکم. باوکم یەکسەر نامەکەی خوێندەوە، سەری بەرز نەکردەوە، بینیم ورد ورد فرمێکسی لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە، کاغەزەکەشی تەڕکرد. ئەو کاغەزەکەی دڕاند، ئینجا وەك رامانێك چاوەکانی داخست، منیش دەستم کرد بەگریان، لەودەمانە هەستم کرد کە باوکم بەو

نامەیە چەند خەمگین بوو، ئەگەر نیگارکێش بوومایە بەیەك ڕۆژ ئەو دیمەنەم دەکردە نیگارێکز هەتا ئێستاش ئەو دیمەنە لە هزرمدا ماوە. فرمێسکە بەپرشنگەکانی باوکم دڵی پاك کردمەوە، گوناحەکەی ڕەش کردمەوە. کەس لەو ئەڤینە تێناگات تەنها ئەوانەی بڕوایان بەو سەلاّواتانە نەبێت کە دەڵێت:

کەس لە هێزی خۆشەویستی تێ ناگات، تەنها ئەو کەسانەی تیرەکانی خۆشەویستییان بەردەکەوێت.

ئەوەشیان وانەیەکی ڕاستییێتی بوو لە ڕێباوەڕی ئاهیمسا، لەوددەمانەدا تەنها خۆشەویستی باوك بۆ کوڕەکەی هەست پێ دەکرد، ئێستا دەزانم کەوا کاردانەوەکەی باوکم بەپراکتیزەکردنی بێگەردی ئاهیمسا بوو، کە ئەو ئاهیمسایە فراوان دەبێت، هەموو شتە نزیکەکانی تۆ دەگۆڕێت، کەسیش ناتوانێت وزەکەی بگۆڕێت.

ئەو لێبووردنە پاکە ڕەوشتی باوکم نەبوو، من وامدەزانی باوکم بەهەموو تاقەتییەوە دارکارییم دەکات، بەلاّم بەپێچەوانەوە، ئەو زۆر ناسك لەگەڵم جووڵایەوە، دیارە لەبەر ئەوەبوو کە من خۆم دانم بەهەڵە و گوناحەکەم کردبوو، بێگەردترین دانپێدانانیش ئەوەیە کە زۆر ڕاشکاوانە بێت، بەڵێنیش بدەیت کەوا دووبارە هەڵە و تاوانی وا نەکەیتەوە، بۆیەش هەستم دەکرد باوکم زۆر بڕوای بەمن پەیدا کرد، زۆرتریش منی خۆشویست.

## مردنی باوکم و شەرمەزارییە قورسەکە

تەمەنم شازدە ساڵ بوو کە باوکم لەسەر جێگا کەوتبوو. من و دایکم و پیاوێکی خزمەتکاری بەتەمەن خزمەتمان دەکرد. من تیمارم دەکرد، دەرمانم دەدایێ و ئەگەر پێویستی کردبوایە دەرمانیشم بۆ دەگرتەوە. قاچەکانیم دەشێلا، هەتا ئەو نەیوتبوایە بڕۆ بخەوە، من لەلای هەڵنەدەستام، یان ئەگەر ئەو خەوی نەهاتبوایە، من شەوانە هاوشانی دەبووم، من شەیدای ئەوەبووم خزمەتی بکەم، کاتەکانی ئەرکی خوێندن و ئەرکەکانی خزمەتکردنی باوکم بەشکردبوو. شەوانە پشوویەکم وەردەگرت و پیاسەیەکی دەرەوەم دەکرد.

لەودەمانە ژنەکەم منداڵی یەکەمی لە سکدا بوو. من ئەو ڕۆژانەم بەشەرمەزارییەوە بەبیردێتەوە، شەرم لەو سەردەمە دەکەم، لەلایەک من خوێندکار بووم و ئەرك و بەرنامەی زۆرم هەبوو، بەردەوامیش دەبوایە قاچەکانی باوکم بشێلم و خزمەتی بکەم، لە هەمان کاتیشدا نەمدەتوانی کۆنترۆڵی هەوسە سێسکییەکانیشم بکەم. لەودەمانە بەردەوام هزر و بیرم لەلای ژووری نووستنەکەم بوو، چونکە بەپێی ڕێنمایی ئایینی و تەندروستی و لۆژیکییەوە نەدەکرا سێکس بکەم، کە باوکیشم بواری دەدام بچم بخەوم بەکرنۆشێکەوە ئەوم جێدەهێشت.

باوکم سەبر سەبر ڕەوشی تەندروستی بەرەو خراپیی دەچوو، دکتۆرە میللییەکان هەموو دەرمانەکانی پزیشکی هیندییان بۆ بەکاردەهێنا، دکتۆرەکان جۆرەها لەزگەی تەندروستیان بۆ لێ دەدا، سیحربازەکانیش هەموو دەرمانە نهێنییەکانیان لەسەر تاقی کردەوە. نەشتەرگەرێکی ئینگلیزیش باوکمی

پشکنی، ئەو وتی دەبێت نەشتەرگەرییەکی بۆ بکرێت، بەڵام دکتۆرەکەی خۆمان وتی تەمەنی ئەو بواری ئەو نەشتەرگەرییە نادات. سەردانی دکتۆرەکەمان لە بۆمبای کرد، لەوێش بەژمارەیەك دەرمانەوە گەڕاینەوە، بەڵام ڕەوشی بەرەو خراپتر دەچوو. دکتۆرە ئینگلیزەکە وتبووی دەبێت ئەو لەسەر قەرەوێڵەکەی دانەبەزیت، بەڵام باوکم حەزی دەکرد بۆ پێویستییەکانی بێتە خوارەوە. دیارە کەوا پزیشکی خۆرئاوایی بوارسازیکردووە کەوا هەموو پێداویستییەکان، لەوانە خاوێنکردنەوەش هەر لەسەر جێگەکەی بۆ بکرێت، کە ئەوەش مەرجێکی دروستی تەندروستییە، چونکە پاك و خاوێنیش یەکێکە لە بنچینەکانی ئایینی خوداوەند فیشنو، بەڵام کە باوکم سوور دەبوو لەسەرئەوەی ئەو دەیەوێت هەڵبستێتەوە، من زۆرتر بەو سەرسام دەبووم.

مامم لە راجکوت بوو، لەبەر تەندروستی باوکم ئەویش بەپەلە گەیشتە لای باوکم چونکە زۆر باوکمی خۆشدەویست. ئەو قەرەوێڵەکەی باوکمی بەرنەدەدا، هەمووومان دەمانزانی تەندروستی خراپە. سەعات دە و نیو یان یازدە دەبوو کە باوکم وتی با مامت بمشێلێت، منیش بەوەیان دڵم خۆش بوو، بەپەلە خۆم گەیاندە ژووری نووستنەکەم، ژنەکەشم خەواڵوو بوو و باوەشکی دەهاتێ، دیارە ناکرێ من نەخەوتبم ئەو بخەوێت، بۆیە بەئاگام هێنا. هەر پێنج شەش دەقەیەك من لە ژوورەکەم مامەوە کە پیاوەکەی خزمەتی باوکمی دەکرد، لە دەرگای ژوورەکەی منی دا و وتی هەڵسە وەرە، وا نەخۆشییەکە تەنگی بەباوکت هەڵچنیوە، منیش لە ترسناکی نەخۆشییەکەی ئەو دڵنیابووم، بۆیە دەمزانی ئەوان چ دەڵێن، یەکسەر لەسەر سیسەمەکەوە هەڵبەزیمەوە و پرسیم:

چ بووە؟ پێم بڵێ؟

ئەویش وتی:

_ باوکت مرد.

هەموو شتەکان تەواو بوو، تەنها شەرمەزارییەکەم بەدەستەوە مابوو. زۆریش شەرمم کرد، بزانە شەهوەتە سێکسییەکە چی لە من کرد و شەرەفی ئەوەم بەرنەکەوت باوکم لەناو باوەشم دا بمرێت، دەبوایە من لەتەنیشتی بووبام، لەوددەمانە من بمشێلابوایە. مامم زۆر ئەوی خۆشدەویست، ئەو شەرەفی ئەوەی بەرکەوت دواکەس خزمەتی بکات، ئەو لەکاتی گیانەرچوونەکەی لەو نزیک بوو، کە باوکم داوای قەڵەم و پارچە کاغەزێك بکات، لەسەر کاغەزەکە بنووسێت: سرووتەکانی کۆتاییەکان ساز بکەن! نووشتەکەش لە باسکی دەکاتەوە، ملوانکەکەی کە لە مووری رەیحان دروستکرابوو لە مل دەکاتەوە، هەردووکیانی لە تەنیشتییەوە دادەنێت، ئینجا پاش چەند ساتێك دەمرێت.

هەر ئەو شەهوەتە بوو، کە منی لەو شکۆییە بێ بەش کرد کە لەتەنیشت باوکم بم، ئەوە و لە چەندین رەوشی دیکە خۆم کردبووە قوربانی ئەو شەهوەتە و ئەوەش ماوەیەکی زۆر ئازەی گرتبووم، ئەگەرچی من مێردێکی دڵسۆزیش بووم، بەڵام زۆریش شەهوانی بووم.

## تیرۆژە ئایینییەکان

من لە تەمەنی شەش ساڵی یان حەوت ساڵییەوە هەتا شازدە ساڵی هەموو زانستەکانم خوێند، تەنها ئایین نەبێت، بەڵام لە کەسە نزیکەکانی چواردەورم ئەوەی مامۆستاکان فێریان نەکردم، من بەخۆم فێری بووم.
گوێم لێبوو کەوا زۆر کەس لە ناخی پەرستگاکەی هارڤیلی رەزیلی دەکەن، بۆیەش زۆر بەپەیکەرەکەی سەرسام و پەرێشان نەبووم، هەستیشم دەکرد هارڤیلی هیچ سوودێك بەمن ناگەیێنێت.
ئەوەی لەو پەرستگایە سوودم لێ نەبینی لەو ژنەی کە بەخێوی دەکردم فێربووم، ئەو پیرەژنە زۆر سۆزی بۆ من هەبوو، هەتا ئێستاش ئەوانەم هەموو لەیادە، وەك زووتر وتم من لە دێوەزمە و تارماییەکان دەترسام، بۆیە پیرەژنەکە کە ناوی رامبها بوو، وتی: بۆ دەرپەڕاندنی ئەو تارماییانە لەبەر خۆتەوە رامایانا بڵێوە. ئەوەش جۆرێك بوو لە چارەسەری، ئەگەرچی من ترسەکەم هەرمابوو، بەڵام ئەوەیان لە ناخمدا تۆیەکی دانابوو، کە گەورەبووم هەستم دەکرد تۆیەکە چەکەرەی کردووە و رێنماییەکانی ئەو پیرەژنە چاکەکارە بەرهەمی هەبووە.
یەکێك لە ئامۆزاکانم داستانەکەی رامایانای بەمن و بەبراکەم لەبەر کردبوو، کە لە خۆشووشتن دەبووینەوە، بەیانیان دەمانوتەوە، بەڵام کە لە بورباندار بەرەو راجکوت بارمان کرد، وازمان لەو سرووتە هێنا، چونکە من زۆر بڕوام پێی نەبوو.
ئەوردەمانەی باوکم لە بورباندار نەخۆش بوو، من لەپێش ئەو رامایانانەم دەخوێندەوە، ئەوەیان کاریگەری زۆری لەسەر مندا پەیدا کردبوو. ئەو ئێواران فێرببوو گوێ لەوە رابگرێت، خوێنەرەکەی یەکێك بوو لە هەوادارە دڵسۆزەکانی

راما، ئەو بەبێ دەرمان خۆی بەو سرووتە چارەسەر دەکرد، ئەویش بەدانانی گەڵای هەرمێ لەبەردەم پەیکەری خوداوەندە مەزنەکە لە پەرستگای بیلشفار و ئینجا گەڵاکە لەسەر ژانەکە ورد بکەن چاك دەبێتەوە.

کە ماڵمان دەچێتە راجکوت کەس لەوێ نەبوو رامایانا بخوێنێت، بەڵام لەوێ باجافادیان دەخوێند. من گوێم لەویش دەگرت، بەڵام خوێنەرەکە کەسێکی لێهاتوو نەبوو، منیش بەزمانی جوجراتی بەسۆزەوە دەمخوێندەوە، ئەوانە لە هزری کەسانی ساوا باش دەچەسپێت، بۆیەش خەمی ئەوەمە کەوا من بەختیار نەبووم زۆرتر گوێ لە کتێبەنوێیەکان بگرم و سوودیان لێ وەربگرم.

لە راجکوت فێربووم چۆن لەنێوان هەموو رێباوەڕەکانی هیندۆسی و ئایینەکان لێبووردیی بزانم، دایکوباوکم سەردانی پەرستگای هافیلی و پەرستگای خوداوەند شیفا و پەرستگای خوداوەند رامایان دەکرد، ئێمەشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و هانی ئێمەشیان دەدا خۆشمان زیارەتیان بکەین، پیاوچاکەکانی ئایینی جایینی زۆر لە ماڵەوە سەردانی باوکمیان دەکرد، لە سرووتە ئایینییەکەشیان دەردەچوون، کە نانیان لە ماڵی ئێمە دەخوارد، چونکە ئێمە بڕواداری ئایینی جایینی بووین، بەیەکەوە لەسەر ئەو دۆزانە قسەیان دەکرد.

باوکم هاوڕێیەتی کەسانی موسڵمان و پارسیونییەکانیشی دەکرد، باوکم بەڕێزەوە گوێی لە باسی ئایینەکانی ئەوانیش دەگرت. لەبەرئەوەی دەرمانی باوکمیان دەکرد بۆیە من زۆر گوێم لە پەیڤەکانی ئەوان دەبوو، بۆیەش ئەوانە بەیەکەوە لێبووردەیی لەلام گەڵاڵە کردبوو.

ئایینی کریستیانی بەر لێبووردەییەکەی من نەدەکەوت، رقی زۆرم لەو ئایینە بوو، دژایەتی تەبشیرییەکانم دەکرد، ئەوانەی لەپەنای دیواری قوتابخانەکانمان قسەیان دەکرد و بەخراپە باسی هیندۆس و خوداوەندەکانیان دەکرد. منیش نەمدەتوانی بەرگەی ئەو هەڵسوکەوتەیان بگرم، تەنها یەکجار گوێم لە پەیڤەکانی راگرتبوو، بۆیە نەمدەویست ئەو ئەزموونە دووبارە بکەمەوە.

وتیان پیاوێکی ناوداری هیندۆسی بوویته کریستیان، ئەو پیاوەیان ناچارکردووە تا بەڕاستی ئایینەکە وەربگرێت گۆشت بخوات و شەرابی حەرامیش بخواتەوە، ئینجا جلی مەدەنی ئەوروپییان لەبەرکردبوو، شەپقەیان لەسەر دانابوو، کە گوێم لەو قسانە دەبوو بێزم دەبووەوەو تووڕە دەبووم، دەموت ئەوە چ ئایینێکە کە خەڵك ناچار بکات گۆشت بخۆن و شەراب بخۆنەوە و پۆشاك بگۆڕن، بۆیە ئەوەیان بەهیچ شێوەیەك شایستە نییە پێی بڵێن ئایین. خەڵکەکە دەیانوت ئەو پیاوە لەوەتی بوویتە کریستیان بەخراپە باسی ئایینەکانی تر دەکات و گاڵتەی بەدابونەریتەکانی خەڵکەکە دێت، بۆیە من بەوەیان زۆر رقم لە ئایینی کریستیان دەبێتەوە.

کە من بڕوام بەلێبووردەیی هێنابوو مانای ئەوە نەبوو من بڕوام بەهەبوونی خودایەك هەبووبێت، کە ماوەیەك کتێبی مانوسمریتی کە پڕۆژەیەکی هیندی بوو تێدا ئاین بواری یاساکانی دابوو، لەناو کتێبەکانی باوکم دۆزیەوەو خوێندمەوە، بەوەیان نەك بڕوام بەسەرەتای خەڵق و چیرۆکە هاوشێوەکانی زۆر نەهێنا بەڵکو بەپێچەوانە هەموو بڕواکانی پێ دامالیم و رووم لە ئیلحادیش کرد.

یەکێك لە ئامۆزاکانم کە هێشتا لە ژیاندا ماوە، زۆرم خۆشدەویست، ئەو هزرەم لەلای ئەو درکاند، بەلام هەرچەند کۆششی کرد راییم بکات واز لەو رامانە ئیلحادییە بهێنم نەیتوانی، بۆیە کوڵی بەردام و وتی: کە خۆت گەورە بوویت، دەستبەرداری ئەو گومانانە دەبیت، بەلام نابێت لەو تەمەنە تۆ باسی ئەو مەسەلانە بکەیت. من وەلامم نەدایەوە، بەلام بەقسەکەی ئەویش ئاسوودە نەبووم. دوایی بۆم روونکرایەوە کەوا ئەو کتێبەلە مەسەلەی زەوقی خواردن و هەندێ مەسەلەی هاوشێوە دوورە، بۆیە وازم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەهێنا، من وتم هەرچەند مرۆڤ ئاوەزی زۆرتر گەشە دەکات باشتر شت فێر دەبێت.

مانوسمریتی بەهیچ شێوەیەك فێرە شێوەکانی حاڵەتی ئاهیمسای نەدەکردم، چونکە هاوسۆزی لەگەڵ ئەو چیرۆکە هەبوو کە باسی گۆشتخواردنەکەم کردبوو، من بڕوام وابوو کەوا کوشتنی مار و زیندەوەرەکان کردەیەکی

ئەخلاقییە، ئەوەم لەبیرە کەوا کوشتنی مێشوولە لەو تەمەنە کردەیەکی فەرمانە و ئەوەم لەسەرە کە بیکەم.

من لەو کتێبەدا یەك شتی زۆر گرینگ فێربووم، ئەویش کەوا ئەخلاق بنچینەی هەموو شتێکە، راستییەکانیش کاکڵی هەموو رەوشتەکانە، بۆیە راستی بووە مەبەستی سەرەکی من، رۆژانەش لەناخمدا چەکەرەی دەکرد، زۆرتریش چەمکی راستەقینەییم لەلا مەزنتر دەبوو.

لەناخەوە و بەدڵەوە بڕوام بەو گوتارە هێنابوو کە بەزمانی جوجراتی هەبوون، ئێستا وا چەند بڕگەیەکی بۆ خوێنەرەکانم دەنووسمەوە:

ژەمێکی باشی خواردن، بدە بەو کەسەی قوومێك ئاوت دەداتێ

ئەوەی بەخاکێتی کرنۆشی بۆ بردیت، تۆش بەجۆشەوە کرنۆشی بۆ بەرەوە

ئەوەی رۆژێك فلسێکت بداتێ، تۆ زێڕی بدەرێ

ئەگەر رۆژێکیان ژیانت لە مردن دەرباز بوو، بڕیار بدە خوێن نەڕێژیت

ئەوەیە کردە و گوتاری زاناکان

چاکەیەکی گچکە بەدەیان چاکە بکەرەوە،

بەڵام کەسانی پاك جیاوازی ناکات لەنێوان هەموو کەسێکدا

ئەوانە بەشادومانییەوە خراپەکان بەچاك وەڵام دەدەنەوە.

## ئامادەییەکانم بۆ گەشتەکەی ئینگلترا

لە ساڵی ١٨٨٧ لە تاقیکردنەوەی وەرگیران لە زانکۆ دەرچووم، لە کۆلێژی سامالداس لە بهافناجار دەستم بەخوێندن کرد، لەوێ کێشەی زۆرم دەهاتە پێش و هەستم بەنیگەرانی دەکرد، لە کۆتایی وەرزی یەکەم گەڕامەوە ماڵەوە، مافجی داڤ دۆستی باوکم سەردانی کردین، ئەو لەسەر خوێندنی من لە دایکم و لە برا گەورەکەمی پرسیبوو، ئەوانیش وتیان ئەو لە کۆلێژی سامالداس خوێندکارە، ئەو لە وەڵامدا وتبووی: زەمان گۆڕاوە، تا ئەو کوڕە جێگای باوکی بگرێتەوە، دەبێ لە بوارێکی گونجاودا بخوێنێت، ئەو بەچوار و پێنج ساڵی تر خوێندن تەواو دەکات و ئینجا بەمووچەی شێست رووپییەیەك دادەمەزرێت، بەوەش ناگاتە پۆستی دیوان، بەڵام ئەگەر وەك کوڕەکەی من لە یاسا بخوێنێت، ئەوە لەگەڵ چەند کەسی دەرچووی یاسا و پارێزەر پێشبڕکێ دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی دیوانەکە، بۆیە وا باشە ئەو کوڕە رەوانەی ئینگلترا بکەنز کیفالرامی کوڕم دەڵێت: لە ئینگلترا خوێندکار بەئاسانی دەبێتە پارێزەر، پاش سێ ساڵ خوێندنی تەواو دەکات، لەو سێ ساڵەش تەنها چوار پێنج هەزار رووپییەیەکی دەوێت، نازانن ئەو پارێزەرانەی لە ئینگلترا دەرچوون لە چ خۆشییەکدا دەژین، هەردەمێك ویستیان بەئاسانی پۆستی دیوانیشیان دەستدەکەوێت، بۆیە من پێشنیاردەکەم ئیمساڵ مهنداس بۆ خوێندن رەوانەی ئینگلترا بکەن، کوڕەکەم لەوێ هاوڕێی زۆری هەیە، مهنداس دەتوانێت بچێتە کن ئەوان، لەوێش هیچ کێشە و گرفتی نابێت.

دیـاره کـەوا مـن پێشـنیارەکەم زۆر پـێ خـۆش بـوو، زۆریـش بەپەلـەبووم، بەمیوانەکـەم وت، دەکرێ من بچم لـەوێ پزیشـکی بخوێنم. بـەڵام براکـەم زوو قسەکەی لێ بڕیم و وتی: باوکم ئارەزووی ئەو خوێندنەی نەبوو، ئەو مەبەستی نەبوو تۆ دەستت لەناو جەستەی مردوان بێت، بۆیەش ئەو حەزی دەکرد تۆ ببیتە پارێزەر. بەڵام میوانەکەم وتی، منیش پێم باشە ئەو پزیشکیی بخوێنێت، چونکە ئەو خوێندنە لەگەڵ سرووتە ئایینییەکان لاری نییە، وادەزانم پزیشکی بوار ساز دەکات بەئاسانی بگەییتە پۆستی دیوان کە مەبەستتانە، بەوەش دەتوانن بنەماڵـە گەورەکـەتان بپارێزن، چـونکە لـەو ڕۆژانـە مەسـەلەکان زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت، ڕەوشەکان ئاڵۆز و قورس دەبێت.
ئینجا ئەو روو لە دایکم دەکات و دەڵێت: من دەبێ بڕۆم، بەڵام باش بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە، هیوام زۆرە لە سەردانی داهاتوومدا گوێم لەوە بێت کەوا ئەو کوڕە خەریکی خۆسازکردنە بۆ گەشتی ئینگلترا، ئەگەر هەر یارمەتییەکتان پێویست بوو دوودڵ مەبن، من ئامادەم.
براکەم خەریکی سازییەکانی گەشتکردنم بوو. دایکم حەزی نەدەکرد من لەو دووربکەومـەوە، بۆیـە وتـی بـا پرسـێك بـەمامت بکـەین، ئـەو براگـەورەی بنەماڵەکەمانە، ئەگەر ئەو رازی بوو بیرێکی لێ دەکەینەوە. براکەم وتی بابچینە لای والـی بوربانـدار، ئـەو هـاوڕێی بـاوکم بـوو، ئەگـەر ئـەو یارمـەتیمان بـدات ئیشەکە ئاسان دەبێت.
منـیش بیرۆکەکـەم لا پەسـەند بـوو، وتم باشـە.. مـن دەچـمە کن ئـەو والییـەی هـاوڕێی بـاوکم. ئەودەمانـە تـرێن و هێڵـی ئاسن نـەبوو، دەبوایـە بـەو عارەبانانـە بچین کە بەگا رادەکێشرا، ڕێگاکـەش پێنج ڕۆژی دەویست، زووتر وتبووم من ترسنۆك بووم، هەر ئەو ترسەش بوو منی بۆ گەشتەکەم بەجۆش دەکرد تا زوو بگەمە ئینگلترا، بۆ ئەو گەشتە عارەبانەیەکم بۆ گەیشتن بەدوراجی بەکرێ گرت،

لەوێش بەحوشتر گەیشتمە بورناندار، ئەوەش یەکەمجار بوو من سواری حوشتر بم.

لەوێ مامم بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، منیش بیرۆکەی گەشتەکەم بۆ خوێندن بۆ ئینگلترا تێ گەیاند، ئەویش لە وەڵامدا وتی: نازانم خەڵك لەوێ ئاگای لە رێنماییەکانی ئایینی دەمینێت. ئەوانەی لەوێ دەژین، دەڵێن لە ئایین دوورکەوتوونەتەوە، لەوەیان گومانم هەیە، کە گەورە پارێزەرەکان دەبینم، ئەوان وەك ژیانی ئەوروپییەکان دەژین، هەمووشت دەخۆن، خۆیان لە هیچ ناپارێزن، شەرم ناکەن، جگەرە لە لێوەکانیان جیانابێتەوە، وەك ئەوروپییەکان پۆشاك لەبەردەکەن، دیارە کەوا ئەوەش لەگەڵ دابونەریتی بنەماڵەکەمان ناگونجێت، دوایی من بەرەو حەج دەچم و زۆریشم لە ژیاندا نەماوە، نازانم لەو دەمانە و لەو رۆژانە من چۆن ئەو بڕیارە بدەم، من وا لەسەر رۆخی قەبرم، نازانم بڵێم چی؟

بەڵام من رێگات لێ ناگرم، ئەو بڕیارە با دایکت بیدات، ئەو بۆ تۆ لە من لەپێشترە، ئەگەر ئەو رازی بوو بڕۆ من لارییم نییە، هیوام وایە سەرکەوتوبیت، بەدایکت بڵێ من لارییم لە گەشتەکەت نییە بۆ خوێندن، ئەگەر ئەو رازی بوو، منیش پیرۆزی دەکەم. منیش لە وەڵامدا بەمامم وت:

مامە بەوپەڕی هیوام، کۆشش دەکەم دایکیشم رازی بکەم، بەڵام تۆ لەلای لیلی تەزکییەم ناکەیت؟ مامم وتی:

بەڵام ئەوەیان چۆن بکەم، بەهەرحاڵ بەڕێز لیلی پیاوێکی چاکەخوازە، دەچم و داوای دیمانەی دەکەم، من دڵنیام کەوا داواکەم قبووڵ دەکات، ئەگەری ئەوە هەیە یارمەتیت بدات.

نامەیەکم بۆ دیمانەی لیلی نووسی، ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا وتی بڕۆ بڕوانامەی زانکۆم بۆ بهێنەوە ئینجا وەرەوە دیمانەی من، بۆیە من سوودم لەو نەبینی، هەر لەبەر ئایینەکەش بوو کە مامم داوێن پاکیەتیی باشی نەکردم، دەست بەتاڵ

لەوێ گەڕامەوە، بەڵام سووربووم لەسەر بەرنامەکەم بۆ پەیداکردنی پارەی گەشتەکەم، بیرم لە فرۆشتنی خشڵی هاوسەرەکەم کردەوە، کە بای دوو سێ هەزار رووپیە دەبوو، بیریشم لە قەرزکردنی پارەش کردەوە، لەبەرئەوەی برا گەورەکەم زۆری خۆشدەویستم پەنام بۆ ئەویش برد.
ئەوانە و دایکم رێگری یەکەمی گەشتەکەم بوون، دیارە یەکێك هەبوو بەدایکمی وتبوو، ئەوانەی دەچنە ئینگلترا رێگایان ون دەکەن، هەندێکی تر وتبوویان ئەوانەی لەوێ دەژین هەموو گۆشت دەخۆن، یان لەبن گوێیان خوێندبوو کەوا ئەوانەی دەچنە ئەوێندەرێ بێ مەینۆشی خەویان لێ ناکەوێت، بۆیە ئەو پرسی، دەزانی مەسەلەکە وایە، تۆ دەڵێی چی؟ منیش لە وەڵامدا بەدایکم وت، تۆ بڕوات بەمن نییە؟ من درۆت لەگەڵ ناکەم سوێند دەخۆم کە راستگۆ بم. بڕوا دەکەیت جوشی جی هاوڕێی باوکم ئەگەر بزانێت من دەکەومە ئەو مەترسییە چۆن رێگام بۆ دادەنێت؟ دایکم لە وەڵامدا وتی:
کە تۆ لە من نزیك بیت، من بڕوات پێ دەکەم، بەڵام ئەگەر دووربکەویتەوە چۆن بڕوات پێ بکەم؟ من لەوەیاندا داماوم نازانم چ بکەم، بۆیە دەچم پرسێك بەبیشارجی سوامی دەکەم. سوامی یەکێك بوو لە بنەماڵەی بازرگانەکانی شاری مودیرا، ببووە کاهن لە ئایینی جاینی، ئەویش بڕواپێکراوی بنەماڵەکەمان بوو، ئەویش وەك جوشی جی بوو، بیشارجی زۆر یارمەتی منی دابوو کە بەدایکمی وتبوو:
من ئەو کوڕە گەنجە دەبینم و هەر سێ بەڵێنەکەی لێ وەردەگرم، پاشان با بڕوات. من لەبەردەم ئەو هەر سێ بەڵێنەکەمدا. وتم بەڵێن دەدەم گۆشت ناخۆم، بەڵێن دەدەم مەی ناخۆمەوە، بەڵێنیش دەدەم دۆستایەتی ژنان ناکەم و لەوان نزیك ناکەومەوە، پاش ئەو سێ بەڵێنە داوام کرد ئەو بواری گەشتەکەم بۆ ئینگلترا بدات.

# خانزی

لە قوتابخانەی دواناوەندییەکەمان، لەبەرئەوەی من یەکەم کەس بووم گەشت دەکەم. بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکیان بۆ کردم، منیش بەترسەوە وتەیەکم لەبەر ئامادەبوانی ئاهەنگەکە خوێندەوە. بەپیرۆزییەکەی خێزانەکەم بەرەو بۆمبای بەڕێ کەوتم، ئەوەش یەکەم گەشتی من بوو، لە راجکوت بەرەو بۆمبای و براکەم هاوڕێیەتی کردم، بەڵام هێشتا تەگەرەو کۆسپی زۆریش لە بۆمبای چاوەڕوانی دەکردم.

## دەرچوونم لە تایفەکەم

کە رۆیشتم کوڕەکەم تەمەنی چەند مانگێک دەبوو، لە بۆمبای وتیان لە مانگەکانی یونیۆ و یولیۆ دەریا ئارام نییە، بۆیە هەموولایەک وتیان باشترین کات بۆ گەشتکردن بەدەریا، مانگی نۆڤمبەرە، چونکە لەو ماوەیەدا پاپۆڕێک نغرۆ ببوو، بۆیە براکەم لەوەیان نیگەران بوو، ئەو بۆ کاروبارەکانی گەڕایەوە ماڵەوە و منیشی لەلای هاوڕێیەکی خۆی لە بۆمبای جێهێشت تا کەشەکە بۆ گەشتکردن بەدەریا ساز دەبێت.

من لەوێ ماوەیەکی زۆر مامەوە، دڵم توند بوو، بەردەوام خەونم بەو گەشتە دەبینی، لەودەمانەش ئەندامانی تایفەکەم لە گەشتەکەی من نیگەرانییان راگەیاندبوو، چونکە کەس لە دانیشتوانی شاری مودیرا و لە تایفەی بازرگانەکان گەشتی ئینگلترای نەکردبوو، جا بۆ ئەوەی رەزامەندی ئەوانیش وەربگرم ئەوا دەبێ دیمانەی پرس و وەڵامێک بکەم، بۆیە تایفەکەمان کۆبوونەوەیەک بۆ بڕیاردان دەکەن، منیان بۆ دیمانەکە بانگی بەردەمیان کرد، ئێستاش نازانم لەو دیمانەیەدا ئەو ئازایەتییم لە کوێیەوە بۆ هات، لەوێ نە دوودڵ بووم و نە یەک ساتیش هەستم بەترس و دڵەڕاوکێ کرد، لەدوورەوە لەگەڵ پێشەوای تایفەکەمان پەیوەندییەکمان هەبوو، بەڵام ئەو لەگەڵ باوکم دۆستایەتی گەرم و خۆش بوو. ئەو پرسی: ئەندامانی تایفەکەمان وا بەباش دەزانێت کەوا گەشتکردنی تۆ بۆ ئینگلترا پەسند نییە، ئایینی ئێمە گەشت حەرام دەکات، چونکە ئێمە ئەوە باش دەزانین کەوا ناکرێ لەوێ خەڵک

پابەندبوونی خۆی بەئایینەکەی رابگرێت، ئەوەیان بێ پەروایە، لەوێ هەموو کەس ناچارە لەگەڵ ئەوروپییەکان خواردن و خواردنەوە دەخۆن. منیش لە وەڵامدا وتم:

من بڕوا ناکەم گەشتکردنی من بۆ ئینگلترا بەپێچەوانەی باوەڕە ئایینییەکانی ئێمە بێت. من بۆ خوێندن گەشت دەکەم، دەمەوێ زانکۆ لەوێ تەواو بکەم، دوایی من بەڵێنم بەدایکم داوە، من هەر سێ بەڵێنە پیرۆزەکەم بەدایکم داوە، کەوا لە سێ مەترسییەکە دووربکەومەوە، ئەویش ترسی لەسەرم نەماوە، منیش زۆر بڕوام بەخۆم هەیە، کەوا سەرپێچی بەڵێنەکان ناکەم. ئەویش لە وەڵامدا وتی: بەڵام من دەڵێم ئەوەی بچێتە ئینگلترا ناتوانێت پارێزگاری لەسەر ئایینەکەی بکات، تۆش باش دەزانیت کەوا من پەیوەندی خۆشم لەگەڵ باوکت هەبوو، بۆیە دەبێ گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگریت. منیش وتم: بەڵێ، دەزانم تۆ چەند لە باوکم نزیك بوویت. تۆش وەك ئەندامێکی خێزانەکەم سەیرت دەکەم، بەڵام ئەو مەسەلەیە لەبن دەسەڵاتی خۆم دەرچووە، ناتوانم لە بەرنامە و بۆچوونەکەم پەشیمان ببمەوە و واز لە بیرۆکەی گەشتەکەم بۆ ئینگلترا بهێنم، دوایی نازانم بۆچی زانایە برهمییەکەی هاوڕێی باوکم کە زۆر بڕوای پێ دەکرد و کەسێکی بەڕێز بوو، وا ڕێگام لێ دەگرێت من گەشت بکەم، چونکە دایکم و براکەم ڕەزامەندییان دەربڕیوە کەوا من بۆ خوێندن بچمە ئینگلترا. ئەو وتی: بەڵام تۆ بۆچوونە ڕێنماییەکانی تایفەکەم دەشکێنێت! منیش لە وەڵامدا وتم: بەڕاستی هیچ بوار نەماوە، بەڵام وادەزانم تایفەکەمان بۆ دەست لەو کارانە وەردەدات.

بەو وەڵامەی من، سەرۆك تایفەکەمان تووڕە بوو، منی جنێوبارانکرد، منیش بێ جووڵە دانیشتم. ئینجا ئەو وتی: لەو ڕۆژەوە، ئەو کوڕە وەك کەسێکی دوورخراوە لەو تایفەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەر کەسێکیش

مەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، یان دەستی بگرێت و یارمەتی بدات و لە
بەنداوەکە هاوکاری بکات، رووپیەك و چوار عانە سزای دەدەم.
من بەبڕیارەکەی سەرۆکەکەمان نیگەران و پەریشان نەبووم، چونکە من تەنها
داوام کردبوو بواری دەرچوونم بدات و بەس. بەڵام کە براکەم بڕیاری
سەرۆکەکەی زانیبوو نیگەران ببوو، ئەوەش منی هەراسان کرد، بەڵام
خۆشبەختانە براکەم لەسەر قسە و بڕیاری پشتیوانییەکەی خۆی هەر مابوو،
رەزامەندی گەشتەکەی بۆم نووسی و سەرپێچی بڕیارەکەی ئەویشی کرد.
پاش ئەو رووداوە زۆر پەرۆشی گەشتکردنەکە ببووم، بەڵام ئەگەر فشاریان
لەسەر براکەم توند کردبوایە چ دەبوو؟ لەوەیان دەترسام نەوەك پێشهاتێکی
چاوەڕوان نەکراو بێتە پێشەوە، بەوەیان نەمدەزانی چ بکەم؟ لەودەمانە کە لەناو
گێژاوەکەدا گینگڵم دەدا و بیستم کەوا پارێزەرێکی ویلایەتی جوناجادە
بەپاپۆڕەکەی رۆژی ٤ی سپتەمبەر گەشت دەکات، ئەویش پارێزەرێکی ناوداری
سالۆنەکانی دادگایە، چوومە لای هاوڕێیەکانی براکەم، قسەکەم بەوان وت،
ئەوانیش وتیان ئەو هەلە لە کیس خۆت مەدە، هاوڕێیەتی ئەو بۆ تۆ زۆر
گرینگە، بۆیە نەدەکرا لەوەیان دوابکەوم، بۆیە تەلگرافێکم بۆ رەزامەندی
گەشتەکەم بۆ براکەم نووسی، ئەویش لە وەڵامدا بواری گەشتەکەی دام، منیش
بەو وەڵامە چوومە لای زاواکەم تا ئەو پارەی براکەم بۆ من لەلای ئەو دایناب‌وو
بمداتەوە و گەشتەکەم بکەم، بەڵام ئەو لە ترسی سزادانی سەرۆك تایفەکەمان،
رازی نەبوو پارەکەم بداتەوە، ئەو لەوە دەترسا سەرۆکەکە ئەویش لەو تایفەیە
دەربکات. کە لە پارەکەی خۆم بێ هیوا بووم، دەبوایە بڕێك پارە لە ناسیارێکی
خۆمان قەرز بکەم، ئەویش دوایی پارەکە لە براکەم وەربگرێتەوە. بەو پارەیە
یەکسەر بلیتێکی پاپۆڕەکەم کڕی، ئینجا بۆ گەشتەکەم خۆم سازکرد، برادەرێکم
دەناسی ئەویش ئەو ئەزموونەی بەسەردا هاتبوو، ئەو هەندێ جلوبەرگ و

کەرەستەکانی گەشتەکەی هەبوو، هەندێك لە جلەکانی ئەوم نەویست، یەکێك لەو شتانەی کە زۆر رقم لێ بوو بۆینباخ بوو، کە پاشان زۆر ئارەزووم لێی دەکرد. هەموو پێویستییەکانی گەشتەکەم سازکرد و لەناو قەمەرەیەك لەگەڵ هاوڕێیەکانم و نزیك لەو پارێزەرەی ویلایەتی جوناجادە شوێنمان گرت، لەوێش پارێزەرەکە تریمبك رای مازمودارمان ناسی کە کەسێکی پێگەیشتوو و بەئەزموون بوو، زانیاریشی لەسەر هەموو وڵاتانی جیهانیش هەبوو. من لەو رۆژەدا گەنجێکی هەرزەکاری تەمەن هەژدە ساڵان بووم، هیچ زانیارییەکەم لەسەر جیهانی دەرەوە نەبوو، بەڵام ئەو هەموومانی دڵنیا کرد.

دەرئەنجام لە رۆژی ٤ی مانگی سپتمبەر پاپۆڕەکە لە بۆمبای دوورکەوتەوە.

## دەرئەنجام خۆم لە لەندەن دیتەوە

بەدرێژایی گەشتەکەی ناو دەریا هەستم بەژانەسەری دەریا نەکرد، بەڵام پاشان هەستم دەکرد تووڕە دەبووم، زۆر شەرمم دەکرد هەتا شەرمم لەو پیاوە دەکرد کە خزمەتی دەکردین، لە قسەکردن بەزمانی ئینگلیزیش رانەهاتبووم، هەموو نەفەرەکانی پلەی دووەم بێجگە لە بەڕێز مازمودار نەبێت، هەموویان ئینگلیز بوون، نەمدەزانی چۆن قسەیان لەگەڵدا بکەم، چونکە من کەم لە ئاخاوتنی ئەوان تێدەگەیشتم، هەتا کۆششم دەکرد لە قسەکانی ئەوان بگەم وەڵامدانەوەکەم زەحمەت دەبوو، زووتر و لەناو مێشکم رستەکانم سازدەکرد، ئینجا قسەکەم دەکرد. نەمدەزانی چەقۆ و چەنگاڵ لەکاتی خواردن بەکاربهێنم، شەرمیشم دەکرد بپرسم کام خواردنی ناو مینیۆکانی رێستورانتەکە گۆشتی تێدا نییە، بۆیە هەرگیز نانم لەسەر مێزەکاندا نەدەخوارد، خواردنەکەم دەبردەوە ناو قەمەرەکەم، خواردنی سەرەکی من تەنها حەلوا و میوە بوو، ئەوانەی لە هیندەوە لەگەڵ خۆمدا هێنابووم، هەر ئەوانەم دەخوارد. بەڕێز مازموارد لە هەڵسوکەوت و تێکەڵبوون بەئینگلیزەکان هیچ کێشەی نەبوو، ئازادانە لەسەر پشتی پاپۆڕەکە دەگەڕا، منیش بەدرێژایی رۆژەکان لەناو قەمەرەکە خۆم دەشاردەوە، کە خەڵك لەسەر پاپۆڕەکە کەم دەبوون من دەچوومە دەرەوە. بەڕێز مازمودار هانی دەدام لەگەڵ نەفەرە ئینگلیزەکان هەڵسوکەوت بکەم، ئەو بەزمانێکی پاراوی باش دەپەیڤی، ئەو وتی: دەبێ کەسی پارێزەر قسە رەوان و دەمکراوە و بزێو بێت، ئەو زۆریش باسی ئەزموونەکەی خۆی بۆ دەکردم، ئەو ئامۆژگاری دەکردم بەردەوام بوار بدۆزمەوە قسە بەزمانی

ئینگلیزی بکەم، دوو دڵ نەبم، ئەگەر هەڵەشم کرد ئاساییە و شەرم نەکەم، بەڵام من بەو قسانەش شەرمم هەر نەشکا.

پیاوێکی ئینگلیزی بەتەمەن ویستی کۆتی شەرمەکەم بشکێنێت و بەزمانێکی شیرین منی دەدواند، ئەو پرسیاری خواردنی لێ کردم، پرسی بۆچی من هەست بەشەرم دەکەم، ئیتر ئەو پرسیاری زۆری لە من کرد و ئامۆژگاری کردم کەوا ئاساییە ئەویش لەسەر خوانە گشتییەکان نان بخوات، زۆریش گاڵتەی بەوە دەهات کە من دەموت من گۆشت ناخۆم، کە ئەو قسانەی کە لەگەڵ من دەکرد، ئێمە لەناو دەریای سووردا بووین، لەوێ ئەو وتی: ئەگەر هەتا ئێستاش سووری لەسەرئەوەی گۆشت نەخۆیت ئاساییە، بەڵام کە گەیشتینە کەنداوی بسکای، دەبێ لەو بڕیارە پەشیمان ببیتەوە، چونکە کەشەکە سارد دەبێت و مرۆڤ بێ گۆشت خواردن ناژیت، ئەوێندەرێ ساردە.

منیش لە وەڵامدا بەکابرام وت: من ئەوە دەزانم کەوا خەڵکێکی زۆریش لە ئینگلترا دەژین و گۆشتیش ناخۆن.

ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەوەی تۆ بیستووتە درۆیە، من هەرگیز نەمزانیوە ئینگلیزێك بێ خواردنی گۆشت ژیابێت، بزانە وا من مەی دەخۆمەوە، بەڵام بەتۆ ناڵێم مەی بخۆرەوە، بەڵام دەڵێم گۆشت بخۆ، چونکە دەزانم خەڵك بێ گۆشت ناژیت.

منیش لە وەڵامدا وتم: سوپاس بۆ ئەو ئامۆژگارییەت، من بەڵێنێکی پیرۆزم بەدایکم داوە، کەوا هەرگیز گۆشت نەخۆم، نەك گۆشت نەخۆم هەر بیریشی لێ نەکەمەوە، ئەگەر زانیم بەبێ گۆشتخواردن لە ئینگلترا ناژیم، ئەوە دوودڵی ناکەم یەکسەر دەگەڕێمەوە هیندستان.

گەیشتینە کەنداوی بسکای بەبێ ئەوەی گۆشت و مەییش بخۆم. لەسەر پاپۆڕەکەوە بەدلەیەکی ڕەشم لەبەرکردبوو، بەدلە خوورییەکەشم بۆ سەر

کەنارەکان دانابوو. من و مازمودار چووینە هوتێلی ڤیکتۆریا لە لەندەن، زۆریش تووڕە بووم کە وتیان ئیمڕۆ یەکشەممەیە ناتوانیت بارگە و کەلوپەلەکانت لەناو پاپۆڕەکە وەربگریتەوە.

بەر لە گەیشتنم تەلگرافێکم بۆ دکتۆر میهتا کردبوو، بۆیە ئەو سەردانی کردم، کە منی بەو جلە سپییانە بینی بزەیەکی هاتێ، لەگەڵ قسەکردنم لەگەڵ ئەو دەستم هەر لەسەر شەپقەکەی ئەو بوو، هەستم دەکرد کە زۆر ناسکە، لەبەر نەرمی چنینەکەی شەپقەکەی دەژاکا، بۆیە ئەو لەبەر گەمەکردنم بەشەپقەکەی لێم تووڕە بوو، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە شەپقەکەم لەو شێواندبوو، بۆیە ئەوەیان بووە پەندێکی گرینگ بۆ رۆژانەی ئایندەم، ئەوەش یەکەم وانەی ئەتەکێتی رەوشتی ئەورووپی بوو کە فێری بووم، ئەو بەڕێز و بەنەرمییەوە ئەوەی فێردەکردم، وتی: دەست مەدەرە شتی خەڵك، وەك چۆن لە هیند دەکرێت تۆ لێرە وا مەکە! یەکسەر و لە یەکەم دیمانەدا، پرسیاری زۆر لە خەڵك مەکە! بەدەنگی بەرزیش قسە لەگەڵ خەڵك مەکە، بەکەسیش مەڵێ گەورەم، وەك چۆن ئێمە لە هیند وا دەڵێین، چونکە تەنها کەسانی خزمەتکار و بەردەستەکان بەو دەستەواژەیە قسە لەگەڵ کەسانی بەرامبەریان دەکەن. ئەوانە و شتی تری زۆری فێرکردم، هەر ئەویش پێی وتم کەوا نووستن لە هوتێل گرانە، ئەو ئامۆژگاری کردم لەناو خێزانێکدا بژیم، ئیتر دانوستانەکەمان لەسەر ئەو شتە بۆ رۆژی دووشەممە دواخست.

من و بەڕێز مازمودار تێگەیشتین کەوا مانەوەمان لە هوتێل گران دەکەوێت، مازمودار لەناو پاپۆڕەکە کەسێکی سندی کە لە مالتا دەژیا ناسیبوو، ئەو باشتر لە لەندەن شارەزا بوو، بۆیە بەیەکەوە دەستمان کرد بەگەڕان لە شوێنێك بۆ نووستنمان، کە رۆژی دووشەممە کەلوپەلەکانم وەرگرتەوە، چووینە ئەو ژوورەی کە هاوڕێییە سندییەکە بۆی دۆزیبووینەوە، ئەگەرچی من کەمیشم

دەخوارد و برسیەتی هیلاکی کردبووم، ئینجا سەیرم دەکرد کەوا فاتوورەی خواردنەکە پارەیەکی زۆر بوو، چونکە کە نانەکەیان بۆ دەهێنام، من تامەکەم پێ خۆش نەدەبوو، بۆیە داوای خواردنی ترم دەکردەوە، بەوەش دەبوایە دووبارە پارە بدەم، لەڕاستیش من تەنها ئەو ئازووخەیەم دەخوارد کە لە بۆمبای لەگەڵ خۆمدا هێنابووم.

لە ماڵە نوێیەکەش ئارام نەبووم، بەردەوام بیر و هۆشم هەر لەلای ماڵەوەو لە وڵات بوو، شەوانە فرمێسکم هەڵدەڕشت، کەسیش نەبوو دادی دڵی خۆمی لەلا بکەمەوە، دوایی ئەوەش سوودی نەبوو، هەرکەسە بۆ خۆی دەژیا. ئەوەی زۆریش ماندوو و نیگەرانی کردبووم ئەتەکێتە ئینگلیزییەکە بوو، کە گۆشتیشم نەدەخوارد و بڕیاریشم دابوو کەوا بەهیچ شێوەیەک گۆشت نەخۆم، بەڵام بژارە زەحمەتەکەم دا کە بیر لە گەڕانەوەی هیند نەکەمەوە، لەناخەوە بڕیارێکم لەگەڵ خۆم دابوو، من بۆ خوێندن هاتووم و دەبێ ئەو سێ ساڵە تەواو بکەم، هیچ بژاری ترم نەبوو.

## بژارەکەم

کە ڕۆژی دووشەممە دکتۆر میهتا دەچێتە هوتێلەکە، ئێمە لەوێ نەمابووین، پاش ئەوەی ئەدرێسەکەمان دەدۆزێتەوە دێتە ژوورەکەمان، کە من لەوێ دەبینێت، بەڕوونی پێم دەڵێت:

ئەو شوێنە شیاوی ژیان نییە، ئێمە کە هاتووینەتە ئینگلترا تا ئەزموون لە ژیان وەربگرین، بۆیە ناکرێ تۆ لێرە و بەو شێوازە بژیت، دەبێ بچیتە ناو خێزانێکی ئینگلیز، بەڵام بەر لەوەی بچیتە ناو ئەو خێزانانە، وەرە ماوەیەك وەك مەشق و ڕاهاتن لەلای من بژی... ئیتر لەناو ئەواندا شوێنێکت بۆ دەدۆزمەوە.

منی بردە ماڵی برادەرێکی خۆی، ئەوان بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردم، وەك ئەندامێکی خێزانەکەیان سەیریان دەکردم، لەوێ دابونەریتی ئەوان فێربووم، هەروەها زمانەکەشم باشتر ببوو، بەڵام کێشەی خواردنم هەر مابوو، بۆیەش هاوڕێیەکەم زۆر کۆششی دەکرد من گۆشت بخۆم، بەڵام من لەسەر بەڵێنەکەی خۆم سووربووم، بەردەوام سپێناخ و نان و مورەبام دەخوارد، زۆریشم دەخوارد و هەر تێر نەدەبووم، بۆیەش زۆرم شەرم دەکرد لە دوو پارچە زۆرتر نان داوا بکەم، وامدەزانی ئەوەیان شوورەییەو بۆیە ئەگەر برسیشم بێت، ناکرێ داوای زۆرتر بکەم. تا ڕۆژێکیان هاوڕێیەکەم وتی: دەزانی ئەگەر براشم بوایت لە ماڵەوە دەرمدەکردیت. ئەوە چییە بەڵێنم داوە گۆشت نەخۆم، بەکێ بەدایکێکی نەخوێندەوار کە هیچ لە ڕەوشی گوزەرانەکانی ژیان نازانێت، دوایی ئەو بەڵێنەی تۆ داوتە، هیچ پارسەنگێکی یاسایی نییە، کەواتە تۆ لەگەڵ وەهمێك پەیمانت داوە، بۆیە من لەو کەللەڕەقییەت هوشیارت دەکەمەوە، چونکە

بەوەیان تۆ یەك هەنگاو سەرناکەویت، من لەلای ئەو دانم بەوەدا نا، کەوا زووتر گۆشتم خواردووە، ئەویش شێت و هار دەبوو و دەیوت باشە تۆ لە رەوشێکدا گۆشتت خواردووە کە پێویستت پێی نەبوو، ئێستاش زۆر پێویستت بەگۆشت خواردن هەیە و نایخۆیت، بەداخەوە!

ئەو زۆر کۆششی لەگەڵ کردم، شەوو رۆژ خەریکم بوو، منیشن بەردەوام داواکەی ئەوم بۆ گۆشتخواردن رەت دەکردەوە، زۆریش دانوستانمان دەکرد، لە خوداش دەپارامەوە ئەو یەخەم بەر بدات، بۆیەش بەبێ ئەوەی ئیمانی بەو خودایەش هەبێت یەخەی بەردام. رۆژێکیان هاورێیەکەم بیردۆزەکەی بنیپامی بۆ خوێندمەوە، کە باسی لە سوودمەندییەکانی گۆشتی دەکرد، من بەوەیان سەرگەردان بووم، زمانەکەش ئاسان نەبوو، بەلام ئەو بابەتەکەی بۆ شرۆڤە کردم، چونکە بابەتەکە بۆ من نوێ بوو، بۆیە من پێم وت: داوای لێبووردن دەکەم، من لەو دەستەواژانە حاڵی نابم، بەلام دان بەوەدا دەنێم کەوا گۆشتخواردن باشە و پێویستە، بەلام من ناتوانم پەیمانەکەم بشکێنم، باشیش دەزانم کەوا من ناتوانم رامانەکەی خۆم بەسەر تۆدا بچەسپێنم، ناتوانم دانوستانیش لەگەڵ تۆدا بکەم و لە تۆش نابەمەوە، بۆیە داوا دەکەم ئەو رامانە لە من قبووڵ بکەی، من وەك گەوجێك، وەك کەسێکی کەللەرەق قبووڵ بکە، من رێزم بۆ دڵسۆزی تۆ بەرامبەر من هەیە، هیواشم وایە لە ئاییندەت بەختیار و کامەران بیت. دەزانم کە تۆ ئامۆژگاری من دەکەیت و خەمی منتە من بەبەستەزمان و کەسێکی گوناح دەزانیت و دڵت بەمن دەسووتێت، بەلام ئەوەی تۆ داوای دەکەیت، لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆمە، من پەیمانێکم داوە و ناتوانم پەیمانەکە بشکێنم، ئەوەیان ناکەم.

برادەرەکەم بەو قسەی من زۆر سەرسام بوو، یەکسەر کتێبەکەی بەردەمی داخست و وتی:

ئیتر تەواو من چیتر لەسەر ئەو مەسەلەیە دانوستانت لەگەڵدا ناکەم، تەواو. ئیتر بەو وەڵامەی ئەو کامەران بووم، ئەگەرچی ئەو هەر خەمی منی بوو، بەڵام چیتر ئەو جۆرە داوایانەی لە من نەکردووە، ئەو جگەرەی دەکێشا و مەی دەخواردەوە، بەڵام هەرگیز داوای لە من دەکرد منیش وەك ئەو بکەم، بەڵکو داواشی دەکرد من لەوانە دووریش بکەومەوە، بەڵام خەمی ئەوەی بوو کەوا من لەبەر گۆشت نەخواردنەکەم هەر لاواز و سیس دەبمەوە، بەوەش رەنگە من لە ئینگلترا هەست بەنامۆیی بکەم.

لەبەرئەوەی ئەوماڵەی تێدا دەژیام دوور بوو، بۆیە لەوێ گواستمەوە لای خێزانێکی تر. لەوێش کێشەی خواردنم هەبوو، ئەگەرچی کابانەکە دەیوت، خواردنەکەت را لێیە. بەڵام من هەرگیز نەمدەوت تام لە خواردنەکانت ناکەم و بەحەسرەت پارچە نانێکی ترم، چونکە شەرمم دەکرد. بەڕاستی لە ماڵەوە داوام کردبوو هەندێ خواردنم بۆ رەوانە بکەن، چونکە برسیەتی باش هیلاکی کردبووم، بەڵام ئەوانیش بەهانامەوە نەهاتن. ئەوان دوو کیژیان هەبوو، کیژەکان زۆر پارچەی زیادی نانیان بۆ رادەگرتم، بەڵام شەرمم دەکرد و وەرم نەدەگرت، بۆیە بەردەوام برسیم بوو.

ئیتر لەگەڵ رۆژگاردا لە ژیانەکە راهاتم، دەستم بەخوێندنەوەی رۆژنامە کرد، کە زووتر من لە هیند رۆژنامەم نەخوێندبوو، رۆژانە یەك سەعات چاوێکم بەو رۆژنامانە دادەخشاند، لەوانە زی دایلی نیوز، زی دایلی تیلیگراف، زی بول مۆل گازیت، خاوەن ماڵەکە ناوی رێستورانتێکی بۆ هەڵدام کە خواردنی رووەکییان هەیە، ئیتر لەو رۆژەوە بەغاردان رێگای دە دوازدە میلم دەبڕی لەوێ سکم پڕ نان دەکرد و دەگەڕامەوە. لە ئەنجامی گەڕانی زۆرم لەناو شاردا رۆژێکیان رێستورانتێکی تری رووەکییم دۆزییەوە، وەك منداڵێك شتێك بەدڵی خۆی بدۆزێتەوە وا شادومان بووم، لە رێستورانتەکە چوومە ژوورەوە، لەوێ

کتێبێکم لە نووسینی هنری سالت بەناوی بانگەواز بۆ رووەکیێ دۆزییەوە و کتێبەکەم بەیەك شلن کڕی، لەوێ خودا دەرگای لیێ کردمەوە، یەکەمین ژەمی بەتام و باشم خوارد و بۆ یەکەمین جاریش لە ئینگلترا تێرم خوارد.

کتێبەکەم لە ئەلفەوە هەتا یاکەی خوێندەوە، ئیتر بەوەیان من بەهەموو بڕواوە بوومە کەسێکی رووەکی، لەو رۆژەوە بەچاوی شکۆوە دەمڕوانییە ئەو بەڵێنەی بەدایکمم دابوو، بەڵام هاودەم بیرم لەوە دەکردەوە کەوا گۆشت هەر بخۆم، هانی خەڵکی تری هیندییم دەدا کەوا گۆشت بخۆن، بەڵام سەبارەت بەخۆم مەسەلەکە جیاواز بوو، من بوومە هەوادارانی رووەك و لەو کەسانەش بووم کار بۆ بڵاوبوونەوەشی بکەم.

# گێڕانی کارکتەری پیاوێکی بەڕێزی ئینگلیزی

بەخوێندنەوەی کتێبەکەی سالت بڕوابوونم بەخواردنی رووەکی قایمتر دەبوو، زۆرتریش پەرۆشی پەیداکردنی کتێبی تر دەبووم. یەکێك لەوانە کتێبی ئادابی خواردنی (هوارد ویلیام) بوو. ئەو کتێبەپێڕستی ئەو نووسین و کتێبانەی کە باسی خواردن و سیستەمە باشەکانی دەکرد بۆ مرۆڤایەتی لە کۆنەوە هەتا ئەو رۆژگارەی تێدابوو، هەروەها ئەوەشم زانی کەوا زاناکانی ئەو جیهانە هەر لە ڤیساغۆرسەوە هەتا مەسیح، زۆربەیان رووەکی بوونە. کتێبێکی ترم لە نووسینی دکتۆر (ئانا کینجسفور) زۆرتر شەوقی بۆ خواردنی رووەکی دەبردم و زۆرتر ڤێگتاری بم و بەرەو سیستەمی خواردنی رووەکی بەتەندروستی بزانم، بۆیەش گەیشتبوومە رایی ئەوەی کەوا ئایین سیمایەکی پیرۆزە.

ئینجا برادەرەکەم هەر لەسەر رەوشی من نیگەران و حەیران بوو، بەلاّم کە دەیزانی من خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەشم کەوا ڤێگتاری بەبەرنامە و بەتەندروست دەزانن، جا بۆ دواجار بۆ گۆڕینم، منی بردە بینینی شانۆگەرییەك، لەوێیەوە چووینە رێستورانتێك، کە شۆربایەکیان هێنا. من یەکێکی ناو رێستورانتەکەم بانگکرد تا بپرسم ئەو شوربایە لە چ دروستکراوە، بۆیە برادەرەکەم تووڕە بوو، منی لەوێ دەرپەڕاند تا بچمە رێستورانتەکەی ڤێگتارییەکان تا ئەویش نانەکەی خۆی بەئیسراحەت بخوات. ئەوەش دوا دەمەقاڵێیمان بوو لەسەر ئەو بابەتە و بەبێ هیچ نێوانمان تێکبچێت، چونکە من دەمزانی کەوا هاوڕێیەکەم لەبەر چاوی منی بوو، منیش قەدری ئەوەم باش

دەزانی، بۆیەش زۆرتر ڕێزم دەگرت و لەبەرچاوانم گەورەتر دەبوو. بۆیە دەبوایە من لە کەسێکی نەفام و گەوج ببمە کەسێکی ڤێگتاری بەڕێز، خۆشم وەک پیاوێکی بەڕێزی ئینگلیز دەربکەوم.

ئەو جلوبەرگەی لە بۆمبای کڕیبووم بەکەڵک کۆمەڵگەی ئینگلیزی نەدەهات، بۆیەش لە بوتیکەکانی لەندەن چەندین پۆشاکی باشی گرانم کڕی، تەنها شەپقەکەم بای نۆزدە شلن بوو، ئەوەش لەو ڕۆژانە پارەیەکی زۆر بوو. دیارە هەتا فێری قژداهێنان و بۆینباخ بەستان بووم، ماوەیەکی زۆری کاتەکانم لەبەر ئاوێنە دەکوشت.

تا ببمە پیاوێکی بەڕێزی ئینگلیزی، دەبوایە چەند وانەیەک لە فێربوونی سەما و زمانی فەرەنسی و هونەری وتاردان ببینم، ئەگەرچی شەش وانەشم لە سەما فێربوونەکە وەرگرت، بەڵام هەر نەمزانی جووڵە و ڕیتمەکە فێربم، تا فێرە وتار خوێندنەوەش بم. وتیان کتێبی سەرەتاکانی وتاردانی میلیڤل بیل بخوێنمەوە، تا بزانم سەما و ڕیتمەکان بگونجێنم دەبوایە کەمانچەم هەبێت، ئیتر چیرۆکەکە درێژبوو، وتم خۆ من هەتا هەتایێ لەو وڵاتە نابم، هونەری وتارم بۆ چییە، یان من چۆن بەسەماکردن دەبمە پیاوێکی ماقووڵ، سەبارەت بەکەمانچەژەنین ئەوە دەکرێ لە هیندیش خۆم فێر بکەم، بۆیە خووم دایە بەر خوێندنەکەم، بۆیە تا ببمە پیاوێکی ناودار. دەبوایە بیر لەوە بکەمەوە ڕۆژێکیان ببمە ئەندامی یەکێک لە کۆمەڵەکانی یاسای ناسراوی ناو ئینگلترا. بۆیە بەنامەیەک داوام لە مامۆستاکەم کرد چیتر من بەشداری لە کۆرسەکەی سەما ناکەم و، کەمانچەکەشم بەهەر چەند بێت دەفرۆشم.

## گۆڕانکارییەکانی ڕەوتی ژیانم

با ئەوەتان پێ بڵێم کە هەندێ ئەزموونی وەك سەما و ئەوانی ترم کردبوو، دیارە مەبەست نەبووە من روو لە خۆشییەکان و هەوەسەکان بکەم، لەودەمانەشدا دیارە وەك نووسیومە و لە خوێنەرەکانیشم دیارە کەوا لەو ئاراستەوە من کەسێکی بەهێز و خۆڕاگر بووم، من هەموو هەڵسوکەوتەکانم ورد ڕەچاو دەکرد و هەموو خەرجییەکانم دەنووسیەوە و ئەژماردی چاکم دەکرد. من خەرجییە وردەکانم وەك کرێی گواستنەوە و پارەی پوولی پۆست و هەتا دوو دراوی مسی گچکەم لەبەر چاو دەگرت، کە بەرۆژنامەیەکم دەدا. ماوەماوە ئەوانە هەتا خەوم لێ دەکەوت، ژماردن و خەرجییانەم لەبەر چاوان دەگرت. یەکێك لە فاکتەرە دیارەکانی سەرکەوتنم لەو قۆناخە و لەودەمانەی کە پارەی زۆری میللەتیشم لەبەر دەستدا بوو، کە دەگەیشتە سەدان هەزاریش، بەو شێوەیە دەستم بەپارەوە دەگرت، بۆیەش بەردەوام من سەرمایەم هەبوو، نەك قەرزم لەسەر کەڵەکە بووبێت، ئینجا ئاساییە کە هەموو گەنجەکان ئەو ئەزموونەی من پەیڕەو بکەن، بەوەش لە کۆتاییەکەی سەردەکەون.

تا چاودێری وردی شێوەی گوزەرانی خۆم بکەم، دەبوایە خەرجییەکانم بکەمە نیوە، هەندێ خەرجیی زیادم هەبوو، کە من لەناو ماڵێکدا دەژیام، دەبوایە هەفتانە و بەدروستی بەشداری پارەکانی ئەو ماڵەش بکەم، کە لەو ماڵانە وەك نەریتێکی ئاسایی بۆ زەوق ئێواران خوانیان ساز دەکرد. دەچوومە ئاهەنگەکان. من هەستم کردبوو پارەیەکی زۆریش دەدەمە کرێی گواستنەوە، خەرجیم زۆر دەبوو کە لەگەڵ ژنێکدا دەردەچووم، چونکە نەریتەکە وابوو،

دەبوایە پیاو پارە لەو ژنانە خەرج بکات، ئەدی نانخواردنی ئێوارانی دەرەوە، کە پارەیەکی زۆر بوو، بەڵام لەسەر لیستی هەفتانەی خەرجییش نەبوو، بۆیە ئەوانە دەبوایە کەم بکەمەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بەبیانووی ئەتەکێتە زیادەکانەوە بوو.

لەبەر ئەوانە بیرم لەوە کردەوە من بەتەنها بژیم، لە شوێنێك بێت ماڵەکەم نزیك بێت، تا بەنیو سەعاتێك بگەمە سەر کارەکەم. لەو هەوارە نوێیەدا ماوەیەکی باش بەپێیان دەڕۆیشتم و وەرزشی ڕۆیشتنیشم دەکرد، کەواتە من پارەشم پاشکەوت دەکرد و وەرزشی خۆشم دەکرد، بۆیەش ئەو ماوەیەی لە ئینگلترا ژیام نەخۆش نەکەوتم و جەستەیەکی توند و چالاکم هەبوو.

دووەم قۆناخی ژیانم بەکرێگرتنی خانوویێك، کە بریتی بوو لە ژوورێکی دانیشتن و نووستنێك، بەوەش خەرجییەکانم بوونە نیوە، لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەی سەندیکای پارێزەران کاتی زۆری نەدەویست، بۆیە بیرم لە خوێندن و بەهێزکردنی زمانە ئینگلیزییەکەم کردەوە، بەوەش کاتەکانم بەسوود بەڕێ دەکرد، لەودەمانەش قسەکەی بەڕێز لیلی، کە پاشان بووە سێر فریدریك بەبیردەهاتەوە کە بەمنی وت، بڕۆ بڕوانامەکە وەربگرە ئینجا بۆ دیمانەی من وەرە. دەبوایە من بڕوانامەیەکی ئەکادیمی وەربگرم، بەوەش خەونی ئەوەم دێتە دی، تا ببمە پارێزەرێکی ناسراو، لە هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆرد و کامبریدج کۆرسم وەردەگرت، بەڵام برادەرێك وتی ئەوەیان پارەی زۆرتر و مانەوەی درێژتری دەوێت، وا باشە لە زانکۆی لەندەن تاقیکردنەوەیەك بکەیت و زۆرتر خۆت ماندوو بکەیت، بەوەش کەمترین پارە خەرج دەکەیت، بۆیە قسەکەی ئەوم بەدڵ بوو، بەڵام پرۆگرامەکەیان منی دەترساند، دەبوایە من زمانە لاتینییەکەش بزانم، چونکە دەیانوت ئەو زمانە بۆ پیشەی پارێزەری زۆر پێویستە بۆ تێگەیشتن لە کتێبەیاساییەکان، چونکە بەڵگەنامەیەکی تەواوی یاسای رۆمانی

بەو زمانە نووسراوەتەوە. بەزمانە لاتینییەکە باشتر دەسەڵاتت بەسەر زمانە ئینگلیزییەکەتدا دەشکێت، بۆیە گەڕامەوەماڵەوە و بڕیارم دا هەرچەند ئەو زمانە زەحمەتیش بێت، ئەوا ئەو بارە قوورسەم لەسەر شان هەڵدەگرێت. لەودەمانەش بوو کە سەرقاڵی فێربوونی زمانی فەرەنسیش بووم. تا ببمە پیاوێکی بەڕێزی ئینگلیزی ملم لە فێربوونی هەردوو زمانەکە نا و دەستم کرد بەخوێندن، بەڵام هەستم دەکرد کەوا ئەوەندە بیرتیژ نەبووم کە هاوشانی پرۆگرامەکانی خۆم، هەردوو زمانەکە فێربم، بەڵام بۆ فێربوونی لاتینییەکە ڕێگاکەم بڕیبوو، بەڵام بەزەحمەتی. بۆ زمانە فەرەنسییەکەش دڵم توند بوو؛ دەبوایە زۆریش لەگەڵ ئەو زمانە خەریك بم، بۆیە بڕیارم دابوو تا فەرەنسییەکەم باش بێت مادەیەکی زانستی هەڵبژێرم. من زووتر کیمیام لە هیند خوێندبوو، بۆیە حەزم لەو مادەیە نەبوو، بەڵام بۆ تاقیکردنەوە لە وەرگرتنم لە زانکۆی لەندەن ئەو مادەیەم هەڵبژارد، بەڵام ئەوجارە هەردوو بابەتی گەرمایی و ڕووناکییم لەجیاتی کیمیایەکە دانا، چونکە ئەوەم دەزانی کەوا ئەوانە ئاسانتر بوون، پاشان واشم بۆ دەرکەوت.

تا ژیانێکی سادە و ئاسانتر هەڵبژێرم، دەبوایە ڕوو لە ئەزموونێکی تر بکەم؛ هەستم بەوە کردبوو کەوا شێوەی گوزەرانی ژیانم لەگەڵ سەرچاوەی بژێوی ماڵەوەمان ناگونجێت. زۆریش دڵتەنگ دەبووم کە دەمزانی براکەم خەباتێکی بێ وچانی بەردەوام بۆ من دەکات، ئەو لە ناردنی پارە بۆ من هەرگیز درێغی نەدەکرد و دەستی بەڕوومەوە وەنەدەنا. ئەوانەی مانگانە هەشت هەتا پازدە پاوەندیان خەرج دەکرد، زۆربەیان بیمەی خوێندنیان هەبوو. من چەند نموونەی خەڵکی سادەشم لەبەرچاو دابوو، کە دەمبینی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران چەند بەسادەیی و هەژارییەوە دەژین، ئەوانە لە ژوورێکی گچکەی گەڕەکە میللییە هەژارنشینەکاندا دەژین کە کرێیەکەی ناگاتە دوو شلن لە

هەفتەیەکدا، خواردنیان لە شوێنە هەرزانەکانە و بۆ یەک ژەم خواردن تەنها یەک پنسین بوو، کە بریتی بوو لە کاکاو و نان، دیارە ئەوەش بۆ من ئاسان نەبوو، من ئەوەم پێ نەدەکرا، بەڵام بڕیارم دا لەجیاتی خانووی دوو ژووری، من با لە یەک ژووردا بژیم. خۆشم لەماڵەوە چێشتەکانم ئامادە بکەم، بەوەش من مانگانە چوار پێنج پاوەندم بۆ دەمینێتەوە، ئینجا فرنێکیشم کڕی، نانی بەیانییم لە ماڵەوە سازدەکرد، ئەوەش تەنها بیست دەقەیەک کاتی دەویست و بەس، چونکە من تەنها کەمێک رەشگوڵم گەرم دەکرد و ئاوم بۆ کاکاویش دەکوڵاند، ئیتر بەو شێوەیە من رۆژانە تەنها بەیەک شلن و سێ سنت دەژیام، ئیتر کاتی خوێندنیشم زۆرتر دەبوو، بەوەش توانیم لە تاقیکردنەوەکانم دەربازم بێت.

کاتی ئەوە هاتووە تا خوێنەرەکان بزانن، کەوا بەو رەوتە ژیانە من وەک کەسێکی ئاسایی دەژیام، هاوسەنگییەکیش لەنێوان رۆح و جەستەم پەیدابوو، بەوەش توانیم پارسەنگییەکانی خێزانەکەشم رابگرم بەجۆرێک کە لەگەڵ رەوشی ئەوان بگونجێت، بێگومان کە ژیانیشم زۆرتر بۆنی راستگۆیی لێ دەهات و رۆحم ئەوەندە شادومان و کامەران بوو، کە پێناسەش ناکرێت.

## ئەزموونەکانم لەگەڵ سیستەمەکانی خواردەمەنی

کە بەناخی خۆمدا دەچوومە خوارەوە، هەستم دەکرد بارەوباربوونەکانی ناوەوە و دەرەکییم دەگۆڕا، کە گۆڕانەکانم لە خەرجییەکان کرد و شێوەی ژیانم گۆڕی، ماوەیەك پێش ئەوەش کە سیستەمی خواردەمەنییم بەسیستەم کردبوو. تێگەیشتم کەوا نووسەری ئەو کتێبانەی باسی سیستەمی ڤیگتاریان کردبوو رووبەرووی ئەو گرفتانە بوونەتەوە، ئەوانیش لەلایەنی ئایینی و زانستی و پراکتیکی و تەندروستییەوە شرۆڤەیان کردووە. لەڕووی رەوشتەوە کەوا گەیشتبوونە دەرئەنجامێك کەوا دەسەڵاتی مرۆڤ لەسەر ئاژەڵ مانای ئەوە نەبووە، کەوا مرۆڤەکان ئاژەڵ قڕ بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە بووە ئاژەڵەکان بپارێزن و بەیەکەوە سوودی هاوبەش بەیەکتری بگەیێنن، ئەوان باسی ئەوەیان کردبوو کەوا مرۆڤ بۆ خواردن نییە کە دەخوات، بەڵکو بۆ ژیانە. بۆیەش هەندێکیان خۆیان دوورگرتووە، نەك تەنها لە نەخواردنی گۆشت، بەڵکو هێلکە و شیریشیان نەخواردۆتەوە، تاقیکردنەوەکان ئەوەیان روونکردۆتەوە کەوا سروشتی مرۆڤ ئارەزووی خواردنی میوەیە نەك چێشتی کوڵاو. مرۆڤیش دەتوانێت تەنها شیری مەمکی دایکی بخوات و بەس، کە ددانەکانی دێن و بەهێز دەبەن، ئەوا ئاساییە کە خواردەمەنی رەقیش بقرتێنێت. هەندێ بیردۆزی تەندروستیش ئەوەیان سەلماندووە کەوا مرۆڤ دەتوانێت لە خواردندا دەستبەرداری بەهارات و تەوابلیش بێت، هەموو زاناکانی ئەو بوارەش ئەوەیان سەلماندووە کەوا خواردەمەنی رووەکیش لەسەر گیرفانی خەڵك هەرزانیش دەکەوێت، ئیتر ئەو فاکتەرانە دەرخستەی زۆریان لەسەر مندا هەبوو. من لە

ڕێستورانتە ڤێگاترییەکاندا چەندین کەسم دەبینی. یەکێک لە کۆمەڵە ڕووەکییەکان لە ئینگلترا بڵاوکراوەیەکی تایبەتییان هەبوو، منیش لەو بڵاوکراوەیەدا بەشدارییم کردبوو، ئینجا بوومە ئەندامیش لەو کۆمەڵەیەدا، دوایی خۆم وەک ئەندامێکی لیژنەی ڕاپەڕاندن دۆزییەوە، لەوێش پێشەنگەکانی ڤێگاترییەکانم ناسی، ئیتر لەو ساتانەوە ئەزموونی تایبەتییم لەسەر زانستی خواردمەنی زۆرتر بوو.

وازم هێنا لە خواردنی ئەو حەلوا و بەهاراتەی لە هیند لەگەڵ خۆمدا هێنابووم، وای لێهات تامم لە سپێناخی بێ بەهارات زۆرتر وەردەگرت، ئیتر گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە ئاوەز مەڵبەندی راستەقینەیە نەک زمان.

من بەردەوام بیرم لە لایەنی ئابووری دەکردەوە، ماوەیەک بیرم لە زیانەکانی خواردنەوەی قاوە و چاش کردەوە، لەجیاتی ئەوانە کاکاو بخۆمەوە، بۆیە ئەو بیرۆکەیەم جێبەجێ کرد.

دوو جۆرە ڕێستورانت هەبوو، یەکەمیان هەر جۆرە خواردنێک بەیەک یان دوو شلن بوو، جۆری دووەمیش سێ جۆر و پارچەیەک نان بەشەش شلن بوو، بۆیە من بەشی دووەمم هەڵبژارد، ئەوەش تەریبی بەرنامەی سیستەمە ئابوورییە توندەکەم بوو.

ماوەیەک بیرم لەوە کردەوە تەنها نان و میوە بخۆم و چیتر نزیکی شیر و پەنیر و هێلکەش نەکەوم، ئیتر وازم لەوانەش هێنا، چونکە سەرچاوەکانیان لە ئاژەڵەوە بوو.

گۆشت سێ جۆری هەبوو، گۆشتی ئاژەڵ و ماسی و باڵندە، دیارە ئەوانە و هێلکەکەش بەشێک بوون لەوانە، یان ئەو خواردنانەی بۆنی هێلکەیان لێ دەهات هەموو ئەوانە بەسیستەمی خواردنی ڕووەکی جێگای ڕامان و دوورکەوتنەوە بوون، ئەوانەش بەشێک بوون لەو بەڵێنەی لەگەڵ دایکم

کردبووم. لەگەڵ ئەوانەش کێشەکە لەوەدا بوو، کەوا من گوستاخی ئەوەم نەکرد ئازاری هیچ شتێك بدەم لەناو بازنەی پارێزگاری کردگاردا بووبێت.

بۆ شرۆڤەکردنی دەقی بەڵێن و بەڵگەنامەکان رەچاوی دەقەکە دەکرێت، بۆیەش لێکدانەوەکان کێشەی زۆری لەو جیهانە بەرپاکردووە، جا ئەگەر دەقەکە زۆر روونیش بێت، خەڵك سەرپێچی دەکات و بەمەرجێك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت، ئەوەش هەموو توێژەکانی ناو کۆمەڵ دەگرێتەوە، دەوڵەمەند و هەژار و ئەمیر و جووتیار. ئیرەیی چاوی خەڵکەکەی داخستووە، بەبیانووی تەماویی و روون نەکردنەوە و خەڵك و خودایان هەڵدەخەڵەتێنن. یەکێك لە بیردۆزە زێرینەکانی بەڵێن و پەیمانەکان ئەوەیە شرۆڤە و لێکدانەوەی راستگۆیانە بەلایەنی دووەم بدەیت، لەولاشەوە بیردۆزێکی تریش هەیە کە شرۆڤەیەکی لاواز و کەماسی لە لێکدانەوەکان بکەیت بۆ بەڵێنەکان، کە سەرپێچی لەو دوو بیردۆزە دەکەیت، ناکۆکی و زوڵمێك لە درۆوە پەیدا دەبێت. جا ئەوەی راستییەکانی مەبەستە دەکرێ بیردۆزە زێرینەکە جێبەجێ بکات و ئەوەش هیچ شرۆڤەیەکی زانستی ناوێت، بەڵام شرۆڤەکانی دایکم بۆ پێناسەکردنی گۆشت بەپێی رێنماییەکانی بیردۆزە زێرینەکە باشترین شرۆڤەیە، نەك ئەوانەی من لە ئەزموونە درێژەکەم و زانیارییە زۆرەکانم فێریان بووم.

من ئەزموونەکانی خۆم لە ئینگلترا بەرامانی ئابووری و تەندروستییەوە گوزەری کردبوو، مەسەلەکەم بەلایەنی ئایینییەوە نەبوو هەتا گەشتەکەی باشووری ئەفریقیام نەکرد، لەوێ ئەزموونی قوورسی زۆرم بینی کە دوایی باسیان دەکەم، بەڵام ئەو ئەزموونانەش بەرهەمی ئەو تۆیە بوو کە لە ئینگلترا چاندبووم.

ئەوانەی بەگەورەیی ئایینێك پەیڕەو دەکەن بەجۆشترن لەوانەی لە منداڵییەوە پەیڕەوی ئایینێکیان کردبێت. ئەودەمانە ڤێگاتیری ئایینێکی نوێ بوو لە

ئینگلترا و بۆ منیش. من کە چوومە ئینگلترا بەڕاییبوونەوە بڕوام بەنەخواردنی گۆشت هەبوو، ئینجا بوومە کەسێکی ڤیگاتیری تەواو، بۆیەش جۆشم گەرم بوو کە لە گەڕەکی بایز واتر کۆمەڵەیەك بۆ ڤیگاتیرەکان دامەزرێنم، داوام لە بەڕێز ئادوین ئارنولد کردبوو کە لەو دەڤەرە دەژیا ببێتە جێگری سەرۆکی کۆمەڵەکەمان، دکتۆر ئولدفیلد سەرۆکایەتییەکەی دەکرد، کە سەرنووسەری رۆژنامەی زا ڤیگیتریان بوو. سەرەتا من لەو کۆمەڵەیە بوومە ئەمیندارەکەی، سەرەتا کارەکانی باش دەڕۆیشت، بەڵام پاشان هەڵوەشایەوە، چونکە من لەو گەڕەکە نەمام و وەك پیشەی بەردەوامم کە زوو زوو دەمگواستەوە، لەو ئەزموونە کورتەدا فێربووم، چۆن دەزگاکان سازبکەم و بەڕێوەیان ببەم.

## قەڵغانی شەرم

من وەك ئەندامی لیژنەی جێبەجێکاری کۆمەڵەی ڤێگاتیری هەڵبژێردرام، بەردەوامیش لە کۆبوونەوەکانیان بەشداریم دەکرد، بەڵام هیچ قسەم تێدا نەدەکرد، بۆیە جارێکیان دکتۆر ئۆلدفیلد وتی:
ئەو بابەتانەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین زۆر باش دەزانیت، بۆچی لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکە قسە ناکەیت؟ تۆش وەك نێری هەنگ تەمبەڵی. من قسەم نەدەکرد هەندێ جاریش لەو بێدەنگییەی خۆم شەرمم دەکرد. کە دەمویست قسەیەك بکەم، بابەتەکە دەگۆڕا، بۆیەش بیرم لەوە دەکردەوە کەوا ناکرێ لە کۆبونەوەکان بێ هەڵوێست بم، بەتایبەتی لە دانوستانە هەستیارەکان، بۆ نموونە: بەڕێز هیلزی سەرۆکی کۆمەڵەکەمان کۆمپانیای تایمزی ئاسنی هەبوو، ئەو کەسێکی بیوریتانیی بوو، ئەگەر سەرمایەکەی ئەو نەبوایە کۆمەڵەکەمان کارەکانی مەیسەر نەدەبوو، بۆیەش زۆر لە ئەندامەکانی لەبن دەستی ئەودا بوون، دکتۆر ئالیسونیش ئەندامی لیژنەکە بوو، ئەویش لە بیردۆزەکانی ڤێگاتیری باڵی هەبوو، ئەویش لە پەیڕەوانی بزاڤی ڕێکخستنی نەژادی نوێ بوو، ئەو مەبەستی بوو هزر و بەرنامەی نەوەخستنەوەکەی لەناو خێزانی کرێکارەکان پەیڕەو بکات، بەڵام بەڕێز ئالیسون ئەوەی بەپێشێلکردنی باوەڕەکانی سەرەتایی بیوریتانی دەزانی، چونکە ئەو وایدەزانی کەوا کۆمەڵەکەمان تەنها بۆ ڕێکخستنی خواردەمەنی نییە و بەس بەڵکو ئەوان چارەسەری و ڕێکخستنی ئەخلاقییش دەکەن. ئیتر ئەو پێشنیارە بووە جێگای رامان و هەڵوەستەی من، چونکە بەرنامە و کارنامەکەی دکتۆر بۆ ڕێکخستنی

ئەوەی خێزانەکان بەپرۆسەیەکی دەستکرد بیرۆکەیەکی ترسناکە، بۆیە بەڕێز هیلز وەك کەسێکی باوەڕدار بەبیوریتانی هەقی بوو دژایەتی ئەو بۆچوونە بکات، منیش ڕێزی زۆرم بۆ خودی خۆی و بەخشندەییەکەی هەبوو. بەڵام من لەگەڵ ئەوەش نەبووم کەوا ئەندامێکی کۆمەڵەکەمان دووربخرێتەوە، چونکە لەگەڵ بۆچوون و ڕەوشتەکانی بیوریتانی ناگونجێت. هەر لەناو لیژنەکەش خەڵکانی تریش هەبوو هاوسۆزی من بوون، بەڵام من جورئەتی ئەوەم نەدەکرد قسە لە کۆبوونەوەکەدا بکەم و پشتیوانی خۆم بۆ بیری خواردنی ڕووەکی بگەیێنم، نەك کۆششکردن بۆ گونجاندنی سیستەمێکی ئەخلاقی، بۆیە بۆ دەربڕینی ڕامانەکەم نامەیەکم نووسی. دیارە کەوا نەمدەتوانی نامەکە بخوێنمەوە، بۆیە داوام لە سەرۆکی کۆمەڵەکەمان کرد نامەکەم بۆ بخوێنێتەوە، ئیتر لەو کۆبوونەوەیەدا پشتیوانی بەڕێز هیلز بەسەر لایەنی دکتۆر ئالینسون دەکەوێت، بەوەش من توانیم ڕاستگۆیی خۆم بدرکێنم، ئەوەشیان دوا کۆبوونەوە بوو لە کۆمەڵەکە کە تێدا بەشداری بکەم.

هەتا من لە ئینگلترا ژیام شەرمکردنەکە کۆڵی بەرنەدەدام، لەو شوێنانەی زۆرتر لە شەش کەسی لێ بوایە ئەوا من زمانم تێکدەئالا.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ نووسەری کتێبی ئادابی خواردەمەنی بەڕێز هوارد داوای لێ کردم لەبەردەم چەند کەسێك لەسەر سوودەکانی خواردنی ڕووەکی قسەیەکیان بۆ بکەم، بەڵام لە شەرمانا قسەکەم پێ تەواو نەکرا، بۆ خوێندنەوە دەستم دەلەرزی، بۆیە نەکرا وتارەکەش بخوێنمەوە، ئیتر من لە چەندین بۆنەدا بوارم بۆ سازبووە قسە و لێدوان بدەم، بەڵام بۆم نەکراوە پەیڤەکەم تەواو بکەم و لەبەردەم ئامادەبوان شەرمەزارییش دەبووم.

دیارە کە شەرمم کردووە قسە بکەم، لەوەیان قازانج بووە کەوا پەیڤی زۆرم هەڵگرتبوو، بەوەش توانیومە کۆنترۆڵی هزرەکانم بکەم. ڕاستە من زۆر جار

زمانم یان قەڵەمەکەم شەرمەزاریان کردووم، بەڵام هەرگیز لەیەک وشە یان یەک وتار کە نووسیومە شەرمەزار و پەشیمان نیم. بەوەش باش لەوەیان فێربووم کەوا بێدەنگییەکەم سوودی زۆری هەبوو، چونکە بەوەیان لە دیسپلینی ڕۆحی ڕاهاتم کە ئەوەشیان هاوڕێی ڕاستییە. ئەو کەسەی کەم قسە بکات کەمتر هەڵە دەکات، چونکە زۆرجار قسەکانی بژار دەکات. ئەوانەی زۆر شەیدای ئاخاوتنن، ئەوانە بەپەرۆشییەوە داوای ئاخاوتن لە بەرپرسەکانی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئیدارەکانیان دەکەن، ئینجا کە قسەیان کرد پەیڤەکانیان درێژ دەکەنەوە و داوای مۆڵەتی زۆرتریش دەکەن، ئینجا بەبێ مۆڵەتیش قسەکانیان نابڕنەوە، دیارە کەوا ئەو زۆربڵێییە هیچ سوودیشی نابێت، بۆیە کە من شەرمم کردووە و ئەوەش کۆسپێك بووە کە کەمتر قسە بکەم، ئەوەیان بوویتە قەڵغانێکی پارێزەر بۆ من، بەوەش من باش گەشەم دەکرد و دەمتوانی ڕاستییەکان باش بناسمەوە.

## ئافاتی درۆ

لەو چل ساڵەدا ژمارەی هیندییەکانی ناو ئینگلترا کەم بوو، ئەوانە ئەگەر ژنیشیان هەبوایە خۆیان وا دەردەخست، کەوا هێشتا کوڕن و ژنیان نەهێناوە. هەموو خوێندکارانی قوتابخانە و زانکۆکانی ئینگلترا ژنیان نەبوو، چونکە بڕوایان وابوو کەوا پرۆسەی هاوسەرگیری و خوێندن بەیەکەوە ناکرێت، ئەوەش لە سەردەمە کۆنەکانی هیند وابوو، بەخوێندکاریان دەوت براهماشاری. ئەو کەسانەی لە هەموو شتەکان نەوسیان دەپارێزن، ئەوان وا بوون، بەڵام ئێستا منداڵەکانمان هەموو ژنیان بۆ دەهێنن، دیارە کەوا ئەو نەریتەش لە ئینگلترا زۆر نامۆ بوو. خوێندکارە هیندییەکان شەرمیان دەکرد باس لە هاوسەرەکانیان بکەن، نەیاندەویست بڵێن لە وڵات ژنمان هەیە، تا بتوانن لەگەڵ کیژەکانی ئەو ماڵانەی تێدا دەژین دڵداری و دەستبازی بکەن، چونکە کیژەکان مەبەستیان پاکایەتی بوو؛ هەتا لە ماڵەوەش هانی کیژەکانیان دەدا لەگەڵ ئەو کوڕانە دۆستایەتی بکەن. چونکە لەبەر ڕۆشنایی ماف ڕەوای هەموو گەنجێك کە دۆستی هەبێت ئەوەیان ئاسایی بوو، بەڵام گەنجە هیندییەکان کە دەکەوتنە ناو گێژاوەکە کە لەلای ئینگلیزەکان ئاسایی بوو، بۆ هیندییەکان کارەسات بوو، چونکە ئەوان تا هاوڕێیەکی مێینە پەیدا بکەن خۆیان هەڵدەخەڵەتاند و درۆیان دەکرد. دیارە منیش وەك کوڕە هیندییەکانی تر دووچاری هەمان کێشە هاتمەوە، منیش وەك ئەوان لەلای ئینگلیزەکان دەموت ژنم نییە، ئەگەرچی من کوڕێکیشم هەبوو، ئەگەر دانم بەوەش دانابوایە کەوا من ژنم هەیە دیارە کەوا شادومان نەدەبووم، بۆیەش تا خۆم لەو ئاقارە دووربخەمەوە باشتر وا بوو هەر

قسە نەکەم، بێدەنگییەکە وا لە کیژەکان دەکات کەوا سوود لە من نابینن و کاتیان بەفیڕۆ دەدەن، ئەوە و ترسنۆکییەکەشم لەوەیان خراپتر بوو، ئەو ماڵانەی کیژیان هەبوایە ئاسایی بوو کە لەگەڵ ئەو کوڕانە دەچوونە دەرەوە کە لەوێ و لە ماڵەکانیان دەژیان، لەگەڵ میوانەکان پیاسەی درێژیان دەکرد، بۆیە جارێکیان لەگەڵ کیژەکەی ئەو ماڵەی تێدا دەژیام لەسەر گردەکانی فینتنوری نازدار پیاسەیەکمان کرد، من بەنەرمی لە دوای ئەودا دەڕۆیشتم، کیژەکەش لە من خێراتربوو، کە قسەشی دەکرد من بەوشەی بەڵێ، یان نا.. بەڵێ راستە، وەڵامم دەدایەوە. ئەویش وەك چۆلەکەیەك دەفڕێ، منیش بیرم هەر لە گەڕانەوە بوو بۆ ماڵەوە. بەیەکەوە گەیشتینە سەر گردەکان، لە هاتنە خوارەوەش ئەو هەر بەپێشم دەکەوت، ئەگەر پێڵاوی بەرز و تەنوورەشی لەبەردابوو، بەڵام هەر لە من خێراتر بوو، ئەو منی رادەکێشا تا دابەزم، پێدەکەنی منیش ئەوەندە شەرمم دەکرد توانای دابەزینم نەبوو.

یەکەم ساڵی ژیانم بوو لە ئینگلترا هێشتا درۆکەم ئاشکرا نەکردبوو. لەوێ مینیۆی نانخواردنیان لەبەردەمم دانا، لەبەرئەوەی لیستی خواردنەکە بەزمانی فەرەنسی نووسرابوو، ئەودەمانەش من زمانەکەم هەر هیچ نەدەزانی، بۆیە ئاسان نەبوو، خواردنێکی رووەکی تێدا بدۆزمەوە، من لە پیرەژنێك نزیك بووم، ئەو زانی من پەرێشانم و ناتوانم چارەیەك بۆ خواردنەکەم بکەم. ئەو وتی: دیارە تازە هاتوویتە ئینگلترا و دوودڵی و نازانی چ داوا بکەیت؟ من تێمگەیاند کەوا من خواردنی رووەکییم دەوێت، دیارە کەوا فەرەنسییش نازانم.

ئەو یارمەتیدام و منیش سوپاسم کرد. ئەوەش سەرەتای یەکترناسینمان بوو لەگەڵ ئەو ژنە، بۆیە ئەو ئەدرێسەکەی خۆی لە لەندەن دامێ، هەموو رۆژانەی یەکشەممان منی لە ماڵەکەی خۆی داوەت دەکرد، هەر ئەویش منی بەچەندین کیژ ناساند و دەیویست من لەگەڵ ئەو کیژانەی لەگەڵ ئەودا دەژیان قسەیان

لەگەڵدا بکەم ، بۆیەش زۆر بەیەکەوە دەماینەوە و دیمانەمان زۆر دەبوو، بۆیەش مەیلم کەوتە سەر کیژەکان سەبر سەبر قسەم لەگەڵدا دەکردن. ژنەکەش زۆر کۆمەکی دەکردم و دەیویست من پەیوەندییم بەوان گەرمتر بکەم. ئیتر لەو رۆژەوە من کەوتمە ناو گیژاوێکی راستی، دەبوایە بەژنەکە بڵێم من ژنم هەیە، بۆیەش ناکرێ من لەگەڵ ئەو کیژە گەنجانە پەیوەندی بگرم، بەڵام نەمدەزانی چۆن ژنەکە تێبگەیێنم، بۆیە نامەیەکم بۆ ئەو نووسی، تێدا نووسیم: لەوەتی ئێمە لە برایتون دیمانەمان بووە، هەست دەکەم تۆ سۆزت بۆ من زۆرە، من هەست دەکەم وەك دایکم خزمەتم دەکەیت و نازم دەکێشیت. هەوڵ دەدەیت من ئەو کیژانە بناسم، بۆیە تا دۆخەکە زۆر ئاڵۆز نەبێت، من دەمەوێ ئەوەت پێ رابگەیێنم کەوا من شایستەی ئەو هەموو نازە نیم، دەبوایە من زوو پێت بڵێم، کەوا من ژنم هەیە. کە من زانیم کوڕە هیندییەکان راستی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکانیان دەشارنەوە و باسی ناکەن، من نامەوێ وەك ئەوان هەمان رێباز بگرمە بەر، بۆیە وا لێرە دان بەوەدا دەنێم، کەوا من هەڵە بووم، من ژنم هەیە و کوڕێکیشم هەیە، بۆیە هەست دەکەم من ئازاری زۆر دەچێژم کە ئەوەم بەتۆ نەوتوە، بەڵام کە خودا گوستاخی ئەوەی پێدام، وا ئازایانە دەڵێم من ژنم هەیە، بۆیە دەکرێ لێم ببووریت؟ ئەوەش دەڵێم کەوا من لەگەڵ ئەو کیژانە بەو پەڕی ئەدەب و رەوشتەوە جووڵاوەمەتەوە، ئەو ئازادییەی هەبووە، من بەهەڵە و بەچەواشەیی بەکارم نەهێناوە، سنووری خۆم زانیوە و نەمپەڕاندووە، کە تۆش بیرت لەوە دەکردەوە من لەگەڵ ئەواندا پەیوەندییەك بکەم دیارە نەتدەزانی کەوا من ژنم هەبووە، بۆیەش تا مەسەلەکە لەوەندە ئاڵۆزتر نەبێت، دەڵێم من ژنم هەیە. من تووڕەش نابم ئەگەر پاش ئەو نامەیەش داوەتم نەکەیت و شیاوی پێشوازی تۆش نەبم. سۆز و رێزی بێ پایانی تۆ منی زۆر شادومان کردبوو، بەڵام ئەگەر لێم تووڕە نەبێت، بەوەیان زۆرتر شادومان دەبم و پێشوازییم

بکەیتـەوە، مـن ئامـادەی هـەموو شـتێکم کـە موسـتەحەقم، ئـەو هەڵوێستەشـت نموونەیەکی تری سۆزەکانی تۆیە بەرامبەر بەمن.

با خوێنەرەکانم بزانن کەوا نووسینی ئەو نامەیە وا ئاسان نەبوو، چەند جارێك پێداچوومەتەوە، بەڵام دەرئەنجام بارە گرانەکەی سەرشانم هەڵگرت و رزگارم بوو، لە پۆستیش ئەو نامەیەم بۆ هات کە ئەوەش دەقەکەی بوو:

من نامە راشکاوەکەتم بەدەست گەیشت، زۆریش شادومان بووین کە نامەکەمان خوێندەوە و زۆریش پێکەنین. ئەو راستییەی کە شاردبووتەوە وا دەزانیت تاوانێکت کردووە، لێبووردنی پێوە بوو، چاکت کردەوە کە راستییەکەت ئاشکرا کرد، داوەتەکەشت هەر ماوە، لە رۆژی یەکشەممەی داهاتووش چاوەڕوانیت دەکەین و تۆ داوەتی لەکن من. ئینجا گوێ لە چیرۆکی ژنهێنانەکەت دەگرین کە بەمنداڵی ژنت هێناوە، بەخۆشییەوە گوێ بیستی دەبین، دیارە کەوا پاش ئەو رووداوە پێویست بەوە ناکات باس لەوە بکەین، کەوا دۆستایەتییەکەمان شێلوو نابێت.

ئیتر بەو جۆرە ئافاتی درۆیەکەم لە خۆم پاك کردەوە، ئیتر لەو رۆژە هیچ دوودڵ نەبووم لەوەی بڵێم، من ژنم هەیە و ئەوەشم لە هەموو رەوشەکاندا دەوت.

## زانیاری لەسەر ئایینەکان

لەگەڵ دوو هاوڕێ کتێبی جیتام خوێندنەوە، وشەکانی لەناو هزرمدا ئاسەوارێکی مەزنیان داکوتا، تێگەیشتم کەوا بەهای ئەو کتێبە هەرگیز تەواو نابێت، لەکاتی تەنگانەی زۆردا بەکەڵکم دەهات، ئیتر هەموو دەقە ئینگلیزییەکانی جیتام خوێندەوە، ئینجا پاش چەند ساڵێک رۆژانە دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئەو کتێبە.

کتێبەکەی ئادوین ئارنولدم بەناوی رووناکی ئاسیا خوێندەوە، بۆیە بەناچاری هەستم دەکرد ئەو کتێبە بەجۆشتر لە باجافاد جیتا دەخوێنمەوە، بۆیە نەدەکرا واز لە خوێندنەوەی بهێنم، منیان بردە ناو ئیماندارانی ئەو ئایینە، ئەوان زۆر باسی پیوسوفیەتیان بۆ کردم، بۆیەش داوایان کرد منیش هاوسۆزیان بم، بەڵام من ئیمانداری ئایینی ترم، ناتوانم داواکەتان قبووڵ بکەم، بەڵام کە لە کتێبی دەروازەیەک بۆ پیوسوفیزم تێگەیشتم، دەبوو زۆر بابەت لەسەر هیندۆسی بخوێنمەوە، بەوەش تێگەیشتم کەوا ئایینی هیندۆسی بریتی نییە لە کۆمەڵەیەک جادوو و ئەفسانە وەک زووتر دەیانوت.

هەر لەو ساڵانە کەسێکی کریستیانم ناسی، ئەویش رووەکی بوو، باسی ئایینەکەی بۆ کردم، منیش ئەو زانیارییەی لە راجکوت لەسەر کریستیان بیستبووم بۆم گێڕایەوە، ئەو لە وەڵامدا وتی: من کەسێکی ڤیگاتیرم و مەییش ناخۆمەوە، ئەوەشم لە ئەنجیل وەرگرتووە، سەرووەرییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجیل. لەسەر داوای ئەو ئەنجیلم خوێندەوە، نەمتوانی عەهدە کۆنەکەی بخوێنمەوە، بۆیە سفری تەکوینم خوێندەوە، عەهدە نوێیەکە کاری زۆری

تێکردم، بەشێکی ئەو کتێبەم لەگەڵ نووسینەکانی جیتام بەراورد کرد، ئەو بەشەی تێدا مەسیح فەرموویەتی: من پێتان دەڵێم بەرهەڵستی خراپەکاری مەکەن، ئەوەی شەقێکی لە رووومەتی راستت دا، تۆ رووومەتی دووەمی بۆ شل بکە با لێت بدات، ئەوەی قەمیسێکت دەبات، تۆ عەباکەشی بدەرێ.
بەو قسەیە فەرموودەیەکی شاعیری جوجراتی شامال باتم بەبیرهاتەوە کە وتویەتی: ئەوەی قومێك ئاوی پێت بەخشی، تۆ ژەمێك خواردنی پێ بدە، ئیتر ئاوەزە گچکەکەم لەناو ئەو هەموو کتێبە تێکەڵ ببوو.
نەدەکرا کتێبی مولحدییەکان نەخوێنمەوە، زۆر لە هیندییەکانی ناوی شارلز برادلافیان نەبیستبوو و ئیلحادییەکەی ئەوەیان نەدەزانی، کتێبێکم لەسەر ئیلحاد خوێندەوە، بەڵام سەرەنجی رانەکێشام، بەڵام کتێبەکەی خاتوو بیسانت کە لەو دەمانە زۆر ناسرابوو خوێندەوە، کە چۆن لە ئیلحادەوە گۆڕاوە بۆ پیوسوفیزم.
لەو رۆژەی برادلافمانیان ناشت، کە ژمارەیەکی زۆری هیندییەکان تێدا بەشداربوون، لە گەڕانەوەمان لەو کاتەی چاوەڕوانی ترێنمان دەکرد، مولحیدێك لە پیاوێکی ئایینی پرسی:
باشە گەورەم تۆ بڕوات بەبوونی خودا هەیە؟ ئەویش وتی بەڵێ.
ئەویش بەبزەییەکەوە وتی: کەواتە بڕوات بەوە هەیە کەوا چوارچێوەی گۆی زەوی ٢٨٠٠ میلە، وایە؟ پیاوەکە وتی بەڵێ.
ئەویش وتی، کەواتە قەبارەی خوداکەت چەندە و لە کوێیە؟
پیاوە ئایینییەکە وتی: باشە، ئەگەر بەڕاستی ئەومان ناسیبێت، ئەو لەناو دڵی من و لەناو دڵی تۆ دایە.

ئەویش وەك كەسێكی سەركەوتوو لە وەڵامدا وتی: گاڵتەم پێ مەكە، وادەزانی من منداڵم. پیاوەكەش بەئەدەبەوە بێدەنگ بوو. من بەو رووداوە زۆرتر ئینكاری ئیلحادم كرد.

## راما پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە پشتیوانیان نییە

لەدوا ساڵی ژیانم لە ئینگلترا لە ساڵی ١٨٩٠ من و هاوڕێیەکم بۆ کۆنگرەیەکی ڤیگاتیری لە بورتسماوپ داوات کرابووین، لەو شارە کەنارییەدا ژنە دەریاوانی زۆری تێدابوو، کە لەناو ماڵەکاندا دەژیان، بەبێ ئاگاداری لیژنەی پێشوازی چووینە ناو ماڵێك، نەماندەزانی خاوەن ماڵەکە رەوشتیان چۆنە، ئێوارەکەی لەگەڵ ژنەکانی ناو ماڵەکە دەستم بەیاری کاغەز کرد، لەو دەمانە قسەی زۆریان دەکرد، هاوڕێیەکەم لە بەزم و قسەی بازاڕی وەستا و لێزان بوو.

منیش کەوتمە ناو قسەکان، گوێم لێبوو بەئامادەبوونی ژنەکان قسەکان سنووریان دەبەزاند، من هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، کارتەکانی یارییەکەم دانا، چونکە لەناو گەمەکەدا فەرموودەیەکی کردگارم بۆ هات کە بەمنی وت: کوڕەکە ئەو خراپەکارییە چۆن گەیشتە ناو دڵت، لەو بەزمە یەکسەر دووربکەرەوە!

من هەستم بەشەرم و شوورەیی کرد، لەگەڵ داوای لێبووردنەوە دەستم لە گەمەکە کێشایەوە و بەترسەوە و بەشۆکەوە گەڕامەوە ژوورەکەم.

ئەوەیان یەکەمجارم بوو ژنێك بێجگە لە هاوسەرەکەم بموروژێنێت. شەوەکەی خەوم لێ نەکەوت، جۆرەها رامانم بۆ دەهات، ئایا هەڵسم لەو ماڵە بچمە دەرەوە؟ لەو شوێنە رابکەم؟ باشە کوانێ ئاوەزم؟ باشە ئەگەر مامەوە و خۆم راگرت چ دەبێت؟ ئیتر بڕیارم دا بەنەرمی و لەسەرخۆ هەڵسوکەوت بکەم، هەر ئەو شەوە لە شارەکەش رۆیشتم، ئەگەرچی کۆنگرەکەمان دوو رۆژیشی مابوو.

## خانزی

من لەناکاو و بەشێوەیەکی نەدیارەوە هەستم بەجەوهەری ئایین کرد، دیارە کەوا خودا منی دەرباز کرد. دەزانم کەوا خودا منی رزگارکرد، ئەگەرچی هێشتا ماناکەی باش نازانم، ئەوە کردگارە کەوا من لە رۆژانی ژیانم لە سروشتە رۆحانییەکەم، لە کاری پارێزەرییەکەم، لە ئیدارەکردنی دەزگاکان و لە سیاسەتدا دەمگرێت. کە بێ ئومێد دەبووم، کەس لە هاورێیەکانم هاوشانم نەدەبوون، هەستم دەکرد لە عەدەمەوە دەستێك هاوکارم دەبێت، پاڕانەوە و خوداپەرستی بەشێك نییە لە ئەفسانە و شێتی، ئەوە زۆر لە خواردن و خواردنەوە و دانیشتنەکان و رۆیشتنیش واقیعیترن، من بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەوەیان نەبێت، ئەوانی تر هەموویان ساختەن، تەنها ئەو بوارە نەبێت.

ئیمانداری و نوێژەکان درۆ بەرەڵایی نییە، هەموو ئەوانە لەناو دڵەوە هەڵدەقوڵێن، ئیتر بەتژیکردنی دڵ لە خۆشەویستی و تەنها لە خۆشەویستی سەردەکەوین، سەرکەوتین لەوەی بەهەموو ژێیەکان ئاوازێکی هاوسەنگ بخولقێنین، موزیکێك دوور لەبەرچاوان. نوێژکردن پێویستی بەقسەکردن نییە، چونکە دەوڵەمەندە لە وزەیەکی هەستیار، هیچ گومانم نییە کەوا نوێژکردن پەیامێکە بۆ پاککردنەوەی دڵ لە چەشەکان، بەڵام دەبێ ئەو نوێژە سادەیی و خاکەڕاییەکی تەواوی لەگەڵدا بێت.

## نارایان همشاندرا

لەودەمانە کەسێکی ناوداری هیندی بەناوی نارایان همشاندرا سەردانی ئینگلترای کرد. دەمزانی ئەو نووسەرە، لە ماڵی خاتوو مانینجە و دوایی دیمانەم کرد، ئەو ئەندامی نیشتمانی هیندی بوو. ئەو منی دەناسی، دەیزانی کەوا من پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم ساردن. کە سەردانی ئەویشم دەکرد، یەك قسەم لەگەڵ ئەودا نەدەکرد، هەتا ئەو پرسیارێکی نەکردبوایە من هیچم نەدەوت، ئەو جلێکی سەیری لەبەردابوو، زمانە ئینگلیزییەکەی زۆر خراپ بوو، من وتم: من زۆرم لەسەر تۆ بیستووە، نووسینەکانی تۆم خوێندیتەوە، زۆریش دڵشاد دەبم ئەگەر سەردانیشم بکەیت. ئەویش وتی منیش بەوەیان کامەران دەبم، تۆ لە کوێ دەژیت؟

_من لە شەقامی ستوور دەژیم.

_کەواتە ئێمە هاوسێین، منیش پێویستم بەیارمەتی زمان هەیە، دیارە کەوا تۆ زمانەکەت باشە؟

_من بەشادومانییەوە یارمەتیت دەدەم، خۆت سەرپشك بە، ئەگەر دەتەوێ من بێمە لای تۆ، من دێمە ماڵەکەت.

_نەخێر، من دێمە لای تۆ، کتێبی مەشقی وەرگێڕانیش لەگەڵ خۆمدا دەهێنم. ئەو لە ڕێزماندا زۆر کۆڵەوار بوو، وشەی ئەسپی بەفەرمان دادەنا و وشەی ڕۆیشتنی بەناو دەزانی، ئیتر نموونەکان زۆر بوون، بەڵام ئەو بەو نەفامییەی خۆی لە زمان نیگەران نەدەبوو، شەرمیشی نەدەکرد کە لە ڕێزمان شارەزا نییە.

ئەو بەبێ شەرمەوە وتی: من یەك ڕۆژ نەچوومەتە قوتابخانە، هەرگیزیش بیرم لەوە نەکردیتەوە کەوا من پێویستم بەڕێزمان دەبێت بۆ دەربڕینی هزرەکانم، من زمانی بەنگالی دەزانم، بۆیەش من شاکارەکانی ماهارشی دیفندراناپم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی جوجراتی، هیواشم زۆرە شاکاری تریش وەرگێڕمە سەر ئەو زمانە. تۆش دەزانیت کەوا من نووسینەکان دەقاودەق وەرناگێڕم، بەردەوام کۆشش دەکەم ڕۆحی دەقەکان بپارێزم، دیارە ئەوانەی دەسەڵاتی باشتریان هەیە دەتوانن پوختر ئەو کارانە بکەن. من ئەو کارانەم کردووە بەبێ ئەوەی بنچینەکانی ڕێزمانیش باش بزانم. من ئێستا ئەو زمانانە دەزانم، مارایی، هیندی، بەنگالی، وا خەریکم فێری زمانی ئینگلیزییش دەبم، ئەوەی من پێویستم بەژمارەیەکی زۆری وشە هەیە، من دەمەوێ زۆر بزانم. دەمەوێ بچمە فەرەنسا و زمانی ئەوانیش فێربم، ئەوەم زانیوە کەوا زمانەکەیان ئەدەبێکی دەوڵەمەندی پێ نووسراوەتەوە. هیوادارم بچمە ئەڵمانیاش و زمانەکەی ئەوانیش فێربم. ئیتر ئەو زۆری قسەکرد، وەستانی نەبوو، ئەو هیوای گەڕان و زمانی زۆری هەبوو. منیش وتم:

_ڕەنگە بیرتان لە سەردانی ئەمریکاش کردۆتەوە؟

_بێگومان چۆن دەگەڕێمەو هیند ئەگەر جیهانە نوێیەکە نەبینم.

_باشە پارە لە کوێ پەیدا دەکەن؟

_من پارەم بۆ چییە، خۆ وەك تۆ نیم بایەخ بەپۆشاك و هەندام بدەم. من تەنها خواردن و پۆشاکێکم بەسە، خەرجیی ئەو گەشتەم لە داهاتی کتێبەکانم لە برادەرانەوە دەست دەکەوێت. من بەردەوام لە پلە سێیەمەکاندا گەشتەکانم دەکەم، کە دەچمە ئەمریکاش هەر بەپاپۆڕ دەچم.

زۆر شتمان لەیەك نزیك بوو، ڕۆژانە یەکترمان دەبینی، ئەویش ڤێگاتیری بوو، هەفتەیەك تەنها حەڤدە شلنی خەرج کرد، زۆریشی دەخوارد، ئەو تەنها

خواردنی بەشێوەی دالی هیندی پێ خۆش بوو، منیش ژەمەکانم بەشێوەی ئینگلیزی ساز دەکرد، خواردنە خۆشەکانمان بۆ یەکتری دەبرد.

من باسی کاردینال مانینجم بۆ کرد، کەوا ئەو دەوری زۆر بووە لە پشتیوانی و کۆتایی هێنانی کرێکارەکانی بەنداوەکە. ئەو یەکسەر وتی، من دەمەوێ ئەو پیاوە مەزنە ببینم. منیش وتم، ئاسان نییە، بەڵام ئەو نامەکەی بۆ ئەو بەمن نووسی، پاش وەڵامدانەوەکەی چووینە سەردانی، ئەو بەجلە میللییەکەی خۆی هات، من وتم دەزانی ناکرێ تۆ بەو جلە سەیرەوە بێیتە سەردانی ئەو پیاوە. ئەو لە وەڵامدا وتی پیاوانی مەزن سەیری پۆشاک ناکەن، دیمانەکەمان کرد، منیش دیالۆگەکەم دەکردە ئینگلیزی.

رۆژێکیان ژنە خاوەنماڵەکەم بەڕاکردن خۆی کرد بەژوورەوە، کە ئارایانی بەو پۆشاکەوە دیبوو. ئەو زووتر نەیزانیبوو من برادەرێکم هەیە ئەو جۆرە جلە نیمچە رووتانە لەبەر دەکات، بۆیە بەپەلە خۆی کردبوو بەژوورەوە و هاواری منی کرد، کەوا شێتێک لە دەرەوەیە تۆی دەوێت. منیش بەبزەیەکەوە وتم، ئەوە کە هاتیت منداڵان شوێنت نەکەوتبوون. ئەو لە وەڵامدا وتی: بەڵێ، زۆربوون، بەڵام من بایەخ بەو مەسەلانە نادەم، بۆیە وازیان هێنا و گەڕانەوە.

ئەو چەند مانگێک لە هیند مایەوە، گەیشتە پاریس لەوێ خۆی خەریکی زمانی فەرەنسی کردبوو، بەو زمانە خەریکی وەرگێڕان بوو، بەڵام ئەو رۆحی دەقەکانی وەردەگێڕا، زۆر بایەخی بەوشە و رستەکان نەدەدا. بەڵام نووسینەکانی بەمن نیشان دەدا. دوایی زانیم ئەو بەپاپۆڕێک بەرەو ئەمریکا بەڕێ کەوتووە، لەوێ لەبەر جلەکانی سزایان بۆ بڕیبۆوە، بەڵام دوایی پەشیمان دەبنەوە لە سزادانەکەی ئەو.

## نمایشە مەزنەکە

پیشانگایەکی گەورە لە ساڵی ١٨٩٠ لە پاریس نمایش دەکرا، منیش وردەکاری ئەو نمایشەم زانیبوو، بۆیە بۆ دیتنی پاریس و سەردانی نمایشەکە حەزم دەکرد سەرێك لە پاریس بدەم. حەزم لەو پیشانگەیەش دەکرد، تا تاوەری ئیڤڵیش ببینم، کە تەواوی بەئاسن دروستکراوە و بەرزییەکەی دەگاتە هەزار پێ، بێگومان ئەوانە و شتی تریش هەبوو کە من ئارەزووی ئەو گەشتەم دەکرد، بەڵام دیتنی تاوەرەکە لە هەموویان باڵکێشتر بوو، چونکە نەدەکرا لەودەمانە باڵەخانەیەك لەوە بەرزتر هەبێت.

لەوێ لە پاریس رێستورانتێکی ڤێگاتیرام دۆزییەوە، ژوورێکم بۆ خۆم بەکرێ گرت و حەوت رۆژ لە پاریس مامەوە، لەودەمانەی لە پاریس بووم کە تێدا سەردانی شوێنە گەشتیارییە دێرینەکانیشم دەکرد، دەستم بەپارەکەم وەدەگرت و خەرجیم کەم دەکرد، هیچ پارەم لە گواستنەوەی ناو پاریس خەرج نەکرد، بەنەخشەیەك هەموو شوێنەکانم هەر بەپێیان دەکرد، هەر بەو نەخشەیەش شوێنی پیشانگەشم دۆزییەوە، ئیتر بەنەخشەکە دەکرا هەموو شوێنەکان بدۆزیتەوە، لەوانە شەقامە سەرەکییەکان و شوێنە گشتییەکانیش.

بەڕاستی دەمەوێ تەنها باسی گەورەیی و مەزنی ئەو پیشانگایە بگێڕمەوە، بەڵام تاوەرەکەش گرینگ بوو، دوو سێ جار بەسەرکەوتم، لە رێستورانتەکەی نهۆمی یەکەمی حەوت شلنم بۆ خواردنی ژەمێك خەرج کرد، ئەوەش تەنها بۆ ئەوە بوو پلەی شەرەفی نانخواردن لەسەر تاوەرەکە وەربگرم، کە لەو بەرزاییەوە نانم خواردووە.

# غاندی

هەتا ئیمڕۆش دیمەنی کڵێسە کۆنەکانی ئەو شارە لە مێشکمدا چەسپیوون، کە هێمنی و دیمەنەکانیانم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. نەخشەکانی کاتدرائییەکەی نۆتردام، بەتایبەتی نەخشەسازییەکانی رووکاری پشتەوەی کە چەندین هەڵکۆڵینی نایابی تێدایە، لەوێ بیرم لەوە دەکردەوە ئەوانەی پارەیەکی زۆر لە دروستکردن و سازکردنی ئەو پەرستگایانە دەکەنەوە دیارە کەوا دڵیان تژییە لە خۆشەویستی خودایی بۆیە ئەو شاکارە هونەرییانەیان دروستکردووە.

من زۆر لەسەر پۆشاکی پاریس و عەبەسییەتی جلوبەرگی خەڵکەکەم خوێندبۆوە، ئەوەش لەناو شەقامەکاندا بەڕوونی دەبینرا، بەڵام کڵێسەکان دوور بوون لەو شێوازە، هەر کە مرۆڤ دەچێتە ناو هەر کڵێسەیەک، لەوێ هەموو ئاژاوە و ئەنارکیزمی دەرەوە لەبیر دەکات. لەوێ جۆرەها هەڵسوکەوت دەبینێت، ئەوانەی لەبەردەم پەیکەری مریەمی پاکیزەدا رەت دەبوون بەویقار و بەسەلاوەتەوە دەڕۆن و کرنۆشی رێزگرتن دەبەن، بۆیەش هەستی ئەودەمانە بەردەوام هاوشانمە، ئەگەرچی دەمزانی کەوا کرنۆش و سووجدەکان جۆرێکن لە ئەفسانە و جادووگەری، دەموت ناکرێت ئەوانەی وا بەسۆزەوە کرنۆش دەبەن بتپەرست نین، چونکە پەیکەرەکە تەنها دروستکراوێکی مەڕمەڕە و بەس، بۆیە دەکرێ ئاگرێکی بەسۆز لە هەناویاندا بوونی هەبێت. ئەوان بەردەکە ناپەرستن کە پەیکەرەکەی لێ دروستکراوە، هەستم دەکرد ئەوان بەو خوداپەرستییە لە گەورەیی خوداش کەم ناکەنەوە، بەڵام نەمری و شکۆیی مەزنتر دەکەن.

دەمەوێ لەسەر تاوەرەکە تێبینییەک بڵێم، بەڵام نازانم کاتی خۆی بۆ چ مەبەستێک ئەو تاوەرە دروستکراوە، بەڵام زانیبووم کەوا ژمارەیەک خەڵک بەشکۆوە باسیان کردبوو، هەندێکیش دیارە کەوا دژی تاوەرەکە رامانیان هەبووە، لەوانەی کە بەتوندی دژایەتی دروستکردنی ئەو تاوەرە بوون

تۆلستۆی بوو. ئەو وتبووی، دروستکردنی تاوەری ئیڤڵ نیشانەی گەوجی ئینسانە نە بەهرە و داهێنانەکەی. هەروەها ئەو وتبووی، لەژێر کاریگەری جگەرەکێشانە کە خەڵکی ئاڵوودەی جگەرەکێشان تاوانی گەورە دەکەن، چونکە دەکەونە ژێر ئەو فشارە، ئەوەش جۆرێکە لە مادە هۆشبەرەکان و خەڵك شێتیش دەکات. دیارە کەوا ئەوانەی ئەو تاوەرەیان داناوە لەژێر ئەو فشارەدا بووینە، چونکە نازانم چ جۆرە هونەرێك لەو تاوەرەدا هەیە؟

نازانم من دەتوانم چ جوانییەك بۆ ئەو پیشانگایە زیاد بکەم، وا خەڵکەکە هەموو روویان لە تاوەرەکە کردووە و دەچنە سەر چینە بەرزەکانی، چونکە بەڕاستی شتێکی نوێی ناوازە و بەقەبارەش گەورەیە. تاوەرەکە تاکە گەمەی خۆشی پیشانگەکە بوو، کە هەموو منداڵانی وەك ئێمەی بۆ خۆی راکێشا و لەوێ کۆی کردینەوە. دیارە مەبەستیش لە بەرزکردنەوەی ئەو تاوەرەش ئەوە بووە، کە هەمووامان لەوێ کۆببینەوە وەك منداڵ بەسەری هەڵدەگەرێین.

## بوون بەئەندام لە سەندیکادا

تا خوێندکار هەردوو مەرجەکەی بوون بەپارێزەر تێنەپەڕێنێت سەرناکەوێت. یەکەمیان ئامادەبوونی بەردەوام لە کۆرسەکان، کە بریتی بوون لە دوازدە کۆرس، کە دەیکردە سێ ساڵی خوێندن. مەرجی دووەمیش دەربازبوونی تاقیکردنەوەکان بوو. ئامادەبوونەکەش واتە بەشداربوون لە خوانەکان کە هەر وەرزێك بیست و چوار بوون، دەبوایە لەوانە شەش جار ئامادەبیت، ئیتر دەکرا تەنها ئامادە بیت و ناوت هەبێت و لەو دەمانەش لەوێ بیت، ئینجا مەرج نەبوو نانیان لەگەڵدا بخۆیت، لەو خوانانەدا خوێندکارەکان جۆرەها خواردنیان دەخوارد و جوانترین مەییان دەخواردەوە. هەر ژەمێکیش لەوانە بای دوو شلن و شەش پنس بوو، ئەوەش دەیکردە دوو هەتا سێ رووپیە. دیارە کەوا پارەکەش زۆر نەبوو، لە هەر هوتێلێك بەو پارەیە تەنها مەییەکەیان بۆ دادەنایت، ئەوەش بۆ ئێمەی هیندی سەیر و نوێ بوو کە چۆن مەی بەو پارەیە بێت، بۆیەش زۆرم لا سەیر بوو خەڵك چۆن ئەو پارە زۆرە بەمەی دەدەن، بەڵام من لەو داوەتانەدا هیچم نەدەخوارد.

ئەو خواردنەوەی دەدرایە ئەندامانی ئیدارەی یاسایی کۆمەڵەکە باشتربوو لە خواردنی خوێندکارەکان، من و خوێندکارێکی پاریسی داوامان کرد خواردنی ڤێگاترامان بدەنێ. ئەوەش وەك خواردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەکەش بوو، بۆیە میوە و هەندێ خواردنمان کەوتبووە سەر مێزی ئەندامەکان.

هەر چوار خوێندکاریش حەقی ئەوەیان هەبوو بەدوو کەس یەک شووشە مەی وەربگرن. ئەوانیش دەیانزانی کەوا من مەی ناخۆمەوە، بۆیە لەسەر مێزەکەی من کۆدەبوونەوە و بەشەکەی منیان دەخواردەوە.

لەسەر ئەو خوانەدا جۆرەها دانوستان دەکرا، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمیش لە خوێندکارەکان ئامادە دەبوون، بەڵام مەبەستیش لەوە بۆ دیمانە و کۆبوونەوە و دانوستانەکان بوو.

دەرسەکانمان ئاسان بوو، بۆیەش بەپارێزەرەکانیان دەوت، پارێزەرەی سەرخوانەکان. هەمووشمان دەمانزانی کەوا تاقیکردنەوەکان زۆر گرینگ نەبوون. خوێندکاران تەنها دوو تاقیکردنەوەیان دەکرد، یەکەمیان لە یاسای رۆمانی بوو، دووەمیش لە یاسای گشتی بوو، بۆیەش بەخوێندنەوەی چەند کتێبێک و بڵاوکراوەیەک دەکرا تاقیکردنەوەکان دەرباز بکەیت. ئەگەرچی نمرە وەرگرتن ئاسان بوو، بەڵام من هەموو کتێبەکانم دەخوێندەوە، نەمدەویست فێڵی تێدا بکەم. من یاسای رۆمانییم بەزمانی لاتینی خوێند، بەوەش توانیم بەشداری خوێندن بکەم لە زانکۆی لەندەن، ئەوەش سوودی زۆری هەبوو کە چوومە باشووری ئەفریقیا.

یاسای گشتی ئینگلیزییم بەنۆ مانگ تەواوکرد. من ماوەیەکی زۆر خەریکی خوێندنی کتێبی یاسای گشتی و یەکسانی و کێشەکانی وایت و تودورە سەرەکییەکان و موڵکیەتی عەقاری و موڵکیەتی تاکەکەسی بووم، بەڵام پاش گەڕانەوەم بۆ هیند بەردەوام کتێبی یاسای هیندم دەخوێندەوە.

تاقیکردنەوەکانم لە ١٠ی یونیۆی ساڵی ١٨٩١ تەواوکرد و بوومە ئەندامی سەندیکا و لە ١١ی یونیۆش ناوم لە دادگای باڵاش تۆمارکرا و لە رۆژی ١٢ی هەمان مانگ گەڕامەوە وڵات. ئەگەرچی خوێندنیشم تەواو کرد، بەڵام هەر لە کارکردنم وەک پارێزەرێک دەترسام، وامدەزانی من شیاوی ئەو پیشەیە نیم،

بۆچی هەستم بەو لاوازییە دەکرد. من کێشەم نەبوو لەوەی ببمە ئەندام لە سەندیکادا، کێشەی من ئەوە بوو چۆن پیشەکە بکەم. من هەموو یاساکانم خوێندبوو، بەڵام چۆن ئەو بابەتانە وەك پارێزەرێك جێبەجێ بکەم. کتێبی ئەحکامەکانی یاسام خوێندەوە، بەڵام بەپراکتیك نەمدەتوانی ئەحکامەکان جێبەجێ بکەم، لەوانە: چۆن خەڵك موڵکیەتی خۆی بەکاربهێنێت، بەمەرجێك زیان بەموڵکیەتی کەسانی تر نەگەیێنێت. بەڵام من ئەوەم نەدەزانی چۆن ئەوەیان لە بەرژەوەندی ئەو کەسەی من دەکاتە وەکیلی خۆی بەکاربهێنم. هەروەها من هەموو بنچینە سەرەکییەکانی ئەو حوکمانەم خوێندەوە، ئینجا هەر بڕوام بەخۆم نەبوو بتوانم ئەوانە لە ڕۆژانی خۆمدا پراکتیزە بکەم.

ئەوەی منی نیگەران و پەریشان کردبوو، من زانیاری کەمم لەسەر یاسای هیندی هەبوو، هیچ زانیارییشم لەسەر یاسای هیندۆسی و ئیسلامیش نەبوو. هەروەها نەمدەزانی چۆن سکاڵای داواکاری لە دادگا پێشکەش بکەم، من گوێم لەوە ببوو کەوا بەڕێز فیروزشا میهتا وەکو شێر لە دادگاکان دەینەڕاند، زۆرم لا سەیر بوو ئەو پیاوە چۆن فێربووە لەناو دادگا وەك شێر بنەڕێنێت. ئەو چۆن دەتوانێت بەزمانی ئینگلیزی وا باش بەرگریی بکات، دەموت من هەرگیز وەك ئەو فێر نابم و شارەزایی پەیدا ناکەم، بۆیەش بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ کەسێکی وەك من بەپیشەی پارێزەری بتوانێت بژێوی ژیان دابین بکات، دەتوانم یان نا!

من نیگەران بووم. یەکێك وتی برۆ پرس بەبەڕێز دادبهای ناوروجی بکە. من زووتر ئەو ناوەیان بۆ دەستنیشان کردبووم کە سەردانی بکەم ئەگەر پێویستی کرد، بەڵام ئەوەم نەکرد، دیارە ئێستا ئەوەم پێویستە، ئەویش ئارەزووی بوو خوێندکارەکان کۆبکاتەوە و دەستیان بگرێت.

بەڵام برادەرێك وتی وا باشە تۆ بەڕێز فریدریك بینکت ببینیت، ئەو کەسێکی پارێزەر بوو، زۆریش حەزی بەدیتنی خوێندکارە هیندییەکان دەکرد. خوێندکارانیش زۆر ڕێزیان دەگرت. من و زۆری وەك من، بۆ ڕێنمایی سەردانیان دەکرد، ئەو بەمنی وت، مەرج نییە هەموو پارێزەرێك وەك فیروزشا بێت، ئەو کەسێکی دەگمەن و ناوازەیە. ئەو داوای کرد من خوێندنەوەکانی خۆمی نیشان بدەم. کە خوێندیەوە وتی دیارە شێوازەکانی دەربڕینەکەت لاوازن، بەڵام ئەو بەڕوویەکی جوان و بەبزەوە وتی: من لە گرفتەکانت تێدەگەم، دیارە کەوا خوێندنەوەکانت لاوازن، چونکە تۆ کەم شارەزای ئەو جیهانەی، هیچ لەسەر دەوروبەرت نازانیت، ئەوەش فاکتەرێکی گرینگی سەرکەوتنی هەموو پارێزەرێکە. تۆ هەتا ئێستا مێژووی هیندت نەخوێندیتەوە، دەبێ کەسی پارێزەر هەموو سروشتەکانی مرۆڤایەتی شارەزابێت، بەوەش بەیەکەم نیگا لە کابرا دەگەیت، هەموو هیندییەکیش دەبێ مێژووی هیند بزانێت، ئەوەش پەیوەندی بەپیشەی پارێزەرییەوە نییە، تۆ چۆن دەبێ کتێبی شۆڕشی ١٨٥٧ت نەخوێندبێتەوە، ئەوەی کای و مالیسون نووسیویانە، هەر لە ئێستاوە دەست بکە بەخوێندنەوەی ئەو کتێبە. ئەوە و دوو کتێبیش هەیە لەسەر سروشتی مرۆڤایەتی ئەوانەش بەسوودن.

لە گەڕانەوەم بۆماڵەوە بیرم لە قسەکانی ئەو دەکردەوە، کتێبەکەی لافاتورم کڕی، بەڵام دووەمیان نەبوو. کە کتێبەکەم خوێندەوە هەستم کرد هیچ زانیاریم زیاد ناکات. ئامۆژگارییەکانی بەڕێز بینکت ڕاستەوخۆ سوودیان نەبوو، بەڵام ڕووە خۆشەکەی دڵی گەشاندمەوە، کە وتی هەموو کەس وەك فیروزشا نابن، مەرجیش نییە پارێزەر کەسێکی بیرمەند و زیرەك و بەتوانا بێت، بەڵام دەبێ دەستپاك و بێگەرد و چالاك بێت، بەوەیان خەڵك دەبێتە پارێزەری سەرکەوتوو. لەبەرئەوەی من ئەوانە لە خۆمدا دەبینی، بۆیە بەو قسانە زۆر دڵم کرایەوە. من

لە ئینگلترا نەکرا کتێبەکەی کای و مالیسون بخوێنمەوە، بەڵام هەر لەبیرم مابوو، بۆیە لە باشووری ئەفریقیا ئەو کتێبەم کردە یەکەمەکانی بەرنامەکانم. ئیتر بەهیوا و کەمێك لە بێ ئومێدییەوە، پاپۆڕەکەمان لە بۆمبای هەڵنیشت، لەبەر باهۆزەکەش ئێمە بەبەلەمی هەڵمی گەیشتینەوە سەر کەنارەکە.

# بەشی دووەم

# غاندی

لە گەڕانەوەماندا لەبەر باهۆزەکە و شەپۆلە گەورەکانی ناودەریا، زۆربەی خەڵکەکە تووشی سەرسووڕانی دەریا ببوون تەنها من نەبێت. لەو مانگانەدا دەریای عەرەب هەر وایە. براکەم لەگەڵ دکتۆر میهتا و برا گەورەکەی بۆ پێشوازییم هاتبوونە پێشوازیم، هەمووشمان ڕۆیشتینەوە ماڵی دکتۆر. کە لە ئینگلتراش بووم بەردەوام بەنامە هەواڵی یەکترمان دەزانی، پاشان هەردوو خێزان دۆستایەتییەکەمان مایەوە.

من زۆر پەرۆشی دیتنی دایکم بووم، بەڵام نەمزانیبوو کەوا دایکم مردووە و ناکرێ جارێکی تر یەکتری لە باوەش بکەین، بۆیە کە هەواڵەکەم زانی خۆم شووشت. دیارە کەوا براکەم لەبەر خوێندنەکەم نەیویستبوو هەواڵی مردنی دایکمم پێ بڵێت. بەهەرحاڵ هەواڵەکە زۆر گران لەسەرم کەوتەوە، بۆیەش زۆر باش نییە بەدرێژی باسی ئەو کاردانەوەیە بکەم. منَ لە مردنی دایکم زیاتر لە مردنی باوکم خەمم خوارد، کە خەمێکی گەورە بوو، بەڵام هەموو فرمێسک و ژانەکانم شاردەوە، دەبوایە بچمە ناو کۆڕی ژیان.

دکتۆر میهتا منی بەچەند برادەرێك ناساند، لەوانە برایەکی خۆی بوو کە بەدرێژایی تەمەنمان پەیوەندییەکەمان مایەوە، هەر ئەویش بوو منی بەشاعیر رایشاند ناساند. ئەو لەو دەمانە تەمەنی بیست و پێنج ساڵێك دەبوو، بەڵام لە یەکەم دیمانەدا تێگەیشتم کەوا ئەو پیاوێکی مەردانەیە و کەسایەتییەکی مەزنی هەیە و زۆرزانیشە. ئەو هەموو وشەیەکی ئەوروپایی بەیەکجار لەبەردەکرد و شارەزاییەکی زۆری لە کتێبە پیرۆزەکان هەبوو.

رایشاند ئەو بەپارەیەکی زۆر مامەڵەی دەکرد، زۆر لە خشڵ و ئەڵماس شارەزا بوو، لە رۆژانی ئیشکردندا هەموو کۆسپەکانی چارەسەر دەکرد، ئەوەش جەمسەری سەرەکی ژیانی ئەو نەبوو، ئەو لەگەڵ کردگار رووبەڕوو بوو. بەردەوام ژمارەیەك کتێبی ئایینی و دەفتەری بیرەوەرییەکانی لەسەر مێزەکەی

دانابوو، لەکاتی دەست بەتاڵییدا یان کتێبی دەخوێندەوە، یان خەریکی دەفتەرەکەی دەبوو. ئەو کەسەی لەدوای کاری ڕۆژانەی یەکسەر بچێتە سەر دۆزینەوەی ڕۆحە شاراوەکان ئەوە هەرگیز نابێتە بزنسمان، ئەو بەردەوام لەکاتی کارە بازرگانییەکانی خەریکی پشکنین بوو، ئەو هەرگیز هاوسەنگییەکەی لێ تێکنەدەچوو. ئەگەرچی هیچ پەیوەندییەکی بازرگانیمان بەیەکەوە نەبوو، بەڵام دۆستایەتییەکەمان هەر هەبوو، من ئەودەمانە پارێزەر بووم و وەکیلی کەسیش نەبووم، لە هەموو دیمانەکانمدا زۆر بەفراوانی باسی ئایینمان دەکرد. من ئەودەمانە شتەکانم تێکەڵ دەکرد، زۆریش بایەخم بەدانوستانە ئایینییەکان نەدەدا، ئینجا قسەکانی ئەوم پێ خۆش بوو. لەو دەمانە چەندین کەسایەتی و زانایانی ئایینیم ناسی. دەمویست زۆرترین سەرکردە ئایینییەکان بناسم، بەڵام کەسیان وەك برایشاندبای کاریگەری لەسەر مندا نەبوو. پەیڤەکانی ئەو دەچوونە ناخی دڵم، من بەئەخلاق و هزرەکانی سەرسام بووم. من لەناخەوە هەستم بەوە کردبوو کەوا ئەو فێڵم لێ ناکات و بوارەکانم لێ ون ناکات، بەڵکو هزرەکانم قووڵتر و چڕتر دەکات، دواییش ئەو لە کاتی تەنگانەدا و لە تەنگژە ڕۆحییانەکاندا ئەو نوای سەرەکی من بوو.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕێز و گەورەییەی من بۆ ئەوم هەبوو، نەمدەتوانی ئەو بکەمە ڕێبەرە ڕۆحییەکەم، جورو، بۆیەش پێگەی ئەو ڕێبەرە لەناو دڵم هەر بەتاڵ بوو، بەناچارییش دەبوایە هەر بگەڕێم.

من بڕوام بەبیردۆزە هیندۆسییەکە هەبوو، کە باس لە بیرۆکەی مامۆستای ڕۆحی دەکات و دەزانێت کەوا ئیدراکی ڕۆحی چەند پێویستە، کە بڕوای وایە زانستی ڕۆحی بەبێ مامۆستایەکی ڕۆحی بێ پەروایە، ئەوەش ڕاستییەکی زۆری تێدایە. ئەگەر هەموو کەس مامۆستایەکی سادەی شارەزا لە کاروبارە ئایینییەکان هەبێت، ئەو کەسە لێبووردە دەبێت. بەڵام کە باس لە مەسەلە

## غاندی

ئایینییەکان دەکات لێبووردە نابێت. کەس ناگاتە پلەی مامۆستای رۆحی تەنها مامۆستایەکی نموونەیی نەبێت. من کۆششم بۆ ئەوە دەکرد، دەرئەنجامیش لەلای خودا بوو. ئەگەرچی ئەوم لەو پێگەیەدا دانەنابوو، بەڵام ئەو لە زۆر رووداو رێبەر و یاریدەری من بوو. سێ کەسی هاوچەرخ کاریگەرییان لەسەر ژیانمدا هەبوو، رایشاندبای کە راستەوخۆ پەیوەندییم بەوەوە هەبوو، تۆلستۆی بەکتێبەکەی.. خودا لەناخم بوونی هەبوو، لەگەڵ راسکین بەکتێبەکەی.. هەتا دوا پیاوەکە.

## ژیانم چۆن دەستی پێکرد

براکەم هیوایەکی زۆری بەمن هەبوو، ئەو چاوی لە سامان و ناوداری و ناوێکی زۆر بوو. ئەو برادەری زۆری هەبوو، بەوەش ئەگەری ئەوە هەبوو بتوانێت کارم بۆ پەیدا بکات. دەبوایە من دەسکەوتی باشم هەبوایە، خەرجی ماڵەوەشمان زۆرتر ببوو. من کۆسپی زۆرم لەبەردەم دابوو بۆ ئیشکردنم وەك پارێزەرێك. ئەندامانی تایفەکەمان رق و شۆڕشەکەیان لەسەر من هەر مابوو، بەڵام ئەوان ببوونە دوو بەش، بەشێکیان زوو و یەکسەر منیان وەرگرتەوە، بەڵام بەشەکەی تریان هەر نەفرەتیان لە من دەکرد. تا ئەوان رازی بکەینەوە براکەم منی بردە پەرستگایەك و تا ئاوێك بەخۆم دابکەم و پاك ببمەوە. لە رێگای گەڕانەوەمان بۆ راجکوت لە ئاوی رووبارە پیرۆزەکە خۆم تەڕ کرد و داوەتێکی بۆ خەڵکی تایفەکەشمان کرد. من ئەوەم بەدڵ نەبوو، بەڵام دڵی براکەم نەشکاند، ئیتر من گەڕامەوە ناو تایفەکەمان.

من زۆر بایەخم بەنەفرەتکردنەکە نەبوو، بەڵام نەمدەویست بەچاوی بێ ڕێزییەوە سەیریان بکەم، بەپێی ئەو نەفرەتکردنە کەس نەبو من داوەت بکات، خزمەکانیش لالووت بوون، ماڵی باوکی ژنەکەشم قسەیان لەگەڵ مندا نەبوو. لە ماڵەکەی من یەك کووپە ئاویشیان نەدەخواردەوە. ئەوەی بیویستبایە یارمەتییەکم بدات، دەبوایە بەنهێنی ئەوە بکات. بەڵام هەر منیان وام کردبوایە دەکەوتمە ناو گێژاوێکی نارەحەتییەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کەوا من دژایەتی ئەوانم نەدەکرد، ئەگەر وام کردبوایە دەکەوتمە ناو گێژاوێکی نارەحەتییەوە.

پەیوەندییم لەگەڵ هاوسەرەکەم وەك پێویست نەبوو، من هەر ئیرەییم لەو دەکرد، گومانم لە هەموو شتێك دەکرد، بڕیارم دابوو ژنەکەم فێرە خوێندن و نووسین بکەم، بەڵام شەهوەتەکانم بواری نەدەدام. دیارە کەوا گێلییەکەی من بوو کە ماوەیەکی زۆر ئەو لە ماڵی باوکی دەمینێتەوە.

کۆششم دەکرد بەرنامەسازییەك بۆ ریفۆرمی بواری خوێندن بکەم، براکەم منداڵی زۆری هەبوو، منیش کوڕەکەم تەمەنی ببووە چوار ساڵ. دەمویست وەرزشیان پێ بکەم، تا جەستەیان بەهێز بێت. براکەشم لەو بوارەدا یارمەتی دەدام، منیش خۆم حەزم دەکرد بەردەوام گەمەیان لەگەڵدا بکەم، بڕوام وابوو دەکرێ ببمە مامۆستایەکی سەرکەوتوو.

بیریشم لەوە دەکردەوە سیستەمی خواردنی ناو خێزانەکەمان بگۆڕم. لە گەنجینەی ماڵەوەماندا چا و قاوە هەبوو. براکەشم دەیویست ڕەوشی خواردنەکەمان بەرەو ناندینی ئینگلیزی ببەم، ئیتر قاپ و کەرەستەکانمان کە جاروبار سیرامیك بوو، گۆڕا بەکەرەستەی رۆژانە. لەو بوارەدا دوا ریفۆرمەکانم کرد، شۆربای جۆی شەشپەڕی وردکراوم دانا و چا و قاوەکەم بەکاکاو گۆڕی. پێڵاوی پووتی درێژ لەپێ دەکرا، بەوەش هەموو سیماکانی کۆنم بەسیما ئەورووپییەکان لە ماڵەوە گۆڕی.

ئەو ڕەوشە نوێیەش خەرجیی ماڵەوەی زۆرتر کردبوو، وەك بڵێن فیلێك لەبەر دەرگای ماڵەوەمان بەسترابێتەوە، بۆیە چۆن پارەی ئەو خەرجییە زۆرە پەیدا بکەین؟ سەرەتای ئیشکردنم لە راجکوت وەك پارێزەر شتێکی بێ سوود بوو. من وەك کۆنە پارێزەرە نەدەناسرام، ئەو ئەزموونێکی درێژی هەبوو، هیوام زۆر بوو دەستکەوتم دەجار لەو بەرزتر بێت! بەڵام کەسی وا دەبەنگ نەبوو بەو پارەیە من بکاتە وەکیلی خۆی، بۆیە لەگەڵ نەشارەزاییەکەم خۆشم هەڵدەخەڵەتاند و لووتبەرزیش بووم.

هەندێك لە برادەران ئامۆژگاریان کردم بچمە بۆمبای، لەوێ دەکرێ هەندێ شت فێربم و ئەزموونێك لە دادگا باڵاکەیان پەیدا دەکەم، هەر لەوێش دەکرێ یاسای

هیندی بخوێنم و چەندین دۆسیەیش وەردەگرم. ئیتر منیش بەگوێی ئەوانم کرد بەرەو بۆمبای بەڕێ کەوتم.

لەوێ،ماڵێکم دانا، پیاوێکی براهمیم وەك چێشتلێنەر لەلای خۆم دامەزراند، کە هیچ شارەزایی نەبوو، مامەڵەم وەك ئەندامێکی ناو خێزانەکەی خۆم لەگەڵدا دەکرد، نەك وەك کەسێکی خزمەتکار، بەڵام ئەو هەرگیز نەیدەویست ئاوێك بەخۆی دابکات، بۆیە زۆر پیس بوو هەتا ملوانکە موقەدەسەکەشی پیس بوو. هیچ شارەزاییشی لە کتێبە پیرۆزە ئایینییەکان نەبوو. زۆرم پێ دەوت رەنگە نەزانیت چێشت لێ بنێیت، بەڵام ساندیا سەڵاواتە رۆژەکانت بزانە. ئەویش لە وەڵامدا دەیوت: گەورەم، ساندیا گاسنی کێڵانە، خاکەناسەکەشمان نوێژی رۆژانەمانە، ئێمە بەو جۆرە براهیمین، من لەژێر خزمەتی تۆدا دەژیم، یان بەچاندن!

ئیتر دەبوایە من ببمە مامۆستاکەی ئەو، دیارە کەوا کاتیش زۆر بوو، من نیوەی کاتم بەسازکردنی خواردنە ئینگلیزییەکان دەبردە سەر و فڕنێکم کڕیبوو، کاتم زۆر بوو، بۆیەش یارمەتی پیاوەکەشم زۆر دەدا. هەردووکمان بیرمان لە جیاوازی چینایەتی نەدەکردەوە، بەیەکەوە نانمان دەخوارد، بەڵام ئەوەی بواری ساز نەدەکرد بەیەکەوە هەڵبکەین پیسییەکەی ئەو بوو. ئەو هیچ نەیدەویست بایەخ بەپاکوخاوێنی خواردنەکان بدات!

من تەنها چوار پێنج مانگ توانیم لە بۆمبای بمێنمەوە، چونکە دەستکەوتم نەبوو، خەرجییشم زۆر دەبوو، ئیتر بەو شێوەیە من ژیانم دەست پێ دەکات. هەستم کردبوو کەوا پیشەی پارێزەری پیشەیەکی خراپە، ئیشەکە زۆرتر نمایشکاری بوو، نەك زانیاری، هەستیشم کردبوو ئەرکی سەرشانم زۆر قورس ببوو.

## دۆسیەی یەکەم

ئەو ماوەیەی لە بۆمبای بووم، کتێبی یاسای هیندییم خوێندەوە، فیرشاند غاندی هاوڕێشم دەیویست وەك من ئەزموونی خواردنەکەم تاقی بکاتەوە، براکەشم بەردەوام سەرقاڵی ئەوەبوو ئیشم بۆ بدۆزێتەوە. فێربوونی یاسایە هیندییەکەش خۆش نەبوو، نەمدەتوانی لە دیراسەتی یاساییە ئیجرائاتە سڤیلییەکان بچمە پێش، بەڵام لە یاسای ئیسپاتدا باشتر بووم. فیرشاندی هاوڕێشم دەیویست تاقیکردنەوەی پارێزەری بکات، بۆیەش قسەی زۆری ناو پارێزەرەکانی بۆ دەگێڕامەوە. ئەو دەیوت: زیرەکی و لێهاتوویی فیروزشا لەبەر ئەوەیە کەوا لە یاسا زۆر قووڵ بوویتەوە. ئەو یاسای ئیسپاتی لەبەرە، هەموو برگەکانی بەشی دووەم و سێیەمیش دەزانێت، بەڵام بەدرەدین تیابچی بەتوانایە جەدلییەکانی قازییەکانی سەرسام کردووە.

ئەو جۆرە قسانەی کە لەسەر پارێزەرەکانم دەبیست منی دادەوەشاند و ورەم نەدەما.

بۆ نموونە دەیانوت: پارێزەر هەیە پێنج ساڵە، حەوت ساڵیشە ئەندامە لە سەندیکا و هیچ ئیشیشی نییە. منیش وا خەریکی مەشقکردنم. تۆ بەختیار دەبیت ئەگەر پاش سێ ساڵی تریش توانیت خۆت بەو کارە بژێنیت.

مانگ بەمانگ خەرجیمان لە ماڵەوە زۆرتر دەبوو، من لە دەرەوە نەمدەویست وەك پارێزەرێك سەیرم بکرێت، بەڵام لەناخەوە پارێزەریش بووم، بۆیە نەدەکرا هەموو کاتم بۆ خوێندن تەرخان بکەم. بەبایەخەوە یاسای هیندییم

# غاندی

دەخوێندەوە، ئارەزووی زۆری ناسینی یاسای ئیسپات بووم، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەدەکرد دۆسیەیەك بگرم، وەك بووکی یەکەم شەوی ماڵی بە زاوا بووم. لەودەمانەدا ئیشێکم گرت، دۆزەکەش ئاسان بوو. هەندێك وتیان، دەبێ بۆ ئیش پەیداکردن پارە بدەیتە دەڵاڵەکان، منیش بەتوندی ئەوە رەفتارەم رەت کردەوە، ئەوانیش وتیان: پارێزەرە گەورەکانی جنائیش ئەوانەی مانگانە چوار هەزار رووپیەش پەیدا دەکەن، پارەی دەڵاڵی دەدەن.

منیش لە وەڵامدا وتم: من پێویستم بەوە نییە ببمە ئەو جۆرە پارێزەرانە، من ئەگەر مانگانە تەنها سێ سەد رووپیەم دەست بکەوێت، بەسمە، لە ماڵەوەمان کەسیان ئەوەندەیان وەرنەگرتووە.

یەکێکیان لە وەڵامدا وتی: ئەوەیان جاران وا بوو، بەڵام خەرجیی لە بۆمبای زۆر بووە، بۆیە دەبێ بەنیگایەکی قووڵی پراکتیکیانە سەیری مەسەلەکان بکەیت.

من لەسەر هەڵوێستەکەم سوور بووم، دۆسیەیەکم لە بۆمبای گرت، سی رووپیەم وەرگرت، ئەوەش هەر یەك رۆژی دەویست. ئەوەیان یەکەمجارم بوو لە دۆزێکی سادە لەبەردەم دادگا بوەستم، کە تێدا من پارێزەری بەرگریکار بووم، دەبوایە من پرسیار لە شاهیدی داواکار بکەم، کە هەڵسامەوە و لەگەڵ وەزعەکە رووبەڕووبوومەوە، هەستم بەهەژانێکی گەورە کرد، سەرم سووڕا، وامدەزانی هۆڵەکەش لەگەڵ مندا دەسووڕێتەوە، نەمدەتوانی بیربکەمەوە تا پرسیارێك بدۆزمەوە، بێگومان قازییەکە دەست دەکات بەپێکەنین، پارێزەرەکانیش زەوقیان لە دیمەنەکە وەردەگرت. من تاقەتی رامانم نەما، لەسەر کورسییەکەم دانیشتمەوە، قازییەکە بەموکیلەکەی منی وت، دەکرێ پارەکەت وەربگریتەوە و پارێزەرێکی تر دەست نیشان بکەیت، بە سی و یەك رووپیەش دۆزەکە وەرگیراوە. دیارە کەوا دۆزەکەش ئەوەندە ئاڵۆز نەبوو، بەڵام من لەناو دادگا دەرچووم، رانەوەستام تا بزانم خاوەن دۆزەکە بردیەوە یان دۆزەکەی دۆڕاند. لە

شەرمانا بڕیارم دا هەتا ئازایەتییەکی زۆر پەیدا نەکەم، دۆزی نوێ ناگرمەوە، ئیتر هەتا گەشتەکەی باشووری ئەفریقیام نەکرد، چیتر نەچوومەوە ناو دادگا، بەڵام ئەو بڕیارەشم هیچ سوودێکی نەبوو، ویستم ببمە کەسێکی واقیعی، چونکە کەس ئامادە نەبوو من بکاتە پارێزەری خۆی دڵنیابوو لەوەی کە من دەیدۆڕێنم.

لە بۆمبای دۆزێکی تر چاوەڕوانم بوو، دەبوایە راپۆرتێك لەسەر کێشەکە بنووسم، کە پارچە زەوی موسڵمانێك لە بوربان‌دار زەفتکرابوو، پیاوەکە وەك چۆن باوکێکی میهربان قسە لەگەڵ کوڕەکەی بکات، واش قسەی لەگەڵ مندا دەکرد. ئەو پارەی چاپەکەی دابوو، راپۆرتەکەم نووسی و بۆ چەند برادەرێکم خوێندەوە، هەموویان وتیان باشە، ئەوەش وایکرد ورەم بەرزبێت و بڕوا بەخۆم بکەم کەوا منیش دەتوانم ئەوە بکەم.

ویستم مامۆستایەتی بکەم، من زمانی ئینگلیزیم باش دەزانی، بەڵام وتیان بڕوانامەت نییە، بۆیە وەرنەگیرام، بەڵام من وتم من ئەزموونی وەرگرتنم لە زانکۆی لەندەن، وەك زمانی دووەم بڕیوە، بەڵام سوودی نەبوو. ئیتر پاش مانەوەم شەش مانگ لە بۆمبای نووسینگەکەم داخست و گەڕامەوە راجکوت، تا لەوێ لەگەڵ برایەکەم بەردەستی ئیشی سووکی لەگەڵدا بکەم، چونکە ئەو کاری پارێزەری دەکرد.

لەناو ئەوەی ئێمە پارێزەری ئیشیان کەم بوو، بەڵام لەوێ ئامۆژگارییەکم پێشکەش کردبوو کەوا من رۆژانە ماوەیەکی باش بەپێیان دەڕۆم، لە ماڵەکەم کە لە جیرجاوم بوو هەتا بۆمبای بەپیادەیی دەچوومە دادگا و هەر بەپێیانیش دەگەڕامەوە ماڵەوە. گەرمایی زۆریشم بەردەکەوت، بەوەش لە نەخۆشییەکان دووردەکەوتمەوە، بۆیەش زۆر لە هاوڕێیەکانم نەخۆش بوون، چونکە هیچ بەپێیان نەدەڕۆیشتن.

## شۆکی یەکەمم

له بۆمبای گەڕامەوە راجکوت، بەهەندە وردەنووسین و سکاڵانامە، مانگانە سێ سەد رووپیەم دەست دەکەوت. ئەوەش بەهونەری شەریکەکەی براکەم بوو، ئیشە باشەکانیان رەوانەی لای پارێزەرانی تر دەکرد، منیش ئیشی خەڵکە هەژارەکەم دەکرد. من له بۆمبای رازی نەبووم دەڵاڵی بدەم، بەڵام بەناچاری وا لێرە ئەوەم قبووڵکرد. پێیان وتم، مەسەلەکە لێرە و لەوێ جیاوازە، بزانە چۆن پارە دەدرێتە ئەو پارێزەرانەش کە پێناوی دەکەن، ئەوەش جۆرێکە لە ئەرکی ماندووبوونیان.

براکەم بەمنی وت: دەبینی ئێمە وا شەریکمان هەیە، من هەندێ لەو کارانە دەدەمە تۆ، تۆش رازی نابیت دەڵاڵی بدەین، بەوەش شەریکەکەمان تووڕە دەبێت، چونکە ئێمە بەیەکەوە دەژین و قازانج دەکەین، دەستکەوتی تۆش بەشی ئێمەی لێ دەکەوێتەوە، منیش بەشم هەیە، ئەویش کە دۆسیەیەك دەداتە پارێزەرێکی تر پارە وەرناگرێت؟ بەو قسانەی براکەم رایی بووم، ئەگەرچی خۆم رایی کردبوو، بەڵام هەستم دەکرد فێڵ لە خۆم دەکەم، بەڵام من خۆم بەهیچ شێوەیەك و هەرگیز پارەم بەو جۆرە کارانە نەداوە.

براکەم راوێژکار و سکرتێری ئەمیری بورناندار بوو. ئەو زۆرجار براکەمی بەوە تاوانبار دەکرد کەوا راوێژەکانی تەواو نییە و دەستخەڕۆی دەدات. کێشەکەیان لە ئینگلترا بووم ئەو ئەفسەرەم دەناسی، لەوێ بەجوانییەوە هەڵسوکەوتی

لەگەڵدا کردبووم، بۆیە برایەکم ئەوەی بەهەلزانی کەوا پێناوییەك بکەم و بچمە لای، بەڵام بیریشم لەوە دەکردەوە کەوا ئەگەر براکەم هەڵەبێت من چۆن بەرگری لێ بکەم و لەلای ئەفسەرەکە داوێن پاکیەتی بۆ بکەم، خۆ ئەگەر خۆشی بێ تاوان بێت، ئەوا کێشەکە ئاسایی دەڕوات و مافی خۆی وەردەگرێتەوە. بەڵام براکەم بەو رامانە دڵی ئاوی نەخواردەوە.

ئەو وتی: تۆ هیچ سەرت لە ژیانی ئێرە دەرناچێت، هێشتا نازانیت چ لەو دونیایەدا هەیە، لێرە دەسەڵات هیچ بەیاخێکی نییە، دوایی وەك برایەك چۆن لەو ئیشەی من رادەکەیت، چونکە بەئاسانی دەتوانی لەلای ئەو ئەفسەرە پاکانەم بۆ بکەیت، دیارە کەوا زووتر ئەوت ناسیوە.

منیش نەمتوانی براکەم شەرمەزار بکەم، بەپەلە خۆم گەیاندە لای ئەفسەرەکە، باشیشم دەزانی حەقی ئەوەم نەبوو بچم. ویستم بەبیری بهێنمەوە کەوا ئێمە یەکتری دەناسین، بەڵام سوودی نەبوو، پلەی ئەفسەری وەك ڕۆژانی مەدەنی نییە، بەڵام بەهەرجۆرێك بوو، ئەو بەبیری هاتەوە، منیش کە قسەکەم پێ وت، ئەو لە شوێنی خۆی سڕ بوو، بۆیە وتی: نامەوێ تۆ دۆستایەتییمان بۆ بەرژەوەندی براکەت بقۆزیتەوە، براکەت پیلانگێڕە، نامەوێ گوێم لەو قسانەبێت، من کاتی ئەوەم نییە، ئەگەر براکەت قسەی خۆی هەیە دەتوانێت لە شوێنی خۆیدا بیکات. وەڵامەکەی ئەو تەواو و گونجاو و لە جێگای خۆیدا بوو، منیش موستەحەقی ئەو وەڵامە بووم، بەڵام منیش چاوم نەیدەبینی، لەسەر قسەکانم بەردەوام بووم، بەرۆکی ئەوم بەرنەدا. ئەویش هەڕەشەی دەرکردنی لێ کردم. بەڵام من دەمویست مەسەلەکەی بۆ روون بکەمەوە، ئەویش نەیدەویست گوێم لێ رابگرێت، منیان بەزۆر و بەپاسەوانەکان دەرکرد.

کە ئەفسەرەکە و پاسەوانەکان دوورکەوتنەوە، من نامەیەکم وەك شکایەت نووسی و پێشکەشم کرد، من لە نامەکەدا نووسیبوم: تۆ منت ریسوا کردووە،

پاسـەوانەکانت دەسـتدرێژییان کردۆتـە سـەرم، ئەگـەر مەسـەلەکە ئاشـت نەکەیتەوە، من شکایەتت لیٚ دەکەم. بەیەکێك لە پاسەوانەکان وەلاٚمیکی خێرام وەرگرتەوە، کە تێدا نووسیبوی: تۆ لە دیالۆگەکەت لەگەڵ مندا بیٚ ڕێز بوویت، مـن داوام لـیٚ کردیـت ژوورەکـەم جێبهێڵیـت و تـۆ نەڕۆیشـتی، بەقسـەی پاسەوانەکانیش هەر نەچوویتە دەرەوە، بۆیە بەناچاری و بەزۆر دەرمانکردیت، دیارە کەوا ئازادی لەوەی ئەگەر شکایەتیش لە من دەکەیت.

داواکەم لە گیرفاندا بوو کە گەڕامەوە، نائومێد و شەرمەزار دیار بووم. براکەشم بەو مەسـەلەیە دڵی توند ببوو، بەلاٚم هیچ دەسـەلاٚتمان نـەبوو. براکـەم لەگەڵ هاوڕێیە پارێزەرەکانی قسەی کرد، پرسی چۆن سکالاٚ لەو متمانەکارە سیاسییە بریتانییە بکەین، لەو ڕۆژانە فیروزشای پارێزەری ناوداریش لە راجکوت بوو، بـەهۆی بـرادەرێکم داوامـان کـرد، پرسـێکی پـیٚ بکـەین و ڕێگایـەکمان بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش بەبرادەرەکەی وتبوو: بەغاندی بڵیٚ، ئەو جۆرە کێشانە زۆر بەسـەر پـارێزەران دێـت، دیـارە کـەوا ئـەو تـازە لـە ئینگلترا گەڕاوەتـەوە و دڵی ناسکە و زوو تووڕە دەبێت. ئەو ڕەوشتی ئەفسەرەکانی ئینگلیز شارەزا نییە، پێی بڵیٚ با سکالاٚکەی بدڕێنێت و بەریسواییەکە رازی بێت و قسەش نەکات، ئەگەر دەیـەویٚ ئارام بژیت و نانێك بـۆ خـۆی پەیـدا بکات. شکایەتکردن لەو سیاسییە هیچی لیٚ ناکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانە دەیرووخێنێت، پێی بڵیٚ هێشتا ئەو زۆری ماوە بزانێت و شارەزای ژیان بێت.

وەك ژەهرێك ئامۆژگارییەکـەم قووت دا، لـە ریسـواییەکەش بێدەنگ بووم، لەو رووداوە فێرە دەرسێکی مـەزن بووم، لەناخی خۆمدا بڕیارێکم دا کە: هـەرگیز هاوڕێیـەتی خـۆم بـۆ هـیچ کارێـك بەکارنـەهێنم. ئیتر لـەو ڕۆژەوە هـەرگیز لەو بوارەدا پێشێلییم نـەکرد و سەرپێچی ئەو ئامۆژگارییەم نەکرد، ئەو شۆکەش ڕێبازی ژیانی گۆڕیم.

## ئامادەبوون بۆ گەشتکردنم بۆ باشووری ئەفریقیا

بێگومان سەردانەکەم بۆ لای ئەفسەرەکە گونجاو نەبوو، راستە ئەو بەپەیڤەکانی من تووڕە بوو، بەڵام پێویستی نەدەکرد من دەربکات، من تەنها پێنج دەقەیەك کاتی ئەوم گرتبوو، ئەو ئەوەندەش بەرگەی قسەکانی منی نەگرت. دەکرا بەنەرمی لەگەڵ مندا بجووڵێتەوە، دوایی زانیم کەوا ئەو کەسێکی توند و تووڕە بوو، لەگەڵ هەموو خەڵك وابوو.

لەو دەمانە هەندێ زانیارییم لە کاروبارە سیاسییەکانی ناوچەکەمان وەرگرت. لەبەرئەوەی کاپیاوار بریتی بوو لە چەندین ویلایەتی گچکە گچکە، بۆیە دەستەیەکی زۆری سیاسەتمداری تێدا هەڵکەوتبوو، ئەفسەرەکانیش بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیان کێشەیان دەنایەوە و جۆرەها پیلانیان دەگێڕا. بەرپرسە داراییەکەیان کە بەرپرسەکان دایاندەنان دەسەڵاتیان زۆر بوو، دەیانوت مووچەکەی ئەو لە متمانەکارە سیاسییەکەش زۆرتر بوو، رەنگە ئەوەندە زۆریش نەبووبێت، بەڵام باش دەژیا، من ئەو کەشەم بەژەهراوی دەزانی، نەمدەزانی چۆن خۆم لەو بازنەیە دووربخەمەوە.

براکەشم هەستی بەوە کردبوو کەوا من بێزارم، هەموومان بڕوامان وابوو من پێویستم بەوەزیفەیەك هەیە دوور بم لەو پیلانگێڕییە، لەبەر بەردەوامی ناخۆشییەکانم لەگەڵ ئەفسەرەکە نەمدەتوانی پارێزەرییەکەم بکەم.

ئەودەمانە هێشتا بورنانداز لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکوومی بوو، تا دەسەڵاتی زۆرتر بکەوێتە بن دەستی ئەمیر، منیان بەو کارە راسپارد، دەبوایە من لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارە بۆ مەسەلەی کرێیە زۆرەکانی سەر زەوییەکانی

میری قسەیان لەگەڵدا بکەم. ئەگەرچی بەرپرسەکە هیندیش بوو، بەڵام لەخۆباییبوونەکەی ئەو لە لەخۆباییبوونەکەی متمانەکارە سیاسییەکە کەمتر نەبوو، ئەو دەسەڵات و زەبرێکی زۆری هەبوو، بەڵام جووتیارەکان رەوشیان باش نەبوو، بۆیەش من لەو کارەدا توانیم هەندێ دەسەڵاتی ئەمیر بگێرمەوە، بەڵام هەر نەمتوانی ژانەکانی خەڵکەکە سووکتر بکەمەوە.

دەرئەنجام نەمتوانی مافی خەڵکەکە بەدروستی بگێرمەوە، بۆیە هەستم بەنائومێدی دەکرد، کە داواشم کرد بەدۆسیەکە دابچینەوە، متمانەکارە سیاسییەکەش وتی ئەوەیان کاری ئێمە نییە و ناتوانین دەست لەو کارانە وەربدەین، بەڵام باشم دەزانی کەوا ئەوان خۆیان هەموو یاساییەکن، بۆیەش زۆر توورە بووم.

لەو دەمانە کۆمپانیایەکی تایفەی میمان، داوایەکیان پێشکەش بەبراکەم کردبوو، کەوا ئەوان لە باشووری ئەفریقیا کۆمپانیا و سەرمایەکی باشیان هەیە. لەوێش داوایەکیان لە دادگادا هەیە، کە تێدا داوای چل هەزار پاوەند دەکەن، دادگاش ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانە، بۆیەش حەز دەکەین ئەو قازانجە بەر براکەت بکەوێت، ئەو لە ئێمە باشتر دەتوانێت پارێزەرەکانمان بەڕێوە ببات، بەوەش ئەو دەتوانێت بەشێکی تری ئەو جیهانە ببینێت و دەتوانێت پەیوەندی زۆریش پەیدا بکات.

لەگەڵ براکەم باسی پێشنیاری کۆمپانیاکەمان کرد، بەڵام نەماندەزانی ئایا من دەچمە دادگا یان تەنها من سەرپەرشتی پارێزەرەکان دەکەم. بەهەرحاڵ ئەو پێشنیارەی پێ باش بوو.

بەرپرسانی کۆمپانیاکە وتیان ئیشەکە وا زەحمەت نییە، تۆ لەوێ میوانی ئێمە دەبیت، سەرپەرشتی ئەو کارەمان بۆ دەکەیت، لەوێ خەڵکی تریش دەناسیت، هەموو خەرجییەکانیش لەسەر ئێمەیە، بەڵام هەموو پۆستەکانمان بەزمانی

ئینگلیزییە. ئەوان وتیان تۆ یەك ساڵ لەوێ دەمینێتەوە، لەگەڵ کرێی هاتوچۆ و نووستن و خواردنیش ئێمە ۱۰۵ پاوەندت دەدەینێ.

ئەو کارەش دیارە کەوا لە پیشەی پارێزەرییەوە دوور بوو، زۆرتر وەك فەرمانبەرێك بووم لەو کۆمپانیایە، بەڵام من حەزم دەکرد لە هیند دووربکەومەوە، گەشتەکەشم پێ خۆش بوو، لەوێ دنیا و کەسانی نوێش دەناسم، بەپارەکەش دەتوانم ئەرکی سەرشانی براکەم سووکتر بکەم، بۆیە بەبێ دوودڵییەوە داواکەم قبووڵ کرد، خۆم بۆ گەشتەکە ساز کرد.

## گەیشتن بە ناتال

لەو گەشتەدا وەك جاری یەکەم نیگەران نەبووم، چونکە دایکم مردبوو، لە گەشتیش شارەزاییەکم پەیداکردبوو، چوونیشم لە راجکورت بۆ بۆمبای نوێش نەبوو.
منداڵێکی ترم ببوو، ئەگەرچی لەگەڵ ژنەکەم هێشتا شەهوەتمان زۆر بوو، بەڵام دەمتوانی لەو دووربکەومەوە. لەوەتی لە ئەوروپاش گەڕابوومەوە کەمتر پێکەوە دەبوین. دوایی من ببوومە مامۆستای ئەویش و خەریکی چاکسازییەکانی ناو ماڵەوەش بووم، دەکرا ماوەیەکی تریش بەیەکەوە بین، بەڵام گەشتەکەم هاتە پێش و بە ژنەکەم وت، هیچ نییە نیگەران مەبە، پاش ساڵێکی تر دەگەڕێمەوە. ئینجا بەرەو بۆمبای بەڕێ کەوتم.
بڕیاربوو لە پلەی یەکەمی پاپۆڕەکە بلیتم بۆ ببڕن، بەڵام نوێنەری کۆمپانیاکە وتی بەداخەوە لەوێ شوێن نەماوە، یان با گەشتەکەت دوا بکەوێت، یان لەسەر پشتی پاپۆڕەکە شوێنێکت بۆ دەگرین. منیش دیارە بڕوام نەکرد، شوێن نەبێت، بۆیە کە بەخۆم سەردانم کردن، وتیان پاپۆڕەکە حاکمی گشتی مۆزمبیقی تێدایە، بۆیە شوێنمان نییە. کە کابرا سەیری منی کرد، وتی لە ژوورەکەی خۆمان دەتوانین شوێنێکت بۆ تەرخان بکەین. دیارە ئەو شوێنەش نادەینە خەڵك، شوێنەکەمان گرت و سوپاسی ئەفسەرەکەمان کرد و لە مانگی ئەپرێلی ساڵی ١٨٩٣ بەجۆشەوە بەرەو باشووری ئەفریقیا بەڕێ کەوتم.

بە سیَزدە رۆژ گەیشتینە بەنداوی لامو. لەگەڵ کاپتنەکە بووینە برادەر. ئەو تازە فێرە شەترەنج ببوو، بۆیە یەکێکی دەویست گەمەی لەگەڵدا بکات. منیش هەرگیز ئەو گەمەیەم نەکردبوو، بەڵام دەمزانی گەمەکە چۆنە و بۆیەش دەیانوت، ئەو گەمەیە ئاوەز دەکاتەوە و زیرەکترت دەکات. کەمێك یاریمان کرد، بەڵام هەر فێر نەبووم. کە لە پاپۆڕەکەش دابەزیم جارێکی تر یارییەکەم نەکردەوە، تەنها جووڵاندنی بەردەکانم دەزانی و بەس. پاپۆڕەکە سێ چوار سەعات لەسەر کەناری بەنداوەکە دەمایەوە، بۆیە لە پاپۆڕەکە دابەزیم، کاپتنەکە وتی وریابە زوو بگەڕێوە. لەوێ لە پۆستەی شارەکەیان فەرمانبەری هیندییم بینی، خۆش بوو کە قسەم لەگەڵ دەکردن، ئیتر قسەکان منیان دواخست.

لەسەر کەنارەکە ژمارەیەك لە خەڵکەکە خەریکی چێشت ئامادە کردبوون، لەگەڵ ئەوان ویستم بەبەلەمێك بچینەوە ناو پاپۆڕەکە، لەودەمانە شەپۆلەکە توند بوو، نەدەکرا بەلەمەکە بەجەستەی پاپۆڕەکە وەبنووسێت، بووقی دەرچوونیش لێدەدرا، بۆیە بۆ گەیشتنمان بەپاپۆڕەکە تەنگاو بووین، کاپتنەکە پێنج دەقەیەك دەرچوونەکەی راگرت. لەوێ بەبەلەمێکی تر گەیشتنە نزیك. دەرگاکەش بەرزکرایەوە، بۆیە بەگوریسێك سەرکەوتینە ناو پاپۆڕەکە. گەیشتینە بەنداوی مومباسا ئینجا لە زنجبار دە رۆژێك ماینەوە، دوایی چووینە ناو پاپۆڕێکی تر.

لەگەڵ کاپتنەکان پەیوەندییمان خۆش بوو، بەڵام لەدوایی ئاراستەیەکی خراپی بەخۆییەوە بینی، ئەوان و من و هاوڕێیەکی ئینگلیزمان چووینە پیاسەیەك. بەبەلەمەکەی ئەو چووینە سەر کەنارەکە. من نەمدەزانی ئەوان مەبەستیان کێندەرێیە، منیان بردەماڵێك ژنی سۆزانی زنجی زۆری تێدا بوو، دەبوایە هەر یەکێك لە ئێمە بچێتە ژوورێك، کە من پێم لەناو ژوورەکە دانا، سامم گرت، زمانم

گیرا و هیچم بۆ نەگوترا، هەر خودا دەیزانی هەستی ژنە بەستەزمانەکە چی بووە کە منی بەو رەوشە بینی. کە کاپتنەکە بانگی کردینەوە منیش لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە، من دووبارە وەك چوونە ژوورەوە سەرسام ببووم، بۆیە کاپتنەکە تێگەیشت کەوا من لەوەیان بەستەزمان بووم. سەرەتا هەستم بەشەرم دەکرد، بەڵام چونکە بێزم لە کارەکە بوو، بۆیە شەرمەکەشم نەما، رووم لە خودا کرد کەوا جەستەی ژنەکە بەهیچ شێوەیەك سەرەنجی منی رانەکێشا. رقم لە بێ دەسەڵاتییەکەی خۆم بووە، بەزەییشم بەخۆم هاتەوە، کە ئازایەتی ئەوەم نەبوو من نەچمە ناو ژوورەکە.

ئەوەشیان سێیەم ئەزموون بوو کە رووبەڕووی من دەبێتەوە، رەنگە گەنجان لە ئەنجامی شەرمی زۆرەوە رووبەڕووی ئەو رووداوانە ببنەوە. ناتوانم بڵێم من بەبێ زیان دەرچووم، بەڵام ئەگەر نەچووبامە ناو ژوورەکە دەکرا ئەوەیان بڵێم.

سوپاسی خودای دلۆڤان دەکەم کە منی لەو تاوانە دەربازکرد، ئەوەشیان ئیمانی منی بەخودا زۆرتر کرد، کە لە شەرمکردنی ساختە دووربکەومەوە.

یەك هەفتە لەو بەندەرە ماینەوە، لەوێ ماڵێکم بەکرێ گرتبوو، چەندین شوێنی شارەکە گەڕام. لەوێ هەستم کرد زەنجبار لە هەموو شوێنێك سەوزترە، دارستانی زۆر و میوەی گەورەم بینی. هەواری ترمان مۆزمبیق بوو، لە کۆتایی مانگی مایۆ گەیشتینە ناتال.

## چەند ئەزموونێک

شاری دربان بەنداوی ناتال بوو، لەوێ بەڕێز عەبدوڵڵا چاوەڕوانی منی دەکرد. کە پاپۆڕەکە گەیشتە سەر شۆستەی بەنداوەکە، خەڵکەکە بۆ دۆزینەوە و دیتنی هاوڕێ و کەسوکارەکانیان سەردەکەوتنە سەر پاپۆڕەکە، لەوێ هەستم کرد کەوا هیندییەکان بەڕێز مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، هەروەها بەڕێز عەبدوڵڵاش بەلووتبەرزییەوە سەیری دەکەن، بەڵام ئەو لەوەیان راهاتبوو گوێی لێ نەبوو، بۆیە من بەوەیان دڵم توند ببوو، هەندێکیش بەسینگفراوانییەوە سەیری منیان دەکرد، چونکە جلەکانم بەپۆشاکی هیندی نەدەچوو، من پاڵتۆیەکم لەبەردا بوو، عەمامەکی لە شێوەی بنگاڵەکانم لەسەر کردبوو.
ژوورەکەی من لەتەنیشت ژووری عەبدوڵڵا بوو، بەڵام هەردووکمان لەیەک نەدەگەیشتین، زۆریشی پێ ناخۆش بوو کەوا براکەی کەسێکی بۆ ناردووە، دیارە کەوا وەک ئەورووپییەکان دەژیت و خەرجیشی زۆر دەبێت. من لەوێ هیچ ئیشم نەدەبوو، ئەو کارەی من بۆی هاتبووم لە هەرێمی ترانسڤاڵ بوو، دیارە زۆریش پێویست نەبوو وا زوو بەرەو ئەوێندەرێ بەڕێم بکات. دوایی ئەو چۆن بڕوا بە من بکات؟ چونکە ئەو بۆ بریتوریا لەگەڵم نابێت تا چاوی لە من بێت. ئەوانەی ئێمە کێشەمان لەگەڵیاندا هەبوو لەوێ بوون، عەبدوڵڵاش وا هەستی دەکرد ئەوا فشاریان لەسەر من هەیە، بۆیە بڕوای بە من نەبوو. ئیشەکەش بەنووسین و تۆمارکردن بوو، ئەگەر هەڵەم کردبوایە دیار دەبوو، بۆیە پێویستی نەدەکرد ئەو نیگەران بێت. بەڕێز عەبدوڵڵا نەخوێندەوار حیساب بوو، بەڵام ئەزموونی زۆری هەبوو، بەقەدەر خۆی زمانی ئینگلیزیشی دەزانی، ئیشی ناو

بانك و دائیرەكانی بەباشی رادەپەڕاند، هیندییەكانیش رێزی زۆریان دەگرت. كۆمپانیاكەی ئەوانیش لە هەموو كۆمپانیا هیندییەكانی تر گەورەتر بوو، بەڵام عەیبەكەیان ئەوەبوو گومانیان هەبوو.

عەبدوڵڵا زۆر شانازی بەموسڵمانی خۆی دەكرد، زانیاری لەسەر قورئان و فەلسەفەی ئیسلام هەبوو، بۆیەش بەردەوام حەزی دەكرد لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بكات، ئەگەرچی ئەو زمانی عەرەبیشی نەدەزانی، بەڵام من لەسەر ئایینی ئیسلام زۆر شت لەو فێربووم. كە پەیوەندییەكەمان خۆش و گەرم بوو، زۆر بەیەكەوە دانوستانمان لەسەر ئەو لایەنە دەكرد.

رۆژی دووەم بوو یان رۆژی سێیەم، ئەو منی بردە دادگاكە، لەوێ چەند كەسێكی بە من ناساند، لەتەنیشت پارێزەرەكەیان دانیشتم، چووینە لای قازییەكە، ئەویش زۆر سەیری منی دەكرد. دوایی داوای كرد عەمامەكەم لەسەر بكەمەوە. منیش لەسەرم نەكردەوە و لە دادگاكە هاتمە دەرەوە. ئەوە و لە باشووری ئەفریقیا چەند شەڕێك چاوەڕوانی دەكردم. دوایی تێیانگەیاندم كەوا هیندییە موسڵمانەكان حەقیان هەیە عەمامە لەناو دادگا لەسەر بكەن، بەڵام ئەوانی تر دەبێ لەسەریان بكەنەوە. لەوێ دیارە هیندییەكان بوونەتە چەندین بەش، موسڵمانە بازرگانەكانیان پێیان دەڵێن عەرەب، هەندێكیان هیندۆسن، بەبارسەكانیان دەوت فارسەكان. كەواتە سێ بەش بوون. بەڵام ئەو سێ كۆمەڵەیە بەچەندین پەیوەندی كۆمەڵایەتییەوە بەیەكتری ئاشنا بوون. هیندییەكانیش بریتی بوون لە هاووڵاتی باشووری هیند و باكووری سریلانكا، تامیل و ناوەڕاستی هیند، تیلوجووەكان و باكووری هیند و ئەو كرێكارانەی بەقەرز یان بەمووچەی بێ كۆنتراكت ئیشیان دەكرد، بەپێی كۆنتراكتی پێنج ساڵە هاتبوونە ناتال. ئەوانە پەیوەندی كۆمەڵایەتییان بەچینەكانی ترەوە نەبوو، تەنها ئیشكردن و پەیوەندییە بازرگانییەكە بوو، زۆریش بۆ

رەزیلکردنیان بەوشەی سامی بانگیان دەکردن، کە بەزمانی سنسکریتی واتە گەورەم، بەڵام هیندییەکان ئەوەیان پێ ناخۆش بوو و بەریسواییان دەزانی، ئەگەر نارەزاییان هەبوایە، زۆرجار دارکاریش دەکران. لەبەرئەوەی زۆریان کرێکاریان دەکرد، بۆیە ئینگلیزەکان لەگەڵ وشەی سامی پێشیان دەوتن قولی، بۆیە من ناوم ببووە پارێزەر قولی. بەبازرگانیان دەوت، بازرگان قولی. بەوەش وشەی قولی ماناکەی دیار نەمابوو، بەهەموو هیندییەکانیان دەوت قولی، بەڵام بازرگانە موسڵمانەکان بەو نازناوە تووڕە دەبوون، دەیانوت ئێمە قولی نین، ئێمە عەرەبین، ئێمە بازرگانین، بۆیە هەندێ لە ئینگلیزە بەڕێزەکان داوای لێبووردنیان لێ دەکردن.

منیش تا رووبەڕووی ریسواکردن نەبمەوە، عەمامە هیندییەکەم دانا و شەپقەیەکی ئینگلیزییم لەسەر کرد، بەڵام بەڕێز عەبدوڵڵا ئەوەی پێ خۆش نەبوو، بۆیە وتی:

ئەو بیرۆکەیە کاردانەوەیەکی خراپی دەبێت، بەوەش هیندییەکان ئەوانەی عەمامەکەیان لا پیرۆز بووبێت لێ دەکەنەوە. ئەوە بەڕاستی تۆ عەمامە هیندییەکەت باشتر لێ دێت، بەو شەپقەیە بەسێرڤیسی بارەکان دەچیت. قسەکەی عەبدوڵڵا پەندێکی پراکتیکی و نیشتمانی و هەندێکیش تەسکبینینی تێدابوو. لە ساڵی ١٨٩٣ ئەو هیندییانەی ببوونە کریستیان ژمارەیان زۆر بوو، ئەوانەی جلی ئینگلیزیان لەبەر دەکرد، لە هوتێلەکان وەك سێرڤیس ئیشیان وەرگرتبوو. بۆیە بەڕێز عەبدوڵڵا بەمنی وت شەپقە لەسەرکردن وەك سێرڤیسکارەکان، ئەوەشیان جۆرێك شەرمەزارییەکی پێوە بوو، ئەو رامانەش هەتا ئەو رۆژانە هەر ماوە.

بیرۆکەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا لە کەللەی دابووم، لەسەر ئەو بابەتە لە رۆژنامەکان چەند وتارێکم نووسی، بەشۆخییەوە بەرگرییم لە عەمامەکەی خۆم دەکرد،

بۆیەش ڕۆژنامەکان ناویان لە من نابوو، میوانە نەخوازراوەکە، ئینجا بەباشە و بەخراپەوە باسیان دەکرد.

هەتا لەوێ مامەوە من زۆرترین کات عەمامەکەم لەسەری بوو، دوایی بۆتان دەگێڕمەوە بۆچی بڕیارم دا لە باشووری ئەفریقیا سەرکۆت بم و هیچ لەسەر نەکەم.

## بەرەو بریتوریا

خەریك بووم لەگەڵ خەڵکەکە پەیوەندیم دەکرد، لەوانە کریستیانە هیندییەکان، کە پارێزەری کۆمپانیاکەمان نامەیەکی دەگاتە دەست کە تێدا نووسیبویان دۆسیەکەتان کاتی هاتوە، بۆیە دەبێ سازی خۆتان بدەن، دەبوایە بەڕێز عەبدوڵلا یان یەکێك لە شوێنی خۆی بنێرێت بۆ بریتوریا. نامەکەم خوێندەوە ئەو وتی دەکرێ تۆ لەجیاتی من بچیت، منیش وتم، وا نامەکەم خوێندەوە، ئینجا نازانم بڵێم چی.

دۆسیەکەم باش شرۆڤەکرد، زۆریش بیرم کردەوە، وەك ئەودەمانە کە چووبوومە زنجبار، تا هەندێ سەرەتاکانی دادگا فێربم. بیرم لەو مەسەلەیە دەکردەوە، ئەو ئیشەی من بۆی دەچووم هەموو ژمێریاری بوون، من لە رۆژانی خوێندنی وڵات و ئینگلتراش کەیفم بەو بابەتە نەدەهات، کە هەندێ زاراوەم بینی هەستم کرد مانایان نازانم، فەرهەنگێکی ژمێریارییم کڕی تا زاراوەکان بناسم. بەوەش کەمێك بڕوام بەخۆم پەیدا کرد. سەیرم دەکرد کە بەڕێز عەبدوڵلا زۆر لە من باشتر حیسابات دەزانێت، بەڵام دەرئەنجام بڕیارم دا من بچمە بریتوریا.

ئەو وتی من نامەیەك بۆ هاوڕێیەکانم لەوێ دەنووسم، تا شوێنی مانەوەت بۆ دابین بکەن. لەوێ هەندێ برادەرمان لە تایفەی میمان هەیە، بەڵام زۆر تێکەڵیان مەبە، ئەوانە زەبرێکت لێ دەدەن. ئامادەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان نهێنییەکانمان لێ بدزن بۆ کەسی بەرامبەرمان، بەوەش زیانێکی زۆرمان بەردەکەوێت. منیش وتم ئاساییە من دەتوانم لەوێ چارەی خۆم بکەم، دەتوانم خانووێك بدۆزمەوە. کۆشش دەکەم لەگەڵ بەڕێز تەیبی ئاکۆکمان چارەیەك

بدۆزمەوە، بەقسەی خۆش و دوور لە دادگا و شکایەت کێشەکە چارەسەر بکەم، ئەوە باشترە و خەرجیمان نابێت. دوایی ئێوە خزمن. بەڕێز تەیب حاجی خان موحەمەد خزمی نزیکی بەڕێز عەبدوڵڵا بوو.

بەڵام بەڕێز عەبدولا وایدەزانی خزمەکەیان لەو کەسانە نییە، کە کێشەکانی خۆی بەدانوستان چارەسەر بکات، بەڵام ئەگەر بکرێت باشە، دیارە کەوا لەو چەند رۆژەی بەیەکەوە بوون، ئەو کەمێك شارەزای من ببوو، بۆیە منی بەکەسێکی نەفام و بێکەڵك نەدەزانی.

لەسەر کورسییەکانی پلەی یەکەم بلیتی گەشتەکەم بەترێن بۆ بڕابوو، ئەگەر داوای بەتانییەکی زیادم لەناو ترێنەکە کردبوایە، دەبوایە پێنج شلن بدەم، بۆیە من وتم ئەوەم ناوێت، ئەویش وتی لەبەر ئێمە خۆت سەرمابردوو مەکە. منیش سوپاسم کرد و لە قسەکەی خۆم پەشیمان نەبوومەوە.

لە سەعات نۆی شەو ترێنەکە گەیشتە مارتزبرجی پایتەختی ناتال. لەوێ بەتانییەکان دەدرایە خەڵکەکە. لەوێ کارمەندەکەی ترێنەکە وتی بەتانی وەرناگریت، منیش وتم نەخێر. ئەو لە فارگۆنەکە دەرچوو، یەکێکی تر هاتە ژوورەوە، کە منی بینی، ناکاری شێوا و بەمۆنی سەیری کردم. ئەو رۆیشت دوو کەس لە فەرمانبەرانی ترێنەکە لێم بەژووریێ کەوتن. ئەوان بێدەنگ وەستان و سەیریان دەکرد، چاوەڕوانی یەکێکی تریان دەکرد. ئەویش گەیشت، ئەویان بەمنی وت:

_لەگەڵ من وەرە، دەبێ تۆ بچیتە ناو فارگۆنی ملەوەنەکان.

منیش وتم:

_من بلیتی ئێرەم بڕیوە.

ئەویش وتی:

_بلیت ناخوات، دەبێ تۆ بچیتە فارگۆنی ملەوەنەکان.

بەڵام من لە دربانەوە سوار بووم، لەوێش ئاسایی بوو، بۆیە من لێرە ناڕۆم و
شتەکەم لەو فارگۆنە تەواو دەکەم.
نەخێر، وا نابێت، دەبێ تۆ لێرە دابەزیت، ئەگەرنا پۆلیست بۆ بانگ دەکەم و
رە فڕێت دەدەینە دەرەوە.
دەباشە پۆلیس بانگ بکە، من بەقسەی تۆ هەڵناستم، با پۆلیس بێت.
لیسەکان منیان دابەزاند و منیش نەچوومە فارگۆنێکی تر، بۆیە لە
ێستگەکە مامەوە و ترێنەکەش رۆیشت. وەرزەکە زستان بوو، لەوێ زۆرم
ەرما بوو. جانتاکەشم لەگەڵ خۆم نەهێنابووە ژوورەکە، بۆیە پاڵتۆکەشم لەوێ
وو، نەوەك دیسان ریسوایی زۆرترم بکەم، نەوێرام داوای جانتاکەشم بکەمەوە.
ەو سەرمایە هەر دەلەرزم. هەتا نیوەی شەو مامەوە، یەکێك لێم نزیك کەوتەوە
یستی بمدوێنێت، بەڵام ئارەزووم نەبوو. هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئایا من
گەڕێمەوە هیند یان لێرە بەردەوام بم، بەڵام دیارە زۆر شوورەیی بوو واز لەو
ارە بهێنم و بەشکاوی بگەڕێمەوە. مەسەلەکەش ئاساییە لێرە نەژادپەرستی و
جیاکردنەوەکە هەیە، بۆیە دەبێ بەگوێرەی توانا بەسەر ئەو نەخۆشییەدا زاڵ
م.
بۆیە بڕیارم دا سواری یەکەم ترێن بم کە بەرەو بریتوریا بڕوات.
بەیانییەکەی نامەیەکی درێژم بۆ سەرۆکی هێڵەکانی ئاسنی نووسی، ئەوەشم
یە بەڕێز عەبدوڵڵا راگەیاند، ئەویش یەکسەر لەگەڵ بەرپرسانی هێڵەکە قسەی
کردبوو، بەڵام هیچ وەڵامێکی بۆ کاری فەرمانبەرەکەی نەبوو، کێشەکەش بەوە
برایەوە و بەڕێز عەبدوڵڵا هەندێ ئاسیار و بازرگانی هیندی راسپاردبوو لە
مارتزبرج بێنە پێشوازییم. ئەوانیش دڵیان دامەوە و گلەیی دڵی خۆیان لەو
رەوشەدا هەڵڕشت و وتیان ئەوەی بەترێن گەشت بکات، ئینجا لە شوێنی پلەی
یەکەم یان پلەی دووەمیش بێت رووبەڕووی بەدڕەوشتی فەرمانبەرانی هێڵەکە،

یان خەڵکە پێستسپییەکان دەبێتەوە و ئەوەش ئاساییە. ئیتر ئەو ڕۆژە چیرۆکی وا بەژانم زۆر بیست. ئێوارەکەی ترێنەکە هات، شوێنی تایبەتییان بۆ من گرتبوو، بلیتەکەم ئەوجارە بەتانییەکەشی لەگەڵدا بوو، کە سەرەتا لە دربان قبووڵم نەکردبوو بۆم بکڕن.

بەرەو شاری شارلز تاون سواری ترێنەکە بووم.

## زۆرترین ئاستەنگ

بەیانییەکەی ترێنەکە گەیشتە شارلز تاون. لەو دەمانە ترێن لەنێوان شارلز تاون و جوهانسبرگدا نەبوو، دەبوایە بەعارەبانەی ئەسپ برۆیت، کە شەوەکەی لە ستاندرتون دەوەستا، منیش بلیتی عارەبانەکەم پێ بوو، ئەگەرچی من رۆژێکیش دواکەوتبووم، بەڵام بلیتەکە نەسووتا، چونکە بەڕێز عەبدوڵلا بروسکەیەکی بۆ وەکیلی کۆمپانیای گالێسکەکان لە شارلز تاون کردبوو.

کاروانچییەکە دەیویست بڵێت بلیتەکەت ناخوات و سووتاوە، یان دەیوت جێگە نییە، بەڵام من خۆم لەو توند کرد و بیانوەکەم نەهێشت، ئینجا وتی تۆ کەسێکی بێگانە و مەلەوەن (رەنگپێست)ی و ناکرێ لەگەڵ سپیپێستەکان لەیەك ریز دابنیشیت. پێشەوەکەش شوێنی دوو کەس دەبوو، یەکیان بۆ لێخوڕەکە و دووەمیشیان بۆ کاروانچییەکە بوو، بۆیە دووەمیان هاتە پشتەوە و منیان لە پێشەوە داناز دەمزانی ئەوەشیان زوڵم و ریسوایی بوو، بەڵام قسەم نەکرد، نەدەکرا لاملی بکەم، چونکە ئەوان منیان جێدەهێشت و دەمامەوە، ئیتر رۆژێکم لە کیس دەچوو، خوداش دەیزانی بەیانی چ چاوەڕوانم دەکات، بەتووڕەییەوە لەتەنیشت عارەبانچییەکە لەپێشەوە دانیشتم.

کاتژمێر سێ عارەبانەکە گەیشتە باردیکوف. کاروانچییەکە بۆ جگەرەکێشان هاتە شوێنەکەی من و پارچە پەڕۆیەکی وەرگرت لەسەر جێگای پێدانانی سواربوونەکەی دانا و بەمنی وت، تۆ لێرە دانیشە، من لە شوێنەکەی تۆ دەبم. منیش بەوەیان زۆر تووڕە بووم، وتم سەرەتا تۆ منت لەپێشەوە دانا، ئێستاش

لەوێش دەرمدەکەیت. هەر کە ئەو قسانەم لەگەڵ کرد، ئەو بەهەموو هێزێکییەوە یەک شەقی لەبن گوێم دا، قۆڵی گرتم و دەیویست رامکێشێت، منیش خۆم توند بەستوونە مسەکەی عارەبانەکە گرتبوو، زۆریش نەمابوو قۆڵم لەبنەوە هەڵکێشێت، هەموو نەفەرەکانیش چاویان لێ بوو کە چۆن کاروانچییە ریسوام دەکات، بۆیە یەکێکیان دڵی بەبەستەزمانی و بەلاوازی من سووتا و هاواری کردە سەر کابرا و وتی: ئەو هیچ هەڵەی نەکردووە و حەقی خۆیەتی، ئەگەر لەوێش جێگای ناکەیتەوە با بێتە ناو قەمەرەکە و دابنیشێت و لەناو ئێمەدا بێت.

ئەویش هاواری کرد و وتی: من هەرگیز ئەوە قبووڵ ناکەم. بەڵام ئەو بەو قسان کەمێک شەرمی کرد و دەستی لە لێدانی من هەڵگرت، دەستی بەردام و دەستی بەجنێودان کرد.

عارەبانەکە بەخێرایی دەرچوو، منیش زۆر دەترسام بەسەلامەتی ئەو کاروانە نەگاتە سەر، بەڵام کابرا بەتوورەییەوە هەر سەیری دەکردم و دەیوت لەسەرە راوەستە با بگەینە ستاندرتون. منیش بێدەنگ لە شوێنەکەی خۆمدا دانیشتبووم.

کە گەیشتین، لەوێ ژمارەیەک هیندییم بینی، ئەوانەی هاتبوونە پێشوازیم لەوێ بوون، بەوەیان هەناسەیەکم هاتەوە بەر. ئەوان وتیان: لەسەر داوای بەڕێز دادا عەبدوڵڵا وەک لە بروسکەکە داوای کردبوو، ئێمە تۆ دەبەینە نووسینگەی بەڕێز عیسا حاجی سومار. بەو قسانە زۆر دڵم خۆش بوو، ئەوانیش لەوێ لێم کۆبوونەوە و منیش سەربردەکەم گێڕایەوە، ئەوانیش پاش ئەوەی خەمی زۆریان بۆ من خوارد سەربردەی زۆری هەمان شێوەیان بۆم گێڕایەوە.

لەوێ داوایەکم لەسەر کابرای کاروانچی لەلای بەرپرسی نووسینگەی گالیسکەکان پێشکەش کردبوو. ئەویش بۆ تەواوکردنی گەشتەکەم موژدەی

ئەوەی پێدام کەوا ئەو سواری عارەبانەیەکی گەورەتر دەبێت، کابراکەش گۆڕاوە، ئیتر لەناو قەمەرەکەش دادەنیشیت و کەسیش ریسوات ناکات. ئیتر دیمەنی ریسواکردنەکە بەوەندە کۆتایی هات و شکایەتیشم نەکرد.
لە شوێنێکی ئارامی ناو عارەبانەکە بەیانییەکەی بەسەلامەتی گەیشتمە جوهانسبرگ.
ستاندرتون گوندێکی گچکە بوو، بەڵام جوهانسبرگ شارێکی گەورە بوو، لەوێ هاوڕێیەکان ناو و ناونیشانی کۆمپانیاکەی بەڕێز محەمەد قەسام قەمرەدینیان دامێ، ئەوانەی لە وێستگەکە هاتبوونە شوێنم نەمدۆزینەوە، بۆیە چوومە هوتێل، بەڵام خاوەن هوتێلەکە کە سەیری هەندامەکەی منی کرد، وتی ببوورە شوێنمان نییە، بۆیە بەناچاری سواری عارەبانەیەك بووم بەرەو نووسینگەکە و لەوێش بەڕێز عەبدولغەنی بەگەرمی پێشوازی کردم. کە زانی من ویستوومە بچمە هوتێل هەموویان بەپێکەنینەوە وتیان: تۆ چۆن بیرت لەوە کردیتەوە کەوا لە هوتێل شوێنت بدەنێ؟ منیش پرسیم بۆ؟ ئەوانیش وتیان با چەند رۆژێك لێرە بمینێتەوە دەزانیت. هەر ئێمە دەتوانین لەو وڵاتەدا بژین، ئێمەش مەبەستمانە پارە پەیدا بکەین، بۆیە بەرگەی ئەو نیهانانە دەگرین. ئیتر ئەوان چیرۆکی زۆریان گێڕایەوە، کە چۆن و بەچ شێوەیەك مامەڵەی هیندییەکان دەکەن.
بەڕێز عەبدولغەنی وتی:
_ئەو وڵاتە بەکەڵك ژیانی خەڵکی وەك تۆ نایێت، هەر بەیانی بەرەو بریتوریا برۆ. لێرە هیندییەکان تەنها بۆیان هەیە لە پلەی سێیەمی ترێنەکان سواربن، بۆیان نییە لە پلەی یەکەم و دووەم دانیشن. لە ترانسفال لە ناتالیش پیسترە.
_دیارە ئێوە کۆشش ناکەن ئەو رەوشە بگۆڕن.
_چەند جارێکیش نوێنەرمان سەردانی کردوون، بەڵام هیچمان بۆ نەکراوە.

که سەیری یاساکانی هێڵی ئاسن و لیستەکانم کرد، مەسەلەکان روون نەبوو، لە زمان و دەربڕینەکانی تەشریعی ترانسفالی بەڕوونی باسی ئەو مەسەلانە نەکراوە، بەڵام من سوور بووم لەسەرئەوەی بەترێن گەشتەکەم تەواو دەکەم و دەبێ لە پلەی یەکەمیش بلیت بڕم، سەردانی بەرپرسی وێستگەکەم کرد کەوا من پارێزەرم و گەشتەکەم دەبێ دوا نەکەوێت، بۆیە دەمەوێ بەترێن بڕۆم و پلەی یەکەمیشم دەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی من جلی ئینگلیزییم لەبەردابوو، پاڵتۆ و بۆینباخم بەستابوو، یەك پاوەندی زێڕیشم لەبەردەمی دانابوو، بۆیە پیاوەکە بەبزەییەکەوە وتی من ترانسفالیی نیم، من هۆڵەندییم، من هەست بەبۆچوونەکەت دەکەم، من بلیتەکەت پێ دەفرۆشم، بەڵام ئەگەر داوایان لێ کردیت بچیتەوە شوێنی پلەی دووەم یان سێیەم هاتوهاوار مەکە و منیش شەرمەزار مەکە، دوایی دەتوانی خۆت شکایەتی بکەیت، فەرموو ئەوەش بلیت و هیوادارم گەشتێکی ئارام بکەیت، چونکە بەڕاستی دەبینم پیاوێکی گەورەی لێوەشاوەیت. منیش سوپاسم کرد.

عەبدولغەنی لە وێستگەکە منی بەڕێ کرد، کە زانی من ئەو بەزمەم ناوەتەوە سەری سووڕما، بۆیەش بەئاگاییەوە وتی: هیوام وایە بەسەلامەتی بگەیتە بریتوریا، بەڵام دڵنیام کەوا کارمەندەکەی ناو ترێنەکە وا بەئاسانی کۆڵت بەرنادەن، ئەگەر ئەویش قسە نەکات، ئەوا نەفەرەکان رازی نابن.

لە جیرمیستۆن کارمەندەکە هات، کە منی بینی بەپەنجەی دەستی ئیشارەتی بۆ کردم کە بچمە سەر کورسییەکانی پلەی سێیەم، بەڵام من وتم حەقی خۆمە و هەڵناستم، ئەویش لە وەڵامدا وتی بلیتەکە قیمەتی نییە دەبێ هەڵبستیت و بچیتە دواوە. لەناو فارگۆنەکەش تەنها یەك پیاوی ئینگلیزی تێدا بوو، ئەو وتی: باشە تۆ ئەو پیاوە بێزار دەکەیت؟ نابینیت بلیتی پلەی یەکەمی پێیە؟ من

بەدانیشتنی ئەو لەناو ئەو فارگۆنەدا هیچ نارەحەت نیم. ئینجا پیاوە ئینگلیزەکە رووی لە من کرد و وتی: دانیشە لە شوێنی خۆت مەڕۆ.
کارمەندەکەش کردیە منگەمنگ و وتی: ئەگەر تۆ پێت ناخۆش نەبێت، ئەو گەشتت لەگەڵدا بکات، منیش خۆم نارەحەت ناکەم. ئینجا کابرا رۆیشت.
ترێنەکە سەعات نزیکەی هەشتی ئێوارە گەیشتە وێستگەی بریتوریا.

## ڕۆژی یەکەمم لە بریتوریا

بەیانییەکەی بۆ دیمانەی بەڕێز بیکر بەشداری نوێژکردنەکەی ئەوم کرد، ئەو منی بەخاتوو هاریس و خاتوو جاب و بەڕێز کوتس ناساند، هەموویان لە نوێژەکە کرنۆشیان برد، منیش وەك ئەوانم کرد، نوێژەکەش بریتی بوو لە سەلاوات و دوعاکردن بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان، هیواشیان خواست ڕۆژەکە بەسەلامەتی بەڕێوە بچێت و خوداش دڵەکان بۆ ڕووناکی ئیمان بکاتەوە.

هەمووش دوعایان بۆ دەکردم کەوا خودا هیدایەتی منی داوە و هاتوومەتە سەر ئایینەکەی ئەوان، نوێژەکەیان کورت بوو، هەر پێنج دەقەیەك دەبوو، موزیکی تێدا نەبوو. بەڕێز کوتس گەنجێکی بەوەفا و ڕاستگۆ بوو، زۆر باسی خوێندنەوە ئایینییەکانمان دەکرد، بەیەکەوە پیاسەی زۆرمان دەکرد، ئەو منی بەچەند کریستیانێك ناساند، ئەو کتێبی زۆری هەبوو، بەردەوام بۆ خوێندنەوە کتێبی دەدامێ، پاش خوێندنەوەیان دانوستانمان لەسەر دەکردن. زۆر لەو کتێبانە کاریگەرییان هەبوو، بابەتی باشیان باس کردبوو، بەتایبەتی بۆ ئیماندارە کریستیانەکان باش بوو، بەڵام لە چەند بەشێکیان تێندەگەیشتم، بەبۆچوونە قووڵەکانی ناو کتێبەکەی باتلر زۆر سەرسام بووم، ئەویش مەبەستی بوو مولحیدەکان بگێڕێتەوە سەر ئیمان، بەڵام دەلالەتی بوونی خودا لە کتێبەکە منی ڕازی نەدەکرد، من قۆناخی ئیلحادم دەرباز کردبوو، بەڵام بڕوام بەوە نەبوو کەوا مەسیح دەرخستەی یەکەم و تاکی خودایە و ئەویش پێناوی خەڵکەکە لەلای کردگار دەکات.

بەڕێز کوتس لەوانە نەبوو بەئاسانی تەسلیم بێت، زۆریش منی خۆشدەویست، کە جارێکیان منی بینی کە ملوانکەیەکی خوداوەند فیشنوی دروستکراو لە

موری ڕەیحانەم لە ملە، زۆری لەلا سەیر بوو، چونکە ئەو وایدەزانی ئەوە ئەفسانەیە و هیچ مانایەکی نییە، بۆیە وتی:

_ئەوە چییە لە ملت بکەوە با وردی بکەم، ئەوەیان لەگەڵ تۆدا ناگونجێت.

منیش لە وەڵامدا وتم:

_ئەوەیان زۆر پیرۆزە دیاری دایکمە.

_تۆ بڕوات بەو خوارافاتانە هەیە؟

_بەڕاستی بەها شاراوەکەی نازانم، وادەزانم ئەگەر لە ملیشم کردەوە ڕەنگە هیچیشم بەسەر نەیێت، بەڵام لەبەرئەوەی دیارییەکی پیرۆزی دایکمە ناتوانم لە ملی بکەمەوە، چونکە ئەو بڕوای وابوو ئەو ملوانکەیە خێرم بۆ دێنێتە پێش، بۆیەش ڕێگای کەس نادەم بەنیازی خراپە دەستی بداتێ، بەڵام ئەگەر ئەوەیان لەناوچوو و کەڵکی نەما و فەوتا بڕوا ناکەم یەکێکی تر بکڕمەوە.

ئەو بەهیچ شێوەیەك تەقدیری پابەندبوونی منی بەو ملوانکەیە نەدەکرد، هەروەها تەقدیری ئایینەکەی منیشی نەدەکرد، ئەو لە نیگای ئەوپەڕی نەفامییەوە لەو مەسەلەیەوە سەیری منی دەکرد، بۆیەش دەیویست بەو ڕوانگەیەوە ڕاییم بکات، بەبێ ئەوەی بایەخ بەوە بدات کەوا ئایینەکانی تریش بەشێك لە ڕاستەقینەیان تێدایە، کەوا من هەتا نەبم بەکریستیان، کە برتییە لە ڕاستەقینەیێکی ڕەها من دەربازم نابێت. هەموو گوناحەکانی منیش بەشەفاعەتی مەسیحیش نەبێت چارەسەر نابێت، هەموو کارە باشەکانیشم سوود و مانایەکی نابێت ئەگەر من بڕوا بەئایینی کریستیان نەهێنم. لەگەڵ بەڕێز کوتس زۆر کەسم ناسی، لەوانەی خۆیان بەکریستیانە دڵسۆزەکان دەزانی، کە یەکێکیان لە تایفەی براکانی بلایموپ بوو. لەگەڵ ئەوانە هیچ کێشەیەکم نەدەهاتە پێش، بەڵام ڕۆژێکیان لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی ئەو تایفەیە کەوتینە دانوستان، کە من خۆم بۆی ساز نەکردبوو، ئەو بەمنی وت:

تۆ جوانییەکانی ئایینەکەی ئێمە نابینیت، ئەوەی من لەسەر تۆم بیستوە، دەڵێن تۆ هەموو ساتێك بیر لە هەڵە و گوناحەکان دەکەیتەوە، بۆیەش کۆشش دەکەیت ڕاستیان بکەیتەوەو هەر بیریش لەوە دەکەیتەوە، ئیتر لەو بازنەیەدا

چۆن دەگەیتە کۆتایی و ئارام دەبیت؟ بۆیەش دەڵێم ئەو خەڵکە هەموو هەڵەن، لەولاشەوە سەیرکە ئایینەکەمان چەند تەواو و سازە، ئەوە نەبێت ئەوانی تر سوودی نییە، بەڵام ئێمە دەرئەنجام دەربازمان دەبێت، نازانم چۆن دەتوانین بەرگەی گوناحەکان بگرین؟ بۆیەش ئەوانە هەموو دەکەینە ئەرك بەسەرشانی مەسیحەوە، ئەویش کوڕی کردگارە کە هەرگیز نازانێت هەڵە چییە. ئەویش فەرموویەتی ئەوانەی بڕوایان بەمن هێناوە ژیانی ئەبەدییان هەیە و رەحمەتی رەهای خودایان بەسەرەوەیە. لەبەرئەوەی بڕوامان وایە کەوا مەسیح هەڵەکانم دەشواتەوە و دوورمان دەکاتەوە. کەسیش لە گوناح دەربازی نابێت، هەموو گوناحمان هەیە. بۆیەش مەسیح ژانی زۆر هەبووە و هەڵەکانی هەموو بەشرییەتی سڕیوەتەوە، ئەوانەی رێزی قوربانییە مەزنەکەی ئەو دەگرن و دەکەونە بەر ئارامییەکی سەرمەدی. بیر لەو ژیانە بکەرەوە کە پڕیەتی لە نیگەرانی، بەراوردی بکە لەگەڵ ئێمەی کریستیان کە ژیانمان ئاسوودەیە.

ئەو هەموو قسانە نەیتوانی من رایی بکات، منیش بەسادەییەوە وتم: تۆ ئەوەت پێ راگەیاندم کەوا کریستیان چییە و ئەوانەی ئیماندارن چۆنن، بەڵام ناتوانم بڕوای پێ بکەم. من داوا دەکەم لە دەرئەنجامەکانی هەڵەکانم دەربازم بێت، یان هەر لە هەڵەکانم دەربازم بێت، تا ئەوەیە من دەگەمە ئامانجەکەم، با هەر نیگەران بم.

ئینجا پیاوەکە وتی: من وادەزانم تۆ بیرێك لە خۆت بکەرەوە، تۆ هیچ چارەی ترت نییە، ئەوە نەبێت.

## پەیوەندییەکانم لەگەڵ هیندییەکان

وەك چۆن دادا محەمەد لە ناتاڵ ناو و پێگەیەکی هەبوو، بەڕێز تەیب حاجی خانیش لە بریتوریا ڕێزی زۆری هەبوو، من لە هەفتەی یەکەمی مانەوەم بەڕێز تەیبم ناسی، من پێم وت حەزدەکەم لەگەڵ هیندییەکانی ئێرە هاموشۆیان بکەم، دەمەوێ لە ڕەوشیان بکۆڵمەوە، بۆیەش داوای یارمەتییم لەو کرد، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی دەربڕی.

هەنگاوی یەکەم لەماڵی بەڕێز حاجی محەمەد حاجی جوساب لەگەڵ ژمارەیەك هیندی تایفەی میمان کۆبووینەوە کە زۆربەیان بازرگان بوون، هەر لەو دیمانەیەدا ژمارەیەك هیندۆس هاتبوون، لەوێ یەکەم لێدوانم لە ژیانمدا پێشکەش کرد، باسی ڕاستگۆییم لەکاتی کارکردن بۆ کردن، بازرگانەکانیش دەیانوت ناکرێ لە ئیشی بازرگانی ڕاستگۆبین، منیش بڕوام بەو قسەیە نەکرد و ئێستاش بڕوام بەو هەڵوێستە نییە کە دەڵێن ڕاستگۆیی و بازرگانی کۆناکرێنەوە، کە دەڵێن کارکردن مەسەلەیەکی دنیایی رووتە و ڕاستگۆییش مەسەلەیەکی ئایینییە. من لە وتارەکەم جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا ئێوە بەژمارەیەکی کەم لەو وڵاتە بێگانەیەدا دەژین واباشە ببنە نموونەی جوان و باشی ملیونەها کەسی وڵاتەکەتان.

من هەستم بەوە کردبوو کەوا ڕەوشتی هیندییەکان لەگەڵ ئینگلیزەکان وەك یەك نەبوو، بۆیەش ئاماژەم بەوە کردبوو، جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا هەموو فاکتەرەکانی جیاوازی نەژادی نێوان هیندییەکانی هیندۆس و موسڵمان و

پارسییەکان و کریستیانەکان و جوجراتییەکان و مەدراسییەکان و بنجابییەکان و کاشمییەکان و سوراتییەکان نەبێت، پێشنیارم کرد کۆمەڵەیەکتان هەبێت بۆ پەیوەندی نێوان رەوەندی هیندی و دەسەڵاتدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان، منیش بەڵێنم دا هەموو جۆرێك هاوکارییان بکەم.

وتارەکەم خەڵکەکەی وروژاندبوو، هەندێکیان باسی رەوشی خۆیان گێرایەوە، ئەوەش جۆشداری دەکردم، هەستم دەکرد کەوا تەنها ژمارەیەکی کەمیان زمانی ئینگلیزییان دەزانی، منیش ئامادەییم نیشان دا ئەوەی دەیەوێ ئینگلیزی فێربێت من یارمەتی دەدەم. سێ کەس بۆ ئەو مەبەستە و لەو دەمانەی بواریان دەبێت ئامادەبوون من دەرسیان پێ بدەم. بۆیەش من لەسەر ئیشەکانیانەوە سەردانم دەکرد، کە بواریان دەبوو من دەرسم پێ دەوتنەوە، بەو هەشت مانگەی من سەردانم کردن، دوو لەوانە زمانەکەیان باش ببوو، دیارە لە ئیشەکانیشیان قازانجیان کردبوو. دیمانەکانم بەردەوام بوو ئازادانە دانوستانم دەکرد، من هەموو هیندییەکانی بریتوریام ناسی، دەمزانی کێشەیان چییە، بەوەش من توانیم متمانەکاری سیاسی بریتانی بەڕێز جاکوب دی ویت بناسم، ئەویش لەگەڵ هیندییەکان هاوسۆز بوو، منی ئازاد کردبوو هەردەمێك بمەوێت سەردانی بکەم. دەزگای هێڵەکانی ئاسنی ترێنم ئاگادارکردەوە کەوا کۆتی گەشتی سەر هیندییەکان سووک بکەن. ئەو مەرجانەی بۆ گەشتەکانیان دانراوە هیچ بیانوویەکی نییە، دەرئەنجام وتیان ئەگەر هیندییەکان بەهەندامی جوان و شایستە بێنە ناو ترێنەکان دەتوانن لەسەر کورسییەکانی پلەی یەکەم و دووەم دابنیشن. بەپێی ئەو بەڵگەنامەی بەڕێز تەیب دابوویە من دیاربوو کەوا حکوومەتی ئورانجی ئازاد لەگەڵ هیندییەکان باش نییە، ئیتر من کۆششم بۆ چاکسازییەك کرد و ئەو ئەزموونەش بۆ دواڕۆژی من بەسوود بوو.

## هەستت چییە کە تۆ کەسێکی قولی؟

بەپێی یاسای تایبەت بەهیندییەکان کە لە ساڵی ١٨٨٨ لە دەوڵەتی ئۆرانجی ئازاد دەرچووبوو، دەبوایە هیندییەکان تەنها لە پیشەی خزمەتکاری ئیش بکەن، بازرگانەکانیش دەتوانن بەقەرەبوویەکی کەم ئیش بکەن، هەرچەند کۆششیان بۆ چاکسازی کردبوو سوودی نەبوو.
لە ساڵی ١٨٨٥ یاسایەکی توند لە ترانسفال دەرچووبوو، بەڵام هەندێ بڕگەی هەموار کرابوو، کە تێدا هیندییەکان بۆ هاتنە ناو ترانسفال دەبوایە باجی سێ پاوەندی بدەن، هیندییەکانیش ناتوانن موڵك بکڕن. ئەوە یاساییەك بوو تایبەت بەهەموو ئاسیاییەکان، بەڵام یاسای مەلەوەن (ڕەنگپێست)ەکانیشیان لەسەر دەچەسپا، کە تێدا هیندییەکان ناتوانن لەسەر شەقامەکاندا بڕۆن، بەبێ مۆڵەت ناتوانن پاش سەعات نۆی شەو بێنە دەرەوە، بەڵام ئەوەیان بۆ هیندییە عەرەبەکان کەمێك ئاسانکاری تێدابوو، ئەوەش بەئارەزووی پیاوانی پۆلیس بوو ئەگەر ڕێزپەڕییەك بکەن.
کە من لەگەڵ بەڕێز کوتس دەردەچووم هەتا سەعات دەی شەویش دەمامەوە، بۆیە ئەو لەبەر من لە پۆلیس دەترسا، دەکرا پسوولەیەکی خزمەتکاری بۆ من بکات، بەوەش دەمتوانی هاوشانی ئەو بڕۆم، بەڵام ئەو چۆن ئەوەم بۆ بکات، ئەگەر ئەوەشی کردبوایە ئەوە بەفێڵ حیساب دەکرا.
بەڕێز کوتس منی گەیاندە لای نائیبی گشتی، دکتۆر کرۆس ئەویش وەك من ئەندامی کۆمەڵە یاساییەکە بوو، بەڵام نەیدەتوانی شتێکم بۆ بکات کەوا من

دەتوانم شەوانە پاش سەعات نۆ لە دەرەوە بمێنێمەوە، بەڵام دەرئەنجامی نامەیەکی بۆ پۆلیس بۆ نووسیم، کەوا من دەتوانم شەوانە لە دەرەوەی ماڵەوەش بمێنێمەوە. منیش بەردەوام ئەو نامەم هەڵگرتبوو. لەگەڵ کرۆس دۆستایەتییمان پتەو دەبێت، لە ماڵەکەی سەردانم دەکرد، بەو دۆستایەتییە توانیم برایەکی کە سەرۆکی دادگا بوو لە جوهانسبرگ بناسم. ئەوەش بۆ ژیانی گشتییم سوودی هەبوو.

ماڵەکەی ئەو لە گەڕەکێکی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو، پۆلیسێک پاسەوانی ماڵەکەی دەکرد، رۆژێکیان پۆلیسەکە گۆڕابوو، ئەو منی نەدەناسی، بۆیە بەبێ قسەکردن و پرسیارکرد یەکسەر منی لەسەر شەقامەکە دەرکرد و ریسوایەکی زۆری کردم، لەودەمانەش بەڕێز کوتس لەسەر ئەسپەکەوە منی بینیبوو، بۆیە بەهانمەوە هات. ئەو وتی من رەفتاری پۆلیسەکەم بینی، ئەگەر شکایەتی لێ دەکەیت من شاهیدیت بۆ دەدەم. منیش وتم من شکایەت ناکەم پۆلیسەکان هەموو مەلەوەن (رەنگپێست)ەکان بەیەک چاو سەیر دەکەن. من بڕیاریشم دابوو لەسەر خۆم و بۆ بەرژەوەندی تاکی خۆم شکایەت لە کەس ناکەم. پاش ئەو رووداوە نەوەک دووبارە کەسێکی تر ریسوام بکاتەوە، رەنگە دەستیشم لێ بوەشێنێت، بۆیە بڕیارم دا چیتر من لەسەر شەقامەکە نەڕۆم و بوارێکی لاچەپێ بۆ خۆم دۆزیەوە. ئیتر من لەو رۆژەوە پاش لەوە تێگەیشتبووم کەوا هیندییەکان رەوشیان زۆر نایاساییە و ئەزموون و رووداوی زۆرم بیست کە زۆر ناڕەحەتیان دەکردم، بەڵام کاری سەرەکی من و مەبەستی هاتنی من ئەو گەشتە بۆ بەشداربوونم بوو لە دۆسیەکەی بەڕێز دادا عەبدوڵڵا.

## خۆئامادەکردنم بۆ دۆسیەکە

باشترین ساڵی پڕ ئەزموونم ئەو ساڵە بوو کە لە بریتوریا مامەوە. لەوێ باش لە ئەزموونی خزمەتکردنی گشتی راهاتم، رۆحی ئایینم زۆر زیندوو بوو، باشیش لە کارەکانی پارێزەریی تێگەیشتم، هەروەها ئەوەش فێربووم کەوا پارێزەری نوێ چ لە پارێزەرە کۆنەکان فێردەبن، زانیم نهێنییەکانی سەرکەوتنی پارێزەری چییە.

دۆسیەکەی بەڕێز دادا عەبدوڵڵا گەورە بوو، کە تێدا داوای چل هەزار پاوەندی دەکردەوە، چەندین حیساباتی ورد و ئاڵۆزی تێدا بوو. پارێزەری هەردوولایان پارێزەری باش بوون، لە ئاکامی سازییەکان بۆ دۆسیەکە فێری رێکخستنی بەڵگەکان بووم.

من بۆ دۆسیەکە زۆر بەجۆش بووم هەموو کاتەکانی خۆم بۆی تەرخانکردبوو، بۆیەش هەموو سەرەتاییەکانی کاری بازرگانیم خوێندەوە، لەبەرئەوەی موکیلەکەم زۆرزان بوو، زۆریش بڕوام بەمن هەبوو، بۆیەش من جۆشم بۆ دۆسیەکە گەرم بوو، ئەوەش کارئاسانی بۆ دەکرد، بەوەش ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی خوێندنەوەی دۆسیە یاساییەکانی پەیوەست بەوە بووم. من فەرموودەیەکی کۆچکردوو بەڕێز بینکتم بەبیردەهاتەوە کە دەیوت: وقائیعەکان سێ بەشی یاساکەیە.
پاش ئەویش کۆچکردوو بەڕێز لیونارد کە پارێزەرێکی ناسراوی ئەفریقیای باشوور بوو، ئەویش ئەو فەرموودەیەی پەسەند کردووە. جارێکیان لە

دۆسیەکەدا کە زانیم داد لەگەڵ موکیلەکەمە و یاساش دژیەتی، بۆیە پرسم بەلیونارد کردبوو؛ ئەویش کە بەچاوی خۆی راستییەکە دەبینێت، بۆیە لە وەڵامدا وتی: غاندی ئەوە باش بزانە کەوا ئێمە بایەخ بەوقائیعی دۆسیەی دەدەین و یاساش بایەخ بەخۆی دەدات، بۆیە با باش شرۆڤەکان بکەین. من زۆرتر چوومە ناو دۆسیەکە، دەرئەنجام دەرکەوت مەسەلەکە بەپێچەوانەیە، بۆیە گەڕامەوە لای لیونارد و مەسەلەکەم تێگەیاند. ئەویش وتی: باشە، کەواتە دۆسیەکە دەبەینەوە، بەڵام دەبێ رەچاوی ئەو قازییەش بکەین کە دۆسیەی وەردەگرێت.

لەکاتی ئیشکردنم لە دۆسیەکەی بەڕێز دادا عەبدوڵڵا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەوا هەموو راستییەکان لە قازانجی ئێمەیە و بردنەوەمان مسۆگەرە، بەڵام دەرئەنجام هەردوولا زیانیان لێ دەکەوێت، ئەوان هەردوولا خزمن، هاوشارین. رەنگە داواکەش ماوەیەکی زۆری لە دادگا بوێت، بۆیەش هەردوولا قازانج ناکەن، جا ئەگەر گرێیەکە یەکسەر و بەخێرایی لەنێوان خۆیاندا بکەنەوە قازانجی هەردووکیانە. ئامۆژگاری بەڕێز تەیبم کرد کەوا با نێوانیان بکەین، با پرسیش بەپارێزەرەکەش بکات. ئەگەر دۆسیەکە لە دادگا بمێنێتەوە پارێزەرەکە زۆرتر ئیشی تێدا دەکات، کاتی زۆرتری دەوێت، پارەی زۆرتریان دەچێت، لەودەمانەش رق و قینی نێوانیان ئەستوورتر دەبێت، دیارە کەوا کەسی براوە هەموو پارەکانی وەرناگرێتەوە، چونکە زۆری بەرسومات و باجەکان دەڕوات، بۆیە کۆششی زۆرم کرد کێشەکەیان لەنێوان خۆیاندا بۆ چارەسەر بکەم. خەڵکی میمانی بوربانداوی ئەوانەی لە باشووری ئەفریقیا دەژین، مردنیان پێ باشتر بوو لە ئیفلاسبوون، بۆیەش باشترین رێگاش بۆ گەڕانەوەی پارەکەی بەڕێز تەیب گێڕانەوەی قەرزەکە بوو، ئەگەر بەقیستی ساڵانەش بێت. ئیتر هەردوولامان بەو چارەسەرییە رازی کرد، بەوەش ئەوانیش

لەناو خەڵکەکە خۆشەویستتر بوون، منیش بەوەیان دڵم زۆر کامەران بوو، بەوەش راستی پیشەی پارێزەری تێگەیشتم، باشتر باشییەکانی هەناوی بەشرییەتم دۆزییەوە، زۆرتر لەو ناخەدا چوومە ژوورەوە، پارێزەریش چاکسازییە لەنێوان دوو لایەنی ناکۆك، ئیتر ئەو دەرسە لە مێشکمدا چەقی، کە لە ماوەی بیست ساڵی پارێزەرییم مەسەلەکانم وا ئاسایی دەکردەوە و سەدان کێشەم براندۆتەوە، بەوەش من هیچ زیانم بەرنەدەکەوت و خۆشم هەرگیز نەدۆڕاند.

## تەنگژە ئايينييەكان

لەو بەشەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەزموونەكانم لەگەڵ هاوڕێیە كریستیانییەكانم بەڕێز بیكر لەسەر رەوشی من زۆر نیگەران بوو، بۆیە منی بردە كۆنگرەی كریستیانەكان لە ویلنجتون كە بەمەبەستی رۆشنگەری ئایینی دەگیرا، ئەویش دڵنیابوو كەوا ئەوەی بچێتە ئەو كۆنگرەیە و شكۆیە ئایینییەكە ببینێت دەبێتە كریستیانی. ئەو هیوای زۆر بووە بەدوعای نوێژەكان، من دڵم بەرەو كریستیان دەكرێتەوە. منیش بەوم دەوت هەر دەمێك دڵم بۆ ئەو ئایینە كرایەوە یەكسەر پێت دەڵێم، چونكە من بەدوای دەنگی ویژدانمدا دەچم، زۆریش بەو دەنگەی ناخم دڵم خۆش دەبوو، بەڵام هەرگیز گوێم لێی راندەگرت.

بەرەو كۆنگرەكە بەڕێ كەوتین، بەڕێز بیكر لەسەر من زۆر تووشی گێچەڵ دەبوو، چونكە كەسێكی مەلەوەن (رەنگپێست)ی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، پاش دانوستانێكی زۆر بەڕێوەبەری هوتێلەكە رازی بوو منیش لەو هوتێلە دابەزم، بەڵام رازی نەبوو من لە سالۆنی رێستورانتەكەیان نان بخۆم، بەڵام بیكر بەئاسانی تەسلیم نەبوو، هەستم دەكرد ئەو چەند كۆششكار و نیگەران بوو. لەو كۆنگرەدا كریستیانە رەسەنەكان ئامادەبوون. لەبەر من نوێژیان دەكرد، بەڕاستی هەندێ لە سەڵاواتەكانیان لەبەر شیرینەكەی كەوتبووە بەر دڵم. لەوی سێ رۆژ ماینەوە، خەڵكەكە زۆر بەڕێز و بەئەدەب بوون، بەڵام من هیچ فاكتەرێكم نەدۆزییەوە ببمە كریستیان، كە بۆچوونەكانی خۆشم بەوان دەوت، زۆریان لا سەیر بوو، ئیتر من زۆر بڕوام بەخۆم هەبوو.

كێشەی یەكەمی من ئەوەبوو كەوا من نەمدەتوانی بڕوا بكەم لەوەی كە مەسیح كوڕی كردگارە، رۆحی ئەویش لەو بەرجەستەیە، ئەوانەی بڕواش بەو دەهێنن

هەر ئەوانە ژیانیان سەرمەد دەبێت. خۆ ئەگەر خودا دەتوانێت کوڕێکی هەبێت، ئەوە هەمووومان دەبینە کوڕی ئەو، ئەگەر مەسیحیش خوداکەبێت، ئەوا ئێمەش وەك ئەو خودایین، بڕواشم نەدەکرد مەسیح خۆی کردووتە قوربانی هەڵە و گوناحەکانی خەڵکەکە، بەڵام ئەگەر مەسەلەکان بەمەجازییەوە سەیر بکرێت، ئەوا هەندێك راستی لەو مەسەلەیەدا دەدۆزینەوە، کریستیانییەت دەڵێت کەوا تەنها بەشر رۆحی تێدایە و هەموو بوونەوەرەکانی تر مردوون، واتە لەناوچوون و فەوتان دەگەیێنن، بەڵام من ئەوەم بەپێچەوانەوە دەبینی. دەکرا من ئەو بەچاوی شەهید، گیانفیدا و بێگەرد ببینم، بەڵام ئەوەم قبووڵ نەبوو کەوا مەسیح لە هەموو خەڵك کاملترە و لە بەشرییەت لەو چاکەخوازتر نەبووە. مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە عیبرەتە بۆ هەموو خەڵك، بەڵام ئەوەیان لەناو دڵم نەدەچەسپا و هیچ تەمومژێکی تێدا نابینم. رەوشتە چاکەخوازییەکانی پیاوانی کریستیان لەگەڵ رەوشتە جوانەکانی تری کەسانی باوەڕدار بەئایینی تر هیچ جیاوازییەکی تێدا نەبوو. لەڕووی فەلسەفییەوە بۆچوونەکانی کریستیانەکان لەگەڵ رامان و بڕوای ئایینەکانی تری جیاوازییەکی نییە، بەڵکو بڕوابوونی هیندۆسییەکان لە سەرووی کریستیانەکان بوو، تا دەگاتە رادەی قوربانیدان، بۆیەش هەرگیز نەدەگەیشتمە ئەو قەناعەتی ئایینی کریستیان لە سەرووی ئایینەکانی تر ببینم. ئیتر من ئەو رامانانەم بەهاوڕێیە کریستیانەکان رادەگەیاند، کە بەرگرییان لێ دەکرد، من قەناعەتم پێیان نەبوو. بۆیەش من ئایینی کریستیان و هیندۆسیشم قبووڵ نەبوو.

موسڵمانەکانیش کۆششیان دەکرد من بڕوا بەئایینی ئیسلام بهێنم. بەڕێز عەبدوڵڵا زۆر کۆششی دەکرد من زۆرتر بابەت لەسەر ئایینەکەیان بخوێنمەوە، ئەویش باسی گەورەیی ئەو ئایینەی بۆ دەکردم.

ئەو رامانەم بۆ رایشاندبای دەنووسی، نامەی زۆرم بۆ دەزگا ئایینییەکانی ئار هیند دەنووسی، جۆرەها وەڵامم دەست دەکەوت، لەوانە نامەکانی رایشاندبای زۆر باش بوون، دڵم بەوان دەکرایەوە، ئەو داوای دەکرد من زۆرتر هیندۆسییەت بخوێنمەوە و بەرگە بگرم، لە یەکێك لە نامەکاندا ئەو دێڕەی نووسیبوو: ئەگەر بەبێلایەنییەوە سەیری مەسەلەکان بکەیت، بۆت دەردەکەوێت کەوا هیندۆسیەت لە هەموو ئایینەکانی تر هزری پاك و قووڵی تێدایە.

دەقە وەرگێڕدراوەکەی جۆرج سالی قورئانم خوێندەوە، چەند کتێبی ترم بینی، نامەی زۆرم بۆ هاوڕێیەکانم لە ئینگلترا نووسی، ئەوان پێشنیاریان کرد کتێبی شێوازە باڵاکەی ئیدوارد میتلاند و کتێبی شرۆڤە نوێیەکەی ئەنجیل بخوێنمەوە، لەوێ سەرەتاکانی بڕوابوون بەهیندۆسییەتم دۆزییەوە. کتێبەکەی تۆلستۆی مەملەکەتی خودا لە ناخمەوە خوێندەوە و کاری زۆری تێکردم. هەموو ئەو کتێبانەی کە بەڕێز کوتس بەمنی نیشان دەدان بۆ رامانی سەربەخۆیی و رەوشتە قووڵەکان و راستگۆییەکان هەموویان وەك ئەو کتێبەسوودیان نەبوو.

خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێبە منیان بەئاراستەیەك برد کە هاوڕێیە کریستیانەکانم مەزندەیان بۆی نەبوو، ماوەیەکی زۆر درێژ نامەنووسینمان لەگەڵ ئیدوارد میتلاند هەبوو، هەتا ریشاندباش گیانی سپارد نامەمان لەنێواندا هەبوو، ئەو کتێبانەی ئەو بۆی دەناردم هەمووم دەخوێندەوە، زۆریش سوپاسگوزاری هاوڕێیە کریستیانەکانیش بووم کە هانی منیان دەدا گەشتی توێژینەوە ئایینییەکانم بەردەوام بێت، بەڵام ئەو رێگایەم نەگرتە بەر ئەوەی ئەوان دەیانخواست. هەرگیز ئەو رۆژانەشم لەیاد ناچێتەوە کە بەیەکەوە بەڕێمان کردبوو، دیارە کەوا زەمەن زۆری لە پەیوەندی جوان و رۆحانی بۆم هەڵگرتبوو.

## پێکەنینی قەدەرەکان

کە دۆسیەکە تەواو بوو، پێویستم بەمانەوەم لە بریتوریا نەما، ئیتر گەڕامەوە دربان، لەوێشەوە خۆم سازدەکرد بەرەو وڵات بگەڕێمەوە، بەڵام بەڕێز عەبدوڵڵا بەبێ ماڵئاواییکردن بواری نەدەدام بگەڕێمەوە، بۆیەش لەسەر شەرەفی من ئاهەنگێکی لە سیدینهام بۆ سازکردم.

لەوێ خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رۆژنامەیەك بووم، کە تێدا هەواڵێك لەسەر پڕۆژە یاسایەکی دەنگدانی هیندییەکانم خوێندەوە، کە هیندییەکان مافی دەنگدانیان نەبێت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان. دیارە نە من و نە ئەوانەی لە ئاهەنگەکە بوون ئەو هەواڵەیان نەبیستبوو، بۆیە منیش لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە لە عەبدوڵڵام پرسی، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئێمە ئاگامان لەو مەسەلانە نییە، تەنها ئەوانە دەزانین ئەگەر کاردانەوەیان لەسەر بازرگانییەکانمان هەبێت، ئایا دەزانیت کە هەموو بازرگانییەکانمان لەو حکوومەتە لەناوچوون، زۆریش ناڕەزاییمان دەربڕی هیچ ئاکامێکی نەبوو، ئێمە بەنەزانینەوە لاوازین، هەر ئەوەندەش سەیری رۆژنامەکان دەکەین تا نرخەکانی رۆژانەی بازاڕەکان بزانین. ئێمە سەرمان لە یاسادانان دەرناچێت، پارێزەرە ئەوروپییەکان ئەو چاوەن کە پێی دەبینین و ئەو گوێیەن کە پێی دەبیسین.

منیش وتم: ئەدی گەنجەکانتان ئەو هیندییانەی لێرە منداڵیان لەدایکبووە، لێرەش فێر بوون، بۆچی ئەوانە یارمەتیتان نادەن؟ ئەو بەنائومێدییەوە وەڵامی دامەوە: ئەوان خەمی حاڵی ئێمەیان نییە، بەڕاستی ئێمەش بایەخ

بەزانیارییەکان ئەوان نادەین، ئەوان کە بوونەتە کریستیان کەوتوونەتە بن دەستی پیاوە سپیپێستەکان، ئەوانیش لەبن دەستی حکوومەتن، بۆیە بیر لەوە دەکرێتەوە ئەوانە لە هیندیبوونیان نەشۆرێن، ئەگەرچی بوونەتە کریستیان بەڵام هەر هیندی ماونەتەوە، ناکرێ دەستبەرداریان بین. من لەسەر گەڕانەوە بووم، بۆیە بەبەڕێز عەبدوڵڵام وت: دەرچوونی ئەو یاسایە رەوشمان لێرە زەحمەت دەکات، ئەوەش دوا بزمارە لە تابووتەکەمان دەدرێت، بۆیەش دەبێ رێزی خودی خۆمان بگرین.

ئەویش لە وەڵامدا وتی: بەڕێز ئاسکومب یەکێکە لە پارێزەرە باشەکانمان، ئەوەك ئەندازیارەکەی بەنداوەکە دەنگی زۆرتر بهێنێت و ئەو بێ بەش بێت. ئێمە ناوی خۆمان بۆ هەڵبژاردن نووسی و دەنگمان بۆ ئەو دەدا، ئەوە راستی مەسەلەی دەنگدانەکەمان بووە، بۆیەش ئێستا یاسای دەنگدان بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە. باشە تۆ دەڵێیت چ، پێشنیارت چییە؟

خەڵکەکەش هەموو گوێیان لە دانوستانەکەی ئێمە گرتبوو، یەکێکیان وتی: دەزانی ئێمە چ بکەین؟ تۆ واز لەو گەشتە بهێنە و مانگێکی تریش لێرە بمینێرەوە، ئینجا هەموومان هاوشانی تۆ خەبات دەکەین.

بەڕێز عەبدوڵا پیاوێکی زۆرزان بوو، ئەو بەئامادەبوانی وت: من ناتوانم ئەو لە گەشتکردنەکەی پەشیمان بکەمەوە، دیارە ئێوەش ناتوانن رێگای گەشتی لێ بگرن، بەڵام ئێوەش لەسەر حەقن، با هەموومان بەیەکەوە داوای لێ بکەین بمینێتەوە، بەڵام دەبێ هەمووتان بزانن کەوا ئەو پارێزەرە و دەبێ هەموومان حەقی ماندووبوونەکەی بدەین.

من بەپێشنیارەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا بۆ پارەدانەکە دڵم توند بوو، بۆیە من قسەکانی ئەوم بڕی و وتم: من هەرگیز لە بڕی کاری گشتی پارە وەرناگرم، دەتوانم لەگەڵتان بمینێمەوە، ئەگەر توانیم ببمە خزمەتکاری

بەرژەوەندییەکانتان، بەڵام من هەموو ئامادەبوان ناناسم، ئەگەر هەمووتان بۆ هاوکاریتان دڵنیام دەکەنەوە، ئەوا من یەک مانگ دەمێنمەوە، بەڵام مەسەلەیەک هەیە پێویستە قسەی لێوە بکەم. من پارەی خۆم ناوێت، بەڵام بۆ ئەو ئیشە پارەمان پێویست دەبێت. ئێمە پێویستمان بەناردنی بروسکە دەبێت، دەبێ بڵاوکراوە چاپ بکەین، هەندێ گەڕان و سەردان بکەین. پێویستمان بەڕێنمایی پارێزەرەکانی ئێرەش دەبێت. هەندێ سەرچاوەی یاساکانی ئەو وڵاتەمان پێویست دەبێت، دیارە ئەوانەش پارەی دەوێت، دیارە کەوا ئەو کارانەش بەیەک کەسیش ناکرێت، بۆیە پێویستە چەند کەسێک خۆیان بۆ هاوکاری من تەرخان بکەن.

ئیتر بەدەنگی بەرزەوە هەموو وتیان: خودا گەورەیە، خودا رەحیمە، پارە دابین دەکەین، سەبارەت بەپیاویش، چ زۆرە پیاومان زۆرە، تەنها تۆ بڕیاری مانەوە بدە تەواو، هەموو شتەکانت بۆ سازدەکەین.

ئیتر ئاهەنگی ماڵئاوایی و بەڕێ کردنەکە بووە ئاهەنگی کارکردن. پێشنیارم کرد بەخێرایی خواردنەکە تەواو بکەن تا زوو بگەڕێینەوە ماڵەکانمان. پلانی هەڵمەتەکەم لە هزری خۆمدا داڕشت، لە لیستی ناوی تۆمارکراوی خەڵکە دەنگدەرەکانم کۆڵیەوە و بڕیارم دا مانگێکی تر بمێنمەوە.

ئیتر بەو جۆرە خودا ژیانی منی لە باشووری ئەفریقیا داڕشت و تۆی خەباتی لە پێناوی کەرامەتی نیشتمانیدا چەقاند.

## مانەوەم لە ناتالدا

لە ساڵی ١٨٩٣ بەڕێز حاجی محەمەد حاجی دادا سەرکردەی هیندییەکانی ناتال بوو، بەڵام بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئادەم دەوڵەمەندترین هیندی بوو، بەڵام ئەویش حاجی محەمەدی بۆ کاروبارە گشتییەکان ڕەپێش دەخست. لەماڵەکەی ئەو کۆبوونەوەیەک کرا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە پڕۆژە یاسای بێبەشکردن لە مافی دەنگدان. خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، لەوانەی لە ناتالیش لەدایکببوون، کە زۆربەیان هیندییە کریستیانەکان بوون، لەوانە بەڕێز پاولی وەرگێڕ لە دادگای دربان و بەڕێز سوبان جودفری بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانە تەبشیرییەکان. ئەوانیش کاریان بۆ ئەوە کردبوو ژمارەیەکی زۆری گەنجە کریستیانەکان بەشداری پێ بکەن.

زۆر لە بازرگانەکان بەشداربوون، خۆشیان پێیان سەیر بوو کەوا بەشداری پرۆسەیەکی خۆبەختکارانە دەبن، ئەوەش ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ ئەوان. لە ئەنجامی ئەو نسکۆیەی هیندییەکان ڕووبەڕوویان هاتبوو، هێڵی جیاوازییەکان لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند و مەزن و داماو و گەورە و خزمەتکار و هیندۆسی و موسڵمان و باسی و کریستیان و جوجراتی و سندی نەمابوو، بۆیە هەموو بەیەکەوە کۆششکار بوون بۆ خزمەتی وڵاتەکەیان.

پڕۆژەی یاساکە هەنگاوێکی لە ئەنجوومەن بۆ دەنگدان بڕیبوو، کە تێیدا ئەوە پەسەند بکرێت کەوا هیندییەکان شیاوی دەنگدان نین. من ڕەوشەکەم بۆ ئامادەبوان شرۆڤەکرد. یەکەم هەنگاو دەبوایە بروسکەیەک بۆ سەرۆک وەزیران ڕەوانە بکەم، تێیدا داوا بکەم دانوستان لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە ڕابگرن

بروسکەکەمان بۆ بەڕێز جۆن روبنسۆن نارد، یەکێکمان بۆ بەڕێز ئاسکومب وەك هاوڕێیەکی بەڕێز دادا عەبدوڵلاش نارد، سەرۆك زۆر بەپەلە وەلامی ئەنجوومەن ڕەداتەوە کە دانوستانەکە بۆ ماوەی دوو رۆژ رابگرن، بەوەش هەموومان دڵمان گەشایەوە.

ڕەشنووسی داواکەم بۆ ئەنجوومەن سازدەکرد، دەبوایە نووسینەکە سێ دانەی بۆ ئەنجوومەن و یەکێکی بۆ میدیا بێت. لەو سکالانامەیەدا بواری زۆرترین ئیمزامان دابوو، دەبوایە ئەو کارە هەر بەیەك شەو تەواوبێت، ئەوانەی زمانی ئینگلیزییان باش بوو شەوەکەی لەگەڵ مندا مانەوە. دانە ئەسڵییەکەی سکالانامەکە بەدەستخەتی بەڕێز ئارسەر نووسرا. بەو شێوەیە هەموو دانەکان ساز بوون، ئیتر بازرگانەکان خۆیان کەوتنە کار و چەندین گالیسکەیان بۆ ئیمزاکۆکردنەوە بەکرێ گرت و لەناو شارەکە بلاوبوونەوە، ئەوەش بەماوەیەکی خێرای کورت تەواوبوو، سکالانامەکەمان ناردە ئەنجوومەن، ئەوان بەبیانووی نەگونجاو وەلامیان داینەوە، بۆیەش یاساکەیان پەسەندکرد.

دیارە کەوا یاساکە زووتر ئیشی بۆ کرابوو، بەلام شۆڕشەکە بەردەوام و ساز بوو. خەڵکەکە بەڕۆحێکی گەرمەوە هاتنە مەیدانەکە، هەستیان دەکرد رەوەندی هیندی یەکپارچەیە و کۆشش دەکەن بەرگری لە مافە سیاسییەکان بکەن وەك چۆن بەرگریش لە مافە بازرگانییەکان دەکەن. لەو دەمانە لۆرد ریبۆن وەزیری موستعمەرەکان بوو، بۆیە دەبوایە سکالانامەیەکی دووروودرێژیش ئاراستەی ئەو بکرێت، بەلام ئەوەیان وا ئاسان نەبوو.

بۆ سازکردنی ئەو سکالانامەیە زۆر ماندوو بووم، چەندین کتێبێکم خوێندەوە. بەرگرییەکەم لەسەر هەڵوێستێك و بیانوویێك بوو، من وتبووم: ئێمە زووتر مافی دەنگدانمان لە ناتال هەبووە، وەك چۆن لە هیندیش جۆرێك لەو مافەمان هەبووە، بۆیە مافی رەوای خۆمانە ئەو دەسکەوتەمان لەکیس نەچێت. لە ماوەی

دوو هەفتەدا دە هەزار ئیمزامان کۆکردەوە، ئەو کارەش وا ئاسان نەبوو، خەڵکەکەی ئەو کارەیان دەکرد ئەزموونیان نەبوو، زووتر کاری وایان نەکردبوو، هەروەها مەرجی ئەوەشمان هەبوو ئەوەی دەیەوێ ئیمزا لەسەر داوا و سکاڵای بکات دەبێت لە ناوەڕۆکی داواکەش حاڵی بووبێت، لەبەرئەوەی گوندەکانیش دوور بوون، بۆیە خەڵاتەکە کۆششی زۆر ڕێزپەڕیان بۆ ئەو چالاکییە بەکاربردبوو. لەو کارەدا بەڕێز داود محەمەد و بەڕێز ڕۆستومچی و بەڕێز ئادامچی میاخان و عیماد جیفاش ئامادەبوون، ئەو دەمانەی من نووسینەکانم سازدەکرد، ئەوانەش ڕۆڵیان زۆر بوو لە وەرگرتنی زۆرترین ئیمزا. بەڕێز داود بەگالێسکەکەی خۆیەوە دەگەڕا بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ئیمزا، ئەوەش هەموو لە دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە بوو، کەسیان داوای پارەیان نەدەکرد، یان ئەو پارەی خەرجیان دەکرد چاویان لە گێڕانەوەی نەبوو، بۆیەش ماڵەکەی بەڕێز دادا عەبدوڵلا ببووە نووسینگەی گشتی و بارەگەی سەرەکی کۆبوونەوەکان، هەندێکیان هەر لەوێش نانیان دەخوارد.

سکاڵانامەکەمان سازکرد و هەزار دانەمان دابەشکرد و گەیشتە میدیاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەوانەی من دەمناسین. ڕۆژنامەی تایمزی هیندی لە سەروتارەکەییدا بەجۆشەوە پشتیوانی لە داواکە کردبوو. داواکە گەیشتبووە ناو ئینگلترا و چەندین حزب و ئۆرگان، ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی پشتیوانی بۆچوونەکەی کردبوو، بەوەش هیوامان بەرز بوو کەوا یاساکە پەسەند ناکرێت. نەدەکرا من لەو ڕەوشەدا ناتال بەجێبهێڵم. دەبوایە من بۆ خۆشم ماڵێکم هەبێت، ئەوەش ساڵانە سێ سەد پاوەندی دەویست، بۆیەش ئەو ڕامانەم بەهاوڕێیان ڕاگەیاند، ئەوانیش وتیان ئاساییە ئێمە ئەو پارە کەمە لەبەرامبەر ئەو ئەرکە گرینگەت بۆ ئاسان دەکەین. ئەوەش وەک خۆت دەتەوێ لە ئەنجامی کاری یاسایی تایبەتەوە بۆ مەیسەر دەکەین.

منیش وتم، من بەهیچ شێوەیەك پارەم لە ئەنجامی کاری گشتییەوە ناوێت، ئەو ئیشە بەکەسانی چالاکوان دەکرێت و پارێزەری ناوێت، بۆیە ئیشەکەی من پارێزەری نییە. ئەگەر بۆ ئەوەش مووچەیەکم بۆ ببڕنەوە، ئەگەر پارەکە زۆر بێت زیان بەبەرژەوەندییم دەگەیێنێت، بۆیەش من داواکارم ڕەوەندەکەم بتوانن بۆ بەرژەوەندی گشتییان گوژمەی سێ سەد پاوەند پەیدا بکەن زۆر باش دەکەوێتەوە، نەك بۆ مووچەی من.

ئەوانیش وتیان ئێمە ئەوە بەباش دەزانین، کەوا تۆ پارەی زیاد لە خەرجیی خۆت داوا ناکەیت، ئەگەر ئێمە بمانەوێ تۆ لەگەڵ ئێمە بمێنێیتەوە ئەوا دەبێ خەرجیی تۆش دابین بکەین. بۆیە بیست لە بازرگانەکانیان منیان کردە وەکیلی خۆیان، بەڕێز دادا عەبدوڵڵاش کەلوپەلی ناوماڵی بۆ کڕیم، ئیتر من لە ناتال مامەوە.

## سەندیكای پارێزەران و مەلەوەن (ڕەنگپێست)ەكان

ڕەمزی دادگا تەرازوێكی هاوسەنگە كە بەدەستی ژنێكی چاوبەستراوە ڕاگیراوە، ئەوەش سومبلێكی حەكیمانەیە، بەوەش دیارە كەوا خەڵك بەپێی ڕەنگ و ئاكار دادگایی ناكرێن. تا لە سەندیكای پارێزەران وەربگیرێم. داوایەكم بەپاڵپشتی بڕوانامەیەك كە لە دادگای بۆمبای وەرمگرتبوو پێشكەش كردبوو، چونكە ی داواكەم دابووە ئەو دادگایە، بڕوانامە ئینگلیزییەكەم هاوپێچی ئەوێندەری كردبوو، بەوەش لەوێ ناونووس كرابووم، بڕوانامەی ڕەوشت بەرزیشیان دەویست.

بەڵام بەداخەوە زۆرم لا سەیر بوو كەوا سەندیكا داواكەی قبووڵ نەكردم، گوایە داواكەم بەڵگەنامە ئەسلییە ئینگلیزییەكەی لەگەڵدا نییە، دیارە كە سەندیكا مەرجەكانی وەرگرتنی ئەندامی داناوەو بیریان لە وەرگرتنی ئەندامی مەلەوەن (ڕەنگپێست) نەكردیتەوە. ئەگەرچی ناتاڵ زۆریش شانازییان بەتاكی ئەوروپی دەهات، حەزیشیان دەكرد ئەندامی سەندیكاكانیان كەسانی دەرچووی ئەورووپایان تێدابێت، بەڵام ئەوان دەیانزانی ئەگەر ئەندامە مەلەوەن (ڕەنگپێست)ەكان وەربگرن ئەوا ژمارەیان لە ئەورووپییەكان زۆرتر دەبوو، بەوەش هاوسەنگییەكە لار دەبوو.

لە سەندیكای پارێزەران پارێزەرێكی ناوداری دۆستی دادا عەبدوڵلام ناردبوو بۆ باسكردنی مەسەلەی ڕەتكردنەوەی داواكەم لە سەندیكا و پێداچوونەوەیەك لەسەر وەڵامی ڕەتكردنەوەكەی من بكات، ئەویش منی بینی، لە دیمانەكەدا باسی ڕەچەڵەك و بابوباپیری منی پرسی، ئینجا وتی: من هیچ گومانم لەسەر

بەڵگەنامەکانت نییە، بەڵام گومان دەکەم تۆ بتەوێ لە پەنای ئەو هیندیانەی لێرە لەدایکبوون دەوڵەمەند بیت و سامان کۆبکەیتەوە، ترسی ئەوەشم هەیە بڕوانامە ئینگلیزییەکە نەگاتە سەندیکا، سەبارەت بەبەڵگەنامەی ڕەوشتبەرزی ئەوەیان هیچ بایەخێکی نییە، باشە ئەو بازرگانانە چ لەسەر تۆ دەزانن؟ تۆ چەند و چۆن ئەوانە دەناسیت؟ منیش لە وەڵامدا وتم:

من کەس لێرە ناناسم، هەتا نەهاتمە ئێرەش بەڕێز عەبدوڵلاشم نەناسی.

ئەویش وتی: بەڵام تۆ دەڵێیت لە ویلایەتەکەی ئەوم، ئەگەر بەڕاستی باوکت سەرۆك وەزیران بووە، دەبێ ئەو بنەماڵەکەت بناسێت، بۆیە ئەگەر نامەیەکی دەستنووسمان لەلای بەڕێز عەبدوڵلاوە بۆ بهێنێت ئەوا لارییمان نامینێت، بۆیەش من سەندیکا بەوە ئاگادار دەکەمەوە کەوا داواکەت هیچ کێشەی لەسەر نییە.

ئەو دیمانەیە منی توورە کرد، بەڵام خۆم باش گرتبوو، لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر گەواهییەکی بەڕێز دادا عەبدوڵلاشم پێشکەش کردبوایە، هەر ڕەتیان دەکرد و داوای بەڵگەنامەیان لە یەکێکی ئەورووپی دەکردەوە، باشە وەرگرتنی من بەئەندام لە سەندیکادا چ پەیوەندی بەڕەچەڵەکم هەیە؟ ئینجا پێم وت: من ئامادەم گەواهی دەستنووستان بۆ بهێنم، ئەگەرچی من زۆریش دڵنیام کەوا سەندیکا پێویستی بەو بەڵگەنامەیە نابێت.

گەواهییەکە بۆ پارێزەرەکە بەڵگەیەکی سەلماندنی باش بوو، بەڵام بۆ سەندیکا باش نەبوو، بۆیە وتیان ئەگەر بەڵگەنامەکانی ساختە بن ئەوا لێپرسینەوەشی لەگەڵدا دەکەین و ناوی لە لیستی پارێزەرەکانیش ڕەش دەکەینەوە، چونکە یاسا هیچ جیاوازییەك لەنێوان خەڵکی سپی یان مەلەوەن (ڕەنگپێست) ناکات. بۆیەش لارییمان لە وەرگرتنی ئەو نییە، بۆیە دەکرێ هەر ئێستا بێت سوێندی یاسایی بخوات.

کە سوێندم خوارد، سەرۆك دادگاكە بانگی كردم و وتی: بەڕێز غاندی هەر ئێستا دەبێ عەمامەكەت لەسەر بكەیتەوە، دەبێ تۆ پابەندی هەموو ڕێنماییە تایبەتییەكانی دادگا بیت و پەیڕەوی پۆشاكی ڕەسمی پارێزەرەكان بكەیت.
من وەك كەسێكی بێدەسەڵات عەمامەكەم لەبەردەم دادگای هەرێمەكە دانا، دیارە مەبەستیشم ئەوەبوو من بەرەو شەڕی تر خۆم ساز بكەم، بۆیە لەوەیاندا پاشەكشەم كرد، چونكە من كاروان و بەرنامەی تری گرینگم لەبەردەم مابوو.
بەڕێز عەبدوڵڵا و هەندێك لە هاوڕێیەكان ئەوەیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام من بەنیگا و ڕامانی خۆمەوە ویستم ڕاییان بكەم، ئیتر لەودەمانە ئەو دەستەواژەم بۆ هات: كە تۆ لەناویاندا دەژیت، سەرپێچییان مەكە. ئینجا وتم: ئەگەر فەرمانەكە لە ئەفسەرێك یان قازییەكی ئینگلیزی لە هیند بوایە، دەمتوانی عەمامەكەم لەسەر نەكەمەوە، بەڵام لەبەردەم فەرمانبەرێكی دادگا ناكرێ، ئەو دەتوانێت سەركۆنەم بكات ئەگەر من ڕێنماییەكانی دادگا پێشێل بكەم.
بەو بیانووە و بیانووی تریش هاوڕێیەكانم ڕازی كرد، بەڵام دەمزانی كەوا ڕازیكردنەكەیان بەدڵ نەبوو، بەڵام من بەدرێژایی ژیانم دەمزانی كەوا گەیشتن بەڕاستەقینە لە توانای گەیشتنە بەلێكگەیشتن. ئەو ڕۆحەش بەشێكە لە ساتیاجراها، كە بەردەوام ژیانی خۆم دەخستە مەترسی و هاوڕێیەكانیشم تووڕە دەكرد، ئیتر ئەوەیە ڕاستی ڕاستەقینە كە دەتوانێت ڕەقی بەرد و ناسكی گوڵ بەیەكەوە كۆبكاتەوە.
كە سەندیكای پارێزەران منی ڕەت دەكردوە، ئەوەیان بۆ من دەنگۆیەكی بەسوود بوو، ئیتر زۆربەی ڕۆژنامەكانی ئۆپۆزسیون سەركۆنەی سەندیكایان دەكرد لەسەر من، وەك ئیرەییەكیش پێناسەیان كردبوو، ئەو ریكلامەش بۆ من كارناسانی زۆری بۆ دەكردم.

## کۆنگرەی هیندی لە ناتالدا

پیشەی پارێزەرەییەکەم کارێکی لاوەکی بوو، تا هەست بەگرینگی مانەوەم لە ناتالدا بکەم، دەبوایە من خزمەتی گشتی زۆر بکەم. خۆ ناردنی سکالانامەیەك سەبارەت بەبێبەشکردنی هیندییەکان لە دەنگدان بەس نەبوو، بۆیە تا کاریگەری لەسەر وەزیری موستعمەرات بکەم، دەبوایە شۆڕشەکە دژ بەیاساکە فراوانتر بکەین، بۆیە دەبوایە کۆشش بکەین و قەوارەیەکی جێگیرمان هەبێت، بۆیە لەگەڵ بەڕێز دادا عەبدوڵلا و برادەران قسەمان کرد بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی گشتی جێگیر.

کە دەمویست ناوێك لە رێکخراوەکە بنێم، من زۆر پەرێشان بووم، نەمدەویست ناوی رێکخراوەکە بەهیچ حزبێکەوە بیت. ئەوەشم دەزانی کەوا ناوی کۆنگرە لەلای پارێزگارە ئینگلیزەکان مانایەکی پیسی هەبوو، بەلام بەهەموو مانایەکەوە لەلای هیندییەکان مانای ژیانی دەگەیاند، بۆیەش دەمویست ئەوە لە ناتال بلاوبکەمەوە، بۆیە ئەو پەڕی ترسنۆکییم بوو ئەگەر لەو ناوەدا دوودڵ بم، بۆیەش بیانوو و هۆکاری شیاوم هەبوو بۆ ناونانی رێکخراوەکەمان بەناوی کۆنگرەی هیندی لە ناتالدا، ئیتر حزبەکە لە ٢٢ی مایۆ دەست بەکار دەبێت.

هەموو ئامادەبوانی ژوورەکەی بەڕێز عەبدوڵلا بەناوەکە دڵیان خۆش بوو. دەستووری حزبەکە سادە بوو، بەلام ئابوونەی بەشداربوونەکە زۆر بوو، ئەندامیەتی لەو حزبە ئابوونەی مانگانەکەی تەنها پێنج شلن بوو. توانیمان دەوڵەمەندەکانمان رازی بکەین پارەیەکی زۆر وەك پیتاك بدەن، لەوانە بەڕێز دادا عەبدوڵلا مانگانە دوو پاوەند بدات، دوو کەسی تریش گفتی ئەوەیان دا ئەوانیش ئەو پارەیە بدەن، بۆ منیش رەزیلی بوو ئەگەر پارەی ئابوونەکەم کەم

بێت، بۆیە یەك پاوەندم بۆ خۆشم دانابوو، بەڵام دابینکردنی ئەو پارەیەش بۆ من ئاسان نەبوو، بەڵام بەپشتیوانی خودا توانیم پارەکە دابین بکەم، ئیتر ئەوانەی مانگانەیان یەك پاوەند بوو ژمارەیان زۆر بوو، ئەوانە ژمارەیان زۆرتر بوو لەوانەی مانگانەکەیان تەنها دە شلن بوو.

خۆم و ئەو فەرمانبەرەی لەگەڵ مندا ئیشی دەکرد زۆر بەکۆکردنەوەی ئابوونەکان ماندوو دەبووین، بۆیە بڕیارمان دا ئابوونەکە بکەینە ساڵانە. لە کۆبوونەوەی حزبدا پێشنیارەکەیان پێ باش بوو، بەڵام دەبوایە ساڵانەکە لە سێ پاوەند کەمتر نەبێت، ئیتر لەو پارەیە ئیشەکانمان رادەپەڕاند و هەرگیزیش ئیشێکمان بەقەرز نەکرد. جارێکیان لە گوندێکی دوور یەکێك لە ئەندامەکان رازی نەبوو شەش پاوەند بدات، هەرچەندی ئێمە کردمان و ئەو کردی زەحمەت بوو هەردوولامان دابنێینەوە بۆ یەکتری بکەین، هەر چەند شەو درەنگ دەبوو ئێمە تەنگاوتر و برسیتر دەبووین، ئەویش سوور بوو لەسەر ئەو پارەیەی کە خۆی پێ باش، بەڵام لەگەڵ بەرەبەیان کابرامان رازی کرد و نانێکی باشیشی بۆ سازکردین. ئەو هەواڵە گەیشتە ستانجر و کەنارەکانی باکوور و شارلزتاون، بەبڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە پارە کۆکردنەوەکەمان ئاسانتر بەڕێوە دەچوو.

مانگانە و ئەگەر پێویستیشی کردبوایە هەفتانەش کۆدەبووینەوە. کۆنووسی جاری رابردوومان دەخوێندەوە، خەڵکەکەش لە دانوستان و باسکردنی بابەتەکان شارەزا و لێزان نەبوون، منیش رێنماییەکانی قسەکردن و شێوەکانم بۆ باس کردن، ئەوانیش فێری ئەو رەفتارە بوون و پابەندبوون بەرێنماییەکان، بەوەش هەموویان سوودی زۆریان لەو کۆبوونەوانانە دەبینی.

کە پارەمان زۆر بوو و گەنجینەکەی حزب پڕ پارە بوو، رەزامەندی ئەوەم دەربڕی پسوولەکان چاپ بکەن، زووتر هەر لە نووسینگەکەی خۆم ئەو کۆپییانە دەکرا. ئیتر لەو رۆژانە پسوولەمان دەدایە خەڵکەکە و ئەوەش

بەڕوونی دەڵێم کەوا هێشتا پسوولەکانی پارەکان هەتا ئیمڕۆش لە گەنجینەکانی حزبی کۆنگرەی هیندی لە ناتال ماون، بەڕاگرتنی حیساباتەکان دڵنیایی و راستەقینەکان دەزاندرا.

لەبەر رۆشنایی حزب کۆمەڵەی هیندییە خوێندەوارەکانی لەدایکبووی موستعمەرەکان دامەزرا. زۆربەی ئەندامەکانی گەنج بوون، ئابوونەکانیان کەم بوو. حزبیش خەمی لە کێشەکانی ئەو گەنجانە دەخوارد. پردێکی پەیوەندییشی لەنێوان ئەو گەنجانە و بازرگانە هیندییەکان دانا. کۆششی دەکرد ئەوان بوار ساز بکەن خزمەتی کۆمەڵگەکەش بکەن. ئەوانەش بەردەوام دانوستانیان دەکرد و کتێبیان دەخوێندەوە، بۆیە کۆمەڵەکە کتێبخانەیەکی گچکەشی دانا. سیمای سێیەمی حزب راگەیاندن بوو، کار بکەن رەوشی هیندییەکانی ناتال بە باشووری ئەفریقیا و ئینگلترا رابگەیێنن. ئەوانەی خەڵکی خۆمان لە هیند، بۆیەش من دوو نامیلکەم بۆ ئەو مەبەستە نووسی، یەکەمیان بەناوی روونکردنەوەیەک بۆ هەموو بریتانییەکانی ناو باشووری ئەفریقیا. دووەمیان بەناوی هیندییەکان و ماف دەنگدانیان. روونکردنەوەیەک، دیارە کەوا ئەو دوو نامیلکەیە بۆ شرۆڤەکردنی رەوشەکە بوو، زۆریش بەنووسینیان ماندوو بووم، باش بوو هەردووکیان رەواجی باشیان هەبوو. بەوەش توانیمان دۆست و هەواداری زۆر پەیدا بکەین، هەموو لایەنەکان هاوسۆزیمان بکەن.

## باڵاسوندارام

خزمەتکردنی هەژارەکان ئارەزوویەك بوو دڵمی پڕ کردبوو، بۆیەش بەردە
لەناویدا بووم، وەك ئەوەی من یەکێك بم لە خەڵکە هەژارەکە. ئەندام
حزبەکەمان بریتی بوون لەو هیندییانەی لە موستعمەرەکان لەدایکبوون
لەگەڵ توێژی کەتەبە. دیارە ئەو کرێکارانەی تازە دەستیان بەکار کردبوو، یا
ئەوانەی بەگرێبەست ئیشیان هەبوو نەدەکرا بێنە ناو حزبەکە، چونک
نەیاندەتوانی مانگانە ئابوونەکان بدەن. دیارە حزبیش نەیدەتوانی ب
یارمەتیدانی ئەوانە هاوکاریان بێت. سێ چوار مانگ بوو کارمان دەکرد
ڕۆژێکیان پیاوێکی تامیلی بەجلی دڕاوی دەم بەخوێنەوە خۆی کر
بەژوورەکەم، دەگریا و دەلەرزی، خاوەن کارەکەشی لەسەرو گوێلاکی دەدا. ئە
باڵاسواندرام بوو، واتە پیاوی تامیلی کە بەگرێبەست لەلای ئەوروپییەکی دریا
ئیشی دەکرد. ئەوەم دەزانی و هاوڕێیەکان باسیان کردبوو، خاوەن کارەکە لی
تووڕە دەبێت و باڵاسواندرامەکە دەداتە بەر شەق و دوو ددانی دەشکێنێت.
باڵاسواندرامەکەم ناردە لای دکتۆر، دیارە ئەو دەمانە تەنها پیاوە سپییەکان
دکتۆر بوون. داوام لە دکتۆرەکە کرد بەڵگەیەکم بۆ بنووسێت کەوا ئەو پیاو
لێی دراوە. پیاوەکەم بردە لای قازییەك و بەڵگەکەشم لەبەردەمی دانا. قازییەک
کە بەڵگەکەی بینی تووڕە بوو، داوای پیاوە خاوەن کارەکەی کرد کە لەبەردەم
قازی ئامادەبێت. دیارە من مەبەستم نەبوو خاوەن کارەکە سزا بدەن، مەبەستم
بوو باڵاسواندرامەکە لەو گرێبەستە دەرباز بکەم. بەپێی یاساکە هەر
کرێکارێکی کارکەر بەبۆند بەبێ بیانوو و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت

ئیشی خۆی جێبهێڵێت خاوەنکار حەقی هەیە کرێکارەکە بداتە دادگا، بەوەش کرێکارەکە تاوانبار دەبێت. ئەوەیان کرێکاری بەبۆند، بەڵام کرێکاری کارکەر بەگرێبەستی قەرز، ئەوەیان مەسەلەیەکی تر بوو، لەو رەوشەدا کرێکارەکە دەگیرێت. من زووتر لە سێر ویلیام هانترم بیستبوو کەوا سیستەمی کارکردن بەبۆندی بەقەرز جۆرێکە لە بەندەیی و کۆیلەکردن. ئیتر بەوەیان کرێکارەکە دەبێتە موڵکی خاوەنکارەکە، وەك کۆیلەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

بەدوو شێواز دەکرا بالاسواندرام گرێچبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر بەرپرسەکەی گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە و ئەویش بیگوازێتەوە بۆ لای خاوەنکارێکی تر. دووەمیشیان ئەوە بوو خاوەنکارەکە رازی بکەن کابرا ئازاد بکات. منیش چوومە لای خاوەنکارەکە، پێموت: من نامەوێ شکایەتت لێ بکەم، مەبەستم ئەوە نییە لەسەر ئەو کارەی کردووتە بتدەمە دادگا، دیارە تۆ دەزانێت سزای ئەوەی لە پیاوێك بدات چییە، من هەر ئەوەندەم دەوێ گرێبەستی بالاسواندرامەکە بگوازیتەوە بۆ لای یەکێکی تر. ئەو داواکەی منی قبووڵ کرد و چوومە لای بەرپرسی کاروباری کرێکارەکان، ئەویش رەزامەندی دەربڕی بەمەرجێك ئیشێکی تر بدۆزێتەوە تا گرێبەستەکەی بۆ بگوازینەوە.

دەبوایە من کاری لەلای ئەورووپییەك بۆ بدۆزمەوە، چونکە هیندییەکان نەیاندەتوانی هیندییەکان بەگرێبەستی بەقەرز دامەزرێنن. من لەو دەمانە ئەورپییەکانم کەم دەناسی. چوومە لای یەکێکیان، ئەویش داواکەمی قبووڵکرد، منیش سوپاسگوازی ئەوم کرد لەسەر بەخشندەیی و سۆزەکەی، بەڵام قازییەکە داواکەی رەت کردەوە و کرێکارەکەی گواستەوە لای خاوەنکارێکی تر.

ئەو قسەیە گەیشتە ناو هەموو بالاسواندرامەکان، بۆیەش هەموو بەچاوێکی بەرێزەوە سەیری منیان دەکرد و وەك هاورێیەکی خۆیان منیان ناس دەکرد.

منیش بەدۆستایەتی ئەوان کامەران بووم، بۆیە خەڵکێکی زۆری ئەو کرێکارانە سەردانیان دەکردم، بەوەش من لە خۆشی و ناخۆشییەکانیان تێدەگەیشتم. مەسەلەکە گەیشتە ناو قوتابخانەکانیش، کرێکارەکانی هەموو هەرێمەکە، ئەوانەی بەگرێبەست کاریان دەکرد، مەسەلەکە هەر ئەوەندە بوو کەوا کەسێك لە ناتالدا هەیە هاوسۆزی کێشەکانیانە و هیوایەکیان لا پەیدا ببوو. رەوشەکە وا بوو، بۆیە رۆژێکیان بالاسواندرامێك هاتە نووسینگەکەم بەدەستی خۆی سەری داپۆشیبوو، دیارە کەوا عەمامەکەیان لەسەر کردبۆوە، چونکە کرێکاری بەگرێبەستی قەرز دەبوایە لەڕووی ئەوروپییەکان عەمامەکەیان لەسەر بکەنەوە، چونکە سڵاوکردن بەدەست بۆ گەورەکانیان بەس نەبوو، دەبوایە سەریان بۆ رووت بکەنەوە. ویستی بۆ منیش سەری رووت بکات، بەڵام من داوام لێ کرد، ئەوە بۆ من نەکات، بۆیە ئەو سەرپۆشەکەی بەستایەوە، ئەوەش لەبواری ئەزموونەکە یەکەم رووداو بوو کە رووبەڕووم دەبێتەوە. لەگەڵ سەرداپۆشینەکەی بینیم دڵی خۆشە و کامەرانە، ئیتر منیش مەسەلەی عەمامە و دادگاکەی خۆشم بۆی گێڕایەوە. من زۆرجار رەوشتی ئەو خەڵکە حەیرانی دەکردم، نازانم ئەوانە چۆن هەست بەڕێزگرتن دەکەن کە مرۆڤێك رەزیل و داماو دەکەن؟

## باجی سێ پاوەندەکە

کە زانیم باجی سەر کرێکارە هیندییەکانی کارکەر بەگرێبەستی قەرز زۆرە، من زۆرتر چوومە ناو کێشەکەیان، زۆرتر لەوان نزیك بوومەوە. حکوومەتی ناتال لە ساڵی ١٨٩٤ باجی ساڵانەی بیست و پێنج پاوەندی لەسەر فەرزکردبوون. ئەو هەواڵە منی نیگەران کرد، لەگەڵ حزب کەوتمە دانوستان، ئیتر زوو بڕیاری ڕەتکردنی ئەو داوایەمان لە حزبەوە وەرگرت.
با سەرەتا شرۆڤەی ئەسڵی باجەکە بکەم:
ئەوروپییەکان دەزانن کەوا لە ناتال بۆ چاندنی چەوەندەر پێویستیان بەکرێکار هەیە، ئەندامانی قەبیلەتی زولوش بەکەڵك ئەو کارە نایێن، بۆیە بیر لەوە دەکەنەوە بچینە هیند و کرێکار بهێنن. ئیتر لەوێ بۆند لەگەڵ خەڵکەکە مۆر دەکەن بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاریان بۆ بکەن، بەمەرجێك پاش پێنج ساڵەکە بتوانن زەوی بەناو خۆیان بکەن. ئیتر ئەوروپییەکان بیریان لەوە دەکردەوە کەوا بەو هیندیانە دەتوانن ڕەوشی چاندن لە ناتالدا گەشەدار بکەن.
هیندییەکان لەو بوارەدا بەدەر لە هەموو مەزندەکان لەو ڕەوشەدا زۆر دەچنە پێش و ڕووبەرێکی زۆریان بەسەوزە دەچێنن و چاککارییەکی باشیش لە سەوزە هیندییەکان دەکەن و دەتوانن سەوزەکانی ناوچەکەش بەشێوەیەکی باشتر و پارەی کەمتر بچێنن و چاکسازی لە چاندنی مانگۆ بکەن. ئیتر پاش سەرکەوتنیان لە بواری کشتوکاڵ روو لە بواری بازرگانیش دەکەن، بۆ دروستکردن مۆڵکی زۆر دەکڕن، بۆیە ژمارەیەکیان لە بواری کرێکارییەوە دەگەنە پلەی مۆڵکداری و دەبنە خاوەن خانووبەرە. پاش سەرکەوتنی

کرێکارەکان لە ناتالدا بازرگانە هیندییەکانیش ڕوو لەو دەڤەرە دەکەن، لەوانە کە پێشەنگیان بوو حاجی ئەبوبکر ئامود بوو، کە توانی بەماوەیەکی کورت چالاکی گەورەی بازرگانی بکات.
ئەو سەرکەوتنەی هیندییەکان لە کار و بازاڕدا، بازرگانە سپییە ئەوروپییەکان تووڕەدەکات و ڕق و ناحەزییەك بەرامبەریان دروست دەکات، چونکە هیندییەکان بەژیانی سادە و ڕازیبوون بەشتی کەم و قازانجی سەرپێی و تێنەگەیشتن لە یاساکانی تەندروستی و خەمساردی لە پاککردنەوەی شوێنەکانی ژیانی خۆیان، یان ڕەزیلکردن لە پارە خەرجکردن بۆ چاککردنەوەی خانووەکانیان، ئەوانە و جیاوازییە ئایینییەکەش ناکۆکییەکان زۆرتر دەکات. ئیتر ئەو ناکۆکییە دەگاتە سەر دەربازبوون لە ڕەوشەکە، ئەویش دەرکردنی یاساییەك بوو بۆ قازانجی خۆیان، لەوانە یاسای وەرگرتنەوەی ماف دەنگدان لە هیندییەکان و یاسای باج لەسەر کرێکارە هیندییەکان، ئەوانەی بەبۆندی قەرز کار دەکەن. بۆ ئەوەی کرێکارە هیندییەکان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، پێشنیاردەکەن کرێکارە هیندییەکان بەزۆر بگێڕدرێنەوە هیند، بەڵام حکوومەتی هیندی بەو پێشنیارە ڕازی نابێت، لەجیاتی ئەوە پێشنیارێکی تر دەورووژێنرێت، ئەوەش بەو شێوە بوو:

١- کرێکارە هیندییەکان هەتا بۆندیان مابێت نەگەڕێندرێنەوە هیند.

٢- دەکرێ بۆندەکانیان بۆ دوو ساڵ و پاش زیادکردنی مووچەکانیان نوێ بکرێتەوە.

٣- ئەگەر هەر کرێکارێك پاش تەواوبوونی بۆندەکەی ڕەتی کرد بگەڕێتەوە هیند، ئەو کرێکارانە با ساڵانە بیست و پێنج پاوەند وەك باج بدەن.

بەڕێز پینس و بەڕێز ماسۆن بۆ ڕازیکردنی حکوومەت دەچنە هیند، لەوێ حاکمی بریتانی لۆرد ئالجین داواکەیان ڕەت دەکاتەوە، بەڵام پێیان دەڵێت با

باجەکە بۆ هەر کەسێك سێ پاوەند بێت، واتە منداڵیش باج بدات. دیارە ئەوەش لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانە نەکراوە.

ئەگەرچی حزبی هیندی لە ناتالدا بێدەنگ بوو، بەڵام ئێمە هەڵمەتێکی گەورەی نارەزاییمان کرد، دەبوایە حکوومەتی هیندی هەرگیز بەو باجە رازی نەبوایە، بۆیە ئومێدمان بەو حکوومەتەش لەنگ ببوو.

ئەگەرچی باجەکە کەم کرایەوە، بەڵام هێشتا شەرمەزاری چینە کرێکارەکە بووین کە نەمانتوانی بەرژەوەندییەکانیان رەچاو بکەین، ئەو باجەش بیست ساڵی خایاند، ئەوەش بەخەباتی هەموو کرێکارانی ناتال هاتەدیی، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان لەو نارەزاییانەدا کوژران و دە هەزاریان لێ کوژرا.

بەڵام دەرئەنجام لەو هەڵمەتەدا سەردەکەون و بەیەکجاری ئەو شەرمەزارییە دەسڕنەوە، کە بەرۆکی هیندییەکانی گرتبوو، نەك تەنها هیندییەکانی باشووری ئەفریقیا، بەڵکو هیندییەکانی هەموو دونیا.

## توێژینەوەی بەراوردکاری لە ئایینەکان

کە هەموو ئامانجەکانم خزمەتکردنی رەوەندەکە بوو، مەبەستم رازیکردنی زاتی خۆم بوو، ئەوەشم بەقەرزێك دەزانی کە لەسەرم بوو، چونکە وا نەکەم خودا لێم نزیك ناکەوێتەوە. ئەوەش مانای ئەوەبوو کەوا من خزمەتی هیند دەکەم. دیارە کەوا منیش هەر شایستەی ئەو کارەم و بەس. من لە دەست پیلانگێڕانەوە رامکردبوو، دەمویست لە باشووری ئەفریقیا زادێك بۆ خۆم پەیدا بکەم، بەڵام لەوێ کەوتمە گەڕان بەدوای کردگار و دۆزینەوەی خۆم.

هاوڕێیە کریستیانەکانم ئارەزووی خوێندنەوەیان زۆر کردبووم، بەجۆشەوە دەمخوێندەوە. من لەگەڵ سەرۆکی ئیرسالیەی گشتی باشووری ئەفریقیا بووینە هاوڕێ، دەچوومە ماڵەوەیان، ئەوەش پەیوەندی بەوە هەبوو کەوا من لە بریتوریا پەیوەندییم بەکریستیانەکانەوە هەبوو. بەڕێز والتۆن خاوەن رەوشتێکی تایبەتی بوو، بڕوا ناکەم هەرگیز باسی بوونی کریستیانیەتی لەگەڵ مندا کردبێت، بەڵام ئەو ژیانی خۆی وەك کتێبێك بۆ من لەسەر پشت کردبوو، بواریان سازکردبوو من بچمە ناو هەموو وردەکارییەکانی رەوشتیان. هاوسەرەکەی والتۆن ژنێکی ناسکی نەرم بوو، ئەگەرچی هەڵوێستی جیاوازمان زۆر بوو، بەڵام هەرگیز ئەوەیان نەدەبووە مایەی نیگەرانی و سەخڵەتییەك لەنێوانماندا. دیارە کەوا جیاوازییەکان لەبەر ئەوە گرینگ بوو چونکە ببووە مایەی لێبووردەیی و چاکە و راستگۆیی. من زۆر بەسادەیی والتۆن و هاوسەرەکەی سەرسام بووم، بەئیشکردن و دڵسۆزییەکانیان، بۆیەش زۆر یەکترمان دەبینی.

لەبەرئەوەی من بەردەوام بایەخم بەئایین دەدا، بۆیەش پەیوەندییەکانم بەو بنەماڵە کریستیانە هەر گەرم بوو. دیارە وەك چۆن لە بریتوریا کاتی زۆرم نەبوو لەدوای توێژینەوە ئایینییەکان بگەڕێم، بۆیە ئەوان بۆ من سەرچاوەیەکی بەسوود بوون. لەولاشەوە رایشاندبای بەنامەکانی رێنمایی دەکردم و پەند و ئامۆژگارییەکانی بۆم دەنارد، هاوڕێیەکم کتێبی دارما فیشاری نووسەر نارماداشانکری بۆ ناردم. کتێبەکە بابەتی بەسوودی زۆری تێدابوو، لەوانە ژیانی شاعیرە بوهیمییەکەم بەجوانی خوێندەوە. شێوازە شۆڕشگێڕییەکەی سەبارەت بەئایین سەرسامی کردم، بۆیەش کتێبەکەم بەبایەخەوە خوێندەوە. لەو دەمانە کتێبەکەی ماکس موللر_م خوێندەوە، بەوەش زۆرتر رێزم بۆ هیندۆسییەت لا پەیدابوو. کتێبەکەی محەمەد و خەلیفەکانی لە نووسینی واشنتۆن ئیرفینج و کتێبەکەی کارلیل لەسەر پەسنی محەمەد_م خوێندەوە، بۆیەش رێزی زۆرم بۆ محەمەد لا گەڵاڵە بوو. کتێبەکەی فەرموودەکانی زەردەشتیشم خوێندەوە.

لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی ئایینی هەمەجۆر لەسەر رێنماییە ئایینییەکانی هیندۆسەکان دەستم بەیۆگاش کرد، بەڵام بوارم نەبوو بەردەوام بم. لەسەر کتێبەکەی تۆلستۆیش توێژینەوەی زۆرم ئەنجام دا.

لەسەر پێشنیاری خێزانێکی تری کریستیان بەردەوام یەکشەممان دەچوومە کڵێسای ویسلیان، بەیەکەوە ئێواران لەماڵەکەی ئەوان نانمان دەخوارد. هەستم بەوە کردبوو کەوا ئەوان هەر وەك فێربوون دەچوونە کڵێسا و بەهیچ شێوەیەك رێنماییە ئایینییەکان پەیڕەو ناکەن و بۆ کات بەسەربردن دەچن. من زۆریش لەوێ خەو دەیبردمەوە. ژنەکە خاتوون و نازدار بوو رۆژانە دەچوومە ماڵیان، بەڵام لەبەر ئەو رووداوە پەیوەندییەکەمان پچڕاو چیتر نەچوومەوە ماڵیان، رووداوەکەش بەو شێوەیە بوو:

ژنەکە کابان و نازدار بوو، بەڵام کەمێك توندکار بوو، بەیەکەوە زۆر باسی بابەتی ئاینیمان دەکرد، کە من کتێبی ئارنولد رووناکی ئاسیام دەخوێندەوە، بەراوردێکمان لە نێوان ژیانی مەسیح و بوزا دەکرد، ئەو وتی: سەیری شەفەقەتی جوماتا بکە! ئەوەش تەنها بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ هەموو بوونەوەرەکانی تریشە. بزانە لە ژیانی مەسیح خۆشەویستی چەند فراوانە.

من بەو بەراوردکردنە نیگەران بووم، بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا، قسەکەم گۆڕی و چووینە ژووری نانخواردنەکە، کوڕە تەمەن پێنج ساڵییەکەی لەوێ بوو، منیش بەمنداڵی گچکە زۆر دڵم دەکرایەوە، بۆیەش زوو لەگەڵ منداڵەکە سۆزم پەیداکرد و خۆشم ویست. لەوێ بینیم پارچە گۆشتێك لەناو قاپێك لەبەردەم منداڵەکە بوو، ئەوەش منی نیگەران کرد، بۆیە من لەبەردەم منداڵەکە پەسنی ئەو سێوەم بۆ کردبوو کە لە دەستم بوو، بۆیەش منداڵەکە سۆزی بۆ سێوەکە دەجووڵێت، بەڵام دایکەکە بەوەیان تاسا و شاگەشگە بوو. کە سەردانی ماڵەکەم کردەوە هەستم کرد سۆزیان بۆ من سارد بووە، منیش چیتر نەچوومەوە سەردانی ئەو خێزانە.

ژنەکە بەمنی وتبوو: بەڕێز غاندی، کوڕەکەم لەو ڕۆژەوە تۆ باسی میوەت لەگەڵ کردووە، لە خواردنی گۆشت دوودڵە، بەوەش منداڵەکەمان نەخۆش دەکەوێت.

منیش لە وەڵامدا وتم: خاتوونەکەم من داوای لێبووردن دەکەم، من وەك دایك تەقدیری هەستی دایکانەت دەکەم، منیش منداڵم هەیە و دەزانم خۆشەویستی منداڵ چەند زۆرە، وا باشە من چیتر سەردانتان نەکەم، بەڵام با ئەوەیان کار لە دۆستایەتیمان نەکات. ئەویش بەخۆشییەوە وتی: سوپاس بۆ تۆ.

## من بوومە خاوەن ماڵ

ئەوە یەکەمجار نییە من ماڵ دادەنێم لە بۆمبای و، لە لەندەنیش ماڵم هەبووە. ئەوجارە بیرۆکەکە لەسەر ئەساسی ئەوەبوو کەوا من پارێزەرێکی ناودارم و نوێنەری رەوەندێکم، بۆیە دەبێ ماڵێکم هەبێت. لە گەڕەکێکی خۆش خانوویکی گچکەم پەیداکرد، لەبەرئەوەی بەردەوام میوانم هەبوو. برادەرە ئینگلیزەکان و هاوڕێیە هیندییەکان سەردانیان دەکردم، بۆیە خەرجییم زۆر بوو. خزمەتکار ستوونێکی گرینگی ماڵ بوو، بەلام من هەرگیز نەمدەتوانی کەس وەك خزمەتکار رابگرم، بۆیە من هاوڕێیەکم هەبوو بەردەوام بەیەکەوە بووین، ئەوەی چێشتی بۆ ئامادە دەکردم، وەك ئەندامێکی خێزانەکەم وا بوو. فەرمانبەرەکانیشم لەلای من نانیان دەخوارد و هەر لەلای منیش دەمانەوە.

ئەزموونەکەم بەبرشت بوو، بەلام دیاردەی تاڵیشی تێدا بوو، هاوڕێیەکەم کەسێکی زیرەك بوو. هەستم دەکرد ئەو زۆر دڵسۆزی منە، بەلام ئەو دەیویست یەکێك لە فەرمانبەرەکانم دەربکەم، بۆیە پیلانی بۆ دادەنێتەوە، بەوەش من گومانم لە فەرمانبەرەکە کردبوو، ئەویش کەسێکی ناسك بوو، بۆیە رۆیشت. بەردەوام ئەوەیان ویژدانم ئازاردەدات و هەرگیز ئەوەم لەبیرناچێتەوە.

پیاوێکم هێنابوو چێشتمان بۆ ئامادە بکات، چونکە چێشتلێنەرەکەمان بەکارێکی تایبەتی خۆی رۆیشتبوو. دوو سێ رۆژ بوو لەلام بوو، رۆژێکیان هاتە نووسینگەکەم وتی، وەرە بچینە ماڵەوە، منیش وتم ناکرێ من پێش سەعات یەك بۆ نانخواردن بگەڕێمەوە، بەلام ئەو وتی برادەرە دڵسۆزەکە ببینە. بەپەلە گەڕاینەوە ماڵەوە، لە ژوورەکەی سەرەوە بەسەر هاوڕێیەکەم داچووم

لەگەڵ ژنێکی سۆزانی بوو، بۆیە یەکسەر هاوڕێیەکەم دەرکرد و ئیتر نەگەڕایەوە لام. ئەو پیاوە بەستەزمانە توانی ڕاستی ئەو هاوڕێیەم بۆ ئاشکرا بکات، لە گێلییەکەی خۆم تێگەیشتم کە بڕوام بەو جۆرە هاوڕێیانە کردبوو.

ئەویش لەجیاتی شەرم بکات و داوای لێبووردن بکات، لەبەرئەوەی کەسێکی بێ ئابڕوو بوو، بۆیە هەڕەشەی لێ کردم کەوا نهێنییەکانم ئاشکرا بکات. منیش لە وەڵامدا پێموت، من هیچ بابەتی شاراوەم نییە تا لێم ئاشکرا بکەیت، بەڵام دەبێ ئێستا و بەخێرایی لە ماڵەکەم بچیتە دەرەوە. بەڵام ئەو ڕوو قایم بوو، لە ماڵەکەم دەرنەدەچوو، ویستم پۆلیس بانگ بکەم تا بۆ دەرکردنی ئەو یارمەتیم بدەن، بەڵام ئەو کە زانی من بەڕاستی پۆلیس بانگ دەکەم و ڕیسوای دەکەم، داوای لێبووردنی کرد و بەنەرمی دەرچوو.

ئەگەر ئەو چێشتلێنەرە نوێیە میوانە نەبوایە، من ماوەیەکی زۆر بەداماویی دەمامەوە و لەبەر کاریگەری ئەو هاوڕێیە دەبووم و دەژیام، چونکە ئەو هاوڕێیەم زۆر زیرەك و لێهاتوو بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی من. دیارە کەوا ئەوە یەکەمجار نەبووە کەوا ژنە سۆزانی هێنابێتە ماڵەکەی من، بەڵام کەس جورئەتی نەکردووە ئەوەم پێ بڵێت، چونکە من کوێرانە بڕوام بەو هاوڕێیە هەبوو، دیارە کەوا خودا ئەو کەسەی بۆ ناردم کە من ڕاستییەکە ببینم و هاوڕێیەکەم دەربکەم. بۆیەش ئەو بەمنی وتبوو، من ناتوانم لەلای پیاوێك نیش بکەم بەئاسانی فێڵی لێ بکرێت. منیش بەناچاری ڕێم پێ دا، هەروەها پاش ئەو ڕووداوەش ویستی فەرمانبەرە دەرکراوەکەشم بگێڕمەوە، ئەوەی زوڵمم لێ کردبوو، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە لام، ئەوەش وەك ژانێك لەسەر دڵم مایەوە.

## گەڕانەوەم بۆ وڵات

من سێ ساڵ بوو لە باشووری ئەفریقیا بووم، دەبوایە شەش مانگێک مۆڵەتێک وەربگرم و بگەڕێمەوە وڵات و ماوەیەکیش لەگەڵ خێزانەکەم بم. دەبوایە ژن و منداڵەکانیشم بهێنم. دیارە کەوا من لەو ماوەیەدا ئەزموونێکی باشم لە پارێزەرییەکەم پەیداکردبوو، بۆیە با لەوێش هەندێ خزمەتگوازی بکەم، چونکە هێشتا برینی وەرگرتنی باجە سێ پاوەندییەکە لە هەناومدا هەر مابوو، بۆیە ئەوەش پێویستی بەشۆڕشێك هەبوو بۆ لابردنی ئەو باجە.

کێ لە شوێنی من کاروباری حزبەکە ئەنجام بدات. ئەوەیان کێشەی گەڕانەوەی من بوو. دوو کەسم لە خەیاڵدا بوو، لەوانە ئادامچی میاخان و بارسی ڕۆستومچی، ئەوانەش لەناو ڕەوەندە هیندییەکە خۆشەویست بوون، دەبوایە ئەوەی کاری حزبی دەکات زمانە ئینگلیزییەکەی باش بێت، بۆیە حزب پێشنیارەکەی من بۆ دانانی بەڕێز ئادامچییان پێ باش بوو.

لەناوەڕاستی ساڵی ١٨٩٦ بەرەو وڵات بەڕێ کەوتم، لەناو پاپۆڕەکە دوو ئەفسەری ئینگلیزم ناسی، لەگەڵ ئەوانە دۆستایەتی پتەوم بەست، ڕۆژانە لەگەڵ یەکێکیان سەعاتێك شەترەنجمان دەکرد. دکتۆرەکەی ناو پاپۆڕەکە کتێبی فێربوونی زمانی تامیلی بەبێ مامۆستا دامێ، لەوێ خەریکی خوێندنەوەی بووم، لەو ئەزموونەی لە ناتالدا پەیدام کردبوو، دەبوایە من لە

ڕەوەندی موسڵمان نزیك ببمەوە، بۆیە دەبوایە زمانی ئوردی فێر بم، بەڵام تا لە خوێندنگە هیندییەکانیش نزیك بکەومەوە، دەبوایە زمانی تامیلی بزانم.
لەوێ مامۆستایەکی زمانی ئوردییم لەناو پاپۆڕەکە دۆزییەوە. لەگەڵ ئەو هەنگاوی باش لەو زمانە چوومە پێشەوە، بەڵام من وەك ئەفسەرەکە زیرەك نەبووم لە زمان فێربوون. ئەو زۆر سەیر بوو! وشە نوێیەکانی هەرگیز لەبیر نەدەچوو، بەڵام هەستم کرد وا بەبێ یارمەتیدانیش دەتوانم بەکتێبەکە زمانەکەم باش بێت.

من زۆرم نارەزوو بوو پاش گەڕانەوەم بۆ هیند کۆشش بکەم ئەو زمانە باش فێربم، بەڵام بوارم نەبوو، تەنها ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بووم خەریکی ئەو زمانانە دەبووم. ئەگەرچی نەمتوانی زمانی تامیل و تیلوجوییەکان فێربم، بەڵام چاکەی ئەو نەتەوانەم لەیاد ناچێت کە لە باشووری ئەفریقیا چەند خەباتکەرو کۆششکار بوون، ئەگەرچی زۆریان خوێندەواریش نەبوون. ئەوانە ئامێری شەڕەکەمان بوون، چونکە شەڕەکەمان لەپێناوی خەڵکە هەژارەکە بوو، بۆیە ئەوان بەهەموو هێزێکەوە بەشدارییان دەکرد، من لەگەڵ ئەوانە بەزمانی ئینگلیزی و هیندی شڕەوە قسەمان دەکرد، بۆیە من بەپەرۆشییەوە زمانەکانی ئەوانم خۆشدەویست، بەڵام نەمدەتوانی پیتەکانی ئەو دوو زمانە فێربم.

با باسی گەشتەکەم بکەمەوە: لەگەڵ کاپتنەکە بوومە برادەر، زۆرتر باسی مەسەلەی ڕۆحانیمان دەکرد و باسی ئەخلاق و ئایین هێڵێکی جیاکەرەوە هەبوو، ئەو وایدەزانی کەوا پابەندبوون بەسرووتەکانی کریستیان ئاسانە، بۆیە ئەو دەیوت: با خەڵکەکە ژن و پیاوەکان بەس بڕوا بەمەسیح و قوربانییەکانی بکەن بەسە، بەوەیان هەموو گوناحەکانیان دەسڕێتەوە. زۆریش باسی خواردنی

ڤێگاتیریمان دەکرد، ئەدی خودا سەوزەی وەك ئاژەڵەکان بۆ خۆشییەکان مرۆڤ دانەناوە، ئەوانە و قسەمان دەکرد من بۆچی گۆشت ناخۆم، بۆیە لەو مەسەلانە قسەمان دەکرد، ئیتر ئەو جۆرە دانوستانە ئایینییەمان دەکرد.

کەسمان ئەوەی تری پێ ڕایی نەدەکرا، من ئایین و ئەخلاقم بەدوو ڕووی یەك دراو دەزانی، بەڵام کاپتنەکە گومانی لەو رامانەی من هەبوو. پاش ٢٤ رۆژ گەشتەکەمان کۆتایی هات و ترێنێکم بەرەو بۆمبای گرت و رۆیشتم.

## لە هینددا

ترێنەکـە لـە شـاری ئەلائـەباد ٤٥ چـرکە وەسـتا. ئەوەشـم بەدەرەفـەت زانی پیاسـەیەك لـەناو شـارەکە بکـەم. بـەهۆی خـەریکبوونم بـەکڕینی دەرمانێکـەوە، دواکـەوتم، کـە چـووم ترێنەکـە ڕۆیشـتبوو. کارمەنـدەکان وتیـان لەسـەر تۆ دەقەیەکیش ترێنەکەم دواخست، بۆیە کەلوپەلەکانی منیان دابەزاندبوو.

مانەوەم لەو شارەدا بەدەرفەت زانی سەردانی ڕۆژنامەی شارەکە بکەم و لەوێ لێدوانێکیش بدەم. منیش بەو دیمانەیە دڵم خۆش بوو. سەرنووسەرەکە وتی من ئامادەم هاوکاری هەموو کێشە ڕەواکانی هیندییەکان بکەم، بەڵام دەبێ ڕەچاوی بۆچوونی دەسەڵاتیش بکەیت و ڕێزیشی بگریت. منیش وتم، کە باس لە ڕۆژەڤەکە بکرێت بەسە، من بێجگە لە عەدالەتە پێویستەکە زیاتر هیچی ترم مەبەست نییە بینووسم.

لەو دیمانەیەدا کە لەگەڵ سەرنووسەرەکە کردم، باسی زەنجیرەییەك ڕووداوی ناتالم بۆ کردبوو، کە دەکرا سزاکەی لەلایەن هاووڵاتییانی ناتال لەسێدارەدانی بێ دادگای بەدواوەبێت.

بەبێ ئەوەی لە بۆمبای بوەستم گەیشتمە راجکوت. لـەوێ دەستم بەنووسینی کتێبێك کرد لەسـەر ڕەوشی باشووری ئـەفریقیا، ئەوەشم بەیەك مانگ تەواو کرد. ڕەنگی کتێبەکە کەسك بوو، بۆیە پاشان بەکتێبە سەوزەکە دەناسرا. لەو کتێبەبـەجوانی باسـی ڕەوشـی هیندییـەکانی باشـووری ئـەفریقیام کردبوو، زمانەکەشم نەرمتر بوو.

دە هەزار دانەم لەو کتێبە چاپکرد، دانەیەکم بۆ هەموو ڕۆژنامەکان ڕەوانەکرد، بەشی حزبەکانیشم دا، بەڵام چاپکردنی ئەو نامیلکانە ئاسان نەبوو، چونکە

کارەکانی زۆر بوون، بەتایبەتی بەرگکردن و کۆکردنەوەی لاپەڕەکانی، بۆیە بیرم لەوە کردەوە منداڵەکانی گەڕەکەکەم کۆبکەمەوە و لەپاش دەوامی خوێندنیان بێن یارمەتیم بدەن، لەبری ئەو کارەش بەڵێنم بەمنداڵەکان دابوو، کە یارمەتیم بدەن منیش پوولی بەکارهاتوویان بدەمێ، دیارە کەوا منداڵەکان زۆریان پێ خۆش بوو، لەوانە دوو منداڵ بوونە هاوڕێی گیانی بەگیانی من، ئەوەش یەکەم ئەزموونی کارکردنم بوو لەگەڵ منداڵانی خۆبەختکار.

لە بۆمبای پەتای تاعوون بڵاودەبێتەوە. هەموولایەکیش ترسی ئەوەیان هەبوو ئەو نەخۆشییە بگاتە راجکوت، منیش کارکردنی خۆم بەحکوومەت بۆ قەلاچۆکردنی ئەو نەخۆشییە راگەیاند. دیارە ئەوانیش ئەو دەستپێشخەرییەی منیان پێ باش بوو. منیش لەو هەڵمەتەدا بیرم لە مەسەلەی پاکوخاوێنی توالێتەکان دەکردەوە، بۆیە لیژنەکانی چارەسەریی سەرپەرشتی پاککردنەوەی توالێتەکانیان کرد، بەڵام هەندێ لە ماڵە دەوڵەمەندەکان شەرمیان بەخۆیان بوو، بۆ ئەو مەبەستە بوار بدەن بچین سەیری توالێتەکانیان بکەین، دەرکەوت توالێتی ئەوان لە توالێتی ماڵە هەژارەکان نەگونجاوتر بوو. هەموویان تاریک و تەڕ و پیس و پڕ لە زیندەوەر بوو. ئەوەی سەیر بوو کەوا ئەو گەڕەکانەی خەڵکە داماوەکەی تێدا دەژیا لەڕووی تەندرستییەوە زۆر باشتر بوون. لە زۆر لە ماڵەکان بۆری ئاو و میزکردنەکە وەك یەك وابوو. زۆریان بۆنی پیسی میزیان لە ژوورەکان دەهات، هەروەها لیژنەکەمان بڕیاری دا سەردانی پەرستگای خوداوەندی فیشنو هافیلی بکات، کاهینەکەیان ناسیارمان بوو، بۆیە بواری داین بچینە ژوورەوە و توالێتەکەیان بپشکنین، دەرکەوت توالێتەکانیان زۆر پیسن، بەڵام من زۆر لە راجکوت نەمامەوە تا بزانم کاهینەکە ڕێنماییە تەندروستییەکانی منی جێبەجێ کردبوو یان نا.

## دوو سۆزەکە

هەر چەند خەڵکەکە رقیان لە داگیرکەری بریتانی بوو، من ئەوەندە سۆزم بۆیان هەبوو، ئەوەش پابەندبوو بەڕاستەقینە، من بەهەموو دەنگمەوە لە کۆبوونەوەکانی ناتال سروودەکەی ئەوانەم دەوتەوە، هەستم دەکرد حوکمەکەی ئەوان رەزایە، هەستیشم بەوە دەکرد کەوا حوکمەکەی ئەوان سوودی بۆ هەموو خەڵکەکە هەیە، بەڵام دەمزانی کەوا جیاوازییە نەژادییەکانی کە لە باشووری ئەفریقیا پەیڕەو دەکرا دوور بوو لە دابونەریتی ئەوان، من لە پابەندبوونم بەتاج لە ئینگلیزەکانیش زۆرتر بوو، بۆیەش بەسۆزەوە سروودەکەم دەوتەوە. ئەوەشم تەنها بۆ خزمەتی گشتی بوو، خۆم هیچ دەستکەوتێکی تایبەتییم نەدەویست.

ئەو رۆژەی من گەیشتمەوە هیند، سازییەکانی یوبیلی ئەڵماسی شاژن فیکتۆریا دەکرا. منیش بەشانازییەوە بەشدارییم لە لیژنەکانی ئاهەنگەکە کرد. ئاشتنی ئەمامم بەو بۆنەیە بەپیرۆز دەزانی و بەدڵسۆزییەوە پاکانەم بۆ ئەوەش دەکرد. منداڵەکانم فێری سروودەکە دەکرد، بەڵام دەقی سروودەکە منی نیگەران کردبوو، بۆیەش چەمکی ئاهیمسا لەلام گەشەی دەکرد، کەوا ئەوەی بڕوایان بەئاهیمسایە ناکرێ ئەو سروود بڵێتەوە و بڕوای پێ بکات، چونکە ناکرێ دوژمنەکانمان بەهەڵخەڵەتاو بزانین، مەرج نییە هەموو نەیارێك هەڵە بێت.

من لەناخمدا بیری سارێژکردن و تیمارکردنم هەبوو، ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو نەخۆشەکان تیمار بکەم، ئینجا ئەوانە خزم بن یان بێگانە، بۆیە لە بۆمبای پەیوەندییم بەزاواکەم کرد. ئەو نەخۆش بوو لەسەر جێگە کەوتبوو. دیارە کەوا نەخۆشییەکەی ترسناك بوو. خوشکم نەیدەتوانی چارەسەریی و تیماری بکات.

من نەخۆشەکەم لەگەڵ خۆم هێنابووە راجکوت، لە ژوورەکەی خۆم دامنابوو، شەو و رۆژ لەدیاری بووم. شەوانە لەگەڵ ژانەکانی ئەو بەئاگا دەهاتم. لەو دەمانە خەریکی کارەکانی خۆم دەبووم ئاگام لەویش دەبوو، بەڵام ئەو گیانی سپارد، پرسەی گەورە و خەمی زۆرم لەبەر ئەوەبوو کەوا من نەمتوانی لە دوارۆژەکانی ژیانییدا زۆرتر خزمەتی بکەم. ئیتر لەو رۆژانە زۆرتر ئارەزووم دەکەوتە سەر تیمارکردن، بۆیەش زۆرجار ئەوەی لە ئیشەکەی خۆم نزیک لەو بوارەدا دەمکرد، زۆریش هەموو ئەندامەکانی ناو ماڵەکەم بەوە خەریک دەکرد.

## کۆبوونەوەی بۆمبای

لەو ڕۆژەی زاواکەم مرد کۆبوونەوەیەکی میللییمان هەبوو، نەکرا وتارێکی گونجاویش ساز بکەم، لەبەرئەوەی من شەو و ڕۆژ خزمەتی زاوا نەخۆشەکەمانم کردبوو، بۆیە دەنگیشم تەواو نەبوو، بەڵام بەبڕوای پتەوم بەخودا بەرەو بۆمبای بەڕێ کەوتم و بەخەونیش بیرم لە نووسینی وتارێکیش نەکردەوە. لە کاتی دیاریکراو گەیشتمە نووسینگەکەی فیروزشا،

ئەو پرسی: غاندی وتارەکەت ئامادەکردووە؟ منیش بەنیگەرانییەوە وتم: نەخێر، بەڵام وتارەکە بەدواندەری سەرپێی دەدەم. ئەویش لە وەڵامدا وتی: لێرە لە بۆمبای ئەوانە سوودی نییە، پرۆسەی گواستنەوەی هەواڵەکان بەخراپی دەکرێت، بۆیە سوود لەو کۆبوونەوەیە نابینین، بۆیە دەبێ وتارەکەت بنووسیتەوە و ئێمە بۆت چاپ دەکەین، هیوام وایە ئەوەیان جێبەجێ بکەیت. ئەگەرچی من کەمێکیش نیگەران بووم، بەڵام بەڵێنم بەو دا کە ئەوە بکەم.

کە بەیانی چووینە کۆبوونەوەکە بینیمان خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، هەتا شوێنێکی چۆڵیش نەمابوو. هەموو هاتبوون گوێ لە فیروزشا بگرن. ئەوەیان یەکەمین کۆبوونەوەی گەورە بوو کە من تێیدا ئامادەبم، بۆیەش دەنگم نەدەگەیشتە هەموو خەڵکەکە، دەم نا دەمیش بەڕێز فیروزشا تا هانم بدات و شڵەژانەکەم لە کاتی خوێندنەوەکە بشارێتەوە، دەیوت دەنگت بەرز بکەرەوە، هانی دەدام تا باشتر وتارەکەم بخوێنمەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا هاوسۆزییم لەگەڵ دوو کەس زۆر گەرم بوو، یەکەمیان بەڕێز دیشباندی، بەڵام ئەوی تریان هاوڕێیەکی بارسی بوو کە ناوەکەم لەبیرنەماوە، پۆستێکی باڵای لە حکوومەتدا هەبوو، هەردووکیان وتیان ئێمە ئامادەین لەگەڵ

تۆ بێینە باشووری ئەفریقیا، بەڵام هاوڕێیە بارسییەکەیان رایی کرد لەجیاتی گەشتەکە با ژن بهێنێت. لە ڕێگای گەڕانەوەشم لە زنجبار پارێزەرێکی تریش بەڵێنی دا کە هاوڕێیەتیم بۆ باشووری ئەفریقیا بکات، بەڵام ئەو دیسان پەشیمان دەبێتەوە. هەر بۆ پەیداکردنی هاوڕێیەك بۆ باشووری ئەفریقیا بەڕێز بیستونچی بادشام بەبیرهاتەوە، ئەوم لە لەندەن دیبوو، لە ڕێستورانتێکی رووەکی دیبووم. براکەی بەمنی وت کەوا ئەو ئێستا کەسێکی نامۆیە و ناکرێ دیمانەشی بکەیت، زۆریش دڵی بەئەسپ دەسووتێت، بۆیە قبووڵی نییە سواری ئەو عەرەبانانە بێت کە بەئەسپ رادەکێشرێن، ئەگەرچی ئەو زۆریش زیرەك بوو، بەڵام لە لەندەن هیچ بڕوانامەیەك وەرناگرێت. ئەو کەسێکی سەربەخۆ بوو، ئەگەرچی بارسی بوو، بەڵام رووەکی بوو. ئەو دەمانەی لە لەندەن بوو بەو رەوشتانە نەدەناسرا. بەوە دەناسرا کەوا کەسێکی زیرەکە، بەڵام ئەوەی هەردووکمانی کۆدەکردەوە ڤیگاتیرەکە بوو، نەك ئاستە رۆشنبیرییەکەی. من لە بۆمبای دۆزییمەوە، لەوێ پۆستی نووسەری یەکەمی لە دادگای باڵادا هەبوو، زۆریش خەریکی سازکردنی فەرهەنگێك بوو لە جوجراتی پێشکەوتوو. لەگەڵ زۆر کەس کۆبوونەوەم بۆ ئەو مەبەستە کرد، نەك بەڕێز بیستومچی یارمەتی منی نەدا، ئەو ئامۆژگاری منی کرد نەگەڕێمەوە باشووری ئەفریقیاش.

ئەو وتی: ئەستەمە من یارمەتی تۆ بدەم، لەناو وڵاتدا کار و بەرنامەی خۆمان زۆرە، زمانەکەمان پێویستی زۆری بەزاراوەی زانستی هەیە. برسیەتی و هەژارییەکی زۆر لەو وڵاتەدا هەیە، بۆیە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە، راستە هاونیشتمانییەکانمان لە باشووری ئەفریقیا کێشەیان زۆرە، بەڵام نامانەوێت کەسێکی وەك تۆ بکەینە قوربانی ئەوان. سەرەتا ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئۆتۆنۆمییەك بۆ هیند دابین بکەین، ئەوەش کاردانەوەی باشی لەسەر

هاوڵاتییەکانمان لەوێش دەبێت، نامەوێ من ئارەزووەکانی خۆم لەسەر کەس بسەپێنم.
ئامۆژگارییەکانی ئەوم بەدڵ نەبوو، بەڵام ڕێزم بۆ ئەو زۆرتر بوو، چونکە ئەو وڵات و زمانەکەی زۆر خۆشدەویست، بەوەش هەردووکمان زۆر لەیەکتری نزیک بووینەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی گەشتەکەم بۆ باشووری ئەفریقیا هەڵبوەشێنمەوە، من لەسەر ئەو بەرنامەیە گەرمتر بووم و بەڵێنم دا لە کاروانەکەم بەردەوام بم، چونکە ئەوەی وڵاتەکەی خۆی خۆشبوێت، هەرگیز بەشێکی وڵاتەکەی پشتگوێ ناخات. ئیتر ئەو دەقەی جیتام بەڕوونی بۆ ئاشکراتر دەبێت:
لە کۆتایی باشترە خەڵك ئەگەر هەرەسیش بهێنێت لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت.
ئەوەیان باشترە لەوەی بچێت روو لە بەرنامەیەکی تر بکات، ئەگەر بەرنامەکە خێریش بداتەوە.
هیچ زیانیش نییە ئەگەر مرۆڤ لە ئەنجامدانی ئەو فەرماندا بشمرێت.
جا ئەوەی ڕێگایەکی تر بگرێتە بەر دەرئەنجام ڕێگاکە ون دەکات.

## بونا و مەدراس

بۆ ئەوەی پشتیوانی زۆرتر پەیدا بکەم سەردانی شاری بونام کرد، لەوێ بەڕێز لوکامانیا تیلاک وتی: بڕیارەکەت بۆ پشتیوانی پەیداکردن زۆر دروستە، ڕەنگە لەسەر مەسەلەی باشووری ئەفریقیا ناڕەزاییەك هەبێت، بەڵام یەکێك هەر دەبێت سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەت بکات، لەوێ مامۆستا باندارکار دەکرێ ببینیت، ئەو لەمێژە دیمانەی میللی نەکردووە، من بەردەوام دەبم لە هاوکاری تۆ کەی ویستت.

بەڕێز جوخلییم لە کۆلێژی فیرجسۆن بینی، زۆر بەگەرمی پێشوازی کردم، وەك دوو برادەر کە دووبارە یەکتر ببینەوە دیمانەکەمان وابوو. من بەڕێز فیروز وەك چیای هیمالایا و بەڕێز لوکامانیا وەك ئۆقیانووس و بەڕێز جوخلی وەك ڕووباری جانج دەبینم. ناکرێ بەسەر هیمالایا بکەویت، لەناو ئۆقیانووسیش مەله ئەستەمە، بەڵام ڕووبارەکە ئارامترە. بۆیە ئەو وەك بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە سەیری کردم، منی لەناو کولێژەکەدا گێڕا و دیمانەکەمان گەرم و بەسۆز بوو. دکتۆر باندارکار وەك باوکێك منی وەرگرتەوە، ئەو سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی بۆ کردم. کە گوێی لە لێدوانەکانم راگرت ئەو وتی: لە هەر کەسێك بپرسیت پێت دەڵێت، کەوا من لە سیاسەت ئیش ناکەم، بەڵام من ناتوانم ڕووی تۆ بشکێنمەوە، کێشەکەی تۆ مەزنە، بۆیە من ئامادەم لە کۆبوونەوەکەت بەشداری بکەم.

پاش کۆبوونەوەکان و دیمانەی زۆری دەستە ڕووناکبیرەکان لە بونا بەرەو مەدراس بەڕێ کەوتم، کە خەڵکەکەی بەخوێنگەرمی ناسراون، لەوێ

ڕووداوەکەی باڵاسوندرام کاری تێکردبووم، هەستم کردبوو کەوا وتارەکەم درێژ بوو، بەڵام خەڵکەکە وشە بەوشە گوێیان لێ گرتبوو. لە کۆتایی کۆبوونەوەکە خەڵکەکە لەسەر دابەشکردنی دە هەزار دانەکەی کتێبەکەم نامیلکە سەوزەکە سۆزی زۆریان نواند. لە چاوتروکانێکدا هەموویان فرۆشران. نامیلکەکەم بۆ ئەو کەسانە بوو کە زمانی ئینگلیزی دەزانن، بۆیە بیرم لەوە نەدەکردەوە زۆرتر لەو تیراژە کتێبەکە چاپ بکەمەوە.

## گەڕانەوەیەکی خێرا

لە مەدراسەوە بەرەو کلکتا بەڕێ کەوتم، لەوێ لە هوتێلی جریت ئایستن دابەزیم. کەسم نەدەناسی، هەر لەوێ بەڕێز ئیلرپوربم ناسی. ئەو پەیامنێری رۆژنامەی زا دایلی تیلگراف بوو. ئەو منی لە یانەی بنجابییەکان داوەتکرد، چونکە دەیزانی کەوا ناکرێ هیندی لە سالۆنی یانەکە داوەت بکرێن، بۆیە منی بردە ژوورەکەی خۆی کە تێدا دەژیا، ئەویش گلەیی لە ناڕەوایی مامەڵەی ئینگلیزەکان بۆ هیندییەکان هەبوو، داوای لێبووردنی کرد کەوا ناتوانێت من بباتە ناو یانەکە.

دەبوایە لەو سەردانەمدا خۆشەویستی بنجابییەکان بەڕێز سوریندراناپ بانیرچی ببینم، کە دیمانەم کرد ئەو بەکۆمەڵێك برادەر دەورەی گیرابوو، ئەو بەمنی وت: من دەترسم خەڵکەکە بایەخ بەکارەکانی تۆ نەدەن. دەیزانی کەوا ئێمە کێشە و کۆسپی زۆرمان هەیە، وا باشە سۆزی ئەمیرەکانیش بۆ خۆت رابکێشیت، واباشە نوێنەرانی کۆمەڵەی بریتانی هیندییش ببینیت، هەروەها بیاریموان موکارچی و مهراجا تاغووریش ببینیت، ئەوان هزری رەوشنیان هەیە و بەشداری کارە گشتییەکانیان پێ خۆشە. بەڵام من بۆ دیمانەی ئەو دوو کەسە بەختیار نەبووم. ئەوان ئاگاداریان کردمەوە کەوا ناتوانن لە کۆبوونەوەیەکی میللی لە کلکتا بەشدار بن.

چوومە بارەگای رۆژنامەی ئەمریتا بازار باتریکا، ئەوەی منی بینی وایزانی من جوولەکەیەکی گەڕۆکم. لە رۆژنامەی زا بانجابسی رێزیان نەگرتم، یەك سەعات

چاوەڕوانی سەرنووسەرەکەم کرد، کە خەڵکەکەی بەڕێ کرد و قسەمان کرد ئەو وتی: دیارە کەوا میوانمان چەند زۆرە، خەڵکی وەك تۆش زۆر سەردانمان دەکەن، بۆیە وا باشە بڕۆیت، من ئامادەییم نییە گوێتان لێ رابگرم. خەڵك کە روو لەو نووسینگەیە دەکەن وادەزانن سەرنووسەرەکەی دەستی دەڕوات و خەمەکانیان سووك دەکەن، نازانن کەوا دەسەڵاتی ئەو تەنها هەر بەردەرگاکەی خۆیەتی و بەس، بەڵام لە هەردوو رۆژنامەی زا ستاتسمان و زا ئینگلیش مان بایەخیان بەدۆزەکەم دا و دیمانەی درێژیان لەگەڵدا کردم و هەمووشیان بڵاوکردەوە.

سەرنووسەری زا ئینگلش بەڕێز ساوندرس مانەکە وتی هەموو دەسەڵاتەکەمان لەبن دەستی تۆ دادەنێین، بۆیە لە نووسینی سەروتارەکە پرسی بەمن کرد و رامانەکەی منی تێدا دانابوو. ئیتر بوویتە هاوڕێ و بەڵێنەکانی خۆی گەیاندە جێ و هەتا ئەودەمانەی نەخۆشیش کەوت پەیوەندییەکانمان بەردەوام بوو.

من لە ژیانمدا زۆر لە برادەران ئەوانەی بەڕێکەوت لە من نزیك بوونەوە کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی من دانابوو، کە من مەسەلەکانم گەورە نەدەکرد و زۆریش بەدڵسۆزییەوە رەفتارم دەکرد، ببوومە جێگای سەرەنجی بەڕێز ساوندرس. پێش ئەوەی رامان لەسەر دۆزەکەم پەیدا بکات، هەڵوەستە و رامانی زۆر وردی لەسەر من کردبوو. ئەو وا لە من تێگەیشتبوو کەوا من لە گەیاندنی رووداوەکان بێلایەنم، هەتا لەو حاڵەتەی کە باس لە کەسایەتی پیاوی سپیپێست لە باشووری ئەفریقیاش دەکەم و رێزیشی دەگرم.

ئیتر ئەزموون بوو کە منی فێرکرد بەزووترین کات بگەمە دادپەروەرییەکە، ئەگەر لەگەڵ کەسی بەرامبەرمان دادپەروەر بین. لە دیمانەکەی ئەو تێگەیشتم کەوا لە کۆبوونەوەکەی کلکتا سەردەکەوم، بەڵام لەو دەمانە بروسکەیەکم لە دربانەوە بەدەست گەیشت کە تێدا هاتبوو: پەرلەمان لە مانگی ینایردا

دانیشتنەکانی دەست پێدەکاتەوە، بۆیە داوا دەکەین بەزووترین کات بگەڕێیتەوە!.

پەیامێکم بەمیدیاکان ڕاگەیاند کەوا من بەپەلە دەبێ بگەڕێمەوە و یەکسەر دەبێ بەرەو بۆمبای بەڕێ بکەوم، بەڵام زووتر من ئاگاداری بەڕێز عەبدوڵلام کردەوە کەوا بەزووترین کات کارئاسانی گەشتەکەم بۆ باشووری ئەفریقیا بۆ ساز بکەن، لە یەکەم پاپۆڕدا جێگام بۆ بگرن. لەو دەمانەش بوو کە بەڕێز عەبدوڵلا پاپۆڕی کۆرلاندی تازە کڕیبوو، بۆیە حەزی دەکرد خۆم و خێزانەکەم بەو پاپۆڕە گەشتەکە بکەین و هیچ پارەش نەدەین. منیش داواکەی ئەوم بەخۆشییەوە قبووڵکرد. بۆ جاری دووەم و لە سەرەتای مانگی دیسمبەر بەرەو باشووری ئەفریقیا بەڕێ کەوتم، لەگەڵ هاوسەرەکەم و هەردوو کوڕەکەم و کوڕەخوشکی بێوەژنەکەم سواری پاپۆڕەکە بووین. پاپۆڕی نادیرییش هاوکات بەرەو دربان دەچوو، کە تێیدا وەکیلەکانی کۆمپانیاکەی دادا عەبدوڵلا و شەریکەکانیشی تێدابوو و ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی هەشت سەد کەس، نیوەیان بەرەو ترانسفال دەڕۆیشتن.

# بەشی سێیەم

## تەوژمی باهۆزەکە

ئەو گەشتەم یەکەم گەشت بوو کە لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکەم بۆ باشووری ئەفریقیا بیکەم. زووتر باسی ئەوەم کردبوو کەوا ئێمە زوو پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەین، زۆربەی پیاوەکان خوێندەوارن و ژنەکانیش نەخوێندەوارن، ئیتر لەو ئاستە بۆشاییەکی گەورە لەنێوانیاندا دەبێت، بۆیە پیاوەکە بەناچاری دەبێتە فێرکەری ژنەکە، بۆیەش من جلوبەرگی ژنەکەم و منداڵەکانم هەڵدەبژارد. خواردن و هەڵسوکەوتیان بەمەرجێك کە لەگەڵ دەوروبەریان بگونجێت. ژنی هیندۆسی وەك بڕوایێکی مەزن تاعەتی مێردەکەی دەکات. پیاوەکە دەبێتە گەورە و سەروەر و جێبەجێکاری هەموو داواکانی ئەو ژنە. ئەو دەمانە دەبوایە ئێمەش وەك ئەورووپییەکان جلوبەرگ لەبەر بکەین، خۆمان وەك شارستانێك نیشان بدەین، وامدەزانی بەوەیان دەتوانین جۆریك لە دەسەڵات نیشان بدەین، چونکە بەبێ ئەوە دەسەڵات و خۆدەرهێنانەکە نەدەکرا و نەشدەکرا هیچ خزمەتێك بەرەوەندی هیندی بکەین. ئیتر من پۆشاکی ژنەکە و منداڵەکانم دیارکرد. دەبوا خۆمان وا نیشان دابوایە کەوا لە ئێمە لە چینی بازرگانەکانین، لەبەرئەوەی هیندییە بارسییەکان لە هەموو هیندییەکانی تر شارستانتر بوون، بۆیە پۆشاکی ئەوان لە ئەورووپییەکە بۆ ئێمە شایستەتر بوو، چونکە لەبەرکردنی پۆشاکی ئەورووپی وەك هەنگاوی یەکەم جوان و گونجاو نەبوو. ژنەکەم ساری بارسی لەبەردەکرد، منداڵەکانیش شەڕواڵ و پاڵتۆی بارسییان لەبەرکرد. بێگومان دەبوایە گۆرییە و پێڵاویش لە پێ بکەن، دیارە بۆ

راهاتن لەوەش کاتی زۆری دەویست، چونکە پێڵاوەکان پێی دەگرتن، گۆریەکانیشیان دەکەوتە ناو ئارەقەی زۆرەوە، بۆیەش پەنجەی پێیەکانیشیان زۆر بریندار دەبوو. من بڕیاری تەواوم لەسەر ئەو خۆگۆڕینە دابوو، بۆیە گوێم لە گلەییەکانیان رانەدەگرت، دەبوایە ئەو دیاردەیە جێبەجێ بکرێت.

پاپۆڕەکە موڵکی بەڕێز عەبدوڵڵا بوو، بۆیە ئازادییەکی زۆرمان هەبوو، لەناو ئەو ناسیارانەی لەسەر پاپۆڕەکەدا بوون دەگەڕاین. لەبەرئەوەی پاپۆڕەکە یەکسەر بەرەو ناتال دەڕۆیشت، بۆیە تەنها بەهەژدە رۆژ گەیشتین، هێشتا چوار رۆژمان مابوو بگەینە ناتال، باهۆزێکی ترسناک هەڵی کرد، لەو وەرزەدا لە بەشە باشوورەکەی گۆی زەوی باهۆزی وا ئاسایی بوو، بەڵام سەرنشینەکان هەستیان بەترسێکی زۆر دەکرد، هەموویان لە ترسی گیانی خۆیان ببوونە یەک پارچە و جیاوازی و ناکۆکییەکانیان لەبیرکردبوو. هیندۆس و موسڵمان و کریستیان و ئەوانی تریش بوونە یەک جەستە، هەموویان بیریان لە کردگاری تاکوتەنیا دەکردەوە. کاپتنەکانیش بەشداری نوێژ و سەلاواتەکانی دەکردن، ئەگەرچی کاپتنەکە دەیوت پاپۆڕەکە باش دروستکراوە و بەهیچ شێوەیەک و لە هەموو رەوشە خراپەکانیشدا مەترسی لەسەر نییە، بەڵام خەڵکەکە هەر دەترسان، پاپۆڕەکە وا دەهەژی بڕوات نەدەکرد کەسی لەسەر پشتی مابێت، ئەو رەوشە ئاڵۆزە بیست و چوار کاتژمێری خایاند، ئینجا کەشەکە هێمن بووەوە و تیشکی خۆرمان لێ دەرکەوت. کاپتنەکان مژدەی تەواوبوونی باهۆزەکەیان پێ راگەیاندین، لەگەڵ نەمانی ترسەکەش ناوی خوداش نەما. دووبارە خەڵکەکە گەڕانەوە سەر بەزم و خۆشییەکان و نانخواردن.

من بەو زریان و باهۆزە لەگەڵ خەڵکەکە ببوومە یەک جەستە. من نەدەترسام چونکە پێشتر ئەو رەوشەم دیبوو، دیارە کەوا من دەریاوانێکی لێهاتووش بووم، بۆیە سەرم نەدەسووڕا و ئەو نەخۆشییە منی نەگرت، ئازایانە لەناو

خەڵکەکـەدا دەسـوڕامەوە و دڵـم دەدانانـەوە، بـەردەوام دوا راپـۆرت و ڕێنماییەکانی کاپتنەکانم بەخەڵکەکە رادەگەیاند. پاپۆڕەکە لەسەر شۆستەی کەناری بەنـداوی دربـان لـە رۆژی ١٨ یـان رۆژی ١٩ی مـانگی دیسـمبەردا نیشتەوە، هـەمان رۆژیش گەیشتە نادیری. بەڵام لەڕاستییدا هێشتا باهۆزە راستەقینەکە هەڵی نەکردبوو!

## باهۆزەکە

بوار نەدرا هەتا پشکنینی تەندروستی بۆ خەڵکەکە بکرێت و کەس لەناو پاپۆڕەکە دابەزێت. لەبەرئەوەی ئێمە لە بۆمباوە هاتبووین، لەوێش پەتای تاعوون هەبوو، نەوەك نەخۆشییەکانی ئەوێ بگوازنەوە، دەبوایە ئەو پاپۆڕەی دەگاتە ئەو کەنارە یەکسەر ئاڵایەکی زەرد هەڵکات، نەدەبوایە کەس دابەزێت هەتا پشکنینی وردیان بۆ سەرنشینەکان نەکردبوایە. ئاڵاکەش دانەدەگیرا هەتا دکتۆرەکان بواریان نەدابوایە، کەسیش بۆی نەبوو بێتە سەردانی خزمەکانیان هەتا ئەو ئاڵایە زەردە دانەگیرابوایە.

کە ئاڵا زەردەکە لەسەر پاپۆڕەکەمان هەڵکرا بڕیاردرا پاپۆڕەکەمان پێنج ڕۆژی لەوێ بمێنێتەوە، چونکە میکرۆبی تاعوون بیست و سێ ڕۆژ دەمێنێتەوە، بەوەش حیسابی ڕۆژی دەرچوونیان کردبوو لەگەڵ پێنج ڕۆژەکە دەکاتە ماوەی تەمەنی میکرۆبەکە، بەڵام دیاربوو ڕاگرتنەکەمان تەنها لەبەر ئەو نەخۆشییە نەبوو.

بەڵام دوایی زانیمان کەوا مانەوەی ئێمە لەناو پاپۆڕەکە بەبیانووی دەستبەسەرداگرتنی تەندروستییەوە نەبوو، بەڵام پیاوانی سپییێستی دربان ئاگاداریان دەکردینەوە، پیاوە سپییەکانیش بەردەوام کۆبوونەوەیان دەکرد، وەکیلەکانی بەڕێز دادا عەبدوڵڵا لەو ڕەوشەدا تێیدا هەموو جۆرە هەڕەشەیەکیان دەکرد، بەکۆمپانیای دادا عەبدوڵڵایان وتبوو کە لە گەیشتنی ئەو دوو کەشتییە زەرەر دەکەن، ئێمە قەرەبووتان دەکەینەوە،

بەڵام سەرنشینەکانی ئەو دوو پاپۆڕە دانەبەزینە ناو دربان و دەبێ هەردووکیان بگەڕێنەوە هیند، بەڵام ئەوان گوێیان نەدابووە ئەو هەڕەشانە و بەڵێنی ئەوانیان بەهەند وەرنەگرتبوو، بەڕێز عەبدولکەریم حاجی ئادەم لەو دەمانە شەریکی ئیداری کۆمپانیاکە بوو، ئەو سوور بوو لەسەر دابەزینی نەفەرەکان و گەیشتنیان بەدربان، بەڕێز عەبدولکەریم بەردەوام دوا پێشهاتەکانی بەنامە بۆ من دەنووسیم و ئاگاداری دەکردمەوە، ئەوەی جێگای خۆشحاڵیمان بوو کۆچکردوو مانسوخەلال نازار بۆ دیمانەی من هاتبووە دربان، ئەو کەسێکی ئازا و بەجەرگ بوو، بۆیەش پێشڕەوایەتی هیندییەکانی دەکرد، هەروەها پارێزەر بەڕێز لۆتۆن بەقەد ئەو ئازا بوو، ئەویش بەتوندی سەرکۆنەی چالاکی سپیپێستەکانی کردبوو، لەو پێشهاتەدا ئامۆژگاری رەوەندەکەی کردبوو نەك وەك پارێزەرێك بەڵکو وەك هاوڕێیەکیان.

ئیتر لە دربان رووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرامبەر لەئاردابوو، ململانێیەك لەنێوان ژمارەیەك هیندی هەژار بەپشتیوانی چەند برادەرێکی سپیپێست. لایەنی دووەمیش ژمارەیەك کەسانی سپیپێست سەردەستە لە خوێندن و ژمارە و سامان، دیارە کەوا حکوومەتیش هاوشانی ئەوانە بوو، حکوومەتی دیربان پشتیوانی بەئاشکرای کردبوون، بەڕێز هنری ئاسکومپ ئەو یەکێك بوو لە ئەندامە کاراکەی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو بەزۆری لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری کردبوو. مەبەستی سەرەکی ئەو ململانێیەش بۆ گەڕاندنەوەی هەردوو پاپۆڕەکە بوو، لەبەرامبەر ئەوەش قەرەبوویان بکەنەوە، منیش بەردەوام لەناو خەڵکەکە دەگەڕام و هێمنم دەکردنەوە، هەروەها سەرنشینی پاپۆڕەکەی تریشم بەنامە ئاگادار دەکردەوە کەوا ئارام بن و ئازایەتی بنوێنن.

بۆ خۆشحاڵی خەڵکەکە جۆرەها یارییمان دەکرد، لە رۆژی جەژنی لەدایکبووندا کاپتنەکە خەڵکەکەیان داوەتکرد، من و خێزانەکەم یەکێك بووین لە کەسە

داوەتکراوەکان، لەگەڵ نانخواردنەکە من وتارێکم خوێندەوە تێدا ئاماژەم بەشارستانیەتی خۆرئاوا دابوو، بەڵام دڵم هەر لە دەرەوەی پاپۆڕەکە بوو، چونکە من دەمزانی بەزمەکە لەبەر منە، ئەوان دەیانەوێ من نەگەڕێمەوە، منیان بەدوو بەڵگەیە تاوانبار کردبوو:

١- من بەردەوام خەڵکە سپییەکان سەرکۆنە دەکەم و رەخنەیان لێ دەگرم، نەک لەو دەمانەی من لە ناتالدا بووم، بەڵکو کە لە هیندیش بووم ئەوەیان رەوشت و چالاکی من بووە.

٢- هاتنی ژمارەیەکی زۆری هیندی بەدوو پاپۆڕە مەبەست لە بۆ زۆربوونی سەرژمێری هیندییەکانە لە ناتالدا.

من دەمزانی لەنێوچەوانی منەوە چارەنووسی کۆمپانیاکەی بەڕێز عەبدوڵلا و خەڵکەکەی ناو ئەو دوو پاپۆڕە و خێزانەکەم دەکەوتنە مەترسی و فەنابوونەوە. بەڵام من لەو دوو تاوانەی رووبەڕووم کرابوونەوە بێتاوان بووم. من کەسم هان نەدابوو بێنە ناتال، هەتا سواری پاپۆڕەکەش نەبووم ئەوانەم نەناسیوە، تەنها لەوانە دوویان خزمی من بوون، لەو دەمانەی من لە ناتالدا ژیام، دژایەتی کەسی سپییم نەکردووە، بۆ ئەوانەش من بەڵگەم هەیە.

لە وتارەکەم کە لەبەردەم ژمارە کەمەکەی سەر خوانەکە پێشکەشم کردبوو باسی شارستانیەتی خۆرئاوام کردبوو، لەوێش وتبووم کەوا شارستانی ئەوان بەزەبری هێز دامەزراوە، وەک شارستانی خۆرهەڵات نییە. ئەوانیش پرسیان ئەگەر سپییەکان لەو بوارەدا سەرکەوتن، تۆ چۆن بەبەرنامە ئاشتییەکەی خۆت وەڵامیان دەدیتەوە. منیش لە وەڵامدا بەکاپتن و ئەو چەند ئەفسەرەی لەوێ لەسەر خوانەکە بوون وتم:

من لە خودا دەپاڕێمەوە توانام پێ ببەخشێت من لێیان ببوورم نەک شکایەتیان لێ بکەم، من بەهیچ ناپەسەندییەک بەرامبەریان ناجووڵێمەوە، بەڵکو خەمی

ئەوەمە کەوا ئەوان نەفامن و ئاسۆی هەستیان تەسکە، ئەوان وادەزانن کەوا کردەیەکی چاك دەکەن، بۆیەش من رقم لێیان نییە.
ئیتر کاپتنەکان وتیان ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە ئێوە دابەزنە ناتال هەتا حکوومەت فەرمانمان پێ نەکات، بۆیە لەپاش کۆتایی بیست و سێ رۆژەکە هەمووومان دابەزین و گەیشتینە ناتال.

## بژارەکە

بەڕێز ئاسکومپ بەکاپتنەکەی وتبوو، با من و خێزانەکەم با بەشەو لە پاپۆڕەکە دابەزین، لەوێ پیاوانی پۆلیس هەتا پۆلیسی بەنداوەکە هاوڕێیەتییان بکات، چونکە سپییەکان لەو تووڕەن و ڕەنگە دەستی لێ بوەشێنن. من نامەکەم وەرگرت و بەقسەم کرد، پاش نیو کاتژمێر بەڕێز لۆتۆن هاتنە لای کاپتنەکە وتی: من راوێژکاری کۆمپانیاکەم ئەگەر لارییتان نەبێت من غاندی لەگەڵ خۆمدا دەبەمەوە، بۆیە پێویست ناکات گوێ لە ڕێنماییەکەی بەڕێز ئاسکومپ بگرین. ئەو لە من نزیك کەوتەوە و وتی: با خێزانەکەت بەعارەبانەیەك بچێتە ماڵی ڕۆستومچی، من و تۆش بەپێیان دەڕۆین. بەوەیان ڕەنگە کێشەمان نەبێت، چونکە مەسەلەکە ساردبوویتەوە و سپییەکانیش پەرتەیان کردوە، بۆیە وا باشە بەدزەکردنەوە بچینە ناو شار. من یەکسەر پێشنیارەکەی ئەوم قبوولکرد، ژنەکەم و منداڵەکان بەسەلامەتی گەیشتنە ماڵەکەی ڕۆستومچی، کە نزیکەی دوو میل لە بەنداوەکە دووربوو.

کە گەیشتینە سەر بەنداوەکە گەنجە سپییەکان زانییان من دابەزیوم، هەموو بەیەکەوە هاواریان دەکرد غاندی غاندی! بۆیە لۆتۆن بانگی عارەبانەیەکی کرد و یەکسەر سواربووین، ئەوەیان یەکەمجار بوو من سواری عارەبانە ببم. هەر چەند پێشدەکەوتین ژمارەی خەڵکەکە زۆرتر دەبوو، سەرەتا بەڕێز لۆتۆیان لە من دابڕی، ئینجا بەبەرد و هێلکە و قووڕ بەربوونە سەر گیانم. عەمامەکەی سەریان فڕێدامە سەر ئەرزەکە، منیان دایە بەر شەق و پێلەقە. منیش توند خۆم بەپەرژینێك گرتبوو، هەتا بوورامەوە لێیاندام. باش بوو ژنی بەڕێوەبەرەکەی

پۆلیسی شارەکە منی دەناسی، بەئازایەتی ئەو، ئەگەرچی هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو بەفریام کەوت.

لەو دەمانە گەنجێکی هیندی بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە بنکەی پۆلیسەکە، ئیتر ئەلکسندری بەڕێوەبەری پۆلیس دەستەیەك پۆلیس ڕەوانە دەکات تا من بگەیێننە شوێنێکی ئارام و چاویان لە من بێت. کە گەیشتمە بنکەکە سوپاسی بەڕێوەبەرەکەم کرد. ئەو وتی لێرە بمینێوە، بەڵام من وتم: بەدڵنیاییەوە ئێستا ئەوان ئارام بوونەتەوە و دەزانن کەوا هەڵەیان کردووە و پەشیمان دەبنەوە. من بڕوام بەدادپەروەری ئەوان هەیە. بەسەلامەتی گەیشتمە ماڵی ڕۆستومچی، تەنها یەك برینم بەجەستەوە بوو. دکتۆرەکەی پاپۆڕەکەش لەوێ ئەو چاوێکی لێ کرد و یارمەتی پێویستی پێشکەش کردم.

ڕەوشەکە لەناو ماڵەکە ئاسایی بوو، بەڵام سپییەکان ماڵەکەیان گەمارۆدابوو، هەموو هاواریان دەکرد غاندی_ مان تەسلیم بکەن، بۆیە بەڕێوەبەرەکەی پۆلیس خەمی منی بوو، نامەیەکی بۆم نارد و داوای کردبوو بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڕێیەکەت و بۆ سەلامەتی خێزانەکەت وا باشە بەدزی و بەخۆگۆڕین لەو ماڵە بچیتە دەرەوە.

من کەوتبوومە دووڕیانی دوو هەڵوێست، بۆیە بەڕێز لۆتۆن وتی وا باشە خۆتیان لێ ئاشکرا بکەی. ئەوەش مەترسییەکی زۆری بۆ هەموولایەك تێدابوو، یان دەبوایە بەدزی خۆم دەرباز بکەم. دیارە بیرکردنەوە لە هەڵاتن ژانی برینەکانی لەبیربردمەوە، جلێکی پۆلیسی هیندییان لەبەرکردم، لەگەڵ دوو پۆلیس لە ماڵەکە هاتمە دەرەوە، لەوێ بەچەند پەنا و لاڕێ دوورکەوتمەوە، دووبارە عارەبانییەك منی گەیاندەوە بنکەی پۆلیسەکە، لەو دەمانەی دەرچووم گوێم لێبوو خەڵکەکە هاواریان دەکرد، ئەو غاندی پیرە بخنکێنن، بەدار سێوێکی بۆگەنی وەبکەن. کە من دەگەمە بنکەکە، بەرپرسەکە بەجەماوەرەکە

دەڵێت غاندی لە ژوورەوە نەماوە و دەتوانن دوو کەستان بچن ماڵەکە بپشکنن، ئیتر پاش دڵنیابوون لەوەی من لەوێ نیم بەردەم ماڵەکە چۆڵ دەکەن.

بەڕێز تشمبرلین وەزیری موستعمەرەکان داوای لە حکوومەتی ناتال کردبوو خەڵکە پەلاماردەرەکە دادگایی بکەن تا سزای خۆیان وەرگرن، ئەو نیگەرانی خۆی بەمن راگەیاند.

منیش وتم: من شکایەت لە کەس ناکەم، من دوو سێیەك لەوانە دەناسمەوە، بەڵام نامەوێ سزایان بدەن، دوایی من گلەییم لەوانە نییە، بەوانەیان وتوە من دژایەتی سپییەکانی ناتالم کردووەو لە هیند بەخراپە باسی ئەوانم کردووە، بۆیە من گلەییم لە سەرکردەکانیان هەیە، من دەزانم ئەگەر راستییەکان بزانن پەشیمان دەبنەوە.

بەڕێز ئاسکومپ وتی، هەر شتێکت هەیە بەڕاوێژی بەڕێز لۆتۆن بۆم بنووسە، تا منیش ئاگاداری سەرەوەی خۆمی بکەمەوە. وەڵامەکەی من بەو شێوەیە بوو: سوپاس، من پێویستم بەڕاوێژی کەس نییە، بەر لەوەی تۆش بێیتە ئێرە و داواکەت بکەیت من بڕیاری خۆم داوە، شکایەتم لە کەس نییە، من لەو دەمانە ئامادەم بڕیارەکەی خۆم بنووسم. بەیانەکەم نووسی و دامە دەستی ئەو.

## هێمنییەکەی پاش باهۆزەکە

بەچاودێری دوو پۆلیس پاش دوو رۆژ مانەوەم لە بنکەی پۆلیسەکە دەرچووم. ئینجا سەردانێکی بەڕێز ئاسکومپم کرد. کە ئالآ زەردەکەمان لەسەر پاپۆڕەکە هێنابووە خوارەوە پەیامنێری رۆژنامەی زا ناتال ئادفیرتیزر دیمانەی کردم، من لە وەڵامدا هەموو ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووم کرابوونەوە رەتکردەوە. هەموو چاکەییەکەش بۆ فیروزشا دەگەڕێتەوە کەوا من هیچ وتارێکی دواندانی سەرپێی لەبەرم لە هیند نەدابوو، هەموو دەستنووسی وتارەکەمان پێ بوو، دانەیەکم دابووە پەیامنێرەکە، لەوێش وتم، ئەوەی من لە هیند کردمەوە هیچیان وەک لێدوانەکانی ئێرە توند نەبووینە. من ئەوەم روونکردەوە کەوا سەرنشینەکانی هەردوو پاپۆڕەکە کورلاند و نادیری زۆربەیان پیشتر لە ناتالدا ژیابوون.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو دیمانەیە و شکایەت نەکردم لەوانەی دەستدرێژییان کردبووە سەرم، شوێنوارێکی مەزنی لەلای ئەوروپییەکانی دربان جێهێشتبوو. نۆریش هەستیان بەشەرمیش کردبوو. ئیتر میدیا منی بێتاوان دەرهێنا و خەڵکە پەلاماردەرەکەشی شەرمەزارکرد. ئەوەبوو کەوا هاوولاتییەکان دەیانویست من بەبێ دادگاییکردن لەسێدارە بدەن. دەرئەنجام ئەوەش پێگەی رەوەندی هیندی لە باشووری ئەفریقیا بەرزتر دەکاتەوە و منیش کارەکانم باشتر بەڕێوە دەچوو.

پاش سێ چوار رۆژ من گەڕامەوە ماڵەکەم، دامەزراندنەوەم لەسەر کار و بەرنامەکانم نۆری نەخایاند. ئەگەر ئەو کارە پێگەی ئێمەی وەک رەوەندی

هیندی قایم و شکۆدار کردبوو، بەڵام ڕق و ناڕەزاییشی هەڵگیرساندبوو، بۆیە خەڵکەکەی ناتال بوونی هیندییەکان بەمەترسیان دەزانی، بۆیە دوو پڕۆژە یاسایان دابووە ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ کەمکردنەوەی بازرگانە هیندییەکان، دووەمیشیان بۆ سنووردانان بۆ هاتنی هیندییەکان بۆ ناتال، بەڵام باش بوو کۆششی ئێمە بواری نەدا ئەو دوو پڕۆژەیە ببێتە بڕیار.

ئیشکردنم لە وەڵامدانەوەی ئەو پڕۆژەیەی ئەوان، قەبارەی کاری منی لە خزمەتکردنی بۆ بەرژەوەندی گشتی باشتر کردبوو، هەروەها هوشیاری هیندییەکانیشی ڕۆشنتر کردبوو، پڕۆژە یاساکەمان وەرگێڕابووە سەر زمانەکانی هیندییەکان تا ڕەوەندەکە باش لە ناوەڕۆکی یاساکە تێبگەن، سەردانی وەزیری موستعمەرەکانمان کرد بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پڕۆژە یاساییە، بەڵام ئەو نەیویست تێکەڵی ئەو کارە ببێت، بۆیەش پڕۆژەکە بووە یاسا.

ئەو ماوەیەی من لە هیند بووم بەڕێز ئادامچی میاخان سەرکەوتنی باشی لە کارەکانی حزب بەدەست هێنابوو، گەنجینەی حزبمان هەزار پاوەند زیادی کردبوو، بۆ ئەوەی موڵکێک بۆ حزب بکڕین پێویستمان بەپارە هەبوو، بەکرێیەکەی دەکرا حزب بەخێو بکەین، ئەوەش یەکەم ئەزموونم بوو لە بەڕێوەبردنی دەزگایی، پێشنیارەکەم بەهاوڕێیان ڕاگەیاند، ئەوانیش بیرۆکەکەیان پێ باش بوو، موڵکەکەمان کڕی، پارەکەیان باش بوو بەشی خەرجیی ئەنجوومەنی دەکرد، هێشتا موڵکەکە ماوە. بەڵام دوایی مەسەلەی داهاتی کرێیەکەی بووە کێشە و پارەکەش کەوتبووە دادگا.

کە من لە باشووری ئەفریقیا ڕۆیشتبووم ئەوە ڕوویدابوو، بەڵام دابینکردنی بیرۆکەی داهاتی بەردەوام بۆ هەر دەزگایەک لەلای من گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، چونکە دەمزانی ئەوەیان لە داهاتوو کێشە دەنێتەوە. ئێستاش پاش

ئەزموونێکی زۆرم لە بەڕێوەبردنی دەزگا گشتییەکانم راییبوونێکم لا گەڵاڵە ببوو کەوا ئیدارەی دەزگاکان بەسەرچاوەی دارایی دائیمی باش نییە، چونکە ئەوەیان تۆی ناکۆکی پەیدادەکات، چونکە هەر دەزگایەك ئەگەر پشتیوانی میللی نەبێت مافی مانەوەی خۆی لەدەست دەدات و، چالاکییەکانیان لەگەڵ رای گشتی تێکناکاتەوە. ئەوەش لە وڵاتەکەماندا روویداوە. بۆیە باشترین دەزگا ئەوانەیە کە رۆژانە خۆیان نوێ دەکەنەوە و، ئابوونەی ئەندامەکان باشترین ئەزموونە بۆ چالاکی و بەردەوامی و تێگەیشتن لە قەبارەی دەزگاکە و دەستپاکی ئیدارەکە. بۆیەش حەق وایە هەموو دەزگاکان بەو ئەزموونەدا بچنەوە، هیواشم وایە کەس بەهەڵە لە رامانەکەم تێنەگات، دیارە من مەبەستم هەموو دەزگایەك نییە، بەڵکو دەزگای وا هەیە بەبێ موڵکی دائیمی ناتوانێت بژیت و بەردەوام بێت، ئەوەی من مەبەستمە کەوا پارەی خەرجیی دەبێ لەو پارەیە بێت کە لە ئابوونەی ئارەزوومەندانەی ساڵانە کۆدەکرێتەوە. ئەوەش لەکاتی جێبەجێکردنی ساتیاجراها باش بۆمان دەرکەوت، ئەو هەڵمەتە مەزنە شەش ساڵ بەردەوام بوو بەبێ ئەوەی داهاتی دائیمی هەبێت، ئەگەرچی جێبەجێکردنەکەشی نزیکەی سەدان هەزار رووپیەی دەویست. باشم لەبیرە رۆژی وامان دەهاتە پێش کەوا بۆ بەیانی هیچ سەرچاوەیەکی پارەمان لەدەستدا نەبوو، ئەگەر ئابوونەمان وەرنەگرتبوایە، بەڵام هەرگیز خۆم بەوە سەرقاڵ نەدەکرد و بیریشم لێ نەدەکردەوە.

## فێرکردنی منداڵەکان

لە مانگی ینایری ساڵی ١٨٩٧ لەسەر کەناری بەندەری دربان کە دابەزیم سێ منداڵم لەگەڵدا بوو، ئیتر بیرم لەوە دەکردەوە ئەو منداڵانە لەکوێ فێرە خوێندەواری بکەم؟ من دەمتوانی ئەوانە لە قوتابخانە ئەوروپییەکاندا ناونووس بکەم، بەڵام ئەوەیان دەبوایە بەشێوازێکی ڕێزپەڕ یان بەچاکە و منەتەوە بێت، چونکە هیندییەکان بۆیان نەبوو لەو جۆرە قوتابخانانەدا بخوێنن. ئێرسالیی کریستیانییەکان قوتابخانەیان دامەزراندبوو، بەڵام من حەزم نەدەکرد منداڵی من لەو فێرگەیە بخوێنن. پرۆگرامی خوێندنەکان بەزمانی ئینگلیزی بوو، بەزمانی تامیلیش هەبوو، هەروەها هیندییەکی خراپیش هەبوو، بەڵام ناردنی ئەو منداڵانە بۆ ئەو قوتابخانانەش ئاسان نەبوو، چونکە من بەرگەی دەرئەنجامەکانیم نەدەگرت، هەروەها بیری ئەوەشم دەکردەوە من خۆم دەرسیان پێ بدەمەوە، بەڵام دیارە کەوا منیش نەمدەتوانی بەڕێکوپێکی ئەوەیان بۆ بکەم، ئاسانیش نەبوو مامۆستایەکی باشم دەست بکەوێت و منداڵەکانم فێری زمانی جوجراتی بکات.

ئەو مەسەلەیە باش نیگەرانی کردبووم، لە کۆتایی بڕیارمدا مامۆستایەکی ئینگلیزییان بۆ بدۆزمەوە بەسەرپەرشتی خۆم فێریان بکات. ژنە بەخێوکەرێکم بۆ دۆزینەوە بەمووچەی مانگانەی حەوت پاوەند، ئەوەش ماوەیەک بەردەوام بوو، بەڵام من رام لە بەرنامەکە نەبوو، منداڵەکان لەگەڵ مندا بڕێک زمانەکەمان فێرببوون، بەڵام من پەرۆشی ئەوە بووم زمانی دایکیان باش بزانن، من

بەراستم نەدەزانی منداڵ لە دایکوباوکیان دووربکەونەوە، بۆیە ناردنەوەیانم بۆ هیند بەباش نەدەزانی، چونکە مانەوەی منداڵەکانم لەلای خۆم بەباشتر دەزانی. سەرەتا و بۆ ماوەیەکی کەم کوڕەکە و کوڕە خوشکەکەم بۆ هیند رەوانە کردبوو، بەڵام دوایی داوام کردنەوە بگەڕێنەوە لای خۆم، بەڵام کوڕەکەم کە تەمەنی دەگاتە هەژدە ساڵان، ئەو لە من جیادەبێتەوە و دەگەڕێتەوە هیند تا لەوێ قۆناخی ئامادەیی لە ئەحمەد ئەباد لە هیند تەواو بکات. کوڕە خوشکەکەم بەخوێندنەکەی من رازی بوو، بەڵام بەختی نەبوو بەنەخۆشییەك زوو مرد. سێ منداڵەکەی تریشم لەو قوتابخانەیەدا دەیانخوێند، کە لەبەر منداڵە هیندییەکان بۆ برازی ساتیاجراها لە باشووری ئەفریقیا لەلایەن خۆمەوە دامەزراندبوو. منداڵەکان لەو شێوازە رازی نەبوون، ئەوان ئارەزووی خوێندنی ئەکادیمیایان هەبوو.

ئەگەر من منداڵەکانم لە قوتابخانە تایبەتییەکان دانابوایە، ئەوە لە ئەزموونی رۆژانەدا بێبەش دەبوون، نەدەکرا لەگەڵ باوکیان لە قوتابخانەی ژیان بەردەوام بن، وەك ئێستا ئەو دەمانەش لەوەیاندا نیگەران بووم. خوێندنیان لەو قوتابخانانەدا بەرەو بواری کاری گشتی نەدەبردن، بۆیەش من نەمتوانی خوێندنێکیان بۆ بدۆزمەوە، هەردوولامان رازی بکات، بەڵام من پەشیمانیش نەبووم لەوەی لە قوتابخانەی ناوخۆیی تایبەتییم دانەنان، چونکە من لایەنی خراپەم تێدا دەبینی وەك چۆن کوڕە گەورەکەم رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوەش لەسەر دەرئەنجامی ئەو رەوشە نائارامە بوو کە خۆم تێدا دەژیام. ئەو قۆناخەش کاتی گونجاندن و پێنەگەیشتن بوو، ئەو قۆناخەش کە کوڕەکەم پێدا تێدەپەڕی سەردەمی کاریگەری و کاردانەوەی دەوروبەر بوو، بۆیەش گۆڕانەکە بەخێرایی کاریگەری لەو کردبوو. ئەو قبووڵی نەبوو ئەو قۆناخە بەکاتی گونجاندن بزانێت یان بەکەم ئەزموونی من بزانێت، بەڵام من بەباشترین

سەردەمی ژیانی خۆمی دەزانم. بەڵام ئەو گۆڕانەی دوایی پەیدابوون تەنها وەهمێکە و ئەوانیش ناوی دەنێن هەڵەکانی ڕۆشنگەری. نازانم بۆچی سەردەمی گەنجی من بەسەردەمی ڕۆشنگەری نازانن، تا ئەوانەی دواییش هاتن سەردەمێك بێت پڕ نەبن لە وەهم و خۆپەرستی؟ زۆرجار هاوڕێیەکانم پرسیاری ئاڵۆزم لێ دەکەن و سەرم دەشێوێنن، وەك: باشە خراپی چییە ئەگەر منداڵەکانت بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنن؟ کێ حەقی بەمن داوە من دەستیان ببەستم لەو ئارەزووە؟ بۆچی من ڕێگریان بم لە هەڵبژاردنی دوارۆژی وەزیفی خۆیان؟

من بڕوا ناکەم ئەو پرسیارانە سوودیان هەبێت، من هاموشۆی زۆری خوێندکارانم دەکرد، دەمویست ئارەزووەکانی خۆمیان لە خوێندن لەسەر بسەپێنم، ئینجا بەخۆم یان بەشێوە ناڕاستەوخۆییەکانی تر، دەرئەنجامەکەم بینییەوە. بەپێی ئەو زانیارییەی من هەمە، گەنجانی زۆر هەیە کە لە منداڵەکانی من باشتر نین، کەم کەسم دیوە لە من باشتر منداڵەکانیان فێر کردبێت.

بەهەرحاڵ دەرئەنجامی ئەو بۆچوونەی من لە دوارۆژدا دەردەکەوێت. بەڵام من باسی ئەو بابەتە دەکەم، بۆ نموونە با سەیری منداڵێك بکەین کە بابەتی شارستانیەت دەخوێندێت، ئەوە لە ماڵەوە باشتر فێردەبێت یان لە قوتابخانەیەکی ئاسایی. خەڵکەکە ئەوانەی بۆ ئازادییەکە کاردەکەن قوربانی تر دەدەن، چونکە ئەگەر منداڵەکانم نارده بەر خوێندن ئەوانم لە خوێندنی کارکردن بۆ ئازادییەکان و ڕێزگرتنی خودی خۆیان بێبەش دەکەم، دیارە کەوا کەس لەسەر هەڵبژاردنی نێوان ئازادی و فێربوونەکە گلەییان لە بۆچوونەکەی من نییە، چونکە تای ئازادییەکە سەدان جار لە فێربوونەکە لە تای فێربوونەکە قورسترە.

ئێستاش ئەو گەنجانەی کە لە ساڵی ١٩٢٠ کۆمکردوونەتەوە ئەوانەی لە قوتابخانە و زانکۆکانەوە دەخوێنن من ئامۆژگاریم کردوون، کە لەجیاتی خوێندن با بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکان بەرد کون بکەن. ئەوانەی دەست و مەچەکیان بەزەنجیرەکانی کۆیلەتییەوە گیراوە، با لەجیاتی خوێندنی ئەکادیمییەکەیان کۆشش بۆ ئازادی بکەن، ئیتر ئەو گەنجانە دەزانن کە من بۆ ئامۆژگارییم دەکردن.

## رۆحی خزمەتگوزارییەکە

من لە رۆژانی پیشەییمدا بەشێوەیەکی گونجاو پێشدەکەوتم، بەڵام ئەوەشیان کۆتاییەکەی نەبوو، هەر حەزیشم دەکرد من خۆم زۆر بەسادەیی دیاربکەوم و زۆرترین خزمەتگوازری بەرجەستەش بۆ خەڵك دەستەبەر بکەم. کە پیاوێکی نەخۆش بەخووریکەی پێست لە دەرگای دەدام، من نەك هەر خواردنم پێشکەش دەکرد، کابرای نەخۆشم دەبردە ژوورەوە و جوانیش تیمارم دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی بەردەوام وا بکەم، چونکە ئەوەندە پارەم نەبوو بتوانم زۆرتر خزمەتی بکەم؛ بۆیە کابرام دەناردە نەخۆشخانە حکوومییەکەی تایبەت بەو کرێکارانەی کاریان بەبۆندی بەقەرز دەکرد. ئینجا من هەر هەستم بەنیگەرانی کردووە، چونکە نەمدەتوانی زۆرتر کاری خێرخوازی بکەم. دکتۆر بووپ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئیرسالیەی قەدیس ئایدن بوو، ئەو پیاوێکی دڵباش بوو بەخۆرایی نەخۆشەکانی چارەسەر دەکرد، بەهاوکاری یارمەتییەکانی بەرێز رۆستومچی توانیمان نەخۆشخانەیەکی خێرخوازی گچکە بکەینەوە. دکتۆر بووپ بەرپرسیاریەتی نەخۆشخانەکەی دەکرد، منیش زۆر دڵم بەوە خۆش بوو لەوێ کاری برینپێچی تێدا بکەم. رۆژانە یەك دوو کاتژمێر کاری دەرمانسازییمان دەکرد، هەتا توانیم یەکێك لە شوێنی خۆم لەو نەخۆشخانەیە دابنێم. رۆژانە دوو کاتژمێر کاری نووسینگەکەم کەم کردبۆوە، من زۆربەی کارەکانم لە نووسینەگەکەم بوو، کەمتر ئیشی ناو دادگا و بەرگریم هەبوو، بۆیە دەکرا یەکێك لەجیاتی من ئەو ئیشانە بکات و منیش بگەڕێمەوە نەخۆشخانەکە. من ئاسانکارییەکانم بۆ دکتۆرەکە دەکرد، بەوەش من لە

نەخۆشە هیندییەکان نزیک دەکەوتمەوە، کە زۆربەیان تامیل یان تیلوجو و خەڵکی باکووری هیند بوون. ئەو ئەزموونەش لە کاتی شەڕەکەی بویر زۆر بەکەڵکم هات.

من بەزۆری مەسەلەی پەروەردەکردنی منداڵم بەهەند وەرگرتبوو، ئێمە دوو منداڵمان لە باشووری ئەفریقیا ببوو، ئەو ئەزموونەی لە نەخۆشخانە پەیدام کردبوو، کێشەی بەخێوکردنی منداڵەکانی بۆ چارەسەرکردبووم، ڕۆحە سەربەخۆکەم سەرچاوەی بەردەوامی ئەزموونەکەم بوو، من و هاوسەرەکەم بڕیارمان دابوو باشترین پرۆسەی تەندروستی لە منداڵبوونەکە بکەین، بەڵام چ بکەین ئەگەر لەو دەمانەدا دکتۆر یان پەرستارێکی باشم دەستنەکەوت؟ دەبوایە پەرستارەکەش هیندی بێت، دیارە ئەوەش ئاسان نەبوو، نەشدەکرا پەرستاری هیندیش لە وڵاتەوە داوا بکەین، بۆیە من بەناچاری و لەبەر ئەو پێشهاتە دەستم دایە خوێندنی سەرەتایی پرۆسەی منداڵبوونی سەلامەت. بۆ ئەو مەبەستەش دوو کتێبی دکتۆر تریبوڤانداسم خوێندەوە، بۆیە من لە منداڵبوونەکەمان توانیم هاوکاری ژنەکەم بکەم. لە دووەمیان لەبەرئەوەی کاتەکەی گونجاو نەبوو، نەدەکرا دکتۆرێک بانگ بکەین و پەرستارەکەش دوا دەکەوت، بۆیە بەزانیارییەکانی خۆم چاودێری ئەوەم کردبوو، بەوەش تێگەیشتم کەوا پرۆسەکە بەباشی بەڕێوە دەچێت. تا منداڵ باش و تەندروست بەخێو بکەن واباشە دایکوباوک زانیارییان لەسەر چارەسەرە سەرەتاییەکانی منداڵ هەبێت. قسەیەکی دوور لەڕاستی هەیە گوایە منداڵ هەتا تەمەنی نەگاتە پێنج ساڵی هیچ فێر نابێت، بەڵام ڕاستییەکە بەپێچەوانەیە منداڵ لەو تەمەنەدا زۆرتر شت فێردەبێت. فێرکردنی منداڵ هەر لەناو سکی دایکییەوە دەست پێ دەکات، هەموو حاڵەتە جەستەییەکان و ئاوەزییەکان لە دایکوباوکەوە دەگاتە

کۆرپەی ناو سکی دایکەوە، ئینجا منداڵ لاساییان دەکاتەوە و چەندساڵێک سوود لەو کەشەی نزیک خۆیەوە دەبینێت.

ژن و مێرد لەبەر چەشەی ئارەزووی سێکسی، با لەیەک نزیک نەبنەوە هەتا ئەو بابەتە سەرەتاییانە نەزانن، یان ئەگەر دەیانەوێ منداڵ دروست بکەن، زۆر هەڵەیە ئەگەر وا بزانن کەوا جووتبوون تەنها کردەیەکی ئاساییە وەک نانخواردن و نووستن، چونکە مانەوەی جیهان لەسەر پرۆسەی زۆربوونەوە دانراوە، جیهانیش مەیدانی نیشاندانی گەورەیی و دەسەڵاتی خودایە، بۆ دانانی بەرنامەسازییەکی رێکخراو لە جیهان پێویستە پرۆسەی زۆربوون و زاینیش رێکبخرێت، ئەوەی ئەوە باش بزانێت بێگومان دەتوانێت کۆنترۆڵ لەسەر زەوقی سێکسی خۆی بکات، ئینجا بەهەر نرخێکیش بێت، ئینجا خۆی بەهەموو زانیارییە پێویستییەکانی جەستەیی و عەقڵی و رۆحی ساز دەکات، ئیتر دەتوانێت بەدروستی بەرهەمی زانیارییەکانی بگەیێنێتە نەوەکانی داهاتوو.

## براهماشاریا ١

ئێستا من گەیشتوومەتە ئەو کاتەی کە بەڕاستی بیر لە پەیمانی براهماشاریا بکەمەوە ، لە کۆنترۆڵکردنی هەوستەکانی نەفسدا. بەڕاستی بڕوام بەیەك ژنی هەبووە و لەگەڵ هاوسەرەکەشم زۆر دڵسۆز بووم. ئەوەشیان پابەندبوونی زۆرم بوو بەراستەقینەیی. لە باشووری ئەفریقیا زۆرتر بایەخم بەبراهماشاریا دەدا هەتا لەگەڵ ژنەکەشم. نازانم راستیی ئەو راییبوونەم لە ئەنجامی خوێندنەوەی کام کتێب، یان کام دیاردەوە لا دروست بوو، بەڵام دەزانم دیمانەم لەگەڵ رایشاندبای کاریگەری زۆری هەبوو، جارێکیان باسی دڵسۆزی خاتوو جلادستونم بۆ مێردەکەی کردبوو، ئەو پەرۆشی ئەوە بوو زۆرتر و باشترین خزمەت بەمێردەکەی بکات تا رادەی ئەو لە ئەنجوومەنی عموومیشدا چای بۆ ساز دەکرد. من باسی ئەو پەیوەندییەم بۆ ئەو دەکرد، ئەویش پرسی: باشە کامیان بەڕای تۆ راستە، هاوسەرییە دڵسۆزییەکەی، یان خزمەتە جوانەکانی، بەڵام دوور لە پەیوەندییەکەی نێوانیان؟ باشە ئەگەر خزمەتکردنەکە لەلایەنی ژنێکی تر بێت، بۆ نموونە خوشکێکی خۆی یان ژنە خزمەتکارێك بێت؟ دیارە کەوا ژنانی وا زۆرن کە خزمەتی پیاوان دەکەن؟ ئایا ئەگەر وا بوایە بەڕێز جلادستون بۆچوونی چ دەبوو، هەستی بەهەمان خۆشی دەکرد، وەك دڵسۆزیی ژنە خزمەتکارەکەی؟ تکا دەکەم ئەو بابەتە شرۆڤە بکە.

رایشاندبای ژنی هەبوو، ئەو قسەیەی ئەو کاری زۆری لێ کردم، هەستم بەوە دەکرد کەوا دڵسۆزی ژنە خزمەتکارێك شایستەی پەسنی زۆرترە، چونکە کە ژن دڵسۆزی مێردەکەیەتی ئەوەیان پەیوەندییەکی ئاساییە، چونکە گرێبەستێکی مەزن لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام بوونی هەمان دڵسۆزی لەنێوان ژنە خزمەتکارەکە و پیاوەکە کۆششێکی تایبەتی دەوێت، ئیتر لەو دەمانە هەنگاو بەهەنگاو بۆچوونەکانی شاعیر رایشاندباییم بۆ دەردەکەوت.

من بڕیاری خۆم دابوو کەوا پەیوەندی من و ژنەکەم تەنها هەوست نەبێت، من پەیمانی براهماشاریای خۆم دابوو، بەڵام کۆسپی مەزنی بەردەمم لەو پرۆسەیەدا گرتنی ئارەزووی شەهوانییەتەکەم بوو.

من کە لە ئینگلترا بووم هەندێ زانیارییم لەسەر شێوەی ئاوس نەبوونی ژن وەرگرتبوو، منیش دەمویست منداڵمان کەم ببێت، بەڵام من دەمویست ئەو قەدەغەکردنە بەخۆمان بکەین، شەهوەتمان کەم بکەینەوە، بۆیە بڕیارمان دابوو بەیەکەوە نەخەوین، من نەچمە سەرجێگای نووستن هەتا باش ماندوو نەبم، پاش کارکردنێکی زۆری بەردەوام ئینجا بچم بخەوم، بەوەش تاقەتی هیچم نابێت، بەوەیان ئەگەری ئەوە هەبوو هەوەستەکەم کەم ببێتەوە.

من ئەوەم باش دەزانی کەوا زۆربوونی منداڵ و خێزانی گەورە، من لە خزمەتی گشتی دوور دەکاتەوە، بۆیە لە جۆهانسبێرگ لە ماڵەوە دوورکەوتمەوە تا بتوانم لە ئۆردوگاکانی شۆڕش کاربکەم، شۆڕشی زولو لە ناتالدا ئەوەی پێش شەڕەکەی بویر بەرپابوو، تا خۆم بۆ ئەو کارە ساز بکەم. ژنەکەم و منداڵەکانم بردە فونیکس، ئینجا لە یەکەی ئیمرجنسی هێزەکانی ناتال کارم وەرگرت.

ئەگەرچی ئیشکردنم لە بوارە سەربازییەکە تەنها شەش هەفتەی خایاند، بەڵام من سوودێکی زۆرم لەو قۆناخەدا وەرگرت، پەیمانەکان زۆرتر لەبەر چاوم بەدیار دەکەوتن، هەستم دەکرد ئەو بەڵێنانە ئازادییەکانم نەك کۆتبەند ناکەن، فراوانتر دەکەن. ئەوەی دەڵێ من ئارەزووی گۆڕان دەکەم، بەڵام نامەوێ خۆم بەهیچ بەڵێن و پەیمانێك ببەستمەوە، ئەوانە کەسانی لاوازن. کە مارێکی ژەهراوی رووبەڕووت دەبێتەوە، دەبێ بڕیار بدەیت دووربکەویتەوە و را بکەیت، نەك کۆششی راکردن بکەین، چونکە بەمەیان مارەکە دەتکوژێت. دەبێ بەڵێن بدەیت، بڕیاری کۆتایی لێ بدەیت.

## براهماشاریا ٢

ئیتر پاش دانوستانێکی زۆر و لێدوانی چڕوپڕی پێگەییوو، من بەڵێنم لە ساڵی ١٩٠٦ دا، هەتا ئەو دەمانەش بەهیچ شێوەیەك ئامـاژەم بەنیشـانەیەکی وا لەبەردەم ژنەکەم نەدابوو، کە ویستم بەڵێنەکە بدەم پرسم بەو کرد، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر بڕیارەکەم دا، بەڵام هەستم دەکرد بڕیاری کۆتاییەکە ئاسان نەبوو، چونکە ئەو ورە و هێزەم تێدا نەبوو. باشە من چۆن کۆنترۆڵی سۆزم بکەم؟ دیارە کەوا پیاوان ناتوانن پەیوەندییە سێکسییەکانیان بەهاوسەرەکانیان بڕن، بەڵام من لە سەرچاوەی ئیمانم بەخودا و بەئەو بوو.

من زۆر بەختیارم و هەست بەکامەرانی دەکەم، کەوا من توانیم بیست ساڵ لەسەر پەیمان و بەڵێنی خۆم بمێنمەوە و کۆنترۆڵی شەهوەتی سێکسی خۆم بکەم، ئیتر وا پەیمانەکەی منە کەوا بوارەکانی زەوقم دەگرێت، ئیتر ڕۆژانە هێزی براهماشاریام لەلا گەڵاڵە دەبوو، کە لە بەرەکانی شەڕەکە گەڕامەوە، ئینجا دەستم بەدانانی بنچینەکانی ساتیاجراها کرد، چونکە هەستم دەکرد کەوا پەیمانەکەی براهماشاریا بەرەو ساتیاجراهام دەبات، ئەوەش بەبەرنامە نەبوو، پلانێك بوو لەناکاو بۆم هات. دیارە هەموو ئەزموونە کۆنەکانم بوو منی بەرەو ئەو ئاقارە برد، خەرجییە زۆرەکانی جۆهانسبێرگم کەم کردەوە و چوومەوە فونیکس تا پەیمانەکە لەسەر خۆم جێبەجێ بکەم.

دیارە پێویستی بەوە نەدەکرد کتێب لەسەر ئەو بابەتە بخوێنمەوە، چونکە دەمزانی پابەندبووم بەبراهماشاریا، واتە درکپێکردنی براهمایە، پاش چەند ساڵێك ئینجا هەندێك کتێبی ئاییینم لەسەر ئەو بابەتە خوێندەوە، بۆیەش بەردەوام شانازییم بەوە دەکرد کەوا من ئەو بەڵێنەم داوە، کە بریتییە لە

پارێزگاریکردنی جەستە و ئاوەز و رۆح کە بەیەکەوە براهماشاریا بەرجەستە دەکەن. ئیتر ئەوەش بوویتە سەرچاوەی ئارامی و کامەرانی، نەک کردەیەکی سزادەر و گران، لەگەڵ رۆژگاریشدا هەستم بەدەرکەوتنی سیمایەکی جوانیش بوو.

بەڵام ئەوەی وا دەزانێت کەوا براهماشاریا کردەیەکی بەختیاری و ئارامی بەردەوام بوو، با من ئەوەتان پێ بڵێم هەتا تەمەنم گەیشتە پەنجا و شەشساڵییش هەستم دەکرد هەڵگرتنی کۆڵی ئەو بەڵێنە چەند گرانە و چەند ئازارم چەشتووە. رۆژانە هەستم دەکرد من لەسەر رووی تیژی شیرێکدا دەڕۆم کە بەردەوام دەبوایە زۆر وریا بم.

کۆنترۆڵکردن لەسەر خواردن یەکێکە لە بنەماکانی پەیمانەکەی براهماشاریایە، ئەوەشم بەئاسانی دەکرد و خواردنەکانم تەندروست و سادە و بێ بەهاراتیش بوو. لە ئەزموونی شەش ساڵەی براهماشاریام بۆ خواردن، دەرکەوت باشترین خواردنیش بریتییە لە میوە و چەرەزات. کە بڕیاریشم دابوو ئەو خواردنانە بخۆم دەمتوانی کۆنترۆڵی شەهوەتی خۆشم بکەم. کە من لە باشووری ئەفریقیا بووم براهماشاریام زۆر مەبەست نەبوو، چونکە من خۆم لەوێ هەر میوەی نوێم دەخوارد، بەڵام کە دەستم کردبوو بەخواردنی شیر ئەوەیان زەحمەت بوو، دواییش باس لەو مەسەلەیە دەکەم کە چۆن میوەکانم بەشیر گۆڕییەوە، بەڵام ئەوەم باش دەزانی کەوا ئەگەر من شیر بخۆمەوە دیارە کەوا پابەندبوونم بەپەیمانەکەم زەحمەت دەبێت. دیارە ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەوانەی پابەندن بەبراهماشاریا واز لە خواردنەوەی شیر بهێنن. بۆ قەرەبووکردنەوەی شیرەکە دەبوایە میوەی تایبەتی بدۆزمەوە کە هەرسکردنی ئاسان بێت و بتوانێت ماسولکەش گەشە پێ بکات. هەموو دکتۆرەکان نەیانتوانی چارەسەرێکم بۆ بدۆزنەوە، بۆیەش من ناتوانم ئامۆژگاری کەس بکەم واز لە شیر بهێنن.

بەڕۆژووبوون پارمەتیدەری هاوکار بوو بۆ براهماشاریا، چونکە هێزی هەستەکان زۆرە بۆیە دەبێ لە چەندین لاوە کۆنترۆڵی بکەیت، لە سەرەوە و لە بنەوەش. دیارە کەوا هەستەکان بەبێ خواردن سیس و لاواز دەبن، بۆیەش بەڕۆژووبوون باشە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستەکان، ئەوانەی پاش بەڕۆژووبوونەوەکە دووبارە زۆر دەخۆنەوە سوود لەوە وەرناگرن لە کۆنترۆڵکردنیان لە خواردن و لە سێکس. بەڕۆژووبوون ئەو دەمانە باشە کە هاوکاری نێوان ئاوەز و جەستەی برسی دەبێت، واتە ئەوەی کە جەستە نایەوێت، با عەقڵیش نەیەوێت، چونکە سەرچاوەکانی هەموو هەوس و هەستەکان عەقڵە. ڕۆژووگرتنەکە هیچ سوودی نابێت ئەگەر هەوسەکان هەبێت. دەکرێ بڵێن دەتوانین بەبەڕۆژووبوون لە هەوسە سێکسییەکان دووربکەویتەوە، ئەوەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی براهماشاریا. بۆ نموونە خەڵکەکە چاو بۆ دیتنی شتی هیچ بەکاردەهێنن، بەڵام کەسی براهماشاریا چاوی تەنها بۆ دیتنی خودایە، سەبارەت بەجەستەش وایە. ئەوانە کۆشش دەکەن جەستەیان تێر بکەن، بەڵام لە براهماشاریا دەیەوێ پەرستنی خودا بەپاکی رابگرێت. براهماشاریا وا راگرتنی هەموو نەوسەکان و لابردنی خاڵە لاوازەکان و نەهێشتنی لەناخی دڵەوە، یان کۆشش بکەین بەیەکجاری بنبڕی بکەن، چونکە ئەوەیان کامیل نابێت تا کۆنترۆڵی تەواوت نەبێت، هەمووی پابەندە بەکۆنترۆڵی عەقل، ئەوەش زەحمەتترە لە راگرتنی بای بەهێز، بەڵام ئیمانداری بەخودا واتە کۆنترۆڵکردنی عەقڵ.

## ژیانێکی سادە

من ژیانێکی سادەی خۆشم هەبوو، بەڵام ئەوەیان لەبەر خەرجیی زۆر بەردەوام نەبوو، چونکە پارەی جلشووشتنەکەمان زۆر بوو، بۆیە خۆم کەرەستەی شووشتن و ئوتوکردنم کڕی و بڕیارم دا بەخۆم جلەکانم بشۆم و ئوتویان بکەم، چونکە دەبوایە بەهەندامی خاوێن و بەیاخەی سپییەوە بچمە دادگا و ژووری پارێزەران. یەکەم جار کە جلەکانم شووشت و ئوتوم کرد هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، چونکە یاخەکەم زۆرتر تایت لێدابوو، تایتەکەی پێوە بوو کە لەبەرم کردبوو، بۆیە هاوڕێیەکانم کە کراسەکەی منیان بینی زۆر گاڵتەیان پێ کردم، بەڵام من بەوەیان سەخڵەت نەدەبووم. بۆیە یەکێکیان وتی باشە تۆ بەخۆت جلەکان دەشوێت خۆ ئوتویەکە لە تۆوە نزیکە. منیش وتم ئەگەر لە دەرەوە ئەوە بکەم دەبێ نیوەی پارەی کراسەکە بدەمە دەستحەقی شووشتن و ئوتوکردنەکەی، بۆیە من بەشانازی دەزانم کە من خۆم جلەکانم پاک بکەمەوە.

کە جوخلی هاتبووە باشووری ئەفریقیا دەستماڵێکی هێنابوو، ئەوەش دیاری بوو، بۆیە زۆری بەناز هەڵدەگرت و تەنها لە بۆنە تایبەتییەکانی لەبەری دەکرد، تا ڕۆژێکیان دەستماڵەکە ئوتوی دەویست، نەدەکرا دەستماڵەکەش ببینە ئوتوی دەرەوە، بۆیە وتم من بۆتی ئوتووی دەکەم.

ئەویش وتی: من بڕوام بەوە هەیە کەوا پارێزەرێکی باشی، بەڵام ئوتوو و شووشتن بزانیت، بڕوات پێ ناکەم، دەترسم دەستماڵەکەم بشێوێنیت. دەزانی

ئوتووکردنی چۆنە؟ کە ئوتوویەکەم کرد، ئەویش بڕوانامەی ئوتووی پێم بەڕەوا زانی.

وەك چۆن لەبن دەستی کارمەندی شووشتنەکە دەربازمان بوو، لە سەرتاشەکەش رزگارمان بوو، ئەوەی گەشتی ئینگلترای کردبێت کەمێك هونەری ردێن تاشین فێربووە، بەڵام سەرتاشینەکە زەحمەت بوو، ناکرێ خەڵك بەخۆی قژی سەری ببڕێت، بۆیە لە بریتوریا چوومە لای سەرتاشێکی ئینگلیز، دیارە کەوا ئەو بێزی نەهات قژی هیندییەك بتاشێت، رووی شکاندم و منی بەڕێ کرد، بۆیەش من دەستم دایە مەکینەیەکی سەرتاشین، لەبەر ئاوێنەیەك توانیم پێشەوەی سەرم کەم بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی پشتەوەیان ببڕم، بۆیە هاوڕێیەکانم لە دادگا بەپێکەنینەوە دەیانوت:

دیارە مشك قژیان خواردی، ئەوە چییە غاندی؟

منیش لە وەڵامدا وتم: نەخێر، سەرتاشە سپیپێستەکە رازی نەبوو، دەست بخاتە ناو قژە رەشەکەم، بۆیەش من بەدەستی خۆم بڕیم، ئینجا با هەر ناشیرین بێت.

هاوڕێیەکانم بەو قسەیە سەرسام نەبوون، چونکە ئەگەر سەرتاشەکە منی لە دووکانەکەی خۆی چاکردبوایە، بێگومان جارێکی تر خەڵکەکە روویان تێ نەدەکردەوە، چونکە ناکرێ لەگەڵ ئەو بچینە سەرتاشخانەیەك کە هیندییەك قژی تێدا بڕیبێت.

ئیتر من نموونەم زۆرە کە خۆم پشتم بەخۆم دەبەستا و بەسادەییەکەوە قبووڵم بوو، ئەوەش مێژوویەکی کۆنی هەبوو، من لەمێژبوو ئەو تۆیەم چاندبوو، ئەوەش تەنها ئاودانێکی دەویست و بەس، تا رەگی دابکوتێت و گوڵ بکات و بەر بدات. ئیتر ئەوانەم لەکاتی گونجاودا گێڕاوەتەوە.

## شەڕەکەی بویر

دەبێ هەندێ ڕووداوەکانی نێوان سالّانی ١٨٩٧ هەتا ١٨٩٩ دەرباز بکەم، تا بگەمە سەر باسی شەڕەکەی بویر.

کە شەڕەکەی بویر قەوما من یەکسەر سۆزم بۆ بەشداربوون لێی هەڵسا. کە من لایەنگیری حوکمی بریتانی بکەم، دەبێ لەو شەڕەدا هاوسۆزیان بم، چونکە ئەگەر من داوای یەکسانییەکان و مافەکان بکەم، دەبێ لەو شەڕەدا هاوکاریان بم، چونکە من بڕوام وابوو کەوا هیند تەنها بەڕێگای ئیمپراتۆریەتی بریتانیا نەبێت هەرگیز سەربەخۆیی وەرناگرێت، بۆیە بۆ کارەکانی ئێمرجنسی توانیم ژمارەیەك هاوڕێ کۆبکەمەوە. خەڵکە ئاساییە ئینگلیزەکە دەیانوت هیندییەکان ترسنۆکن، دەسەڵاتی گیانبازییان نییە. ئەوان تەنها بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە، بۆیە زۆر لە ئینگلیزەکان بەشدارییەکەی ئێمەیان پێ قبووڵ نەبوو، بەڵام دکتۆر بووپ بەتوندی پشتیوانی پێشنیارەکەی منی کرد، بۆیە من و ژمارەیەك لە خۆبەختکارەکان مەشق پێ کردین، تا مۆڵەتی کارەکەمان وەرگرت. بەڕێز لۆتۆن و کۆچکردوو ئاسکومپیش بەجۆشەوە بیرۆکەکەیان پێ باش بوو، بۆیە داوامان کرد لە بەرەکانی شەڕ بەشداری بکەین، بۆیەش حکوومەت بەسوپاسەوە پێشنیارەکەی قبووڵکرد، بەڵام وتیان لەو دەمانە پێویستمان بەپاژەی ئێوە نییە. من بەو ڕەتکردنە ڕازی نەبووم، بەپشتیوانی بەڵگەنامەی دکتۆر بووپ و بەپێناوی بەڕێز ئاسکومپ سەردانی ئەسقفی ناتالم کرد. لەو دەمانەش زۆر لە هیندییە کریستیانەکان لە تیمەکانی فریاکەوتن

بەشدارییان کردبوو، بۆیەش ئەسقف داواکەی ئێمەی گەیاندە لایەنەکانی تەندروستی و بەڵێنی دا کۆشش بکات تا تیمەکەمان لە بواری فریاکەوتن بەشداری بکات. کاتەکە لە بەرژەوەندی ئێمە بوو، دیاربوو کەوا بویرەکان لە شەڕەکاندا ئازایەتی زۆریان دەنواند، بۆیە ئینگلیزەکان پێویستیان بەڕاژەکەی ئێمە دەبوو.

تیمەکە بریتی بوو لە هەزار و سەد کەس و چل سەرکردەشی تێدابوو، لەوانە سێ سەد هیندی ئازادکراو و ئەوانی تریش هیندی کارکەر بەبۆندی بەقەرز بوو. دکتۆر بووپ لەگەڵ ئێمە بەشدار بوو، بڕیارەکەش وابوو کەوا ئێمە لە نزیکی هێڵەکانی ئاگر دووربین و ئێمە لەگەڵ پزیشکانی خاچی سووردا بووین، بەڵام کە شەڕەکە گەرم دەبوو، ئێمەیان دەنارده پێشەوەش، بەڵام کە سوپا ئینگلیزەکە دەشکێت، لیوا بولر نامەیەکی ناردبوو کەوا زۆریش سوپاسگوزار دەبن ئەگەر بگەنە بەرەکانی پێشەوە و بگەنە ناو بریندارەکان، بۆیە ئێمەش کەوتینە ناو ئاگرەکە و گوللە لە هەرچوارلامان دەهات. ڕۆژانە بیست هەتا بیست و پێنج میل بۆ گەیاندنی بریندارەکان دەڕۆیشتین، ئەوەش بۆ ئێمە شانازی بوو کەوا بریندارەکانمان هەڵگرت لەوانە لیوا وودجیت. ئیشەکەمان لەو ماوەیەدا جێگای سەرەنج و رازیبوون بوو، بۆیەش پێگەی هیندییەکان بەرزتر دەردەکەوت، لە ڕۆژنامەکان بەچەند ستوون باسی رەوشەکەیان دەکرد وەك: سەرەڕای هەموو شتەکانیش ئێمە هەر نەوەی ئیمپراتۆریەتین. لیوا بولر بەرێزەوە باسی تیمەکەی ئێمەی کردبوو، سەرۆکی تیمەکەش میدالیای شەڕی وەرگرتبوو. ئیتر رەوەندی هیندی باشتر رێکدەخران. پەیوەندییەکانی منیش لەگەڵ هیندیە کارکەرە بەبۆندەکان باشتر ببوو. ئەوان رابوونێکی راستیان نواند، ئیتر هەستی هیندۆس و موسڵمان و کریستیان و جوجراتی و سەندەکان هەموو وەك هیندی و ئینتیمایان بۆ وڵات دەگەیاند. هەمووش دڵنیابوون کەوا

هیندییەکان حیسابیان بۆ دەکرێت. پیاوە سپیپێستەکانیش ڕێزیان بۆ هیندییەکان دەردەبڕی. لە ڕۆژانی شەڕەکەش پەیوەندییەکان خۆش و ئاسایی بوون، هەزارەها سەربازی ئینگلیزمان ناسی، زۆریش شانازییان بەناسینی ئێمە دەکرد.

نازانم چۆن باسی ڕەوشت و سروشتی مرۆڤ لەکاتی تەنگانەدا بەشێوەیەکی نازدار دەردەکەوێت. تیمەکەی ئێمە شانازی ئەوەی پێ بڕا کە کوڕی لۆردێکی بەبرینداری هەڵدەگرێتەوە، کە پلەی مولازم بوو. ڕۆژەکە سەخت بوو، گەرما تەنگی بەخەڵکەکە هەڵچنیبوو، لەو دەمانە گەیشتینە سەر جۆگە ئاوێکی جوان، بەڵام کێ یەکەم کەس ئاوەکە بخواتەوە، بۆیە پێشنیارمان کرد با سەرەتا سەربازە ئینگلیزەکان پێش ئێمە ئاوەکە بخۆنەوە و ئینجا ئێمە لەپاش ئەوان دەخۆینەوە، بەڵام ئەوان قبووڵیان نەبوو، وتیان دەبێ ئێوە پێش ئێمە خۆتان تێر ئاو بکەن، ئیتر فەرمووکردنەکە بۆ ئاو خواردنەوە جوان بوو.

## چاکسازی تەندروستی و نەمانی برسیەتی

ئەستەم بوو لێبووردەیی بەرامبەر ئەو کەسانە بکەم، ئەوانەی هیچ جۆرە خزمەتێکیان بەرەوەندی هیندی نەدەگەیاند. زۆریش لەگەڵ ئەوەدا نەبووم شوورەییەکانیان بشارینەوە و باس لە کەموکوڕییەکان نەکەین. لەوەتی من لە ناتالدا نیشتەجێ ببووم قسەی ئەوەم دەکرد کەوا بەحەق هیندییەکانیش کەمتەرخەمن، تەمبەڵن،ماڵەکانیان خاوێن ناکەنەوە، گەڕەکانیان پیسن. دیارە هەندێ لە گەورەکانیان بایەخیان بەپاکوخاوێنی دەدا، بەڵام لەو دەمانەی دربان ڕووبەڕووی هەڕەشەی پەتا تاعوون دەبووە، ئەوان قبووڵیان نەبوو لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی ماڵەکانیان بپشکنن. کە نەخۆشییەک بڵاودەبۆوە ئینجا هیندییەکان ئامادەسازییان دەردەبڕی، دیارە کەوا ئەوەش پاش کۆششێکی زۆرەوە ئینجا دەکرا، لەو بوارەشدا من ئەزموونی شیاوی باشم هەبوو، لەو کارەدا من زۆر جنێوم بۆ دەهات، هەستم بەبێ موبالاتی دەکرد، چونکە ئاسان نەبوو هیندییەکان خۆیان پرۆسەکانی خاوێنکردنەوەکان بکەن، ئاسان نەبوو بتوانیت بڕە پارەیەک بۆ مەبەستی خاوێنکردنەوەش کۆبکەیتەوە. ئەوەش وەک هەموو پرۆسەکانی تر نەدەبوو ئەگەر سەبرمان نەبوایە. من کۆششم دەکرد کە هیندییەکان ماڵەکانیان پاک بکەنەوە، دەوروبەریان خاوێن ڕابگرن، لەولاشەوە لەبەرامبەر ئەوەدا دەسەڵاتداران بەڕێزەوە سەیری خزمەتگوزارییەکانی منیان دەکرد، بۆیە من ببوومە ئەو کەسەی بەیەک چاو سەیری گلەییەکان و داواکانیشیان بکەم، زۆریش پەرۆش بووم زاتی هەموولایەک بێگەرد و پاک بێت.

شتێك مابوو من لەو دەمانەدا بیكەم، ئەویش هوشیاركردنەوەی هیندییەكان بوو بۆ ئەنجامدانی فەرمانەكانیان بۆ وڵاتەكەیان. هیند وڵاتێكی هەژار بوو، دیارە كەوا هیندییەكان هاتبوونە باشووری ئەفریقیا تا سامانێك كۆبكەنەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بڕێك لە پارەكانیان بۆ برایەكانیان لە هیند بنێرنەوە و لەكاتی تەنگانەدا بەكەڵكیان بێن. بۆیە هیندییەكان لەكاتی برسیەتی ساڵانی ۱۸۹۷ و ۱۸۹۹ لە هیندا كۆمەكیان بۆ وڵات ناردەوە، لە ساڵی ۱۸۹۹ كۆمەكەكە زۆرتر بوو لە كۆمەكی ساڵی ۱۸۹۷، هەروەها داوای كۆمەكمان لە ئینگلیزەكانیش كرد، ئەوانیش یارمەتییان پێشكەشكرد و ڕەزیلییان نەكرد. ئەوانە و ئەو هیندییانەی بەبۆندی بەقەرز ئیشیان دەكرد، ئەوانیش یارمەتییەكانیان دانابوو. ئەوەی شایانی باسە هیندییەكانی باشووری ئەفریقیا لە كاتی نەهامەتییە نەتەوەییەكانیش كۆمەكی براكانیان لە وڵات كردبوو.

## گەڕانەوەم بۆ هیند

کە لە خزمەتکردنی شەڕەکەی بویر تەواوبووم، بیرم لەوە دەکردەوە ئیتر من لەناوەوە زۆرتر ئیشیان بەمن دەبێت، چونکە لەوە دەترسام کارو پیشەی من لەو وڵاتەدا ببێتە تەنها سامان کۆکردنەوە. هاوڕێیەکانیشم لە هیند بەجۆشەوە داوایان دەکرد من بگەڕێمەوە. سەبارەت بەکارەکانی ئێرەش دەمزانی کەوا هاوڕێیان دەتوانن کارەکان راپەڕێنن، بۆیە من داوام لە برادەران کرد ئیتر رێم پێ بدەن بگەڕێمەوە وڵات. ئەوانیش پاش ئەوەی گفتیان لە من وەرگرت کەوا هەردەمێك منیان پێویست بوو لەماوەی ساڵێکدا بۆیان بگەڕێمەوە، ئەگەرچی مەرجەکەش قورس بوو، بەڵام لەبەر بوونی خۆشەویستی پتەوم لەگەڵ رەوەندی هیندی بەمەرجەکە رازی بووم، وەك چۆن میرابای دەیوت:

خودا منی بەپەیوەندی خۆشەویستییەوە گرێ دابوو، چونکە من عەبدێکی گوێڕایەڵم.

منیش یەزدان وا بەو رەوەندی بەستابوومەوە کە هەرگیز نەکرێتەوە، دەنگی خەڵکە دەنگی یەزدانە، ئەوەندە راستیش بوو نەدەکرا پشتگوێیان بخەم، بۆیە مەرجەکەی ئەوانم قبووڵکرد.

کە منیان بەڕێ کرد دیاریی بەنرخیشیان بۆ هێنابووم. لە زۆر شوێندا ئاهەنگی ماڵئاواییان بۆ سازکردم، کە جاری پێشووش گەڕابوومەوە دیارییان پێشکەش کردبووم، بەڵام ئەمجارە دیارییەکان زێڕ و زیو بوون، هەروەها ئەڵماسی گرانبەهاشیان پێشکەش کردبووم.

ئایا من حەقم هەبوو ئەو دیارییانە وەربگرم؟ ئەگەر ئەو دیارییانەم وەرگرت، دەتوانم خۆم رایی بکەم کەوا من بەبێ بەرامبەر خزمەتی ئەو رەوەندەم کردووە؟ هەندێکیان نەبێت، کە لەلایەن موەکیلەکانمەوە بوو، ئەگینا زۆریان دەرئەنجامی کارە گشتییەکانمەوە بوون، ئەوانیش لە کارە گشتییەکانمدا یارمەتی منیان دابوو.

یەکێک لەو دیارییانە، ملوانکەیەکی زێڕ بوو، کە بەهاکەی دەگەیشتە نزیکەی پەنجا پاوەند، ئەوەیان پێشکەش بەهاوسەرەکەم کرابوو. دیارە کەوا ئەو ملوانەکەیەش لە ئەنجامی کارە گشتییەکانم بووە، بۆیە نەدەکرا ئەویش ڕیزپەڕ بکەم.

لەبەر زۆر بیرکردنەوەم لەو دیارییانە شەوەکەی خەوم لێ نەکەوت، هەستم بەنیگەرانییەکی قووڵ دەکرد، دەرئەنجامم نەبوو، ئاسانیش نەبوو واز لەو دیارییانە بهێنم کە پارەکەیان دەیکردە سەدان پاوەند، هاوکاتیش نەدەکرا وەریانبگرم. ئەگەر دیارییەکانم قبووڵ کرد منداڵەکانم چ دەڵێن، هەڵوێستیان چ دەبێت؟ ژنەکەم هەڵوێستی چ دەبێت؟ چونکە من خۆم ئامۆژگارییم دەکردن خزمەتی ئەو خەڵکە بەبێ بەرامبەر بکەن، خزمەتگوزاری گشتی میللی بکەن، ئەوەش بەشێکە لە دیاری و خەڵات.

لەناو ماڵەکەی من جۆرە گەنجینەیەکی تێدا نەبوو، نەخش و نیگارمان نەبوو، شێوەی ژیانمان زۆر سادە و ئاسایی بوو. باشە ئەدی ئێستا چۆن ئەو دیارییە نازدارانەمان هەبێت، چۆن کاتژمێرە زێڕینەکان هەڵبواسین؟ چۆن ملوانکەی زێڕ و ئەنگوستیلەی ئەلماسمان هەبێت؟ من خۆم داوام لە خەڵکەکە دەکرد بایەخ بەو دیاردانە نەدەن، خشڵ هیچ نییە، باشە ئەدی من چ لەو زێڕ و خشڵانە بکەم؟

سەرئەنجام و لەکۆتایی بڕیارم دا هەموو دیارییەکان لە کۆڵ خۆم بکەمەوە، نامەیەکم نووسی تێدا هەموو دیارییەکانم دایەوە بەڕەوەندەکە، هەندێکم بۆ ئەوان وەک ئەمانەت دانایەوە، براەرانم کردە بەرپرس لەسەر دیارییەکان. بەیانییەکەی دانوستانم لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم کرد، ئیتر من خۆم لە بەزمەکە دەربازکرد.

من باشم دەزانی کەوا ئاسان نەبوو، هاوسەرەکەم رایی بکەم، من دەمزانی منداڵەکان قسەم ناشکێنن، بۆیە ئەوانم کردبووە پشتیوانی خۆم، ئەوان پشتگیریم لێ دەکەن...

منداڵەکان بەشادومانییەوە پێشنیارەکەیان قبووڵکرد، ئەوان وتیان: ئێمە پێویستمان بەو دیارییە گرانبەهایانە نییە، بۆیە پێویستە هەموویان بۆ ڕەوەندە هیندییەکە بگێڕدرێتەوە، ئەگەر هەر رۆژێك ئێمە پێویستمان بەو خشڵ و دیارییانە هەبوو، خۆمان بەئاسانی دەیکڕین. ئیتر بەو قسەیە دڵم خۆش بوو، وتم کەواتە لەگەڵ دایکت پشتی من بگرن.

ئەوانیش وتیان: ئەو مەسەلەیە بۆ ئێمە لێ بگەڕێ، دایکمان پێویستی بەخشڵ نییە، ئەو لەبەر ئێمە دەیەوێ ئەوانە هەڵگرێت، ئەگەر ئێمەش وتمان پێویستمان بەوانە نییە، ئیتر ئەو هیچ بیانووی نابێت بۆ هەڵگرتنیان. بەڵام قسەکردن زۆر ئاسانترە لە پراکتیکردنەکە.

کە پێشنیار و بڕیارەکەم بەژنەکەم وت، ئەو لە وەڵامدا وتی: دیارە نە خۆت و نە منداڵەکانت پێویستیان بەو خشڵانە نییە، بێگومان ئەوان لە فەرمانی تۆ دەرناچن. تۆ منت لە لەبەرکردنی زێڕ و خشڵیش قەدەغە کردبوو، ئەدی بووکەکانت بەوان چ دەڵێیت؟ بێگومان ئەوان دەیانەوێت، کەسیش نازانێت داهاتوومان چۆن دەبێت. بۆیە من دواکەسم کە واز لەو خشڵانە دەهێنم.

دانوستانەکە گەرم بوو، گەیشتە رادەی فرمێسکڕژان، بەڵام کوڕەکانم سوور بوون لەسەر هەڵوێستەکانیان، هەروەها منیش. من بەنەرمی لەگەڵ دایکیان قسەم دەکرد، وتم: دیارە کەوا کوڕەکانت لەو نزیکانە ژن ناهێنن، ئێمە نامانەوێ بەگچکەیی ژنیان بۆ بهێنین، کە گەورەبوون، ئەوان دەتوانن پشت بەخۆیلت ببەستن، ئێمە حەز ناکەین کوڕەکانمان ئەو جۆرە کیژانە بخوازن کە حەز بەخشڵ دەکەن. بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەوانیش زێڕیان ویست تۆ ئەو دەمانە زێڕەکان لە من داوا دەکەیت.

ئەو لە وەڵامدا وتی: من لە تۆ داوا بکەم؟ من باشت دەناسم، تۆ منت لە خشڵ بێبەش کرد، هیچ خۆشی و ئارامییەکت بەمن نەدا، ئێستاش دەڵێیت من خشڵ بۆ بووکەکانم دەکڕم! تۆ لە ئێستاوە کوڕەکانم دەکەیتە کەسانی بەستەزمانی ناسک! من لە بڕیارەکەم پەشیمان نابمەوە و هیچ لەو دیارییانە ناگێڕمەوە، باشە تۆ بەچ حەقێك ملوانکەی دیاری من دەبەیت؟

منیش وتم: باشە ئەو دیارییەی کە تۆ وەرتگرتووە لەبەر خزمەتەکانی تۆ بووە یان لە ئەنجامی خزمەتەکانی خۆم بووە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: من هاوسۆزم لەگەڵ بۆچوونەکەت، بەڵام ئەو خزمەتانەی تۆ پێشکەشت کردوون لەوانەی من کەمتر نین، منیش بەشەو و بەڕۆژ بەرگەی ژانەکانم گرتووە، ئەدی ئەوانەش خزمەت نییە؟ هەموو خەڵکەکە لەبەر تۆ دژی من بوون، لەبەر تۆیە من چەندین جار فرمێسکی تاڵم رشتووە، من بەردەوام وەك کەنیزەیەك خزمەتم کردوون.

قسەکانی ژنەکەم لە جەرگی دەدام. زەبرەکانی تیژ و کاریگەربوون. هەندێکیان بەژان بوون، بەڵام من سوور بووم لەسەر گەڕاندنەوەی دیارییەکان، ئیتر توانیم سەربکەوم و رەزامەندییەکەم وەرگرت، هەموو دیارییەکانی کە لەساڵانی ۱۸۹۶ و ۱۹۰۱ وەرگرتبوون گەڕاندەوە بەر دەستی ئیدارەی سامانەکان. خشڵەکانم وەك گەنجینەیەك لە بانك دانا بۆ ئەوەی خزمەتی رەوەندی هیندی پێ بکرێت

من لەو دەمانەوە لەسەر ئەو بڕیارەم پەشیمان نەبووم، لەگەڵ ڕۆژگارا ژنەکەم تێگەیشت کەوا من هەڵەم نەکردووە، ئەو بڕیارەش کە لە ئایینده منیان لە زۆر دیاری و شاباشی تر دەرباز کرد، ئەوەی لە بواری خزمەتی گشتی کاردەکات ناکرێ دیاریی گرانبەهاش وەربگرێت!

## دووباره له هینددا

به دەریاوە بەرەو هیند بەڕێ کەوتم، کە گەیشتمە هیند ماوەیەك لە شەقامەکاندا دەسووڕامەوە. لە ساڵی ١٩٠١ بەشداربیم کرد لە کۆنگرەی حزبیی کۆنگرەی هیندی لە کلکتادا. ئەوەش یەکەم ئەزموونم بوو لەگەڵ ئەو حزبە. بەیەکەوە لەگەڵ فیروزشا میهتا بەترین گەشتمان کرد. هەردووکمان پێویستمان بەدانوستان هەبوو، باسی رەوشی باشووری ئەفریقیامان کرد، دەمزانی ئەو ژیانی خۆشە. فارگۆنێکی تایبەتی بۆ خۆی بەکرێ گرتبوو، بڕیارم دابوو لەنێوان دوو وێستگەدا من بچمە ناو فارگۆنە تایبەتییەکەی ئەو و بەیەکەوە قسە بکەین. کە من چووم دوو کەسی تری لەلا بوو باسی پۆلیتکیان دەکرد، کە منی بینی وتی: غاندی، دیارە ناتوانین هیچت بۆ بکەین. دیارە کەوا پێشنیارەکەت باس دەکەین. باشە خەڵکی لە وڵاتەکەمان چ جۆرە مافێکیان هەیە؟ کە ئێمە لە وڵاتدا هیچ دەسەڵاتمان نەبێت، لە موستعمەرەکانیش هیچمان پێ ناکرێت. قسەکانی میهتا سەرسامی کردم، بۆیە من هیچ توانجێکم نەما. دیارە کەوا من نەمدەتوانی قسە لە رامانەکەی ئەو بکەم. ئەو مەلیکی بێ تاجی بۆمبای بوو، بەڵام لەگەڵ خۆمدا دەموت رەنگە من بتوانم پەیڤێك لەو قسەیەدا هەر بکەم! یەکێکیان وتی: رەنگە بتوانین قسەیەك لەسەر پێشنیارەکەت بکەین. من لە وێستگەی داهاتوو جێمهێشتن و گەڕامەوە فارگۆنەکەی خۆم.

لە کلکتا لیژنەی پێشوازی بۆ مانەوەم منیان بردە کولێژی ریبوون، کە شوێنی حەوانەی نوێنەرەکانیش بوو. شانسم هەبوو لەهەمان هەواردا، چونکە بەڕێز

لۆکامانیاش پاش چەند رۆژێك هاتە ئەو شوێنە. دیارە کەوا ئەو بەتەنها نەبوو، دەستەیەك خەڵکی بەردەستی لەگەڵدا بوو. ئەگەر نیگارکێشێك بووبام تابلۆی رەوشی دانیشتنی ئەوم دەکرد. دیمەنەکە ئێستاش بەزیندوویی لە هزرمدا ماوە. لەوێ سەرنووسەری رۆژنامەی ئامریتا بازار باتریکا سەردانی کردم، ناتوانم پێکەنینە خۆشەکەی و باسی هەڵەکانی چینە دەسەڵاتدارەکە لەبیر بکەم کە بۆی باسکردم.

ژمارەیەك لە خەڵکە خۆبەختکاری کارکەرم ناسی، باسی باشووری ئەفریقیام بۆ کردن. بەقسەکانی من هەستم کرد شەرمیان دەکرد. ئەوانە توانای هەموو خزمەتکردنیان هەبوو، بەڵام ئەزموون و پشتیوانیان نەبوو. حزب ساڵانە سێ رۆژ کۆبوونەوەی دەکرد، پاش ئەو چالاکییە سست دەبوو. ئیتر ئەندامەکان بەو سێ رۆژە چییان پێ دەکرێت؟ نوێنەرەکانیش رەوشیان هەر وابوو، ئەوانیش مەشقیان نەبوو، خۆشیان ئیشیان پێ نەدەکرا، بۆیە بەردەوام کارەکانیان بەخەڵکە خۆبەختکارەکان دەکرد.

من لە هیندییش زۆردارییم دەبینی، خوانی تامیلی لەگەڵ خواردنەکانی تر جیاوازی زۆر هەبوو. نوێنەرە تامیلییەکان لەکاتی نانخواردندا بێزیان نەدەهات سەیری خەڵکی تر بکەن، بۆیە لە پەنایەکی مەیدانەکەی کۆلێژەکە گۆشەیەکیان کردبووە شوێنی نانخواردنیان و بەلق و گەڵای دار پەرژینیان کردبوو. شوێنەکە ببووە چرپەدووکەڵ. کە رەوشەکەی ئەوانم بینی هەموو شتەکان و پێداویستییەکانیان لەو شوێنە تەسکە کلیلدراو دەکەن زۆر سەرسام بووم، وتم ئەگەر نوێنەرەکانی پەرلەمانمان وابن، دەبێ ئەوانەی دەنگیان بەوانە داوە چۆن بن. ئاخێکم هەڵکێشا و بیرۆکەکەم لەلا گەڵاڵە بوو.

شوێنی کۆنگرەکە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو، زۆر پیس بوو، توالێتەکان بەشی خەڵکەکەی نەدەکرد، بۆنێکی زۆر پیسیشی لێ دەهات، کە

کارەکەم لە خەڵکە خۆبەختکارەکە پرسی، وتیان ئەوانە ئیشی ئێمە نییە، کرێکارەکانی پاککردنەوە ئەوە دەکەن. بەزەحمەتی گێسکێکم پەیداکرد، هەر لەبەر پاکوخاوێنی خۆم دەستم دایە خاوێنکردنەوە و شووشتنی توالێتەکان.
دیارە خەڵکەکەش بەو رەوشە پیسە زۆر نیگەران نەبوون.
لەبەر زۆربوونی پیساییەکان و کۆنەکردنەوەی پاشماوەکانی ئەندام و نوێنەرەکانیش ناوچەکە ببووە یەکپارچە لە گوفەك و زبڵ. ئەگەر کۆنگرەکە چەند رۆژی تر بەردەوام بوایە، بێگومان نەخۆشیش بڵاودەبووە.
هێشتا دوو رۆژ مابوو کۆبوونەوەکان بکرێن، پاش ئەوەی من پاککردنەوەی رۆژانەکەم ئەنجام دەدا، چوومە نووسینگەی حزب و پێم وتن: تا زۆرتر ئەزموونێك لەو رەوشەدا پەیدا بکەم، من ئامادەم هەر کارێکتان هەبێت بیکەم. پاش ئەوەی خزمەتگوزارییەکەی خۆم نیشاندان، وتیان وەرە نووسینمان بۆ بکە. منیش بەخۆشییەوە قبووڵم کرد. بەرپرسەکە وتی: خۆت دەزانیت هەزارەها کەس روومان تێدەکەن و داوایان هەیە، دیارە کەوا من ناتوانم هەموو داواکانیان سەیر بکەم، تۆ دانیشە گوڵبژێرێکم بۆ بکە، کە زۆربەیان بایەخیان نییە، بۆیە ئەوانەی شیاون هەڵبژێرە. منیش بەو دڵنیایی و بڕوابوونەی بەڕێز جوسالی سکرتێر دڵم خۆش بوو. دیارە کەوا ئەو منی نەدەناسی و نەیدەزانی من توانای چیم هەیە! ئیشەکە ئاسان بوو، بەماوەیەکی کەم دەستەیەکی زۆرم لە نامەکان جیاکردەوە، ئەویش بەو کارەی من دڵشاد بوو، کە زۆرتر قسەمان بەیەکەوە کرد، دڵگران بوو کەوا من ئەو ئیشەم بەو راسپاردووە، منیش وتم: ببوورە من دڵم بەوە خۆشە، ئاساییە بەردەستی تۆ بکەم، تۆ سەرت لەو حزبە سپی کردووە، تۆ وەك برایەکی گەورەی منی، من تەنها گەنجێکم و ئەزموونم پێویستە، من قەرزاری تۆشم کە ئەو کارەت بەمن سپارد، چونکە من مەبەستی خزمەتی ئەو حزبەم هەیە، بەوەش من هەندێ وردەکارییەکانی حزبەکەش

شارەزا بووم. ئەویش لە وەڵامدا وتی: من بەو قسانەی تۆ بڕوا ناکەم، چ جۆرە گیانێکت هەیە، بەڵام گەنجی وەك تۆمان کەمە، کەس هەست بەو راستەقینەییە ناکات. من شاهیدی دامەزراندی ئەو حزبەم کردووە، لەگەڵ بەڕێز هۆم بەیەکەوە حزبەکەمان دامەزراندووە.

بەڕێز جوسال دوگمەکانی یەخەی خۆی بەحەمباڵەکە سپاردبوو. منیش لەبەرئەوەی حەزم دەکرد خزمەتی خەڵکی بەتەمەن بکەم، بۆیە خۆم دوگمەکانم بۆی دادەخستەوە. بۆیە ئەو وتی: رەنگە ئێستا تۆش بڵێیت سکرتێری حزبمان کاتی ئەوەشی نییە دوگمەکانی خۆی دابخاتەوە، فەرموو وا من بۆی دادەخەم. من بەسادەییەکەی ئەو پێکەنینم دەهات، بەڵام پەشیمان و نیگەران نەبووم لەوەی خزمەتی بکەم، ناکرێ بزاندرێت من لەو خزمەتەدا چەندم قازانج کردووە.

بەچەند رۆژێك تێگەیشتم کەوا کاروبارەکانی حزب چۆن دەڕوات بەڕێوە، زۆربەی سەرکردەکانم بینی، چالاکییەکانی کەسە پێشەنگەکانی وەك جوخلی و سوریندرانام بینی، زانیم کە چەند زۆر کاتیان بەفیڕۆ دەدەن، هەستم بەوە کرد کەوا زمانی ئینگلیزی چەند پێگەیەکی لەناو کاروباری کۆمەڵگەکەماندا هەیە. دیاربوو کەوا هیچ جۆرێك لە رێکخستنی کار و وزەکانی خەڵکەکە بەرجەستە ناکەن. بەچەند کەسێك خەریکی کارێکن ئەگەرچی خۆی ئیشی یەك کەسە و بەس، کاری زۆریش هەیە کەس دەستی بۆ نابات. ئەگەرچی من رەخنەم لەو کەموکوڕییەکان هەبوو، بەڵام زۆریش رووم خۆش بوو بۆ کارکردن بۆ دۆزینەوەی بوارێکی چاکسازی، بۆیەش بیرم لەوە کردەوە من ناشیرینترین ئیشیش بۆ حزب بکەم ئاسایی و پێویستە.

## لەناو حزبدا

ئیتر کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد، سەرکردەکان لەسەر سەکۆکە دانیشتبوون، دیمەنی پێشوازییەکە و دانیشتنەکە جوان بوو، بەڵام من بیرم دەکردەوە. من لەو ئاپۆڕەیەدا شوێنم کێندەرێ دەبێت؟ وتارەکەی سەرۆکی حزب کتێبێکی گەورە دەبوو، بۆیە تەنها گوێمان لە چەند بڕگەیەکی بوو. بەڕێز فیروزشا رازی بوو من پێشنیارەکەم بدەمە حزب. وتارەکان زۆر و درێژ بوون، باشە کەی نۆرەی من دێت. هەموو وتارەکانیش بەزمانی ئینگلیزی بوون، سەرکردەکان پیشنیاری زۆریان هەبوو، پێشنیارەکەی من لەچاو ئەوانی تر لاواز بوو. کاتەکە درەنگ بوو، خەڵکەکە هەموو پەلەیان بوو، زوو دەیانویست پێشنیارەکانی کۆتایی بێت. منیش تەنگاو دەبووم و لە هاتنی نۆرەکەشم دەترسام. من خۆم لە جوخلی نزیک کردەوە، پێموت تکایە شتێکم بۆ بکە. ئەویش وتی خەمت نەبێت. من ئاماژە بەپێشنیارەکەت دەدەم، قبووڵیش ناکەم پێشنیارەکە پشتگوێ بخەن. ئیتر بواری منیشیان دا و بەپێنج دەقە پێشنیارەکە بخوێنمەوە. کاتەکە نزیک بەرەبەری بەیانی بوو، باشە من بەو پێنج دەقەیە چ بڵێم. بەڕێز واشا ناوی منی خوێندەوە، کە هەڵسام هەستم دەکرد سەرم دەسوورێت. بەو شێوەیە من قسەکانی خۆم کرد. یەکێك پارچە شیعرێکی لەسەر رەوەندی دەرەوە نووسیبوو چەند دانەیەکی دایە نوێنەرەکان. من شیعرەکەم خوێندەوە و گلەیی و داواکانی هیندییەکانی باشووری ئەفریقیام بەپەلە باسکرد. ساتی ئەوەش هاتبوو بەڕێز واشا زەنگی کۆتایی کاتەکە لێ بدات، هێشتا کاتی خۆم مابوو، دەیانویست کۆتایی بەلێدوانەکەی من بهێنن

خەڵکی تریش هەبوو زۆرتر لە نیوکاتژمێریش قسەی دەکرد و ئاگاداریان نەدەکردەوە. پاش زەنگەکە دانیشتم، ئیتر بەکۆی دەنگ ڕەزامەندییان لەسەر هەموو پێشنیارەکان دەربڕی، دیارە کەوا پێشنیارەکەی منیش بەگەڵیان کەوت، بۆیەش هیچ بایەخێکی نەبوو، بەڵام کە حزب ڕەزامەندی لەسەر کرد، ئەوەیان بۆ من بەختیارییەکی خۆش بوو، چونکە ئەوەیان واتە ڕەزامەندی هەموو وڵات.

## ئاهەنگەکەی لۆرد کۆرزون

کە کارەکانی کۆنگرەی حزب تەواو بوو، دەبوایە من بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی تایبەتی خۆم و سەردانی ژووری بازرگانی و دیمانەی چەند هاوڕێیەك یەك مانگ لە کلکتا بمینێمەوە. لەجیاتی بچمە هوتێل بیرم لەوە کردەوە لە یانەی هیندی ژوورێك پەیدا بکەم، لەوێش خەڵکی زۆر ببینم، بەتایبەتی کەسایەتییە دیارە ناسراوەکان، تا باسی ئەوەیان لەگەڵدا بکەم بۆ ئیشکردن بچنە باشووری ئەفریقیا. بەردەوام بەڕێز جوخلی بۆ یاری بلیارد دەهاتە ئەو یانەیە، کە زانی من ماوەیەکی باش دەمینێمەوە. ئەو داوای کرد من بچمە لای ئەو. من بەپەرۆشییەوە داواکەم قبووڵ کرد، بەڵام یەك دوو ڕۆژی ویست هەتا هات و منی بردە لای خۆی، چونکە من پێم جوان نەبوو خۆم ڕاستەوخۆ بچم، بۆیەش ئەو لەو ڕەوشەدا تێگەیشتبوو، بۆیە ئەو بەمنی وت: غاندی، ئێستا تۆ لەناو وڵاتی خۆتدا دەژیت پێویست بەو پارێزە ناکات. دەبێ تۆ خۆت کۆشش بکەیت زۆرتر خەڵك بناسیت، منیش داوات لێ دەکەم ئیشی حزبیش بکە.

لێرە هەڵوەستەیەك دەکەم بۆ باسکردنی ئەو ڕووداوەی لە یانە هیندییەکە ڕووی دا، ئینجا دەگەڕێمەوە سەر چۆنیەتی مانەوەم لەگەڵ جوخلی.

لەو دەمانە لۆرد کۆرزون ئاهەنگە فەرمییەکەی خۆی دەکرد، ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی گەورە و ئەمیرەکانی داوەتی ئەو ئاهەنگە کردبوو. پێشتر من ئەوانەم دەبینی دهوتی بنجاڵی و قەمیس و دەستماڵە سوورەکانیان لەبەردابوو؛ بەڵام لەو ئاهەنگەدا هەموو خۆیان گۆڕیبوو، من ئەو دیمەنەم پێ خۆش نەبوو. لە

یەکێکم پرسی، ئەو لە وەڵامدا وتی: هەر خۆمان رەوشە داماوەکەی خۆمان دەزانین، ئێمە بۆ مانەوەی نازناو و سامانەکانمان بەرگەی ریسوایی زۆر دەگرین. من پرسیم: باشە ئەو عەمامە سەیرانە چییە لەسەرتان کردووە. ئەو پێڵاوە بریقەدارانەت بۆ لەبەر کردووە؟

ئەو وتی: باشە ئێمە لەگەڵ خزمەتکارەکانی جیاوازییمان چییە؟ ئێمە وەك چۆن خزمەتکارەکان خزمەتمان دەکەن، ئێمەش بەو شێوەیە خزمەتی لۆرد کۆرزۆن دەکەین، ئەگەر لە رێوفەرمیکی وا فەرمیی دواکەوتین دەبێ بەرگەی دەرئەنجامەکەی بگرین، ئەگەر بەو جلە فەرمیانە ئامادە نەبین، وەك ریسواکردن ئەژمارد دەکرێت. من زۆریش بەختیار دەبم ئەگەر بوارێك بگونجێت قسەیەکی لەگەڵدا بکەم؟

دەستم بەبەستەزمانی ئەو هاوڕێیە راستگۆیە کرد.

بەو ئاهەنگە، ئاهەنگی دانانی بەردی بناغەی زانکۆی هیندییم لەلایەن لۆرد هاردینج بەبیرهاتەوە، لەوێش ئەمیرەکان و حاکمەکان ئامادەبوون. لەوێش مالفیا منی داوەتکرد، بۆیەش بەشانازییەوە بەشدارییم تێدا کردبوو.

لەوێ ئەمیرەکانم بینی وەك ژنان خۆیان رازاندبۆوە. شەڕواڵ و جلی حەریریان لەبەر کردبوو، ملوانکەی بەمورووو و ژەنگیانەیان لە گەردەن کردبوو، بازنیان لە دەستی کردبوو، عەمامەکانیان بەگەوهەر و ئەلماس رازابۆوە، هەروەها شمشێری دەسك زێڕیان بەپشدێنەکانیانەوە هاتبووە خوارەوە.

ئیتر من گەیشتمە ئەو راستییەی کەوا ئەو دیاردەی ئەوان تەنها ئاماژەیەکە بۆ کۆیلەیەتی ئەوان و هیچی تر نییە، هەروەها هیچ پەیوەندیشی بەئینتیمایان بەچینە موڵکدارییەکانەوە نییە. دیارە کە ئەوان خۆیان دەنەخشێن و جلی رازاوە دەپۆشن بەئیرادەی خۆیانەوە نییە. دیارە ئەو خشڵ پۆشینە و سازکردنەکەی جلوبەرگیان بەزۆرەملییە، بۆیەش هەندێك لە ئەمیرەکانی پێیان

خۆش نییە کە ئەو جۆرە پۆشاکەش لەبەر دەکەن، هەروەها حاکمەکانیش حەز بەو گەوهەر و خشڵانە ناکەن، بۆیەش تەنها لەکاتی بۆنە فەرمییەکاندا لەبەری دەکەن. ئینجا نازانم ئەو زانیارییانەی من راست بوون، بەڵام ئەوەندە بەسە کە من بەو دیمەنەی ئەوا نیگەران و پەست ببووم، کە لە ئاهەنگەکانی حاکمە بریتانییەکان وەک ژنان خۆیان دەڕازێننەوە، بەمەرجێک بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کەسایەتی ئەوان نەدەگونجا. ئای کە بەهای گرانە کاتێ مرۆڤ بۆ دەسەڵات و سامان و پێگەکان هەڵە دەکەن.

## مانگێک لەگەڵ جوخلی

ئەو مانگەی لەماڵەکەی جوخلی بووم وامدەزانی لە ماڵی خۆمدام. ئەو منی وەك برایەکی گچکەی خۆی سەیر دەکرد، هەموو پێداویستییەکانی بۆم دابین دەکرد، بەڵام ئەو بەوە بەختیار بوو کەوا من داواکارییەکانم کەم بوون. من زۆرتر پشتم بەخۆم دەبەست، بۆیە من پێویستم بەوە نەبوو کەس خزمەتم بکات. ئەو منی بەکەسایەتییە گەورەکان دەناساند، هیچیشی لە من نەدەشاردەوە. جوخلی منی بەدکتۆر رای ناساند، بەو رستەیە پێناسەی ئەوی بۆ کردم: ئەوە بەڕێز رایە، مانگانە هەشت سەد رووپیە مووچە وەردەگرێت، تەنها چل رووپیە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. پارەکەی تر بۆ خزمەتی گشتی تەرخان دەکات، ئەو نە ژنی هێناوە و نە بڕیاریشی داوە ژن بهێنێت. ئەو پیاوە هیچ نەگۆڕاوە وەك خۆیەتی، جاران جلەکانی لە خووری رستراو و چێنراوی قوماشی هیندی بوو، ئێستاش جلەکانی لە قوماشی تری سادەی هیندی بوون، دکتۆرەکە و جوخلی بەردەوام باسی لایەنە گشتییەکانیان بۆ دەکردم، بەڵام ناڕەحەت دەبووم کە رەخنەیان دەبوو لەسەر ئەو کەسانەی خزمەتی گشتیان دەکرد، بۆیە هەندێك لە کەسە باشەکانم بەکەسانی بێ کەڵك بۆ دەردەکەوت.

جوخلی هەر چەند ئەزموون و زانیاریی بەمن دەبەخشی ئەوەندەش خۆشیی بەمن دەدا. ئەو یەك خولەکیش کاتەکانی خۆی بەفیڕۆ نەدەدا، دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتی سوودبەخش و خزمەتگوزار زۆر بوو. هەموو قسەکانی سەرچاوە و دەرئەنجامەکانی خزمەتیکردنی وڵاتەکەمان بوو. من بەهیچ شێوەیەك درۆ و دووڕوویییم لە ئاخاوتنەکانی جوخلی نەدەدۆزییەوە، بەردەوام هەژاری و بێدەسەڵاتییەکەی هیند خەمی گەورەی ئەو بوو. ئەو بەردەوام دەیوت

سەربەخۆیی وڵاتەکەم هەموو ئامانجەکانی ئەو قۆناخەی منە و بیر لە هیچ شتی تر ناکەمەوە.

جوخلی عارەبانەی بەئەسپی هەبوو، من هیچ بیرۆکەیەکم لەسەر ئەو مەسەلەیەی ئەو نەبوو، بەڵام لارییم هەبوو، بۆیە دەموت: باشە بۆ ئەولە جیاتی ئەو ئەسپ و عارەبانەیە ترام بەکارناهێنێت؟

ئەو بەژانەوە وەڵامی دامەوە و وتی: دیارە تۆش لە من تێناگەیت. من ئەو پارەیەی لە حزبەوە وەریدەگرم بۆ بەرژەوەندی خۆم خەرجی ناکەم، من هیوام وابوو وەك تۆ بتوانم ترامەکە بەکاربهێنم، بەداخەوە کە ناتوانم سواری بم، چونکە ناسرایت ئەوەت پێ ناکرێت و دەبی قوربانی ئەوەش بدەیت، بۆیە سواربوونی ترام زەحمەت دەبێت، ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، قسەیەکی والەناو خەڵك هەیە کەوا سەکردەکان لە خۆشیانە کەوا هەندێ شت دەکەن. من زۆر بەسادەییەکانی تۆ سەرسامم، تۆ بۆ خۆت هەتا دەتوانیت بەسادەیی بژی، بەڵام هەندێ خەرجی هەیە کەس ناتوانێت نەیکات.

من بەو قسەیان رایی بووم، بەڵام شتێکی تر هەبوو نەدەچووە عەقڵم، بۆیە پێم وت: بەڵام تۆ هەرگیز پیاسەیەك لە دەرەوە ناکەیت، دیارە چالاکییە گشتییەکانت بواری ئەوەت نادەن هەندێ مەشقی وەرزشیش بکەیت.

ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئایا تۆ هەست دەکەیت من بواری دەرچوون و وەرزشم هەبێت؟

من رێزی زۆرم بۆ بەڕێز جوخلی هەبوو، بۆیە زۆر دانوستانم لەگەڵدا نەدەکرد، کە بێدەنگ دەبووم مانای ئەوە نەبوو من بەوەڵامەکانی ئەو رایی بوویمە، ئێستا ئەو دەمانەش بۆچوونم وابوو کەوا هەموو کەس دەبێ هەندێ مەشقی وەرزش هەر بکات، وەك چۆن نانخواردن کاتی هەیە، با ئەوەش کاتی هەبێت، من بەگوێرەی ئەو زانیارییە سادەییەی کە من هەمە، وادەزانم کەوا مەشقە وەرزشییەکان تاقەتی کاری مرۆڤ زۆرتر دەکات و وزەی زۆرتر دەکات.

ئەو دەمانەی لەلای جوخلی دەژیام چالاکییم زۆر بوو. پێش ئەوەی لە باشووری ئەفریقیا بگەڕێمەوە گفتم بەکریستیانەکانی ئەوێندەرێ دابوو کەوا من لە هیند

سەردانی کریستیانەکانی ناو هیند بکەم. من دەمزانی کەوا بابو کالیشاران بانیرجی کە ڕێزی زۆرم بۆی هەیە، ئەو ڕۆلی زۆر کاریگەری هەبووە لە دامەزراندنی حزبی کۆنگرەی هیندی، قسەشم لەسەر ئەو کریستیانانە هەبوو کە لەو حزبەدا خۆیان لە هیندۆس و موسلمانەکان دوور دەگرت، بۆیە ئەوم بەو چاوە سەیر نەدەکرد، بۆیە بەبەڕێز جوخلیم وت، من دەمەوێ دیمانەیەکی بکەم، ئەویش وتی، ئەو دیمانەیەت بۆ چییە. گومان لەوەدا نییە کەوا ئەو پیاوێکی ڕەوشت و ناوبانگ باشە، بەڵام دەترسێم قسەکانی ئەوت بەدڵ نەبێت، من باشی دەناسم. بەهەرحاڵ دەتوانیت دیمانەی بکەیت.

ئەوم لەناو ماڵێکی سادە بینی، ئەو دەمانە ژنەکەی لە سەرەمەرگدا بوو، ئەوم لەناو حزب بەپاڵتۆ و پانتۆڵەوە بینبوو، بەڵام لە ماڵەکەی خۆی بەشەڕواڵی بنجالی و قەمیسێکەوە بوو. بەئاسوودەییەوە باسی کێشەکانی ڕۆژگارەکەم بۆ دەکرد، ئەو لە منی پرسی: ئایا تۆ بڕوات بەعەقیدەی خەتاکردنی ڕەسەن هەیە؟ منیش بەدرێژیی وەڵامم دایەوە. ئەو پرسی: باشە، هیندۆسەکان لەو خەتایانە نابوورن، بەڵام کریستیانیەتی غوفرانیان تێدایە، عاقیبەتی خەتاش مردنە. لە ئەنجیلدا هاتووە کەوا تاکە بوار بۆ دەربازبوون ملکەچییە بۆ مەسیح.

منیش باسی بەشی یەکەمی دەربازبوونم لە ڤاجافاد جیتا بۆ کرد، بەڵام سوودی نەبوو، سوپاسم کرد لە میواندارییە گەرمەکەی و ڕۆیشتم، ئەگەرچی من سوودم لە دیمانەکە بینیبوو، بەڵام دڵی خۆش نەکردم.

هەر لەو ڕۆژەی سەردانی ماڵەکەی قازی میترم دەکرد، لەبەرئەوەی ماڵەکەیان لە پەرستگای خودای کالی نزیک بوو سەرێکم لەو پەرستگایە دا کە خۆم پەرۆشی ئەو سەردانە بووم. لەبوارەکەم بەرەو پەرستگاکە بینم بەرەوە بەرخ سەر دەبڕن و دەیکەنە قوربانی، هەر لەو بوارەشدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سواڵکەر ڕیزببوون، لەولاشەوە خەڵکە سۆفییە ئیمانداره‌کانیش لەوان نزیک بوون. من هەتا ئەو دەمانەش لەگەڵ ئەوەدا نەبووم دەرۆزەکەری چوارشانەی بەهێز خێری پێ بکرێت، بەڵام ژمارەیەک بەدوام کەوتن، یەکێک لە نساکەکان لە باڵکۆنێکەوە

دانیشتبوو، منی راگرت، بەیەکەوە دانوستانمان کرد، ئەو وتی: ها کوڕەکەم ئەوە کێوە دەچیت؟ منیش وەڵامم دایەوە.
ئەو داوای لە من و لە هاوڕێیەکەم کرد ساتێك لەلای دانیشین. من لەوم پرسی: ئایا ئەو قوربانیکردنە بەشێکە لە سرووتەکانی ئایین؟
ئەو لە وەڵامدا وتی: کێ هەیە دەتوانێت بڵێت کوشتنی ئاژەڵ بەشێکە لە ئایین؟
_ئێ کەواتە بۆ ڕێگایان پێ ناگرن و قەدەغەیان ناکەن؟
_ئەوە ئیشی ئێمە نییە، ئێمە تەنها خوداپەرستییەکە دەکەین و بەس.
_ناتوانن ئەو پەرستنە لە شوێنێکی تریش بکەن؟
_هەموو شوێنەکان بەبۆچوونی ئێمە دەکرێ پەرستنی تێدا بکرێت، بەڵام مرۆڤ وەك مێگەلە بەرخ وایە و دەکەوێتە دوای شوانەکەی، ئەو جۆرە ئیشانە کاری ئێمەی نساك نییە.
دانوستانەکەمان درێژەی نەخایاند، ئێمە بەرەو پەرستگاکە ڕۆیشتین، خوێن وەك ڕووبار لەبەر دەروازەی پەرستگاکە دەڕۆیشت، من بەرگەی ئەو دیمەنەم نەگرت، هەستم بەتووڕەیی و بێزاریی کرد، هەرگیز ناتوانم ئەو دیمەنە لەبەر چاوانم ون بکەم.
شەوەکەی ژمارەیەك هاوڕێی بنجالی منیان بۆ خوانی ئێوارە داوەتکرد، لەوێ باسی دیمەنە جەرگبڕەکەم بۆ کردن. ئەوان لە وەڵامدا وتیان: بەرخەکان هەست بەژان ناکەن، لەگەڵ دەنگی دەهۆڵەکان هەموو ژانەکان سارد دەبنەوە.
من بەبۆچوونەکەی ئەو هاوڕێیە رایی نەبووم، من وتم، دیارە کەوا بەرخە بەستەزمانەکان زمانیان نییە، ئەگەرنا قسەی خۆیان دەکرد. هەستم بەوە دەکرد دەبێ کارێك بکەین ئەو نەریتە وەحشییانەیە بنبڕ بکەین، بۆیە بیرم لە چیرۆکەکەی بوزا دەکردەوە، بەڵام دیاربوو کەوا مەسەلەکە لە توانای من قەبەترە.
ئێستاش وەك جاران بیردەکەمەوە، کەوا ژیانی مانگایەك لە ژیانی بەشەر کەمتر نییە، ئەگەر ئاژەڵێك بکەیتە قوربانی ژیانی مرۆڤ، ئەوا لاوازی مرۆڤ دەردەکەوێت، دەبوایە و باشتر بوو مرۆڤ ئەو ئاژەڵانە لە دڕندەیی مرۆڤ دەرباز

بکەن. ئێستا من بڕوادەکەم کەوا من خۆم بکەمە قوربانی پاککردنەوەی خود، داواکارام ڕۆحێکی مەزنیش لەنێوانماندا دروست ببێت، ئینجا پیاو بن یان ژن. ڕەحمەتی خوداییمان لە ناخدا هەبێت تا لە گوناحەکان دوور بین، بەوەش دەتوانین گیانی ئەو بوونەوەرە بەستەزمانانە دەپارێزین و پەرستگاکانیش پاک دەکەینەوە، نازانم بنجالییەکان لەگەڵ ئەو هەموو زانست و زیرەکی و قوربانی و سۆزدارییەوە چۆن لەو کۆمەڵکوژییانەدا دەبووردرێن؟

پاش قوربانییەکان و نەریتە ترسناکەکەی بەرخەکان وەك قوربانی بۆ خودای کالی ویستم زۆرتر زانیاری لەسەر ژیانی بنجالییەکان بزانم. زۆرم لەسەر خوێندنەوە، ناوی کۆمەڵەی براهموم بیست، ژیانی براتاب شاندرا مازومدارم خوێندەوە، لە هەندێ لێداوانەکانی بەشدارییم دەکرد، ژیانی کیشاف شاندرا سینم بەوردی خوێندەوە، بۆ سەردانی تاغوور چووم، بەڵام بەداخەوە نەکرا ببینین، چونکە سەردانی قەدەغەبوو. لە ماڵەکەی ئەو کۆمەڵەی براهمو ئاهەنگێکیان سازکردبوو، بەشداریمان کرد، لەوێ گوێمان لە موزیکی بنجالی بوو، لەو ڕۆژەوە شەیدای ئەو موزیکە بووم.

کە زۆرم لەسەر کۆمەڵەی براهمو خوێندەوە دەبوایە سەردانی سوامی فیفیکاناند بکەم، ڕێگایەکی چۆڵم بڕی، بەڵام بەداخەوە وتیان نەخۆشە ناکرێ ببینین، کە ئەدرێسی ماڵی خوشکە نیفیدیتام دۆزییەوە، لە شوقەکەی خۆی بینیم، بەڵام لە دانوستانەکەماندا خاڵی هاوبەشمان لەنێواندا نەبوو.

لە کلکتادا ڕۆژانەکەی خۆم بەسەر چەندین چالاکی دابەشکردبوو، وەك بینینی سەرکردەکان بۆ باسکردنی ئیشکردن لە باشووری ئەفریقیا و سەردانی ڕێکخراوە ئایینییەکان و دەزگا میللییەکانی شارەکە و توێژینەوە لە ڕەوشەکانیاندا. لە دیمانەیەك کە بەسەرۆکایەتی دکتۆر مولیك، قسەم لەسەر چالاکییەکانی تیمە فریاکەوتنەکانم لە شەڕەکەی بویر بۆ ئامادەبوان کرد، لەبەرئەوەی من نەریتی ئینگلیزەکان باش شارەزا بووم، بۆیە لە پەیڤەکەمدا نیشانەکانم باش دەپێکا. لەو دەمانە بەڕێز ساوندرس نەخۆش بوو، بەڵام وەك چۆن لە ساڵی ١٨٩٦ یارمەتی منی دابوو، لەو گەشتەش یارمەتی منی دابوو،

بۆیەش بەڕێز جوخلی زۆر بەپەیڤەکەم سەرسام بوو، چونکە دکتۆرەکەش پەیڤەکەی پێ باش بوو.
ئیتر لەکاتی مانەوەم لە ماڵەکەی جوخلی پەیوەندییەکانم بەبنەماڵە سەرەکییەکانی بنجالییەکان زۆر بوو، دۆستایەتی باشیشم لەگەڵیاندا پەیداکردبوو.
با باسی سەردانەکەی بۆرماش بکەم، لەوێ پەرستگایە زێڕینە چەند نهۆمەکەم بینی، بەڵام لە دانانی مۆمە گچکەکانی بەردەرگەکە رازی نەبووم، بۆیەش کە جورجەکانی ناو حەرەمە پیرۆزەکەم بینی ئەزموونەکەی مامۆستا ئایینییەکە دایانادم لە مۆرق بەبیرهاتەوە. لەوێ زۆر بەچالاکی و زیندوویی ژنانی بۆرمایی سەرسام بووم، هەروەها بەتەمبەڵی پیاوەکانیشیان زۆر نارەحەت بووم، لەو سەردانە کورتەدا تێگەیشتم کەوا بۆرماش وەك بۆمبای لەگەڵ شوێنەکانی تری ناو هیند جیاوازە، هەروەها رانجۆنیش لەگەڵ هەموو شوێنەکانی بۆرما جیاواز بوو.
کە لە بۆرما گەڕامەوە لەگەڵ نارەحەتییەکی زۆرەوە داوام لە بەڕێز جوخلی کرد بوارم بدات بڕۆم، دەبوایە بڕۆم و نەدەکرا چیتر لەوێ بمێنمەوە.
بیرم لەوەش کردەوە بەترێن و لە شوێنی پلە سێدا گەشتێکی ناو هیند بکەم، بەڵام جوخلی گاڵتەی بەپێشنیاری گەشتکردنم بەترێن و لە فارگۆنی پلە سێیەکان دەهات، بەڵام کە بۆچوونەکەی خۆم بۆ راڤەکرد، کەمێك نەرم بووە، تا سەردانی خاتوو بیسانت بکەم کە نەخۆش بوو و لەناو جێگە کەوتبوو، بیرم لە سەردانی بنارسیش کردەوە.
بۆ ئەو گەشتە خۆم سازکرد و بەڕێز جوخلی هاوکاری زۆری کردم، سەندووقێك حەلوا و پارچە نانی بێ هەویرترشی بۆ دانام. جانتایەکم بەدوازدە عانە کڕی کە لە قوماشی گوریس دروستکرابوو، کە جێگای پاڵتۆیەکی خووری و گەشتە بەتانییەك و جامێکم بۆ ناوخواردنەوەش لەگەڵ خۆمدا برد، ئەگەرچی پێموتن پێویست بەئەزیەتی هاتنتان بۆ ماڵئاواییکردنم نەکات، بەڵام بەڕێز

جوخلی و دکتۆر رای هەتا وێستگەی ترێنەکە لەگەڵم هاتن. جوخلی وتی من بۆیە بۆ بەڕێ کردنت هاتووم. چونکە تۆ بەفارگۆنەکانی پلە سێیەم گەشت دەکەیت. دیارە کەس نەیتوانی بەڕێز جوخلی لە هاتنی بۆ لای شۆستەکە رابگرێت، کە عەمامەیەکی حەریر و شەڕواڵێکی هیندی ئاسایی لەبەردابوو، بەڵام بلیتفرۆشەکە ویستی دکتۆر رای لە هاتنە پێشەوە رابگرێت، بەڵام بەڕێز جوخلی وتی ئەویش لەگەڵ منە، بۆیە لەنزیکەوە منیان بەڕێ کرد و هیوایان خواست گەشتێکی خۆش بکەم.

## لە بنارسدا

لەو گەشتەدا نەدەکرا زۆر بمینێمەوە، لەو شارانە سەرێکم لە پەرستگاکان و زانا هیندۆسەکان وەك حاجییەکان دەدا و دەڕۆیشتم، لەو گەشتانە بەبلیتەکانەوە تەنها ٣١ رووپیەم خەرجکردبوو. فارگۆنەکانی پلەی سێیەم زۆر پیس بوون، بەتایبەتی توالێتەکانیان، بەپێی نرخی بلیتەکان خزمەتگوزارییەکان جیاوازییەکی زۆریان هەبوو. نەفەرەکانی پلەی سێیەم وەك مێگەلە بەرخێك مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن. من زووتر لە ئەورووپا لە فارگۆنەکانی پلەی سێیەم زۆر گەشتم کردبوو، تەنها یەك جار نەبێت هەر بۆ دیتن گەشتم بەفارگۆنەکانی پلەی یەکەم کردبوو، لەوێ خزمەتگوزارییەکان وا نەبوو. لە باشووری ئەفریقیاش پلەی سێیەمەکە تایبەت بوو بەڕەشەکان، ئینجا پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانیان زۆر لێرە باشتربوو، لەوێ لەو فارگۆنانە شوێنی نووستن هەبوو، کورسییەکان لاتەنیشتیان هەبوو، زۆر قەرەباڵغ نەبوون، بەڵام لە هیند ژمارەی نەفەرەکان زۆر زۆرتربوون لە رادەی ئاسایی.

هەموو دیاردە پیسەکان و فڕێدانی زبڵ و پاشماوەکان و جگەرەکێشان و هاتوهاواری و بەکارهێنانی زمانێکی ناشیرینی قسەکردن، وایکردبوو گەشتکردن لە پلەی سێیەم زۆر زەحمەت بێت. ئەوەی شیاوی باسە من لە ساڵی ١٩٠٢ بەو فارگۆنانە گەشتم کردبوو، هەستم کرد کەوا لەساڵی ١٩١٥ و ١٩١٩ دوە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو.

باشترین چارەسەر بۆ چاککردنی ئەو رەوشە پیسەی ناو فارگۆنەکانی پلە سێیەمەکان ئەوەیە کەوا خەڵکە خوێندەوارەکان سواری ئەو فارگۆنانە بن، تا

بتوانن ئەو نەریتە نەگریسەی خەڵکەکە لەوێ بگۆڕن، هەروەها دەبێ سکاڵانامەش ئاراستەی دەسەڵاتدارانی هێڵەکانی ئاسن بکەن، کەوا ناکرێ بەیەکجاری ئەو فارگۆنانە بەو شێوەیە بەرەڵڵا بکەن. بواریش نەدرێت ئەو کردە ناڕەوایانەی لێ روو بدات، سەرکۆنەی ئەو بەرپرسانەش بکەن کە خەمساردن لە چاککردنی ئەو رەوشەدا، بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەوەیان رەوشەکە باشتر دەبێت.

لەبەر نەخۆشییە ترسناکەکەی کە لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ تووشم ببوو، نەدەوێرام سواری فارگۆنەکانی پلەی سێیەم ببم. لەو دەمانەی نەخۆش بووم، هەستم بەشەرم دەکرد، کەوا من بانگەشەی چاکبوونی ئەو فارگۆنانە دەکەم و منیش بۆم نەدەکرا بەو فارگۆنانە گەشتەکانم بکەم، کە بانگەشەکەم زۆری نەمابوو ئەنجامەکانی بپێکێت.

بەیانییەکیان گەیشتمە بنارس، بڕیارم دا میوانی کاهینێک بم. هەر کە لە ترێنەکە دابەزیم ژمارەیەك کاهین دەوریان گرتم، منیش سەیرم کردن، تا یەکێکی خاوێن هەڵبژێرم تا میوانی بم. دیارە کەوا من لە بژاردەکەدا سەرکەوتوو بووم. ئەو لە ناوەندی حەوشەکەیاندا مانگایەکی بەستابۆوە، بەڵام من لە نهۆمی سەرەوەیاندا دابەزیم، بەر لەوەی خۆم بەشێوە تەقلیدییەکە بەئاوی رووباری جانج نەشووشت هیچم نەخوارد. کاهینەکە هەموو پێداویستییەکانی خۆشووشتنەکەی بۆ سازکردبووم. من زووتر پێم وتبوو، من زۆرتر لە روپیەیەك و چوار عانە بەو شتانە نادەم، بۆیەش ئەو حیسابی وردی بۆ ئەو مەسەلەیە کردبوو لە سازکردنی کەرەستەکانی خۆشووشتنەکە. بەڵام کاهینەکە وتی، حاجی چ دەوڵەمەند بێت یان هەژار شتەکان وەك یەکە، دەمێنێتەوە سەر خێرکردنەکە، ئەوەیان ئارەزووی خۆیانە کە چەند وەك خێرکردن دەدەن. لە کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆ پرۆسەکەمان تەواو کرد، بۆ وەرگرتنی بەرەکەت چووینە ناو پەرستگای کاشی فیشفاناپ. من زووتر شتێکم

لەسەر پەرستگاکە بیستبوو، بەڵام کە واقیعەکەم بینی، زۆر خراپتربوو لەوەی من مەزندەم کردبوو. کۆڵانەکان تەسك و باریك و پیس بوون، لەبەر مێش و مەگەز و قەرەباڵغییەکانی حەجاجەکان رەوشەکە زۆر خراپ بوو.

دیارە کەوا رەوشەکە لەناو پەرستگاکە شوێنی تەنمل نەبوو، بەڵام هەندێك ژنم بینی هیچ ئاگایان لە خۆیان نەمابوو، بۆیەش دەبوایە بەرپرسەکان بەرنامەسازییەکی باش لەو پەرستگایە بخولقێنن، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بوارێکی باشیان سازکردبێت، بازاڕێك هەبوو کە تێیدا بازرگانەکان لە فرۆشتنی حەلوا و گەمەکاندا فێڵیان لە حاجییەکان دەکرد. لەوێ دیمەنەکان پیسی و ناشیرینی زۆریان پێوە بوو.

لەناو پەرستگاکە لە بیرەکەی حیکمەت بۆ دۆزینەوەی خودا نزیك کەوتمەوە، بەڵام نەمدۆزییەوە، چونکە بیرەکەش زۆر پیس بوو، بۆیەش هیچ مەزاجیشم نەبوو سەدەقەیەك بدەمە کاهینەکانیش، بەڵام کە وردەیەکم لە پارە لە دەستی یەکێکیان دانا، زۆر تووڕە بوو هەتا دەستی هەبوو وردەکەی فڕێدا، تێر جنێویشی کردم، ئینجا وتی: تۆ لەبەرئەوەی بەو شێوەیە ریسوای منت کرد، دەچیتە جەهەنەم. من بەرپسوای کاهینەکە بێزار نەبووم، بۆیە وتم: چارەنووسم هەر چییەك بێت، ناکرێ تۆ بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکەیت، وردەکە هەڵگرەوە با ئەوەش نەدۆڕێنیت.

ئەو لە وەڵامدا وتی: لەبەر چاوم ون بە، من پارەی تۆم ناوێت. ئینجا دووبارە جنێوی تری پێدام.

منیش بایە وردەکەم لەسەر زەوییەکە هەڵگرتەوە و رۆیشتم. خەمی ئەوەشم بوو کاهینێك یەك بایەی زەرر کرد و منیش بایەکەم بردەوە، بەڵام دیارە کەوا زۆر زەحمەتە ئەو کاهینە ئەو بایە لە دەست خۆی بدات، بۆیە وتی:

باشە، بایەکە لێرە جێبهێڵە، من دلۆڤان دەبم لەگەڵ تۆ، وەك تۆ دڵرەق نابم، چونکە هەرگیز تۆ قازانج ناکەیت ئەگەر من پارەکەت وەرنەگرم.
منیش بایەکەم لە دەستی نا و بەبێ ئەوەی قسەیەك بکەم ڕۆیشتم، ئیتر لەو جارە من دووجار چوومەتەوە پەرستگای کاشی فیشفاناپ، بەڵام لەو جارەدا بەڕاستی نازناوی مهاتما واتە ڕۆحە مەزنەکەم وەرگرتبوو، بۆیە موستەحیل بوو تووشی ئەو ئەزموونە ببمەوە، چونکە ئەو خەڵکەی لەوێ منیان دەبینی بواریان نەدا من لە پەرستگاکە نزیك ببمەوە و بەرەکەتەکەی وەربگرم. ئەوانەی دەزانن نازناوی مهاتما چییە، ئازار و ناڕەحەتییان زۆرترە لەوانەی ماناو ریزەکەی نازانن، بەڵام شوێنەکە لە پیسی و زبڵ و پاشماوەکان هەر وەك خۆی مابوو.
ئەوانەی گومانیان لە ڕەحمەتە زۆرەکانی کردگار هەیە، با بچن شوێنە پیرۆزەکان ببینن، لەوێ چەند دووڕوویی و کوفر بەناوی پیرۆزی خودا شیفا دەکرێت، بۆیەش لەمێژە وتوویانە کەوا: هەتا خەڵك هەردوو دەستی نەچەقێت سوود وەرناگرێت. یاسای کارما نە ڕەحم دەکات و نە دەتوانیت لەبەری را بکەیت و دەربازت ببێت، بۆیە پێویست ناکات خوداش تێکەڵ ئەو مەسەلانە بکەیت، خودا یاساکەی داناوە و ئینجا کشاوەتەوە.
سەردانی خاتوو بیسانتم لەپاش زیارەتەکی پەرستگاکە کرد، من دەمزانی تازە لە نەخۆشییەك ڕاست بوویتەوە، داوام کرد ئاگاداری بکەنەوە لە هاتنم، ئەو یەکسەر قبووڵی کرد، من تەنها مەبەستم بوو سەلامەتی بزانم، بۆیە وتم: من دەزانم تەندروستیت زۆر باش نییە، بۆیەش ویستم سەردانت بکەم و سەلامەتیت بپرسم، سوپاس کە پێشوازیت کردم، با زۆر کاتت نەگرم. ئینجا ڕۆیشتم.

# ئایا لە بۆمبایدا نیشتەجێ دەبم؟

جوخلی حەزی دەکرد تا لە کارە گشتییەکان و لە دادگاشدا یارمەتی بدەم من لە بۆمبای بمینێمەوە. دیارە کارە گشتییەکەش مەبەستم کاروباری حزب بوو. ئەو منی هاندەدا پارێزەری بکەم، بەڵام زووتر لەو پیشەیە ترسابووم. بڕیارم دا سەرەتا لە راجکوت ئیش بکەم. ئەو پیاوەی لەکاتی خۆی منی هان دا بچمە ئینگلترا سێ دۆسیەی لە دادگادا دامێ، دوویان پێداچوونە بوون لەبەردەم جێگری قەزایی باوەڕپێکراوی بریتانی. سێیەمیان داوایەک بوو لە شاری جامناجار. من وتم بڕوا ناکەم لەوانە سەربکەوم، بەڵام وتی سەرکەوتن گرینگ نییە، من هاوکاریت دەکەم.

پارێزەرەکەی بەرامبەرم باش خۆی سازکردبوو، بەڵام من زۆرجار ئەوەم بیستبوو و راییبوونیشم وابوو کەوا یاسای سەلماندن لە یاسای هیندی زۆر گرینگە و منیش زۆرم لەو یاسایە خوێندبۆوە، بۆیە لە هەر سێ دۆسیەکە سەرکەوتم. بەوەش هیوایەکی زۆرم لەلا پەیدا بوو، کەوا من رەنگە لە بۆمبایش بتوانم سەربکەوم.

بەر لەوەی باسی هۆکارەکانی چوونم بۆ بۆمبای بکەم، با ئەو بەسەرهاتە بگێڕمەوە کە سەبارەت بەنەفامی و دڵرەقی بەرپرسە ئینگلیزەکان بوو. دادگای جێگری قەزاییەکە جێگیر نەبوو، دەبوایە پارێزەر و داواکارەکان بەدوای ئەودا بسوڕێنەوە، بەوەش پارێزەرەکان پارەی زۆرتریان دەویست و خەڵکەکەش زیانی مادی زۆرتریان بەردەکەوت. پێداچوونەوەکەم کەوتبووە شاری فیرافال

کە پەتای تاعوونی تێدا بڵاوبووەوە، کە ڕۆژانە پەنجا کەس تووشی دەبوو، شارەکە گچکە بوو سەرژمێرییەکەی تەنها ٥٥٠٠ کەس بوو، بۆیەش شارەکە چۆڵ بوو. من لە پەرستگاکە مامەوە کە کەمێك لە شارەکە دوور بوو، بەڵام موەکیلەکەم لە کێندەرێ دەمێنێتەوە؟ ئەوان خۆیان هەژارن و بەڕەحمەتی یەزدانەوە دەژین. منیش داوایەکم پێشکەش کرد بۆ گواستنەوەی شوێنی دادگاکە، بەرپرسەکە پرسی دیارە لە نەخۆشییەکە دەترسیت، منیش وتم مەسەلەکە پەیوەندی بەخۆمەوە نییە، ئەوەندی پەیوەندی بەموەکیلەکەمەوە هەیە، من دەتوانم کارەکەی خۆم دەرباز بکەم، بەڵام بۆ ئەویان زەحمەت بوو.

مەترسە نەخۆشییەکە لەناو هەموو هیند بڵاوبوویتەوە و دوایی کەشی ئەو شارە چۆڵە خۆشە، بەرپرسەکە لەناو خیوەتێکی گەورە لەسەر دەریادا دەژیا، دیارە مەبەستی بوو خەڵکیش فێر بکات لەو هەوایە سازگارەدا بژین.

ئیتر بەرپرسە ژمێریارییەکە وتی ئەوەی غاندی دەڵێت بینووسە، بەڵام ئەو وتی ئەو داوایەی تۆ زیان بەپارێزەر و موەکیلەکانیش دەگەیێنێت.

دڵنیام کەوا بەرپرسەکە دەیزانی مەسەلەکەم راستە، بەڵام چۆن ئەو پیاوە بیر لە ژان و دەردەسەرییەکانی هیندییە هەژارەکان دەکاتەوە؟ چۆن لە ژان و پێداویستییەکانیان دەگات؟ چۆن کەسێك فێری دراوی زێڕ ببوویت بەوردە دراوی مسی گچکە مامەڵە دەکات؟ چۆن فیل بەو گەورەیی خۆیەوە بیر لە مێرووڵەی ورد دەکاتەوە؟ خۆ ئەگەر بڵێن ئینگلیزەکان نیەتیان باش بێت، ناتوانن بیر لە کاروباری هیندییەکان بکەنەوە و یاسای نوێیان بۆ دەربکەن.

ئیتر دەگەڕێمەوە سەر بابەتی چۆنیەتی سەرکەوتنم، من دەمویست زۆرتر لە راجکوت بمێنمەوە، بەڵام بەڕێز دایف رۆژێکیان هاتە لام و وتی: غاندی من بوارت نادەم بەو ژیانە خاوەی ئێرە بژیت، دەبێ تۆ بۆ بۆمبای بار بکەیت.

منیش پرسیم: بەڵام لەوێ کێ ئیشم بۆ دەدۆزێتەوە؟ تۆ پێداویستییەکانم لەوێ بۆ دابین دەکەیت؟

ئەو لە وەڵامدا وتی: بەڵێ، من ئەوە دەکەم، ماوەماوەش وەك پارێزەرێکی ناوداری بۆمبای بۆ ئێرەت دەهێنمەوە، لێرە ناوبانگی زۆر گرینگە، من دەزانم تۆ لەوانی تر بەتواناتری، من هیچ گومانم لە زیرەکی تۆدا نییە، تۆ بۆ ئەوە سازبوویت تا کاری گشتی بکەیت. ئێمە قبووڵ ناکەین تۆ خۆت لێرە لەناو خۆڵدا بنێیت، من پێت دەڵێم کەی بەرەو بۆمبای دەڕۆیت.

منیش وتم: من چاوەڕوانم حەواڵەیەکی پارەم لە ناتالەوە بۆ بێت، هەرکە پارەکەم وەرگرت یەکسەر بار دەکەم.

پاش دوو هەفتە حەواڵەکەم وەرگرت و بەرەو بۆمبای بەڕێ کەوتم، لەناو نووسینگەی پارێزەرە ناودارەکان شوێنم کردەوە و دامەزرام.

## تاقیکردنەوەی باوەڕ

کوڕە تەمەن دە ساڵییەکەم نەخۆش کەوت. دکتۆرەکە بارسی بوو، پیاوێکی ساڵح بوو. ئەو وتی دەبێ کوڕەکە هێلکە و چەڵاوی مریشك بخوات. منیش وتم من باوکی ئەوم دەتوانم قسە لەسەر ئەو مەسەلانە بکەم. ئێمە کەسانی ڤێگاتیرین بەرهەمی ئاژەڵ ناخۆین، چ بکەین!. ئەویش وتی دەکرێ بەشیری وشك کوڕەکە تێر بکەیت، بەڵام سوودی نابێت، من ئەو دەرمانەم زۆر بۆ بنەماڵە هیندۆسییەکان کردووە، زۆریش ئاساییە، بۆیە وادەزانم نابێ وا دڵرەق بیت لەسەر ژیانی کوڕەکەت.

من بەدکتۆرەکەم وت، زۆر سوپاس دەزانی قسەکانت راستە، بەڵام من دەمەوێ ئیمانی خۆم لە تەنگانەدا تاقی بکەمەوە. ئێمە ئیمانداریڻ ناکرێ ئەو شتانە بخۆین، راستە من لە مەسەلەی فشار و پشکنینی سینگ و ئەوانە نازانم، بۆیە دەمەوێ ماوەماوە سەردانمان بکەیت و ئەگەر لەجیاتی ئەو خواردنە شتێکی گونجاوی رووەکی هەبێت باشە، ئەگەرنا ئەو گیانبازییە دەکەم. منیش بەدەرمانە ئاوییەکان کە خۆم شارەزاییم تێدا هەیە چارەی دەکەم.

ئەگەرچی مانیلالی کوڕم گچکەش بوو، بەڵام دانوستانمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد. ئەویش وتی باشە بابە خۆتان دەزانن، دەی بەدەرمانە ئاوییەکان چارەسەرم بکە، من هێلکەی مریشکەکە ناخۆم.

من شێوازی (کوون)ی چارەسەری ئاوییم دەزانی، ئەوەم تاقی کردەوە، هەستم دەکرد کەوا بەڕۆژووبوون باشە، بەشووشتنی نیوەیی شێوازی کوون کە ماوەی

سێ دەقە لەناو ئاو بمێنێتەوە چارەم دەکرد، لەگەڵ ئەوەش شەربەتی پرتەقاڵی بەئاوم ماوەی سێ ڕۆژ دەرخواردا.
پلەی گەرمی جەستەی کوڕەکەم زۆر بەرزبووە، ترسم گەیشتێ، باشە خەڵکە چیم پێ دەڵێن. برا گەورەکەم چ دەڵێت، دکتۆرێك نییە دەربازمان بکات. باشە بۆچی ئەو باوکانە چارەنووسی منداڵەکانیان دەخەنە مەترسییەوە. ئەو جۆرە پرسیارانە لە مێشکم دەهاتودەچوو. من هیچ بواری ترم نەبوو بۆ چارەسەکردنی کوڕەکەم تەنها دەرمانەکەی خۆم نەبێت، من لەتەنیشتی دانیشتبووم، ئەویش گەرم داهاتبوو، بەرگەی نەدەگرت، لە حەژمەتا دەبوورایەوە، شەو داهات، بەناچاری پەڕۆیەکم تەڕ کرد لەسەر جەستەم دانا، هەمووم داپۆشی تەنها سەری بەدەرەوە بوو، بەدوو بەتانیە دامپۆشی، جەستەی وەك ئاگر دەکولا. بۆ هەناسە وەرگرتن پیاسەیەکم کرد، لەو بوارە چۆڵەدا نزام دەکرد و ناوی راماناما لەسەر لێوەکانم دوور نەدەکەوتەوە. پاش دەمێك گەڕامەوە ماڵەوە، دڵم لێیەدا دەترسام، هەر کە پێیەکانم لەسەر سەکۆی ماڵەوە دانا گوێم لێبوو کوڕەکە وتی: باوکە هاتیتەوە؟
منیش وتم: بەڵێ کوڕەکەم هاتمەوە.
ئەو وتی: تکایە باوکە لەبن ئەو بەتانییە دەرمبهێنە سووتام.
دەستم لەنێوچەوانی دا، دیاربوو یەکپارچە ئارەقە بوو. سەبر سەبر گەرماییەکەی جەستەی دادەبەزی. ئەویش دەیوت گەرمامە. منیش ماوەیەکی تر لەو ڕەوشەدا جێم هێشت، دوایی بەتانییەکانم لەسەر هەڵگرت ئارەقەیەکی زۆری کردبوو، چوومە پاڵی و بەیەکەوە خەومان لێکەوت. بەیانییەکەی هەستم کرد گەرماییەکەی نەمابوو، ئەویش دەستی کردەوە بەخواردنی شیری وشك و ئاوی پرتەقاڵ. بەچل ڕۆژ کوڕەکە قیت بووە و توانیمان بەو دەرمانە ئاوییە لەو نەخۆشییەی دەربازمان ببێت.

ئێستاش مانیلال تەندروستی باشە و لە براکانی تری باشترە. کەس ناتوانێت بڵێت ئەو کوڕە بەڕەحمەتی خودا و چارەسەرییە ئاوییەکە و خواردن و تەداوییەکە چاک نەبۆوە. بواریش بدەین هەموو کەس بەبڕواکانی خۆیەوە بڕیاری خۆی بدات. بەڵام من، من زۆریش دڵنیام کەوا خودا کوڕەکەی منی دەرباز کرد. ئەو رامانەشم هەتا ئەو دەمانەش هەر ماوە و نەگۆڕاوە.

## گەڕانەوەم بۆ باشووری ئەفریقیا

کە مانیلال چاك بووە بیرمان لەوە کردەوە ماڵەکەمان بگوازینەوە خانوویێکی تر، چونکە ماڵەکەمان تەڕ و تاریك بوو، بۆیە لە گەڕەکێکی دووری بۆمبای خانوویێکی یەك نهۆمم بەکرێ گرت کە هەواکەی تێدا بگۆڕێت، لە گەڕەکی باندرا خانووم نەویست چونکە قەسابخانەیەکی تێدابوو. لە هەموو شوێنەکانی تریش لە دەریا نزیك بوو، بۆیە لە سانتا کرۆز ئەو خانووە خاوێنەمان دۆزییەوە.

لە ئیشەکانم باش سەردەکەوتم. لە باشووری ئەفریقیاش ئیشیان پێ رادەسپاردم، بەوەیان خەرجیی خۆم دەردەچوو. هێشتا لە دادگای باڵا ئیشم وەرنەگرتبوو، بەڵام لە دادگایە وێنەییەکان کە لەو دەمانە دەکرا ئامادە دەبووم. منیش وەك پارێزەرە نوێیەکان ویستم بەشداری داواکانی بەردەم ئەو دادگایە بکەم. دیارە من زۆرتر دەچوومە ئەو دادگایە تا خۆشییەك لە شنەبای دەریاکەش وەربگرم. دیارە هەر من نەبووم کەوا حەزم لەو جۆرە پیاسەیانەیە، بۆیەش شەرمم بەوە نەبوو.

تا لە کار و بەرنامەکانم دڵنیابێت، جوخلی سەردانی دەکردم، هەفتانە دوو سێ جار دەهات، هەموو جارێکیش خەڵکی نوێی بۆ ناساندن لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. ئەویش بەردەوام خەمی ئەوەی بوو من لە کارەکانمدا سەربکەوم. دیارە راستە کە من بڵێم خودا وای بۆ من داناوە کە هیچ لە بەرنامەکانم سەرنەگرن، چونکە دیارە کەوا ئەو بەویستی خۆی بەڕێوەی دەبردن، نەك بەویستی خۆم.

زۆرم نەمابوو دامەزرێم، لەناکاودا رۆژێکیان بروسکەیەکم لە باشووری ئەفریقیاوە دەگاتە دەست، کە تێدا نووسرابوو:

تشمبرلن سەردانی باشووری ئەفریقیا دەکات، بۆیە تکایە یەکسەر بگەڕێوە لامان. بۆیەش من لەسەر گفتی خۆم بووم، کارەکانم جێهێشت و بەرەو ئەوێندەریێ ڕۆیشتم.

من باشم دەزانی کەوا گەشتەکەم بۆ ئەو وڵاتە زۆرتر لە ساڵێك دەخاێنێت، بۆیە خانووەکەم هێشتەوە و منداڵ و ژنەکەم لەناودا جێهێشت. من ئەو دەمانە بڕوام بەوە هەبوو کەوا ئەگەر گەنجێك لە هیند کار و بواری دەست نەکەوت زۆر ئاساییە و دەبێ بەرەو وڵاتانی تر بۆ کاسبی بڕوات، بۆیەش چوار پێنج گەنجم لەگەڵ خۆمدا بردبوو، لەوانە ماجنلال غاندی.

دیارە کەوا بنەماڵەی غاندی بنەماڵەیەکی دێرین بوو، بۆیەش حەزم دەکرد خەڵکەکەیان گیانبازییەك بکەن و ڕوو لە دەرەوە بکەن و واز لە نەریتە کۆنەکانیان بهێنن. باوکیشم فێر ببوو ئەو کوڕانەی لە خزمەتی ویلایەت نزیك دەکردەوە، بەڵام من دەمویست لەو کۆتانە دەربازیان بکەم. من تەنها دەمویست ئەوان ئیعتیماد لەسەر خۆیان بکەن و بەس.

دیارە خەمم لە بەجێهێشتنی ماڵ و منداڵ و ئەو دەزگایە دەخوارد کە تازە سازم کردبوو، دووبارە بەرەو نادیاری ڕۆیشتمەوە، دیارە کەوا من فێرم ڕووبەڕووی ئەو نادیارییانە ببمەوە. هەڵەیە ئەگەر بڕوا بکرێت کەوا لەو جیهانەدا ڕاستییێتی مسۆگەر هەیە، هیچ ڕاستییێتی نییە بێجگە لە ڕاستییێتی خودا نەبێت، چونکە هەموو شتەکانی بەردەمی ئێمە دەڕوات و نامینێت. بۆیەش پیرۆزترین ئامانجیش گەڕانە بەدوای ڕاستییێتی کە باڵاترین ئامانجی ژیانە.

من بەدرەنگەوە گەیشتمە دربان، لەوێ کارێکی زۆر چاوەڕوانی دەکردم، کاتی هاتنی بەڕێز تشمبرلینیش دیاری کرا، بۆیەش دەبوایە من پەیامەکە ساز بکەم و لەگەڵ وەفدەکەمان سەردانی بکەم.

# بەشی چوارەم

## ئایا کەی بێ ئومێد بووم؟

بەڕێز تشمبرلین هاتبووە باشووری ئەفریقیا بۆ وەرگرتنی خەڵاتە سی و پێنج ملیۆنییەکەی، تا ئینگلیز و بویرەکانیش رازی بکات، بایەخی بەداواکانی وەفدە هیندییەکەی نەدا. بەڕێز تشمبرلین بەئەندامانی وەفدەکەی وتبوو:

دەزانن کەوا حکوومەتی ئیمپراتۆرییەت لەسەر ژێردەستەکان، ئەوانەی ئۆتۆنۆمییان هەیە دەسەڵاتێکی سنووردارییان هەیە، بەڵام دیارە کەوا سکاڵانامەکەت راستییەکی تێدایە، بیریش لەوە دەکەمەوە بزانم دەتوانم بۆ ئەو رەوشانە چارەیەکتان دابنێم، بەڵام دەبێ ئەوروپییەکان باش رازی بکەن ئەگەر دەتانەوێ لەناویاندا بژین.

پەیڤەکەی ئەو لەسەر ئەندامانی وەفدەکە گران بوو، منیش نائومێد بووم، بۆیە دەبوایە سەرلەنوێ ئیش بکەینەوە، بۆیەش من رەوشەکەم بۆ هاوڕێیەکانم شرۆڤە کرد.

قسەکانی ئەو هیچ لەنگییەکی تێدا نەبوو، هەر هیچ نەبێت ئەو راستی درکاند، بەشێوەیەکی بەڕێزەوە قسەکانی کرد، چونکە بەردەوام هێز وشە و رامانی خۆی دەچەسپێنێت، کە بەیاسای شیر دەناسرێت.

لەبەرئەوەی ئێمە شیرمان نەبوو، هەروەها ئەو هێزەشمان نەبوو بەرگەی زەبری شیرەکانیش بگرین. ئەو لە ناتالەوە دەچووە ترانسفال، دەبوایە من بۆ هیندییەکانی ئەوێندەرێش پەیامێك ساز بکەم، بەڵام من چۆن بگەمە بریتوریا؟ رەوشی هیندییەکان ئەوەندە لەبار نەبوو، تا لەڕووی یاساییەوە ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەوەی من لەکاتی دیاریکراودا بگەمە شوێنەکە. پاش شەڕەکە ترانسفال ببووە بیابانێکی چۆڵ و خواردن و کەلوپەلیشی تێدا نەمابوو،

بواریش نەدەدرایە خەڵکەکە هەتا هەموو پێداویستییەکان دابین نەکرێت خەڵکەکە بگەڕێتەوە. دیارە گەڕانەوەش مۆڵەتی دەویست، بەڵام ئەو مۆڵەت وەرگرتنە بۆ ئەوروپییەکان نەبوو، بەڵام هیندییەکان بێ مۆڵەت بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە.

سەرباز و ئەفسەرێکی زۆر لە هیند و سیلان لەکاتی شەڕەکە هاتنە باشووری ئەفریقیا، دەسەڵاتدارانیش شوێنیان بۆ دەکردنەوە، چونکە پێویستیان بەئەفسەری نوێ هەبوو، ئەوانەش کەسانی شارەزا و بەئەزموون بوون. بۆ رەشپێستەکانیش ئیدارەیەکی تایبەت هەبوو، باشە بۆچی ئاسیاییەکانیش کارگێڕییەکی تایبەتییان نەبێت؟

کە من گەیشتمە ترانسفال ئیدارە نوێیەکە دانرا، ئەفسەرەکان فەرمانی گەڕانەوەی ئاوارەکانیان دەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ئیدارەیە پارەیان نەبوو، بۆیەش کارەکانیان باش نەبوو.

هیندییەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتەکە چەند رۆژێك چاوەڕوان دەبوون، ئینجا ئەو ئیشەش بەرتیلی لێ پەیدابوو، بۆیەش هەژارەکان لەو ناوەدا زیانمەند ببوون. بۆ هەندێکیان نزیکەی سەد پاوەندی دەویست. من بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای هاوڕێیەکەم بەڕێوەبەری پۆلیسی دربان، پێم وت: داوا دەکەم من ببەیتە لای ئەفسەرە بەرپرسەکە تا مۆڵەتێکم بۆ بکات. خۆت دەزانیت من لە ترانسفال ژیاوم. ئەویش یەکسەر خۆی سازکرد و چووینە لای ئەفسەرەکە و مۆڵەتەکەم دەستکەوت. ئینجا ئەوەم مابوو کاتی ترێنەکە بزانم تا بەڕێ بکەوم.

کە گەیشتمە بریتوریا پەیامەکەم نووسی. لە دربان کەس داوای ئەوەی لێ نەکردین ناوی نوێنەرە هیندییەکانیان بۆ بنووسین، بەڵام لەوێ داوای ئەوەیان کرد، هیندییەکانیش دەیانزانی کەوا ئەفسەرەکە بۆچی داوای ئەو لیستە دەکەن.

## زۆردارەکانی ئەسیا

ئەفسەرەکانی ترانسفال بەگەیشتنی من سەرسام ببوون، نەیاندەزانی من چۆن مۆڵەتی هاتنم وەرگرتووە. لە چەندین کەسانی هیندیان پرسی هیچیان دەست نەکەوت. ئەگەر من بی مۆڵەت چووبوومەتە ترانسفال ئەوە بێگومان سزاکەی زیندان بوو. لەپاش کۆتایی شەڕە گەورەکان گرتن زۆر ئاساییە. رەوشەکەی ترانسفالش وابوو، دەسەڵاتی گرتنیان هەبوو. گرتنی من لەو رۆژانە جێگەی رامان بوو، بەڵام کەسیان جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد داوای مۆڵەتەکەم لێ بکەن. ئەفسەرەکە بروسکەیەکی ناردبووە دربان تا بزانێت من چۆن مۆڵەتم وەرگرتووە، بەڵام بۆیان روونەبێتەوە کەوا من بەفەرمی هاتووم. لەوەیان ئومێدیان نەما، بەڵام کۆششیان دەکرد من تشمبرلن نەبینیم.

کارگێڕییەکە داوای لە رەوەندەکە کردبوو، ناوی ئەندامانی وەفدەکەی بدەنێ. مەلەوەنەکان (رەنگپێستەکان) لەو وڵاتە زۆر دەچەوسێندرانەوە، بەڵام ئیدارەکە دەیویست لەگەڵ میللەت بەنەرمی هەڵسوکەوت بکات، بۆیەش بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ هیندییەکانیش نەرم بوون. کە ئەفسەرەکانی ئاسیایی گەیشتبوونە ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆیاندا زۆردارییان هێنابوو، چونکە لەو وڵاتە جۆرێک لە بەرپرسیاریەتی و دیموکراسییەت هەبوو، بەڵام ئەو ئەفسەرانە رەفتاری توندکارانەیان دەکرد، لەسەر ئەوانەش هێزێکی بێگانەش بەرپرس بوو کە ئەوروپییەکان بوون. ئەوانەی وەك کۆچبەری ئاکنجی هاتبوون و ببوونە هاوڵاتی ئاسایی و دەسەڵاتی کارگێڕییەکانیان وەرگرتبوو.

بەرپرسە ئیدارییەکە لە بەڕێز تەیب حاجی خان مەحمود دەپرسێت کەوا من بۆچی هاتوومەتە باشووری ئەفریقیا. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ئێمە خۆمان داوای هاتنی غاندی_مان کردووە، ئەو راوێژکارمانە.

ئەویش دەڵێت: باشە ئەدی ئێمە لێرە کار و ئیشمان چییە؟ ئێمە بۆ پارێزگاری ئێوە لێرە دانەندراوین؟ کەسێکی وەك ئەو چ لە رەوشی ئێرە دەزانێت؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بێگومان ئێوە پارێزگارییمان دەکەن، بەڵام غاندنی لە نەتەوەی خۆمانە و زمانمان دەزانێت و باشتر تێمان دەگات، ئێوەش تەنها فەرمانبەرێکن و بەس. بەرپرسەکە بەحاجی وتبوو، باشە بانگی بکەنە لای من.

منیش لەگەڵ بەڕێز تەیب چوومە لای. ئەو فەرمووی دانیشتنی لێ نەکردین، هەمووومان بەپێیان لەبەردەمی ئەو وەستاین، ئینجا وتی: کێ تۆی هێناوەتە ئێرە؟

منیش وتم: من بۆ راوێژکاری خەڵکەکە هاتووم.

ئەویش وتی: دەزانیت تۆ مافی ئەوەی نییە بێیتە ئێرە؟ ئەو مۆڵەتی بۆت دەرچووە بەهەڵە کراوە، من تۆ وەك هیندییەکی نیشتەجێ ناناسم، دەبێت بگەڕێیتەوە. تۆش ناتوانیت بەڕێز تشمبرلن ببینیت، ئەو ئیدارە ئاسیاییەش بۆ خزمەتکردن دانراوە، بۆیە دەکرێ تۆ بچیتە دەرەوە. ئیتر منی بەو شێوەیە دەرکرد و بواری نەدا وەڵامی بدەمەوە. ئەو هاوڕێیەکانی منی گێڕایەوە و هەڕەشەی لێ کردبوون، پێی وتبوون من دووربکەنەوە، بۆیە هاوڕێیەکانم بەخەمگینیەوە گەڕانەوە، ئیتر کەوتینە رەوشێکی وا بەهیچ جۆرێك حیسابمان بۆی نەکردبوو.

## چاوپۆشین لە ریسواکارییەکان

بەو ریسواییە زۆر هەستم بەدڵتەنگی کرد، بەڵام چاوپۆشیمان لێ کرد، چونکە لەو ریسوابوونییانە راهاتبوین، بۆیە خۆم ئارام کردەوە، نامەیەکم لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی ئاسیایی پێگەیشت کەوا ناوی من لە ئەندامانی ئەو وەفدەی دیمانەی تشمبرلن دەبینن دەردەهێنن. بیانووشیان ئەوەبوو کەوا لە دیمانەکەی دربان لەگەڵدا بووم، هاورێییەکانم ئەوەیان پێ قبوولٚ نەدەکرا، بۆیە ویستیان دەست لە وەفدەکە هەڵبگرن، بەڵام من رەوشی ئاڵۆزی رەوەندەکەم بۆ شرۆڤە کردن.

من پێم وتن: ئەگەر دۆزەکەتان لەبەردەم تشبرلن نمایش نەکەن، خەڵکەکەش وا تێدەگەن کەوا دۆزەکەتان هیچ بنچینەیەکی نییە. بەهەرحاڵ دەبێ سکاڵانامەکەتان دەستنووس بێت، بۆیەش ئامادەمان کردووە، ئینجا من بیخوێنمەوە یان یەکێکی تر بیخوێنێتەوە. من دەڵێم با چاو لەو ریسوایەش بپۆشین. هێشتا من قسەکانم تەواو نەکردبوو کە بەڕێز تەیب دەنگی هەڵبڕی و وتی: ریسواکردنی تۆ ریسواکردنی هەموو رەوەندەکەیە، ئەدی تۆ نوێنەرمان نەبوویت؟

منیش وتم: راست دەکەیت. دەبێ رەوەندەکەش هەموویان ئەو ریسواییانە لەبیر بکەن، چونکە ئێمە بژاری ترمان نییە.

ئینجا بەڕێز تەیب وتی: بۆچی چاو لەو ریسواییە بپۆشین؟ ناکرێ رۆژ بەرۆژ رەوشمان ئاڵۆزتر بێت، چیمان هەیە لە دەست بدەین، بۆ هیچ نەکەین؟

وەڵامەکەی بەڕێز تەیب ئازایانە بوو، بەڵام سوودی چییە؟ من سنووری ڕەوەندەکەم باش دەزانی، بۆیەش هاوڕێییەکانم ئارام کردەوە. من بەڕێز جۆرج جودفرییم لەجیاتی خۆم بۆ وەفدەکەیان دەستنیشان کرد، ئەویش پارێزەرێکی هیندی بوو.

وەفدەکە تشمبرلینیان دیبوو، ئەو ویستبووی تووڕەییەکەی ئەوان سارد بکاتەوە، سەبارەت بەمەسەلەی دەرکردنی من لەناو وەفدەکە، ئەو وتبووی: باشتر نییە من گوێم لە ڕامانی ئەندامێکی نوێ بێت، لەوەی هەمان کەسی جاری پێشوو دووبارە هەمان قسەم بۆ بکاتەوە؟

برادەرەکانم وتیان، ئێمە لەسەر پێشنیاری تۆ بەشداری شەڕەکەشمان کرد، وا بەچاوی خۆت دەبینیت چیمان لێ دەکەن و چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن. بەڵام من بەو ئاگادارکردنەوەیە تێکنەچووم و کاریگەری لەسەر مندا نەبوو. منیش لە وەڵامدا وتم: من لەوەیان پەشیمان نیم، من بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە بەشداری شەڕەکەمان کرد، زۆر ڕاست بووین، من بڕوام وایە کاری چاکە دەرئەنجامەکەی باشی لێ دەکەوێتەوە، با ڕابردوو لەبیر بکەینەوە و بکەوێتە پشتمان و چاو لە بەرنامەی ئاییندەمان ببڕین. ئەوەش بوو کە هەمووانی ڕازی کرد. من ڕاشکاوانە قسەتان لەگەڵ دەکەم، ئەو چالاکییەی من بۆی هاتبووم تەواو بوو، بەڵام من بڕیارم دا لێرە نەڕۆم، لە ترانسفال دوورناکەومەوە، ئەگەر ئێوەش بواری ڕۆیشتنم بدەن و بمگێڕنەوە، ئەوا من خۆم ناڕۆمەوە، لەجیاتی ئەوەی چالاکییەکانم لە ناتالدا بکەم، وا لێرەوە دەست پێدەکەمەوە، هەتا ساڵێك بیر لە گەڕانەوەم بۆ هیند ناکەمەوە، دەبێ من خۆم لە دادگای ترنسفال ناونووس بکەم، من توانای ئەوەندەم هەیە لەگەڵ کارگێڕی ئێرە بەرگە بگرم، ئەگەر ئەوە نەکەین، هەموو ڕەوەندەکە لەو وڵاتە دەردەپەڕێنن، هەمووی تاڵان دەکەن، بەردەوام و ڕۆژانە بەشێوازی نوێ ڕیسوامان دەکەن، کە بەڕێز تشمبرلن

قبووڵی دیمانەی نەکردووە، کە بەرپرسەکە منی ریسوا کرد، واتە ئەو ریسوای هەموو رەوەندەکەی کردووە، موستەحیلە ژیانی وەك سەگ لێرە قبووڵ بکەین، رۆژێکیش دێت ئێمەش بەئاسوودە بژین.

من هاورێیەکانم هاندەدا زۆرتر کارکەر بن، لەگەڵ هیندییەکانی بریتوریا و جۆهانسبێرگ قسەم دەکرد، دەرئەنجام بڕیارم دا لە جۆهانسبێرگ نووسینگەیەك بکەمەوە.

سەندیکای پارێزەران و دادگاش منیان وەرگرت، بەڵام بۆ پارێزەرێکی هیندی ئاسان نەبوو لە شوێنێکی گونجاو نووسینگەیەك بکاتەوە. من پەیوەندییم بەبەڕێز ریتش کە یەکێك بوو لە بازرگانەکان لە جۆهانسبێرگ باش بوو. ئیتر بەکۆششی هەموولایەك نووسینگەکەم لە سەنتەرەکەی پارێزەران کردەوە و دەستم بەکارە پیشەییەکەی خۆم کردەوە.

## رۆحی فیداکاری چالاک

بەرلەوەی باش لە رەوشی خەباتی خۆم بۆ دەستەبەرکردنی مافی هیندییەکان لە ترانسفالدا و هەڵسوکەوتم لەگەڵ کارگێڕی ئاسیاییەکە باس بکەم، با هەندێ لایەنی تری ژیانم بگێڕمەوە.

نوێنەرێکی کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەمریکی هاتنە شوقەکەم لە بۆمبایدا. ئەو بەزمانێکی شیرین قسەی دەکرد، باسی دواڕۆژی بۆ دەکردم، ئەو وتی: ئەوانەی وەك تۆن لە ئەمریکا ژیانی خۆیان دابین دەکەن. تۆ بۆچی بۆ ژیانی داهاتووت و لەبەر مەترسییەکانی ئەو کاروانە خۆت دابین ناکەیت؟ لەو ژیانەدا هیچ راستەقینەییەکی دڵنیا بوونی نییە. ئێمە لە ئەمریکا دڵنیاکردنەوە بەمەرجێکی ئایینی دەزانین. من دەمەوێ تۆ رایی بکەین پسوولەیەکی گچکەی دابینکردن وەربگریت. من تا ئەو دەمانەش پشتم لە نوێنەرەکانی دڵنیایی لە هیند و لە باشووری ئەفریقیا دەکرد، چونکە وامدەزانی دابینکردن لەسەر ژیان لاوازی و ترس و سستی بڕوابوونە بەخودا، بەڵام بەئیغرای نوێنەرە ئەمریکییەکە هۆشدار بووم، کە ئەو قسەی بۆ دەکردم وێنەی ژن و منداڵەکانم دەهاتە بەرچاو، بۆیە لەبەر خۆمەوە وتم:

تۆ هەموو خشڵەکانی هاوسەرەکەت فرۆشت، باشە ئەگەر تۆ کارەساتێکت بەسەردا هات، چارەنووسی ئەوان چ دەبێت؟ ئەوانیش دەکەونە سەر ئەستۆی برا هەژارەکەت کە ماوەیەکی زۆرە بەبەخشندەییەوە لە شوێنی باوکت ئەرکی تۆ دەکێشێت. باشە چۆن گەیشتە ئەو چارەسەرییە؟ دەرئەنجامی ئەو رامانە و

زۆرتر بیرکردنەوە بەو ئاراستەیە بۆندیکی دڵنیاییم بەگوژمەی سەد هەزار رووپیە ئیمزا کرد.

کە شێوازی ژیانم لە باشووری ئەفریقیادا گۆڕا، منیش نیگاکانم بەرەو ئایندەش گۆڕانی بەسەردا هات. هەموو ئەو هەنگاوانەی لە کاتی تەنگانەدا پەیڕەو دەکەم بۆ خزمەتی خوداکەم بوو. من نەمدەزانی ماوەی چەند لەو وڵاتەدا دەمینێمەوە. ترسی ئەوەشم هەبوو جارێکی تر هەر نەگەڕێمەوە هیند، بۆیە بڕیارم دا ژن و منداڵەکانیشم بێنم لەگەڵ مندا بژین، ئەوەی دەستم دەکەوێت بەشی ژیانی ئەوانیش دەکات، بۆیەش ئەفسووسی ئەوەشم دەخوارد کەوا کاتی خۆی من بەخۆڕایی تەئمینەکەشم کردبوو، شەرمیشم لە خۆم دەکرد کە من بوومە قوربانی کەسانی زۆرزانی وەك پەیامنێرەکانی ئەو دەزگایە. لەگەڵ خۆمدا وتم: خۆ ئەگەر براکەم پاش نەمانی من بەخێویان بکات، دیارە کەوا خەرجییان لێ ناکات و ئەرکەکەی سووکتر دەبێت. باشە من بۆچی بیر لەوە دەکەمەوە کەوا من پێش ئەوان دەمرم؟ پارێزەری حەقیش نە منم، نە براکەشمە، پارێزکارەکانی هەموانیش تەنها خودایە. یان من کە بەڵگەنامەکەی تەئمینم وەرگرت ژن و منداڵەکانم لە خۆژیاندن و ئیعتمادکردن لەسەر خۆیان بێ بەش کرد. باشە من چۆن بزانم ئەوانە دەتوانن ئیعتیماد لەسەر خۆیان بکەن؟ باشە ئەو خەڵکە هەژارەی ئەو دونیایە چ بکەن؟ باشە بۆ منیش خۆم وەك ئەو هەژارانە حیساب نەکەم؟

جۆرەها هزر و رامان لە مێشکمدا گوزەری دەکرد، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی خێرام نەبوو. ئەوەش هەبوو، خۆ من تەنها یەك قیستم لە باشووری ئەفریقیا لە قیستەکانی تەئمینەکە دابوو.

لەکاتی مانەوە کاتییەکەم لە جاری یەکەم لە باشووری ئەفریقیا و بەهۆی پەیوەندییەکانم بەهاوڕێیە کریستیانەکان هەستێکی ئایینی لە ناخمدا هەبوو،

بەڵام باندۆرە سۆفییزمییەکە ئەو هەستی لا بەهێز کردبووم. بەڕێز ریتش کەسێکی پیوسۆفییزم بوو، بۆیەش بەکاریگەری ئەو پەیوەندییم بەکۆمەڵەی سۆفییزمەوە لە جۆهانسبێرگدا کردبوو. لەگەڵ بوونی رامانی زۆریش لەسەریان بوومە ئەندامی کۆمەڵەکەیان، بۆیەش دۆستایەتیم لەگەڵ زۆریان پەیداکردبوو. رۆژانەش دانوستانی ئایینیمان دەبوو، بابەتە پیوسۆفییزمەکانمان بۆ یەکتری دەخوێندەوە، منیش هەندێجار لە کۆبوونەوەکاندا وتارم پێشکەش دەکرد. هزری سەرەکی ئەوەش پتەوکردنی هزری برایی و پتەوتر کردبوو. زۆریش دانوستانمان لەسەر ئەو رامانە دەکرد، کە ئەندامان لەو بەرنامەیان لادەدا من رەخنەم دەگرت، هەروەها رەخنەکان باندۆری لەسەر خۆم هەبوو، بۆیە بەسەر هزر و هەستەکانمدا دەچوومەوە.

## ئەنجامی تەئمل لە خود

کە من لە ساڵی ١٨٩٣ بۆ یەکەمین جار دۆستایەتییم بەهاوڕێیە کریستیانەکان کردبوو، هێشتا باش پێ نەگەیشتبووم، دەیانویست رایم بکەن ببمە کریستیان. ئەو دەمانە گوێگرێکی سادەی گوێڕاڵییەکی بەڕێزی ئاوەز کراوە بووم. منیش ئایینی هیندۆسم دەخوێندەوە تا لە ئایینەکان تێ بگەم.

لە ساڵی ١٩٠٣ رەوشەکە گۆڕا. پیودسوفییزمەکان وەك کەسێکی هیندۆسی دەیانویست من بۆ خۆیان رابکێشن. ئەدەبەکەیان کاریگەری زۆری هیندۆسی پێوە بوو، بۆیەش ئەوان وایاندەزانی دەتوانن سوودم لێ وەربگرن، من وتبووم زمانە سنسکریتیەکەم باش نییە و زۆریش دەقەکانی هیندۆسم نەخوێندێتەوە، هەندێك برگەی کتێبی راجا یوجام لەگەڵ هەندێ برادەران خوێندەوە، ژمارەیەکی تری کتێبی ئایینم خوێندەوە. بەڕاستیش من بڕوام بەجیتا هەبوو، دەمویست دێڕ بەدێڕ نووسینەکانی لەبەر بکەم، بۆیەش کاتی باشم بەیانییان دابوو بۆ خۆشووشتن. خۆشووشتنەکان ماوەی سی و پێنج دەقەی دەویست. پازدە دەقە ددانم دەشووشت، بیست دەقەکەی تریش بۆ خۆشووشتنم بوو. وەك خۆرئاواییەکانم لێ هاتبوو بەپێوە ددانم دەشووشت. تا چاپوك بم چەند برگەیەکم لە نووسینی جیتا بەدیوارەکەی بەردەمم هەڵواسیبوو، بەوەیان توانیم سێزدە بەش بەبیر خۆم بێنمەوە، دوایی وازم لە جیتا هێنا و سەرقاڵی دامەزراندنی ساتیاجراها بووم. ئەوەش زۆرترین کاتەکانی منی دەبرد، کە هەتا ئێستاش منی سەرقاڵ کردووە.

ئیتر جیتا ببووە بەشێك لە رێنماییەکانی هەڵسوکەوتی خۆم و هاوڕێیەکانم، هەر ئەوەش ببووە سەرچاوەی بەردەوامی چارەسەرکردنی کێشەکانم، بۆیەش

بۆ تێگەیشتن لە هەندێ لە زاراوەکانم پەنام دەبردە بەر فەرهەنگی ئینگلیزی. لەو دەمانەش وشەکانی یەکسانی و نەفرەتکردنی موڵکیەتی تایبەت سەرەنجی ڕاکێشام، بەڵام من چۆن ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانە ئاشنا بکەم کە بەجنێودان مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن. ئایا من واز لە هەموو شتەکان بهێنم و کتێبەکانم بفەوتێنم و، ژن و منداڵەکانم موڵکی خۆم نین. ئەوانە هەموو وەلابنێم و روو تەنها لە خودا بکەم؟ لەناکاو وەڵامێکم وەرگرتەوە: ناکرێ بۆ پەیڕەوکردنی خودا واز لە هەموو ئەو شتانە بهێنم کە موڵکی خۆمن، خوێندنی یاسای ئینگلیزی یارمەتی دەربازبوونی کردم، ئەوەم بەبیر هاتەوە کەوا چۆن سنیل بنچینەکانی یەکسانی داڕشتووە، لە ڕێنماییەکانی جیتا مانای وشەی سەرپەرشتارم بەبیرهاتەوە، بۆیە ڕێزی زۆرم بۆ فەلسەفەی یاسادانان دانا، ئەوانەم لە ناخی ئاییندا دۆزییەوە. ئیتر لەڕاستی مانای نەفرەتکردنی موڵکیەتی تایبەتی تێگەیشتم کە جیتا باسی کردووە. ئەوەشم بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا ئەوەی نەفرەت لە موڵکدارییەت و یەکسانییەکان بکات دەبێ دڵ و ئاکاری بگۆڕێت. نامەیەکم بۆ ریفاشانکار نووسی بۆندەکەی تەئمینم هەڵوەشێنێتەوە، کۆشش بکات هەندێ لە پارەکانم بۆ بگێڕێتەوە و من پارەکەی تریش بەدۆڕاو دەزانم. ئیتر راییبوونم بەخودا لا دروست بوو، ئەوەی هاوسەر و منداڵەکانی وەک من دروست کردووە، هەر ئەویش دەتوانێت ئەوانیش بژێنێت. نامەیەکم بۆ براکەم نووسی کە لە شوێنی باوکم بوو، بۆم نووسی من لە هەموو پاشکەوتەکانم خۆش دەبم، هیچ رەچاوی پارەش لە من نەکات، چونکە من هەموو سامانەکەم دەخەمە خزمەتی رەوەندە هیندییەکان.

بەئاسانی نەمتوانی براکەم بەو رامانە رازی بکەم. ئەو بەشێوەیەکی توند ئەرکەکانی منی بەرامبەر خۆی باس کردبوو. ئەو نووسیبووی من هەرگیز چاوم لەوە نییە من لە باوکم داناتر بم. دەبێ منیش وەک باوکم خێزانەکەم بەخێو

بکەم. منیش بۆم نووسی کەوا وەك ئەو دەکەم، باوکم چی کردبوو منیش وا دەکەم، بەڵام تاکە جیاوازییەکەش لەو روانگە ئەوەیە، کەوا بازنەی وشەکەی خێزان فراوانتر دەکەم تا دروستی و راستی کارەکەم دەردەکەوێت.
براکەم چیتر نامەی بۆ نەنووسیم دەستی لە من بەردا. هەستم بەدڵتەنگی کردبوو، بەڵام من زۆرتر هەستم بەو دڵتەنگییە دەکرد، ئەگەر من واز لەو شتە بهێنم کە من بەئەرکی خۆمی دەزانم، بۆیە لایەنە نەرم و ئاسانەکەم هەڵبژارد.
ئەو رووداوەش دڵسۆزی منی بۆ براکەم کەم نەکردەوە. ئەو بەمنەوە زۆر ماندوو ببوو، هەرگیز ئەو پێویستی بەپارەی من نەبوو، بەڵام لە دوارۆژەکانی ژیانییدا براکەم لە هەڵوێستەکەم تێدەگات. کە لەسەر مردن بوو تێگەیشتبوو کەوا شێوازەکەی من راست بوو، بۆیە نامەیەکی خەمگینی بۆم نووسیبوو، وەك چۆن کوڕ داوای لێبووردنی لە باوکی بکات. ئەو داوای کردبوو من وەك چۆن خۆی بەراستی زانیوە بەو شێوەیە منداڵەکانی ئەو بەخێو بکەم. پەرۆشی زۆریشی بۆ دیتنم هەبوو. ئەو بروسکەیەکی نووسیبوو کەوا حەز دەکات بۆ سەردانم بێتە باشووری ئەفریقیا. منیش رەزامەندییم بۆی نووسی، بەڵام قەدەر بواری ئەو گەشتەی نەدا. منداڵەکانیشی لە هەمان رەوشە تەقلیدییەکە پەروەردە ببوون، ئەوان نەیانتوانی کاروانی ژیانی خۆیان بگۆڕن، ئەوان هەڵە نەبوون، بەڵام من نەمتوانی بۆ خۆمیان رابکێشم. کێ دەتوانێت سروشتەکە بگۆڕێت؟ کێ دەتوانێت هزرەکان بسڕێتەوە؟ کەس ناتوانێت وا بکات منداڵەکانی خۆی پەیڕەوی بەرنامەکانی ئەو بکەن.
رەنگە ئەو بەسەرهاتە قەبارەی بەرپرسیاریەتی دایکوباوکەکان بەرامبەر بەمنداڵەکان بێت.

## قوربانیدان لە پێناوی ڤیگاتیریدا

لە جۆهانسبێرگ ڕێستورانتێك بۆ خواردەمەنی ڕووەكی هەبوو، خاوەنەكەی ئەڵمان بوو. بڕوای لەسەر شێوازی كوون بۆ چارەسەرییەكان هەبوو. چەند هاوڕێیەكی ئینگلیز منیان بردە ئەو ڕێستورانتە، بەڵام خاوەنەكەی لەبەر كێشە داراییەكەی نەیدەتوانی بەردەوام بێت. ئەو یارمەتییەی پێویستی بوو من پێشكەشم كرد، هەندێ پارەم بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی تەرخان كردبوو، بەڵام دەرئەنجام هەر داخرا.

زۆربەی پیوسۆفیزییمەكان ڤیگاتیری بوون، ژنێك لەوانە ڕێستورانتێكی گەورەی دانا، ژنەكە پێویستی بەپارە هەبوو، من لە پارەی یەكێك لە موەكیلەكانم بەرەزامەندی خۆی بڕێكم بۆ سەركەوتنی بەرنامەكەی پێشكەش كرد، ئەو كاتی خۆی وەك كرێكارێكی بەقەرز بۆندی كاركردنی كردبوو، ئەو لە وەڵامی داواكەی مندا وتی: تۆ دەتوانیت پارەی من بەئارەزووی خۆت دابەش بكەیت. من سەرم لەو ئیشانە دەرناچێت، لە تۆش زیاتر كەسی تر ناناسم. هەر ئەویش پاشان لە بزاڤی ساتیاجراها بەشداری كرد.

پاش تێپەڕبوونی دوو سێ مانگ تێگەیشتم كەوا ئەو ناتوانێت پارەكەمان بداتەوە، بۆیەش ئەوەیان منی لە بەرامبەر بەڕێز بادری كە پارەكەی لەبن دەستی من دانابوو شەرمەزار دەبووم، بۆیە یەكێك لە موەكیلەكانم بەتوندییەوە لەسەر ئەو قەرزدانە منی سەركۆنە كرد. باش بوو ئەو دەمانە نازناوی مهاتمام نەبوو، یان هێشتا بەباوكیش ناوم نەدەهات. برادەرەكانم وەك خۆشەویستییەك بەناوی براكەم بانگیان دەكردم. لەو ڕەوشەدا ئەو موەكیلە بەمنی وت:

نەدەکرا تۆ ئەو ئیشە بکەیت، ئێمە هەموومان بڕوامان بەتۆ هەبوو، ئێستاش ناتوانیت ئەو پارەیە وەربگریتەوە. من دەزانم تا بەڕێز بادری تووڕە نەکەیت پارەی خۆتی بۆ دەژمێریت، ئەگەر بەو جۆرە بەپارەی خەڵکەکە بەرنامە چاکسازییەکان بکەیت، ئەوا هەمووومان بەئیفلاسکردن دەدەیت، زۆریش نابات خۆت دەست پان دەکەیتەوە و دەبیتە دەرۆزەکەر. بەو ئەزموونە تاڵە و بەو زیانەی لە پارەکەی بادری لێم کەوت، فێربووم خۆم نەخەمە ناو داوی قەرز و خەرجکردنی پارەی خەڵکەکە، دەبێ خەڵك هەتا لە بەرنامە چاکسازییەکانیش سنووری خۆی بزانێت. بەوەش من سەرپێچی ڕێنماییەکانی جیتام کردەوە.

## ئەزموونەكان بۆ چارەسەركردن بەقووڕ و بەئاو

هەرچەند ژیانم ئاسان و سادە دەبوو، من کەمتر دەرمانم بەکاردەهێنا. جارێك ڕۆماتیزمم هەبوو، دکتۆر هەندێ دەرمانێ بۆم نووسی، بەوەیان چاکبوومەوە، هەتا گەڕامەوە هیند چیتر پێویستم بەدەرمان و دکتۆر نەما. ئەو ماوەیەی لە جۆهانسبێرگ بووم هەستم دەکرد ڕەوان نیم و ژانەسەرم هەیە. لەوەیان بەچارەسەری خۆراکی چارەی خۆم دەکرد. لەو دەمانەش بوو کە زانیم کۆمەڵەیەك دامەزراوە بەناوی کۆمەڵەیەك نا بۆ تاشتێ لە مانشستر. ئەوانە وادەزانن کە ئینگلیزەکان زۆرتر دەخۆن، هەتا نیوەی شەوان هەر دەخۆن، بۆیە زۆرتر پێویستیان بەدەرمان دەبێت. منیش ڕۆژانە سێ ژەمی خۆشی ڕووەکی بێ بەهاراتم دەخوارد، بۆیە بیرم لەوە کردەوە ڕەنگە ئەگەر من نانی بەیانیان نەخۆم، ژانەسەرم سووك دەبێت. ئینجا ئەوەم تاقیکردەوە، هەستم دەکرد باشتر دەبم، بەڵام ئەو بەرنامە نوێیەی خواردنەکەم قەبزییەکەی چاك نەکردم. ئینجا گەرماوە نیوەییەکەی دکتۆر کوونم بەکارهێنا، ئەوەش تەنها ژانەکەمی کەم کردەوە، بەڵام چاك نەبوومەوە. ئیتر لەو دەمانە هاوڕێیە ئەڵمانییەکەم ئەوەی ڕێستورانتە ڕووەکییەکەی هەبوو، کتێبێکی ئادولف جاستی بەناوی گەڕانەوە بۆ سروشتی دامێ، لەوێ چارەسەری بەقووڕم تێدا خوێندەوە، لەوێش باسی میوە و چەرەزاتی کردبوو، بەڵام فێری کردم کەوا جۆرە قووڕێکی نەرم لەگەڵ قوماشی کەتانی نەرم وەك کەمادە بۆ ژانەسك باشە. ئەوەش شەوانە لەسەر سکم دەمایەوە و تا کاتی لە خەو هەڵسانم. ئیتر لەو ڕۆژەوە بۆ خۆم و هاوڕێیەکانم ئەو قووڕە بۆ ژانەسك بەکاردەهێنم و پەشیمانیش نیم لەو دەرمانە.

هەر دەمێك بوارم هەبێت ئەوەم بەكارهێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی من كەم لە یەك شوێندا ماومەتەوە، بۆیە نەدەكرا زووتر ئەو ئەزموونە لە هیندیش تاقی بكەمەوە.

من دوو جار نەخۆشی ترسناكم گرتووە، بەڵام بڕوام وایە كەوا مرۆڤ دەتوانێت بەبێ دەرمان چارەسەری خۆی بكات، لە هەزار جار ئەگەر یەك جار نەبێت، ئەگینا خواردنی رووەكی بەسیستەم و قووڕ بەكارهێنان و چەندین چارەسەری دەستی باشترین دەرمانن. حەكیمە هیندییەكانی شارەزا لە تەندروستی هیندی و دەرمانە رووەكییەكان نەك نەخۆشییەكان چارەسەر دەكات، بەڵكو جەستەش پتەو دەكات.

من سوپاسی خوداش دەكەم كە نەخۆشی دەكردم تا ئەو دەرمانانە تاقی بكەمەوە. خۆشم بەرپرسم لە نەخۆشكەوتنەكانم. نامەوێ خوێندەوارەكانم وا بزانن هەموو ناوەڕۆكی كتێبەكەی جاست راستە، چونكە لەو كتێبەدا نووسەرەكە لایەنێكی بابەتەكانی باس كردووە، چونكە بابەتەكان نەك یەك لایەنە، بەڵكو لایەنی كەم حەوت لایەنیان هەیە، زۆریش لە نووسەرەكان بۆ سوودی خۆیان لە پارە و ناوبانگییدا جۆرەها بابەت دەنووسن، بۆیە دەبێ خوێنەرەكان بزانن كام بابەت هەڵدەبژێرن. بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەزموونەش وا چاكە پرس بەشارەزاكانیش بكەن. كتێبەكانیش بەسەبری و لەسەرخۆ و زۆر ورد بخوێننەوە، ئینجا پەیڕەوی ناوەڕۆكەكەی بكەن.

## ئاگادارکردنەوە

چیتر باسی ئەزموونەکانی سەر خواردەمەنییەکانم ناکەم، چونکە بەدرێژیی لە کۆمەڵە وتارێك کە لە رۆژنامەی بۆچوونی هیندی بەزمانی جوجراتی نووسیبووم بڵاوم کردۆتەوە. دواییش لە کتێبێکدا بەناوی کلیلی تەندروستی بڵاوکرایەوە. ئەو کتێبەم وەك کتێبەکانی تریشم بەزمانێکی رۆحانی نووسرابوو، بۆیە خەڵکێکی زۆر کڕیبوویان، بەڵام دڵتەنگم کە ناتوانم بەرجەستەی ئەزموونەکانی بکەمەوە. من راییبوونی تەواوم هەیە کەوا هەموو کەسێك شیرەکەی دایکی بەسیەتی و چیتر پێویستی بەشیری تر نابێت بۆ کامڵبوون، بۆیە مرۆڤ میوە و چەرەزاتی بەسە و بەشی دەکات. ئەو خواردنەش بۆ گەشەکردنی دەمار و شانەکانی هەموو پێویستییەکان دابین دەکات، لەوانە ترێ و بادام. ئەوانەی تەنها ئەو خواردنانە دەخۆن زۆر ئاساییە کە بتوانن پرۆسە سێکسییەکانیان بەدروستی جێبەجێ بکەن. ئەوانە و هەموو کردە سۆزدارییەکانی تریش.

بەداخەوە کە لە هیندا بووم ناچار دەبووم دەستبەرداری هەندێ لە ئەزموونەکانم ببم، کە لە خێیدا بووم، لە هەڵمەتی پەیداکردنی گیانفیداییەکاندا لە ئەنجامی بەدخۆراکییەوە نەخۆش کەوتم، زۆرم نەمابوو بمرم. زۆرم کۆششم دەکرد بێ خواردنی شیر دووبارە ببووژێمەوە، چەندین دکتۆری شارەزا لە زانستی ئورفیدام بینی، تا رێنماییم بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەیەك لەجیاتی خواردنی شیر. ئیتر ئەوانیش چەند ئەلتەرناتیڤیان بۆ دەستنیشانکردم، تا

رایيم بكەن، چەندين فەرموودەی ئايينييان وەك نموونە بۆ خوێندمەوە، تا گومانم لەسەر ئايين و چارەسەری لە نەخۆشی نەهێڵن، بەڵام دياربوو چاك نەدەبوومەوە تا شير نەخۆمەوە، بۆيە وتيان لەجياتی شير دەتوانيت چەڵاوی گۆشتی مانگا بخۆيتەوە.

نەدەكرا من شيری مانگا يان گامێش بخۆمەوە، چونكە من بەڵێنم دابوو. ديارە كەوا بەڵێنەكەم هەموو جۆرە شيرێكی تێدابوو، بەڵام من كاتی خۆی بەڵێنی نەخواردنەوەی شيری مانگا و گامێشم دابوو، بۆيە تا خۆم لە مردن دەرباز بكەم فێڵێكم لە خۆم كرد و لە دەقی ماناكە خۆم دزييەوە و شيری بزنم خواردەوە.

ئەوە باش دەزانم كەوا زۆر كەس دەڵێت، رۆح پەيوەندی بەوە نييە مرۆڤ چ دەخوات يان چ دەخواتەوە، بەبيانووی ئەوەی كەوا رۆح نييە شتەكە دەخوات يان دەخواتەوە، گرينگ نييە مرۆڤ چ دەخوات، بەڵكو گرينگ ئەوەيە لەناوەوەدا گوزارشت چۆن لە جيهانی دەرەوە دەكەيت. گومانيش نييە كەوا ئەو بۆچوونە هەنديك راستی و لۆژيكی تێدايە، جا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو رامانە، من باوەڕی تايبەتی خۆم بەو شێوەيە دەردەبڕم: ئەوەی لە خودا دەترسێت دەيەوێ رووبەڕوو بيبينێت، دەتوانێت كۆنترۆڵی ئارەزووی خواردنيش بكات، ئينجا ئەو خواردنە چەند و چۆنيش بێت، وەك ناوبژێكردن لە بيركردنەوە و لە قسەكردنيش.

كە ئەزموونێكم هەرەسی دەهێنا بەهاوڕێيەكانم رادەگەياند. بەئاگاييەوە هوشياريان دەكەمەوە كەوا خۆيان دوور رابگرن، بۆيە دەتوانم بڵێم ئەوانەی لەبەر رۆشنايی بيردۆزەكەم شير خواردنەوەيان قەدەغەكردووە، دەتوانن ئەزموونەكە رابگرن ئەگەر سوودی هەيە و دكتۆر بۆ تەندروستيان داوای لێكردوون، بەتايبەتی ئەوانەی شارەزان، من بەئەزموونەكانم بۆم روون دەبێتەوە، كەوا ئەوانەی لەبەر بەدهەرس و لەسەر جێگەدا كەوتوون و بێجگە لە

شیر هیچ خواردنی تری سووکیان دەستناکەوێت، با پشت لە ئەزموونەکەم بکەن.

من زۆریش سوپاسگوزار دەبم، ئەگەر کەسانی شارەزا زۆرتر زانیارییم لەو بابەتەوە پێ بڵێن و بەتایبەتی دۆزینەوەی مادەیەکی رووەکی کە هەمان خەسڵەتی شیری هەبێت.

## ململانێی لەسەر دەسەڵات

ئێستاش دەگەڕێمەوە سەر کارگێڕییە ئاسیاییەکە.
جۆهانسبێرگ قەڵاتی ئەفسەرە ئاسیاییەکان بوو. ئیتر ئەو ئەفسەرانە لەجیاتی یارمەتی هیندی و چینی و ئەوانی تر بدەن دەیانچەوساندنەوە. بۆیە شکایەتی زۆرم لەسەریان بۆ دەهات، وەك دەیانوت: ئەوانە بوار نادەن ئەو کەسانەی حەقیان هەیە بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، بەڵام بەسەد پاوەند خەڵکەکە ئاودیو دەکەنەوە، بۆیە داوایان دەکرد ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر بکەم، دەیانوت ئەگەر تۆ بۆمان نەکەیت، کێمان هەیە ئەوەی پێ بکرێت؟ منیش هاوسۆزیان بووم، جا ئەگەر من ئەو کێشەیەم پێ چارەسەر نەکرێت من بۆچی لە ترانسفال دام و مانەوەم سوودی چییە.
بەرپرسی پۆلیسەکە پیاوێکی راستکار بوو، منیش هەموو بەڵگەکانم کۆکردەوە. ئەو باش گوێی لە قسەکانم راگرت، داوای بەڵگەکانی لە من کرد، شاهیدەکانی بینی، راییبوونی باشی بەدۆسیەکە کرد، بەڵام ئەویش ئەوەی باش دەزانی کەوا لە باشووری ئەفریقیادا ئاسان نییە دەستەی سوێندخۆرەکان کە کەسانی سپیپێستن ئیدانەی کەسێکی سپی بکەن بۆ قازانجی مەلەوەن (رەنگپێست)ێك. بەڵام ئەو وتی: باشە با ئیشێکی ترت بۆ بکەین، ناکرێ ئەو تاوانبارانە ترسی دەستەی سوێندخۆرەکانیان لەسەر نەبێت، دەبێ ئەوان بگیرێن. دڵنیابە کەوا من هەموو بوارەکان پەیڕەو دەکەم هەتا تۆڵەیان لێ دەکەمەوە.

من لەوەیان زۆر دڵنیابووم و ئەوەش بەڵگەی تری نەدەویست و ئەوانەی لەبەر دەستمان بوون، دەکرا زۆریان بگیرێن، بەڵام لەبەر بوونی بەڵگەی زۆری دیار و روون لەسەر دوو کەسیان فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچوو.

دیارە کەوا بۆ من نەدەکرا ئەو ئیشانەم بەشاراوەیی بمێنێتەوە، چونکە خەڵکێکی زۆر دەیانزانی کەوا من رۆژانە سەردانی بەرپرسە پۆلیسەکە دەکەم، ئەو ئەفسەرانەی فەرمانی گیرانیان بۆ دەرکرابوو، ئەوانەی جاسووسییان هەبوو، ئەوانەش کەسانی بەئەزموون بوون، بۆیە بەردەوام چاویان لەسەر نووسینگەکەی من دانابوو، هەموو جووڵە و چالاکییەکانی منیان دەگەیاندەوە لای هەردوو ئەفسەرەکە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کەوا ئەو دوو ئەفسەرە ئەوەندە بەدرەوشت و بەدکاربوون، بۆیە کەم کەس هەبوو جاسووسییان بۆ بکات، ئەگەر یارمەتی هیندییەکان و چینییەکان نەبوایە پۆلیسیش بۆی نەدەکرا ئەو دوو ئەفسەرە بگرێت. ئەگەرچی ئەفسەرەکان گیران و تاوانەکانیان لەسەر چەسپا و دادگاش سزای بۆ بڕینەوە، بەڵام دوایی ئازادکران. هەردووکیان لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە و رەوەندە هیندییەکە حەسانەوە، بەڵام من بەئازادکردنیان دڵم شکا و پیشەی پارێزەرییەکەشم لەبەرچاوان کەوت، بەڵام بەدەرکردنیان و دوورخستنەوەیان بۆ من ناوێکی باشی پەیدا کردبوو. پاش ئەو رووداوە منیش ئیشم زۆرتر بوو، ئەوانیش پارەی باشیان بۆ دەمایەوە. ئەگەرچی من هەردوو ئەفسەرەکەم لەسەر کارەکانیان لادابوو، بەڵام رقم بەرامبەریان نەبوو. هاوڕێیەکم هاتە لام و وتی یەکێك لە ئەفسەرەکان لە شارەوانی کارێکی دۆزیوەتەوە، ئەگەر تۆ دژایەتی نەکەیت ئەو دادەمەزرێت. دیارە کەوا من نەك دژایەتیم نەکرد بەڵکو هاوکارییم کرد تا دامەزرێتەوە، بۆیە ئەوانیش بەسەرکەوتوویی کەوتنە سەرکارە نوێیەکانیان.

دەبێ جیاوازیی لەنێوان مرۆڤ و رەوشتەکانی بکەین، ئەگەرچی کردەوەی باش رازیبوون و چاکەی بەدواوەیە و بەدکارییش شەرمەزاری، بۆیەش هەردوو کارەکە باش و بەدکارەکە بەر رەحمەت و بەخشندەیی دەکەون. ئەوەش بەر ئەو رەهەندە رەوشتییە دەکەون کە دەڵێت: رقت لە بەدکاری ببێتەوە نەوەکو لە بکەرەکەی. دیارە کەوا خەڵکێکی کەم پەیڕەوی ئەو رەوشتە دەکەن، بۆیەش ژەهری قین و رق لەو جیهانەدا بڵاوبوویتەوە.

ئاهیمسا بنچینەی گەڕانە بەدوای راسەقینەیی، دیارە کەوا سەودابوون بەدوای راستەقینەییدا هیچ بایەخێکی نابێت ئەگەر ئاهینسا نەکاتە بنچینەی خۆی. هەموومان خەسڵەتی بەدکاریمان هەیە و هەمووشمان دەستکردی یەك خوداین، کەواتە وزە خوداییەکەی ناخمان رەهایە، کە یەکێك کەس ریسوا بکات، واتە توانا خوداییەکەش ریسوا دەکات، ئەوەش زیان تەنها بەو کەسە ناگەینێت و بەس بەڵکو هەموو جیهان زیانی پێدەگات.

## یادگارە پیرۆزەکە و کافرەکان

لە ئەنجامی چەندین رووداوی رۆژانەی ژیانم من تێکەڵاوییم لەگەڵ خەڵکی سەر بەهزر و باوەڕی جیاوازدا هەبووە، لە ئەزموونەکەمەوە دیارە کەوا من جیاوازییم لەنێوان بێگانە و ناسیارەکان نەکردووە، هاووڵاتیانی خۆم یان بێگانەکان، رەشەکان و سپییەکان، هیندۆس و هیندییەکانی تر، ئەوانەی باوەڕیان بەئایینی ترەوە هەیە، وەك موسڵمان و بارسی و کریستیان یان جوولەکە، دەتوانم بڵێم کەوا دڵی من جێگەی هەستکردن بەجیاوازییەکانی تێدا نابێتەوە، ناتوانم ئەوەش بڵێم کەوا ئەو رەوشتەی من رەوشتێکی تایبەتییە و لە ئاکامی تواناکانی خۆمەوە بۆم بەرجەستە بووە، سەبارەت بەئاهیمسا، ناتوندوتیژی و براهماشاریا، کۆنترۆڵکردنی شەهوەتەکانی نەفس و ئەباریجراها، نەفرەتکردنی موڵکداریەتی و زۆرتر لە چاکەخوازی رەسەنەکانی تریش، من بەپەرۆشییەوە کۆششی بەردەوامی بۆ دەکەم تا پەرەبستێنن.

هەموو فەرمانبەرەکانم لە دربان لە ماڵەوەش لەگەڵ مندا دەژیان، لەوانە هیندۆس و کریستیان و جوجراتی و تامیلی بوون،. هەمووم وەك ئەندامێکی خێزانەکەم یان کەسێکی ناو عەشیرەتەکەم سەیر کردوون. قبووڵم نەکردووە هاوسەرەکەم توندکارییان بەڕوودا بکات، یەکێك لەوانە کە کریستیان بوو، لە بنەماڵەی چینە رەشوڕووتە نەفرەتلێکراوەکانیش بوو.

خانووەکەمان لەسەر شێوازی خۆرئاوایی دروستکرابوو، ژوورەکان زێرابی ئاوی پیسی تێدا نەبوو، بۆیەش هەموو ژوورەکان میزدانیان تێدا بوو. من د

هاوسەرەکەم پاکمان دەکردنەوە، نەک کەسانی خزمەتکار یان کەناسێک ئەوە بکات. ئەو فەرمانبەرانی لەلای من دەمانەوە. ئەوان ژوورەکانی خۆیان پاک دەکردەوە، بەڵام فەرمانبەرە کریستیانەکە کە تازە هاتبوو، بۆیە ئێمە خۆمان ژوورەکەی ئەومان پاک دەکردەوە، کە زانیم هاوسەرەکەم میزدانەکەی کەسێک کە لە چینی نەفرەتلێکراوەکان بوو پاک ناکاتەوە بووە شەڕمان، بۆیە کە میزدانەکەی لەدەستدا بوو لە قالدرمەکە دادەبەزی بینیم، ئەوەندە تووڕە بوو سوورهەڵگەڕابوو، فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە. من مێردێکی دڵنەرم و دڵرەقیش بووم، من خۆم بەمامۆستای ئەو دەزانی، کوێرانە ئەوم خۆشدەویست، بۆیە تەنگاوم دەکرد.

کە میزدانەکەی هەڵگرتبوو، من بەوەیان نەحەسابوومەوە، دەمویست بەو کارە دڵیشی خۆش بێت، نەک سەرگران و ناڕەحەت، بۆیە دەنگم لەسەر بەرز کردەوە و وتم: من ئەو گاڵتەجارییە لە ماڵەکەم قبووڵ ناکەم. ئەو قسانە وەک تیرێک جەرگی کون کردبوو، بۆیە ئەویش بەهاوارکردنەوە وەڵامی دامەوە: با ماڵەکە بۆ خۆت بێت، من دەڕۆم و بوارم بدە بڕۆم. من بەو قسەیە و بەو ناڕەزاییەی ئەو بەرگەم نەگرت، توند قۆڵم گرت و بەرەو دەرگای دەرەوە پاڵم دا، هاوارێکی لێ هەڵسا و وتی: تۆ شەرم لە خۆت ناکەیت؟ تا ئەو رادەیە خۆت لەبیرچوویتەوە؟ من روو لە کێندەرێ بکەم؟ لێرە کێ رامدەگرێت، نە ماڵە باوکم لێرەیە و نە کەسیش دەناسم. هەر لەبەر ئەوەی تۆ مێردی منی دەبێ بەرگەی ئەو هەموو کۆت و دەستدرێژیانە بگرم؟ لەبەر خاتری ئەو خودایە دەرگەکە دابخە و ئاوەزت بێتەوە سەرت، با کەس لەو رەوشەدا نەمانبینێت.

ئەو خۆی ئازا کردبوو، منیش هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، دەرگەکەم پێوەدایەوە، وەک چۆن ئەو نەیدەتوانی واز لە من بهێنێت، منیش بۆم نەدەکرا دەستبەرداری ئەو ببم. بەردەوام شەڕ و ئاژاوەمان لەنێواندا بوو، بەڵام هەر

زووش ئاشت دەبووینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو زۆر لەسەرخۆ بوو، بۆیە هەموو جارێك ئەو بەسەر مندا سەردەکەوت.

من بۆیە ئەو بابەتە زۆر بەوردییەوە دەگێڕمەوە، چونکە بەختیارین لەوەی کە دەربازمان کرد. من وەك جاران مێردە کوێرەکە نیم، چیتر من مامۆستای ژنەکەم نیم. ئێستا کارستوربا ئەگەر دەیەوێت بەو شێوە بەدکارییە هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکات، وەك چۆن من جاران هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکرد. ئێستا هەردووکمان برادەرین، بڕوامان بەیەکتری هەیە، کەسمان جێگەی شەهوەت نین. من هاوسەرەکەم فێرکردبوو کە نەخۆش دەکەوم ژانەکانم سارێژ بکات، بەبێ ئەوەی چاوی لە هیچ بێت خزمەتی دەکردم.

ئەو رووداوە لە ساڵی ١٨٩٨دا بوو کە هێشتا باش لە ناوەرۆکی براهمشاریا تێنەگەیشتبووم. ئەو دەمانە بڕوام وابوو کەوا ژن تەنها بۆ شەهوەتی پیاوە و بوونەوەرێکە هەموو فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و بەس، نەك ژن هاوڕێ و برادەری پیاو بێت لە تاڵی و شیرینییەکان. ئەو رامانەم لەلا نەگۆڕا هەتا ساڵی ١٩٠٠، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٦ بەیەکجاری رامانەکە لە هزرمدا فۆرمەڵە بوو. دەکرێ ئەوەش بڵێم کەوا ژیانی هاوسەرگیریمان چەسپاو و زۆرتر ئارام بوو کە شەهوەتە سێکسییەکان لە ژیانمدا سەبر سەبر سیس دەبوو.

نامەوێ خوێنەرەکانم وا تێبگەن کەوا ئێمە هاوسەری زۆر نموونەیی بووین، یان ئامانج و بەرنامەمان هاوسۆز و هاوتەریب بوو. کاستوریاش نەیدەزانی کەوا ئەو ئامانجی تایبەتی سەربەخۆی هەیە یان نا، رەنگە هەتا ئەو دەمانەش ئەو لە کارەکانم باش فێر نەبووە، بەڵام دانوستانی لەسەر ناکەین چونکە سوودی نییە، نە دایکوباوکی فێریان کرد و نە منیش بوارم بۆ رەخسا فێری بکەم، کە دەبوا من فێری بکەم، بەڵام ئەو خەسڵەتێکی مەزنی هەبوو، ئەوەش وەك زۆربەی ژنە هیندییەکان هەیانە، کە بزانن یان نەزانن مەبەستیان بووبێت یان

نا، ئەوان بەختیارن کە هەنگاوەکانمان هەڵدەگرن. هەرگیز ئەو لە ڕێگام نەوەستاوە بۆ ئەوەی دوور لە شەهوەتدا بژیم. لەگەڵ بوونی بۆشاییەکی زۆر گەورە لەنێوانماندا، بەڵام من هەستم دەکرد کەوا ژیانمان لەسەر بنچینەی ڕاییبوون و بەختیاری و پێشکەوتن دامەزراوە.

# پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئەوروپییەکاندا

کە من دەستم کرد بەنووسینی ئەو چیرۆکە هیچ بەرنامەیەکم نەبوو. دەفتەرێکی بیرەوەرییم نەبوو. بەڵگەنامەیەکم لەبن دەستدا نەبوو. من تەنها بەرێنماییەکانی خودا دەنووسم، هیچ بۆچوونێك و چالاکییەك نەبووە، ئەگەر پشتیوانی ئەوی تێدا نەبوایە، پاش وردبوونەوەم لە کارە مەزنەکانی ژیانم، یان ئەوانەی بەپلەی نزمتریش دێن، بەرێنمایی ئەو بوون.

من خودام نەدیبوو، زۆر باشیش نایناسم، بۆیە باوەڕم بەخودا باوەڕێکی تایبەتە بەخۆم. لەبەرئەوەی باوەڕەکەشم نقووم نابێت، بۆیە باوەڕ بەهاوسەنگی ئەزموون دەزانم، دەڵێم کە من باوەڕ بەئەزموون دەزانم، ڕەنگە بڵێن ئەوەیان یاریکردنە بەڕاستەقینەیی، بەو شێوەی شرۆڤەی بکەن، بۆیە من وردتر دەڵێم: من هیچ وشەیەکی تر نازانم کە پێناسەی باوەڕی خۆمی بەخودا پێ بکەم. لەبەرئەوەی من بڕوام وایە کەوا من بەپشتیوانی خودا دەنووسم، چونکە لە نووسینی بابەتەکەی پێشوو بەنیاز بووم باسی ئەو بابەتەی ئێستا بکەم، بۆیە بابەتەکە گۆڕا و وا ئێستا دووبارە گەڕامەوە سەر پەیوەندییم بەئەوروپییەکان.

لێرەدا هەست دەکەم ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبمەوە، خۆ ئەگەر هەندێ لایەنیش پشتگوێ بخەم، ئەوە ڕاستەقینەییەکە تەماویی دەبێت. ئێستا من باش تێدەگەم کە بیرەوەرییەکان دەنووسرێتەوە چەند هەڵە و کەماسی تێدایە، من ئەوە نانووسمەوە وەك چۆن بابەتە کۆنەکانم بەبیردێتەوە. ئینجا کێ دەزانێت من چیم بەبیردێتەوە و چەندیش بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینەیی پەرێشان دەبم؟ باشە بەڵگەی یەك ناڕاستەیی چ بایەخێکی هەیە بۆ سەلماندنی ڕووداوێکی تایبەت کە لە ژیانمدا ڕووی دابێت؟ ئەگەر کەسێکی خۆقورتێنەری هات و لەسەر بەشێکی ئەو نووسینە پرسیاری کرد، دیارە ئەو دەتوانێت باشتر

ڕووناکی بخاتە سەر. خۆ ئەگەر ئەو کەسە ڕەخنەگرەش لە کەسانی نەیاریش بن، ئەو بێگومان مەبەستی دیارکردنی مەبەستێکە و دەیەوێ گوتارەکەم پووچەڵ بکاتەوە. بۆیە من لەسەر نووسینەکەم ڕامانێکم هەبوو: ئایا بەردەوام بم؟ بەڵام هەتا دەنگێك لەناو ویژدانم هەبێت من بەردەوام دەبم، دەبێ منیش پەیڕەوی ئەو یاسایە حەکیمانەیە بکەم کە دەڵێت ناکرێ واز لە ئەو شتانە بهێنێت کە دەستت پێی کردووە، بەمەرجێك بەدڕەوشتی تێدا نەبێت.

من لەبەر ڕەخنەگرەکان نییە ئەو ئەزموونانە دەنووسمەوە، چونکە ئەوانە بەشێکن لە ئەزموونەکانم لەگەڵ ڕاستەقینەییدا. ڕاستە من بۆ ئەوەش دەنووسم کەوا هاوڕێیەکانم ڕازی بکەم و پشوو بدەن و ببێتە زادێك بۆ هزریان. من لە سەرەتاوە بۆ ڕازیکردنی ئەوان دەستم داوەتە ئەو نووسینە. من لەسەر پێشنیاری بەڕێز جیرامداس و بەڕێز ئاناند ئیشەکەم کردووە، بۆیە ئەگەر ڕەخنەم لێ گیرا، ئەوانیش ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان.

ئێستا بابگەڕێمەوە سەر ناونیشانی بابەتەکە. من لە دربان لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێی ئینگلیز و ژمارەیەکی هیندی وەك ئەندامانی خێزانەکەم دەژیام. دیارە هەموو لایەکیش لەو ڕەفتارەی من ڕازی نەبوون، کە لە هەندێ لەو ئەزموونانە حەکیمانە نەبوو، ئەزموونی تاڵیشم هاتووتە پێش. ئەزموونەکانیش لەسەر هیندی و ئینگلیزییەکانیش بوو، بەڵام من لەوانە پەشیمان نیم، چونکە کەسم لێ دڵگران نەبوو لەبەر ئەو پەیوەندییانە، هەرچەند ئەو مەسەلەیە هاوڕێیەکانی ناڕەحەت دەکردم، منیش گلەییم لێیان دەکرد، چونکە خەڵکی باوەڕدار ئەوەی خودا لەناو کەسانی تر دەبینێت، لەناو خودی خۆشی ئەو خودایە دەبینێت، ئەوانە دەبێ بتوانن لەناو خەڵکەکە بژین و دوورنەکەونەوە. بۆیەش بۆ خۆگونجاندن لە ژیان ناکرێ لەو بوارانەدا دوورنەکەویتەوە بۆ پەیداکردنی ئەو جۆرە دۆستایەتییە.

کە شەڕەکەی بویر قەوما ماڵەکەی پڕ بوو لە برادەران. دوو پیاوی ئینگلیزم لە جۆهانسبێرگ داوەت کردبوو، ئەوان بڕوایان بەپیوسۆفییزم هەبوو. یەکێکیان بەڕێز کیتشین بوو، هاوسەرەکەشم لە داخی ئەو هاوڕێیانە زۆر خەمی دەخوارد

و فرمێسکی دەڕشت، ئەوەیان یەکەمجارە کە هاوڕێیەکی ئینگلیز بێتە ناو ماڵم. منیش کە لە ئینگلترا دەژیام لەناو ماڵەکانیاندا ژیابووم و لەگەڵ ئەوانیش باش گونجابووم، وەك ئەوەی من لە هوتێلێك ژیابم وابوو، بەڵام لە ماڵەکەی من مەسەلەکە جیاواز بوو. هاوڕێیە ئینگلیزەکان ببوونە ئەندامێکی ناو خێزانەکەم. لە زۆر مەسەلەدا بڕوایان بەڕامانە هیندییەکان هێنابوو. ئەگەرچی ناوماڵەکەم ئەوروپی بوو، بەڵام دابوونەریتەکە هیندی بوو. ئەوەم باش لەبیرە کەوا هەستم دەکرد هەندێکیان بەئاسانی نەیاندەتوانی ببنە ئەندامێکی ناو خێزانەکەم، بەڵام هەستیان دەکرد کەوا لە ماڵی خۆیانن. ئیتر لە جۆهانسبێرگ پەیوەندییەکان وەك دربان نەبوو، ئاراستەیەکی تری وەرگرتبوو.

کاتی وا هەبوو لە جۆهانسبێرگ چوار فەرمانبەری هیندییم هەبوو. ئەوانەم وەك کوڕەکانی خۆم سەیر دەکرد. هەر من چاپم دەزانی، ئەگەرچی یەکێکم فێرکردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئینگلیزییەکەیان باش نەبوو، بۆیە ئەرکەکانی چاپی پێ نەدەکرا. فەرمانبەرێکی ترم فێری ژمێریاری کردبوو. هەستم دەکرد ئیشەکانم زۆرن، نەدەکرا ئیشە تایبەتییەکان و گشتییەکان بەیەکەوە رابگرم، بۆیە ویستم فەرمانبەرێکی ئەوروپی بهێنم، بەڵام چۆن دەکرێ کەسێکی سپی بێت لەناو ئۆفیسێکی هیندییان ئیش بکات. داوام لە وەکیلی ئامێرەکانی تایپ کرد کەسێکم بۆ بدۆزێتەوە. ئەویش بەڵێنی دا کەوا لەو کیژانەی لە ئیشکردن دەگەڕێن یەکێکیان بنێرتە لام. کیژێکی سکۆتلاندی بەناوی دیك بۆ ناردم. ئەو تازە هاتبووە وڵات. ئەو دەیویست ئیشێکی شەریفانە بکات ئینجا لە هەر شوێنێکدا بێت، من یەکسەر ئەوم قبووڵ کرد. بۆیە پرسیم:

_دیارە لاریتان نییە لەکن هیندییەك ئیش بکەیت؟

_بەدڵنیاییەوە ئیش دەکەم.

_دەزانی مووچەکەت چەند دەبێت؟

_ئەگەر مووچەکە حەڤدە پاوەند و نیویش بێت زۆرە.

_ئەگەر ئیشەکەم بۆ بکەیت و من رازی بم، ئەوەیان زۆر نییە بۆ تۆ، کەی دەتوانیت دەست بەکاربیت؟

_ئەگەر ویستت هەر ئێستا.

ئیتر ئەو دەستی بەئیش کرد و بەماوەیەکی کەم وەك کیژی خۆم یان وەك خوشکێکم بوو. ئیشەکانی باش بوو، زۆر کەم هەڵەم لە ئیشەکانی دەدۆزییەوە. ئەو دەفتەری حیساباتی گرتبوو، هەندێ جار پارەکان دەگەیشتنە هەزارەها پاوەندیش. من بڕوام زۆر بەکیژەکە پەیدا کردبوو، بۆیەش کە ویستبووی شوو بکات پرسی بەمن دەکرد. منیش شکۆیی ئەوەم پێ بڕا لە زەماوەندەکەی دەستی بگرم بۆ لای زاوا. ئیتر کیژەکە ناوی کە دیك بووە خاتوو ماکدونالد، بۆیەش وازی لە ئیشەکەی لای منی هێنا، بەڵام لەکاتی پێویستیش دەگەیشتە هانام و یارمەتی دەدام.

لەجیاتی ئەو کیژێکی ترم بەناوی شلیسن دەستکەوت. ئێستا ئەو مامۆستایە لە ترانسفالدا، کە هاتە لای من تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو. ئەو بڕوای بەجیاوازیی نەژادی نەبوو، بەڵام قسەی رەق بوو. زۆریش تووشی کێشەی دەکردم، بەڵام کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. لەبەرئەوەی زمانەکەی لە من باشتربوو، بۆیە کە نووسینەکانی تایپ دەکرد من یەکسەر ئیمزام دەکرد و زۆریش بڕوام بەو هەبوو.

ئەو هەستی خۆبەختی زۆری تێدابوو. ماوەیەکی زۆر مانگانە تەنها شەش پاوەندی وەردەگرت، نەیدەویست مووچەکەی بەرز بکەمەوە. من زۆرم لێ دەکرد مووچەکەی بکەمە ١٠ پاوەند، بەڵام ئەو هوشیاری دەکردمەوە و دەیوت: من بۆ ئەوە نەهاتووم مووچەت لەکن وەربگرم. من بەهەڵوێستەکانت سەرسامم بۆیە هاتووم لەکن تۆ ئیش بکەم. من بۆ مووچە وەرگرتن نەهاتووم. جارێك پێویستی بەچل پاوەند بوو، پارەکەی بەقەرز وەرگرت و ساڵی پار پارەکەی هێنایەوە. ئەو کیژە نەك فیداکاربوو، زۆریش ئازا بوو، ئەو یەکێك لەو ئازدارانە بوو کە من لە ژیانی خۆمدا ناسیبووم. وەك بەلوور ساف بوو، وەك جەنگاوەرە دێرینەکان ئازا و بەجەرگ بوو. ئێستاش بوویتە ژنێکی کامڵ، وەك چۆن جاران نەمدەزانی رامان و هزری چۆنە، ئێستاش نازانم ئەو کیژە چۆن بیردەکاتەوە، بۆیە پەیوەندییم بەکیژە گەنجەکە وەك بیرەوەرییەکی موقەدەس دەمێنێتەوە.

ئەو شەوو رۆژ بۆ دۆزەکەی کۆششی دەکرد. شەوانە و بەتاریکی بۆ ئیشەکانی دەردەچوو، هەرگیز پاسەوانی نەدەویست و زۆریش تووڕە دەبوو کە داوامان دەکرد با یەکێك هاوڕێیەتیت بکات. زۆر لە هیندییەکان رێزیان دەگرت و بەگوێیان دەکرد و رێنمایی ئەویان پێویست دەبوو. کە زۆربەی ئەندامەکانمان کەوتبوونە زیندان ئەو بەتەنها سەرکردایەتی بزاڤی ساتیاجراهای دەکرد. ئەو بەرپرسیاریەتی هەزارەها پاوەندی هەڵدەگرت، بەردەوام نامەگۆڕینەوەی هەبوو، لەگەڵ ئەو هەموو ئیشانە ئەو بەرپرسی رۆژنامەی رای هیندی بوو، ئینجا نەدەوەستا و ماندووش نەدەبوو.

ئەگەر هەموو ئاوی دەریاش بکەمە مەرەکەبی نووسینەکەم باسی پەسنی خاتوو شیلسن بکەم تەواو نابێت، بەڵام ئەو بەشە بەپێناسەکەی جوخلی کۆتایی پێدەهێنم کە وتبووی: من هەرگیز کەسی وا گیانفیداکار و پاك و ئازام وەك خاتوو شیلسن نەدیوە. بەبۆچوونی من ئەو لە پێشەنگی هاوڕێیەکانت ئەژمارد دەکرێت. جوخلی زۆر لە هاوڕێیە هیندییەکان و ئەوروپییەکانی منی لە نزیکەوە دەناسی، بۆیە شیلسنی لە پێشەوە دادەنا.

## رای هیندی

بەڕێز مادانجیت پێشنیاری کرد ڕۆژنامەی رای هیندی دامەزرێنین. ئەو لەو دەمانە لە بوارەکانی میدیا کاری دەکرد. منیش پێشنیارەکەی ئەوم پێ باش بوو. لە ساڵی ١٩٠٤ ڕۆژانامەکەی دامەزراند، بەڕێز مانسوخلا نازار بووە یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەکە. من دەبوایە زۆربەی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژنامەیە هەڵگرم، چونکە ئەو لە هیند دەژیا و بۆ چەندین ڕۆژنامەش وتاری دەنووسی. بەجورئەتەوە باسی کێشەکانی باشووری ئەفریقیاشی نەدەکرد. ئەو زۆر بڕوای بەلێهاتوویی من هەبوو، منیش سەروتارەکەم دەنووسی، ئەو دەمانە و ئێستاش هەر هەفتانەیە. ڕۆژنامەکە بەو زمانانە جوجراتی و هیندی و تامیلی و ئینگلیزی دەردەچوو، بەڵام دوایی هیندییەکە و تامیلیەکەمان راگرت. من هەرگیز مەبەستم نەبوو سەرمایەگوزاری لەو ڕۆژنامەیەدا بکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەگەر من لەڕووی داراییەوە پشتیوانی نەکەم دەرناچێت. هیندییەکان و ئەوروپییەکان دەیانزانی کەوا من بەرپرسی عەمەلی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیەم، بۆیەش راگرتنی زیان و شەرمەزارییش بوو، بۆیە من نزیکەی هەموو دەسکەوتەکانی خۆم لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە دادەنا. بۆیە جارێکیان ناچاربووم مانگانە ٧٥ پاوەندی بۆ بەردەوامی ڕۆژنامەکە تەرخان بکەم.

پاش ئەوەندە ساڵە وادەزانم کەوا ڕۆژنامەکەمان چەند خزمەتی ڕەوەندی هیندی کردبوو، ئەگەرچی ڕۆژنامەکە پڕۆژەیەکی سەرمایەگوزاری نەبوو، بەڵام سوودی بۆ ڕەوشی تایبەتی خۆم هەبوو. ئەویش وەك ڕۆژنامەکانی یانج ئەندیا

و ناقاجیفانی ئیمڕۆ ڕەنگدانەوەی بەشێکی ژیانی من بوو. لە ستوونە نووسینەکانم هەفتانە باسی بنچینەکان و پراکتیزەکردنی ساتیاجراهام دەکرد، هەتا ساڵی ١٩١٤ و بۆ ماوەی دە ساڵ هیچ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ڕای هیندی نییە وتارێکی منی تێدا نەبووبێت، بێجگە لەو دەمانە کە لە زیندانادا بووم. بەبیرم نایێت یەك وشەم بێ بیرکردنەوە و مەبەستێك نووسیبێت، یان بەمەبەستێك شتێکم گەورە کردبێت، یان وشەیەکم بۆ ڕازیکردنی خوێنەرەکانم کردبێت. نووسینەکانم لەو ڕۆژنامەیەدا بەڕاستی مەشقێك بوو بۆ ڕاگرتنی خودی خۆم، بەوەش هاوڕێیەکانم دەیانتوانی لە هزرەکانم تێبگەن، ڕەخنەگران بواری کەمیان دەدۆزییەوە کە ڕەخنەم بکەم، شێوەی نووسینەکانم قەڵەمەکانی ئەوانی لە کەلان دانابوو. ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە نەبوایە هەرگیز ساتیاجراهاش نەدەبوو، خوێنەرەکانم بەو ڕۆژنامەیە ڕاستییەکانی هەڵمەتی ساتیاجراهایان دەزانی، دەیانزانی ڕەوشی هیندییەکانی باشووری ئەفریقیا چۆنە. ڕۆژنامەکە پردی تێگەیشتنی نێوان نووسەران و خوێنەران بوو. سەکۆیەك بوو بۆ شرۆڤە و ڕاڤەی سروشتی بەشرییەت بەهەموو جۆر و پلەکانیانەوە. نامەی زۆرم لە خوێنەرانەوە بۆ دەهات، کە تێدا سڵاو و ڕێز و ڕەخنەو تاڵییشی تێدا بوو. نامەکانی ئەو خەڵکە ئەزموونی منی زۆر دەوڵەمەند دەکرد، ڕەوەندەکە بەو نامانە دەنگی خۆیان دەگەیاند. بەوەش بەرپرسیاریەتی تەواوی کارەکەم دەزانی. سەرکردایەتییەکەی ئەو ڕەوەندە منی لە هەڵمەتەکانی ئایندەم سەردەخست.

لە یەکەم مانگی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دەمزانی، کەوا میدیاکەمان تایبەتە بەخزمەتکردنی خەڵکەکە. ڕۆژنامەگەری هێزێکی مەزنە، پێنووسێکیش دەتوانێت هەموو شتەکانی بەردەمی خۆی ڕامالێت، وەك چۆن لافاو گوند و ئاوەدانییەکان ڕادەماڵێت.

## گەڕەکەکانی قولی یان گەڕەکەکانی گیتو

ئەو چینەی زۆرترین خزمەت پێشکەش دەکەن، دووردەخرێنەوە، هیندۆسەکان بەوانە دەڵێن نەفرەتلێکراوەکان، ئەوانە لە گەڕەکە دوورەکان و لە شوێنە لاچەپەکان دەژین، ناوەکەیان بەناشیرینی ناسراوە. ئەوانەش وەك ئەو چینەیە کە لەناو کریستیانەکانی ئەورووپا هەبوو. هەروەها جوولەکەش کەسانی نەفرەتلێکراو بوون. بەشوێنەکانی نیشتەجێبوونی ئەوانیان وتووە گیتو. ئێمەش لە باشووری ئەفریقیا ئەو ناوەمان هەبوو، بەڵام دیارە کەوا چۆن ئەندروز و دارە سیحرییەکەی سرینیفاسا ساستری توانیان بمانکڕنەوە و دەربازمان بکەن.

جاران جوولەکەکان خۆیان بەمیللەتی هەڵبژاردەی خودا دەزانی، بۆیەش نەتەوەکەیان رووبەڕووی ئەو سزایە سەیر هاتنەوە، سزایەکی زاڵمانە. بەهەمان شێوەش هیندۆسەکان خۆیان بەهەڵبژاردەی ئاری یان شارستانەکان دەزانی. خەڵکەکەی تریان بەئاناریان دەزانی، واتە نەفرەتلێکراوەکان. ئەوەش رووبەڕووی تۆڵەکردنەوەیەکی سەیری کردنەوە، نەك لەسەر هیندۆسەکانی باشووری ئەفریقیا، بەڵکو لەسەر موسڵمان و بارسییەکانیش.

لە باشووری ئەفریقیا بەنازناوی قولی بانگیان دەکردین، ئەوەش لە هیند بەکەسانی کرێگرتە و حەمباڵەکان دەگوترێت، هەروەها ئەو وشەیە لەو وڵاتە مانایەکی ناپەسەندیشی لە پاڵدا بوو، بەگەڕەکەکانی هیندییەکان دەوت قولیز. لە جۆهانسبێرگ ئەو گەڕەکەکان نەبوو، بەڵکو هیندییەکان مافی ئەوەشیان

هەبوو خانوو بەکرێ بگرن. هەروەها هەتا ٩٩ ساڵیش هیندییەکان مافیان هەبوو زەوییش بەکرێ بگرن. لەگەڵ زیادبوونی سەرژمێری خەڵکەکە لەسەر ئەو پارچە زەوییانە زۆرتر کۆدەبوونەوە و ژمارەیان لە رادەی خۆی تێدەپەڕی و دەکەوتنە سەریەك و کەڵەکە دەبوون. لەو گەڕەکانە ئاودەستەکان پاك نەدەکرانەوە، شارەوانییش خزمەتگوزارییەکانی بۆیان دابین نەدەکرد، هەروەها رێگاوبان و رووناکییان دابین نەدەکرد. هیندییەکانیش خۆیان لە مەسەلەکانی تەندروستی و پاکوخاوێنی نەفام بوون.
بایەخنەدانی شارەوانی بەخزمەتگوزارییەکان و نەزانینی خەڵکەکە گەڕەکەکانی هیندییەکانی زۆر پیس کردبوو، بۆیەش شارەوانی ئەوەی کردبووە بیانوو بۆ رووخاندن و نەهێشتنی ئەو گەڕەکانە. بۆیەش خەڵکەکە داوایان لەسەر شارەوانی لە دادگا تۆمارکردبوو، داوای قەرەبوویان دەکردەوە. من بوومە وەکیلیان، پێم وتن ئەگەر توانیم پارەتان بۆ وەربگرمەوە، ئەوا من دە پاوەندم دەوێت، نیوەی ئەو پارەیەش نەخۆشخانەیەك یان نوایەك بۆ هەژارەکان پێ دروست دەکەم. دیارە هەموویان ئەو پێشنیارەیان پێ خۆش بوو. لە کۆی حەفتا داوا تەنها یەك داوام لە دادگا دۆڕاند، بۆیەش پارەیەکی زۆرم بۆ کۆکرایەوە، بەڵام من زۆر لە پارەکەم لە رۆژنامەکە خەرج کرد کە دەگەیشتە نزیکەی ١٦٠٠ پاوەند. پاش تەواوبوونی داواکان من لەگەڵ زۆربەیان دۆستایەتیم مایەوە، منیان وەك برایەکی گەورە دەناساند، بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەوانم دەکرد. هیندییەکان هەرگیز منیان بەناوی گەورەم بانگ نەدەکرد، بۆیە بەڕێز عەبدوڵڵا ناوی بهای واتە برای بۆم دانابوو، هەمووش هەتا لەو وڵاتە رۆیشتم بەو ناوە منیان بانگ دەکرد.

## تاعوونە ڕەشەکە

کە بڕیار بەدەرکردنی هیندییەکان لەو گەڕەکە درا، دەبوایە شارەوانی شوێنێکیان بۆ نیشتەجێکردنیان بدۆزێتەوە. دیارە ئەوەش کات و بەرنامەی زۆری دەویست، بۆیە هیندییەکان لەوێ بەشێوەیەکی کاتی دەمیننەوە و دووبارە دەکەونەوە ناو پیساییەکان، بەڵام ئەمجارە کەمێك بایەخیان بەخاوێنی دەدا، ڕەنگە لە ترسی سزادان بووە، دیارە کەوا شارەوانییش خەمی ئەو مەسەلەیەی نەدەخوارد، هەرچەند کرێچییەکان زۆرتر دەبوون، پاشماوە و زبڵ و پیساییەکان زۆرتر دەبوون.

هەرچەندە هیندییەکان لەو ڕەوشەدا هەستیان بەتووڕەیی دەکرد، مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوونیش زۆرتر دەبوو، کە ناوی تاعوونی سییەکان بوو، کە زۆر لە تاعوونی ئاسایی ترسناکتربوو.

بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە لەبەر پیسی هیندییەکان نەبوو، بوونی کانەکانی زێڕ لە نزیك جۆهانسبێرگ، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە بوون، کە کرێکارەکانی ڕەشپێستەکان بوون، خاوەن کانەکانیش سپیپێستەکان بوون کە لە پاکوخاوێن ڕاگرتنی شوێنەکە بەرپرس بوو، بۆیە لەو کرێکارانەی لەوێ کاریان دەکرد ١٢ کەسیان نیشانەی پەتاکەیان لێ بەدەردەکەوێت. بۆیەش ئەوانە بەئازار و نیشانەکانی ئەو پەتایەوە گەڕانەوە ماڵەوە. لەو دەمانە بۆ کۆکردنەوەی کەسانی بەشداربوو لە ڕۆژنامەکەماندا ڕای هیندی بەڕێز مادانجیت لەوێ دەبێت، ئەو ئازایانە ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە و دڵی بۆیان

دەسـووتێت، بۆیـە بـۆی نووسـیبووم: پـەتای تـاعوون بـەخێرایی لێـرە بڵاودەبێتـەوە، بۆیـە دەبێ بەلـەز بگەیێتـە ئێـرە و چارەسـەرییەك بدۆزێتـەوە، ئەگەرنا دەرئەنجامەکەی زۆر مەترسیدار دەبێت، تکایە زوو وەرە.

بـەڕێز مادانجیـت کلیلـی داخـراوی خانووێـك قـاڵا دەشـکێنێت، هـەموو نەخۆشەکانی تێ دەکات. من بەپایسکیلەکەم گەیشتمە گەڕەکەکە، بەرپرسی شارەوانیمان ئاگادار کردەوە و باسی هۆکاری شکاندنی دەرگەی خانووەکەمان بۆ کردبوو.

دکتۆر جود فری ئەوەی لە جۆهانسبێرگ کاری دەکرد بەپەلە دەگاتە شوێنەکە، بەڵام چۆن سێ کەس دەتوانن چارەسەریی و خزمەتکردنی ٢٣ نەخۆش بکەن؟ من بڕوام وایە، ئەگەر هەر کەسێك بەدڵی پاکەوە بیەوێ کارێکی چاکە بکات، بێگومان خەڵکی تریش هاوکاری دەکەن. چوار هیندی لەلای من کاریان دەکرد، لەوانە کالیانداس. ئەو باوکی تەسیلمی منی کردبوو، زۆریش داوای کردبوو من چاوم لەو بێت، ئەویش یەکێك بوو لەو چوار کەسە، ئەوەی باش بوو ژنی نەهێنابوو، بۆیە بۆ ئەو کارە ترسم لەو نەبوو، بڕیارم دا قوربانی بەهەر چوار فەرمانبەرەکەم بدەم. با بڵێم هاوڕێیەکانم یان کوڕەکانی خۆم. ئەوان وتیان تۆ بچیتە هەر شوێنێك ئێمە لەگەڵت دێین. بەڕێز ریتش خێزانێکی گەورەی لە ملدا بوو، بۆیە قبووڵم نەکرد ئەو بەشداریمان بکات، ئەگەرچی ئەو خۆشی حەزی دەکرد لەو هەڵمەتەدا بەشدار بێت. هـەمووماان بەیەکـەوە بـۆ پاککردنـەوە و سارێژییەکان کارمان کرد، تا توانیمان لە مەترسییەکان دەربازیان بکەین.

بەرپرسەکەی شارەوانی زۆر سوپاسگوزاری ئەوە بوو، کەوا من سەرپەرشتی خانووەکە و نەخۆشەکانم کردووە. ئەو بەئاشکرا وتبووی ئێمە وەك شارەوانی بۆ ئەو مەسەلەیە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، بەڵام کە بواریان بۆ رەخسا و لە یارمەتیدانمان دریغییان نەکرد.

بەیانییەکەی شارەوانی ژوورێکی بەتاڵیان لەبن دەستی من دانا، دەبوایە نەخۆشەکان بگوازینەوە ئەوێندەرێ، بەڵام شوێنەکە پیس بوو، دەبوایە جوان خاوێن بکرێتەوە، لەگەڵ هیندییە خێرخوازەکانی تر ژوورەکەمان جوان پاک کردەوە. نەخۆشخانەیەکی کاتییمان دامەزراند، شارەوانیش هەندێ پێویستییەکانی بۆ دابینکردین، دکتۆر جودفرییش بووە بەرپرسی شوێنەکە. دکتۆرەکان ڕێنماییان کردین کەوا ماوە کەمێك براندیی بدەینە نەخۆشەکان، کەسیان دەستیان لە نەخۆشەکان نەدەدا، بەڵام سێ کەسییان کە براندییان وەرنەدەگرت من لەفافی قووڕم بۆ کردن و لەسەر سینگ و سەریانم دادەنا. لەوانە تەنها دوو کەسیان نەمردن، بەڵام بیست نەخۆشەکەی تر مردن. دوو نەخۆشەکەمان گواستەوە نەخۆشخانەیەکی دووری جۆهانسبێرگ، کە لەلایەن شارەوانییەوە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشییانە ساز کرابوو، ئیتر پاش ئەوەی پێشمان لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە گرت گەڕایەوە.

ئەو پەرستارەی هاوکاری کردین، پاش دوو ڕۆژ نەخۆش کەوت و مرد، بەهەرحاڵ ئیشمان کرد کە نەخۆشییەکە بڵاونەبێتەوە، لەو پرۆسەیەدا ئەوەم بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا چارەسەری بەقووڕەکە لە دەرمانی براندییەکە باشتربوو.

من لەسەر بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوون، نامەیەکی توندی هەڕەشەئامێزم لە ڕۆژنامەکان بڵاوکردەوە. سەرکۆنەی شارەوانییم کرد کە کەمتەرخەم بوون لە دۆزینەوەی چارەسەری و بایەخنەدان بەهاووڵاتیانی ئەو گەڕەکە، هەروەها نووسیبووم هەر ئەوان بەرپرسن لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە، ئیتر من بەو پەیامەش توانیم هنری بولاك بناسم، ئەویش بەشێوەیەکی کەم ڕۆڵی هەبوو لە ناسینی کامینی کۆچکردوو خوزێف دۆك.

لەو ڕۆژانەی سەرقاڵی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بووم، نەدەکرا بەڕێز ئالبرت ویست لە ڕێستورانت ڤیگاتیرەکە ببینم و ئێواران بەیەکەوە پیاسەیەکیش

بکەین. ئەو لە دەرنەکەوتنی من نیگەران ببوو، بەڵام کە وتارەکەم لەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەخوێنێتەوە دەزانێت من سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە بووم. ئەو لە چاپخانەیەکی گچکە پشکێکی هەبوو.

پاش بڵاوبوونەوەی پەتایەکە من و هاوڕێیەکانم خواردنەکانمان کەم کردبووە. لەو دەمانە وازم لە ژەمی ئێواران هێنابوو. من زووتر لەسەر خوانەکە هەڵدەستام و بەخاوەنی ڕێستورانتەکەم وتبوو، من بۆیە نامەوێ کەس ببینم چونکە تیماری نەخۆشەکان دەکەم. کە یەك دوو ڕۆژ بەڕێز ویستم نەدیبوو. ئەو بەیانی زوو دەگاتە بەر دەرگامان، منیش ئەو دەمانە پیاسەی بەیانییانم دەکرد. کە دەرگاکەم کردەوە، ئەو یەکسەر وتی: کە تۆم لە ڕێستورانتەکە نەبینی ترسام، وتم نەوەك کارەساتێکی بەسەردا هاتبێت، بۆیە ویستم بەیانی زوو بێمە ماڵەوە و بتپرسم. من لە خزمەتتدا دەبم، منیش دەمەوێ تیماری نەخۆشەکان بکەم.

منیش دڵنیام کردەوە ئەگەر نەخۆشی تر نەبێت، ئەوە دووشەممە تەواو دەبێن، بەڵام مەسەلەیەکی تر ماوە. ئەویش وتی:

_چییە؟

_دەتوانی ببیتە بەرپرسی ڕۆژنامەی ڕای هیندی لە دربان؟ چونکە بەڕێز مادانجیت لەوێ سەرقاڵ دەبێت، بۆیە پێویستمان بەکەسێك دەبێت لەجیاتی ئەو سەرپەرشتی ڕۆژنامەکە بکات، ئەگەر ئەو کارەمان بۆ بکەیت بارمان سووك دەکەیت.

_دەزانی من لەو دەزگایە بەشم هەیە، دەکرێ لە پیاسەی ئێوارەماندا وەڵامت بدەمەوە. ئەو دەمانە زۆرتر قسەی لێ دەکەین.

دیارە کە ئەو ڕازی بوو بچێتە دربان دڵمان خۆش بوو. ئەو مەبەستی پارە نەبوو، بەڵام ئێمە مانگانەی دە پاوەندیشمان بۆ دانا، وتمان ئەگەر قازانجمان

هەبوو، لەوەش بەشت دەدەین. ئەو ئێوارەکەی بەترێنەکە بەرەو دربان ڕۆیشت.
ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو پیاوە لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانم بەشداربوو.

بەڕێز ریست لە خێزانێکی جووتیاری شاری لووپی هەرێمی لینکولنشیر بوو. کەمێك لە قوتابخانە فێرببوو، ئینجا قوتابخانەی ژیان زۆرتری فێرکردبوو، چونکە ئەو زۆر ئیعتیمادی لەسەر خۆی کردبوو، ئەو ئینگلیزێکی بێگەرد و کەسێکی پاك و بەهەیبەت و دڵباش و بەسۆزبوو.

## سووتاندنی گەڕەکەکە

دیارە کەوا شارەوانی پارەی زۆری بۆ خزمەتکردنی سپیپێستەکان خەرج دەکرد، ئێستاش خەرجیی زۆر دەکات بۆ قەلاچۆکردنی پەتای تاعوون. ئەگەر ئێمە کۆششمان نەکردبوایە پەتایەکە هیندییەکانی هیلاك دەکرد، بۆیە گلەییمان لە شارەوانی هەبوو. باش بوو کارەساتەکەمان دوورخستەوە، بۆیەش شارەوانی سوپاسی کۆششی هیندییەکانی بۆ ئەو مەسەلەیە کردبوو. گەڕەکەکە خرایە ژێر چاودێرییەوە، نەدەکرا کەس بێ مۆڵەت بچێتە ناو ئەو گەڕەکە یان لەو گەڕەکە دەربچێت، بەڵام من و هاوڕێیەکانم مۆڵەتمان هەبوو. بڕیار دەرچوو خەڵکەکە لەناو ئەو گەڕەکە دووربخەنەوە. خەڵکەکە بۆ ماوەی سێ هەفتە لە دەشتێکی کراوە دابنێن کە سێ میل لە جۆهانسبێرگەوە دوور بوو، ئینجا گوندەکەیان سووتاند.

کە من لەناو خەڵکەکە مابوومەوە دڵیان خۆش بوو، هەستیان بەئارامییەك دەکرد. خەڵکە هەژارەکە پارەکانیان لەبن زەوی دەشاردەوە، بۆیە بەر لە سووتاندنی گەڕەکەکە دەبوایە پارەکانیان دەربهێنن، ئەوانەش بانکیان نەدەناسی، بۆیە من ببوومە بانکی هەموویان، ڕۆژانە پارەیەکی زۆر ڕەوانەی نووسینگەکەی من دەکرا. نەدەکرا کەسمان لەبری ئەو کارە هیچ پارەیەك وەربگرین، منیش دۆستایەتی باشم لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکە هەبوو، بۆیە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم لەگەڵدا کردبوو، بەڵام بانکەکە ئامادە نەبوو، ئەو هەموو مس و زیوە هەڵگرێت. فەرمانبەرەکانیش لە ترسی بڵاوبوونەوەیپەتاکە

کەسیان نەدەوێران دەست بدەنە ئەو پارەیەی لەو گەڕەکەوە دەهات، بەڵام بەڕێوەبەرەکە لە خزمەتەکە درێغی نەکرد و هەموو ئاسانکارییەکی نیشان دا، بۆیە بڕیاری دابوو هەموو پارەکە بەر لەوەی بگاتە بانکەکە پاکشۆریی بکرێت، ئەوەی من لە بیرمە توانیمان نزیکەی شێست هەزار پاوەند بەو شێوەیە لە بانک دابنێین. من بەخەڵکەکەم دەوت، با پارەکەتان وەک قەرزێک دابنێن، ئیتر خەڵکەکە پاش ئەو پرۆسەیە فێربوون چۆن مامەڵە لەگەڵ بانکیش بکەن.

دانیشتوانی گەڕەکەکەیان بەترێنێکی تایبەتی گواستەوە کێڵگەی کلیبسبروتی نزیک جۆهانسبێرگ، لەوێ شارەوانی لەسەر ئەرکی حکوومەت ئازوخەی بۆ دابینکردن. شارەکە بەو خیوەتانە وەک سەربازگەیەک دیاربوو، ئەگەرچی ڕەوشەکەیان پێ خۆش نەبوو، بەڵام بێزاریش نەبوون. ڕۆژانە من بەپایسکیلەکەم سەردانم دەکردن. ئیتر پاش بیست و چوار کاتژمێر ژیانە تاڵەکەیان لەبیردەچێتەوە و دەست بەژیانە ئاساییەکەی خۆیان دەکەنەوە، کە من سەردانم دەکرد دەمبینی سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن. ئیتر ژیانیان لەو هەوایە کراوەیەدا تەندروستیان باشتر کردبوو.

ڕۆژێک پاش چۆڵکردنی گەڕەکەکە شارەوانی ئاگری تێبەردا، شارەوانی پەرۆشی ئەوە نەبوو هیچ شتێک لەوێ دەرباز بکات، بەسووتاندنی دارەکانی ناو گەڕەکەکە مەزندەی زیانەکە بەنزیکەی دە هەزار پاوەند دەکرا، ئەویش لەبەر دۆزینەوەی چەند مشکێکی تۆپیوو بوو لەناو بازاڕەکەدا.

شارەوانی پارەیەکی زۆری لەو پرۆسەیەدا خەرج کرد، بەڵام توانی بەسەر بڵاوبوونەوەی پەتایەکە سەربکەوێت، ئیتر شارەکە هەناسەیەکی نوێ بەئازادی هەڵدەمژێتەوە.

## نووشتە سیحرییەکەی کتێبێک

بەبڵاوبوونەوەی پەتاکە ئەگەرچی پێگەم لەناو چینە هیندییە هەژارەکان زۆرتر دەبوو، بەڵام ئەرك و کارەکانم **زۆرتر** ببوو. پەیوەندییەکانم بەئەوروپییەکان لە دۆستایەتی دەگاتە ئیلتزامی ئەخلاقییش. وەك چۆن بەڕێز (ویست) م لە ڕێستورانتە ڤێگاتیرەکە ناسی، بەو شێوەیە و لە هەمان شوێندا بەڕێز بولاکم ئێوارەیەکیان ناسی، پسوولەیەکی نارده سەر مێزەکەم تا من بناسێت، منیش بۆ سەر مێزەکەم داوەتم کرد.

ئەو وتی: من نووسەرم لە ڕۆژنامەی زا کریتیك، کە بانگەوازەکەی لەسەر بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوونەکەم خوێندەوە پەرۆش بووم تۆ بناسم، من زۆریش بەو دیمانەیە شادومانم.

ڕاستگۆییەکەی بەڕێز بولاك سەرەنجی ڕاکێشام، هەر ئەو ئێوارەیە یەکترمان باش ناسی، دیار بوو زۆر لە بۆچوونە سیاسییەکانمان لەیەك نزیك بوون، ئەویش حەزی لە ژیانی سادە و خاکی دەکرد. ئەو کەسێکی بەتوانابوو لە وەرگرتنی هەر بیرۆکەیەك بۆ بواری سازبوون. ئەو زۆر بەخێرایی چەندین گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانییدا کردبوو.

ڕۆژانە خەرجییاتی ڕۆژنامەکەمان ڕای هیندی زیادی دەکرد، کە یەکەم ڕاپۆرتی ویستمان پێگەیشت نیگەرانی پێوە بوو، ئەو نووسیبوی: من مەزندە ناکەم ڕۆژنامەکە هیچ جۆرە قازانجێکی وا بکات، ترسم هەیە زیانمان بەربکەوێت. دەفتەرەکان ڕێکنەخراون، قەرزی کۆنمان زۆرە و نەدراوە، کەسیش ناتوانێت

سەریان لێ دەربکات. دەبێت دەفتەرەکان بەوردی پشکنینیان بۆ بکرێت. بەڵام ئەوەیان نیگەران مەبە، من بەگوێرەی تواناکانم کێشەکان چارەسەر دەکەم، ئەگەر قازانج بکەین یان قازانجیش نەکەین هەر بەردەوام دەبین.
بەڕێز ویست کە دەزانێت ئیشەکە قازانجی تێدا نییە، دەیتوانی زوو واز بهێنێت و بگەڕێتەوە. دیارە کەوا من گلەییشم نەدەبوو، ئەو ماف ئەوەشی هەبوو کە سەرکۆنەم بکات، چونکە من پێم وتبوو، قازانجمان هەیە. بۆ ئەو قسەیەشم هیچ بەڵگەیەکم نەبوو، بەڵام هەرگیز گومانی نەبوو. وادەزانم بەو هەڵوێستەی من بەڕێز ویست منی بەکەسێکی سادە زانیبێت. ئەوەش زۆر بەسادەییەوە کرابوو، من تەقدیری بەڕێز مادانجیتم بەرز وەرگرتبوو، دیارە کەوا بایەخم بەهیچ توێژینەوەیەك نەدابوو کە بڕیارەکەم دابوو، بۆیە مەزندەی ئەوەم کردبوو کەوا ڕەنگە قازانجمان هەبێت.
بۆیە ئێستا دەزانم کەوا چەند گرینگە، ئەوەی لە بوارێکی میللی ئیشێك بکات، دەبێ هیچ زانیارییەك بێ دڵنیابوون لە ڕاستیان نەڵێت، چونکە ئەگەر خۆت لە دەرئەنجامێك دڵنیا نەبیت، چۆن دەکرێت کەسێکی تر ڕازی بکەیت. بەوەش ڕاستەقینەیی دەخەیتە مەترسییەوە، بەڵام ئەوەش دەڵێم و باشیش دەزانم هەڵەیە کە ڕاستەقینەییەکانیش دەزانم ئینجا دەکەوتمە ناو داوی هەڵەی سادییەکانم. دیارە ئەوەشم بۆ ئەوەبوو کەوا بتوانم بەئاسانی کارەکانم دەرباز بکەم. ئەوەش پێش خۆم هاوڕێیەکانی منیان نیگەران دەکرد.
کە نامەکەی ویستم بەدەست دەگات بەپەلە خۆم گەیاندە ناتاڵ. ئیتر نهێنییەکەمان لەلای بولاك باس کرد و داوام کرد لەلای کەس باسیان نەکات. کە منی بۆ ترێنەکە بەڕێ کرد کتێبێکی بۆ خوێندنەوە دامێ و وتی: من دڵنیام کەوا ئەو کتێبەت بەدڵ دەبێت. کتێبەکەش بەناوی هەتا دوا پیاوی ڕاسکین بوو.

گەشتەکەم بیست و چوار کاتژمێری دەویست. ئەو کاتەشم بەبێ نووستن بەخوێندنەوەی ئەو کتێبە خەریک کردبوو. هەر لەو گەشتەدا و لەبەر ڕێنمایی ئەو کتێبەدا بڕیارم دا ژیانی خۆم بگۆڕم وەك چۆن لە بڕگەکانی کتێبەکەدا نووسرابوو.

ئەوەیان یەکەمین کتێبی راسکین بوو کە من بیخوێنمەوە، من لەکاتی خوێندنی قوتابخانەدا تەنها کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنەوەم دەبینی، دوایی کە بەقولی دەکەومە ناو ئیشکردن نەدەپرژامە سەر خوێندنەوەی هیچ کتێبێك، بۆیە ناتوانم بڵێم من شارەزاییم لە جیهانی کتێبدا هەیە، بەڵام کە ئەو کۆتەم لەسەربووە مانای ئەوە نییە من لە زۆر بابەت و لایەندا بەجێماوم، بەڵکو بەپێچەوانە، ئەگەرچی من کەمم دەخوێندەوە، بەڵام خوێندنەوەکانم بەکاملی بوون، لەوانە کتێبەکەی راسکین ژیانی منی یەکسەر گۆڕی و بەدیدێکی ترەوە لە کارەکانمدا دەست بەکار بوومەوە، بۆیەش ئەو کتێبەم وەرگێڕایە جوجراتی و ناوم نابوو خێر بۆ هەمووان.

من بڕوام وابوو کەوا من چەندین رامان و بڕوای شاراوەم لە کتێبە مەزنەکەی راسکین دۆزییەوە، بۆیەش ئەو کتێبە باڵی بەسەر مندا کێشا و هەموو ژیانی منی گۆڕی. دیارە کەوا شاعیر کە دەتوانێت جوانترین هەستە شاراوەکان لە ناخی مرۆڤدا بوروژێنێت، بەڵام کاردانەوەی شیعر لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. کتێبی هەتا دوا پیاوەکە لەو ڕێنماییانە پێکهاتبوو:

١- سوود وەرگرتنی هەموو کەسێك لە سوودی گشتییەوە خۆی دەنوێنێت.

٢- پیشەی سەرتاشێك لەگەڵ پارێزەرێك جیاوازیی نییە، چونکە هەردووکیان کار دەکەن تا زادی خۆیان لەو کارەدا پەیدا بکەن.

٣- ژیانی کارکردن، واتە ژیانی جووتیارێك و پیشەوەرێك، ژیانێکە شیاوی گوزەرانە.

ئەوانە ڕێنماییە سەرەتاییەکان بوون، بەڵام ئەوانی ترم هەنگاو بەهەنگاو وەردەگرت، بەڵام هەرگیز بۆم نەکرا ڕووبەڕووی سێیەم بەشی ڕێنماییەکان ببمەوە. لەو کتێبەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کەوا فێربوونی یەکەم فێربوونی هەنگاوەکانی دووەم و سێیەمیش بەدواوەیە. بەیانییەکەی لەگەڵ کازیوە بەئاگاهاتم، ئیتر بەوریاییەوە بەرەو جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان بەڕێ کەوتم.

## کێڵگەکەی فونیکس

لە هەموو بوارەکان قسەم لەگەڵ بەڕێز ویست کرد، پێموت کتێبی هەتا دوا پیاو زۆر کاریگەری لەسەر من داناوە، پێشنیاریشم کرد ڕۆژنامەکەمان ڕای هێندی بگوازینەوە کێڵگەکە، هەموومان بەیەکەوە کاری تێدا بکەین. هەموو خەڵکەکە بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز مانگانە سێ پاوەندی بۆ ببڕینەوە.
بەڵام لەو بەرنامەدا کێشەی ئەوەمان هەبوو چۆن بتوانین ئەو دە کرێکارە لەو شوێنە دوورە نیشتەجێ بکەین و چۆن بەو بڕە پارەیەش ڕازی بن، کە لە شێوەی یارمەتییە نەك مووچە، بۆیەش پێشنیارمان کرد، ئەوانەی ئێستا ناتوانن بچنە کێڵگەکە دەتوانن بمێننەوە و پارەکەش وەربگرن تا ڕەوشیان دەگونجێت و ئینجا بگەنە سەر کارەکانیان لەوێ. لەسەر ئەو پێشنیارە قسەم لەگەڵ بەڕێز مادانجیت کرد. ئەو پێشنیارەکەی پێ زۆر گێلانە بوو، وتی بەو پرۆژەیە هەموو سامانەکە دەخەیتە مەترسییەوە، چونکە کرێکارەکان لەوێ ڕادەکەن و ڕۆژنامەکەش لە کار دەکەوێت و بەناچاری دادەخرێت.
یەکێك لەوانەی لە ڕۆژنامەکە کاری دەکرد ئامۆزایەکی خۆم بوو، شاجانلال غاندی، ئەو ژن و منداڵی هەبوو، لە منداڵییەوە لەکن من ئیشی کردبوو، پێشنیارەکەی پێ باش بوو، یەکسەر قبووڵی کرد. ئەو دانوستانی نەکرد و پێشنیارەکەی زۆر پێ سەرکەوتوو بوو، هەروەها کارمەندە میکانیکییەکەشمان قبووڵی کرد، بەڵام ئەوانی تر بەشدارییان نەکرد، بەڵام وتیان ئەگەر چاپخانەکەش بگوازرێتەوە ئەوێندەری بەدڵنیاییەوە قبووڵی دەکەن.

تەنها دوو ڕۆژم ویست تا ئەو کاروبارانە لەگەڵ کرێکارەکان ساز بکەم. داوام کرد کەوا پێویستمان بەپارچە زەوییەکی نزیک لە وێستگەی ترێنەکە هەیە و لە دربانیش نزیک بێت. پارچە زەوییەکیان بۆمان دۆزییەوە، لەگەڵ بەڕێز ویست ئەرزەکەمان بینی، بەهەفتەیەك زەوییەکەمان کڕی، کە ڕووبەرەکەی بیست ئاکرا دەبوو. کانییەکی جوان لەناو زەوییەکەدا هەبوو، هەندێ دار مانگۆ و دار پرتەقاڵیشی تێدابوو. لەتەنیشت ئەویش پارچە زەوییەکی تر بەڕووبەری هەشتا ئاکرا هەبوو، ئەویشمان کڕی. ئەوانە هەموو نزیکەی هەزار پاوەندی ویستبوو.

کۆچکردوو بەڕێز ڕۆستومجی، ئەگەر پڕۆژەکەی بەدڵ بوایە، لەو پڕۆژانەدا یارمەتی دەدام. ئەو هەندێ کەرەستەی وەك ئاسن و شتی تری لەبن دەستم دانا، ئەو خەڵکەی لە شەڕەکەی بویر بەیەکەوە بووین کۆمەکیان کردین تا دروستکراوەکە بەرزبکەینەوە و سەری بگرین و بیکەینە چاپخانە. ئەوەمان بەمانگێك تەواو کرد، کە درێژییەکەی حەفتا پێ و پانییەکەشی پەنجا پێ دەبوو. بەڕێز ویست لەگەڵ ئەو لە ناخۆشییەکانی ئیشکردنەکەدا هاوکاربوو و لەگەڵ کرێکارەکان دەمایەوە. ناوچەکەش چۆڵەوانی بوو، هەمووی پووش و بەردەلان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر بوونی ماری زۆریش مەترسی زۆری تێدا بوو. سەرەتا خۆمان لەناو خیوەتدا دەژیاین، بەیەك هەفتە هەموو کەرەستەکانمان گواستەوە فونیکس کە چواردە میل لە دربان دوور بوو. شوێنەکەش دوو میل و نیو لە وێستگەی ترێنی فونیکسەوە دوور بوو. ئیتر بەو شێوەیە فونیکس بووە سەرچاوەیەك بۆ دابینکردنی ژیان و پارە کۆکردنەوە، بەڵام سەرەتا کەم کەس هاوبیری پڕۆژەکەم بوو. ڕۆژنامەکە لە ساڵی ١٩٠٤ پاش تێپەڕاندنی هەموو کۆسپەکان لەو کێڵگەیەدا دەستی بەوەشاندن کرد.

## شەوی یەکەم

دەرچوونی ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی رای هیندی لە فونیکس ئاسان نەبوو. من لەگەڵ ئەو نەبووم چاپخانەکە بەمولیدەیەك ئیش پێ بکەین، شوێنەکە لەوە دەوەشایەوە کەوا چاپەکە بەدەستی بکەین. دەبوایە هەموومان تا ماوەیەکی درەنگ بمینێنەوە تا رۆژنامەکە لەکاتی خۆیدا دەربچێت. شەوەکانیش گچکە و گەورە هەتا کاتژمێر دەی شەو کارمان دەکرد، بەڵام شەوی یەکەمی دەرچوونی رۆژنامەکەم لەبیرناچێتەوە، کاغەز لەسەر مەکینەکە بەسترابوو، ئەویش ئیشی نەدەکرد. لە دربانەوە ئەندازیارێکمان هێنا مەکینەکەمان بۆ چاك بکاتەوە، بەیەکەوە لەگەڵ بەڕێز ویست خەریکبوون، ئەنجامی نەبوو، هەموومان نیگەران بووین، ویست چاو بەفرمێسکەوە هاتە لام و وتی.

مەکینەکە ئیش ناکات، دەترسێم نەتوانین رۆژنامەکە لەکاتی خۆیدا دەربکەین. منیش دڵم دایەوە و وتم: هیچ چارەیەکمان نییە، فرمێسك رشتنیش سوودی نییە. باشە با بزانین چۆن دەبێت، ئەدی مەکینە دەستییەکە چۆنە؟ ئەو وتی: ئێمە لە کێ ئەو هەموو پیاوە بهێنین ئەو مەکینەمان بۆ بسوورێنێت، ئەوەیان بەئێمە ناکرێت، مەکینەکە دەبێ چەند کەسێکی بەردەوامی لەسەر بێت، چوار کەس یەکتری بگۆڕن، پیاوەکان هەموو ماندوون.

هێشتا ئیشی دروستکردنی بینایەکە تەواو نەببوو، دارتاشەکان لەوێ بوون. ئەوان لەسەر عەردەکەی دەنووستن، بۆیە منیش ئاماژەم بەوان کرد و وتم: دەبێ ئەو دارتاشانە یارمەتیمان نەدەن؟ دەکرێ ئەو شەو هەتا بەیانی ئیش بکەین. وادەزانم تەنها ئەو چارەیەمان لەبن دەستدایە. بەڕێز ویست وتی: من جورئەت

ئاگەم ئەو کرێکارە دارتاشانە بەئاگابهێنم، بەڕاستی ئەوانە زۆر ماندبوون.

منیش وتم: من ئەوە دەکەم.

ئەویش وتی، ئەگەر تۆ ئەوە بکەیت دەکرێ ئیشەکەمان راپەڕێنین.

من دارتاشەکانم بەئاگاهێنا، داوام لێ کردن یارمەتیمان بدەن، نەدەکرا فشاریان بخەینە سەر.

ئەوان وتیان: باشە ئەگەر لەکاتی تەنگانە بەکەڵکتان نەیێن، کەی بەکەڵکتان دێین؟ ئێوە پشوویێك بدەن، ئێمە چارەی دەکەین، ئەوە هەر ئاسانە.

دیارە کەوا پیاوەکانی ئێمە هەموو دەمێك ئامادەبوون. بەو قسانە ورەی ویست بەرز دەبێتەوە، ئەو دوعای بۆ دەکردین و ئێمەش ئیشمان دەکرد. من هاوشانی دارتاشەکان ئیشم دەکرد، ئینجا خەڵکەکەی تریش بەهانامانەوە هاتن. ئیشەکە هەتا کاتژمێر حەوتی بەیانی بەردەوام بوو. بەڵام هێشتا کاری زۆرمان مابوو، بۆیە بەبەڕێز ویستم بوو، برۆ ئەندازیارەکە بەئاگابێنە، بزانین مەکینەکە ئیش پێ ناکات، با کۆششێکی تریش بکاتەوە. بەوەیان رەنگە رۆژنامەکە لەکاتی خۆیدا دەربچێت.

ویست ئەندازیارەکەی بەئاگا دەهێنێتەوە، هەر کە ئەو دەست دەداتە ئامێرەکە یەکسەر ئیش دەکات. ئیتر هەموومان دڵمان خۆش بوو. منیش وتم: سەیرکەن چۆن ئیش دەکات، شەوی رابردووش ئەوەندە خۆمان ماندوو کرد.

یەکێکیان وتی: نازانین بڵێین چ! رەنگە ئامێریش وەك مرۆڤ پێویستی بەپشوودان هەبێت. ئیتر ئیشەکەمان لەکاتی خۆیدا تەواو بوو، هەمووشمان دڵمان خۆش بوو و رۆژنامەکەش لەکاتی ئاسایی خۆیدا دەرچوو. بەهەموو شێوەیەك، ئینجا بەئامێرەکە یان بەکاری دەستی بوو، ئیشەکەمان رادەپەڕاند و ورەمان بەرزبۆوە، بەو پەڕی دڵسۆزیی و نەبەردییەوە لە فونیکس کارمان دەکرد.

## بولاک گیانبازییەک قبووڵ دەکات

هیچ هیوایەکم نەبوو وا زوو بگەڕێمەوە هیند. من بەڵێنم بەهاوسەرەکەم دابوو پاش ساڵێك بگەڕێمەوە، ساڵەکە تێپەڕی و هیچ بوارێکی گەڕانەوەم نەبوو، بۆیە داوام کرد ئەو لەگەڵ منداڵەکان بێنە لام.
لەناو پاپۆڕەکە لەکاتی یاریکردنی لەگەڵ کاپتنەکە دەستی رامداسی کوڕم دەشکێت. ئەویش دکتۆرەکەی ناو پاپۆڕەکەی بۆ دەهێنێت و خزمەتی دەکات. کە لە پاپۆڕەکە دابەزین بینم دەستی بەستراوەتەوە. دکتۆرەکە پێی وتبوو، واباشە بچیتە لای دکتۆرێکی پسپۆر. منیش ئەو دەمانە زۆر بڕوام بەچارەسەرییە قووڕییەکەیان هەبوو. من زۆریش لە موەکیلەکانم بەتیمار و چارەسەرییە قووڕییەکان و دەرمانە ئاوییەکان ئامۆژگاری کردبوو، بەوەش سەرکەوتنی باشم بەدەست هێنابوو.
باشە دەبوایە لەو دەمانە چ بۆ کوڕەکەشم بکەم؟ ئەو تەمەنی تەنها هەشت ساڵان بوو. پرسم پێکرد و وتم دەتەوێ من خۆم دەستت تیمار بکەم. ئەویش بەپێکەنینەوە دەڵێت هیچ لارییەکم نییە. دیارە منداڵێك لەو تەمەنەدا خۆی هیچ بژارێکی تری نییە، بەڵام دەیزانی جیاوازی نێوان جادووگەری و چارەسەری تەندروستی دروست چییە. ئەو دەیزانی من زۆرجار تیمارەکان لەماڵەوە دەکەم. دیارە کەوا ئەو بڕوای تەواوی بەمن هەبوو تا خۆی بداتە بن دەستی من. کە ویستم لەفافەکانی لەدەستی بکەمەوە، دەستم دەلەرزی، دەترسام. برینەکەم

پاك شووشت، دووباره دەستم بەستایەوە. یەك مانگ ڕۆژانە برینەکانم بەو شێوەیە بۆ چارەسەر دەکرد تا برینەکانی چاکبۆوە. ئینجا دەستم لە قووڕ گرت و بەستامەوە، ئیتر شکانەکە بەر لەو کاتەی دکتۆرەکەی ناو پاپۆڕەکە دایناببوو چاك بۆوە. کە پەیوەندییەکانم بەئەوروپییەکان دەکرد هەستم بەمەترسی دەکرد ئەو مەترسیانەی لەکاتی چارەسەرییەکانم بەمادە سروشتەکان بۆ نەخۆشییەکان دەکرد. دیارە کەوا مەرجیش نییە هەموو ئەزموونەکان ڕاست بن وەك چۆن ئەزموونی دکتۆرەکانیش هەموو ڕاست دەرناچن، جا ئەوەی ئەزموونەکان تاقی دەکاتەوە دەبێ سەرەتا لە خۆیەوە دەست پێ بکات، خوداش بەردەوام هاوشانی کەسە ڕاستگۆیەکانە.

تا بولاك خەرجیی کەم ببێتەوە هێنامە لای خۆم بژێت. ئەو چەند ساڵ بوو دەستگیرانەکەی لە ئینگلترا بوو، لەبەر پارە و پێداویستەکانی زەماوەندەکە ژنەکەی نەدەگواستەوە. من زۆرم لەبەر دەخوێند، وتم ئەگەر وا بێت هەژارەکان کەس ژن ناهێنن، ناکرێ لەبەر نەبوونی پارە ئەو پرۆسەیە دوابخەیت. ئیتر بەقسەکانم قایل بوو، ناردنی دەستگیرانە کریستیانەکەی هات و بەیەکەوە کە خۆی جوولەکە بوو، ئەوان ئایینیان جیاواز بوو، بەڵام خاڵی هاوبەشی ئەخلاق ئەوانی کۆدەکردەوە، بۆیە زەماوەندێکی سادەی بێ خەرجییان کرد.

با ئەو قسەیەش بەو بۆنەیەوە بگێڕمەوە، تۆمارکردنی پرۆسەکە کێشەیەکی هەبوو کەوا بەرپرسی تۆماری ئەوروپییەکان نەیدەتوانی ژنی سپیپێست لە پیاوی ڕەشپێست مارە بکات. ئینجا منیش ببوومە شاهیدی مارەکردنەکە، بۆیە بەرپرسەکە وتی هەتا پرسێك نەکەم ئەوە ناکەم. ڕۆژی دواییش یەکشەممە بوو، پاش یەکشەممەش سەرەساڵ بوو، ئەوەش پشووی فەرمی بوو، بەوەش مارەکردنە چەند ڕۆژێك دوادەکەوت. کە من قازییەکەم دەناسی، چوومە لای و تێمگەیاند کەوا ناکرێ ئەو پرۆسەیە دوابکەوێت، چونکە هیچ بەربەستێکی

یاسایی نییە ئەو پرۆسەیە نەکرێت، بۆیە ئەو فەرمانی بەبەرپرسی تۆمارکردنەکە کرد و مارەییەکەمان ئەنجام دا.

لەناو خێزانەکەی من جۆرەها رەگەز و نەتەوە و رەنگ دەژیان، ئەگەر خاتوو بولاکی تازە بووک لەگەڵ هاوسەرەکەشم هەندێ جاریش دەمەقاڵێیەکیان دەبوو، بەڵام نەدەگەیشتە ئەو رادەیەی کە ناکۆکییەکان لەناو خێزانە ئاساییەکانی تریش هەبوون، هەموومان وەك یەك بنەماڵە بەیەکەوە و لەناو یەك شیرازەدا دەژیاین.

هەر لێرەدا پێم خۆشە باسی زەماوەندەکەی بەڕێز ویستیش بکەم، من لەو تەمەنەدا هزری براهماشاریام باش گەشەی نەکردبوو، بۆیە دەمویست هەموو هاوڕێیەکانم ژن بهێنن، کە بەڕێز بەسەردان دەچێتەوە لوپ بۆ بەسەرکردنەوەی خێزانەکەی، من پێم وتبوو ئەگەر گونجا بەبێ هاوسەر نەگەڕێتەوە. فونیکس ماڵی هاوبەشی هەموومان بوو. هەمووشمان دەبوایە جووتیار بین، بۆیە ترسمان لە رەفتارە ئاساییەکانی ژنەکانمان نەبوو. کە ویست گەڕایەوە هاوسەرێکی لەگەڵدا بوو، ئەویش کیژێکی جوانی دانیشتووی شاری لیستر بوو. بنەماڵەکەیان کارگەی دروستکردنی پێڵاویان هەبوو، ئەویش لەو بوارەدا شارەزایەکی پەیداکردبوو. کە دەڵێم کیژەکە جوان بوو، رەوشتی جوان بوو، جوانی راستەقینەش لە بێگەردی دڵەوە سەرچاوە دەگرێت. بووکەکە کە هاتبوو دایکی لەگەڵی هاتبوو، ئەو پیرەژنێکی ئەوەندە خۆش و ئاوەدان و مەجلیس خۆش بوو، هەمووومان لە ئاست ئەودا شەرممان دەکرد.

من وەك چۆن هاوڕێیە ئەورووپییەکانم هان دەدا ژن بهێنن و هاوسەرگیری بکەن، هاوڕێیە هیندییەکانیشم هان دەدا هاوسەر و منداڵەکانیان لە هیندەوە بهێنن، ئیتر بەو جۆرە فونیکس بوو بەگوندێکی گچکە، کە شەش خێزانی تێدا نیشتەجێ ببوو، بەردەوامیش ژمارەیان زۆرتر دەبوو.

## نیگایەکی خێرای ناوماڵ

ئەگەرچی ماڵەکەمان لە دربان بەرەو سادەیی دەچوو، ماڵەکەمان لە جۆهانسبێرگ لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی راسکین بەسیستەمێکی توندکارانە بەڕێوە دەچوو.

ماڵەکەم سادە کردبوو، لە ماڵی پارێزەرێك نەدەچوو. کەلوپەلەکانی ناوماڵەکەم کەم کردبۆوە. من زۆرتر ناوەوەم گۆڕیبوو نەك دەرەوەی. روومان لەوە دەکرد ئیشەکانمان بەدەستی بکەین، کوڕەکانیشم بەو ئاراستەیە دەبرد.

بەپێی سیستەمی کون نانمان بەبێ خەمیرە دەکرد، چیتر لەلای نانوانەکان نانمان نەدەکڕی. ئاردی ئاشەکان بەکەڵك ئەو جۆرە نانانە نەدەهات، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە بەدەستی گەنمەکە بهاڕین و بیکەینە ئارد، ئەوەش لەڕووی ئابوورییشەوە باشتربوو، ئاشێکی دەستکردی گچکەمان بەحەوت پاوەند کڕی، کە لە دۆلابێکی ئاسن پێکهاتبوو، بەڵام دۆلابەکە لەبەر گرانی و گەورەیی بەدەستی یەك کەس با نەدەدرا، دەبوایە بەدوو کەس بکرێت. من خۆم بەردەوام لەگەڵ یەکێکیان هاڕینەکەم دەکرد. ئیتر هەموویان نۆرەیان لەو کارە دەهات. ئینجا خاتوو بولاك کە گەیشتە ناو ماڵەکەمان ئەویش بادانەکەی بەردەکەوێت. منداڵەکانم هەرگیز لەو کارەدا منیان شەرمەزار نەدەکرد، بەڵام ئەوەم باش لەبیرە، کە چۆن هەندێ لە منداڵەکان بەبیانووی ماندبوون خۆیان دەدزییەوە. لەناو ماڵەکەمان خزمەتکارێکیش هەبوو، بەڵام ئەو وەك ئەندامێکی ناو خێزانەکەمان لەناو ماڵەکەدا دەژیا، کوڕەکانیش لە هەندێ ئیش و کارەکاندا

یارمەتییان دەدا. کەناسەکانی شارەوانی زبڵی دەرەوەیان بۆمان هەڵدەگرت، بەڵام ئێمە بەخۆمان گەرماوەکەمان خاوێن دەکردەوە. بەخزمەتکارەکەمان نەدەوت توالێتمان بۆ پاک بکەرەوە، ئەوەش مەشقێکی باش بوو بۆ منداڵەکانیش، بەوەش منداڵەکان رقیان لە کەناسەکانی شارەوانی نەبوو، خۆشیان زانیاری باشیان لەسەر تەندروستی گشتی پەیدا کردبوو، باشیش دەیانزانی ئەگەر یەکێک نەخۆش بکەوێت تیماری بکەن. من بەخۆم دەرسم بەمنداڵەکان دەدا، بۆیەش گلەییان لەو بارەیەوە هەبوو. من لەوەیاندا کەمتەرخەمم و هەڵەم کردووە. رۆژانەش بەپێیان هەتا نووسینگەکەم دەرۆیشتین، کە نزیکەی پێنج میل دەبوو. ئەوەش بۆ ئەوان وەک مەشقکردن زۆر باش بوو. لەو رێگایەشدا قسەم بۆ دەکردن و ئامۆژگارییم دەکرد. هەموو منداڵەکانم لە جۆهانسبێرگ بەو شێوازە پەروەردە دەکرد، تەنها کوڕە گەورەکەم نەبێت ئەو لە هیند بوو، گلەییشی لەسەر من هەبوو لە رۆژنامەکاندا باسی ئەو مەسەلەیەشی کردبوو، بەڵام منداڵەکانی ترم لەسەر ئەو جۆرە پەروەردە گەردەنیان ئازاد کردم. ئەوەندی من بەرەو خزمەتکردنی گشتییم دەبردن، ئەوەندە نەوانم فێری شتی تر نەدەکرد.

زۆر ئاساییە کە منداڵ لە زۆر لایەندا وەک خەسڵەتە جەستەییەکان و دەروبەردا کاریگەری دایکوباوکیان پێوە دەبێت، ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی یەکەم بۆ منداڵ. منداڵی واشم دیوە کەوا توانیویانە لەسەر ئەو رەوشتەی بەمیرات بۆیان دەمایەوە زاڵ دەبوون و بەرنامەی خۆیان پەیرەو دەکرد، چونکە بێگەردی خەسڵەتێکی رۆحە.

من زۆرجار لەسەر مەسەلەی زمانی ئینگلیزی و منداڵەکان لەگەڵ بولاک قسەمان دەکرد. ئەوانەی منداڵەکانیان لەجیاتی فێری زمانەکەی خۆیان بکەین بەرەو ئینگلیزییان دەبەن، خیانەت لە نەتەوە و لە منداڵەکانیان دەکەن، چونکە ئەوانە

لە دواڕۆژدا ناتوانن خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن. بۆیەش من بەردەوام لەگەڵ منداڵەکانم بەزمانی جوجراتی قسەم دەکردن، بەڵام بولاك ئەوەی بەڕاست نەدەزانی و دەیوت منداڵەکانت لە زمانی ئینگلیزی بێ بەش مەکە، چونکە ئەوەیان زمانێکی جیهانی گرینگە، دیارە من رایی نەدەبووم، ئەوەش زۆرتر لەبەر کەللەڕەقییەکەم بوو، نەك لەبەر دروستی هەڵوێستەکانم، ئیتر من لە ماوەی بیست ساڵدا بۆچوونەکانم نەگۆڕی و منداڵەکانم لە فێربوون بێبەش دەکرد، بەڵام بەدوو زمان قسەیان دەکرد. لەبەرئەوەی کۆنتاکتیان لەگەڵ هاوڕێیە ئینگلیزەکان زۆر بوو بۆیە نووسینیان بەزمانی ئینگلیزی دەزانی و لە وڵاتەکەشدا زمانی پەیڤینی فەرمی ئینگلیزی ببوون.

## شۆڕشەکەی زولو

دیارە من بۆم نەنووسرابوو لە جۆهانسبێرگ ئارام بژیم. لەو دەمانەی خەریک بوو خۆمان بۆ ژیانێکی ئاسوودە ساز دەکرد، ڕۆژنامەکان هەواڵی هەڵگیرسانی شۆڕشی زولویان لە ناتالدا نووسیبوو. من هیچ جۆرە رق و قینێکم لەسەر زولو نەبوو، بەڵام دڵسۆزی ئیمپراتۆرییەت بوو، کە هەستی منی دەجووڵاند، کە ناکرێ دەستدرێژی بکرێتە سەر و منیش ئامادەم نەبم بەرگری لێ بکەم. ناتال هێزی بەرگری زۆری هەبوو، بەڵام خەڵکی خۆبەختکاریان هەر دەویست. منیش یەکسەر نامەیەکم بۆ حاکمەکەمان نووسی، من بەپێویستم دەزانی تیمێکی هیندی ساز بکەین. زوو وەڵامی داواکەم بەڕەزامەندی گەڕایەوە، بۆیە دەبوایە ماڵەکەمان چۆڵ بکەین. بولاک بۆ خۆی خانوویەکی گچکە دەکرێ؛ هاوسەرەکەشم ئامادەبوو بچێتە کێڵگەی فونیکس لەوێ بژیت. ئەو زوو ڕەزامەندی لەسەر ئەو پێشنیارە دەربڕیبوو، ئەو هەرگیز لەسەر ئەو بڕیارانەی من لارییەکی نەبوو، دەبوایە مانگێک پاش داواکەی من خانووەکە چۆڵ بکەم. کەلوپەلەکانم هەندێک نارده لای بولاک، هەندێکیان برده کێڵگەی فونیکس.

تیمەکەی ئێمە بیست و چوار کەس بووین، چووینە دربان، لەوانە چوارمان جوجراتی بووین، ئەوانی تریش لەو کرێکارە هیندییانە بوون کە بۆندی بەقەرز ئیشیان هەبوو. یەکێکیان خەڵکی باشووری هیند و یەکێکی پشتووی ئازادیشمان لەگەڵدا بوو. دکتۆرە ئەفسەرە گەورەکە پلەی سەربازی بەئێمەش بەخشی، تا ئیشەکانمان باش بڕوات جلی سەربازییان داینێ. تیمەکەمان لە

بەرەکاندا ماوەی شەش هەفتە مایەوە. کە من گەیشتمە شوێنی شۆڕشەکە هەستم کرد شتێك نییە بەناوی شۆڕش. بەرگری نەبوو، هەموو ئاژاوەکە تەنها ئەوەبوو کەوا سەرۆکێکی زولو قبووڵی نەبووە باجێکی نوێ بدات. لەوێ کە بەمنیان وت، ئێوە کاری تیماری زولوکان دەکەن، من زۆر دڵشاد بووم. وتیان سپیپێستەکان ئەو ئیشە ناکەن. زولویە برینـدارەکانیش رەوشیان خراپە، ئەوانیش بەهاتنی ئێمە دڵشاد بوون. سەربازەکان لەسەر تێلبەندەکەی نێوانیان وەستابوون، دەیانویست ئێمە لەو کارە سارد بکەنەوە، بەڵام ئێمە گوێمان بەقسەکانی ئەوان نەدا و دەستمان بەئیشەکانی خۆمان کرد، بۆیە ئەوانیش لە ئێمە سەرگران ببوون و جنێویان بەزولوکان دەدا.

بەڵام کە من پەیوەندییم بەسەربازەکانەوە دەکرد، هەستم دەکرد ئەوانیش ئارام دەبوونەوە و ئێمەیان سەخڵەت نەدەکرد، لەوانە هەردوو سەرکردەکە، بەناوی عەقید سپارکس و عەقید ویلی کە لە ساڵی ١٨٩٦ دژایەتی منی دەکرد، لەوێ بەو هەڵوێستەی من سەرسام ببوو، بۆیە منیان بانگ کرد و سوپاسیشیان کردم و منیان گەیاندە لیوا ماکینزی. ئەو ئەفسەرانەش کەسانی خۆبەختکاربوون و عەقید ویلی پارێزەرێکی ناسراوی دربان بوو. عەقید سپارکس پێشانگای فرۆشتنی تراکتۆری لە دربان هەبوو. لیوا ماکینزیش موڵکدارێکی کشتوکاڵی ناسراو بوو لە ناتالدا. ئەوانە هەموو مەشقی سەربازی زۆریان کردبوو، بۆیە ئەفسەری بەئەزموون بوو.

ئەو بریندارانی ئێمەی تیمارمان دەکردن لە شەڕدا بریندار نەببوون، ئەوانە هەندێکیان گومانیان لێ کردبوون و گیرابوون و دارکارییان کرابوون، بەوەش پشتیان زامدار ببوو، لەبەرئەوەی تیمار نەکرابوون برینەکانیان ترسناك ببوو، بۆیەش پێویستیان بەزۆرترین چاودێری تەندروستی و سارێژی برینەکانیان هەبوو، ژمارەیەکیشیان لەو زولویانە بوون کە لایەنگیری حکوومەت بوون،

ئەگەرچی ئەوانە لە شەڕەکاندا نیشانەشیان پێوە بوو، بەڵام سەربازەکان بەهەڵە تەقەیان لێ کردبوون.

لەگەڵ ئەو نیشانەش من سەربازە سپیپێستەکانیشم تیمار دەکرد، چونکە شارەزاییەکی باشم زووتر لە نەخۆشخانە سەربازییەکان پەیدا کردبوو. تیمەکەی ئێمە بەتیمێکی نیمچە جێگیر و جووڵەی کەمەوە بەسترابوو، دەبوایە ئەو تیمە زوو زوو بگوازێتەوە و بچێتە هەر شوێنێك پێویستیان پێمان هەبێت. بۆیەش ئێمە هەموو کەرەستەکانمان بەشان دەگواستەوە. یەك دوو جار ڕۆژانە نزیکەی چل میل دەڕۆیشتین، بەڵام لەبەرئەوەی من کارێکم دەکرد خودا پێی خۆش بوو، بۆیە سەرفرازبووم، لەگەڵ خۆماندا دەبوایە زولوییە لایەنگیرەکانیش هەڵگرین و بەنەقالە بیانگوازنەوە و تیماریان بکەین و ئاگامان لێیان بێت.

## پێدا چوونەوەیەک بەخود

من لە شۆڕشەکەی زولو چەندین ئەزموونم پەیداکرد، زۆریش بەجدییەوە بیرم لە زۆر مەسەلە دەکردەوە. شۆڕشەکەی زولو وەك شەڕەکەی بویر ترسناك نەبوو، تەنها راوە خەڵك بوو و بەس، ئەوەش تەنها بۆچوونی من نەبوو، زۆر لە ئینگلیزەکانیش ئەوانەی من قسەم لەگەڵ دەکردن ئەوانیش بۆچوونیان لەسەر شۆڕشەکە وابوو. بەیانییان دەنگی تەقەی زۆر لەناو گوندە داماوەکاندا دەهات، یان کە لە ناویاندا دەژیام شتی زۆر فێر دەبووم، من بۆیەش لەوێ هەستیم بەویژدانی ئارام دەکرد، چونکە ئەگەر ئێمە ئەوانەمان تیمار نەکردبوایە کەسی تر تیماری نەدەکردن.

ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکانی زولو کەم بوون، چونکە ئەوان بەپەرتی لەسەر گردۆڵکە و نهاڵەکاندا دەژیان. ژیانیان ئاسایی بوو، بۆیە بەوەحشی ناویان دەبردن.

من بیرم لەوە دەکردەوە کەوا هیچ کەس ناتوانێت خزمەتی بەشرییەت بکات، ئەگەری بڕوای بەبراهماشاریا نەبێت. بەوەش دەتوانیت هەست بەخودی خۆت بکەیت، بۆیەش تا من لەو بەرنامەیەدا رێی خزمەتکردن بڕۆم، دەبێ لە خۆشییەکانی ژیان و هاوسەرگیری و منداڵ دروستکردن و پەروەردەکردنیان دووربکەومەوە. ناکرێ من کۆشش بکەم هەوەسەکانی جەستە و رۆح بەیەکەوە تێر بکەم بۆ نموونە ئەگەر من ژنەکەم دووگیان بێت، ناکرێ لەو شەڕەدا بەشداری بکەم و قوربانی بدەم. بەبێ گرێدان بەپەیمانی براهماشاریا ناکرێ

ئیلتزام بەبەڵێنەکان بکەم، چونکە خزمەتی خێزان و لەگەڵ خزمەتی رەوەندەکە بەیەکەوە ناکرێ.

که زۆر لەو رەوشەدا بیرم دەکردەوە، گەیشتمە بڕیارێك بۆ دوا پەیمانم، ئەوەش شادومانییەکی زۆری لەناخمدا چێ کردبوو، بەوەش ئازادییەکی فراوانتر و ئاسۆیەکی بەرینتر بۆ راژەی گشتی بۆ ساز ببوو.

لەو دەمانەی من لە ململانێی بەدەنی و عەقڵی دژواردا بووم. دوو سێ رۆژی بوو کە بڕیاری کۆتایی هاتنی شەڕەکە لە ئارادا بوو، بۆیەش شەڕەکە وەستا و ئێمەش تەسریح بووین و منیش گەڕامەوە ماڵەوە. پاش چەند رۆژێك لە حاکمەوە نامەیەکی دەستخۆشی بۆ بەشدارییمان لە تیمە فریاکەوتنەکەمان بەدەست گەیشت.

بابەتی براهماشاریام بەسۆزەوە لەگەڵ شاجانلال و ماجانلال و ویست و ئەوانی تر دانوستان دەکرد. ئەوان بیرۆکەکەیان لا باش بوو، بڕیاریشیان دابوو ئیلتزامی پێوە بکەن، بەڵام باسی بوارە زەحمەتەکانیشیان دەکرد. هەندێکیان پەیمانەکەیان جێبەجێ کرد و ژمارەیەکیشیان بۆیان نەکرا و پەشیمان بوونەوە.

من پەیمانی هەتا هەتاییم بەبراهماشاریا دابوو. ئەوەش دەڵێم بەڕاستی پەیمانەکەشم دابوو، بەڵام نەمدەزانی کەوا ئەرك و دەرئەنجامەکانی وا زەحمەتە، بۆیەش هەتا ئێستا پارسەنگییەکان هەر ماون، بایەخی پەیمانەکەش بەردەوام لەسەر من زۆرتر دەبوو. ئاژەڵان بەسروشتی خۆیان وا دروستبوون کەوا ناتوانن کۆنترۆڵی شەهوەتەکانی نەوسیان بکەن، بەڵام مرۆڤ ئەوە دەتوانێت و کۆنترۆڵی خۆی پێ دەکرێت. کتێبە ئایینییەکانی براهماشاریا ئەگەر زێدەڕۆیشی تێدا بێت، رۆژ بەڕۆژ بەڕوونی بۆمان روون دەبێتەوە کەوا لە ئەنجامی ئەزموونەوە هاتووە و شیاوی بایەخپێدانە.

پابەندبوون بەبراهماشاریا وا ئاسان نەبوو، ئەوەش تەنها پابەند نییە بەجەستە، بەڵام پەیوەستە بەکۆتەکانی سەر جەستە. لەوەش دوورترە کە ناکرێ بیریش لەو بەدکارییانە بکەیتەوە، ئەوەی بەوە پابەند بێت ناکرێ خەونیش بەتێربوونی ئارەزووە جەستەیەکانیش ببینێت. ئەوەش هەنگاوی زۆری دەوێت تا بگەیتە ئەو پلەیە.

من ئێستا دەتوانم بڵێم کەوا هەست بەئارامییەك دەکەم، بەڵام هێشتا دەبێ کۆنترۆڵی تەواوت لەسەر بیرکردنەوەکانتدا هەبێت، ئەوەش مەسەلەیەکی پەیوەستداری گرینگە ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کەوا من لە کۆششەکەدا کەمتەرخەمم، بەڵام ترسی ئەوەم هەیە لە هزری نەخوازراوەوە بیرۆکەیەك دزەم بۆ بکات و هێرشی ناڕەوام بکەنە سەر، بەڵام من لە قوفڵی بەستنەوەی هزری خۆمدا دڵنیام، بۆیەش هەموو کەس دەبێ ئەو رامانە بدۆزێتەوە. کاهین و قەدیسەکان لە ئەزموونەکانی خۆیانەوە زۆریان بۆ بەجێهێشتووین، بەڵام ریسێپتیکی ئامادەی تەواوی سەرکەوتوویان پێشکەش نەکردووین، چونکە ئەو کەمال و نیعمەتە کردەیەکی خوداییە. ئیتر هزری براهماشاریا کە لە ساڵی ۱۹۰۰ هۆگری ببووم لە ناوەندی ساڵی ۱۹۰٦ کۆتایی بەرجەستەبوونی هات.

## لەدایکبوونی ساتیاجراها

رووداوەکانی جۆهانسبێرگ بوار ساز بوو بۆ سەرەتاکانی ژانی لەدایکبوونی ساتیاجراها. ئێستا من هەموو رووداوەکانی ژیانم دەبینم، کە بڕیارەکەی براهماشارام دا، ئیتر ئەوەیان گەیشتە لوتکە و بەنهێنی سازییم دەکرد بگەمە ساتیاجراها. بەر لەوەی ناوەکەی بۆ دابنێین ساتیاجراها هەبوو، بەزمانی جوجراتی هیچ ناوێکی نەبوو. هەر ناوە ئینگلیزییەکەمان بەکاردەهێنا کە ماناکەی بەرگرییە سلبییەکە بوو. کە زانیم لەلای هەندێ لە هاوڕێیە ئەوروپییەکان ناوەکە بەتەسکبینینەوە سەیری دەکرێت، یان بەچەکی خەڵکی بێدەسەڵات دەناسرا و بۆنی قینی لێ دەهات و رەنگە لە داهاتووش توندکاری لێ بکەوێتەوە، دەبوایە منیش بەردەوام بەرپەچی هەموو لێدوانەکان بدەمەوەو دروستی سروشتی بزاڤی هیندی بکەمەوە. بۆیەش بەپێویستم دەزانی، خۆمان هیندییەکان ناوێك بدۆزینەوە کەوا پێناسەی خەباتەکەمان بکات.

پاش کۆششێکی زۆر بۆم نەکرا ناوێك بدۆزمەوە، بۆیە لە رۆژنامەی رای هیندی بڵاوکراوەیەکم راگەیاند تێدا خەڵاتم بۆ باشترین ناو دانابوو. لەوانە ماجنلال غاندی ناوی ساداجراها ، سات_ راستی، ئاجراها_ جێگیربوون،یان پێشنیار کردبوو، ئەوەش خەڵاتەکەی بەرکەوت، بەڵام دوایی ناوەکەمان گۆڕی بەساتیاجراها، ئەوەش دوایی بووە ناوێکی دیاری خەباتەکەمان لە زمانی جوجراتییەوە.

مێژووی ئەو خەباتەمان بەکەڵک هەموو رەوشە عەمەلیەکان دەهات، ئەوەش مێژووی منە لە باشووری ئەفریقیادا، بەتایبەتی ئەزموونەکانم لەگەڵ راستەقینەییدا، بەشی زۆرم لە زیندانادا نووسی. کە لە گرتووخانەی ییراڤداش ئازادبووم نووسینەکەم تەواو کرد. ئەوەش لەلایەن رۆژنامەی ناڤاجیفانەوە بڵاوکرایەوە و دواییش وەك کتێب دەرچوو. بەڕێز ڤالچی جوڤیندچی دیسات کتێبەکەی کردبووە ئینگلیزی و لە رۆژنامەی کارنپ پوتی بڵاوکردەوە، بەڵام من کۆشش دەکەم ئەو کتێبە بەزووترین کات وەك کتێب بڵاوبکرێتەوە. ئەوەش هەموو ئەزموونەکانی منی لە باشووری ئەفریقیادا تێدایە، ئەوەی بیەوێت بزانێت. داواکارم بەوردی ئەو کتێبە بخوێندرێتەوە. من لەو کتێبەدا ئەوانەی ناو ساتیاجراها دووبارە ناکەمەوە، بەڵام لێرەولەوێ و لە بەشەکانی تری ئەو کتێبەدا هەندێ رووداوەکانی خۆم دەنووسمەوە کە لە ساتیاجراهادا نییە. بەکۆتایی هاتنی ئەو ئەزموونە دەگەڕێمەوە سەر ئەزموونەکانم لە هینددا، جا ئەوەی دەیەوێ رەچاوی ریزبەندی زەمەنی ئەزموونەکانم بکات با کتێبی مێژووی ساتیاجراها لە باشووری ئەفریقیادا لەبەر چاو دابێت.

## ئەزموونەکانی دیکەم لە خواردمەنییەکاندا

من بەبیر و بەقسە و بەکار دەمویست ئیلتیزام بەبراهماشاریاوە بکەم، هەروەها دەمویست زۆرترین کاتەکانم بۆ خەباتی ساتیاجراها تەرخان بکەم، بۆیە دەبوایە چەند گۆڕانێك لە ژیانمدا بکەم، زۆرترین کۆتیش لەسەر خۆم دابنێم، لەوانە لەسەر خواردنەکانم. ئەوەش زۆر مەبەستی تەندروستی هەبوو، بەڵام ئەزموونەکانی ترم بەمەبەستی ئایینی بوون.

بەپۆژووبوون و کۆتەکانی سەر خواردنەکانم لەو قۆناخەدا رۆڵێکی گەورەیان لەسەر ژیانمدا هەبوو، چونکە سۆزی مرۆڤ زۆر لە سۆزی خواردنەوە وەردەگرێت. بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی سەر سۆز و خواردنەکانم بکەم، کێشە و ئاستەنگی زۆرم دەهاتە پێش، هەتا ئیستاش ناتوانم بڵێم من کۆنترۆڵی تەواوم کردووە. من هەر خۆم بەنەوسن دەزانم، ئەگەر ئەو کۆتبەندی نەبوایە من بۆ خواردن لە ئاژەڵیش خراپتر دەبووم و لە ئاستی ئەوانیش دادەبەزیم. من کۆششی زۆریشم دەکرد لە عەیبەکانی خۆم چاك بکەمەوە، بۆیەش توانیم هەموو بەرنامە و کارەکانم بۆ کارکردن تەرخان بکەم.

لە ترسی ئەوەی نەوەك بکەومە ناو هاوڕێیەتییەك و لەبەر بێ ورەیی خۆمەوە، بڕیارم دابوو سیستەمێکی خواردن جێبەجێ بکەم کە بریتی بێت تەنها لە میوە و بەڕۆژووبوون لە جەژنی ئایکیداشی و پابەندبوون بەئاهەنگی جەژنی جانماشتامی و جەژنە ئایینییەکانی تریش.

کە سیستەمی خواردنی میوەم پەیڕەو دەکرد، هەستم دەکرد لەگەڵ سیستەمی خواردنی دانەوێڵە هیچ جیاوازییەکی وایان نییە. هەستم بەتامی خۆش لە هەردووکیان دەکرد، خۆ ئەگەر باش لە میوەکە ڕاهاتی ئەوەیان بەتامتریش دەبێت، بۆیە بەجدییەوە بەتەمابووم یان بەڕۆژوو بم، یان خواردنەکەم بکەمە یەک ژەمی خواردن.

بەڵام من هەستم بەوە کردبوو کەوا خواردنیش خۆشییەکی هەیە، کە هەوستی سێکسم لاواز دەبوو، ئارەزووی خواردنم زۆرتر دەبوو، کەواتە بەڕۆژووبوونەکە چەکێکی دوو سەرە بوو، ئەوەش لە ئەزموونەکانی من و ئەوانی تریش دەردەکەوت. تا جەستەم باش بێت، دەبوایە مەشقی وەرزشی بکەم، ئەگەرچی بەرنامەی خواردنیشم دانابوو، بەڵام هەر هەستم دەکرد زەوقم بۆ خواردن دەچوو و، ئەو حەزەش ڕاوی دەنام، کە جۆرێکم دەخوارد جۆرەکەی ترم حەز لێ دەبوو.

زۆر لە هاوڕێیەکانم لەو بەرنامەیەدا هاوسۆز و هاوبیرم بوون، لەوانە هیرمان کالنباخ، لە کتێبەکەی خۆمدا مێژووی ساتیاجراها باسی ئەوم کردووە، بۆیەش پێویست ناکات ئەو قسانە دووبارە بکەمەوە. کالنباخ بەردەوام هاوشانم بوو، ئینجا چ لە بەڕۆژووبوونەکە یان لە گۆڕینەکانی جۆری خواردنەکان. کە براقی ساتیاجراها لەوپەڕی گەشەسەندنا بوو، من لەلای ئەودا دەژیام، زۆریش باسی ئەو بابەتەمان دەکرد. بەڵام لە ئەزموونەکانمدا دەمزانی کەوا هەڵەی وامان کردووە کە باسی خۆشییەکانی تامی خواردنمان دەکرد، چونکە مرۆڤ خواردن ناخوات تا تامی لێ وەربگرێت، بەڵکو دەخوات تا جەستەی بتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. کە هەر ئەندامێکی جەستە یارمەتییەک دەبەخشێت، ڕۆحیش ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، ئەوا تامی تایبەتی خواردنەکەش نامێنێت. ئیتر جەستە تەنها ئیشە تایبەتییەکانی خۆی دەکات و تەواو.

هەرچەند ئەزموون و شارەزاییەکان زۆرتر بن و قوربانییەکانیش گەورە و مەزنتر بن، ئەوانە نابنە هۆکاری جێبەجێبوونی هاوسەنگییەك لەگەڵ سروشت، بەڵام بەداخەوە ئەو چەشنە وا بەرەو پاشەوە دەڕوات. ئێمە شەرم ناکەین لە قوربانیدان بەگیانی زۆرمان بۆ جوانکاری جەستە فانییەکان، تا تەمەن بۆ چەند ساتێکی تری لەرزۆك درێژ بکەینەوە، ئەوەش کوشتنی رۆح و جەستەی لێ دەکەوێتەوە. بواریش خۆش دەکەین بۆ سەرهەڵدانی سەدان نەخۆشی نوێ بۆ چاکبوونەوەی یەك نەخۆشی کۆن. تا تام لە خۆشییەکانی جەستە ببینین، دەگەینە ئەو رەوشەی تاقەتی تامکردنمان لە خۆشییەکان نامێنێت. ئەو مەسەلانە هەموویان لەبەر چاوەکانمان رەت دەبن و ئەوانەی کە زۆر کوێرن ئەگەرنا ئەوە دەبینن.

# ئازایەتی کاستوربا

کاستوربای هاوسەرم سێ نەخۆشی ترسناکی گرتبوو، بەچارەسەرییەکانی ئاوماڵەوە لە مردن دەربازی ببوو، کە جاری یەکەم نەخۆش کەوت تازە بەرنامەکانی ساتیاجراها دەستی پێکردبوو و گەشەی دەکرد. ئەو زوو زوو خوێنی دادەنا. هاوڕێیەکی دکتۆرم ئامۆژگاری کردم نەشتەرگەری بۆ بکرێت. پاش کەمێك دوودڵی ڕەزامەندییم لەسەر نەشتەرگەرییەکە دەربڕی. کاستورباش سست و لاواز بوو، دەبوایە نەشتەرگەرییەکەی بەبێ بەنج بۆ بکەن. نەشتەرگەرییەکە سەری گرت، ئەگەرچی ئەو ژانی زۆر بوو، بەڵام بەئازایەتی خۆی ژنەکە بەرگەی گرت. دکتۆرەکە و ژنەکەی خزمەتی زۆری کاستوربایان کرد، ئەوەش لە دربان بوو، منیش گەشتی جۆهانسبێرگم لە پێشدا بوو، بۆیەش پرسم بەدکتۆرەکە کرد، دەکرێ ئەو بەو ڕەوشە جێبهێڵم. ئەویش دڵنیای کردمەوە کەوا هیچ نییە و نیگەران مەبە. بەڵام پاش چەند ڕۆژێك نامەیەکم بەدەست گەیشت کەوا ڕەوشی تەندروستی کاستوربا باش نییە، ناتوانێت دابنیشێت، جارێکیش بوراوەتەوە. دیارە کەوا دکتۆرەکە نەیدەتوانی مادەی ئەلکهول و گۆشتی بەبێ ڕەزامەندی من بداتێ، ئەو پەیوەندی بەمن کردبوو، ئەگەر بکرێ چەڵاوی گۆشتی مانگای بدەینێ. دیارە منیش ڕازی نەبووم، بەڵام ئەگەر ژنەکە ڕەوشی زۆر خراپە، دەتوانێت خۆی لەوەیاندا سەرپشك و ئازاد بێت. دکتۆرەکە وتبووی من لەگەڵ ئەوەدا نیم لەو ڕەوشەدا پرس بەنەخۆش بکرێت. بۆیە بۆ هەڵبژاردنی جۆری خواردنەکە دەبێ

بەخۆی بێت، مـن بەرگـەی ژیـانی هاوسـەرەکەم نـاگرم، چـونکە ژیـانی لـە مەترسییدایە.
هـەمان رۆژ بـەرەو دربـان سـواری تـرێن بـووم، دکتۆرەکـە بەنەرمییـەوە وتـی: بەرلەوەی تۆ بگەیتەوە من چەڵاوەکەم بەژنەکەت داوە. منیش بەدکتۆرەکەم وت: ئەوەیان جۆرێکە لە فێڵ.
دکتۆرەکە بەباوەڕەوە وتـی: کە دکتۆر دەرمانێک یان خواردنێک بۆ نەخۆشێک دادەنێت، ئەوە هەرگیز فێڵ نییە. ئێمەی دکتۆریش تا ژیانی نەخۆشەکانمان لە مردن دەرباز بکەین، زۆر ئاساییە فێڵیشی لیٚ بکەین. هەستم بەژانێکی قووڵ کرد، بەڵام خۆم ئارام راگرت. دکتۆرەکە کەسێکی ساڵح و هاوڕێیەکی بەوەفای من بوو، لەگەڵ ژنەکەی زۆر یارمەتی ژنەکەی منیان دابوو، بەڵام ئامادە نەبوو ئەو جۆرە کردەوەیەم لەگەڵدا بکات و ئەو رەوشتە تەندروستییەی ئەوم بەدڵ نەبوو.
بە دکتۆرەکەم وت: ئێستا پێشنیارت چییە. من هەرگیز قبووڵم نییە ژنەکەم گۆشت بخوات، هەتا ئەگەر سوور بزانم دەمرێت، بەڵام ئەگەر ئەوە بخوازێت، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە.
دکتۆرەکە وتی:
_تۆ دەتوانیت فەلسەفەکەت بۆ خۆت هەڵبگریت، کە من دکتۆری ئەوم، من مافی ئەوەم هەیە چ بۆ بەرژەوەندی ئەو باشە بیکەم، ئەگەر چارەسەرییەکەی منت بەدڵ نییە، بەداخەوە کە دەڵێم نەخۆشەکەت هەڵگرە و بیبەرەوە ماڵەوە من نامەویٚ لەبەرچاوم بمرێت.
_ بەقسەی تۆ من یەکسەر هەڵیبگرم و بڕۆمەوە؟
_کەی من داوام کردووە هەڵیگریت؟ من دەمەویٚ هەموو ئازادییەکانم بدەیتیٚ تا چارەسەری بکەم، ئەگەر بەوەیان رازی بیت، تا من و هاوسەرەکەم بەکاری

خۆمان هەڵسین و لە مردن رزگاری بکەین. دەکرێ تۆ لێرەش دووربکەویتەوە و نیگەرانیش مەبە. ئینجا ئەگەر ئەو داوایەی من بەئاسایی تێناگەیت، هیچ بژاری ترمان لەپێشدا نییە، هەر ئەوە نەبێت نەخۆشەکەت بگوازییەوە.

وابزانم یەکێك لە کورەکانم لەگەڵدا بوو، بەیەکەوە رێککەوتین کەوا ژنەکەم چەڵاوی گۆشت نەخوات. ئەو رەوشی خراپ بوو پرسمان پێکرد، ئەو لە وەڵامدا وتی: من ئەو چەڵاوە ناخۆم، بەدەگمەن لەو دونیا خەڵك هەیە وەك مرۆڤ لەدایك ببێت. من مردن لەناو باوەشتدا دەخوازم، بەڵام جەستەم بەو شتە پیسە بۆگەنی ناکەم. هەر چەندەی پێمان وت، ئەو لە قسەکەی پەشیمان نەبووە و داوای کرد ببینەوە ماڵەوە.

ئەگەرچی نیگەرانیش بووم، بەڵام بەشادومانییەوە بردمانەوە ماڵەوە. بڕیارەکەم بەدکتۆرەکە وت، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئای کە پیاوێکی دڵڕەقی! دەبوایە شەرمت لەوە کردبوایە، ئەو لەو رەوشەدابوو نەدەبوا پرسیاری لەو جۆرەی لێ بکەیت. ژنەکەت کەڵکی ئەوەی نییە ببیەیتەوە ماڵەوە، رەنگە هەر لە رێگادا بمرێت، ئەگەر زۆریش سووری لەسەر داواکەت ئەوا من ناتوانم رێگات پێ بگرم، ئەگەر هەر چەڵاوەکەی نادەنێ با رۆژێکی تریش لێرە بمینێتەوە.

بەڵام ئێمە هەر ئەو رۆژە هاوسەرەکەم لە نەخۆشخانەکە دەرهێنا. رۆژەکەش باران بوو، نمنم دەباری. وێستگەکەی ترێنیش دوور بوو، دەبوایە بەترێن بچینەوە فونیکس. ماڵەکەی ئێمەش ماوەیەکی درێژ لە وێستگەی فونیکس دوور بوو، نیو میلێك دەبوو، رێگاکە دوور و ناخۆش بوو، بەڵام ئێمە بەپشتیوانی خودا ئەومان هەڵگرت و رۆیشتین، بەر لەوەی ئێمە بگەینەوە ماڵەوە یەکێکم راسپاردبوو کەوا ویست جۆلانەیەکی تۆڕدار ساز بکات و شەش کەسیش بۆ هەڵگرتنی کاستوربا بێنە وێستگەکە، لەگەڵ خۆیان شیری گەرم و

شووشەیەك ئاوی گەرم بهێنن. ئیتر بەگالێسکەکە بەرەو وێستگە و بەو ڕەوشە ترسناکە بەڕێ کەوتین.

کاستوریا ڕەوشـی وا نـەبوو بـەزەییت بـۆی بێتـەوە، چـونکە ئـەو دڵـی مـنی دەدایەوە و دەیوت: نیگەران مەبە، من هیچم لێ نایێت.

جەستەی ئەو ژنە یەك پارچە ئێسك بوو، کەمێکیش گۆشتی پێوە مابوو. ئەو چەند ڕۆژ بوو نانی نەخواردبوو. شۆستەی وێستگەکەش دووردرێژ بوو، هیچ عارەبانییەکیش بۆی نەبوو بێتە ژوورەوە تا سواری بکەین. من خۆم ژنەکەم لە باوەش کرد و هەتا ناو فارگۆنەکەم برد، لەوێش لەناو جۆلانەکەمان دانا، هەر لەوێیەوە کە چارەسەرییە ئاوییەکەم بۆ کرد، وزەی هاتەوە بەر.

یەك دوو ڕۆژ بوو هاتیبووینە فونیکس زانایەکی ئایینی سەرێکی لێداین. ئەو دیالۆگەکەی من و دکتۆرەکەی زانیبوو، ئەو بەدڵسووتانەوە هاتبوو قسەی بۆ بکات کە لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە. ئەو دەیوت، خواردنی گۆشت هیچ گوناح نییە، بۆیەش فەرموودەی حەکیم مانووی بۆ باس دەکرد. دیارە کەوا من حەزم نەدەکرد ئەو جۆرە پەند و فەرموودانە لەپێش هاوسەرەکەم بخوێنێتەوە، بەڵام لەبەر ڕێزگرتن بوو کە بوارم دا قسەکانی تەواو بکات. منیش ئەو قسانەم دەزانی، بەڵام ئەوانە کاریان لە منیش نەدەکرد. ئەو جۆرە ڕێنماییانە من لە ڕامانە ڕووەکییەکەم دوورم ناکەنەوە. باوەڕی ژنەکەش زۆر پتەو بوو، ئەگەرچی ئەو لە دەقەکەش تێنەدەگەیشت، بەڵام دابونەریتی باپیرانی بەس بوو بۆ ئەو بڕوای ئایینی پتەو بێت. منداڵەکانم بڕوای زۆریان بەبڕواکەی من هەبوو، بۆیەش زۆر بایەخیان بەقسەکانی زاناکە نەدەدا، بۆیەش کاستوریا دیالۆگەکەی کۆتایی پێهێنا و وتی: هەرچی تۆ دەڵێیت، من بەهیچ شێوەیەك چەڵاوی گۆشت وەك دەرمان ناخۆمەوە، نامەوێ ماندووشم بکەیت، من دوایی لەگەڵ مێردەکەم و منداڵەکانم قسەی خۆمان دەکەین، بەڵام سوورم لەسەر قسەکەی خۆم.

## ساتیاجراها لەناو ماڵەکەماندا

من لە ساڵی ١٩٠٨ بۆ یەکەمین جار گیرام، لەوێ هەستم دەکرد یاساکانی ناو زیندانییەکە لە ڕێنماییەکانی براهماشاریا نزیکە، کە خەڵک ئارەزوومەندانە جێبەجێی دەکەن، کە کار دەکەن هەموو شەهوەتەکان بگرنەوە. بۆ نموونە دەبوایە گیراوەکان بەر لە خۆرئاوابوون نانی خۆیان بخۆن. ئەفریقییەکان و هیندییەکان بۆیان نەبوو قاوە و چا بخۆنەوە. ئەوان حەقیان هەبوو چێشتی ئامادەکراو خوێی تێبکەن، بەڵام نەدەکرا هیچ شتێک لە خواردنەکان بکەن، ئەگەر گومان بکرێت شەهوەتیان بەجۆش بکات، من داوام لە دکتۆرەکەی نەخۆشخانەکە کرد، با کاری و خوێ لە خواردنەکانمان بکەن، ئەو لە وەڵامدا وتی: من نەهاتووم لێرە شەهوەتەکانتان تێر بکەم. لەڕووی تەندروستییەوە من وادەزانم کەوا کاری مادەیەکی سەرەکی پێویست نییە. سەبارەت بەخوێیەکەش جیاوازییەکی وای نییە چ پێش کوڵانی چێشتەکە یان پاش کوڵانەکە بێت.

لەو ڕۆژانەدا من وازم لە چاخواردنەوە هێنا، ژەمی ئێوارانەشم بەر لە خۆرئاوابوون دەخوارد، بەرنامەکە نەدەگۆڕا و گۆڕانەکەش ئاسان نەبوو، بەڵام ڕۆڵیان هەبوو لە کەمکردنەوەی ئارەزووەکانم، هەروەها جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەوان بۆ من ئەوەندە زەحمەت نەبوو.

لە ئەنجامی ڕووداوێکدا من بەیەکجاری وازم لە خواردنی خوێ هێنا. ئەوەش دە ساڵی خایاند. منیش لە چەند کتێبێک خوێندبوومەوە کەوا خوێ خواردنێکی پێویست نییە، بەڵکو بەپێچەوانە خواردنی بێ خوێ باشترە. ئەوەش لە

ڕێنماییەکانی براهماشاریادا هەیە، هەروەها مرۆڤی جەستە لاواز پێویستیان بەدانەوێڵە نییە، کە من زۆریش حەزم لێی دەکرد.

ژنەکە جارێکی تر خوێن دادەنێت، تەندروستی باش نەدەبوو، زۆرم ئامۆژگاری کرد بەقسەکانی دکتۆرەکە بکات، دیارە کەوا چارەسەرییەکانی من سوودی نەبوو، بەڵام سوور بوو لەسەر بەرنامەکانی خۆی، بەهیچ شێوەیەك خوێ و دانەوێڵەی نەخوارد.

کاستوربا بەو قسانە سەرسام دەبێت و بەخەمگینەوە دەڵێت: تکایە لێم ببوورە، ناکرێ من تۆ تووڕە بکەم. من تۆ باش دەناسم، ناتوانم ئەوە بکەم. بەخوداش سوێندت دەدەم لەو قسەیەت بگەڕێوە، من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم.

منیش وتم: من دەزانم نەخواردنی ئەوانە بۆ تۆ باشە، منیش هەرگیز لە بەڵێنی خۆم پەشیمان نابمەوە. کە زانیم ژنەکە خواردنەکە ناخوات تێگەیشتم کەوا زۆر لامله، گوێ لەکەس ناگرێت، بۆیە لەناو خەمەکانی خۆیەوە دەگرێت.

ئەو نموونەیە دەکرێ ببێتە نموونەیەکی ساتیاجراها، ئەوەش جوانترین بیرەوەرییەکانی ژیانی منە. بەڵام پاش ماوەیەك ژنەکەم چاك دەبێتەوە و وزە پەیدا دەکاتەوە بەبێ ئەوەی خوێ و دانەوێڵە بخوات. منیش بەرنامەکانم بۆ نەخواردنی خوێ و دانەوێڵە جێبەجێ کرد. تەنها لە ساڵی ١٩١٤ یەکجار لە لەندەن ئەوانەم خواردبوو. زۆر لە برادەران ئەزموونی خواردنی خوێ و دانەوێڵەیان تاقیکردەوە، ئەوەش ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام هێشتا لەسەر ئەو خواردنە دوو بۆچوون هەیە، لەڕووی تەندروستییەوە دیارە کەوا بەهای خۆی هەیە، بەڵام لەڕووی مەعنەییەوە رۆح سوودی لێ دەبینێت بۆ کەمکردنەوەی لایەنێکی شەهوانیەت و خۆشییەکان.

## بەرەو کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانی نەفس

لە لاپەڕەکانی پێشوو ئەوەم روون کردەوە کەوا نەخۆشکەوتنی کاستوربا فاکتەرێك بوو بۆ گۆڕینی هەندێ بەرنامەکانی سیستەمی خواردنەکەم، ئەوەش پشتیوان بوو بۆ پەیمانی براهماشاریا. گۆڕانی یەکەمی بەرنامەکەم نەخواردنەوەی شیر بوو، زووتر زانیبووم کەوا شیر ئارەزووی سێکسم زۆرتر دەکات. ئەوەشم لە کتێبە رووەکییەکان دیبوو، بەڵام کە بڕیاری پەیمانەکەی براهماشاریام نەدابوو، بۆیە شیرەکەم قەدەغە نەدەکرد. ئەوەشم دەزانی کەوا شیر خواردنێکی سەرەکیی نییە، بەڵام وازهێنان لە خواردنەوەشی ئاسان نەبوو، چونکە لە کلکتادا ئەوەم دەزانی کەوا مانگ و گامێش لەلایەن خاوەنەکانیانەوە چەند ئازار دەدرێن، کە ئەوەم دەخوێندەوە لەگەڵ بەڕێز کالنباخ دانوستانم لەگەڵدا دەکرد.

کە من بەڕێز کالنباخم ناسی، ئەو زۆر شەیدای خۆشییەکان و پارە خەرجکردن بوو، ئینجا لە یەکەم دیمانەماندا ئەو چەندین پرسیاری ئایینی کۆنی وروژاندبوو، بەڕێکەوت باسی ئەوەمان کردبوو کە چۆن بوزا وازی لە خۆشییەکانی ژیان هێنابوو، بۆیەش زوو پەیوەندییەکە دەبێتە هاوڕێیەتییەکی پتەو، ئینجا هاوبیریش بووین. بڕیاریش دەدات وەك من، گۆڕانەکانی لە بەرنامەکانی ژیانمدا کردووومە، ئەویش هەمان گۆڕان بکات. ئەو لەو دەمانە ژنی نەهێنابوو، مانگانە ١٢٠٠ رووپیەی دەدایە کرێی خانووەکەی، بەڵام ئێستا مانگانە تەنها ١٣٠ رووپیە خەرج دەکات. بەیەکەوە زۆر دانوستانمان لەسەر

خواردنەوەی شیر دەکرد، تا رۆژێکیان ئەو وتی کە شیر خواردنەوەی خراپە بۆ وازی لێ نەهێنین. من بەپێشنیارەکەی ئەو زۆر سەرسام بووم و زووش قبووڵم کرد. ئەوەش لە کێڵگەکەی تۆلستۆی بوو لە ساڵی ١٩١٢. هەستمان بەوە کردبوو سیستەمی خواردن کە بریتی بێت لە میوە دەرئەنجامی باشە و بەوەش پێویستمان بەچێشتلێنانیش نەبوو. خواردنەکەمان بریتی بوو لە فوولی سودانی تەڕ و مۆز و خورما و لیمۆن و زەیتی زەیتون.

ئەگەر عەقڵێك بێگەرد نەبێت و کەسەکەش بزانێت بێگەرد نییە، ئەوە بە بەڕۆژووبوون پاك نابێتەوە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان خواردەمەنی و براهماشاریا هەبوو، بۆیە دەبوایە بەعەقڵ ئەوە چارەسەر بکرێت و یەکلا بکرێتەوە. لەبەر بوونی پەیوەندییەکی پتەویش لەنێوان عەقڵ و جەستە، بۆیەش بەردەوام عەقڵی شەهوانی ئارەزووی زۆرە بۆ خواردنی بەتام و خۆشییەکان، بۆیەش تا لەوانە دووربکەویتەوە واباشە بەڕۆژوو بیت و خواردنەکانت بەسیستەم بکەیت، چونکە ئەو عەقڵە نەوسنانە نەك کۆنترۆڵیان پێ ناکرێت دەبنە عەبدی هەستەکانیش، بۆیەش بەردەوام جەستەی مرۆڤ پێویستی بەخواردنی پاك و سست و ماوە ماوە بەڕۆژووبوون هەیە.

ئەوانەی گاڵتە بەو بەرنامەیە دەکەن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن و هەڵەکەش گەورەترە لەو هەڵەیەی کە خۆیان داردەستی ئەو نەوسانە دەکەن، چونکە من ئەزموونم هەیە. ئەو سرووتانە عەقڵ کۆنترۆڵ دەکات تا رێ بەشەهوەتەکان بگرێت، ئەوەش پێویست بە بەڕۆژوو و سیستەمە خواردنەکانیش نییە، دیارە کەوا زۆر زەحمەتە بکرێت لە هەموو ئارەزووەکان دابڕێیت.

## بەڕۆژووبوون

کە من لە هیند بووم لە جەژنی ئایکیداشی و بۆنەکانی تر بەڕۆژوو دەبووم، چونکە بنەماڵەکەمان باوەڕداری خوداوەند فیشنو بوون. دایکم بەڵێنی مەزنی لەگەڵ خۆیدا دابوو، دیارە منیش ئەوانەم رازی کردبوو. ئەگەر جاران بۆمان هەبوو لەکاتی بەڕۆژووبوونەکە شیر و میوەش بخۆین، بەڵام ئێستا تەنها ئاو دەچێتە هەناوی من. کە من دەستم بەو ئەزموونەی خۆم کردبوو، ئەو دەمانە بەڕێکەوت مانگی شراڤانی هیندۆسییەکان هاوکات لەگەڵ مانگی رەمەزانی موسڵمانەکان بوو. بنەماڵەکەی من نەک تەنها بڕوایان بەنەزرەکانی خوداوەند فیشنو هەبوو، ئەوان بڕوایان بەنەزرەکانی خوداوەند شیڤاش هەبوو. پەرستگای هەردوو خوداوەندیان زەیارەت دەکرد. هەندێکمان هەتا خۆرئاوابوون لە مانگی شراڤاندا بەڕۆژوو دەبووین، منیش وەك ئەوانم دەکرد.

کە لە کێڵگەی تۆلستۆی بووم بەئەزموونی گرینگ رەتبووم، من و بەڕێز کالنباخ و هەندێ خێزانی تری بڕوادارانی ساتیاجراها بووین، لەوانە هەندێ گەنج و منداڵیشمان لەناودابوو، کە لەبەر ئەو منداڵانە قوتابخانەکەمان دامەزراند. لەوانە چوار پێنجیان موسڵمان بوون، من زۆر یارمەتی ئەوانم دەدات تا بتوانن نوێژانە سرووتە ئایینییەکانی خۆیان بکەن، هەروەها کوڕێکی کریستیان و پارسییەکەمان لەگەڵدا بوو، دەبوایە کۆشش بکەم، ئەوانیش پابەندبن بەسرووتە ئایینییەکانی خۆیان بکەن.

ئیتر خەڵکەکە بەیەکەوە بەڕۆژوو دەبوون، موسڵمانەکان هەتا خۆر ئاوادەبوو هیچیان نەدەخوارد، هاوڕێیەکان خواردنی خۆشیان بۆ رۆژوو شکاندنەکە بۆ

ئامادە دەکردن، دیارە کەوا هەموویان لەو دەمانە ئاویان دەخواردەوە تەنها موسڵمانەکان نەبێت.

ئەوانەی لە کێڵگەکەی تۆلستۆی دەژیان ڤێگاتیری بوون، ئەوەش دەڵێم ئەوانە هەموویان ئەوەیان دەکرد بۆ ڕێزگرتنی هەستەکانی من بوو. گەنجە موسڵمانەکانیش لە مانگی ڕەمەزان گۆشتیان نەدەخوارد، ئەو خواردنە ڕووەکییانەش بەدەستی گەنجە هیندۆسییەکان بەخۆشی و بەتامەوە دروست دەکرا.

## بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بووم

ئەوەی من دەینووسم لە کتێبەکەم مێژووی ساتیاجراها لە باشووری ئەفریقیادا کەم و زۆر باسیان نەکراوە، بۆیە هیوادارم خوێنەرەکان ئەوە بزانن.

کە ژمارەی دانیشتوانی کێڵگەکەمان زۆرتر دەبوو، دەبوایە بوارساز بکەین ئەو کوڕ و کچە گەنجانە فێرە خوێندەواری بکەین، کە بریتی بوون لە کوڕانی هیندۆس و موسڵمان و بارسی و کریستیان و ژمارەیەك کیژانی هیندۆسی. بۆ ئەوەش نەدەکرا مامۆستای تایبەتییان بۆ بهێنین، چونکە مامۆستای باشی هیندیشمان دەست نەدەکەوت، ئەگەر مامۆستاش هەبوایە کەس بەمووچەی کەم نەدەهاتە شوێنێك کە ٢١ کم لە جۆهانسبێرگەوە دوور بێت. دیارە کەوا ئێمە پارەشمان نەبوو، منیش خۆم بڕوام بەپرۆگرامەکانی ئەو دەمانەی خوێندنەکە نەبوو. من دەمویست بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانم سیستەمێکی نوێ دابڕێژم، من بڕوام وابوو کەوا دایکوباوکان لە ڕەوشی نموونەییدا دەتوانن بەدروستی منداڵەکانیان فێر بکەن، بۆیە من پێویستم بەیارمەتی دەرەکی نەبوو. من دانیشتوانی کێڵگەی تۆلستۆییم بەیەك خێزان دەزانی و خۆشم وەك باوکیان وا بووم. بۆیە فێربوون و پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە لەسەر شانی من دابوو.

دیارە کەوا بیرۆکەکەی من لە ناڕەزایی و هەڵەش دوور نەبوو. هەندێ لەو منداڵانە لە گچکەییەوە لەگەڵ مندا نەژیابوون، هەندێکیان لە کۆمەڵگە و ڕەوشی جیاوازدا ژیابوون، یان ئەوانە هەموویان باوەڕداری یەك ئایینیش نەبوون، ئینجا چۆن دەکرا من لەو ڕەوشەدا دەتوانم دادپەروەریی لەنێوانیاندا بکەم؟

من زۆرتر بایەخم بەپەروەردەکردنی ڕۆح و دامەزراندنی کەسایەتی ئەوان دەدا، بڕواشم وابوو کەوا فێرکردنی ئەخلاقی هەموویان کاری پێشینەم بێت. بڕیاریشم دابوو کەوا بەدرێژایی ڕۆژەکان من وەك باوکیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم، بەوەش دەکرێ منداڵەکە پێ بگات و هەموو مەسەلەکانی تر فێربێت و لە داهاتووش دەتوانێت ئەویش خەڵکی تریش فێر بکات.

بە هاوکاری بەڕێزان کالنباخ و براجی دیسای لەبەر ڕۆشنایی بڕوابوونم بەوەی دەبێ ئەو منداڵانە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنن، بەرنامەی پرۆگرامەکانمان دانا، دیارە کەوا جەستەی ئەو منداڵانە لەکاتی ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەم لا گرینگ نەبوو، چونکە کەس خزمەتی کەسی تری نەدەکرد، هەموو بەیەکەوە لەناو کێڵگەکە ئیشەکانیان دەکرد، هەر لە چێشت سازکردن و هەتا خاوێنکردنەوەش. دار و درەختی زۆرمان هەبوو کە خزمەتیان دەویست، بەڕێز کالنباخ زۆر شەیدای خزمەتکردنی باخچەکان بوو. ئەو لە پارکە نموونەییە حکوومییەکان ئیشی کردبوو، جا ئەو منداڵانەی نانیان ساز دەکرد لە باخچەکان هاوکاری ئەویان دەکرد، ئەوەش وەك مەشقێك بۆ جەستەیان باش بوو. ئەوانیش زۆر زەوقیان لەو ئیشانە وەردەگرت و بیریان لە یاریکردنیش نەدەکردەوە. دیارە کەوا هەندێجاریش بەهۆی نەخۆشییەوە خۆیان لەو ئیشانە دەدزییەوە، بەڵام من دەمزانی چۆن لەگەڵیان توند بجووڵێمەوە و ئەوەش بۆ ئەوان خراپ نەبوو. کە ڕاییشم دەکردنەوە خۆیان لەبیر نەدەما و دەگەڕانەوە سەر کەمەکانیان، بەڵام بەهەموو شێوەکان توانیمان بایەخ بەگەشەی جەستەیان بدەین، بۆیە بەدەگمەن خەڵکەکەمان نەخۆش دەکەوتن، بەڵام فاکتەری سەرەکی ئەوەش هەوایە بێگەردەکە و ئاوە خاوێنەکە و نانخواردنی بەبەرنامە و بەکاتەکانەوە بوو.

وا بەکورتی باسی مەشقە پیشەییەکەی منداڵەکان دەکەم. من سوور بووم لەسەر ئەوەی منداڵەکان ئیشێکی دەستی فێربن. کالنباخ تا فێری پیشەی دروستکردنی پێڵاو ببێت، دەچێتە ئەو دێرەی کاهینەکان دەمیان نەدەکردەوە و قسەیان نەدەکرد. لەوێ ئەو پیشەیە فێر دەبێت. ئەو خۆشی کەمێك دارتاشیشی دەزانی. منداڵەکانیش لە خواردن دروستکردنیش شارەزا بوون، بۆیە کۆششمان دەکرد هەموویان پیشەیەك بزانن و کارمان بۆ ئەوە دەکرد.

ئیتر منداڵەکان ئەوانە فێربوون و هەرگیزیش بیریان لەوە نەدەکردەوە کەوا رۆژێك ئەو ئیشانە بزانن، چونکە منداڵانی هیندی لە قوتابخانەکانی باشووری ئەفریقیا تەنها خوێندن و نووسین و ژمێریارییان فێر دەکردن. ئێمە یاسایەکمان دانابوو، کەوا منداڵان دەبێ لەکاتی ئیشکردنی مامۆستاکانیان هاوکارییان بکەن و کۆشش بکەن لەتەنیشت ئەوانەوە هەمان ئیشەکە بکەن، بەمەش منداڵەکان بەخۆشییەوە پیشەکان فێر دەبوون.

ئەگەرچی مەشقە پیشییەکانمان لە کێڵگەکەدا دەکرد، بەڵام من زۆری لێ رازی نەبووم، کەچی سەرکەوتنیشی بەدەست هێنابوو. بەهەرحاڵ فێربوونە ئەکادیمییەکە زەحمەتتر بوو، چونکە کەرەستەمان کەم بوو، هەروەها کاتیشمان بۆ ئەو مەشقانە کەم بوو. رۆژانەش من زۆر دەجووڵامەوە، بۆیە باش هیلاك دەبووم، ئەو دەمانەی کاتی خوێندنی منداڵەکان دەهات شەنگم لەبەردا نەدەما و پێویستی زۆرم بەپشوودان هەبوو، لەبەرئەوەی بەیانییەکان کاری ناوماڵ و ناو باخچەمان زۆر بوو، بۆیە دەوامی خوێندنەکەمان خستبووە پاش نیوەڕۆییەکان. هەر ئەو کاتانەمان بەدەستەوە بوو، بواری ترمان نەبوو.

ئێمە سێ وانەمان بۆ فێرکردنی ئەکادیمی دانابوو. زمانەکانی هیندی و جوجراتی و تامیلی و ئوردی دەخوێند. پرۆسەکەش بەزمانە لۆکالییەکەی خۆمان بوو کە منداڵان قسەیان پێ دەکرد، لەگەڵ ئەو زمانانە زمانی

ئینگلیزیشمان دەخوێند، دەبوایە منداڵە جوجراتییەکان بەشێك لە زمانی سنسکریتی شارەزا بن، هەروەها ئەوانە پێویستیان بەزانیارییە سەرەتاییەکانی مێژوو و جوگرافیا و زانستی ژمێریارییش هەبوو.

من زمانی ئوردی و تامیلییم بەمنداڵەکان دەوتەوە. من تامیلییەکە لە گەشتە دەریاییەکان و لەناو زیندانا فێربووم. زانینی زمانەکەشم هەر ئەوەی ناو کتێبە باشەکەی بوب بوو. نووسینەکەش لە گەشتێکی دەریاییەوە فێربووم، لە هاوڕێیە موسڵمانەکانیشم هەندێ وشەی بارسی و عەرەبییش فێربووم. سەبارەت بەزمانە سنسکریتییەکەش ئەوە لە ئامادەیی ئەو وانەیەمان خوێندبوو. زمانی جوجراتییەکەم وەك هەموو قوتابیان دەزانی و بەس. ئەوە سەرمایەکەم بوو، بەڵام کەرەستەمان کەم بوو، بەڵام هاوڕێیەکانم کۆششی باشیان دەکرد، کە من حەزم لە زمانی زۆر کردبوو، بۆ وڵاتەکەم سوودی هەبوو، ئەوەش بڕوای لا پەیداکردبووم کەوا ڕەنگە بتوانم مامۆستایەتی بکەم، چونکە منداڵەکانیش هیچیان نەدەزانی و دڵیشیان گەورە بوو، بۆیە کارەکەم پێ دەکرا. هەموو منداڵە تامیلییەکان لە باشووری ئەفریقیا لەدایکببوون، بۆیەش زمانەکەیان کەم دەزانی و نووسینیشیان هیچ نەدەزانی، بۆیە دەبوایە من نووسین و ڕێزمانەکەیان فێر بکەم، ئیشەکەش زۆر زەحمەت نەبوو، بۆیەش قوتابییە تامیلییەکان یارمەتییان دەدام، ئەوانەی زمانی ئینگلیزییان نەدەزانی. منیش ڕاستییەکەی خۆم لەلای ئەوان نیشاندابوو، بۆیە کە زمانەکەم باش نەبوو، ئەوان ڕێز و ستایشەکانیان بۆ من کەم نەدەکردەوە. فێربوونی زمانی ئوردی بۆ منداڵە موسڵمانەکان زەحمەت نەبوو. ئەوان شێوازی نووسینیان دەزانی، ئیتر من دەبوایە تەنها هانیان بدەم بخوێنەوە و دەستخەتیان خۆش و جوان بکەن.

ئەوانە نەچووبوونە قوتابخانە، بەڵام من زۆریش پێیانەوە ماندوو نەدەبووم، تەنها ئەوەی دەیویست من تۆزی تەمبەڵییەکەیان لێ داتەکێنم و سەرپەرشتیان بکەم. لەبەرئەوەی من ئەوەم پێ خۆش بوو، بۆیە دەکرا ئیشەکەم راپەڕێنم و لەگەڵ ئەو منداڵانەش کە هەموو تەمەنێکیان لەناودابوو مامەڵە بکەم و لە ژوورەکەمدا بتوانم هەموو وانەکانیان پێ بڵێمەوە.

ئێمە لەو پرۆسەیەدا پێویستمان بەکتێب نەبوو، بڕوا ناکەم سوودم لەو کتێبانە بینیبێت کە لەبن دەستمدا بوون. من وامدەزانی کتێبی راستەقینە بۆ قوتابییەکان مامۆستاکەیەتی و بەس، بۆیە نەمدەویست ئەرکیان قورس بکەم، من باشم لەبیرە کەوا مامۆستاکانمان کەم بابەتیان لەناو کتێبەکانەوە فێر دەکردین.

منداڵ لە هەستی بیستنەوە باشتر فێردەبێت، بەڵام بەچاو بەزەحمەتی فێردەبێت. بڕوا ناکەم کتێبێکی تەواوم بۆ منداڵەکان خوێندبێتەوە، بەڵام بەشێوازە تایبەتییەکەی خۆم ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی دەمخوێندنەوە بۆم دەگواستنەوە. دەتوانم بڵێم، ئەوان هێشتا ئەو زانیارییانەیان لەبیرماوە. ئەوان قسە زارەکییەکانیان باشتر لە نووسینی ناو کتێبەکان بەبیردەهاتەوە. خوێندنەوەیان بەئەرکێکی گران دەزانی، بەڵام گوێگرتنیان لە من چەشەیەکی پێ دەبەخشین، بەمەرجێك ئەگەر من بمتوانیبوایە بابەتەکە بەجۆشەوە بڵێمەوە. من بەپرسیارەکانی ئەوان لەسەر بابەتەکان، ئاستی تێگەیشتنی ئەوانم دەزانی.

## مەشقە رۆحییەکە

مەشـقە رۆحییـەکان بـۆ منـدالآن زەحمـەتتر بـوو لـە مەشـقە بەدەنییـەکان و هزرییـەکان. منـیش بـۆ ئـەو مەشقانە سوودم لـە کتێبـە ئایینییـەکان دەبینی، دەمزانی کەوا منداڵەکان لەسەر ئەوە زانیارییان هەیە. من زووتر و پێش ئەوەی ئەو پرۆسەیە لەو کێڵگەیەدا دەست پێ بکەین کەوا مەشقی رۆحی مەسەلەیەکی سـەربەخۆیە. گەشـەپێدانی رۆح کەسـایەتی بـاڵا دەکـات، وا لـە خـەڵك دەکـات بەدوای هەموو زانیارییـەکانی خودایی و دۆزینـەوەی خود کۆشش بکات. من بڕوام وابوو کەوا ئەوەیان بەشێکە لە پرۆسەی فێرکردنی منـدالآن، ئـەوەش هیچ زیانیکی نییە.

مـن ئـەو ئەفسـانەیەم بیسـتبوو کـەوا هەسـتکردن بـەخود دەبـێ لـە قۆنـاخی چوارەمەوە بێت، واتە بێ بەریبوون لە خود، بەڵام ئەوانەی ئەوە دوادەخەن بۆ ئەو قۆناخە، دەبێ بزانن ئەوە لە قۆناخی دووەمی مندالٌییان کە کاتی بەزەییە و پیربوونە پێی دەگەنەوە، بەوەش دەبنە بارگرانییەك لەسەر شانی ئەو دونیایە. من لە ساڵانی مامۆستایەتی ساڵانی ۱۹۱۱ و ۱۹۱۲ هەستم بەوە کردبوو، بەڵام بەشێوەیەکی تر ئەوەم دەربڕیوە.

مـن چـۆن بتـوانم ئـەو واتـە رۆحییانـەیان پـێ بڵێمـەوە؟ دوعاکـانم بەمنداڵـەکان بەبیردەهێنایـەوە و پێم دەوتنـەوە. ئـەو کتێبانـەم بـۆ دەخوێندنـەوە کە بنچینە ئەخلاقییەکانی تێدا بوو، بەڵام ئەوەش بەس نەبوو. کە لـەوان نزیك دەبوومـەوە دەمزانی کـەوا ئـەو مەشـقە رۆحییە بەکتێب خوێندنـەوە ناکرێـت، ئـەوەش وەك مەشقە جەستەییەکان دەبێت، وەك مـەشقە هزرییـەکان، کە ناکرێ بێ مـەشقی ئـاوەز بکرێـت. مەشـقەکە تـەنها ئیعتیمـادی لەسـەر ژیـانی مامۆسـتا و کەسـایەتییەکەی ئـەو دەکـات، دەبـێ مامۆسـتاکە بـەردەوام ئاگـای لـە هـەموو

هەڵسوکەوت و رەوشتەکانی بێت، ئینجا لەو دەمانەی لەناو خوێندکارەکانە، یان لە شوێنی تریش.

بێگومان ئوسلوبی مامۆستا کاریگەری لەسەر رۆحی قوتابییەکان هەیە، ئەگەر چەند میلیش لێیانەوە دوور بێت. ئەگەر مامۆستا درۆزن بێت ناتوانێت قوتابییەکانی راستگۆبن، موستەحیلە مامۆستای ترسنۆک خوێندکاری ئازا پێ بگەیێنێت. ئەگەر مامۆستا نەتوانێت نەفسی خۆی کۆنترۆڵ بکات، چۆن فێرکارەکانی فێری ئەوە دەکات. بۆیەش من بڕیارم دابوو ببمە مامۆستایەکی نموونەیی پراکتیکی بۆ کیژ و کوڕەکان. بەڕاستی خوێندکارەکان مامۆستای من بوون، بۆیە لەبەر ئەوان دەبوایە راستگۆ و ساڵح بم. دەتوانم بڵێم کەوا سیستەم و کۆتەکانی ناو کێڵگەی تۆلستۆی کە لەسەر خۆم فەرزم کردبوو، زۆربەیان لەناو قوتابییەکانم سەرچاوەیان گرتبوو.

رۆژێکیان راستەیەکم لە دەستی منداڵێکی لاساردا، پاش ئەوەی زۆر ئامۆژگارییم کرد سوودی نەبوو، منی زۆر تووڕە کرد. کە دارەکەم لێدا ئەو گریا. خۆ دەیتوانی دەست بکاتەوە، گەنج بوو، بەڵام گریانەکەی لەبەر من بوو. دەترسم لەو کردەوەی ئەو رۆژەدا لایەنە وەحشیەتییەکەی منی لێوە دیار ببووبێت نەک لایەنە رۆحییەکەی.

من یەکجار لەگەڵ منداڵەکانم توندکاریم بەکارهێناوە، بەڵام سزادان باش و سوودبەخش نییە، چونکە دەرئەنجامی تووڕەبوون بووە و مەبەستیش سزادان بووە.

لەو رۆژەوە بیرم لە هەڵسوکەوتەکانم دەکردەوە. قوتابییەکە سزاکەی لەبیرنەما، بەڵام من هەستم بەوە کرد کەوا ئەرکی مامۆستا بەڕووی قوتابییەکانی دەبێ باشتربێت. بۆیەش هەرچەند قوتابییەکان لاساریی زۆریان دەکرد، من هەرگیز جارێکی تر بیرم لەوە نەکردەوە سزایان بدەم.

## زیوانی ناو گەنم

لە کێڵگەکەی تۆلستۆی کالنباخ سەرەنجی بۆ کێشەیەك راکێشام. ئەو باسی ئەو کوڕە لاسارانەی بۆ کردم کە خۆم زووتر باسم کردبوو. هەبوون تەمبەڵیش بوون. دیارە کەوا کوڕەکانی منیش لەگەڵ ئەوانە تێکەڵاوییان هەبوو. ئەوەش کالنباخی نیگەران کردبوو، کەوا ناکرێ ئەو کوڕانەی من لەگەڵ ئەو بەدڕەوشتانە هاموشۆ بکەن.

جارێکیان وتی: من نامەوێ کوڕەکانی تۆ دۆستایەتی ئەوانە بکەن.

ئیتر باشم لەبیر نەماوە کەوا قسەکەی ئەو زوو کاری تێ کردبووم یان نا، بەڵام لەبیرمە من بەو شێوەیە وەڵامم دایەوە: من چۆن دەتوانم جیاوازییەك لەنێوان کوڕەکانی خۆم و کوڕە تەمبەڵەکان بکەم؟ من بەرپرسی هەموویانم، من ئەوانەم بۆ ئێرە داوەت کردووە، ئەگەر بڕە پارەیەکم لەناو دەستیان نا و بەرەڵلام کردن، یەکسەر دەچنە جۆهانسبێرگ، ئیتر دووبارە دەگەڕێنەوە سەر پیشە کۆنەکانیان. من بڕوات پێ دەکەم، بەڵام دەبێ ئێمە هەموومان بەرگەی بەرپرسیاریەتی ئەوانە لەجیاتی ماڵەوەیان هەڵبگرین، بۆیە دەبێ کۆشش بکەین ئەوانە لێرە بمێنێنەوە. دواییش دەبێ منداڵەکانی منیش تێکەڵاوییان لەگەڵدا بکەن، نامەوێ منداڵەکانم هەست بکەن ئەوان لە پلەیەکی تردا دەژین، ئەوەیان زیانی دەبێت، چونکە مانەوەی کوڕەکانم لەناو ئەوانە دەبێتە مەشقێك بۆ ئەوان، بەوەش دەتوانن چاکە و خراپەکان لەیەك جیابکەنەوە. باشە بۆ بیر لەوە ناکەینەوە کەوا کوڕەکانم بەتێکەڵبوونیان بەو کوڕانە سوود وەردەگرن، ئەگەر

بەخۆیان رەوشتی باشیان تێدا بێت؟ بۆیەش ئەگەر چاکیش بزانم مانەوەی کوڕەکانم لێرە مەترسییان لەسەرە، من هەر لێرە دەیانهێڵمەوە.

بەو قسانەی من بەڕێز کالنباخ سەرێکی بۆ بادا و تەواو.

ئینجا هەستم کرد کوڕەکانم سوودیان لەو ئەزموونە بینیبوو. فێریش بوون چۆن رەفتار لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بکەن. بەئەزموونیش ئەوەم بۆ دەرکەوت کەوا کەسی باش بەتێکەڵاوبوون بەکەسانی خراپ تێکناچن، ئەگەر لەبەر رێنماییەکانی ماڵەوەیاندابن. پەراوێزکردنی منداڵان مانای ئەوەیە پارێز دەبن لە هەندێ رەوشتی ناپەسەند و نەگونجاو، بەڵام چاودێری و فێرکردنی ئەو کچ و کوڕانەی کە لە جۆرەها ژینگەوە هاتوون ئاسان نەبوو، بۆیە دەبێ سەرپەرشتکارەکانیان بەردەوام وریابن.

## بەرۆژووبوونی کفرکردن

تا ببیتە مامۆستایەکی باش دەبوایە بگەیتە ناو دڵی خوێندکارەکان، لە خۆشییەکان و ناخۆشییەکان نزیك بیت، کێشەکانیان چارەسەر بکەیت. کە هەندێك لە هەوادارانی بزاڤی ساتیاجراها ئازادبوون، کێڵگەی تۆلستۆی بەرەو چۆڵبوون دەچوو، ئەوەی مابوونەوە تەنها خەڵکەکەی فونیکس بوون، بۆیە دەبوایە ئەوانە بگوزامەوە فونیکس، بەوەش دیارە کەوا من رووبەڕووی خەمی گرانی تر دەبوومەوە.

لەو دەمانە من دەبوایە رۆژانە لەنێوان جۆهانسبێرگ و فونیکس هاتوچووم بێت. جارێکیان وتیان رەوشتی دوو کەسمان باش نییە، هەواڵەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو. ئەوەندە دڵتەنگ نەدەبووم ئەگەر بیانوتبوایە بزاڤی ساتیاجراها هەرەسی هێناوە. هەواڵەکە وەك بروسك بەڕوومدا کەوتەوە، سواری ترێنەکە بووم بەرەو فونیکس رۆیشتم، کە کالنباخ تێگەیشت من رەوشم زۆر تێکچووە، وتی منیش لەگەڵت دێم. ئەو نەدەهێشت من بەتەنها بچم، چونکە هەواڵەکەی پێمگەیشتبوو ناخۆش بوو.

لەکاتی گەشتەکەدا باش لە مەسەلەکە تێگەیشتم، باش تێگەیشتم کەوا مامۆستا بەرپرسە لە هەموو هەڵە و چەواشەکارییەکانی قوتابییەکانی. زووتر هاوسەرەکەم لەوەیان منی ئاگادار کردبووە، لەبەرئەوەی من زۆر بڕوام بەکەسانی بەرامبەرم هەیە، بۆیە لە ژنەکەم تووڕە بووم. بیرم لەوە کردبووەوە باشترین رێگا بۆ سزادانی ئەو دوو کەسەی هەڵەیان کردووە، من خۆم سزا

بدەم، بۆیە بەڕۆژووبوونی حەوت ڕۆژم لەسەر خۆم کرد، بەڵێنیشم دا من ماوەی چوار مانگ و نیو ڕۆژانە تەنها یەك ژەم بخۆم. بەڕێز کالنباخ ویستی لەو بڕیارە پەشیمانم بکاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. من لەوەیاندا هەستم بەئارامییەك دەکرد، چونکە کۆششم دەکرد بارێکی گران لەسەر شانم هەڵدەگرم، بەوەش توڕەبوونەکەم سارد بۆوە و بەزەییم بەتۆمەتبارەکان هاتەوە، بەوەش زانیاری زۆرم لا گەڵاڵە بوو کە زۆر پێویستم پێیانەوە هەبوو.

هەموو بەو فەرزە کفرکردنەکەم نیگەران بوون، بەڵام ڕەوشەکەم ئارام کردەوە. دیارە کەوا ڕەوشەکە چەند ناڕەحەتە کە یەکێك هەڵەیەك دەکات، ئیتر پەیوەندییەکانم بەکوڕ و کچەکان خۆش ببوو، زۆرتریش بڕوام پێ دەکردن.

ئەوەش ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێنەپەڕی، کە لە ئەنجامی ڕووداوێکی ترەوە من چواردە ڕۆژی تر بەڕۆژووبوومەوە، ئەوەش دەرئەنجامەکانی دووربوون لە مەزندەکانی خۆم.

کە باسی ئەو ڕووداوە دەکەم مانای ئەوەیە کە خوێندکارەکان هەڵەیەکیان کرد، مامۆستاکەی بەڕۆژوو بێت، بەڵام هەندێ ڕەوشی وا هەیە پێویست دەکات مرۆڤ وا بێت و ڕوو لەو سزایە قورسانەش بکاتەوە، بەڵام ئەوەش ڕامانی ڕوون و ورەی ڕۆحانی دەوێت. بەڕۆژووبوون سوودی نابێت ئەگەر خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیی لەنێوان مامۆستا و خوێندکارەکە نەبێت، یان ئەگەر چەواشەکارییەکە هەستی مامۆستاکەی زامدار نەکردبێت، یان ئەگەر خوێندکارەکە هیچ جۆرە ڕێزێکی بۆ مامۆستاکەی نەبێت. لەو ڕەوشەدا بەڕۆژووبوونەکە زیانی زۆرترە لە سوودەکەی. بۆیەش هەست دەکەین لەو ڕوانگەوە گومان لە باشی بەڕۆژووبوونەکەدا هەیە، بەڵام مامۆستاکە بەرپرسە لە هەڵەکانی خوێندکارەکانی.

لەو دەمانەی یەکەمجار کوفرەکەم کردبوو، زەحمەت نەبوو، بۆیەش هیچ لە چالاکییەکانم دوانەخست. لە خواردنیش تەنها پشتم بەمیوە دەبەستا، بەڵام جاری دووەم ئازارم دیبوو. لەو دەمانە باش لە چالاکییەکەی ڕامانامای سەیر تێنەدەگەیشتم، بەرگەم کەمتر بوو. باش سرووتی بەڕۆژووبوونەکەم نەدەزانی، بەتایبەتی خواردنەوەی ئاوی زۆر کە چەند هەستم بەدڵسوتانەوە دەکرد. لە جاری یەکەم ڕۆژانە گەرمپێوەرەکەی دکتۆر کوونم بەکاردەهێنا، بەڵام جاری دووەم لەپاش دوو سێ ڕۆژ وازم لەو چارەسەرییە هێنا، ئاوم کەمتر دەخواردەوە، چونکە تامی خۆش نەبوو و دڵم پێ دەسووتایەوە، قورگم وشک ببوو، لەدوا ڕۆژەکاندا نەمدەتوانی قسەش بکەم، دەنگم نزم ببوو، کارەکانم بەنووسین دەکرد، گوێم لە دوعاکانی ڕامانامە و کتێبە پیرۆزەکانی تر ڕادەگرت، بەڵام ورەی باشم هەبوو دانوستان لەسەر هەموو کێشەکان بکەم و مەسەلە هەنووکەییەکانیش باس بکەم و پێشنیاری چارەسەرییان بۆ پێشنیار بکەم.

## بەرەو دیمانەی جوخلی

لەگەڵ کۆتایی هاتنی خەباتەکەمان ساتیاجراها لە ساڵی ١٩١٤ جوخلی نامەیەکی بۆ نووسیبووم کەوا بەڕێگای لەندەنەوە بگەڕێمەوە هیند، بۆیە من و کاستوربا و کالنباخ لە مانگی یولیۆ بەڕێ کەوتین. سێ بلیتمان لە پلەی سێیەمی پاپۆڕەکە شوێنمان گرت. من لەو دەمانەی لەگەڵ براقی ساتیاجراهام بەردەوام بووم و لەو شوێنە پلە سێیەمانەدا گەشتی کەشتی و ترێنم دەکرد، بەڵام ئەو پاپۆڕەی ئەو جارە لەگەڵ پاپۆڕە هیندییەکان جیاوازی زۆری هەبوو. کە لە هیندییەکاندا شوێنی نووستنمان نەدەبوو، هەموو کەلوپەلەکانی شیاو نەبوون؛ بەڵام لەو گەشتەم بۆ لەندەن مەسەلەکە جیاوازبوو. شوێنەکە فراوان بوو، پاکوخاوێنییەکە مەعقوول بوو، کۆمپانیاکە گەرماوی تایبەتی بۆ ئێمە دانابوو. فەرمانبەرێکی تایبەتییان راسپاردبوو کەوا جۆرەها میوە و چەرەزاتمان بۆ بهێنن. ئەوەی شایانی باسە بۆ نەفەرەکانی ئەو شوێنە میوە کەم دابەشدەکرێت. ماوەی هەژدە رۆژ لەسەر پاپۆڕەکەماینەوە، لەو چەند رۆژە هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرین.

با ئەو رووداوەی سەر پاپۆڕەکەش بگێڕمەوە: بەڕێز کالنباخ دووربینێکی پێ بوو سەیری دیمەنەکانی پێ دەکرد. منیش ئەوەم بەزیاد و بەپێویست نەدەزانی خەڵك ئەو دووربینەی هەبێت، بۆیە پێشنیارم دەکرد دەکرێ دووربینەکە فڕێ بدەینە ناو دەریاکە، ئەگەرچی دووربینەکەی بەحەوت پاوەندیش کڕیبوو، بەڵام

لەبەر دڵی من دووربینەکەی فڕێ دایە ناو ئاوەکە، ئەویش بە لەدەستدانی دووربینەکەش هیچ دڵگیر نەبوو.
ئیتر رۆژانە و بەو شێوەیە شتی نوێ فێردەبووین. هەردووکمان کۆششمان دەکرد بەرەو زۆرتر راستەقینەیی بڕۆین، بەوەش چەندین ئاکار و سیمای رق و خۆویستی و قینمان لەو کاروانەدا لەکۆڵ خۆمان دەکردەوە. ئەگەر وامان نەکردبوایە هەرگیز نەدەگەیشتینە ئەو راستەقینەییە، ئەوەی بەدوای هەوەسدا بڕوات و سۆزەکانی سەری لێ بشێوێنێت ناگاتە راستەقینەیی، چونکە گەیشتن بەڕاستەقینەیی مانای وازهێنانە لە هەستە دوو ڕووەکان، وەك خۆشەویستی و رق و شادومانی و زەحمەتییەکان.
لەو گەشتە هێشتا وزەم باش نەببوو، چونکە لەمێژ نەبوو بەڕۆژووبوونەکەم تەواو ببوو، بۆیە لەسەر پاپۆڕەکە پیاسەم دەکرد و هەناسەی قووڵم هەڵدەمژی و دەمویست خواردەمەنییەکان هەرس بکەم. بەڵام دیاربوو تاقەتم نەبوو ئەو مەشقانە بکەم، هەستم دەکرد ماسولکەکانی پێی چەپم ژانی دەکرد و هەتا گەیشتمە لەندەنیش ئەو ئازارەم هەبوو، لەوێ باسی ژان و بەڕۆژووبوونەکانی خۆم بۆ دکتۆر جیفراج میهتا دەکرد، ئەو وتی: ئەگەر چەند رۆژێك پشوو نەدەیت، رەنگە قاچت جووڵەی نەمێنێت.
من ئەوەشم دەزانی کەوا ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەڕۆژووبووە نابێ لە گەڕانەوەی وزەکەی پەلە بکات، بۆ دەرچوونیش لەو رەوشەدا پێویستی بەمەرجی زۆر دژوار هەیە کە دەربازیان بکات، ئەوانەش لە بەڕۆژووبوونەکە ئاسانتر نییە.
ئێمە لە مادیرا بووین، هەواڵی ئەوەمان بیست کەوا رەنگە لە هەر دەقەیەکدا شەڕە جهیانییەکە هەڵبگیرسێت. کە لە کەناڵەکە دەپەڕینەوە هەواڵی هەڵگیرسانی شەڕەکەمان پێ گەیشت، بۆیە بەناچاری ماوەیەك وەستاین،

چونکە ئاسان نەبوو کەشتییەکان لەناو کێڵگەی مینەکاندا بڕۆن، کە لە زۆربەی شوێنەکانی کەناڵەکە دانرابوونەوە، بەدوو ڕۆژ گەیشتینە ساوپ هامبتون.

بریتانیا لە ڕۆژی ٤ی مانگی ئۆگستی شەڕی دژ بەئەڵمانیا ڕاگەیاند، ئێمەش لە ڕۆژی ٦ی مانگدا گەیشتینە لەندەن.

## ڕۆڵی من لە شەڕەکەدا

جوخلی بۆ چارەسەری سەردانی فەرەنسای کردبوو، پەیوەندییەکانیش لەنێوان بریتانیا و فەرەنساش نەبوو، بۆیە نەدەکرا بزانین ئەو کەی دەگەڕێتەوە. منیش هەتا ئەوم نەدیبوایە نەدەبوایە لە لەندەن بەرەو وڵات بڕۆمەوە. دیاریش نەبوو ئەو کەی دێتەوە لەندەن.

باشە من لەو دەمانە لە لەندەن چیم کردبوایە؟ ئەرکی من لەو شەڕەدا چی بێت؟ سورابجی ئاداجانیای هاوڕێی زیندان و یەکێك لە باوەڕدارانی ساتیاجراها لەو دەمانە لە لەندەن یاسای دەخوێند. ئێمە کاتی خۆی ڕەوانەی لەندەنمان کردبوو تا ببێتە پارێزەرێکی بەتوانا و لەناو دەستەکانی ساتیاجراها، بەوەش ئەو دەیتوانی ئەگەر من بگەڕێمەوە هیند ئەو لە شوێنی من ئیشەکان بکات، دکتۆر میهتا خەرجییەکانی ئەوی دەکرد. من ئەو دکتۆرە و خەڵکی ترم ناسی؛ بەتایبەتی ئەوانەی بۆ خوێندن هاتبوونە لەندەن، بۆیەش داوایان کرد کۆبوونەوەیەك بەهیندییەکانی بریتانیا و ئێرلەندا بکەین.

هیندییەکانی بریتانیا دەبوایە لەو شەڕەدا هەڵوێستیان هەبێت، بۆیە هەندێ لە خوێندکارەکان چوونە ناو سوپا، من بانگەشەی ئەوەم دەکرد کەوا هیندییەکان لەگەڵ ئینگلیزەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە، بۆ لەو شەڕەدا بەشداری نەکەن؛ بۆیەش لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەشم ناڕەزایی هەبوو. ئەوان دەیانوت، ئێمە و ئینگلیز جیاوازییمان هەیە، ئێمە عەبدین، ئەوانە گەورەمانن، باشە چۆن دەکرێ عەبد لەکاتی پێویستدا بەهانای گەورەکانیاندا بچن؟ ناکرێ سەرەتا عەبدەکە بۆ

ئازادبوونەکەی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە؟ من لەو دەمانە بڕوام بەو بیانوانە نەبوو. من دەمزانی هیندییەکان و ئینگلیزەکان جیاوازییەکان لەنێواندا هەیە، بەڵام ئێمە نەگەیشتووینەتە ئاستی عەبد و کۆیلایەتی. من ئەو کاتە بڕوام وابوو کەوا بەرپرسیاریەتییەکە دەکەوێتە سەرشانی بریتانییەکان نەک ڕژێمی بریتانیا. دەبوایە ئەو ڕەوتەیان بەخۆشەویستی پێ بگۆڕین، جا ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییەدا بگۆڕین و ئینگلیزەکان یارمەتیمان بدەن، دەبێ لەکاتی تەنگانەدا ئێمە هاوشانیان بین. لەناو ڕژێمەکەدا هەڵەی زۆر هەبوو، ئێستا لە جاران باشتر دەرك بەو هەڵانە دەکەم. جا ئەگەر ئێستا من هاوکارییان نەبم، چونکە داوای یارمەتییان لێ بکەین هاوکارییمان بکەن.

هاوڕێیەکانم وتیان ئێستا دەرفەتێکی باشە لەو دەمانە پەیامێك بڵاوبکەینەوە و بەڕوونی داواکانمان ڕابگەیێنین. داواکاریین ڕەوشی هیندییەکان باش بکرێت. منیش پێم باش بوو، با تەنگاوی ئەوان ئیستغلال نەکەین، چونکە گونجاو و حیکمەتێکی تێدا نییە ئێمە لەکاتی شەڕدا داواکانمان نمایش بکەین. ئیتر من لەسەر بۆچوونەکەی خۆم مامەوەو وتم کێ دەیەوێ بێتە ناو سوپا با خۆی ناونووس بکات. ئەوەش وەڵامدانەوەیەکی باشی لێ کەوتەوە. ئیتر لە هەموو هەرێمەکان و لە هەموو ئایینەکانیش ژمارەیەك خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بەخت کرد و ناویان نووسی.

نامەیەکم بۆ لۆرد کرو نووسی و هەموو ڕاستییەکانم بۆ باس کردبوو، کەوا ئامادەییمان هەیە مەشقمان پێ بکەن تا لە تیمەکانی فریاکەوتن لە بەرەکانی شەڕدا بەشداری بکەین. ئەگەرچی ئەو سەرەتا دوودڵ بوو، بەڵام دوایی ڕەزامەندی دەربڕیبوو، سوپاسی ئەو هەستەشی کردبووین کەوا لەو کاتە ئاسکەدا دەمانەوێ خزمەتی ئیمپراتۆرییەت بکەین.

بەسەرپەرشتی دکتۆر کانتلی هەموو مەشقەکانم بەماوەی شەش هەفتە تەواو کرد، وانە سەرەتاییەکانی فریاکەوتنمان وەرگرت. هەشتا کەس لەو تیمانە بەشدارییان کردبوو. پاش تاقیکردنەوە تەنها یەک کەسمان دەرنەچوو. دەرچووەکان دەبوایە مەشقی سەربازییش بکەن، مەشقەکەمان بەسەرپەرشتی عەمید بیکر ئەنجامدا.

لەندەن لەو رۆژانە ئارام بوو. کەس هەستی بەترس نەدەکرد، بەڵام خەڵکەکە هەموو سەرقاڵ بوون، کارئاسانییان بۆ شەڕەکە دەکرد. هەموو گەنجەکان خۆیان لە هەموو جۆرەکانی شەڕ رادەهێنا، پیر و ژن و پەککەوتەکانیش ئیشی خۆیان هەبوو، پارچە قوماشیان بۆ لەفافی برینداریی و تیمارکردن و جلوبەرگی سەربازەکان دەبڕی. کۆمەڵەی لیسیمی ژنانە جلی زۆری سەربازییان دەدوری. خاتوو ساروجینی نایدو یەکێک بوو لەو ژنانە. ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ ئیشکردن تەرخان کردبوو. کە چەند پارچە پەڕۆییەکی هەڵبڕاوی لەبەردەمم دانا تا بیانکەمە لەفاف. ئەوەش یەکەم دیمانەمان بوو بەیەکەوە. منیش ئیشەکەم پێ خۆش بوو، بەزەوقەوە ئیشەکەم دەکرد.

## دووفاقییەکی رۆحی

کە لە باشووری ئەفریقیا دەزانن من لە تیمەکانی فریاکەوتن بۆ بەشداربوونم لە شەڕەکە بەشدارییم کردووە، دوو بروسکەم بۆ هات، یەکێکیان لەلایەن بەڕێز بولاکەوە بوو، ئەو پرسیاری کردبوو، کەوا من چۆن بەشداری شەڕ دەکەم و بڕواشم بەمەبدەئی ئاهیمسا هەیە.

من دەمزانی لەسەر ئەو هەڵوێستەی من نارەزایی دەبێت. ئەوەشم لە کتێبەکەم بەناوی هیند سواراج، ئۆتۆنۆمی بۆ هیند باس کردووە، شەو و رۆژ لەگەڵ هاوڕێیەکانم لە باشووری ئەفریقیادا دانوستانم لەسەر ئەو دۆسیەیە دەکرد. هەمووومان کۆك بووین لەسەر ئەوەی کەوا شەڕ پرۆسەیەکی بێ ئەخلاقییە. باشە من ئامادە نەبم، ئەگەر دەستدرێژییم بکاتە سەر شکایەتی لێ بکەم، چۆن من بەشداری شەڕ دەکەم، بەتایبەتی کەوا من نازانم کام لایەنی شەڕەکەر لەسەر حەقن؟ هاوڕێیەکانم دەیانزانی کەوا من زووتر بەشداری شەڕەکەی بویرم کردبوو، بەڵام مەزندەی ئەوەیان کردبوو من گۆڕاوم و لەو شەڕەدا هەرگیز بەشداری ناکەم.

بەڵام ئەو فاکتەرانەی منی لە شەڕەکەی بویر بەشدار کردبوو، هەمان فاکتەر منیان هاندابوو کەوا دووبارە بەشدارییەکە بکەمەوە. من زۆر باشم دەزانی کەوا بەشداریکردن لە شەڕەکان بەپێچەوانەی پرنسیپەکانی ئاهیمسایە، بەڵام ئارەزووی مرۆڤ هەموو دەمێك روون نییە، بۆیە زۆرجار کەسی شەیدا بۆ راستەقینەیی ناچارە لەناو تاریکییش رێ بکات.

ئاهیمسا مەبدەئێکی شموولییە. ئێمەی مرۆڤ بەبێ ئاگاییەوە دەکەوینە ناو بازنەی توندکارییەکان. هیمسا، ئەو پەندەی دەڵێت مرۆڤ لەسەر ئەستۆی خەڵکی ترەوە دەژیت مانای زۆر قووڵ هەڵدەگرێت. مرۆڤ ناتوانێت بژیت هەتا توندکارییەکی دەرەکی پەیڕەو نەکات. ئینجا ئەوەیان بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست. هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ لە خواردن و خواردنەوە و گواستنەوە جۆرێك لە جۆرەکانی توندکاری تێدایە، یان خاپوورکردنی کەسانی بەرامبەری تێدایە، بۆیە کەسانی دڵسۆزی ئاهیمسا، بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لە هەڵوێستەکان دەکەن. ئەگەر هەموو بڕواکانی لەسەر عاتیفەوە سەرچاوەی گرتبێت و بیەوێ کەسانی لاوازتر لە خۆی بروخێنێت و دەستەمۆی بکات. ئینجا بەردەوام کۆشش دەکات خۆی لەناو بازنەی ترسناکی توندکارانە دەرباز بکات، بەوەش کۆنترۆڵی لەسەر هەوەسەکان دەکات، بەڵام ناتوانێت بەیەکجاری خۆی لە ناو توندکارییەکانی دەرەکی دەرباز بکات.

کە مرۆڤێك هەڵەیەك دەکات، لەسەر بنچینەی ئاهیمسا کە یەکێتی ژیانە، ئەو هەڵەیە کاریگەری لەسەر هەموو کەس دەکات. بۆیە مرۆڤ بەیەکجاری لە توندوتیژی دەربازی نابێت. لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ناتوانێت بەشداری توندکارییەکان نەبێت.

دەمویست بەپەنابردن بەئیمپراتۆرییەتی بریتانی ڕەوشی خۆم و هاوڵاتییەکانم چاك بکەم، کە من لە ئینگلترا بووم لە سایەی ئوستووڵی بریتانیدا دەژیام، کەواتە من بەشداری توندکارییەکانم کردبوو، بۆیە من بۆ ژیانم لەوێ سێ بژاردەم هەبوو: بژاری یەکەمم ئەوەبوو کەوا دژایەتی توندی شەڕەکە بکەم، بەپێی ڕێنماییەکانی ساتیاجراها دژایەتی بۆچوونە شەڕاوییەکەی ئیمپراتۆرییەت بکەم و سیاسەتەکەی بەرەو ئاشتی ببەم.

بژاری دووەم: لەبەر ئەو هەڵوێستە و بەتاوانی یاخیبوونە مەدەنییەکە بکەومە ناو زیندانی ئیمپراتۆرییەتەکە.

سێیەمیشیان: هاوشانی ئیمپراتۆرییەت بەشداری شەڕەکە بکەم، بەوەش دەسەڵاتی عەقڵی و بەدەنییم هەبێت بۆ دژایەتی توندکارییەکان، لەبەرئەوەی من دەسەڵاتەکەم نەبوو، بۆیە بەناچاری دەبوایە بەشداری شەڕەکە بکەم.

بەپێی هەڵوێستی ناتوندوتیژییەوە جیاوازی لەنێوان سەربازی شەڕکەر و ناشەڕکەر نییە، هەموو کردەیەك لەو بوارەدا وەك یەکە. من بەر لەوەی بروسکەکەی بولاکیش وەربگرم ئەو شرۆڤەیەم کردبوو، ئینجا لەگەڵ برادەران قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کرد، دەرئەنجام بڕیارم دا لەو بوارەدا خزمەتێك پێشکەش بکەم. هەتا ئێستاش وادەزانم بڕیارەکەم هەڵە نەبوو، هەستیش بەپەشیمانی ناکەم، من لایەنی باشە دەبینم لە بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلترا. بەڵام لەسەر ئەو رامانە نەمتوانی کۆدەنگی هاوڕێیەکان وەربگرم، مەسەلەکە ئاڵۆزبوو، بواری فرە بۆچوون هەبوو. کۆششم دەکرد هەڵوێستەکەم بەباوەڕدارانی ئاهیمسا بهێنم، ئەوەی لەدوای راستییدا بگەڕێت ناتوانێت هیچ کردەوەیەك بکات بەمەرجی پابەندبوون بەنەریتە باوە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێچەوانە دەبێ بەردەوام قبووڵی ئەوەی هەبێت هەموو گۆڕانێك لە رەوشتەکانییدا بکات، دانیش بەهەڵەکانی دابنێت، پاش ئەوەی دەرئەنجامەکانی روون بوونەوە.

## نموونەیەکی بچووکراوەی ساتیاجراها

وەك ئەنجامدانی ئەرکێکی سەرشانم من بەشداری شەڕەکەم کردبوو، بەڵام بوار ساز نەبوو بەشداری راستەوخۆی تێدا بکەم. من لە ساتە تەنگانەکانیشدا نموونەیەکی بچوکراوەی ساتیاجراهام خوڵقاندبوو.

دیاربوو ئەفسەرەکەی مەشقی پێدەکردین دەیویست خۆی وەك دەسەڵاتی باڵا لەسەرمان دەربخات، بۆیە بەڕێز سروابچی وتی: لەو پیاوە ئاگات لە خۆت بێت. ئێمە گوێ بەفەرمانەکانی ئەو نادەین، ئەو تەنها وەك مەشقکارێك دەناسین و بەس، دیارە گەنجەکانی کە مەشقمان پێ دەکەن وەك گەورەیەك خۆیان دەردەهێنن.

گەنجەکان خوێندکاری ئۆکسفۆرد بوون بۆ مەشقکردنی ئێمە هاتبوون. منیش هەستم بەزۆرداریی ئەفسەرەکە دەکرد، بەڵام ویستم سورابچی ئارام بکەمەوەو داوام لێ کرد خۆی نیگەران نەکات، بەڵام دیارە کەوا ئەو بەئاسانی رایی نەدەبوو.

ئەو بەبزەیەکەوە وتی: دەزانی تۆ زۆر خۆشباوەڕیت، کە لە راستەقینەییی ئەوان تێگەیشتی داوا لە ئێمە دەکەیت ساتیاجراها پەیڕەو بکەین، ئینجا دڵتەنگ دەبیت، ئێمەش هەموو خەمبار دەکەیت.

منیش لە وەڵامدا وتم: کە بوویتە هاوبیری من بڕوا دەکەی بێجگە لە خەمباری چی تر دەبینیت؟ بێگومان هەوادارانی ساتیاجراها فێڵیان لێ دەکرێت. با

ئەفسەرەکە فێڵمان لێ بکات، من چەندین جارم وتووە ئەوەی فێڵباز بێت، فێڵ لە خۆی دەکات.

ئەو بەپێکەنینەوە وتی: تۆ خۆت و هەموومان بەو فێڵانە لەناودەبەیت.

بەو قسەیەی ئەو نامەکەی هۆب هاوسم بەبیرهاتەوە کە بۆی نووسیبوم: من سەرسام نابم، ئەگەر لە گەڕانت بەدوای راستەقینەییدا، رۆژێك لە رۆژان بچیتە بەر پەتی سێدارەش. لە خودا دەپاڕێمەوە رێگات رووناك بکاتەوە و لە هەموو ئاشووبەیەکت دووربکاتەوە.

لە رۆژانی مەشقکردنەکەدا برادەران بەرگەی هەڵسوکەوتی ئەفسەرەکەیان نەدەگرت، هەستیان بەجیاوازییەکان دەکرد، بۆیە هەموو هانایان هێنابووە بەر من و وتیان ئێمە قبووڵمان نییە فەرمانەکان لە کەسی تر بێجگە لە تۆ وەربگرین، منیش رەوشی تەندروستیم کە لە ئەنجامی بەڕۆژووبوونەکە تووشم ببوو خراپ بوو.

منیش داوام کردبوو بەرپرسەکە بگۆڕن، بەڵام وتیان ئەوەیان بەپێچەوانەی فەرمانە سەربازییەکانە. کە داواکەمان وەرنەگیرا، کۆبوونەوەیەکمان کرد کە دەست لەو کارە بکێشینەوە، ئەگەر دانانی بەرپرسەکان بەهەڵبژاردن نەبێت. بەڵام ئەفسەرەکە ئەو داوایە و سووربوونمان لەسەر رەتکردنی بڕیارەکانی ئەو جۆرێکە لە لادان و ئەوەش سەرپێچییەکی ترسناکی یاسایە.

ئیتر دەرئەنجام نامەیەکم بۆ وەزیری کاروباری هیند رەوانەکرد، هەموو راستییەکانم تێدا نووسی. ئەویش لە وەڵامدا نووسیبووی کەوا رەوشی ئێرە وەك باشووری ئەفریقیا نییە، کەوا ئەو سەرکردەیە بەپێی یاسا دانراوە، بەڵام بەڵێنی دابوو کۆشش بکات بەرپرسێکی نوێمان بۆ دابنێن.

ئیتر دانۆستانەکەم درێژەی کێشا، ئەوەی شیاوی باسە لەو رۆژانە لە هیند ئەزموونی لەو شێوەیە زۆرە، ئیتر بەرپرسەکە بەفێڵ و بەزیرەکییەکانی خۆیەوە

توانی تۆوی دووبەرەکی لەنێو تیمەکە بچێنێت. لەو دەمانە ژمارەیەکی زۆری سەربازی بریندارمان بۆ هات و داوای کاریان لە تیمەکەی ئێمە کرد. ئەفسەرەکە ئەوانەی گوێڕایەڵی ئەو بوون دەستیان بەئیشەکانیان کرد، بەڵام ژمارەیەکی تریش گوێیان بەفەرمانەکەی ئەو نەدابوو. منیش نەخۆش بووم و لەسەر جێگە کەوتبووم، بەڵام بەردەوام پەیوەندییم بەئەندامانی تیمەکەمان هەبوو. لەو ڕۆژانە بەڕێز روبیرتسی وەکیلی وەزیری کاروباری هیند چەند جارێک پەیوەندی پێوە کردم، ئەو داوای کردبوو سەرپێچکارەکان پەشیمان بکەمەوە و بچنە نەخۆشخانەی نیتلی و پێشنیاری کردبوو تیمێکی سەربەخۆش دامەزرێنین. ئەگەر چوونە ئەو نەخۆشخانەیە لەوێ سەرکردە سەربازییەکە دەبێتە بەرپرسیان، بەوەش ڕێزی خۆیان لەدەست نادەن و حکوومەتیش لێیان رازی دەبێت، خزمەتێکی زۆریش بەسەربازە بریندارەکان دەکەن. پێشنیارەکەمان قبوولْ کرد و تیمەکە لە بڕیارەکەیان پەشیمان بوونەوە و دەستیان بەکارەکانیان کردەوە. منیش بەتەنها لەسەر سیسەمەکەم مامەوە، کۆششم دەکرد لەگەڵ ئەو ڕەوشە نالەبارەدا خۆم بگونجێنم.

## چاکەکەی جوخلی

جوخلی گەیشتە لەندەن، من و کالنباخ زۆر سەردانمان دەکرد. بەیەکەوە باسی ڕەوشی شەڕەکانمان دەکرد. کالنباخ زۆر لە ئەوروپا شارەزابوو، شوێنی شەڕەکانی دەزانی، زۆریش باسی نەخۆشییەکەی منیشیان دەکرد. منیش لەسەر بەرنامە خواردنەکانی خۆم بەردەوام بووم، کە شیر و دانەوێڵەم نەدەخوارد، تەنها میوە نەبێت. دکتۆر جیفراج سەرپەرشتی تیمارکردنی منی دەکرد. ئەو دەیوت دەبێ دانەوێڵە و شیر بخۆیت. هەواڵ و ڕاسپاردەکانی دکتۆرەکە دەگاتە جوخلی، بۆیە ئەو داوای کرد من ڕێنماییەکانی دکتۆرەکە جێبەجێ بکەم، دیارە کەوا بەوەیان چاك دەبیتەوە. کە زۆر جەختی لێ کردم، من پاڕامەوە یەك ڕۆژم لەسەر بوەستێت و بیرێك بکەمەوە. زۆر دانوستانمان کرد، دەبوایە من بڕیارەکە لەناخی خۆمەوە وەربگرم. شەوەکەی هەر بیرم کردەوە، ئەگەر دەستبەرداری ئەو ئەزموونە ببمەوە، کەواتە من دەبێ واز لە هەموو بەرنامەکانی خۆم بهێنم. بیرم لەوە دەکردەوە من چەند گوێ لە قسەکانی جوخلی بگرم لە خۆشەویستی منەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ من لەبەر ڕەوشی تەندروستییم چۆن واز لە بەرنامە ئایینییەکانم بهێنم، فاکتەری ئایین یەکەم کۆسپم بوو کەوا شیر نەخۆمەوە. دیمەنی گاوان و ئاژەڵدارەکانی کلکتام دەمێنایە پێش چاوی خۆم، کە چۆن بۆ شیرەکانیان چییان لێ دەکەن تا دڵۆپەیەکیان لێ دەردەهێنن، بۆیەش مەعقول نییە شیری ئەو ئاژەڵانە بخۆیتەوە. شیرەکەش وەك گۆشت وایە. بەیانییەکەی کە لە خەو ڕابووم

بڕیارەکەی خۆم دابوو کەوا من شیر ناخۆمەوە، دڵنیاشم کەوا جوخلی ڕێز لە بۆچوونەکەم دەگرێت. ئێوارەکەی لە یانەی نیشتمانی ئازادەکان سەرمان لە جوخلی دا، یەکسەر لە منی پرسی: باشە، بڕیارت دا بەقسەی دکتۆرەکەت بکەیت.

منیش بەنەرمی، بەڵام ئازایانە وتم: من هەموو قسەکانی تۆ پەسەند دەکەم، تەنها یەك مەسەلە نەبێت، تکا دەکەم جەختم لێ مەکە. من بڕیارم داوە شیر و بەرهەمە ئاژەڵییەکان نەخۆم، سووڕ بزانم بێ خواردنی ئەوانە دەمرم نایخۆم. من وادەزانم مردن باشترە لە خواردنەکە.

ئەو پرسی: ئەوەیان دوا بڕیارتە؟

منیش وتم: بەداخەوە ناتوانم لەو بڕیارە پەشیمان ببمەوە، دەزانم ئەوەیان خەمگینت دەکات، بۆیە داواکارم لێم ببووریت.

ئەو بەکەمێك ناڕەحەتی و بەسۆزەوە وتی: من لەسەر بڕیارەکەت ڕازی نیم. من وادەزانم ئەوەیان هیچ پەیوەندییەکی بەئایینەوە نییە. بەهەرحاڵ من زۆریت لێ ناکەم.

ئینجا ئەو ڕووی لە دکتۆر جیفراج میهتا کرد و وتی: تکایە، چیتر بێزاری مەکەن. تۆش بەپێی مەرجەکانی خۆی ڕێنمایی و چارەسەرییەکەی بکە، وەك چۆن دایناوە وا بکە.

دکتۆرەکە ئەگەرچی ناڕازی بوو، بەڵام دەسەڵاتی نەبوو، خواردنی شۆربای منجی و جۆرێك لە کەتیرەی تاڵی بۆ دانام. منیش ئەو شۆربایەم ڕۆژانە دووجار دەخوارد، بەڵام ژانەکانم هەر زۆرتر دەبوون. کە زانیم ئەوەیان سوودی نییە گەڕامەوە سەر خواردنی میوە و چەرەزاتەکانی خۆم.

لەو دەمانەش جوخلی گەڕایەوە وڵات، چونکە ئەو بەرگەی تەمی ناو لەندەنی نەدەگرت.

## چارەسەری هەوکردنی پەردە بلوورییەکە

نەخۆشی هەوکردنی پەردە بلوورییەکەم هەراسانی کردبووم. دەمزانی کەوا بەگۆڕینی خواردنەکان و چارەسەری لە دەرەوە چاکم دەکاتەوە. داوای دکتۆری رووەکی ناودار ئالینسونم کرد. لەگەڵ ئەو لەساڵی ١٨٩٠ دیمانەمان ببوو. ئەو بەگۆڕینی سیستەمی خواردن نەخۆشی زۆری چاک دەکردەوە. پێموت، من شیرم لە خۆم حەرام کردووە.

ئەو دڵی دامەوە و وتی: تۆ پێویستت بەخواردنەوەی شیر نییە. چەند رۆژێک چەوری مەخۆ، نانی بۆریش بخۆ، تەڕەی نوێی وەك شەوەندەر و توور و پیواز و هەندێ سەوزەی تر بخۆ، لەگەڵ ئەوانەش میوەی نوێی تەڕ بخۆ، بەتایبەتی پرتەقاڵ چاك دەبیتەوە. من سەوزەکانم سپی دەکرد و نەمدەکوڵاند، بۆیە جوینیان ئاسان نەبوو. سێ رۆژ لەسەر ئەو بەرنامەیە مامەوە، بەڵام سەوزەکەم پێ خۆش نەبوو.

دکتۆر ئامۆژگاری کردم پەنجەرەکانم بکەمەوە و هەواکەی بگۆڕم. بەڵام بەکردنەوەیان باران دەهاتە ژوورەکەم، بۆیە لا شووشەیەکم شکاند تا هەواکە بێتە ژوورەوە، بەوەیان تەندروستیم باش ببوو. خاتوو سیسیلیا روبرتس زۆر سەردانی دەکردم و بووینە برادەر، یەکێك وتبووی با جۆی بەپۆدرەی بەشیر بخوات، ئەو ریزی بۆچوونە ئایینییەکەی منی دەگرت، بەڵام دیار بوو باش راچێتەکەی نەخوێندبووە، بۆیە کە خواردم هەستم دەکرد تامی شیری لێ

دەهات، کە زانیمان شیری تێدایە ئەویش داوای لێبووردنی لێم کرد و منیش خواردنەکەم نەخوارد.

ئینجا دکتۆر خواردنەکانی بۆ گۆڕیم، دەستم کرد بەخواردنی کەرەی فوولی سودانی، یان زەیتی زەیتون، ئینجا خواردنی سەوزەی کوڵاو لەگەڵ برنج، بەوەیان دڵم خۆش بوو، بەڵام هەر چاک نەبوومەوە، بۆیە هەر چاوەڕوان بووم یەکێك چاکم بکاتەوە و من لەسەر جێگەکەم دەرمبهێنێتە دەرەوە.

دکتۆر میهتا زۆر سەردانی دەکردم، جارێکیان وتی تۆ ئەگەر بەگوێم بکەیت من چاکت دەکەمەوە. ڕۆژێکیان بەڕێز روبرتس سەردانی کردم، ئەو هانی منی دا بگەڕێمەوە وڵات. ئەو وتی: من ئامۆژگارییت دەکەم، بگەڕێوە وڵات تۆ لەوێ چاك دەبیتەوە. ئەگەر چاك بوویتەوە و شەڕەکە مابوو ئەوا دەتوانیت بەشی خۆت خزمەت بکەیت. من وا دەزانم بەشدارییەکەی تۆ کەم نەبووە.

گوێم لە قسەکەی ئەو گرت و بیرم لە گەڕانەوە کردەوە.

## گەڕانەوەم بۆ وڵات

من لەگەڵ کالنباخ هاتبوومە لەندەن تا بەیەکەوە گەشتی هیند بکەین، بەڵام ئەڵمانەکان چاودێری زۆریان لەسەر بوو، بۆیە نەدەکرا ڤیزای بۆ وەربگرین. کۆششی زۆرمان کرد کەس جورئەتی ئەو مەترسییەی نەکرد و حکوومەتی هیندی بەفەرمی وەڵامی دایەنەوە کەوا ئاسان نییە ڤیزای بۆ دابین بکەین.

بەناخۆشییەوە لەیەك دابڕاین، ئەگەر لەگەڵ من هاتبوایە هیند ئەوا بۆ خۆی وەك جووتیارێکی سادە دەژیا، بەڵام ئەو گەڕایەوە باشووری ئەفریقیا و گەڕایەوە سەر پیشەکەی خۆی وەك ئەندازیارێکی تەلارسازی ئیشی خۆی بکات.

لەناو پاپۆڕەکە لە پلەی سێیەم شوێن نەبوو، بۆیە شوێنمان لە پلەی دووەم گرت. هەندێ ئەو میوە وشکەی لە باشووری ئەفریقیاوە هێنابوومان، لەگەڵ خۆمان بارم کرد، چونکە دەمانزانی پەیداکردنی میوەی تازە لەسەر پاپۆڕەکە ئاسان نەبوو.

دکتۆر میهتا پەراسووەکانی منی لە گێچ گرتبوو، ئامۆژگاری منیشی کرد هەتا دەگەنە ناو ئاوی دەریای سوور گێچەکە لێ نەکەیتەوە. دوو ڕۆژ ئازاری زۆرم خوارد، بەڵام چیتر بەرگەم نەگرت بەزەحمەتییەکی زۆرەوە گێچەکەمان لێکردەوە، لە خۆشووشتن ئازاد بوومەوە.

ڕۆژ بەڕۆژ باشتر دەبووم، کە لە کەناڵی سویس ڕەتبووین باشتربووم، بەڵام جەستەم هەر لاواز بوو، قۆناخە ترسناکەکەم بڕیبوو، مەشقە وەرزشییەکانم

بەردەوام دەکرد. بەهەوایە خاوێنەکەی دەرەوە تەندروستییم باشتر دەبوو، کە لە ناوچە کەشە خۆشەکانەوە دەهات.

نازانم ئەوەیان لە ئەنجامی ئەزموونێکی پێشتر بوو، یان لەبەر هۆیەکی ترەوە بوو کە هەستم کردبوو بۆشاییەکی زۆر لەنێوان نەفەرە ئینگلیزەکان و نەفەرە هیندییەکان زۆر بوو. من ئەوەم لە گەشتەکانم بەرەو باشووری ئەفریقیا هەستم بەوە نەکردبوو. لەگەڵ هەندێ لە ئینگلیزەکان قسەم دەکرد، بەڵام قسەکانمان زۆربەی شێوە فەرمییەکەی پێوە بوو، وەك ڕۆژانی سەر پاپۆڕەکانی باشووری ئەفریقیایی نەبوو، کە سیمایەکی خۆشەویستی تێدا بێت. وەك مەزندەم دەکرد ڕەنگە لەوە هاتبوو کەوا ئینگلیزەکان خۆیان بەچینە سەردەستەکە دەزانی و حاکمی وڵاتەکە بوون و هیندییەکەش چینە بندەستەکە بن.

من پەرۆش بووم زوو بگەمەوە وڵات و لەو کەشە دەربازم بێت.

کە گەیشتینە بەنداوی عەدەن، هەستم دەکرد بەڕاستی گەیشتوومەتەوە وڵات، لەنزیکەوە بنەماڵەی عدنوالامان دەناسی، بەڕێز کیکوباد کاڤاسچی دینشاوم لە دربان دەناسی، لەگەڵ خۆی و هاوسەرەکەی پەیوەندییەکی خۆشمان هەبوو. پاش چەند ڕۆژێك گەیشتینە بۆمبای. ئای کە خۆشە مرۆڤ پاش دابڕینی دە ساڵ لە ئاوارەیی بگەڕێتەوە وڵات.

ئەگەرچی تەندروستیم باش نەبوو، بەڵام لە بۆمبای جوخلی هاتبووە پێشوازییم. کە لە هیند نزیك دەکەوتمەوە هەستم دەکرد لەگەڵ ئەو وڵاتە یەك دەگرمەوە، ئینجا هەست بەدەربازبوون دەکەم. بەڵام قەدەر ئەو هیوایەی بۆ مەیسەر نەکردم.

# هەندێ بیرەوەرییم لەگەڵ پارێزەریی

پێش ئەوەی باسی ڕۆژانی ناو هیند باس بکەم، حەز دەکەم هەندێ لە ئەزموونەکانی خۆم لە باشووری ئەفریقیادا باس بکەم. هەندێ لە هاوڕێیەکانم وتیان حەز دەکەین هەندێ لە بیرەوەرییەکانی پارێزەریت بگێڕیەوە. منیش وتم من بیرەوەری زۆرم هەیە ئەگەر باسی هەموویان بکەم بەرگێکی گەورەی دەوێت. بەوەش هەست دەکەم من لە کارنامەی ئەو نووسینە دووردەکەومەوە. بەو پێوایەی ئەوەی باسیان دەکەم، کاریگەرییان لەسەر گەشتەکەم لە گەڕانم لە ڕاستەقینەیی دوورم نەکاتەوە.

من لە هاوڕێیەکانم بیستبووم کەوا پیشەی پارێزەری پیشەی درۆزنانە، بەڵام لەبەرئەوەی من مەبەستم پارە و پۆست نەبوو، بۆیە ئەوەیان کاری لە من نەکردبوو تا درۆ بکەم.

زۆربەی کێشەکانی من بۆ خزمەتی گشتی بوون، بۆیە من تەنها خەرجییەکانم وەردەگرتەوە، هەندێ جاریش ئەوانەشم بەخۆم دەژمارد. وادەزانم ئەوەندە بەسە کە من باس لە کارکردنی پیشەکەم بکەم، بەڵام هاوڕێیەکانم حەزیان دەکرد من زۆرتر لەسەر ئەو ڕۆژانەم بنووسم، چونکە وایاندەزانی ئەوانە بەقازانجی پیشەکە دەکەوێتەوە. من هەرگیز بواری ئەوەم نەدەدا موەکیلەکانم درۆ بکەن، بوارسازییشم نەدەکرد درۆش بکەن. جارێکم لەبیرە گومان هەبوو کەوا لەو دۆسیەیەدا درۆ کرابێت. کە لە دادگا کێشەکەمان بردەوە، تێگەیشتم موەکیلەکەم فێڵی لێ کردووم، بۆیە بەدڵ حەزم دەکرد دۆسیەکەمان

نەبردبایەوە، چونکە ئەو لەسەر حەق نەبوو. من بەبیرم نایێت وەرگرتنی پارەکەم بەبردنەوە بەسترابێتەوە، ئینجا دۆزەکەم براوە بوایە یان دۆڕاو. من پارەی خۆم وەردەگرت. من سەرەتا بەخەڵکەکەم دەگوت، من دۆزی درۆی تێدا بێت نامەوێ، یان من مەشقم بۆ ڕاهێنانی قسەکردنی شاهێدەکان نەدەکرد، بۆیەش کەس دۆزێك فێڵ و درۆی تێدابوایە رووی لە من نەدەکرد، بۆیە ناسیارەکانم ئیشە ڕاستەکانیان بۆ من دەهێنا، ئەوانەی گومان و فێڵی تێدا بوایە دەیانبردە لای پارێزەری ترەوە.

جارێکیان دادگا داوای کرد بەسەر دەفتەرەکانی حیساباتی موەکیلەکەمدا بچنەوە. لیژنەیەکی ژمێریاریی پاش گەڕانێکی زۆر هەڵەیەکیان دۆزییەوە، کە لە قازانجی ئێمە نەبوو، بۆیە دادگا لە بڕیارە کۆنەکەی کە لە قازانجی ئێمە بوو پەشیمان دەبێتەوە، ئەگەرچی حەقیان نەبوو. من ئەو دەمانە نوێ بووم، بەڵام پارێزەرێکی بەئەزموون هاتە ناو دۆزەکەمان و وتی، مەرج نییە موەکیلەکەمان دان بەو هەڵەیە بنێت، پارێزەریش ناکرێ بابەتێك بورووژێنێت کە لە قازانجی موەکیلەکەی نەبێت. بەڵام من وتم دەبوایە ئێمە ئەوەش بەدادگا بڵێین. بەڵام پارێزەرەکە وتی: ئەگەرێکی زۆر هەیە دادگا حوکمەکە هەڵوەشێنێتەوە، هیچ پارێزەرێکی عاقڵ ئەوە ناکات و موەکیلەکەی ناخاتە مەترسییەوە. منیش خۆم ناخەمە ئەو داوە، کەسیش نازانێت موەکیلەکەمان چەند زیانی پێ دەگات. ئەگەر داواکە سەرلەنوێ دووبارە بکرێتەوە، کەس نازانێت بڕیارەکەش چۆن دەبێت. کەسەکە لەو دانوستانە لەوێ ئامادە بوو، من وتم: من دەڵێم، من و موەکیلەکەم با بچینە ناو مەترسییەوە، بۆچی خۆمان ئەو بڕیارە بدەین. ئێمە وا بەخۆمان دان بەهەڵەکەمان دەنێین، ئەگەر ئەوەش بەزیانی ئەو کەوتەوە خراپییەکەی لە چ دایە، با ئەوە بکەین.

پارێزەرەکە وتی: باشە بۆ دان بەهەڵەکەماندا بنێین؟

منیش وەڵامم دایەوە و وتم: کێ دەڵێ دادگا و کەسی دووەم هەڵەکە نادۆزنەوە؟ پارێزەرەکە بەدڵنیاییەوە وتی: باشە، خۆت ئەو دۆزە وەردەگریت؟ من ئامادە نیم قسە لەو دۆزە بکەم. من وەك تۆ ناکەم.

منیش بەرێزەوە وتم: ئەگەر موەکیلەکەم ئەوە بخوازێت، من ئەوە دەکەم. ئەگەر دانیش بەهەڵەکەدا نەنێن من واز لە دۆزەکە دەهێنم.

سەیری کابرام کرد، هەستم دەکرد ئەو دوودڵە. دۆزەکەم خستە سەر ئەستۆی خۆم. کابرا بڕوای بەمن هەبوو، ئەو باش منی دەناسی، بۆیە وتی: باشە، ئیشەکە بکە و دان بەهەڵەکەش دابنێ، ئەگەر قەدەرەکەمان وابێت، با هەر دۆزەکە نەبەینەوە، خودا بەردەوام هاوشانی کەسانی حەقدارن.

قسەکانی ئەو دڵی خۆش کردم، دووبارە پارێزەرە بەئەزموونەکە منی ئاگادارکردەوە و وتی لامل مەبە، بەڵام هیواداری کردم و پیرۆزبایی لێ کردم و پێی وتم: سەرەتا قازییەکە گومانی هەبوو کە من دانم بەهەڵەکەمان داناوە، بۆیە وتی دیارە ئەوە فێڵێکە دەتانەوێ لێمان بکەن، بەڵام من بەقازییەکەم وت جەنابی قازی ئێمە مەبەستمان روونە کەوا هەڵەیەکی سادەمان هەیە و کراوە، بەڵام بەنیازێك نەبوو. پارێزەری بەرامبەریشمان دڵنیابوو لەوەی دادگا لە بەرژەوەندی ئەوان بڕیار دەدات، بۆیە بێ منەت بوو، بەڵام دەرئەنجام دادگا لە بەرژەوەندی ئێمە بڕیارەکەی دا و وتی ئەوەیان هەڵەی نووسینە و دەکرێ چاك بکرێتەوە و داواکەمان بردەوە، بۆیەش دەڵێم پیشەی پارێزەری ناکرێ ئەگەر راستی تێدا نەبێت.

لە ناتالدا دەکرا پارێزەر هەتا ئاستی بەرگریکار و وەك وەکیلێکی یاسایی لە دۆسیەکە ئیش بکات، بەڵام لە ترانسفال وەك بۆمبای وابوو، وەکیل و بەرگریکارەکان جیاوازبوون، بۆیە لەو دوو شارە دوو جۆرە ئیشم کردبوو، کە بەرگریکار بووم دەمتوانی پەیوەندییەکانم بەهیندییەکان راستەوخۆ بێت.

وەکیلە قانوونییە سپیپێستەکانیش لە باشووری ئەفریقیا منیان بەوەکیل نەدەگرت. جارێکیان لە جۆهانسبێرگ کە هەستم کرد موەکیلەکەم فێڵم لێ دەکات داواکەم راگرت، قازییەکە زۆری لا سەیر بوو، منیش وتم من بەرگری لە دۆزی وا ناکەم، بۆیەش هەندێ جار سەرەڕای جیاوازی رەنگی پێستمان من لەبەر راستگۆییەکەم سەرەنجی ئەوانیشم رادەکێشا و رێزیان دەگرتم.

کە دەمزانی دۆزەکە ئاڵۆزە، داوام دەکرد بچینە لای پارێزەرێکی تر، بۆیە کە بەڕاستی ئەوەم دەدرکاند ئەوان زۆرتر دەهاتنە لام و پارەی زۆرتریشیان دەدا، بەوەش زۆرتر خەڵکەکە روویان لە من دەکرد.

من زووتریش وتوومە من ئەو پیشەیەم کردووە تا بەرگری لە رەوەندی هیندی لە باشووری ئەفریقیادا بکەم. بۆ ئەو کارەش دەبوایە خەڵکەکە بڕوا و متمانەیان بەمن هەبێت. بۆیەش کە داوام لەو خەڵکە دەکرد بۆ وەرگرتنی مافەکانتان لە زیندانەکان بەرگە بگرن و خەبات بکەن. ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کەوا من دۆاکەم دروستە، تەنها لەبەر ئەوە بوو ئەوان رێزی منیان دەگرت و بڕوایان بەمن هەبوو.

لەو ئیشەدا زۆر لە موەکیلەکان بوونە هاوڕێ و دۆستی راستەقینە بۆ خزمەتکردنی گشتی، بەپەیوەندییەکانم بەوانە ژیانە تاڵ و بەئازارەکانم کامەران دەکردن و دڵم خۆش دەکردن.

ئێستا خوێنەرەکانم بەناوی رۆستومچی بارسی ئاشنا بوون، ئەو موەکیل و هاوڕێم بوو، دەکرێ بڵێم سەرەتا هاوڕێ ئینجا موەکیل. ئەوەندە متمانەی بەمن هەبوو لە کارە تایبەتییەکانیش راوێژی بەمن دەکرد. قسەکانی منیشی بەهەند وەردەگرت. کە نەخۆش دەکەوت داوای یارمەتی لە من دەکرد، ئەگەرچی لە شێوازەکانی ژیانماندا جیاوازیش بووین، بەلام هەندێ رێنماییە تەندروستییەکانی چارەسەکردنی منی پێ باش بوو. هەموو شتەکانی بەمن

دەوت، بەڵام کە کالاکانی بەقاچاخ لە بۆمبای و کلکتا دەهێنا، نەك من، کەسیش هەستیانی پێ نەدەکرد، چونکە لەگەڵ کارمەندەکانی گومرگ باش رێککەوتبوو. من ئەوەم نەدەزانی.

بۆ باسکردنی ئەو بابەتە پەندێکی شاعیری جوجراتی ئاخوو بەکاردەهێنم کە دەیوت، دزی وەك جیووە وایە ناکرێ بیشاریتەوە. دیارە کەوا رۆستومچی لەوەیان رێزپەڕ نییە. هاوڕێیەکەم رۆژێکیان بەچاوی بەفرمێسکەوە هاتە لام و وتی: براکەم، من تۆم هەڵخەڵەتاندبوو. وا مەسەلەکەم ئاشکرابوو. من قاچاخییم دەکرد، لەسەر ئەوەش دەگیرێم و بەهیلاك دەچم، تەنها تۆ دەتوانیت لەو گێژاوەدا دەربازم بکەیت. من تەنها ئەو ئیشەم لە تۆ دەشاردەوە، نەمدەویست بەئیشەکەم سەخڵەتت نەکەم، بۆیە باسی ئەو قاچاخچییەتییەم بۆ نەدەکردی، بەڵام من ئێستا زۆر پەشیمانم.

منیش وتم: ئارام بە، تەنها خودا لەوەیان دەربازت دەکات، خۆت باش من دەناسیت، ناتوانم لە ئەنجامدانی تاوانێك یارمەتیت بدەم.

ئەو بەشەرمەوە وتی کە دان بەوە دەنێم بەس نییە.

منیش بەنەرمییەوە وتم: تۆ لەبەرامبەر من تاوانێکت نەکردووە، بەرامبەر حکومەت ئەوەت کردووە، رەنگە لە بەرامبەر ئەوان دان بەوەدا بنێیت بەس بێت؟

رۆستومچی بارسی وتی: بێگومان بەقسەت دەکەم، بەڵام راوێژێك لەگەڵ پارێزەرە کۆنەکەم ....... ناکەیت، ئەویش هاوڕێیەکی منە.

پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت قاچاخچییەتییەکە ماوەیەکی درێژە دەکرێت.

چووینە لای پارێزەرەکەی، ئەو وتی: دۆزەکە پێشکەش بەدەستەی سوێندخۆرەکان دەکرێت. دیارە هەرگیز ئەو دەستەیە کەسێکی تۆمەتباری هیندی بەرەڵلا ناکات، بەڵام بێ هیواش نیم. من پارێزەرەکەم نەدەناسی،

ڕۆستومچی قسەکەی بڕی و وتی: سوپاس، بەڵام من دەمەوێ بەڕێز غاندی دۆزەکەم بگرێتە دەست، ئەو باشتر من دەناسێت، کەی پێویستمان بەڕاوێژی تۆش بوو، پرست پێ دەکەین.

من بۆچوونی خۆم بەو شێوەیە بەو وت: من وادەزانم دادگا ئەو دۆزە هەر نەبینێت. ئەوەیان بەگومرگ چارەسەر دەکرێت، ئەوەش بەپێی ڕێنماییەکانی داواکاری گشتییەوە دەبێت، منیش ئامادەم هەردووکیان ببینم، ئەگەر ئەوان ئەوەیان نەکرد، ئەوە دەبێ تۆ بۆ زیندان ئامادە بیت. من کارەکەم پێ لە زیندان دزێوترە، تۆ کارێکی دزێوت کردووە، بۆیە سزای زیندان دەدرێیت. ئەو وتی، من بەپێشنیارەکانت ڕازییم. ئەو کەسێکی ئازابوو، بەڵام لێرە ئازایەتییەکەی شەرمەزاری کردبوو. منیش بەهەموو ئازایەتییەکەوە ڕاستییەکانم بەبەرپرسەکانی گومرگ ڕاگەیاند، بەڵێنم پێیان دا هەموو دەفتەرەکانیان لەبەردەم دابنێم. پێم وتن کەوا ڕۆستومچی زۆر پەشیمانە.

ئەویش وتی: من ڕێزی زۆرم بۆ ئەو هەیە، بەڵام پێم ناخۆشە ئەو کارانەی کردووە. من دەبێ لەبەر ڕۆشنایی داواکاری گشتی بین. من پێت دەڵێم تۆ دەتوانیت بەزیرەکی خۆت ڕاییی بکەیت. سوپاسی ئەوم کرد کە مەسەلەکەی نەگەیاندە دادگا. کە ئەو بەڵێنەم لەو وەرگرت، داوای دیتنی داواکاری گشتیم کرد. ئەوم بینی، ئەویش ڕێزی ڕاستگۆییەکانی منی گرت و بڕواشی کرد کەوا من هیچم لەو نەشاردۆتەوە.

ئینجا نازانم ڕاستگۆییەکان و سووربوون لەسەر دۆسیەکان، یان تەنها لەو دۆسیە بوو کە داواکارە گشتییەکە وتی: وادەزانم تۆ هەرگیز دۆڕاو نابیت. دۆزەکەی ڕۆستومچییم تەواوکرد، بەهای دوو قیمەتی کالاکان پارەمان دا و دەربازمان بوو. ئەویش هەموو کێشەکانی گچکە کردەوە و پوختەکەی لەسەر

پسوولەیەك و بۆ یادگار و بۆ بەرچاوی دۆستە بازرگانەکانی، پەندەکەی وەك وانەیەك نووسی.

هەندێ لە هاوڕێیەکانی ئەو منیان ئاگادار کردەوە کەوا ئەو بەوەیان فێڵت لێ دەکات. کە منیش قسەکەم بەرۆستومچی وتەوە، وتم دەڵێن فێڵمان لێ دەکەیت. ئەو لە وەڵامدا وتی: چۆن من دەتوانم فێڵت لێ بکەم؟

# بەشی پێنجەم

## ئەزموونی یەکەم

پێش ئەوەی من بگەمەوە وڵات، ئەو دەستەیەی بڕیاربوو لە باشووری ئەفریقیا و لە فونیکسەوە بەرەو هیند بەڕێ بکەون گەیشتبوون. من دواکەوتبووم، چونکە لە بریتانیادا لەبەر بەشدارییمان لە تیمەکانی فریاکەوتنی سەربازی دواکەوتبووم، دەبوایە من لە هیند شوێنێك بۆ نیشتەجێبوونی ئەوانە لە هینددا پەیدا بکەم. حەزیشم دەکرد وەك چۆن لە باشووری ئەفریقیادا بەیەکەوە دەژیاین، دەمویست لە هیندیش هەر بەیەکەوە بژین. من شوێنم نەبوو، بروسکەیەکم ناردبوو دیمانەی بەڕێز ئەندروز بکەین. ئیتر ئەوان لە جورروکول کانجری جێگایان کرایەوە و کۆچکردوو بەڕێز شرادانانند جی وەك منداڵەکانی خۆی چاودێری کردبوون. پاشان دەچنە شانتینیکتان ئاشرام لەوێ دەژین. لەوێ شاعیری مەزن تاغوور بەخۆشەویستییەوە لە ئامێزی کردبوون. ئەوان لەو دوو شوێنەی کە تێدا ژیابوون ئەزموونی باشیان پەیدا کردبوو.

بەڕێز ئەندروز دەستەکە بەبەڕێز سوشیب رودرا دەناسێنێت. ئەگەرچی ئەو بارەگایەکی حکوومەتی نەبوو لەوێ دایانمەزرێنێت، بەڵام ماڵەکەی خۆی بەتەواوی دەخاتە بەر دەستی ئەوان. ئیتر لە رۆژی یەکەمی ژیانیان لەو ماڵەدا خێزانەکەی وا دەکەن هەست بەغەریبی نەکەن، بەڵام دیارە کەوا ئەوان فونیکسیان لەبیر نەدەکرد. من گەیشتمە بۆمبای ئینجا زانیبووم کەوا دەستەکە فونیکس لە شانتینیکیتان دەژین. پاش دیمانەم بەجوخلی زۆر پەرۆش بووم ئەوان ببینم. ئەو ئاهەنگەی لە بۆمبای بۆم کرابوو بریتی بوو لە

ساتیاجراهایەکی، بەڵام بەگچکەیی. لەویٚ جورئەتم نەکرد بەزمانی جوجراتی قسە بکەم. ئینجا جوجراتییەکان ئاهەنگێکیان بۆ کردم، ئاهەنگەکە لەلایەن کۆچکردوو بەڕێز ئوتالال تریفیدی سازکرابوو. لەو ئاهەنگە بەڕێز جناح ئامادە ببوو، نازانم بەناوی سەرۆك هاتبوو، یان وەك پەیڤدارێك هاتبوو. وتارێکی جوانی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد. هەموو وتارەکان بەو زمانە بوو. کە نۆرەی من هات، لە وتەکەمدا شایستەی زمانەکانی جوجراتی و هیندۆسیم نواند، بەنەرمییەوە قسەم لەسەر بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەکە کرد، بەڵام لەبەرئەوەی من تازە لە تاراوگە گەڕابوومەوە بۆیەش شەرمم دەکرد زۆرتر لەو بابەتانە قسەیەك بکەم، بەڵام دیاربوو ئامادەبوان هاوسۆزی بۆچوونەکەی من بوون.

## لەگەڵ جوخلی لە شاری بوونادا

کە گەیشتمە بۆمبای، جوخلی نامەیەکی بۆم نووسیبوو کەوا حاکمی بریتانی دەیەوێ تۆ ببینێت. نەدەکرا دیمانەکە بخەمە پاش سەردانەکەم بۆ بوونا، بۆیە سەردانی حاکمەکەم کرد. پاش ئەوەی چەند پرسیارێکی لەسەر رەوشەکە لێ کردبوو، ئینجا ئەو وتی: من دەمەوێ شتێکت لێ داوا بکەم، دەمەوێ ئەگەر شتێکت سەبارەت بەحکوومەت کرد بگەڕێیتەوە لای من.

منیش لە وەڵامدا وتم: بەخۆشییەوە بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم، کە من هاوڕێیەکی بزاڤی ساتیاجراها بم، دەبێ بۆچوونی بەرامبەرم رەچاوم بکەم. ئەگەر بمەوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، کۆشش بکەم هاوکار بم. من لە باشووری ئەفریقیاش پابەندی ئەو رامانە بووم، دەمەوێ لێرە ئیلتیزامی پێوە بکەم.

لۆرد ویلینجدون سوپاسی کردم و وتی: هەردەمێك ویستت دەتوانی سەردانم بکەیت، ئینجا دەبینن کە چۆن حکوومەتیش هەڵە ناکات.

منیش لە وەڵامدا وتم: من بڕوابوونم بەڕاستەقینەیی دەکەمە پشتیوانی خۆم.

ئینجا بەرەو بوونا بەڕێ کەوتم. لەوێ بیرەوەری زۆر جوانم هەیە، بۆیە موستەحیلە بتوانم باسی هەموویان بکەم. جوخلی و ئەندامانی کۆمەڵەی راژەی هیندی بەسۆزی زۆر گەرمەوە پێشوازییان کردم. بەیەکەوە دانوستانی زۆرمان کرد. جوخلی زۆر پەرۆش بوو من ببمە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. منیش هاوسۆزی بۆچوونەکەی ئەو بووم و پەرۆشی ئەوە بووم لەو کۆمەڵەیە ببمە ئەندام، بەڵام ئەندامەکانیان لەبەر زۆری فرە بۆچوون لە بەرنامە و شێوازەکانی کارکردن لەناو ئەندامەکانییدا، پێیان شیاو نەبوو من ببمە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە، بەڵام جوخلی بڕوای وابوو کەوا لەگەڵ پابەندبوونت بەڕامانەکانت دەکرێ رامانی ئەوانیش قبووڵ بکەیت.

جوخلی وتی: بەڵام ئەندامانی کۆمەڵەکە هێشتا لەسەر بڕارێکی مامناوەندییش رازی نین، ئەوان سوورن لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان، حەز بەسەربەخۆیی دەکەن. هیوام وایە ئەندامیەتی ئێمەیان قبووڵ بێت، ئەگەر هەر قبووڵیان نەبوو، ئەوەش بێ ڕێزییە بەرامبەر تۆ دەیکەن. ئەوان لەوە ترساون نەك ڕێز و شکۆکەی تۆیان لێ ببێتە مەترسییەك، جا ببیتە ئەندامی کۆمەڵەکەیان یان نا، من بەئەندامێکی کۆمەڵەکەت دەزانم.

منیش رامانەکەی خۆم پێ وتن، من ببمە ئەندامی کۆمەڵەکە یان نا. من گۆشەیەکم دەوێت، شوێنێکی لاچەپم دەوێت خۆم و هاوڕێیەکانم لە فوتیکس تێدا جێگیر بین. باشتر وایە ئەو شوێنە لە جوجرات بێت، ئەگەر من خزمەتی جرجواتی بکەم، واتە من خزمەتی وڵاتەکەم کردووە. جوخلی ئەو رامانەی پێ باش بوو، بۆیە وتی: من هەموو خەرجییەکانی ئەو بارەگایە دەکەم، وەك ماڵێکی خۆم سەیری دەکەم، با دەرئەنجامی دانوستانەکە لەگەڵ کۆمەڵەکە هەر چییەك بێت. ئیتر من دڵم خۆش بوو، بارگرانی خەرجی و پارە کۆکردنەوەم لە کۆڵ بووە. داوایان لە دکتۆر دیڤ کرد لە دەفتەرەکانی کۆمەڵە حیسابێك بەناوی من بکاتەوە، هەموو پێداویستییەکانیش وەك بارەگا و خەرجییە گشتییەکان دابین بکەن.

ئیتر من ئیشم نەما، دەبوایە گەشتی شانتینیکیتان بکەم، بۆیەش جوخلی لەسەر شەرەفی من ئاهەنگێکی سازکرد، هەموو ئەو خواردنانەی من دەمەوێ دانرا، وەك جۆرەها میوە و چەرەزات. ئاهەنگەکە لە ژوورەکەی ئەو نزیك بوو، بەڵام تەندروستی ئەو بوارەی نەدەدا بێتە ناو ئاهەنگەکە، بەڵام لە خۆشەویستی من ویستی بگاتە شوێنەکە، بەڵام بوورایەوە، کە هەڵسایەوە داوای لە ئامادەبوان کرد ئاهەنگەکەیان بەردەوام بکەن.

## ئایا ئەوەیان هەڕەشەیەک بوو؟

لە بووناوە گەیشتمە راجکوت و بوربانداد. دەبوایە سەرێکم لە براژنەکەم و خزمەکانم بدەم. کە لە باشووری ئەفریقیادا دەبووم جلەکانی خۆم دەگۆڕی، وەك کرێکارانی بەبۆندی قەرز جلم لەبەر دەکرد. لەناو ماڵەکەشم لە ئینگلترا هەر ئەو جلانەم لەبەر دەکرد. کە من گەیشتمە بۆمبای جلی کاپیاوارییم لەبەر دەکرد کە بریتی بوو لە قەمیس و دهوتی و عەبا و دەستماڵێکی سپی، هەمووش لە قوماشی هیندی دروستکرابوون و لە پەمۆی هیندی بەتەشی رێسرابوون. بەڵام هەستم دەکرد کەوا دەستماڵەکە و عەباکە لەناو فارگۆنەکانی پلە سێیەکان دەبێتە بارگرانی، بۆیە وازم لەوانە هێناو شەپقەیەکی کشمیریم بە هەشت یان دە عانە کڕی. دیارە کەوا ئەو جل و پۆشاکەش جلی کەسە هەژارەکان بوو.

لەبەر بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوون، نەفەرەکانی پلەی سێیەمیان لە شاری ڤیرامجام یان شاری وادهوان دەپشکنی. من تایەکی سووکم لێ بوو، کە پشکینەرەکە زانی من تایەکم لێیە، وتی خۆت بە بەرپرسە تەندروستییەکە لە راجکوت نیشان بدە و ناوی منی لەلای خۆی نووسی.

ئەوانەی لە بواری راژەی گشتی کارکەر بوون کە دەزانن من دەگەمە شاری وادهوان، کۆمەڵێك لێم کۆدەبنەوە، باسی کێشەکانی ناو فارگۆنەکانی پلەی سێیەمیان بۆ دەکردم. منیش لەبەرئەوەی تام لێ بوو، بۆیە تاقەتی قسەکردنم نەبوو، بۆیە بەموتیلالم وت، دیارە دەتەوێ بچیتە زیندان؟ ئەویش بەسۆزەوە وتی: بەڵێ من دەمەوێ بگیرێم، ئەگەر گیرانەکەی من سوودی هەبێت،

لەبەرئەوەی ئێمە کاپیاوارین، بۆیە دەبێ تۆ سەرکردەمان بیت. ئەگەر ئێستاش لەناومان نەبیت، ئەوا لە گەڕانەوەتدا دەبێ لەلای ئێمە بمێنێتەوە، لێرە بەچالاکی پیاوەکان و ورەیان دڵشاد دەبیت. بڕوا بکە هەموومان بەفەرمانەکانی تۆ کار دەکەین. قسەکانی موتیلال حەیرانی کردم، یەکێك لە هاوڕێیەکانی بەو شێوە پەسنی ئەوی کرد و وتی: ئەو هاوڕێیەمان تەنها بەرگدرووێکە، بەڵام لە پیشەکەی سەرکەوتووە، بەئاسانی مانگانە ۱۵ رووپیە پەیدا دەکات، ئەوەندەش بەشی دەکات. ڕۆژانەش تەنها یەك کاتژمێر ئیش دەکات، ئیتر کاتەکانی تری بۆ راژەی ئەو خەڵکە تەرخان کردووە. ئەو لێرە سەرکردەی ئێمەیە، لە هەموومان ئەوانەی بڕوانامەشمان هەیە چالاکترە.

پاش ئەو دیمانەیە بەردەوام یەکترمان دەبینی، بەڵام هەستم کردبوو کەوا هاوڕێیەکەی زیاد لە پێویست پەسنی ئەوی کردبوو، ئەو ڕۆژانە لە بارەگای کۆمەڵکە منداڵانی فێری چنین و تەون دەکرد، بەڵام ئەو بەگەنجی مرد، بەوەش خەڵکەکە کەسێکی خزمەتگوزاریان لە دەست دا.

کە گەیشتمە راجکوت، بەیانییەکەی چوومە لای بەرپرسە تەندروستییەکە. دیارە ناوەکەم بەر لە خۆم گەیشتبوو، دکتۆرەکە لە کردەوەی پشکێنەرەکە تووڕە ببوو. منیش وامدەزانی ئەو بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵساوە، چونکە ئەو هەر ناوەکەی منیشی نەدەزانی. من چیتر نەچوومە لای دکتۆرەکە. ئەو وتی دەبێ پشکێنەرەکە خۆی بێتەوە لات.

پشکنینی نەفەرەکانی ناو فارگۆنەکانی پلەی سێیەم پێویست بوو، ئەگەر خەڵکەکە پێیان خۆش بوایە، ئینجا ئەوانە لە کام پۆست و پلەش بن، بەڵام بەرپرسەکان خەڵکەکەیان وەك مێگەل سەیر دەکرد. بەبێ ڕێزی قسەیان لەگەڵ دەکردن، گوێیان لە پرسیار و داواکانیان نەدەگرت، هەروەها دەستیان لەسەر بەرزدەکردنەوە و زۆر بەئاسایی لێیان دەدان. من بەچاوی خۆم زۆر لەو

دیمەنانەم دیبوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەو رەوشەش دەبوایە چینە خوێندەوار و دەوڵەمەنـدەکان ئاگـادار بکەینـەوەو وا بکـەین ئـەوانیش لـەو فارگۆنانـە گەشتەکانیان بکەن، چیتر خۆیان لە چینە هەژارەکان جیانەکەنەوە.

لـە کاپیـاوار دەچـوومە هـەر شـوێنێك بـاس باسـی دەسـەلاتدارانی گـومرگی ڤیرامجام بـوو. بۆیـەش زوو ویستم سـوود لـە پێشنیارەکەی لـۆرد ویلینجدون ببینم. کە تێگەیشتم مەسەلەکان هەموو راستن، دەستم کرد بەپەیوەندیکردن بەحکوومەتی بۆمبای. سەردانی سکرتێرەکەی لۆردم کرد، بەفەرمیش سەردانی لۆردیشم کرد. ئەویش هاوسۆزییەکی گەرمی نیشاندا و وتی: ئەگەر مەسەلەکە لەناو سنووری دەسەلاتی ئێمە بوایە، ئێمە زوو ئەوەمان بنبڕ دەکرد، بۆیە دەبێ نامە بۆ حکوومەتی هیندی بنووسین.

کە نامـەم بۆ حکوومـەتی هینـدی نووسی، تـەنها وەلامـی گـەیشتنی پۆستەکەم وەرگرتـەوە، ئـەوەش چارەسـەر نـەکرا هـەتا لـۆرد شیلمسـفۆردم بـینی. کـە راستییەکانم پێ وت، زۆر سەرسام بوو، ئەو هیچ جۆرە زانیارییەکی لەسەر ئەو بابەتـە نـەبوو، داوای بەڵگەنامـەکانی لـە مـن کـرد. ئـەو بـەڵێنی دا ئەگـەر دەسەلاتدارەکان هیچ راڤەیەکی تریان نەبێت، من ئەوە چارەسەر دەکەم. پاش چەند رۆژێك لـە رۆژنامـەکان هـەواڵی هـەڵگرتنی باجـە گومرگییـەکانی ڤیرامجام بلاوکرایـەوە. ئـەو رووداوەم بەچـالاکییەکی سـاتیاجراها نـاوبرد، بـەلام لـە دیمانەیەکم لەگەڵ حاکمی بریتانی لە بۆمبای، ئەو وتی من بەباشم نەزانی تۆ لە وتارەکەی باجاسرا ئامـاژەت بەساتیاجراها داوە، چونکە ئەوەیان بەهەڕەشەیەك نەژمارد دەکرێت. تۆ وادەزانیت حکوومـەتێکی بەهێزی وا ئـەو هەڕەشانە کاری لێ دەکات؟

منیش لە وەلامـدا وتم: مەسـەلەکە هەڕەشە نییە. ئـەوەیان هوشیارکردنەوەی خەڵکەکەیـە. مـن بەدروسـتی دەزانم میللـەت بـەئاگابێت و داواکانیـان نمایش

بکەن. هەموو میللەتێك کۆششی سەربەخۆیی بکات دەبێ هەموو بوارەکانی دەستەبەرکردنی ئازادییەکان بگرێتە بەر، بژاری توندوتیژییەکەش دوابژاریان دەبێت. بەڵام ساتیاجراها چەکێکی ئاشتیانەیە و نەفرەت لە توندوتیژییەکان دەکات. من ئەوە بەئەرکی خۆم دەزانم راڤەی بەکارهێنان و دەسەڵات و سنوورەکانی بکەم، من گومانم لە هێزەکانی حکوومەتی بریتانی نییە، بەڵام ساتیاجراهاش فاکتەرێکی کاریگەرە. حاکمەکە سەری بادا و وتی: دەبینین.

## شانتینیکیتان

لە شانتینیکیتان مامۆستا و خوێندکاران بەخۆشەویستییەوە پێشوازییان لێ کردم. پێشوازییەکە شێوەیەك بوو لە سادەیی و هونەر و ئەڤین. لەوێ بۆ یەکەمجار کاکاساهیب کالیلکارم بینی. هاوڕێیەکی من لە ئینگلترا کە سەرپەرشتی قوتابخانەیەکی شاری بارودای دەکرد، نازناوی بنەماڵەیی بۆ مامۆستاکان دانابوو، بەڕێز کالیکار کە لەوێ مامۆستابوو، ناوی نابوو، کاکە، واتە مام. فادکی ناو نابوو، مامە، خاڵ. هاریها شارمای ناو نابوو، ئەنا، برا. هەروەها خەڵکی تریش ناوی تریان هەبوو.

دەستەی فونیکس لە شانتینیکیتاندا لەناو ماڵێکی تایبەتی دەژیان. ماجنلال غاندی سەرپەرشتی دەکردن. لەوێ هەموو ڕێنماییەکانی کێڵگەی فونیکس پەیڕەو دەکرا، لەوێ هەموو خەڵکەکە ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. ئەندروز و بیرسون لەوێ مامۆستا بوون، لەگەڵ ئەوانە و لەگەڵ خەڵکێکی زۆر پەیوەندییمان پەیداکرد.

من زوو هاتمە ناو مامۆستا و خوێندکارەکان، باسی ئەوەم بۆ دەکردن کەوا فێربن پشت بەخۆیان ببەستن. بەئیدارەکەم وت، ئەگەر بکرێت خۆتان و قوتابییەکانتان خواردن بۆ خۆتان ئامادە بکەن، ئەوەش دەبێتە وانەیەکی پراکتیکی بۆ پێگەیشتن و گەشەکردن، بەلام دیاربوو دوو سێیەکیان بیرۆکەکەیان پێ باش نەبوو، سەریان بۆ بادا و ناڕازی بوون، بەلام دوایی بەجۆشەوە پێشنیارەکەیان پەسەند کرد، منداڵەکان ئەوەیان زۆر پێ خۆش

بوو، ئەگەر لەبەر هیچ نەبێت، لەبەر گۆڕان و نوێکارییەکە بوو. دەستمان بەبەرنامەکە کرد، پرسم بەشاعیری گەورە تاغوور کرد، ئەو وتی من پێم باشە ئەگەر مامۆستاکان لارییان نەبێت، خوێندکارەکان وتیان: ئەو ئەزموونە کلیلی سەربەخۆیی ئێمەی پێیە.

پیرسون بەجۆشەوە دەستی بەجێبەجێکردنی بەرنامەکە کرد. دەستەیەکی دانابوو سەوزەکان ساز بکەن، دەستەیەك دانەوێڵەکە پاك بکەنەوە. بەڕێز نەجیب سەرپەرشتی نانخانەکەی دەکرد و پاکوخاوێنییەکە لەسەر ئەستۆی ئەو بوو. منیش بەو دیمەنەیە دڵخۆش بووم.

هەستم نەدەکرد سەد و بیست و پێنج خوێندکار وا بەئاسانی لەو پرۆسەیەدا گوێرایەڵ بن و حەز بەو کارە جەستەیە بکەن. ڕۆژانە دانوستانمان هەبوو، سەرەتا خەڵکەکە ماندوو دەبوون، بەڵام پیرسون کۆڵی نەدەدا، ئەو بەردەوام بەزەوقەوە لەناو نانخانەکە دەسووڕایەوە و ئیشی دەکرد و کەلوپەلەکانی هەڵدەبژاد و قاپەکانی پاك دەکردەوە. ژمارەیەکیان ئیشیان دەکرد و دەستەیەکیشیان ئامێری سیتاریان دەژەنی، ئیتر شانتینیکیتان ببووە شانەیەکی زیندووی کارامە.

لەگەڵ دەستپێکردنی ئەزموونەکە گەشەکردنیش دەستی پێکردبوو. خوێندکاران گۆڕانێکیان لە چێشتی بنجالی کردبوو، دوو مامۆستاش بەهاوکاری ژمارەیەك خوێندکارەکان نانخانەکەیان بەڕێوە دەبرد. فێرببوون برنج و نیسك و ئاردی گەنمیان بەفڕنە هەڵمییەکە ساز دەکرد، بەڵام بەهاراتیان بەکارنەدەهێنا.

من دەمویست زۆرتر لە شانتینیکیتاندا بمێنمەوە، بەڵام قەدەر ئەو بوارەی نەدا، من هەفتەیەك بوو لەوێ بووم، کە بروسکەیەکم بۆ هات تێدا نووسرابوو کەوا جوخلی لە بوونا مردووە. خەڵکەکە هەموو خەمگین بوون و هەموویان

سەرەخۆشییان لە من دەکرد. پرسەکەمان دانا و لە کۆبوونەوەیەکدا مردنەکەمان بەکارەساتێکی نەتەوەیی ناساند. هەر ئەو ڕۆژە من و هاوسەرەکەم و ماجنلال بەرەو بوونا بەڕێ کەوتین.

ئەندروز پرسی، بڕوا دەکەیت ڕۆژێک بێت ساتیاجراها لە هیند لەدایک ببێت؟ ئایا ئەوەیان دەبێت، ئەگەر ئەوە ببێت، کەی دەبێت؟

منیش لە وەڵامدا وتم: ئاسان نییە پێشبینی بکەم، من هەتا ساڵێک هیچ کارێک ناکەم. من بەڵێنم بەجوخلی دابوو کەوا لەناو هیند بگەڕێم، بەوەش ئەزموون پەیدا دەکەم. هەتا ئەو ماوەیەش تەواو نەبێت، هیچ لەبارەی ڕاژەی گشتییەوە قسە ناکەم و هیچیش ناکەم، پاش تەواوبوونی ئەو ماوەیەش هیچ ناڵێم، بەڵام وادەزانم پاش نزیکەی پێنج ساڵی تر ساتیاجراها لەدایک دەبێت.

جوخلی لەسەر هەندێ لە بۆچوونەکانی ناو کتێبەکەم هیند سواراج یان ئۆتۆنۆمی بۆ هیند گاڵتەی پێ دەهات.

ئەو دەیوت: ئەگەر لە هیند مایتەوە، خۆت هێدی هێدی دەگۆڕیت.

## مەینەتییەکانی گەشتیارانی پلەی سێیەم

ئێمەش وەك هاووڵاتیان لە بوردوان کێشەی زۆرمان هاتە پێش، بەئاسا بلیتی فارگۆنی پلەی سێیەمان دەست نەدەکەوت. وتیان هەتا پەنجەرەک نەکرێتەوە بلیت دەستناکەوێت. کە پەنجەرەکەش دەکرایەوە دەبو قەرەباڵغییەکی زۆر، وەك چۆن کڕینی بلیتەکەش ئاسان نەبوو، سواربوونەکەش زەحمەت بوو. ئینجا کێشەکە لەوەدا بوو کەوا شوێنمان دەستنەدەکەوت پرسیم شوێنی بەتاڵمان دەوێت، وتیان ئازابە بۆ خۆت شوێنێك بگرە. ماجنلا ناردە ژوورەوە و خۆم و هاوسەرەکەم لەنێوان فارگۆنەکان شوێنێکما دۆزییەوە، بەو هیوایەی ئەگەر شوێنێك بەتاڵ بێت بچینە ئەوێندەر کارمەندەکە داوای پارەی زیادی لێ کردین، کە من وتم شوێنمان بۆ بکەرەو هەتا بڕۆین، ئەو وتی ئەگەر پارەکە نەدەن دەتانهێنمە خوارەوە. بەناچار پارەکەم بۆ ژمارد. کە شوێنمان دەستکەوت داوای پارە زیادەکەم کردەوە وتیان پارە نادینەوە. من دەمویست بگەمە بوونا و نەمدەویست لەگەڵ کارمەندەکان شەڕێك بکەم.

ئیتر لەو ڕۆژەوە چەندین ئەزموونم لەو فارگۆنانە بەسەر دەهات. ئەگەر بیانووسمەوە یەك بەرگی تەواوی دەوێت. زۆریش خەمم دەخوارد کە لەبەر باری تەندروستیم نەدەکرا سواری ئەو پلەیە ببم. هەموو ستەمکارییەکانی ئەو فارگۆنانەش دەگەڕایەوە سەر بەرپرسانی هێڵی ئاسنەکە. دیارە کەوا بەشێکی ئەوەش دەگەڕایەوە سەر خۆویستی و نەفامی و ڕەوشتە خراپەکانی

گەشتیارەکانیش. لەگەڵ ئەو رەوشتە بەدانە، وایاندەزانی مەسەلەکە ئاساییە و بەسروشتییان دەزانی، دیارە کەوا هەموو ئەو نەفامییەی ئەو دەگەڕێتەوە سەر ئەمەی خوێندەوار کە کەمتەرخەمین لەوەی فێرمان نەدەکردن.

کە گەیشتینە کالیان هەستم دەکرد ماندوو ببووم. لە وێستگەکە لەگەڵ ماجنلال هەندێك ئاومان بۆ دەموچاو شووشتن پەیداکرد. من خەریك بووم مەسەلەی توالێت بۆ هاوسەرەکەم پەیدا بکەم، لەناکاو بەڕێز کولم بینی، ئەوەی لە کۆمەڵەی راژەی هیندی بوو. ئەویش دەچووە بوونا، ئەو وتی باشە من هاوسەرەکەت دەبەمە ناو فارگۆنەکانی پلەی دووەم، لەو پێشنیارە بەخشندەیە دوودڵ بووم، بەڵام دەمزانی کەوا ژنەکە حەقی ئەوەی نەبوو گەرماوەکەی ئەو فارگۆنانە بەکاربهێنێت، چونکە پارەی بلیتی ئەو فارگۆنانەی نەداوە، بەڵام دەرئەنجام چاوم لەو پۆشی، دەمزانی کەوا ئەوەیان لە خەسڵەتی کەسانی شەیدای راستەقینەیی نییە، بەڵام ئەوەم بەناچاری کرد، چونکە ژنەکەم زۆر نەنگاو بوو. دیارە کەوا پەرۆشی پیاو بۆ ژنەکەی وا دەکات چاوێك لە راستەقینەییش بپۆشێت، لە ئابنیشادا هاتووە کەوا رووی راستەقینەیی لەبەر پەردەی زێڕینی وەهم، مایا، ون دەبێت.

## کۆشش بۆ بەشداری لە کۆمەڵەکەدا

کە گەیشتینە بوونا و پاش تەواوبوونی پرۆسەی پرسەکە، شرادها، باسی دوارۆژی کۆمەڵەکەمان کرد، قسەمان لەسەر ئەوەبوو، ئایا ببینە ئەندام لەو کۆمەڵەیە یا نا..؟! پاشان بۆم روونده‌بێتەوە کەوا ئەندامیەتی ئەو کۆمەڵەیە مەسەلەیەکی ناسك بوو، کە جوخلییش مابوو پێویستم بەئەندامیەتی ئەو کۆمەڵەیە نەبوو. من چارەشم نییە و دەبێ داواکانی ئەو جێبەجێ بکەم. ئەو رەوشەش من حەزی لێ دەکەم. کە من دەمویست ژیانی ئاڵۆزی دەریا بەباهۆزەکەی هیند ببڕم، دەبوایە من رابەرێکی بەتوانا و باوەڕداربم، بەوەش هەستم بەئارامی دەکرد. کە ئەویش مرد، دەبوایە من ئیعتیماد لەسەر خۆم بکەم. کە بیرم لەوە کردەوە ببمەوە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە هەستم دەکرد من رۆحی ئەو شاد دەکەم، ئیتر بەبێ دوودڵییەوە کۆششم کرد ببمە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە.

لەو دەمانە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەکە لە بوونادا دەژیان، بۆیەش داوام دەکرد وەك ئەندام قبووڵم بکەن. ویستم ئەو ترسەی لەسەر من هەیانبوو بڕەوێنمەوە، بەڵام ئەوان لەوەدا ببوونە دوو بەش، تیمێکیان هاوسۆز بوو من ببمە ئەندام و، تیمەکەی تریش بەتوندی دژایەتی ئەندامیەتی منیان دەکرد، بەڵام ئەوەم باش دەزانی کەوا هەردوو تیمەکە منیان خۆشدەویست و رێزی زۆریان بۆ من هەبوو، بەڵام دیارە کەوا کۆمەڵەکەیان لە من خۆشتر دەویست، بۆیەش دانوستانەکانمان تەنها باسکردنی هەڵوێستەکان بوو. ئەوانەی دژی ئەندامیەتی من بوون، وایاندەزانی من هەڵوێستەکانیان دەگۆڕم و دەستکارییان دەکەم، دیارە کەوا ئەوەش دوور بوو لە راستی.

پاش کۆتایی کۆبوونەوەکان گەڕامەوەماڵەوە. زۆریش بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێ چ لەسەر ئەندامیەتی من بڕیار بن، ئایا من هەر دڵسۆزی بۆچوونەکانی جوخلی بم. دیارە کەوا ناکۆکییەکان لەسەر ئەوە مەسەلەیە لەناخی منیش توندبووە، بۆیە بڕیارم دا من واز لەوە بهێنم، تا ئەوانەی دژایەتی ئەندامیەتی من دەکەن، خۆیان لەکاتی تەنگانەدا پەشیمان دەبنەوە و خۆیان دێنە پاڵ من، نەك من ئێستا بچمە پاڵ ئەوان. بەڵام هەستم بەزۆرداریش دەکرد کە لەسەر من دەکرا، بۆیەش لەناکاو بڕیارم دا ئەو فۆرمەی بۆ ئەندامیەتی پێشکەشم کردووبوو بکێشمەوە، بەوەش ئەندامە نەیارەکانم سەخڵەت دەبن. هەستم کردبوو من بەوەیان بۆ هەڵوێستەکانم و جوخلییش بەوەفا دەبم. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە نامەیەکم بۆ شاستریچی نووسی و داوام کرد بڕیاری دواخستنی کۆبوونەوەکە هەڵبوەشێننەوە. تیمە نەیارەکانم لە هەڵوێستەکەم حاڵی ببوون، بەوەشیان من ئەوانیشم لە بڕیارێکی زەحمەت دەرباز کرد، بەوەش هاوڕێیەتییەکەمان بەپتەویی مایەوە، ئەوەش هاندەر بوو کەوا من وەك ئەندامێکی کارای کۆمەڵەکە کار بکەم.

لە داهاتوو بۆم روون دەبێتەوە کەوا نەبوونم بەئەندام لەو کۆمەڵەیە چەند راست بوو. ئەو ئەندامانەی کە دژی ئەندامیەتی من بوون چەند لەسەر حەق بوون، چونکە هەڵوێستەکانم من لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەوان جیاواز بوو، بەڵام ئەو جیاوازییانە نەدەبووە فاکتەری دوورکەوتنەوەمان لە یەکتری. بەهیچ شێوەیەکیش رق و قینێکمان لەنێواندا نەبوو، بەڵکو هەستەکانم گەرمتر و بەسۆزتر مانەوە و بارەگەکەی کۆمەڵەکەش لە بوونا ببووە نوایەکی ئارامی رۆحی بۆ من.

لەڕاستییدا من ئەندامێکی کارای ئەو کۆمەڵەیە نەبووم، بەڵام بەرۆح ئەندامێکی دڵسۆزیان بووم. پەیوەندییە رۆحییەکەمان زۆر لە پەیوەندییە مادییەکە توندوتۆڵتر بوو، چونکە پەیوەندییە مادییەکە بۆ جەستە بوو، جەستەیەکی بێ رۆح دەبوو.

## کومب میلا

بۆ دیمانەی دکتۆر میهتا دەچووومە رانجون. لە کلکتا لە مالّی کۆچکردوو بهوبیندراناپ باسو دابەزیم. لەو مالّەودا بەخشندەیی خێزانی بنجالییم بەباشی هەست پێکرد. جۆرەها میوە و چەرەزاتیان بۆ خواردنم دادەنا، ژنەکان ماوەیەکی زۆر خەریکی سپیکردنی چەرەزات دەبوون. دەمزانی کەوا ئەو مالّەمان زۆر ماندبوو کردبوو، چونکە بۆ هاوڕێیەکانیشم جۆرەها خوانیان دەڕازندەوە و خواردنی زۆریان بۆ ساز دەکردن.

چەند لەو مالّە خزمەت دەکراین لەناو پاپۆڕەکە زۆرتر ناڕەحەت دەکراین، گەرماوەکان پیس بوون، بالوعەکان ئاوێکی کەمیان پێدا دەهات، دەبوایە لەسەر پیساییەکاندا پاز بدەن.

ڕەوشەکە لە سەرووی وزەی تاقمی پاپۆڕەکە بوو. من چووومە سەر گەورە کاپتنەکەیان، بەلاّم سوودی نەبوو، چونکە نەفەرەکان ڕۆلّیان زۆر بوو لە پیسکردنەکە و هەموو پاشماوەکانیان فڕێ دەدا. ئیتر بەو شێوە نالەبارە دوو ڕۆژ ماینەوە.

کە گەیشتمە رانجون نامەیەکم بۆ وەکیلی کۆمپانیای پاپۆڕەکە نووسی، تێدا بەوردی باسی دیمەنە قێزەوەنەکانی ناو پاپۆڕەکەم کرد. بەکاریگەری ئەو نامەیە و راسپاردەکانی دکتۆر میهتا ڕەوشی گەڕانەوەمان باشتر ببوو.

دووبارە کات و بەرنامە تایبەتییەکانی خواردنەکانم دەبنەوە بەکێشە بۆ خانەخوێیەکانم. لەبەرئەوەی مالّی دکتۆر میهتا وەك مالّی خۆم بوو، بۆیە توانیم

دەست بەسەر لیستی خواردەمەنییە زۆرەکانی سەر خوانەکانیان دابگرم، لەبەرئەوەی من ژمارەی ئەو شتانەی دەمخوارد زۆر نەبوون، بۆیە نەوس و چاوەکانم نەدەگرت، ئەگەرچی کاتی دیاریکراوی خواردنەکان دیار نەبوون، بەڵام من حەزم دەکرد بەر لە خۆرئاوابوون شتەکان بخۆم و بەس.

ئەو بەسەرهاتە بۆ ساڵی ١٩١٥ دەگەڕێتەوە کە فیستیڤاڵی کومب لە هاردڤاردا هەر دوازدە ساڵ جارێک دەکرا. من زۆر پەرۆشی بەشداریکردنی ئەو فیستیڤاڵەش نەبووم، بەڵام حەزم دەکرد مهاتما مونشیرامچی ببینم، ئەوەی قوتابخانەیەکی گەورەی ڕۆحی تایبەت بەخۆی هەبوو. جوخلی لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی ژمارەیەک ئەندامی بۆ خزمەتی ئەو بۆنەیە ناردبوو، داواشی لە من کردبوو منیش ژمارەیەک لە دەستەی فونیکس ڕەوانە بکەم، بۆیە ماجنلال غاندی پێش من هاتبوو.

هەر لە شاری سهارنبورەوە ئێمەیان وەک مێگەل لەناو فارگۆنەکان دەپەستا. فارگۆنەکان تاریک بوون، لەبەرئەوەی فارگۆنەکان سەریان نەبوو، بۆیە لە سەرەوە تیشکی خۆرەکە و لە بنەوەش ئاسنە گەرمەکە ئێمەیان پەریشان کردبوو. لەبەر گەرمایەکەش و لەگەڵ پەرۆشی زۆریان بۆ ئاوخواردنەوە، ئینجا هیندۆسەکان قبووڵیان نەبوو ئاو بەدەستی موسڵمانێک بخۆنەوە. دەمەوێ ئاماژەش بەوە بدەم کەوا هیندۆسەکان لە خواردنی ئەلکهول و شۆربای گۆشتی مانگا، ئەگەر وەک دەرمان بۆیان دانرابووە دوودڵ نەدەبوون لەوەی بیخۆن، ئەگەر بەدەستی موسڵمان یان کریستیانێکیش بوایە.

بەمانەوەمان لە شانتینیکیتاندا فێری ئەوە بووین لە هیند کەوا کارسازییمان بۆ پاکوخاوێنی کاری بنچینەییمان بێت. بۆ ئەوانەی بۆ خزمەتکردن هاتبوون لە هاردفار لە یەکێک لە پەرستگاکان خیوەتیان بۆ هەڵدان و لەوێش خواردن و خزمەتەکانیان بۆ ساز دەکرا، دهارماشالا. دکتۆر دیڤ چەند چاڵێکی بۆ توالێت

ئەوەشمان خستە سەرشانی دەستەی فونیکس، کە بەخۆڵ پیسایییەکانیان لێدا، بەڵام دەبوایە چەند کەسێك بەکرێ بگرن ئەو چاڵانە خاوێن بکەنەوە. بشارنەوە. دکتۆرەکە نمایشەکەی ئێمەی زۆر بەدڵ بوو، سەرپەرشتی کارەکەش لەلایەن ماجنلالەوە دەکرا، منیش لەناو خیوەتەکە دانیشتبووم و لەگەڵ حاجییەکان دانوستانم دەکرد و قسەمان لەسەر بابەتی ئایینی و لایەنی تریش دەکرد. جا ئەوانەی پەرۆشی ئەوە بوون من ببینن هەتا شوێنی خۆشووشتنەکەش لەگەڵم دەهاتن، لەکاتی خواردنەکانیش بەرۆکیان بەرنەدەدام، بۆیە من لە هاردفار تێگەیشتم کەوا راژە گشتییەکانم لە باشووری ئەفریقیادا چەند کاریگەری لەسەر میللەتەکەم لە هیند کردووە.

من لە رەوشێکی خراپدا بووم. کە من کەسێکی نەناسراو بووم، ئاسایی بوو بتوانم لەگەڵ ژانی ملیۆنەها کەسی وڵاتەکەم نزیك بم. بۆ نموونە لەکاتی گەشتەکانم بەترێنەکان. بەڵام کە ناوم کەوتە سەر زاری خەڵکەکە و بوومە قوربانی شەیدایی خەڵکەکە بۆ بینینم. کە دەیانویست بۆ بەرەکەت من ببینن، تووڕە دەبووم، دڵم دەکەوتە ژان. من لەگەڵ گەشتەکانم کە ئازاری زۆریشیان پێوە بوو، ورەم بەرز دەبوو، بەدەگمەنیش تووڕە دەبووم.

لەو رۆژانە ئەوەندە بەهێز بووم دەمتوانی پیادەی زۆر بکەم، خۆشبەختانە ئەوەندە ناسراو نەبووم تا سەرەنجی خەڵکەکە راکێشم و شەقامەکە شپرزە بکەم. لەو کاروانانەدا هەستم بەغافیلی حاجییەکان دەکرد، دووڕوویی و پیسییەکانم لە تەقواکانیان دەبینی. لێرە نساکەکان وا دیاربوون کە تەنها بۆ خۆشییەکانی ژیان لەدایکبوون.

لێرە مانگایەکم بینی پێنج قاچی هەبوو! بەو دیمەنە زۆر سەرسام بووم، بەڵام زوو پیاوانی زانست منیان لەو وەهمە دەرباز کرد. ئەو مانگایە پێنج پەلە قوربانی خەڵکە فێڵبازە چڵێسەکانە. دوایی زانیم لە گۆلك قاچێك بۆ ئەو

مانگایه وەرگیراوە! ئەوەش هەموو بۆ ئەوە کراوە تا خەڵکە نەفامەکە زۆرتر هەڵخەڵەتێنن. هیچ هیندۆسییەك ئەو مانگایەی لا سەیر نەبوو، کەسیشیان پارەی بەو مانگایە نەدەدا.

ئیتر رۆژی فیستیڤاڵەکە هات، ئەو رۆژە بۆ من رۆژێکی پڕ بایەخ بوو. هێشتا بۆ حەج نەچووبوومە هاردفار، بۆ تەقواکردن نەچووبووم. ئەو ئاپۆرەیەی کە ژمارەیان دەگەیشتە ملیۆنێك و حەوت سەد کەس، هەموویان کەسانی مونافیق یان تەنها گەشتیارێکیش نەبوون. دڵنیابووم کەوا ژمارەیەك لەوانە بۆ خێر و نەزرکردن هاتبوون. دیارە کەوا زۆر زەحمەتە خەڵك بزانێت مرۆڤ هەتا چەند نەزرەکان لە بڕوابوونی رۆحەوە دەکات.

ئەوەکەی من هەر بیرم کردەوە، رۆحە پاکەکان بەنیفاقیش پڕ کرابوون، بەڵام لەبەر بەرائەتەکانیان گوناحێك نەدەبینرا. ئەگەر سەردانەکەم بۆ هاردفار گوناحێکە، با دژایەتی بکەم و زوو لەو شوێنە دووربکەومەوە، ئەگەر گوناحیش نییە با زوو خۆم پاك بکەمەوە، ئەوەشیان سەیر نییە، چونکە ژیانی من بریتییە لە چەند بڕیارێکی تەمبێکردن. لەوێ بیریشم لە کات و جۆرەکانی خواردنەکانیشم کردەوە، بەڵام بڕیارم دابوو کەوا هیچ کردەیەکی رێزپەڕ نەکەم و خۆم و خەڵکەکەش سەخڵەت نەکەم.

## پردی لاکشمان جولا

لە قوتابخانە ڕۆحانییەکە مهاتما مونشیرامچیم بەجەستە گەورەکەییەوە بینی. لەوێ هەستم بەئارامییەك کرد و لە ئاژاوەکەی هاردفار دوورکەوتمەوە، ئەویش بایەخیکی زۆری بەمن دا، کەوا هەموو براهماشارییەکان کەسانی نەرم و باش بوون. لەوێ بۆ یەکەمجار ئاشاریا رامادیفچییم ناسی، زووش هەستم کرد ئەو هێز و دەسەڵاتێکی بەهێزی تێدایە، ئەگەرچی لەسەر بابەت رامانەکانم جیاواز بوون، بەڵام زۆر دۆستایەتییمان لەگەڵیاندا پەیداکرد. لەگەڵ ئەو و مامۆستاکانی تر باسی مەشقی پیشەسازییەکانمان لەناو پرۆگرامەکانی قوتابخانەکە کرد. بەیەکدابڕاین هەستم بەناڕەحەتی دەکرد.

زۆر باسی پردە ئاسنەکەی سەر رووباری جانجیان بۆ دەکردم، کە زۆر دوور نەبوو. وتیان هەتا پردەکەی لاکشمان جولا نەبینیت ناکرێ بڕۆیت. نساکەکان زۆر سەردانیان کردم، یەکێکیان زۆر پێم وەنووسا، ئامادەبوونی دەستەی فونیکس لەوێ رامانی زۆری لەلای ئەو دروستکردبوو. لەگەڵ ئەو ناساکە دانوستانی گەرممان لەسەر بابەتی ئایینی کرد، ئینجا تێگەیشت کەوا من لەسەر هەندێ بابەتی ئایینی شارەزاییم هەیە. ئەو لای سەیر بوو کەوا من تازە لە خۆشووشتنەکەی ناو رووباری جانج گەڕابوومەوە، ئینجا عەمامە و قەمیسەکەم لەبەر نەبوو. کە بسکە قژە درێژەکەی پشتی سەرەوە، شیخا، و ملوانکە موقەدەسەکەی لە ملم نەبینی، دڵتەنگ ببوو، بۆیە ناساکەکە وتی: من دڵتەنگم کە دەبینم هیندۆسییەکی ئیماندار ملوانکە و بسکە شیخاکەی نییە، کە هەردووکیان سومبلی هیندۆسەکانە، بۆیە پێویستە هەموو هیندۆسییەك ئەوانەی هەبێت.

کە تەمەنم دە ساڵان بوو، زۆرم پێ سەیر بوو کە براهمەکانم دەبینی چەند کلیلیکیان لە مل دەکرد. منیش حەزم دەکرد وەك ئەوان منیش کلیلێك لە مل بکەم، بەڵام ئەو دەمانە لەناو بنەماڵە بازرگانەکانی کاپیاوار ملوانکە موقەدەسەکە لە مل نەدەکرا، بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکرا کەوا ملوانکەکە لەمل بکەن، بۆیە ژمارەیەك کەس لەناو عەشیرەتی غاندی ئەو ملوانکەیان لە مل کرد. منیش لەو دەمانە کلیلێکم بەرکەوت و لە ملم کرد. نازانم کەی ونم کرد، بەڵام دەزانم کەوا دانەیەکی ترم هەڵنەگرتەوە.

چەندین جار بەنیەتی باشەوە کە لە هیند، یان کە لە باشووری ئەفریقیادا بووم کۆششیان دەکرد من دووبارە ئەو ملوانکەیە لەبەر بکەمەوە. منیش لەبەر ئەوەی بۆ هەر چوار چینەکەی کۆمەڵی هیندی ئەو ملوانکەیە ئاسایی بوو، بەڵام بۆ خەڵکی ناو چینی چوارەمی کۆمەڵەی هیندی شودرا ئاسایی نەبوو، بۆیە ئەوەیان فاکتەری سەرەکی بوو کە من ملوانکە لە مل نەکەم، بەڵام خۆشم ملوانکە لە ملکردنم بەپێویست و دروست نەدەزانی.

لەبەرئەوەی من ئیمانداری خوداوەند فیشنو بووم، بۆیە ملوانکەیەکی مووری کانپیم لە مل دەکرد. سەرکردەکانی عەشیرەتەکەمان شیخایان پێ دەکردین، بەڵام کە چوومە ئینگلترا ئەو نەریتانەم لە کۆڵ بوونەوە، چونکە لەوێ شێوەم سەیر دەبوو، لەبەر چاوی ئینگلیزەکان وەك بەربەرێك دەردەکەوتم. لە باشووری ئەفریقیادا کۆششی زۆرم کرد تا ئامۆزاکەم شاجانلال غاندی ئەوەی لەبیرکرد و وازی هێنا.

من بەزانا ئایینییەکەم وت: من ملوانکە پیرۆزەکە لە مل ناکەم. من ئەوەیان بەپێویست نازانم، بێ ئەوەش من هەر هیندۆسم، باشترە ئەو ملوانکەیە ببێتە رەمزی نوێبوونەوەی رۆح، کە دەبێتە کۆشش تا هەوادارەکان ژیانێکی شکۆدار و پاکتر بژین. من لەو رەوشەی وڵاتدا گومانم هەیە خەڵك بیەوێت نیشانەیەك هەڵبگرێت کە مانایەکی تایبەتی هەبێت. ناکرێ هیندۆسەکان بەشێوەیەك خۆیان شکۆدار دیار بکەن، بۆیە عەقڵی من قبووڵی ئەوەی نەبوو ئەو جۆرە ملوانکەیە لەمل بکات، بەڵام سەبارەت بەشیخا جێگەی رامانە. من ماوەیەك بوو

شیخاکەم پاراستبوو، بەڵام کە بەهەڵە هەستم بەشەرم کردبوو بڕیم، بۆیە دەمەوێ دووبارە درێژی بکەمەوە، ئەوەش لەگەڵ هاوڕێیەکانم باس دەکەم.
هەتا ئێستاش هەڵوێستم لەسەر ملوانکەکە نەگۆڕاوە، چونکە کە ئایینی زۆر هەیە، دەکرێ هەموویان نیشانەیەکیان بۆ جیاکردنەوە هەبێت، بەڵام کە ئەوە دەبێتە نیشانەی باڵاکردنی ئایینەکە و شکۆداری ئایینەکەیان لەسەر ئایینەکانی تر، دەبێ دەستبەرداری بیت. ئیمڕۆ هەست ناکەم ئەو ملوانکەیە وەسیلەیەك بێت بۆ شکۆداری هیندۆسییەت، بۆیەش بایەخی پێ نادەم.
ئیتر دەگەڕێمەوە سەر باسکردنی پردەکە، جوانی ناوچەکە سەرسامی کردم، بۆیەش ڕێز و شکۆم بۆ ئەوانەی پێش خۆمان دەنواند کە جوانییەکانی سروشتیان بەمەزنی سەیر کردووە، کە ئەو جوانییەیان بەدەلالەتی ئایینییەوە بەستۆتەوە.
بەڵام بەکارهێنانی ئەو سروشتە نازدارە بەشێوەیەکی نەشیاو سەخڵەتی دەکردم، چونکە هەندێکیان ئەو چەم و ڕووبارانە پیس دەکەن و پیاوە پیرۆزەکە گرۆو دەکەن، بەتایبەتی کە لەوێ پیسایی دەکەن، دەکرا بچنە شوێنی دوورتر و لە شوێنە گشتییەکان پیسایی نەکەن.
پردەکە تەنها پردێکی هەڵواسراوی ئاسن بوو، جاران لەو شوێنە پردێك بەگوریس هەبووە، ئەویان هەڵگرتووە و ئەو جەستە ئاسنەیان لە شوێنەکەی داناوە، بۆیە دەڵێم ئەو سروشتە جوانە بەو پردە ئاسنە ناشیرین کراوە.
لەو چەند ڕۆژەی لە هاردفار مامەوە ئەزموونی مەزنم وەرگرت، ئەوەش بواری بۆ ساز کردم دروست لە کێندەرێ بژیم.

## دامەزراندنی دەستەکە

چوونم بۆ فیستیڤاڵی کومب دووەم سەردانی من بوو بۆ هاردفار.
دەزگای ساتیاجراها لە ٢٥ی مایۆی ساڵی ١٩١٥ دامەزرا. بەڕێز شرادانان دەیویست من لە هاردفاردا بژیم. هەندێ برادەری تریش لە کلکتادا دەیانویست راییم بکەن من لە فایدیانپادام بژیم، بەڵام هەندێکی تریش حەزیان دەکرد لە راجکوتدا بژیم. بەڵام کە من بەشاری ئەحمەد ئاباد رەتبووم هەندێکیش لەوێ پێیان داگرت کە من لەوێ بژیم، ئەوان گفتی ئەوەیان دا هەموو پێداویستییەکانی بارەگەکە و ماڵەکەی خۆم ساز بکەن.
منیش ئارەزووم هەبوو لە ئەحمەد ئاباد بژیم. من وامدەزانی ئینتیمابوونم بۆ جوجراتی بەوە دەخەملێت ئەگەر خزمەتی زمانەکەیان بکەم. ئەو شارەش باشترین شوێن بوو بۆ ژیانەوەی چنین و تەونی دەستی ناوماڵان کە زووتر بنکەیەکی فراوانی ئەو کارە دەستییە بووە. ئەو پارەیەی کە دەوڵەمەندەکانیش پێشکەشیان دەکرد، دەکرا خزمەتی شارەکەی پێ بکەن. لە هەموو پێشنیارێکی تر باشتربوو، چونکە ئەو شارە پایتەختی جوجرات بوو.
من لەگەڵ هاوڕێیەکانم باسی مەسەلەی نەفرەتکردن کردبوو، بۆیەش دەمویست کەسێك لە چینە نەفرەتلێکراوەکە بێتە ناو دەستەکەمان.
یەکێك لەوانەی هەواداری خوداوەند ئافیشنو بوو، زۆریش رای لە خۆی بوو، ئەو وتی: باشە کەسی نەفرەتلێکراو هەیە لەگەڵ مەرجەکانی تر بگونجێت؟
دەرئەنجام توانرا لە ئەحمەد ئاباد دەستەکە دامەزرێنین.

بەڕێز جیفانلال ئەوەی لەوێ پارێزەر بوو، شوێنی نیشتەجێبوونی منی سازکردبوو. ئەو خانووە یەك نهۆمەکەی خۆی بۆ چۆڵ کردبووین، بەڵام ئێمە بەکرێ خانووەکەمان دەویست.

یەکەم شت بیرمان لە ناوی دەستەکە کردەوە. لەگەڵ هاوڕێیان دانوستانمان کرد، یەکێك لە ناوەکان سیف شرام، دەستەی ڕاژە و تابوفان، دەستی زوهد، ئەوانە و ناوی تریش هەبوو. من ناوی سیف شرامم پێ باش بوو، بەڵام شێوەی ڕاژەی تێدا نەبوو، بەڵام ناوی تابوفان وەك دوعاییەکم دەبینی، ئەگەرچی زوهد لە دڵمانەوە نزیك بوو، بەڵام ناکرێ ئێمە بەخۆمان بڵێم زاهید. هەڵوێستەکەمان لە ڕاستەقینەییەوە سەرچاوەی گرتبوو، کار و بەرنامەشمان گەڕان بوو بەدوای ڕاستەقینەییدا. من دەمویست کردەوەکانمان لە باشووری ئەفریقیادا فێری میللەتی هیندی بکەین، بۆیەش من و هاوڕێیەکانم ناوی دەستەی ساتیاجراهامان هەڵبژارد، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئامانج و شێوازەکانی ڕاژەکەمان بوو.

دەبوو و زۆریش پێویست بوو کە لیستی ڕێکخستنی دەستەکەش دابنێین، کارە سەرەتاییەکانمان دابڕێژین. دەبوایە هاوڕێیەکانمان بۆچوونی خۆیان بڵێن، لەو بۆچوونانەی باسکران، قسەکەی بەڕێز جوروداس بانێرییم لەبیرماوە، کە پێشنیاری کردبوو کایەی لەخۆبردوویی دابنرێت، چونکە ئەو نەوەیە ڕەوشتی لەخۆبروویيان کەم بوو. ئەگەرچی من دەمزانی ئەو کەماسییەمان هەیە، بەڵام ترسم هەبوو خاکەڕایی کە کرا بەیاسا و ناچارکرا پەیڕەو بێت سەنگییەکەی نەمێنێت. دەلالەتی ڕاستی لەخۆبردوویی وازهێنانە لە خودی کەسەکە. وازهێنانیش لە خود واتە دەربازبوون، موکشا. ناکرێ لەخۆبردوویی بکرێتە یاسایەکی سەپاو، هیچ یاسایەکیش ناتوانێت بوارساز بکات بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ڕەوشتە.

دەستەکەمان سێزدە کەسی تامیلی تێدابوو، لەوانە پێنجیان لە باشووری ئەفریقیاوە هاتبوون، ئەندامەکانی تریش لە چەندین شوێنی ناو هیندەوە هاتبوون. ژمارەی هەموومان بەژن و بەپیاوەکانەوە بیست و پێنج کەس دەبووین. ئیتر بەو شێوەیە دەستەکەمان دامەزراند، هەمووش بەیەکەوە و لەسەر یەك خوان نانمان دەخوارد و وەك یەك خێزانیش دەژیاین.

## تاقیکردنەوەکە

هەرچەند مانگێك بوو دەستەکەمان دامەزرابوو، کەوتینە بەر تاقیکردنەوەیەك کە هەرگیز بیرمان لێی نەدەکردەوە. نامەیەکم لە ئامریتلال پاکار بۆ هات، ئەوەش دەقەکەی بوو: بنەماڵەیەکی متوازعی خاکی نەفرەتلێکراو هەیە، دەیەوێ ببێتە ئەندام لە دەستەکەتان، ئێوە کەسانی ناو چینی نەفرەتلێکراوەکان وەردەگرن؟

ئەو داوایە منی خستە دڵەڕاوکێیەوە، چونکە هەرگیز بیرم لەو جۆرە پرسیارانە نەدەکردەوە، نەمدەزانی ڕۆژێك دێت کەسێك لەو چینەوە داوا بکات ببێتە ئەندامی دەستەکەمان. بۆ ئەوەش پرسم بەهاوڕێیەکانم لە دەستەکە کرد. ئەوانیش پێشهاتەکەیان پەسەندبوو. وەڵامی نامەکەم دایەوە و نووسیم، ئەگەر ئەو بنەماڵەیە هەموویان بەڕێنماییەکانی دەستەکەمان پابەندبن، ئەوا ئێمەش وەریاندەگرین.

وەرگرتنی ئەو بنەماڵەیە، هاوارێکی لەلایەن دۆستەکانمان پەیدا کرد، یەکەم ئاستەنگ لەوەیان لەلایەن خاوەن موڵکەکەمانەوە بوو، ئەوەی بەشێکی بیرە ئاوەکەی لەبن دەستدا بوو، وتی ئەوانە دەولکەکەمان پیس دەکەن. جنێوی پێدەداین، ریسوای دەکردین، منیش بەهاوڕێیانم وت وەڵامی مەدەنەوە و گوێ لەو رامەگرن و ئاوەکە راکێشن، بۆیەش پیاوەکە پاش ماوەیەك شەرمی لە خۆی کردەوە و زانی کە ئێمە وەڵامی نادەینەوە وازی هێنا.

لە هەموولایەکەوە یارمەتییەکانم لەسەر بڕا. ئەو بڕادەرەی پێشنیارەکەی کردبوو، نەدەیزانی چیمان بەسەردێت. منیش بەهاوڕێیەکانم وت، ئێمە لە ئەحمەد ئاباد ناڕۆین ئەگەر خەڵکەکە لە هەموو راژە گشتییەکانیش بێ بەشمان بکەن. دەچین لەناو خێزانە نەفرەتلێکراوەکان دەژین، بەو پارەیەش دەژین کە بەدەستی خۆمان پەیدای دەکەین. رۆژەکانمان بەڕێ دەکرد تا رۆژێکیان ماجنلال هاتە لام و وتی پارەمان نەما، پارەکەمان بەشی ئەو مانگەمان دەکات و بەس. منیش بەنەرمییەوە وەڵامم دایەوە، باشە دەچینە ناو ماڵەکانی چینی نەفرەتلێکراوەکان.

ئەوش یەکەمجار نەبوو کە تووشی رووبەڕووبوونەوە و نەهامەتی هاتبین، بەڵام لە هەموو دەردەسەرییەکانماندا خودا بەهانامان دەهات. لەدوا ساتدا ئەو یارمەتی بۆ دەناردین. رۆژێکیان منداڵێك هاتە لام و وتی پیاوێك لەناو عارەبانییەك دانیشتووە و داوای تۆ دەکات، کە چوومە خزمەتی، ئەو وتی من دەمەوێ یارمەتیتان بدەم، چ یارمەتییەکەتان دەوێت؟ منیش وتم، بەدڵنیاییەوە چونکە هیچ سەرچاوەی داراییمان نەماوە. ئینجا وتی، بەیانی دێمەوە. بەیانییەکەی عارەبانەکە دووبارە هاتەوە و پیاوەکە سێزدە هەزار رووپیەی لەناو دەستم نا و رۆیشت.

هەرگیز رەچاوی یارمەتییەکی وام نەدەکرد! ئەو پیاوە هەرگیز سەردانی بارەگەی دەستەکەی ئێمەی نەکردبوو، بەڵام ئەوەم لەبیرە کەوا من جارێکی تر ئەو پیاوەم دیبوو. ئەو بەئاسانی و بەبێ پرسیار و وەڵام پارەکەی خۆی پێشکەش کردین و رۆیشت! پارەکە یارمەتیداین نەگوازینەوە ناو ماڵی چینە نەفرەتلێکراوەکان و پارەکەش بەشی یەك ساڵی ئێمەی کرد.

ئەگەر لە دەرەوە بایەکی شڕ رووبەڕوومان دەبووە و شپرزەی دەکردین، ئەوا لە ناوەوەش باهۆزێك بێزاری کردبووین. هاوسەرەکەم و هەندێ لە ژنانی تر هاتنە

ناوەوەی بنەماڵە نەفرەتلێکراوەکان نیگەران ببوون، ئەگەرچی لە باشووری ئەفریقیادا کەسانی ئەو چینە لەناو ماڵەکەماندا دەژیان و لەگەڵ ئێمەش نانیان دەخوارد و دەنووستن. هەستم کردبوو هاوسەرەکەم ئەوانە پشتگوێ دەخات، ئەگەر رقیشی لێیان نەبوو، ئەوە حەزی لێ نەدەکردن. ئەگەر قەیرانە داراییەکەمان چارەسەرکرابوو، بەڵام ئەوەیان ناڕەحەتی کردبووم. ژنەکەی ئەوان، خاتوو دانیبین ژنێکی ئاسایی بوو ئەگەرچی هاوسەرەکەشی زۆریی نەخوێندبوو، بەڵام کەسێکی وریابوو. من بەسەبر و هێمنییەکەی ئەو زۆر سەرسام بووم. راستە هەندێ جاریش زۆر تووڕە دەبوو، بەڵام پیاوێکی زۆر بەتەحمل بوو. بانگم کرد و پێم وت، چاو لەو ریسواکردنانە بپۆشە، ئەگەرچی گەورە و توندیشن. ئەو بەو قسەیەی دڵم بێگەرد بوو، ژنەکەشی وەك مێردەکەی هیچی لە دڵدا نەما.

هاتنی ئەو خێزانە بۆ ناو دەستەکەمان وانەیەکی مەزن بوو، چونکە ئێمە زوو دژی هەڵوێستی نەفرەت بانگەشەمان کردبوو. ئیتر خەڵکەکە دەستیان بۆ یارمەتیدانی دەستەکەمان کرایەوە و هیندۆسەکان ئەوانەی هەڵوێستیان مەردانە بوو کۆمەکیان دەکردین، سەردانیکردنیان بەبیانووی ئەوەی کە ئێمە نان لەگەڵ ئەو خێزانە دەخۆین لاواز و بێ مانا بوو.

## هەڵوەشاندنەوەی کۆچکردن بەبۆندی بەقەرز

ئەو توێژە کرێکارانەی بەبۆندی پێنج ساڵانە و زۆرتریش لە هیند دەردەچوون باجەکەی سەریان کە بریتی بوو لە سێ پاوەند لە ناتال و بەپێی ڕێککەوتننامەی غاندی _ سمتسی ساڵی ١٩١٤ نەما، بەڵام کۆچکردنەکە هەر مابوو، بۆیەش ئەو دیاردەیە پێویستی بەچارەسەرکردن هەبوو.

لە مارسی ساڵی ١٩١٦ داوا لە ئەنجوومەنەی یاسادانانی ئیمپراتۆرییەت کرابوو کەوا سیستەمی کارکردن بەبۆند رابگرن، بەڵام لۆرد هاردنج لە وەڵامدا وتبووی ئەگەر جەلالەتی پاشاش ئەوە هەڵوەشێنێتەوە ئەوا حکوومەتی هیندی نایکات، چونکە ئەوان دەستیان لە بەردەوامی ئەو سیستەمەدا هەیە. منیش بیرم لەوە کردەوە ئێستا باشترین بوارە شۆڕشێك بەڕووی ئەو سیستەمە بکەین، چەندین وتارم نووسی، دیمانەی بەرپرسی گەورەی زۆرم کرد. من هەستم بەوە کردبوو کەوا رای گشتی دژی ئەو سیستەمەیە. منیش لەگەڵ خۆمدا دەمپرسی: باشە ئەو بابەتە بۆ هەڵسانەوەی ساتیاجراها باشە؟ بێگومان وەڵامەکەش بەڵێ بوو، بەڵام چۆن کار بۆ ئەو بزاڤە بکەین.

لە فیبرایری ساڵی ١٩١٧ دووبارە داوای هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایە کرا، بەڵام ڕەزامەندی بۆ وەرنەگیرا، بۆیەش من وتم کاتی ئەوە هاتووە هەموو وڵات لەسەر بابەتە بوروژێنم.

سەرەتا وتم بەر لەوەی خەڵکەکە هانبدەم با سەرێك لە حاكمە بریتانییەکە بدەم، ئەوم بینی، لەگەڵ لۆرد شیلمسفۆرد قسەم کرد، ئەویش بەڵێنی دا بەشێوەیەکی لاوەکییەوە یارمەتییم بدات.

سەرەتا لە بۆمبای لە کۆبوونەوەیەك کە بەسەرپەرشتی کۆمەڵەی هاووڵاتیبوونی ئیمپراتۆرییەت سازی کردبوو، بەئامادەبوونی کەسایەتی زۆر من بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە سێ پێشنیارم کردبوو. ئەویش، هەڵوەشاندنەوە، بەزووترین کاتی گونجاو. هەڵوەشانەوە، لە کۆتایی مانگی یۆلیو. هەڵوەشانەوە، هەر ئێستا و یەکسەر. لەو دانیشتنەدا پێشنیاری کۆتایی مانگی یۆلیومان هەڵبژارد.

خاتوو جایچی بیتیت وەفدێکی ژنانەی بۆ سەردانی حاکمی بریتانی ساز کرد، لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کردبوو، ئەویش وەڵامێکی باشیان دەداتەوە.

من سەردانی کراشی و کلکتام کرد، کە خەڵکەکەم دەبینی هەستم دەکرد هاووڵاتیان بەجۆشەوە پێشنیارەکەمان قبووڵ دەکەن. من لەو دەمانە بەتەنها گەشتەکانم دەکرد، بۆیەش ئەزموونی سەیرم دەهاتە پێش، ئەگەر پیاوانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان هەراسانیان دەکردم، هیچیان پێ نەدەکرا، چونکە من هیچی شاراوەم نەبوو، هیچ کێشەیەکیشم بۆ ئەوان نەدەنایەوە. لەو دەمانەش نازناوی مهاتمام وەرگرتبوو، بۆیە ناوەکەش لەناو خەڵکەکە ئاشناببوو. کە پشکنەرەکەی بلیت هەراسانی کردم، من هیچ وەڵامێکم نەبوو، بۆیە یەکێکیان خۆی لە هاوڕێیەکی تووڕە دەکات، بەڵام من وەڵامم دایەوە. ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، چونکە ئەو تەنها فەرمانەکەی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەوانە لەچاو ناڕەحەتییەکانی کە لەناو فارگۆنەکانی پلە سێیەم دەمبینی هیچ نەبوون، لەنێوان لاهور و دەلهی ئازاری زۆرم چێشت.

لە کراتشی دەچوومە کلکتا دەبوایە لەکاتی دیاریکراودا بگەمە شارەکە، بەڵام نەدەکرا بگەمە ناو فارگۆنەکە. کۆششی زۆرم کرد ئاسان نەبوو، خەڵکەکە زۆر بەئاسایی لە پەنجەرەکانەوە دەچوونە ژوورەوە، زۆری نەمابوو ترێنەکە بڕوات حەمباڵێك لێم پەیدابوو، وتی دوازدە عانەم بدەرێ من شوێنێکت بۆ پەیدا دەکەم، پاش گەڕان و پاڕانەوەی زۆر هیچی پێ نەکرا، ئینجا هاتەوە و وتی یەك بوارت ماوە، لە پەنجەرەکەوە بتبمە ژوورە. دیارە من بەو پێشنیارە زۆر دڵم خۆشبوو، ئەویش پارەکەی وەرگرت و منیش بەپاڵدان لە پەنجەرەکە چوومە ژوورەوە. بەوەستانی دوو کاتژمێر و بەڕەوشەکە هەستم بەژانەسەر کردبوو، بەڵام باش بوو منیان ناسییەوە ئینجا شوێنێکیان بۆ چۆڵ کردم و دانیشتم و لەکاتی دیاری کراودا گەیشتمە کۆبوونەوەکە.

لەوێ ئەمیری شاری قاسم بازار، کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد پێشوازی دەکردم، لەوێش ژمارەیەك ئینگلیز ئامادەی دیمانەکە ببوون. لە کۆتایی مانگی یۆلیودا حکوومەت کۆچی هیندییەکان بەبۆندی بەقەرز راگرت.

## بۆیەی نیلە

بەپێی ئەفسانەی هیندی شامباران خاکی جاناکای پاشا ئەفسانەییەکەیە. ئەو خاکە داری مانگۆی زۆر بوو، هەتا ساڵی ١٩١٧ داری نیلەی زۆر بوو. لەوێ بەپێی یاسا دەبوایە سەپانەکان سێ بەش لە بیست بەشەکەیان بدەنە خاوەن موڵکەکە. من ناوی شامبارانم نەبیستبوو، نەمدەزانی کەوتووتە کام بەشی وڵاتەکەمان، هیچ جۆرە زانیارییەکم لەسەر چاندنی نیلەش نەبوو. کە نیلەشم دیبوو نەمدەزانی جووتیارەکان بەچاندن و چاککردنەوەکی چەند ماندوو دەبن. من راجکومار شوکلام لە شاری لوکناو لە کۆبوونەوەیەکی حزبی لە ساڵی ١٩١٦ بینیبوو. ئەو پەرۆشی ئەوەبوو، باری جووتیارەکانی نیلە سووک بکاتەوە. ئەو وتی: ئەگەر پارێزەرەکەمان ببینیت ئەو باسی ژانی جووتیارەکان بۆ دەکات. ئەو منی هان دا بچمە شامباران. پارێزەرەکە کە پاشان بووە برادەرێکی گیانی بەگیانی من لە شامباراندا، ئەو کەسێك بوو نوێنەرایەتی گیانی راژەکردنی گشتی تێدابوو. سەرەتا من وامدەزانی کەوا پارێزەرەکە خەڵکە داماوەکە دەچەوسێنێتەوە، لەوێ من پێم وت، ئەو کێشەیە بۆ حزب پێشنیار بکە، من ئێستا سەرقاڵم. لە کۆبوونەوەی حزبدا بەکۆی دەنگ پێشنیارەکەیان قبووڵ کردبوو. بەڵام من هەر دەمویست خۆم سەر لەو ناوچەیە بدەم و بەچاوی خۆم ئەشکەنجە و مەینەتییەکانی ئەوان ببینم. بەپارێزەرەکەم وت، من دێمە شامباران و بەمانەوەی یەك دوو رۆژ باش لە رەوشەکە تێدەگەم، بەڵام ئەو وتی یەك رۆژ بەسە بۆ حاڵیبوون لە رەوشەکە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧ لە کلکتاوە بەرەو شامباران بەڕێ کەوتین. هەردووکمان وەك دوو کەسی گوندیی دیار بووین. بەیانییەکەی بەترێن گەیشتینە باتنا. ئەوەش یەکەم سەردانی من بوو بۆ بانتا، کەسم نەدەناسی، لەو گەشتەدا تێگەیشتم ئەو جوتیارانە نێوانیان لەگەڵ پارێزەرەکانیان وەك پانی رووباری جانجەیە لەکاتی لافاودا.

لەگەڵ راجکومارا شوکلا چووینە ماڵی بەڕێز راجیندرا لە بانتادا، ئەویش لە ماڵەوە نەبوو، من خواردنی خۆم پێ بوو، بەڵام حەزم لە خورما بوو. جووتیارەکەش لە بازاڕ بۆی کڕیم. لەو دەمانە بۆچوونی نەفرەتکردن لە بیهار لەوپەڕی زۆریدا بوو، نەدەکرا دەست لەو دەولکەش بدەم کە ئاوی لە بیرەکە دەردەهێنا، ئەگەر خزمەتکارێك دەستی لێ دابێت، خزمەتکارەکان نەیاندەزانی من لەکام چینی ناو کۆمەڵم. راجکومار منی بردە توالێتەکەی ناوەوەی ماڵەکە، بەڵام خزمەتکارەکان زوو منیان بەرەو دەرەوە راکێشا. من بەو رەفتارەیان تووڕە نەبووم، زۆریشم پێ ئاسایی بوو، چونکە ئەوان لەبەر رۆشنایی گەورەکانیان دەجووڵێنەوە.

# روو بەڕوو لەگەڵ ئاهیمسادا

من مەبەستم بوو رەوشی جووتیارەکان شرۆڤە بکەم. دەمویست راستەوخۆ گوێم لە خۆیان بێت و خۆیان کێشەکانیان بگێڕنەوە. بۆ ئەوەش دەبوایە من هەزارەها جووتیار ببینم، دەبوایە خاوەن موڵکەکانیش قسەیان لەگەڵدا بکەم. دەبوایە کونسلی هەرێمەکەش ببینم بەر لەوەی دەست بەلێکۆڵینەوەکانم بکەم، بۆیە داوای دیمانەی جووتیارەکان و کونسڵەکەشم کرد، ئەوانم بینی.

سکرتێری کۆمەڵەی خاوەن کێڵگەکان منی بەکەسێکی لایدە ناسی. ئەو وتی ناکرێ تۆ بێیتە ناو ئەو بابەتە و دەست لە کاروباری نێوان جووتیار و خاوەن موڵکەکان وەربدەیت. منیش بەنەرمییەوە وەڵامم دایەوە کەوا من کەسێکی لایدە نیم و مافی خۆمە زانیاری لەسەر رەوشی پاڵەکان بزانم. کونسڵەکەش بەدیتنی من قەڵس بوو، زوو داوای کرد بگەڕێمەوەو خۆم لەو مەسەلەیە دوور بگرم. لەگەڵ هاوڕێیەکانم قسەم لەسەر رەوشەکە و پێشهاتەکان کرد، وتم رەنگە حکوومەت ئاستەنگم بۆ بنێتەوە، رەنگە لە زیندانیشم بپەستن، بۆیە وتم تا لێرە نەگیراوم با بۆ شوێنێکی تر بڕۆم.

شامباران ناوچەیەك بوو سەر بەهەرێمی تیرهوت، شاری موتیهاری بنکەی سەرەکییەکەی بوو. ماڵی راجکومار لە بیتیادا بوو. لەوێ ژمارەیەك جووتیاری داماو دەژیان. ئەو حەزی دەکرد من ئەو جووتیارانە ببینم. دیارە منیش وەك پەرۆشی دیمانەکە بووم.

هەر ئەو رۆژە من و هاوڕێیەکانم بەرەو موتیهاری بەڕێ کەوتین، ماڵەکەی بەڕێز جوراخ براساد بووە شوێنی مانەوەمان. لەوێ وتیان جووتیارێک لە دووری پێنج میلەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. بەیانییەکەی لەگەڵ خاوەن ماڵەکە لەسەر پشتی فیل سەرمان لەو جووتیارە دا. دیارە لەو ناوچەیە وەك چۆن لە جوجرات عارەبانە بەکاردەهێنن، لێرە فیل بەکاردەهێنن. هێشتا لەنیوەی ڕێگادا بووین بەرپرسی پۆلیسەکە یەکێکی بۆ پێشوازییمان ناردبوو. منیش لە مەبەستەکەی ئەو تێگەیشتم، سواری عارەبانەکەی ئەو بووم. ئینجا ئەو پەیامێکی پێ ڕاگەیاندم کەوا دەبێ من دەست لەو دۆسیەیە هەڵگرم و لەو ناوچەیە دووربکەومەوە. منیش داواکەم ڕەت کردەوەو وتم، تا ڕاستی جووتیارەکان باش تێنەگەم ناڕۆم، بۆیە بەیانییەکەی بۆ دادگاییکردنم بەتۆمەتی سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکان بانگ کرام.

شەوەکەی من هەر خەریکی نووسینی سکاڵا و ڕێنماییەکانی پێویستم بۆ بەڕێز براجکیشور براساد دەنووسییەوە. هەواڵی داواکردنەکەی من دەگاتە خەڵکەکە. شار هەموو کۆدەبێتەوە، ڕێپێوانێکی درێژ بۆ پشتیوانی من ساز ببوو. بەر دەرگای دادگا و ماڵەکەی بەڕێز جوراخ قەرەباڵغییەکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە. پەیوەندییەکی دۆستانەم لەگەڵ بەرپرسە کارگێڕییەکان و پۆلیس و دادگاش پەیداکردبوو. دەشمتوانی بەڕێگای یاساییەوە ڕەخنە لە فەرمانەکانیان بگرم، بەڵام من مەسەلەکانم بەئاسایی وەرگرت، بەرهەڵستی مەدەنییم دەکرد، بۆیە ئەوانیش لە ڕەوشەکە حاڵی بوون لەجیاتی ئەوەی تەنگم پێ هەڵچنن. خەڵکەکەیان سارد دەکردەوە. خەڵکەکە لەجیاتی دەسەڵاتی ترس و توندکارییەکان هێزی خۆشەویستی و دۆستایەتی باڵی بەسەر ڕەوشەکە کێشابوو.

ئەوەی شایانی باسە شامباران خۆی شوێنێکی لاچەپ بوو، خەڵکەکەش سادە و نەفام بوون. کەسیش منیان لەوێ نەدەناسی، حزبیش لەوێ نەدەناسرا. ئەوانەی ناوی حزبەکەشیان بیستبوو نەوێرابوون ناوی بهێنن و ببنە حزبی، بەڵام وا ئێستا حزبی کۆنگرە بەڕاستی گەیشتووتە ئەو دەڤەرە، جا ئەگەر بەرێکخستنەکانیشی نەبێت وا بوونی هەیە.

لەگەڵ هاوڕێیەکانم قسەمان لەسەر ئەوە کرد کەوا هیچ چالاکییەك بەناوی حزب نەکەین. ویستمان کار لە پێناوی کارکردن بکەین نەك لە پێناوی ناوبانگ دەرکردن، ناوەڕۆك نەك روخسار. حکوومەت و موڵکدارەکان رقی زۆریان لە ناوی حزب بوو. ئەوان وایاندەزانی حزب نوێنەرایەتی ململانێیەکانی پارێزەران و خۆشاردنەوە لە یاسا و تەقینەوە و تاوانکاری و ئاژاوەکان و دبلۆماسیەت و دووڕوویی دەکات. بۆیە ئێمە دەبوایە ئاکار و سیمامان لەبەر چاوی حکوومەت و موڵکدارەکان جوان بکەین، دەبوایە کە ناوی حزب دەهێنین دەبێ پرس بەجووتیارەکان بکەین، بۆیەش پێمان وابوو ناسینی رۆحی حزب و بڕوابوون بەهەڵوێستەکانی گرینگترە لەناوی حزبەکە.

بۆیە بەهیچ شێوەیەك نوێنەرێك، یان ریکلامێك، یان دەنگۆیەکی نهێنیمان لە حزبەوە نەناردبوو بۆ سازییەکانی گەیشتنی ئێمە بۆ ئەو دەڤەرە. راجکومار شوکلا نەیدەتوانی بگاتە هەموو جووتیارەکان، زووتریش ئەو هیچ چالاکی حزبی لەناویاندا نەکردبوو، نەشیدەزانی لە دەرەوەی شامباران چ دەقەومێت. ئینجا خەڵکەکە منیان وەك کۆنە هاوڕێیەکی خۆیان پێشوازی کرد. زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم کە من جووتیارەکانم بینی، وامدەزانی رووبەڕووی خودا و ئاهیمسا و راستی دەبمەوە، بەڵکو ئەوەش راستەقینەیی بوو بەهەموو بابەتییەکانییەوە.

کە کۆششم دەکرد بگەمە ئەو ئیدراکە، من خۆشەویستی خەڵکەکەم دەدۆزییەوە. ئەوەش تەنها گوزارشتی بەباوەڕبوونی قووڵ بوو بەئاهیمسا. ئەو ڕۆژەش ڕۆژێك بوو هەرگیز لە ژیانمدا لەبیری ناکەم، ڕۆژێکی کامەران بوو بۆ من و بۆ جووتیارەکانیش.

لەڕووی یاساییەوە دەبوایە من ڕووبەڕووی دادگا ببمەوە، بەڵام لەڕاستییدا وا حکوومەت ڕووبەڕووی دادگاییکردن دەبێتەوە. بۆیەش کونسڵەکە حکوومەتی خستە ناو ئەو تۆڕەی کە بۆ منیان دانابووە.

## پووچەڵکردنەوەی دەعواکە

دادگاییکردنەکە دەستی پێکرد، نوێنەری داواکار و قازییەکە و بەرپرسەکانی تریش لەو ڕەوشە نیگەران بوون، نەیاندەزانی چ بڵێن. نوێنەری داواکار داوای لە قازییەکە دەکرد داواکە دوابخەن، بەڵام من داوام کرد داواکە دوانەخەن. من دەمویست دان بەسەرپێچی نەڕۆیشتن و دوورنەکەوتنەوەم لە شامباران دابنێم.
ئەو بەیانەشم خوێندەوە:
داوا لە ڕاستی دادگا دەکەم بوار بدەن بەیانی کورتکراوەی هۆیەکانی هاوپشتنی ئەو هەنگاوە ترسناکەی خۆم باس بکەم، کە بەپێی مادەی ١٤٤ی یاساکانی کارگێڕی جەنائییە. بەپێی بۆچوونە سادەکەی خۆم. من وادەزانم ئەوەی لەنێوان من و کارگێڕیی ناوچەکە ڕووی دا تەنها جیاوازی بۆچوونەکان، من بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕاژەیەکی مرۆڤانەی نیشتمانییەوە هاتووم. من بەناچاری هاتووم تا یارمەتی ئەو جووتیارانە بدەم، کە سکاڵایان لەسەر خاوەن موڵکەکان هەیە، کە لە کێڵگەکانی نیلە غەدریان لێ دەکەن. منیش بەبێ لێکۆڵینەوە نەدەکرا هیچ جۆرە یارمەتییەکیان بدەم، بۆیەش هاتووم بەهەموو لایەکمان قەیرانەکە شرۆڤە بکەین، ئێوە و خاوەن موڵکەکان و کارگێڕی ناوچەکە. ئەگەر بوارسازبوو، من وادەزانم هاتنی من هیچ کێشەیەك نانێتەوە و گیانی کەسیش ناکەوێتە مەترسییەوە. من لەو لایەنەوە شارەزایی و ئەزموونێکی زۆرم هەیە، بەڵام کارگێڕییەکە بەشێوازێکی تر لەگەڵ من جووڵانەوە. من باش لە ڕەوشی ئەوانیش تێدەگەم، دەزانم کەوا ئەوانیش

ناتوانن داوایەکە تۆمار بکەن، ئەگەر داواکار و زانیارییان نەبێت. من لە خۆرسکەوە وام و بەدوای ئەو داوایانەوە دەچم کە رووبەڕووم دەبێتەوە، بۆیەش نەدەکرا یارمەتییان بدەم ئەگەر لەناویاندا نەبم. نەدەکرا لەخۆڕا بگەڕێمەوە و دەست لە داوایەکە هەڵگرم. بۆیە دوورکەوتنەوەی من لەوانە دەخەمە ئەستۆی کارگێڕی، وادەزانم کەسانی وەك من لە کۆمەڵگەی هیندی دەبێ نموونەی تاکی باش و خێرمەند بن. لەو رەوشەش دەبێ خەڵك رێزی خۆی بگرێت و یاخی نەبێت.

ئیتر هیچ بوارێك بۆ دواخستنی دۆزەکە نەماو هەموویان بەبۆچوونەکەی من سەرسام بوون. قازییەکە داوای کرد درکاندنی حوکمەکە دوابخات. منیش لەو دەمانە وردەکارییەکانی رووداوەکانم بۆ حاکمی بریتانی و هاوڕێیەکانم لە بانتا و بەڕێز مدان موهان مالافیا و ئەوانی تریش نووسی.

پێش ئەوەی بۆ بیستنی بڕیارەکە بچم، قازی نامەیەکی بۆ جێگری حاکمەکە نووسیبوو بۆ پووچەڵکردنەوەی داواکەی کە دژی من تۆمار کرابوو. نوێنەری کارگێڕییەکەش نامەیەکی بۆ من نووسیبوو کەوا من ئازادم لەوەی لێکۆڵینەوەکە لە دەڤەرەکە تەواو بکەم و ئێمەش ئامادەین لەسەر هەموو ئاستەکاندا هەموو ئاسانکارییەکت بۆ دەستەبەر بکەین، کەسیش رەچاوی دەرئەنجامی وا خێرا و بەلەزی لەوان نەدەکرد.

سەرم لە بەرپرسی کارگێڕییەکە دا، دیاربوو ئەو پیاوێکی مەردانەی دادپەروەر بوو. ئەو وتی ئازادی لە سەیرکردنی هەموو دیکۆمێنتەکان، هەموو دەمێکیش دەتوانیت سەردانم بکەیت.

ئیتر بەو جۆرە لە وڵات یەکەم یاخبوونی مەدەنی رووی دا، دواییش لەسەر ئاستی لۆکالی و میدیاکانەوە باس لەو پێشهاتە کرا. لێکۆڵینەوەکە دەنگۆیەکی چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوە بینی. ئەگەر حکوومەتێك بێلایەن بێت هەموو

لێکۆڵینەوەکان سەردەکەوێت، بۆیەش ئەوە پێویستی بەپشتیوانی میدیا و
نووسینی سەروتاری رۆژنامەکانیش نابێت. رەوشی شامباران ناسک و زۆر
هەستیاریش بوو، بۆیەش هەر سکاڵایەکی بەجۆش و راپۆرتی رەگەزپەرستان
دۆزەکەی منی دەشێواند و هەرەسی پێ دەهێنا، بۆیە داوام لە هەموو
کەناڵەکانی میدیا کردبوو کەس بۆ پێداچوونەوە رەوانە نەکەن، من خۆم دوایی
ئەوەی شیاوی بڵاوکردنەوە بێت بۆیان دەنێرم.

دیارە کەوا خاوەن موڵکەکان و کارگێڕییەکە منیان نەدەویست لەوێ بم، بۆیەش
هەر ورووژاندنێك، یان هەڵەیەکی گچکە و هەواڵێکی چەواشە ئەوانی لە من
تووڕەتر دەکرد. ئینجا ئەوەش کاردانەوەی نەگتیڤی لەسەر جووتیارە
داماوەکان دەبوو.

لەگەڵ ئەو هەموو ورياييەوە ئينجا خاوەن موڵکەکان هەڵمەتی بەرفراوانیان
بەڕووم کردبوو. لە رۆژنامەکاندا چەندین درۆیان لەسەر من و هاوڕێیەکانم
نووسیبوو، بەڵام دەرئەنجام ئەو شیرەی بۆ ملی من تیژکرابوو، گەڕایەوە سەر
ملی خۆیان.

من لە هەموو هەنگاوەکانمدا نەمدەویست دۆزەکە رەوتی سیاسی وەربگرێت و
هەموو ئامادەکاریی و یارمەتییەکانم نەویست، بۆیەش دەڵێم ململانێیەکەی
شامباران لە کێشەیەکی تایبەتی، وەك هەموو کایەکی تری ئەو جیهانە وەك
نموونەیەکی بەرچاو روون یارمەتیدەری سیاسی بوو بۆ دەوڵەت و هەر
ئەوانیش خێریان لێوە بینی.

## شێوازەکانی ئیشکردن

تا بەوردی باسی لێکۆڵینەوەکە بکەم، دەبێ باسی مێژووی کێڵگەکانی شامبارانیش بکەم، بەڵام لەو بەشانەدا بوارمان نییە. بۆ زۆرتر زانین خوێنەرەکان دەتوانن سوود لە کتێبەکەم مێژووی ساتیاجراها لە شامباران بەزمانی هیندی بکەن، کە ئێستا دەقەکەی بەزمانی ئینگلیزیش هەیە.

نەدەکرا لەناوماڵەکەی بەڕێز جوراخ ئیش بکەین ئەگەر ماڵەکەمان بۆ چۆڵ نەکات. هێشتا خەڵکەکەش نەدەوێران خانوومان بەکرێ بدەنێ، بەڵام باش بوو خانووێکمان دەستکەوت و چواردەورەکەی چۆڵ و کراوە بوو. بۆیە گواستمانەوە ئەوێندەرێ. نەدەکرا بەبێ پارە کارەکانمان راپەڕێنین، نەدەکرا پارەش لە خەڵکەکە وەربگرین و ئیشی گشتی پێ بکەین. من بڕیارم دابوو نە پارە لە جووتیارەکان و نە لە حکوومەتیش وەربگرم، چونکە ئیشەکەش هەموو وڵاتی هیندی دەگرتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوەکان سیمایەکی سیاسی بەخۆییەوە دەبینێت. برادەران لە بۆمبای پێشنیاری ناردنی پازدە هەزار رووپیەیان کردبوو، بەڵام من لەگەڵ سوپاسی زۆرم پارەکەم رەت کردەوە، بەڵام بڕیارم دابوو بەهاوکاری براجکیشور پارەیەکی زۆر لەو بیهارییە دەوڵەمەندەکانی دوور لە شامباران وەربگرم. ئەگەر پێویستمان بەپارەی تریش بوو لە هاوڕێم دکتۆر میهتا داوا بکەم. دیارە ئەویش بەخۆشییەوە داواکەی قبووڵ کردبوو. دیارە ئێمەش وەك هەژارەکانی ناوچەکە دەژیاین، بۆیە پێویستمان بەپارەیەکی زۆر نەدەبوو، بۆیەش پارەشمان بۆ مایەوە.

شێوەی ژیانی من و هاوڕێیەکانم لە رۆژانی یەکەمدا ببووە جێگەی گاڵتە پێکردنی خەڵکەکە، چونکە هەموو پارێزەرێك خزمەتکار و بەردەست و نانی تایبەتی خۆی هەبووە. ئینجا نیوەی شەوان نانی ئێوارانیان دەخوارد، ئەوەش منی نیگەران دەکرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناخۆشییەك لەنێوانماندا رووی

نەدا و ئەوانیش رەخنەکانی منیان بەسینگی فراوانەوە وەردەگرت، بۆیەش هەموویان رازیبوون واز لەو جۆرە خزمەت و خزمەتکارییە بهێنن و خواردنی شەوانی درەنگ وازبهێنن و بەیەکەوە کاتی دیاریکراوی نانخواردنمان دانا و بڕیاریشمان دا خواردنگەیەکی رووەکییش دابنێین، چونکە ئێمە هەموومان ڤێگاتیری بووین.

ژمارەیەکی زۆری جووتیاران بۆ ئیفادەدان دەهاتن، زۆریشیان حەزیان دەکرد من ببینن. هەرچەندە هاورێیەکانم دەیانویست خەڵکەکەم لێ دووربکەنەوە سوودی نەبوو. منیش کاتی دیمانەکانم دیاریکردبوو. بۆ نووسینەوەی ئیفادەکان پێویستم بەشەش حەوت کەس هەبوو کە خۆبەختکارانە ئەو ئیشە بکەن. زۆریش هەتا ئێوارەکان چاوەڕوان دەبوون و نەدەکرا ئیفادەکانیان وەربگرین. هەموو ئەو ئیفادانەش بەسوود و پێویست نەبوون، چونکە زۆریان دووبارە بوون، بەڵام لەبەر دڵی خەڵکەکە ئیفادەی زۆرمان وەرگرتبوو. منیش رێزی هەستی ئەوانەم لەسەر دۆزەکە بەگرینگ وەردەگرت. لەبەرئەوەی هەموو ئیفادەکان دەبوایە رێکوپێك بن، بۆیەش کاتی زۆری دەویست. لەکاتی ئیفادە وەرگرتنەکانیش ئەفسەرێکی جنایاتیش ئامادە دەبوو، دەکرا بوار بەئامادەبوونی ئەفسەرەکە نەدەین، بەڵام ئامادەبوونی ئەو هیچ زیانێکی بەدۆزەکەمان نەدەگەیاند، ئێمەش زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکرد، هەروەها ئامادەبوونیان دڵنیایی دەبەخشییە جووتیارەکان. لە ترسی ئەوانیش نەدەوێران قسەی زۆرتر و زێدەڕۆییش بکەن. تا بتوانین دۆزەکە بەشێوەیەکی دانوستان لەنێوان جووتیارەکان و خاوەن موڵکەکان چارەسەر بکەین، من چەندین نامەم بۆیان نووسی، لەگەڵ زۆریان و لەگەڵ سەرکردەکانیان قسەم دەکرد و دیمانەم دەکردن. هەندێکیان بەتووڕەییەوە دەجووڵانەوە، ژمارەیەکیشیان لەوپەڕی ئەدەبەوە وەڵامەکانیان دەدایەوە.

## هاوڕێیەکانم

بەڕێزان براجکیشور و راجیندرا دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی من بوون. لەبەر دڵسۆزییان نەدەکرا هیچ کارێك بێ پشتیوانی ئەوان ئەنجام بدەم. هاوڕێیەکانی ئەوانیش بەردەوام هاوکارمان بوون، ئەوانە و چەند کەسی تر کە هەموویان هاوڵاتی بیهار بوون، ئەوانە ئیفادی جووتیارەکانیان دەنووسیەوە. ئەگەرچی بەڕێز کریبالانی خەڵکی سندیش بوو و لە بیهارییەکان زۆرتر پەرۆشی بیهار بوو، ئەویش کۆمەکی دەکردین. ئەو پاسەوانی تایبەتی من بوو، بەقسە خۆشەکانی یان بەهەڕەشە نەرمەکانی خەڵکەکەی لە من دووردەخستەوە. کە ئێوارانیش دادەهات وەك مامۆستایەکی ناوەندی دەگەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی، بەردەوام باسی توێژینەوە و پەراوێزە مێژووییەکانی خۆی دەکرد و ئازایەتی بەر خەڵکەکەش دەخست.

مولانا مەزهەر ئەلحەق ئەویش ناوی خۆی نووسیبووی ئەگەر هەردەمێك پێشیان بەو ببێت ئامادە بێت. مانگانە یەك دوو جار سەردانی دەکردین، ژیانی رەفاهیەت و شکۆدارییەکەی ئەو لەگەڵ ژیانە سادە خاکییەکەی ئێمە زۆر جیاواز بوو، ئەگەرچی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ ئێمەش جیاوازبوو، بەڵام باش ئاوێتەی ناو ئێمە ببوو. کە زانیم من ماوەیەکی زۆر لە بیهار دەمێنمەوە بیرم لەوە کردەوە، کەوا من ناتوانم لەگەڵ ئەو جووتیارانە ئیش بکەم، ئەگەر فێرە خوێندەوارییان نەکەین، نەخوێندەوارییەکەیان رەوشێکی

جووتیارەکان منداڵەکانیان وا فێرکردبوو ڕۆژانە لەناو دارەکانی خەماویی بوو. جووتیارەکان منداڵەکانیان وا فێرکردبوو ڕۆژانە لەناو دارەکانی نیلە ئیش بکەن و هەتا ئێوارەکان ماندووبن بەرامبەر پارە درواێکی گچکەی مس. نێرەکان تەنها دە بایسیان وەردەگرت. ڕۆژانەی مێینەکانیش حەوت بایس و منداڵەکانیش تەنها سێ بایس بوو. ئەوەی ڕۆژانە چوار عانەی دەستکەوتبوایە زۆر بەختیار بوو. پاش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکان دانوستانم کرد، بڕیارمان دا قوتابخانە لە شەش گوند بکەینەوە، بەڵام مەرجمان بۆ گوندییەکان دانابوو کەوا پێداویستییەکان و خواردنی مامۆستاکان دابین بکەن، ئێمەش خەرجییەکانی تر بەخۆمان دەکەین. لادێییەکان پارەی کەمیان هەبوو، بەڵام دەیانتوانی خواردنەکە دابین بکەن. وتیان دانەوێڵە و شتی تر لەسەر ئێمە بێت. پەیداکردنی مامۆستاش کێشەیەکی زەحمەت بوو، نەدەکرا بەمووچەیەکی کەم مامۆستا لە ناوچەکە پەیدا بکەین، دەبوایە منداڵەکان بدەینە دەست مامۆستای وا ئاستی ئەخلاقییان لە سەرووی ئاستە زانستییەکە بێت.

بانگەوازێکمان بۆ داواکردنی مامۆستای خۆبەختکار بڵاوکردەوە، خەڵکێکی باش بەپیر بانگەوازەکەمان هاتن. لەوانە ژنیشیان تێدابوو. من مەبەستم بوو مامۆستا بێجگە لە خوێندەواری خەڵکەکە فێری ڕێنمایی پاکوخاوێنیش بکات، چونکە ناو گوندەکانیان زۆر پیس بوو. پیرەکانیش پێویستیان بەخاوێنکردنەوە هەبوو، زۆریان نەخۆشی پێستیان هەبوو. هەروەها زۆر بابەتی هەمەڕەنگی ڕۆژانەی ژیانیان بۆ ڕاڤە بکەن. مامۆستاکانمان ڕاسپاردبوو بەهیچ شێوەیەک باسی سیاسەت، یان کێشەکانی موڵکەکانیان لەگەڵدا نەکەن و خۆیان بەو بابەتە سەرقاڵ نەکەن. ئەو جۆرە کێشە و پێشهاتانە ڕەوانەی لای من بکەن. هەموو مامۆستاکانیش بەوردی ڕێنماییەکانیان جێبەجێ دەکرد و نۆریش لێیان ڕازی بووم.

## چوونە ناو گوندەکان

بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان مامۆستایەکی ژن و یەکێکی پیاومان دانابوو، دەبوایە ئەوانە بایەخیش بەپاکوخاوێنی و تەندروستی گشتیش بدەن. ژنەکانیش بەهەمان شێوە خەریکی هوشیارکردنەوەی ژنەکانیش بوون.
هەندێ دەرمانی سادەی وەك روونی گەرچەك و کینین و مەرهەمی گوگردمان وەك چارەسەری و تیمارکردن بۆ مامۆستاکان دابین کردبوو. روونی گەرچەك بۆ چارەسەری قەبزی و نەخۆشی تر بەکار دەهات، لە کاتی تاش روونی کینین پاش روونی گەرچەك بەکاردەهات، مەرهەمە گوگردەکەش پاش شووشتنی گڕووبوون و شوێنی خورانەکان بەکاردەهات. نەخۆشەکانیش بۆیان نەبوو دەرمانەکان ببەنەوە ماڵەوە. لە کاتی حاڵەتی ترسناکیش پەنامان دەبردە بەر دکتۆر دیف، کە رۆژێکی تایبەتی بۆ سەردانی گوندەکان دانابوو. خەڵکێکی زۆر سوودیان لەو چارەسەرییە سەرەتاییانە دەبینی. خوێنەرەکانم سەرتان لەوە سوور نەمینێت ئەگەر بڵێم نەخۆشییەکانی ئەو رۆژانە سادە بوون، بۆیەش دەرمانی ئاسانی دەویست. بەڵام خەڵکەکە نەیاندەویست خۆیان هیچ کردەوەیەك بۆ تەندروستی خۆیان بکەن، رازی نەبوون پیساییەکانی خۆیان دووربخەنەوە، ئەوە باش بوو. دکتۆر دیڤ زوو و بەئاسانی کۆڵی نەدەدا، ئەو لەگەڵ کارکەرەکان کۆششیان دەدا بۆ پاککردنەوەی ناو گوندەکان، کۆڵان و پەناکانیان ناو گوندەکانیان پاك دەکردەوە، بیرەکانیان خاوێن دەکردەوە. ئینجا گوندییەکان هەندێکیان لە شەرمەوە، یان بەجۆشەوە ئاسانکارییان دەکرد.

لەگەڵ هاوسەرەکەم لەناو گوندێکی گچکە ژنێکم بینی جلەکانی بەری زۆر پیس بوون. بەژنەکەم وت، برۆ لەو ژنە بپرسە بزانە ئەوە بۆ کراسەکەی ناشوات. ژنەکە هاوسەرەکەمی بردە ناو کوخەکەیان و وتی: سەیرکە، بزانە چی ترم هەیە لەبەری بکەم ئەگەر ئەوەی بەرم بشۆم، من تەنیا ئەوەی بەرم هەیە، چۆن بیشیۆم؟ بەمهاتما بڵێ با ئەو دەقێکی ترم بۆ پەیدا بکات، بزانە من چۆن رۆژانە دەیشۆم و خاوێن دەبم. ئەو نموونەیەش تەنها لەو گوندە و لەناو ئەو کوخە نەبوو، خەڵکەکە زۆریان رەوشیان وابوو، هەموو تەنها ئەو پارچە قوماشەیان هەبوو، ئەندامە شەرمینەکەیان دابپۆشێت.

نموونەیەکی تریش هەیە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەن، لە شامباران پووش و قامیشی زۆر هەبوو، قوتابخانەکەی بیتیهارفاش بەو دوو کەرەستەیە دروستکرابوو. شەوێکیان یەکێك، رەنگە پیاوێکی خاوەن موڵکەکان بووبێت، ئاگری تێبەردابوو، بۆیەش ئاسایی نەبوو و نەدەکرا جارێکی تر ئەو قوتابخانەیە بەپووش و بەقامیشەکە دروست بکرێتەوە. بەڕێز سومان و کاستوربا بەرپرسی قوتابخانەکە بوون، بۆیە بەڕێز سومان بڕیار دەدات قوتابخانەکە دروست بکاتەوە، بۆیە خەڵکیش کۆششیان کرد و بەیەکەوە قوتابخانەکەیان بەقوور دروستکردووە، ئیتر ترسی سووتانی نەما.

ئیتر بەچالاکی ئەندامەکانی دەستەکەمان، لە فێرکردن و چارەسەرییەکان خەڵکەکە زۆرتر رێزی ئێمەیان دەگرت. ئێمە ببووینە فاکتەرێکی چاکە و خێرخوازی بۆیان. بەڵام بەداخەوە کە ئێمە کارەکانمان تەواو بوو، نەدەکرا کەسانی تر لە دەرەوەی هەرێمەکە بۆ ئەو راژەیە و بەبێ پارە بدۆزینەوە ئەو نیشانە بکات، بەڵام مانەوەی ئەو چەند مانگەی ئێمە لە شامباراندا کاردانەوەیەکی قووڵی هەبوو.

# کە حاکمێک دادپەروەر دەبێت

لەگەڵ وەرگرتنی ئیفادەی جووتیارەکان ئیشەکانی تریش لەو گوندانە باش دەڕۆیشت. خەڵکێکی زۆر بەشدارییان لە تۆمارکردنی ئیفادەکانیان دەکرد، بۆیەش هەندێ لە نەیارەکان کۆششیان دەکرد هەرەس بەئیشەکانمان بهێنن و کۆڵ بدەین. تا رۆژێکیان نامەیەکم لە حوکمەتی بیهار بەدەست گەیشت کە ئەوەش دەقەکەیەتی: وادەزانین ماوەیەکی زۆرە خەریکی تۆمارکردنی ئیفادەکانین، بۆیە دەکرێ ئیشەکانتان کۆتایی پێ بهێنن و بڕۆن؟ شێوەی دارشتنی پەیامەکە بەڕێز بوو، ماناکەشی روون و ئاشکرابوو.
منیش لە وەڵامدا نووسیبوم، ئێمە هێشتا کارەکانمان تەواو نەکردووە کاتی زۆرترمان دەوێت، منیش سوورم لەسەر ئەوەی هەتا هەموو کێشەکان چارەسەر نەکەم ئەو دەڤەرە جێناهێڵم. ئەگەر حکوومەتیش قبووڵی داوای هەموو جووتیارەکان بکات و وەك سکاڵایەکی راستەقینە سەیریان بکات و بەئینساف سەیریان بکات، یان دان بەداواکانیان بنێت و یەکسەر دەست بەلێکۆڵینەوەی فەرمی بکرێت، ئێمەش واز لە ئیفادە وەرگرتنەکان دەهێنین.
جێگری حاکمی بریتانی سیر ئیدوارد جیت ئامادەیی دەربڕیبوو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان، منیشی وەك ئەندامی بەرپرس لە لێکۆڵینەوەکە داوا کردبوو. پاش ئەوەی لە ناوی ئەندامانی لیژنەکە دڵنیابووم پرسم بەهاوڕێیەکانم کرد، ئایا دەتوانم بەشداری لێکۆڵینەوەکە وەك ئەندامێکی لیژنەکە بکەم، بەڵام بەمەرجی ئەوەی من بتوانم لە کاتی پێویستدا راوێژ لەگەڵ هاوڕێیەکانم بکەم. هەروەها پاش بوونم بەئەندامی لیژنەکە حکوومەتیش من وەك خەمخۆری جووتیارەکان بناسێت. بۆ نموونە ئەگەر بزانم لێکۆڵینەوەکە لە بەرژەوەندی جووتیارەکان نەبوو، دەکرێ رێنماییان بکەم بۆ دانانی پلانی تر تا پرۆسەکە لە قازانجی ئەوان بکەوێتەوە.

لەبەر رۆشنایی بڕوابوونی سێر ئیدوارد جێت بەدادپەروەری و دروستی رێنماییەکان بەمەرجەکانی من رازی بوو، ئیتر بەفەرمی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکەی راگەیاند. کۆچکردوو سێر فرانك سلای بوو بەسەرۆکی لیژنەکە.
بڕیاری لیژنەکە لە بەرژەوەندی جووتیارەکان بوو. داواکرابوو کەوا جووتیارەکان بەشێك لەو پارەی داویانە بۆیان بگێڕدرێتەوە، چونکە لیژنەکە ئەو پارە وەرگرتنەی بەشەرعی نەزانیبوو، هەروەها لیژنەکەش داوای کردبوو سیستەمی تینکاپیا، بەپێی یاسا هەڵبوەشێتەوە.
سێر ئیدوارد بەشێوەیەکی سەرەکی رۆڵی هەبوو بۆ ئەوەی لیژنەکە بتوانێت راپۆرتی گشتی بۆ دەرچوونی پڕۆژە یاسای کشتوکاڵ بەپێی راسپاردەی لیژنەکە دەربچێت. ئەگەر ئازایەتی و لێهاتوویی ئەو نەبوایە بەکۆی دەنگ ئەو بڕیارە لەو لیژنەیە دەرنەدەچوو. خاوەن موڵکەکان هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکارهێنا، ئەوان زۆر بەتوندی دژایەتی پڕۆژەکەیان کرد، بەبێ ئەوەی بایەخ بەبڕیاری لیژنەکە بدەن، بەڵام هەتا کۆتاییەکان لەسەر راسپاردەکانی بڕیارەکەی خۆی دەمێنێتەوە.
ئیتر بەو شێوەیە سیستەمی تینکاپیا کۆتایی دێت، کە ماوەی یەك سەدە پیادە کرابوو. بەوەش دەسەڵاتی خاوەن موڵکەکانیش نەما، جووتیارەکانیش مافەکانی خۆیان وەرگرتەوە، کە ماوەیەکی زۆر چەوسێنرابوونەوە و موڵکەکانیان داگیرکرابوو. ئیتر ئەو پەندەش باوی نەما و لەناوچوو کە دەڵێت موستەحیلە بۆیەی داری نیلە بڕوات و سپی بێتەوە.
من کۆششم دەکرد لەو بڕاقەدا زۆرتر بمێنمەوە، تا بتوانم زۆرترین قوتابخانە دروست بکەین. بەدروستی لە پڕۆژەی گەشەپێدانی گوندەکان کار بکەم، هەموو شتەکانیش بۆ ئیشکردن ساز و ئامادە بوون، بەڵام خودا نەیویست من لە سازدانی پلانەکان بەشداربم و جێبەجێیان بکەم و زۆرتر ئیش لەو بوارەدا بکەم. ئیتر چارەنووسی قەدەر لە پلانەکانی من بەهێزتر بوو، بۆیەش منی بەرەو بەرنامەیەکی تر و بۆ شوێنێکی تر راپێچا.

# تێکەڵاوبوون بەکرێکاران

لەو دەمانەی خەریکی کۆتایی پێ هێنانی کاری لیژنەکە بووم، نامەیەکم لە بەڕێزان موهانلال باندیا و شانکارلال باریخم بەدەست گەیشت. ئەوان نووسیبویان کەوا بەرهەمی کشتوکاڵییەکانی ناوچەی خیدا کەمی کردووە و نەهاتی بووە، بۆیەش جووتیارەکان ناتوانن باجەکانیان بدەن. دیارە کەوا من نەمدەتوانی ئامۆژگارییەك یان ڕێنماییەکیان بکەم تا خۆم بەچاوی خۆم ڕاستییەکان نەبینم.

هاوکات نامەیەکم لە خاتوو ئاناسویابای لەسەر ڕەوشی کرێکارانی ئەحمەد ئاباد پێگەیشتبوو. مووچەی کرێکارەکان لەوێ کەم بوو، بۆیەش زوو زوو کرێکارەکان بۆ زیادکردنی مووچەکانیان یاخی دەبوون. منیش حەزم دەکرد سەرکردایەتییان بکەم، ئەگەر بۆم کرابوایە. بۆیەش نەدەکرا لەدوورەوە ئیدارەی ئەو دۆسیەیەش بکەم، بەوەرگرتنی یەکەم بوار سەردانم کردن، هیواشم وابوو بەزووترین کات دۆسیەکە یەکلا بکەمەوە و بگەڕێمەوە شامباران تا سەرپەرشتی دروستکردنی قوتابخانەکان بکەم.

بەڵام وەك چۆن من دەمویست وا نەکەوتەوە. نەمتوانی بگەڕێمەوە شامباران و قوتابخانەکانیش یەك لەدوای یەك داخران، ئیتر بەرنامەکانی من و هاوڕێیەکانم هەموو نەمان و ڕووخان.

یەکێك لەو بەرنامەمان لە شامباراندا ئەوەبوو بتوانین خزمەتێك بەمانگاکانی ناوچەکە بکەین. ئەوەش هاوشانی چالاکییە کۆنەکانمان بوو لە دروستکردنی قوتابخانە و سازکردنی زۆرترین خزمەتگوزارییەکان. لە ئەنجامی گەشتەکانم ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو کەوا چاودێریکردنی مانگا و کارکردن بۆ گەشەی زمانی

هیندی بەرنامە و هیوای گەشی خەڵکی ماروار بوو. کە لە بیتیادا بووم هاوڕێیەکی خەڵکی ماروار منی داوەت کرد. من زووتریش هزری ئەو مەسەلەیەم کردبوو، کەوا ڕەوشی کێڵگەکانی مانگا ساز بکرێت و چاکیان بکەن و ڕەچەڵەکیان بەرەو باشتر بگۆڕین. بەوەش پیشەسازی شیرنەمەنییش زۆرتر و باشتر دەبێت، بۆیەش کە هاوڕێیەکەم ئەو بابەتەی لەگەڵدا کردمەوە و ئامادەیی یارمەتیدانی پێشنیار کرد، منی بەجۆش کرد، بەڵام ئەو پڕۆژەیە بەبێ نیشتەجێبوون لە شامباران نەدەکرا. ئێستاش کێڵگەیەکی مانگا لە بیتیادا هەیە، بەڵام نموونەیی نییە، بۆیەش هێشتا گولکەکانی شامباران لاوازن و ئەرکیان قورسە، هێشتا هیندۆسییەکان توندکارانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن و لێیان دەدەن و ئازاریان دەدەن. من ئێستاش خەم لەوە دەخۆم کە نەمتوانی بەرنامەکە جێبەجێ بکەم و هەر جارێکیش کە من چوومەتەوە ماروار و بیهار لە هاوڕێیەکانم گوێم لە وردە گلەییەکان دەبوو، منیش بەبوونی بەرنامەی ترەوە سەرقاڵ بووم، بۆیە بۆم نەکراوە ئەو پڕۆژەیە بکەم. پرۆسەی فێرکردنەکە لە چەندین شوێن بەردەوامە، بەڵام پڕۆژەی چاکسازییەکانی مانگا بەدروستی لەلام گەڵاڵە نەبوو.

پاش کێشەی کرێکارەکانی خیدا، ڕووبەڕووی کێشەی کرێکارەکانی ئەحمەد ئاباد هاتمەوە، بۆیەش خاتوو ئاناسویابای لەبەرئەوەی براکەی پشتیوانی خاوەن کارگەکانی کردبوو، وازی لە براکەی ئامبالال سارابای دەهێنێت. من لەگەڵ خاوەن کارگەکان دۆستایەتی گەرمم هەبوو، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکان ئاڵۆزییەکی زۆری تێدابوو، من دانوستانی زۆرم لەگەڵدا دەکردن، داواکاربووم کێشەکە بەدانوستان چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوان ئەوەیان قبووڵ نەبوو.

بۆیە پێشنیاری ئەوەم کرد کرێکارەکان مان بگرن، بەڵام زووتر من زۆر پەیوەندییم بەسەرکردەکانیان کردبوو، هەموو مەرجەکانم باش بۆ ڕاڤە کردبوون، بەوەش دەکرا مانگرتنەکەیان سەربگرێت، مەرجەکانیش ئەوانەی خوارەوە بوو:

1- تکایە پەنا نەبن بۆ توندکارییەکان.
2- ئەوانەی هاوشانتان مان ناگرن ئازاریان مەدەن.
3- هەرگیز پشت بەکۆمەك و یارمەتییەکان مەبەستن.
4- سووربن لەسەر داواکانتان هەرچەند ماوەی مانگرتنەکەتان درێژیش بێت، لە رۆژانی مانگرتنەکان دەتوانن بەشکۆییەوە لە شوێنێکی تر سەرچاوەیەکی ژیان دابین بکەن.

هەموو سەرکردەکان مەرجەکانیان قبووڵ کرد، بەڵێنیان دابوو هەتا خاوەنکارەکەیان گوێرایەڵی داواکەیان نەبێت واز لە پرۆسەکە نەهێنن.

من لەو پرۆسەیەدا زۆرتر بەڕێز فالابهبای باتل و شانکارلالم ناسی، بەڵام من زووتر خاتوو ئاناسویابابییم دەناسی.

لەسەر کەناری رووبارەکە و لەبن دارەکان رۆژانە لەگەڵ کرێکارەکان کۆبوونەوەمان دەکرد، کە تێدا هەزارەها کرێکار پەیوەستی ئەو کۆبوونوانە دەبوون. بەردەوام بەڵێن و مەرجەکانم بەبیردەهێنانەوە، ئەوانیش لەناو شەقامەکانی شارەکەدا بەلافیتەی نارەزاییەوە دەسووڕانەوە، کە تێدا دەنووسرا، ئێمە لەسەر بەڵێنەکانی خۆمانین. مانگرتنەکە بیست و یەك رۆژی خایاند، من بەردەوام خاوەنکارەکانم دەبینی، داوام لێیان دەکرد لەگەڵ کرێکارەکان بەئینساف بن، بەڵام ئەوان دەیانوت: ئێمەش بەڵێنی خۆمان داوە. پەیوەندی ئێمە و کرێکارەکانمان وەك پەیوەندی کوڕ و باوکانە، ناکرێ کەسی سێیەم نێوانمان بکات.

## چاوتێبڕینێکی خێرا لە دەستەکەمان

دەستەکەی ساتیاجراها لە کوشراب لە گوندێکی گچکەی نزیک ئەحمەد ئاباد دەژیان، لەو ناوچەیەش پەتای تاعوونیش بەترسناکی بەرپا ببوو. منیش زۆر لە منداڵەکانی هاوڕێیەکانم دەترسام، نەشدەکرا خەڵکەکە لە پیسبوونی ناوچەکە بپارێزین، چونکە خەڵکەکە پەیڕەوی ڕێنماییەکانی تەندروستییان نەدەکرد. بۆیە دەمانویست دەستەکەمان بگوازینەوە شوێنێکی تر. بیرمان لە کڕینی پارچە زەوییەک کردەوە. بڵاوبوونەوەی تاعوون فاکتەرێک بوو لە کوشراب بگوازینەوە. هاوڕێیەکمان هەبوو زۆر یارمەتی ئێمەی دەدا، داوامان لەو کردبوو پارچە زەوییەکمان بۆ بدۆزێتەوە. پاش ئەوەی ناوچەکەی بۆ پشکنین توانی بەرێکەوت شوێنێکمان بۆ بدۆزێتەوە. شوێنەکەم بەدڵ بوو، نزیک گرتووخانەی سابارمانی ناوەندی بوو. دیارە کەوا زیندانیش چارەنووسی ئەندامانی دەستەکەشمان بوو، ئەوەشم دەزانی کەوا ناوچەکەش خاوێن بوو. بە هەشت ڕۆژ زەوییەکەمان بەناو کرا. شوێنەکەمان هیچ دارودرەختێکی تێدا نەبوو، دەکەوتە سەر ڕووبار. سەرەتا لەوێ چەند خیوەتێکمان تێدا هەڵدا، دوایی لە ترسی وەرزی سەرما، نوایەکمان بەرزکردەوە و بەپارچە چینکۆ سەرمان گرت و لەناودا ژیانمان دەکرد.

دەستەکەمان سەبر سەبر زیادی دەکرد. ئێستا ژمارەمان دەگاتە نزیکەی چل کەس. هەموومان لەیەک ناندین نانمان دەخوارد، بیرۆکەی گواستنەوەکەمان من

پێشنیارم کردبوو، بەڵام جێبەجێکردنەکە وەك هەموو شتەکانی ترمان لەلایەن ماجنلالەوە دەبوو.

دەبوایە بەر لە باران زەخیرەکانمان دابین بکەین. نزیکەی چوار میل لە ئاوەدانی شارەکە دوور بووین، دەشتەکەش ماری زۆری تێدا بوو. منداڵەکان مەترسی زۆریان لەسەربوو، ئێمەش نەدەکرا مار بکوژین، بڕواکەمان وابوو، بەڵام هەموومان ئەو دەمانە و ئێستاس لەو زیندەوەرانە دەترسین.

ئێمە کە لە فونیکس و لە کێڵگەی تۆلستۆییش بووین بڕیارمان دابوو زیندەوەرە و خشۆکەکان نەکوژین، دیارە کەوا خودا ئێمەی دەپاراست، بۆیە هیچ کەسمان بەوە نەمردن.

کەسمان بۆ ناڕەزاییکردن لەو بابەتە بۆچوونە ناڕەواکەی نەدەکرد و بڵێت: ناکرێ خودا لەوەیاندا لایەنگیر بێت. ئەو کاتی ئەوەشی نییە خەم لە کاروبارە بێزەوەرەکانی مرۆڤ وەربدات. من هیچ دەربڕینێکی ترم نەبوو گوزارشت لەو ئەزموونانە بکەم. زمانی بەشرییەت ناکرێ پێناسەی هەڵسوکەوتەکانی خودا بکات. من ئەوە باش دەزانم کەوا هیچ زمانێك نییە باس لەو کردەوە نادیارانە بکات. ئەگەر هەر کەسێکی فانی بیەوێت پێناسەیەکی بکات هیچ زمانێکی بۆ نادۆزرێتەوە. دیارە کەوا بەئەزموونی بیست و پێنج ساڵەی خۆم گەیشتوومەتە ئەوەی کەوا ناکرێ زیندەوەری خشۆك بکوژین، دەرئەنجامێکی ڕێکەوت نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی خوداییە، ئەگەر ئەفسانەش بێت، من هیچ دەسەڵاتێکم نییە ئەوە نەبێت کەوا پابەندی ئەو ئەفسانەیە بم.

لە کاتی مانگرتنەکانی کارگەکانی چنینی ئەحمەد ئابادا، بیرۆکەی چنینمان دانا، پێش ئەوەش نەدەکرا بیر لەو پیشەیە بکەینەوە.

## بەرۆژووبوون

لە دوو هەفتەی یەکەمدا کرێکارەکان ئازایەتی و خۆڕاگرییەکی باشیان لە مانگرتنەکانیاندا دەنواند. رۆژانەش رێپێوانی گەورەیان دەکرد، منیش بەردەوام بەڵێنەکانم بەبیردەهێنانەوە، ئەوانیش هاواریان دەکرد هەتا مردن سووردەبین لەسەر بەڵێنەکانمان. بەڵام لە کۆتایی نیشانەی هەرەسیان لێوە بەدەرکەوت، کە زوو تووڕە دەبوون لاوازییەکیان پێوە دیاربوو، بەرامبەر لادەرەکان هەڵوێستیان توند بوو، ترسی ئەوەشم هەبوو ئەوەیان بگاتە ئاستی ئاژاوەنانەوە. رۆژانە ژمارەیان لە رێپێوانەکان کەمتر دەبوو، لە ئاکاریان ماندووبوون و بێزارییەك دەبینرا. پاشان بیستم کەوا مانگرتوان ورەیان دابەزیوە. منیش بەو هەواڵە هەستم بەنیگەرانی کردبوو، دەبوایە لەو رەوشەدا من رۆڵی خۆم بگێڕم. من زووتر لە باشووری ئەفریقیادا مانگرتنی گەورەم دیبوو، بەڵام ئەو رەوشەی ئێرە جیاواز بوو. رۆژێکیان لەناکاو بیرۆکەی ئەوم بۆ هات ئەگەر مانگرتوان کۆنەبنەوە و لەسەر بەڵێنەکانیان سوور نەبن. ئەو قسانە وەك برووسك بەر کرێکارەکان کەوتەوە، بۆیە بەیەکەوە هاواریان کرد: ناکرێ بەڕۆژوو بیت، هەڵەیە ئەگەر ئەوە بکەیت. ئێمە هەڵەمان کرد، تکایە لێمان ببوورە، بۆیە هەتا دوایی لەسەر بەڵێنەکانمان دەمینێنەوە.

منیش وتم: من هەتا کۆتایی هاتنی مانگرتنەکان بەڕۆژوو دەبم، ئێوە دەبێ کارێك بۆ خۆتان بدۆزنەوە، ناکرێ بەیارمەتی خەڵك بژین.

بۆ بژێوی کرێکارەکان داوامان کرد، بەقوومکێشان بۆ بناخەی ئەو کارگەیەی بڕیاربوو بۆ چنین دروستی بکەین ئیشمان بۆ بکەن. ئەوانیش بەخۆشییەوە ئیشەکەیان بۆ کردین، بەڵام چۆن کرێی ئەوانە دابین بکەین.

بەڕۆژووبوونەکەم کاری لەسەر خاوەن کارگەکان کردبوو، چونکە زووتر وتم، کەوا من زۆرم لەوانە دەناسی، بەڵام من ئەوەم لەبەرامبەر هەڵەی کرێکارەکان کردبوو، نەک بۆ خاوەنکارەکان، بۆیە من بەردەوام لەسەر رۆژووگرتنەکەم مامەوە.

پاش ئەوەی لەسەر رۆژووەکەم بەردەوام بووم، هەستم دەکرد رەوشەکە بەرەو خاوبوونەوە و ئاساییبوون دەچوون، دانوستان پەیدابوو. دەرئەنجام پاش سێ رۆژ، مانگرتنەکە تەواو بوو، خاوەنکارەکان حەلوایان بەسەر کرێکارەکان دابەش کرد و پاش ٢١ رۆژ هەردوولا ئاشتبوونەوە.

لە دیمانەیەکی تایبەتی کونسڵ و خاوەنکارەکان، کونسڵەکە ئامۆژگاریکردن کەوا لە قسەکانی من دەرنەچن. لەبەر زۆری ژمارەی کرێکارەکان نەدەکرا بەئاسانی حەلواکە دابەش بکرێت، بۆیە گەڕانەوە بن ئەو دارانەی کە پەیمان و بەڵێنەکەی تێدا درابوو، لەوێ لەو چۆڵەوانییەدا شیرینییەکە دابەشکرا. بەڵام نەدەکرا کارەکە بەهێمنی بەڕێوە بچێت، بۆیە حەلوا دابەشکردنەکە گوازرایەوە ماڵی ئامبالال لەوێ بەئاسانی کارەکە بەڕێوە چوو.

ئەوەی جێگەی خۆشی بوو لەو دابەشکردنەدا، هاتنی خەڵکێکی زۆری ناوچەکە بوو، خەڵکەکە هەمووی هەژاربوون، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان لەبن داری پەیمانەکە بۆ وەرگرتنی شیرینییەکە ئامادەببوون.

## ساتیاجراها لە خیدا

بواریان نەدا پشوویەك بدەم. پاش كۆتایی هاتنی مانگرتنی كرێكارەكانی ئەحمەد ئاباد كەوتمە ناو ململانێی ساتیاجراها لە خیدا.

خەڵكی ناوچەی خیدا لەبەر نەهاتی بەرهەمەكانیان زۆریان نەمابوو تووشی برسیەتی بێن. جووتیارەكان بیریان لەوە دەكردەوە باجی سەریان رابگرن.

بەڕێز ئامریتلال پاكار وردەكاری رووداوەكی دەزانی و لەوەیان منی لێ ئاگادار كردەوە. بەر لە من ئامۆژگاری پێویست بەجووتیارەكان بدەم، ئەو مەسەلەكەی بەكونسڵەكە وتبوو، چەند وەفدێك بۆ ئەو مەبەستە سەردانی حاكمیان كردبوو، دانوستانیش لەناو ئەنجوومەنی یاسادانانی بۆمبای كرابوو.

من لەو دەمانە سەرۆكی ئەنجوومەنی جوجراتی بووم، ئەنجوومەنەكە سكاڵا و بروسكەی بۆ حكوومەت ناردبوو، هەڵسوكەوتی بەرپرسانی ئەو دەمانە ناشیرین بوو، بێ رێز بوون، ئەوەندە ناشایستە بوون بڕوا نەدەكرا.

داواكاری جووتیارەكان وەك خۆرەكە روون و دیاربوو، داواكانیان سادەبوون، دەكرا بەئاسانی قبووڵیان بكەن. ئەگەر داهاتی زەوییەكە كەمتر بوو لە چوار عانە دەكرا باجەكان دوابخرێت، بەڵام لە راپۆرتە فەرمییەكاندا وترابوو كەوا داهاتەكە لە چوار عانەكە زۆرترە. جووتیارەكانیش دەیانوت لە چوار عانەكە كەمترە. حكوومەتیش نەیدەویست گوێیان لێ رابگرێت، كە هەموو هەنگاوەكانمان بۆ چارەسەركردن سەری نەگرت داوام لە جووتیارەكان كرد، روو لە ساتیاجراها بكەن.

هاوڕێیانی ساتیاجراها ئەو پەیمانەیان ئیمزاکرد، کە ئەوەش دەقەکەیەتی:
لەبەرئەوەی بڕوامان وایە کەوا داهاتی جووتیارانی گوندەکەمان لە چوار عانە کەمترە، بۆیە داوا لە حکوومەت دەکەین باجەکە بۆ ساڵی داهاتوو دوابخات، بەڵام حکوومەت داواکەمان قبووڵ ناکات، بۆیە ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە بڕیارمان دا، کەوا باجی ئیمساڵ نەدەین، ئینجا با حکوومەت ئیجرائاتی یاسایی خۆی بکات، لارییمان نییە حکوومەت زەوییەکانمان داگیر بکات، بەوەش داواکەمان پووچەڵ دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر حکوومەت باجەکەی لە هەرێمەکە دواخست، ئەوەی دەتوانێت با باجەکە بدات، ئینجا هەمووی بەیەکەوە یان بەشێکی باجەکە. ئەگەر جووتیارەکان ناچار بکەن ئەو باجە بدەن، ئەوە جووتیارە هەژارەکان ناچار دەبن ئاژەڵەکانیان بفرۆشن، یان بۆ دانی باجەکە پارە قەرز بکەن، بەوەش جووتیارەکان دەکەونە بەر هیلاکەت. ئیتر لەبەر ئەو ڕەوشە ئەوانەی دەتوانن باجەکە بدەن، با لەبەر ڕەوشی هەژارەکان ئەوانیش باجەکانیان نەدەن.

ئەوەی دەیەوێ زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە بخوێنێتەوە دەکرێ لە کتێبی ساتیاجراها لە خیدا کە شانکارلال باریخ نووسیویەتی بزانێت، کە خۆی خەڵکی شاری کاپلال خیدا بوو.

## پیوازدزەکە

شامباران لەبەرئەوەی کەوتبووە شوێنێکی لاچەپی وڵات، بۆیە ئاسان نەبوو میدیا رووداوەکان بگوازێتەوە، بەڵام لە هەڵمەتەکەی خیدا رەوشەکە جیاواز بوو، هەموو بوارەکانی میدیا رۆژانە چالاکییەکەیان دەگواستەوە.
جوجراتییەکان پەرۆشی ئەوە بوون هەڵمەتەکەی خیدا سەربگرێت، چونکە ئەو ئەزموونە بۆ ئەوان گرینگ بوو، تا کارەکانی ساتیاجراها نەوەستێت. ئێمە پێویستمان بەپشتیوانی دارایی هەبوو، بۆیە لە هەموولایەك یارمەتی دەدراین، تا رادەیەك، کە پێم خۆش نەبوو، دەوڵەمەندێکی بۆمبای ئەوەندە پارەی بۆ ناردبووین زۆر لە خۆمان زیادتر بوو، چونکە ساتیاجراها هەردەم پارەی کەمی دەویست. هاوکات بەشداربووەکان دەیانویست بەشێوەیەکی خاکی بژین، ناکرێ هەموو وانەکان فێربن، بەڵام دەکرا شێوەی ژیانیان بگۆڕن. ململانێیەکەش ئەزموونێکی نوێ بوو، بۆیە دەبوایە لەناو جووتیارەکان بگەڕێن بۆ راڤەکردنی هەڵوێستەکانی ساتیاجراها.
مەبەستمان بوو بەجووتیارەکان بڵێین کەوا فەرمانبەرانی حکوومەت گەورەی ئەوان نین، بەڵکو خزمەتکاری میللەتن، چونکە ئەوان مووچە لە پارەی باجی میللەتەوە وەردەگرن. لەو هەڵمەتەدا نەدەکرا رەوشتی بەرزی و ئازایەتی لەیەك جیابکەینەوە، چۆن دەکرا فێریان بکەین وەڵامی ریسوای بەرپرسەکان بدەنەوە، ئەو ترسەیان برەوێنینەوە؟ ئەگەر ئەوان کردەوەیەکی ناڕەوا بکەن، بێگومان ساتیاجراها لەکەدار دەکەن، وەك ئەوە وایە دڵۆپێك زەرنیخ لەناو کووپێك شیر بکەیت.

دیاره کەوا من مەبەستم لە رەوشتبەرزی ئەوە نییە لەکاتی قسەکردن و دانوستان بۆ ئامانجێك رووت خۆش بکەیت و بەس، بەڵکو من دەڵێم مرۆڤ خۆرسك رووی خۆش بێت و لەگەڵ نەیارەکانیشی نەرم و نیان بێت. ئەو و هەموو دیاردەکانی هاوشێوەی ئەو رەوشتە دەبێ لە هاورێیانی ساتیاجراها بەرجەستە بێت.

کە حکوومەت هەستی کردبوو، خەڵکەکە ئازایە و خۆراگرە، هەڵسوکەوتە نەرمەکانی دەگۆڕێت و بەدکارانە رەفتار دەکات، تا رادەی ئەوەی ئەفسەرانی زەفتکردن ئاژەڵی جووتیارەکانیان دەفرۆشت، هەرچی سامانی خەڵکەکەیان دەستکەوتبوو بردبوویان. جووتیارەکانی نامەی سزادانیان بۆ هاتبوو؛ هەتا رادەی ئەوەی ئەو بەرهەمانەیان دەست بەسەردا گرتبوو کە نەدوراونەتەوە، بۆیە هەندێك لە جووتیارەکان ورەیان دەڕووخێت و بەناچاری باجەکانیان دابوو. هەندێکی تریش خۆیان سامانەکانیان لەجیاتی باجەکە لەبەردەم ئەفسەرەکان دانابوو، بەڵام لەولاشەوە ژمارەیەکی زۆریان هەتا دوا قۆناخی ململانێیەکە بەردەوام بوون.

لەو دەمانە یەکێك لە پاڵەکانی لای بەرێز شانکارلال باریخ باجەکەی خۆی دابوو، ئەوەش ئاژاوەیەکی نایەوە، بۆیە وەك قەرەبوویەك خاوەن زەوییەکە پارەکە دەداتە دەستەیەکی خێرخوازی، بەوەش ئەو ناوی خۆی لەو کردەوەیە پاك دەکاتەوە و دەبێتە نموونەیەکی شیاوی باسکراو.

تا ترس لە هەناوی جووتیارەکان دەربکەین، فەرمانم دەرکرد ئەو زەوییانەی بەرهەمەکانیان دەستی بەسەرداگیراوە بەسەرپەرشتی بەرێز موهانلال ناندیا بەرهەمەکە هەڵبگرنەوە، ئەگەرچی واش بوو، بەڵام من ئەوەم بەکردەوەیەکی یاخیبوونی مەدەنی نەدەزانی، ئەگەر بردنی داهاتی خەڵکەکە بەپێی یاساش ئاسایی بێت، بەڵام لە دیدی ئەخلاقییەوە ناڕەوا و جۆرێك بوو لە تاڵانکردن. بۆیە خەڵکەکە مافی خۆیان بوو بەرهەمەکەی هەڵبگرنەوە و پیوازەکەیان هەڵبکێشن. بەوەش وانەیەکمان فێری جووتیارەکان کرد چۆن گیانبازی بکەن و لە سزادان دووربکەونەوە و نەکەونە زیندانیش، ئەو بیرۆکەیەش بەرێز

موهاندلال لە دڵەوە پێی خۆش بوو. بۆیە تا کەسیان نەگیرێن و لەبەر ڕێنماییەکانی ساتیاجراهاش بجووڵێنەوە، ئەو لەگەڵ حەوت هەشت کەسیان دەستیان بەبردنی بەرهەمەکانیان کردبوو و پیوازەکانیان لە زەوییەکانیان هەڵکێشابوو.

بەڵام دیارە کەوا حکوومەت وازی لێ نەدەهێنان، بۆیە کە ئەوانە دەگیرێن جۆشی خەڵکەکە گەرمتر دەبێت. بۆیە کە ترسیان لە گرتن نامێنێت ئازایەتی زۆریان دەکەوێتە هەناو. ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیەکانیان دەوری دادگاکە دەگرن و ناڕەزایی گرتنیان دەکەن، بۆیە دادگا بەگرتنیان بۆ ماوەیەکی کەم بڕیار دەردەکات. من حوکمەکەم بەنادروست دەزانی، چونکە هەڵکێشانی پیوازەکەیان ناکەوێتە خانەی دزییەوە، وەك لە دەقی یاساکەدا هاتبوو. تا نەکەوینە داوی لێپێچینەوە داوای پێداچوونەوەمان لە بڕیارەکەی دادگا نەکرد. خەڵکە گیراوەکە لەگەڵ ڕێپێوانی هاوڕێیەکانیان بەرەو گرتووخانەیان بردن. ئیتر لەو ڕۆژە بوو کە نازناوی شەرەفی پیوازدزەکەیان بەبەڕێز ماهانلال وتەوە، کە تا ئێستاش ئەو نازناوەی پێوە ماوە.

دەمویست بەڕێگایەکی گونجاو وا لە هاوڕێیەکان بکەم واز لە ساتیاجراهاکە بهێنن، هەندێ لە جووتیارەکانی شاری نادیاد وتیان ئەگەر ژمارەیەك لەو کەسانەی دەتوانن باجەکە بدەن، ئەوا ئەرکی سەرشانی هەژارەکان سووك دەبێت، من داوام لێ کردن بۆندێکم بۆ بنووسن، ئەوانیش نووسیان. ئیتر دوایی بەڵێنەکەیان هێنایە دی و مەبەستەکەیان هاتەدی و هەموولایەك هەستیان بەئارامی و خۆشیش کرد.

بەڵام کۆتاییەکەی شادومانییەکی تێدا نەبوو، چونکە تەواوبوونی ساتیاجراهاکە خۆشییەکی لەگەڵدا نەبوو. دەستەی کارگێڕییەکە وەك ئەوەی لەگەڵ جووتیارەکان ڕێکنەکەوتبن وایان ڕەفتار دەکرد. حکوومەت باجی سەر هەژارەکانی ڕاگرت، بەڵام کەسیان سوودیان لێ نەبینی. خەڵکەکە مافی ئەوەیان هەبوو هەژارەکانی ناو خۆیان دیار بکەن، بەڵام نەیانتوانی مافەکانی خۆیان پەیڕەو بکەن. من نیگەران بووم چونکە ئەوانم بەلاوازی دەبینی. ئەگەرچی

خەڵکەکە شادومانیش بوون بەسەرکەوتنی ساتیاجراها، بەڵام من هەستم دەکرد کەوا سەرکەوتنەکە هەموو مەرجەکانی تێدا نییە. ناکرێ هەڵمەتەکە بەسەرکەوتوو بزانیت ئەگەر هاوڕێیانی ساتیاجراها بەجۆش و بەگەرمییەوە دەرنەکەون.

بەڵام پرۆسەکە بووە رابوونی ناو جووتیارەکانی جوجرات، سەرەتاییەکیش بوو بۆ پەیداکردنی کولتوورێکی سیاسی راستەقینە.

شۆڕشەکەی دکتۆر بیسانت بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی کاریگەری لەسەر جووتیارەکان هەبوو، بەڵام چالاکییەکەی خیدا فاکتەرێك بوو بۆ شارەزابوون لە هزری راژەی گشتی. چونکە فێربوون چۆن لەگەڵ جووتیارەکان هاوشان بن، ئەوەش لە هەڵمەتەکانی بەهاناهاتنی لافاوەکەی ساڵی پار و ساتیاجراهای باردولی ئیمساڵ دیار بوو. بۆیە ژیانی گشتی لە جوجرات تژی بوو لە چالاکی و ورە و هێزی نوێ. جەماوەرەکەش هەستیان بەتەواوی هوشیاری خۆیانەوە دەکرد، لە هزری گشتییەوە دەرسیان وەرگرتبوو، بۆیە راستە بڵێن کەوا دەربازبوونی میللەت لە ناخی خۆیان و وزەی خۆیانەوە دەبێت. ساتیاجراها لە هەڵمەتەکەی خیدا بەباشی بەرجەستە ببوو.

ئێمە و خەڵکەکەش بەکۆتایی هاتنی ساتیاجراها و دەستکەوتەکانیان شادومان بوون، ئەوەش هاوشانی خەبات و کۆششەکانیان بوو، بۆیەش زۆر شادومان بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جووتیارەکانی خیدا باش لە جەوهەری ساتیاجراها بەشێوەیەکی باش تێنەگەیشتبوون، وەك لەو لاپەڕانەدا دیارە کەوا هەست دەکەن زیانیان بەرکەوتووە.

## ویستی یەکبوون

هەڵمەتی ساتیاجراها لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکەی ئەوروپا بەرپاببوو، بۆیەش حاکمی بریتانیا داوای کردبوو سەرکردەکانی کۆنگرەیەك بۆ شەڕەکە لە دەلهی ببەستن. منیش ناچاربووم لەو کۆنگرەیەدا بەشداری بکەم، ئەگەرچی من رامانیشم لەسەر کۆنگرەکە هەبوو، وەك دوورخستنەوەی هەردوو برا مولانا محەمەد و مولانا شوکت عەلی، بەڵام من لەسەر داوای حاکمەکە بەشدارییم کرد، چونکە هەردووکیان گیرابوون، هەر یەك دوو جار بوارم هەبوو سەردانیان بکەم، بەڵام من زۆرم لەسەر ئازایەتی ئەوانم بیستبوو. من چەند کەسایەتییەکی موسڵمانەکانم دەناسی، بۆیە لەو رەوشەدا دەمویست لەگەڵ موسڵمانە چاکەخوازەکانیان پەیوەندییم هەبێت. دەمویست زۆرتر لە عەقڵیەتی ئیسلامی تێبگەم، ئەوەش بەپەیوەندیکردنم بوو بەخەڵکە موسڵمانە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان.

کە لە باشووری ئەفریقیادا بووم، زوو دەمزانی کەوا دۆستایەتییەکی راستەقینە لەنێوان موسڵمانەکان و هیندۆسییەکاندا نییە. نەمویست ئەوەش بەڕازیکردن و خۆشلکردن بکەم، بەڵام دەمزانی ئەو پەیوەندییە زەحمەترین ئەزموون دەبێت لە هەڵوێستی ئاهیمسادا، بەڵام من لە بوارێکدا دەگەڕام خودا یارمەتییم بدات.

کە لە باشووری ئەفریقیا گەڕامەوە بیرم لەو دۆستایەتییە دەکردەوە، نامەی بۆ ئەو دوو برایەم بەدەست دەگەیشت، بەڵام پەیوەندییەکە نەگەیشتە ئاستی یەکتر ببینین.

کە ئەوان لە زیندانەدا بوون هەندێ لە هاوڕێیە موسڵمانەکانی کلکتا منیان لە یەکگرتووی ئیسلامی بانگ دەکرد، وتیان تۆ وتارت دەبێت، بۆیە من لەوێ وتم: پێویستە برادەران کۆشش بکەن بۆ ئازادکردنی هەردوو برایەکە.

پاش ئەو وتارە زۆری نەبرد منیان بردە کۆلێژی ئیسلامی لە علیکرە، لەوێ داوام لە گەنجەکان کرد زوهد بکەن بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەمان.

پاش ئەو دیمانانە بەپەیام ناردن داوام دەکرد ئەو دوو برایە ئازاد بکرێن، ئەوەشم لەگەڵ برازی خلافەت باس دەکردوو، لەگەڵ موسڵمانەکان زۆر نزیک دەبوومەوە و لەسەر مەسەلەی خەلافەتیش دانوستانمان دەبوو. دیارە کەوا مافی ئەوەم نەبوو باس لە خەلافەتەکەی ئەوان بکەم. هەموو کەسێک ئیمانی خۆی بەڕاستتر دەزانێت، ئەگەر هەموو وەک یەک بیریان کردبوایە، لەو جیهانەدا یەک ئایین پەیدا دەبوو. پاشان بۆمان روون دەبێتەوە کە موسڵمانەکان داوای خەلافەتیان دەکرد لەگەڵ سەرەتاییەکانی ئەخلاق پەیوەیست نەبوو، ئینجا سەرۆک وەزیرانی بریتانیاش دانی بەعەدالەتی موسڵمانەکانیشی نابوو.

ئەگەرچی هاوڕێیان و رەخنەگرەکان هەڵوێستەکەی منیان لەسەر خەلافەتەکە رەخنەبار دەکرد، بەڵام هیچ فاکتەرێک نەبوو من لەو هەڵوێستە پەشیمان بکاتەوە و یان لەسەر هاوکاریکردنی موسڵمانەکان ساردم بکاتەوە. بۆیە پاش گەڕانەوەم لە دەلهی ویستم دانوستان لەسەر کێشەکەی موسڵمانەکان لەگەڵ حاکمی بریتانی بکەم، بەڵام ئەو دەمانە مەسەلەی خەلافەتەکە ئەو ئاراستەیەی ئێستای نەگرتبووە بەر.

هەندێ برادەران لەسەر بوونی ڕێککەوتننامەی بریتانی ئیتالی بەدزی، بەشداربوونی منیان لەو کۆنگرە بەدروست نەدەزانی، من ئاگاداری ئەو ڕێککەوتنە نەبووم، بەڵام کە بۆیان شرۆڤەکردم، من داوای دیمانەی حاکم بریتانیم کرد، لەسەر ئەو مەسەلەیە دانوستانم کرد، تێدا من ڕازی بووم لە کۆنگرەکەدا بەشداربم.

بیانووی حاکمە بریتانییەکە بەو جۆرە بوو: حاکمەکە ڕامانی وابوو، کەوا ئەو ئاگادار نییە ئەنجوومەنی وەزیرانی بریتانی چ دەکات. نە من و نە کەسیش ناتوانێت بڵێت حکوومەتەکەمان هیچ جۆرە هەڵەیەکی نییە، بەڵام من دەزانم کەوا هیند سوودی لەو حکوومەتە بینوە، تۆ وا نازانیت کەوا هەموو هاوڵاتییەکی هیندی لەکاتی تەنگانەدا دەبێ یارمەتی ئەو ئیمپراتۆرییەتە بدات؟ منیش ئەوەم لە ڕۆژنامەکاندا خوێندیتەوە کەوا بریتانیا بەنهێنی لەگەڵ ئیتالییەکان ڕێککەوتنیان مۆر کردووە، تۆش زۆر باش دەزانیت کەوا ئەو ڕۆژنامانە درۆی زۆریش بڵاودەکەنەوە. ئایا تۆ لەسەر ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیەك دەستی خۆت بۆ یارمەتی ئیمپراتۆرییەت دەکێشیتەوە؟ پاش کۆتایی شەڕەکە دەتوانیت باس لە چەندین ڕەوشی ئەخلاقی بکەیت، ڕەخنە بگریت و دژایەتییش بکەیت، بەڵام وادەزانم ئەوانە هەڵگرە بۆ ئایندە.

دیارە کەوا بیانووەکە نوێ نەبوو، بەڵام لە کات و ساتەکەدا نوێ بوو، بۆیە من ڕەزامەندییم لەسەر بەشداربوونم لە کۆنگرەکە دەربڕی، بۆیەش لەسەر کێشە و داوای موسڵمانەکانیش نامەیەکم بۆ حاکمی بریتانی نووسی.

## هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی گیانفیداییەکان

ئیتر بەو جۆرە من بەشداری کۆنگرەکەم کرد، حاکمی بریتانی پەرۆشی ئەوە بوو من کۆشش بکەم بۆ هەڵمەتی سازکردنی خۆبەختکەران. من لەوێ داوام کردبوو بەزمانی هیندۆستانی قسە بکەم. حاکمە بریتانییەکە قبووڵی کرد، بەڵام پێشنیاری کرد دەبێ بەزمانی ئینگلیزیش قسە بکەیت. من لەوێ یەک رستەم وت: لەبەر رۆشنایی هەستکردنی تەواوم بەبەرپرسیاریەتییەوە داوا دەکەم پشتیوانی لە بڕیارەکەی سازکردنی گیانفیدایی بکەین.

هەموولایەک پیرۆزباییان لێ کردم کە بەزمانی هیندستانی قسەم کرد. وتیان ئەوە یەکەم کەسە لەو جۆرە کۆبوونوانەدا بەو زمانە قسە بکات. ئەو پیرۆزباییکردنە شکۆی نیشتمانی بریندار کردم. دەرچوو من یەکەم کەسم لە کۆبوونەوەیەك تێدا حاکمی بریتانی ئامادە بێت بەو زمانە قسەم بکرێت. هەستم دەکرد لە شەرمانا دەتاوامەوە. ئای کە شەرمەزارییە کە قسەکردن بەزمانێکی نیشتمانی لە کۆبوونەوەیەك لەناو وڵاتدا و لەسەر مەسەلەیەکی نیشتمانیش قەدەغە بێت. قسەکردن بەو زمانە لەلایەن کەسێکی بەرەڵا ببێتە مایەی پیرۆزباییکردن! ئەو هەموو رووداوانە منی چەند نزم دەردەخست.

ئەو رستەیەی لەو کۆبوونەوەیەدا کردبووم کاردانەوە و بایەخێکی زۆر مەزنی هەبوو. هەرگیز ناکرێ ئەو کۆنگرەیە و ئەو بڕیارەی پشتیوانییم لێ کرد لەبیر بکەم. من ئەوەش بەتەندروست و پێویست دەزانم وردەکارییەکانی بەشدارییکردن و هۆکارەکانم لەو کۆنگرەیە بنووسم.

نامەیەکم بۆ حاکمەکە نووسی، تێدا گلەییم کردبوو لە بەشداری نەکردنی هەندێ لە سەرکردەکان. باسی داواکارییەکانی میللەتم کردبوو، لەوانە داوای موسڵمانەکانیش، داواشم کردبوو نامەکەش بڵاوبکەمەوە، ئەوانیش لارییان نەبوو.

لەکاتی کۆنگرەکە ئەو لە سیملا بوو، دەبوایە نامەکەم رەوانەی ئەوێندەرێ بکەم، لەبەرئەوەی وتارەکە بۆ من گرینگ بوو، بۆیە نەدەبوایە دوابکەوێت. بەکاهینی ئیرسالییەی کمبریدج نامەکەم نارد، ئەو مەبەستی بوو بزانێت نامەکە چی تێدایە، لەبەر ئەوەی نامەکەم گشتی بوو، بۆیە زۆر لام ئاسایی بوو ئەویش ناوەرۆکەکەی بزانێت. منیش بلیتێکی پلەی دووەمم پێشکەش کرد، ئەو قبووڵی نەکرد، شادومان بووم کە نامەکەم بەدەستێکی ئەمین رەوانە کردبوو.

بەشێکی نامەکەم سەبارەت بەسازکردنی خۆبەختکەران بوو. دەبوایە من لە خیداوە دەست پێ دەکەم، ئەوانەش هاورێیەکانی خۆم بوون، هەندێکیان پێشنیارەکەیان بەئاسانی قبووڵ نەدەکرد، ئەزموونەکە ئاسان نەبوو، چونکە خەڵکەکە دەردەسەری زۆریان بەدەست حکوومەتەوە دیبوو.

بۆ سەردان و سازکردنی بەرنامەکە کەس نەبوو عارەبانەیەکم بداتێ، ئەگەرچی بۆ کاری تر ئەوەیان ئاسان دەست دەکەوت. رۆژانە من بیست میل دەرۆیشتم. کە هیچ کۆمەکمان نەکەن، خواردنمان چۆن دەست دەکەوت، جوانیش نەبوو خۆمان داوای خواردەمەنی بکەین، بۆیە هەموو بەختکارەکان دەبوایە خواردنی خۆیان بەکۆڵەوە بێت، لەبەرئەوەی هاوین بوو، بۆیە پێویستمان بەپێخەف نەبوو.

لە هەموو شوێنێك کۆڕ و دیمانەمان دەبەستا، لەوانە یەك دوو کەس خۆیان ناونووس دەکرد، ئەوان دەیانوت: باشە کە ئێوە پەیامنێری ئاهیمسا بن، چۆن داوا لە ئێمە دەکەن چەك هەڵگرین؟ باشە حکوومەت چی بۆ هیند کردووە تا

ئێمە شەڕی بۆ بکەین؟ کارەکەمان بەرهەمی بوو، توانیمان یەکەم دەستە ڕەوانە بکەین، لەگەڵ کونسڵ قسەمان کرد، کە شوێنی مانەوەیان بۆ دابین بکەن.
کونسڵەکان وەک کۆنگرەکەی دەلهی کۆبوونەوەیان دەگرت، من و هاوڕێییەکانم لە یەکێک لەو کۆبوونوانەدا بانگ کرابوین. کۆبوونەوەکە بەزمانی جوجراتی بوو. لەوێ هەستم بەئارامیی نەدەکرد وەک کۆنگرەکەی دەلهی، دیارە کەوا نمایشێکی لووتبەرزی پێوە دیاربوو، من قسەی زۆرم کرد، دیارە کەوا قسەکانم بەدڵی بەرپرسەکان نەبوو، یەک دوو جار وشەی توندم بەکارهێنابوو.
هەندێ بڵاوکراوەم بۆ داواکردن لە خەڵک بۆ بەشدارییەکان بڵاودەکردەوە، دیارە کەوا کونسڵەکە بیانووەکانی بەشداربوونەکەی ئێمەی بەدڵ نەبوو، وەک: کەوا حوکمی بریتانی ماوەیەکی درێژە بواری نەداوە و قەدەغەش بوو هیندییەکان چەکیان هەبێت، بۆیە ئەو بەشدارییە بوارێکی باشە مەشق لەسەر چەکیش دەکەن. بۆیەش داواکارم چینە ناوەندەکە هاوکاری حکوومەت بکەن و هەتا ئەو هەورە دەڕەوێتەوە هاوشانی حکوومەت بکەن. بەکۆتایی هاتنی ئەو ڕەوشەش قەدەغەی چەکیش نەمینێت. کونسڵەکە ئاماژەی بەو بڕگەیە دا و ئینجا سوپاسی بەشداریکردنی منی لەو کۆبوونەوەیە کرد.
بەڵام ئەو نامەیەی کە من بۆ حاکمی بریتانیش ناردبووم، بەو شێوەیە بوو:
دیارە کەوا لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە نامەکەم کە لە ڕۆژی ٢٦ی ئەو مانگە ئاراستەی ئێوەم کردبوو، من ناتوانم بەشداری کۆنگرەکە بم، بەڵام پاش دیمانەکەم لەگەڵ ئێوە، ڕاییم بەخۆم کرد کەوا بەشداری بکەم. ڕەنگە بەشداریکردنەکەشم تەنها لەبەر کەسایەتی تۆش بێت. دیارە هۆکارەکانیش لە هەموویان گەورەتر ئەوە بوو، کەوا ئەو بەڕێزانەی وەک لوکامانیا تیلاک و خاتوو بیسانت و هەردوو برا مولانا محەمەد و شوکت بانگی ئەو کۆنگرەیە نەکراون.
من وا دەزانم ئەوانە لە سەرکردە هەر چالاکەکانن و کاریگەری زۆریان لەسەر

رای گشتیش دەبێت، ئێستاش دەڵێم نەهاتنی ئەوانە هەڵەیەکی گەورەیە، ئێستا بەجەنابتان دەڵێم بەهەڵەکەتاندا بچنەوە و بڕیارەکەتان بگۆڕن، چونکە ئەوانە دەتوانن بەپێشنیارەکانیان کۆنگرەکە دەوڵەمەندتر بکەن. ناکرێ حکوومەت ئەو سەرکردانە پشتگوێ بخەن کە ڕۆڵیان لەناو میللەتدا زۆرە، ئەگەرچی ئەوانە ڕامانی جیاوازییشیان هەیە. وادەزانم بوارەکان کراوەیە تا هەموولایەک قسەکانی خۆیان بکەن و بۆچوونەکانیان ئازادانە دەرببڕن. بەڵام من نەمویست بۆچوونەکانم لەناو کارەکانی لیژنەکان و لە کۆنگرەکەش دەرببڕم. من پشتیوانییەکەی کۆنگرەکەم مەبەست بوو و بەس. بۆیەش ئەوەم دەکرد. داواکارم حکوومەت قسەکانی ئەو نامەیەم کە هاوپێچە قبووڵ بکەن و جێبەجێی بکەن.

من ئێستا و پێشتر بڕیارم داوە لەکاتی مەترسییەکاندا پشتیوانی ڕەها و پاکی ئیمپراتۆرییەت بکرێت، بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی نزیکدا تێدا هاوبەش بین، وەک ئەو وڵاتە سەربەخۆیانەی دەرەوە کە سەر بەئیمپراتۆرییەتی بریتانیان. هیوامان وایە ئەوەش بەزووترین کات بێتەدیی. وەک چۆن داوا دەکرێت ئەرکەکان جێبەجێ بکرێت، خەڵکەکەش بڕوا بکەن کەوا ڕیفۆرمەکان وەک چۆن لەو نامەیەدا داوامان کردووە کە لە بەرجەستەبوونی بنچینە سەرەکییەکانی پەیڕەوی هاوبەشی نێوان حزبی کۆنگرە و یەکگرتووی ئیسلامییدا هاتووە، بڕیاریان لەسەر بدرێت. من زۆر دڵنیام کەوا زۆر لە بەشداربوانی کۆنگرەکە لەو نیەتەوە بڕوایان بەهاوکاری ڕاستگۆیانە لە حکوومەت هاتوونەتە پێش.

ئەگەر بمتوانیبوایە وا بکەم کەوا هاووڵاتیان لە کردەوەکانیان پاشگەزببنەوە، کۆششم دەکرد لە هەموو بڕیارەکانی حزبی کۆنگرە بکشێنەوە و بەچرپەش باس لە ئۆتۆنۆمی لەکاتی شەڕدا نەکەن. هەروەها هەموو ڕۆڵەکانم هان دەدا قوربانی زۆرتر بۆ ئیمپراتۆرییەت بدەن، بەوەش هیند دەبێتە شەریکێکی

بالکێشی ئیمپراتۆرییەت. بەوەش سەردەمی جیاوازی نەژادی نامێنێت. ب
زۆربەی ڕووناکبیرانی هیند هەنگاوی سستیان هێناوە، ناکرێ بڵێین کەوا ئ
کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی نییە. من دەمەوێ ئەوەش بڵێم کەوا هە
ئۆتۆنۆمی لەناو هەست و هۆشیاندا تەشەنەی کردووە. من لەدوا دانیشت
حزبی کۆنگرەدا بەشدار بووم، منیش بەشێکی بڕیارەکە بووم، کە داواکاربو
ریتانیا حکوومەتێکی هیندی بەرپرس، لەو کاتەی کە یاسادانانی پەرلەما
ەرروونی پەسەندی دەکات ساز بکات. من دان بەئازایەتی ئەو بڕیارە دادەن
ەڵام دەزانم هیندییەکان بەو ڕازی نابن هەتا ڕامانێکی ڕوونی دەسەڵا
ەربەخۆییان لە ماوەیەکی کورتدا بۆ دیار نەکەن. ئەوەش باش دەزانم کە
یندییەکان بۆ ئەو ئامانجە ئامادەن هەموو قوربانییەک بدەن، وەک چو
ربانییان بۆ ئیمپراتۆرییەت داوە، بەو شێوەیەش دەیانەوێ لەبن سێبەر
وانیش بگەنە ئامانجەکانیان، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش کۆشش دەکەی
مپراتۆرییەت لە مەترسییەکان دەربازی بێت. بەڵام بایەخ نەدان بە
ستەقینەییە گرینگە بەڕاستی خۆکوشتنێکی نەتەوەییە. ئێمە دەبێ درک بەو
ەین کەوا دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمییەک بەیارمەتی ئیمپراتۆرییەت دەبێت.
بە دەبێ ئێمە بەهەموو پیاوەکانمان بەرگری لە ئیمپراتۆرییەت بکەین، دەزانم
ردیان بۆ کۆمەکە داراییەکە نییە. من لەنزیکەوە ئاگادارم کەوا جووتیاری
ندی ئەوەندەی پێی کرابێت کۆمەکی هەبوو لە دابینکردنی پێویستییەکانی
جینەی سامانی ئیمپراتۆرییەت، ئەوەش بۆچوونی زۆرینەی خەڵکەکەیە.
کردکە بۆ من و خەڵکێکی زۆریش هەنگاوێکە بۆ قوربانییدان لە پێناو
ێکی هاوبەش، بەڵام دیارە کەوا ئیمڕۆ هاوبەش نین. بەشداریکردنەکەشمان
دوابۆژێکی پرشنگدارە. من خۆم بەخاێنی نیشتمانەکەم دەزانم ئەگەر
تییەکانی ئەو هیوایەت لا نەدرکێنم، لە گەیشتن بەو هیوایەش سڵ ناکەمەوە

و سازشیش ناکەم، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانیت کەوا نائومێدکردنمان واتە دەربازبوونمانە لە وەهم.

مەسەلەیەك هەیە ناکرێ باسی نەکەین، ئەگەرچی تۆ داوات کردبوو واز لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان بهێنین. من دەمەوێ ئەوەت بۆ روون بکەمەوە کەوا ناتوانم داواکەت قبووڵ بکەم ئەگەر لێبووردیی لەسەر زوڵم و دوژمنکارییەکانی تێدا نەبێت، من بەهەموو هێزێکمەوە دژایەتی زۆردارییەکان دەکەم. دەبێ داوا لە بەرپرسان بکرێت بەهیچ شێوەیەك زوڵم لە میللەت نەکرێت، رەچاوی داواکانیان بکەن و رای گشتی بەهەند بزانن و رێزی بگرن، رەوشەکەش لەگەڵ رابردوو جیاوازە. لە دژایەتیکردنم لەو ئیستبدادە دژوارەی کە لە شامباران دەکرا من سەروەری رەهای دادپەروەری بریتانییم بەدیی دەکرد. سەیرکە خەڵکی خیدا کە ئامادەبوون بەرگەی ژان و ئەشکەنجەکانیان دەگرت بۆ بەدیهێنانی راستییەکان کە نوێنەرایەتییان دەکرد، چۆن هەستیان دەکرد کەوا دەسەڵات لە دەستی ئەوانە نەك لە دەستی حکوومەت. ئیتر ئەوان لە دەست ناڕەحەتییەکان دەربازیان بوو کە ماوەیەکی زۆر لەبەریان دەیانناڵاند. دەبێ حکوومەت رێزی ئەو ناڕەزاییانە بگرێت ئەگەر بەگونجاوی دژایەتی زوڵم بکەن کە هەستیان بەڕووبەڕووبوونەوەی زۆرداری کردبێت. چالاکییەکانی من لە خیدا و لە شامباران بەشدارییەك بوو بۆ دەربازبوونمان لە شەڕ. ئەگەر تۆ داوام لێ بکەیت من واز لەو خەباتە بهێنم ئەوە وەك ئەوە وایە من واز لە ژیان بهێنم. هیوام وایە وزەی خۆشەویستی شوێنی هێزە زۆردارییەکە بگرێتەوە، ئیتر هیند دەتوانێت بەڕووی هەموو جیهان بەهەموو خراپییەکانییەوە بوەستێت. دەبێ من ئەوە لەسەر خۆم فەرز بکەم، ئینجا لەکاتی گونجاودا یان نەگونجاودا، یاسای دەردەسەرییە ئەبەدییەکان لە ژیانم روون بکەمەوە و لەبەر دیدی

بەرپرسانیشی دابنێم. من بەشداری هیچ چالاکییەکی تریش نابم ئەگەر بۆ دەرخستنی روون و باشی ئەو یاسایەش نەبێت.

لە کۆتاییدا داوا لە بەڕێزتان دەکەم لە وەزیرەکانی جەلالەتی پاشا داوا بکەن ئاوڕ لە مەسەلەکانی ویلایەتە موسڵمانەکان بدەنەوە. خۆت باش دەزانیت کەوا ئەو مەسەلانە لەکن موسڵمانەکان چەند بایەخدارە. من وەك هیندۆسییەك ناکرێ دۆزەکەیان پشتگوێ بخەم، ئێمە بەخەمی ئەوان خەمگین دەبین. ئاسایشی ئیمپراتۆرییەتەکەش بەندە بەڕێزگرتنی مافەکانیان و هەستکردن بەپیرۆزی پەرستگاکانیان، هەروەها چارەسەری دادپەروەرانە و خێرایانە لە داوای هیندییەکان بۆ ئۆتۆنۆمی. کە من ئەو وشانە دەنووسم، لە سۆزی خۆشەویستییەوە بۆ میللەتی ئینگلیز. هیوام وایە من خۆشەویستی میللەتی ئینگلیز بخەمە ناو ناخی هەموو هاوولاتییەکی هیندییەوە.

## لەسەر لێواری مردن

لە هەڵمەتەکەی کۆکردنەوەی خۆبەختکەران زۆر خۆم ماندوو کردبوو، خواردنی سەرەکییشم فوولی سودانی و لیمۆ بوو. دەمزانم خواردنی روونی زۆر زیان بەتەندروستی مرۆڤ دەگەیێنێت، بەڵام من گوێم نەدایێ و زۆرم خوارد، هەستم کرد تووشی نەخۆشی دوسنتاریا ببووم، بەڵام نەخۆشییەکەم مەترسیدار نەبوو. وامدەزانی ئەگەر واز لە یەکێك لە ژەمەکانی خواردن بهێنم چاکدەبمەوە. کە بەیانییەکەی نانم نەخوارد هەستم دەکرد تەندروستییم باشترە، بەڵام دەمزانی دەبوایە من ماوەیەك بەڕۆژوو بم و تەنها شەربەتی پرتەقاڵ بخۆم چاك دەبمەوە.

ئەو رۆژەش جەژن بوو، بەقسەی کاستوربام کرد و نانی نیوەڕۆم خوارد. خواردنێکی تایبەتی بۆم سازکردبوو، منیش باشم خوارد. دیارە کەوا شەیتان باش چاوی لێم بوو، زۆرم خوارد، ئەوەشیان نیشانەیەك بوو بۆ مردنم. پاش یەك دوو کاتژمێر نیشانەکانی نەخۆشییەکەم لێ بەدیارکەوت.

دەبوایە گەشتیش بکەم. بەیانییەکەی کاتژمێر دە گەیشتینە نادیاد. هەوارەکەمان هەر نیو میلێك دوور بوو. لەبەرئەوەی من وزەم لەبەردا نەبوو وامدەزانی دە میل دوورە. بەهەر شێوەیەك بێت گەیشتینە بارەگەکە، ژانیشم هەر زۆرتر دەبوو. وام کرد توالێتەکەم لەتەنیشت ژوورەکەم بۆ دابنێن، بەڵام بەو داواییەش شەرمم دەکرد. توالێتێکیان بۆ کڕیم. هاوڕێیەکانم کۆبوونەوە، بەشداری دڵسۆزییان دەکرد، بەڵام نەدەکرا ژانەکەم کەم بکرێتەوە. من هیچ

دەرمانێکم وەرنەگرت، ئەوانیش بەچاوێکی بەستەزمانانە و بەبەزەییەوە سەیریان دەکردم. لە ماوەی شەوورۆژێکدا بیست و چوار جار چوومە سەرئاوەکە. من بەڕۆژووبووم. سەرەتا میوەشم نەخوارد. ئارەزووی خواردنم نەما. ئەگەر جاران هەستم دەکرد جەستەم وەك ئاسنە، بەلام دەرکەوت هەڵوەراوم. دکتۆرەکە داوای کرد دەرمانێك بخۆم، بەلام نەمخوارد. دکتۆرەکە وتی با دەرزییەکت لێ بدەین، گاڵتەم بەو قسەیە دەهات، دەبوایە دەرزییەکە مادەیەکی رووەکی بێت. ئەوەندە هیلاك بووم تایەکی گەرمم هاتێ و هەستم بەداوەشان دەکرد. چەند دکتۆری تریان هێنا، هاوڕێیەکان زۆر نیگەران بوون، بەلام دکتۆرەکان چ لە نەخۆشیێك بکەن ئەگەر بەگوێیان نەکات.

هەستم دەکرد نەخۆشییەکە درێژە دەکێشێت، رەنگە هەر بشمکوژێت. داوام کرد لە ماڵەکەی بەڕێز ئامبالال بمگوازنەوە بارەگەی دەستەکەمان. ئەوانیش منیان گواستەوە.

لەسەر جێگابووم کە یەکێکیان هات و وتی ئەڵمانەکان شکاند و چیتر پێویست ناکات کەسانی گیانفیدا کۆبکەینەوە. ئەوەش باری ئێشکردنەکەی سووك کردم.

دەستم بەچارەسەرییە ئاوییەکان کردەوە، بەلام ئاسان نەبوو جەستەم کۆبکرێتەوە و شەنگم بێتەوە بەر. زۆریان وت دەرمان بخۆ، من هیچم نەخوارد، وتیان کە شیر ناخۆیت، شۆربای گۆشت بخۆ، هێلکەشم رەت کردەوە و هیچ سوودی نەبوو، هەر بە نا وەلامم دانەوە.

من سەبارەت بەخواردن پابەندی دەقە پیرۆزەکان ببووم، نەمدەویست بەهیچ شێوەیەك قوربانی بەو هەڵوێستانە بدەم کە لەگەڵ شێوەکانی ژیانم ئاوێتەببوون. چۆن دەکرێ من واز لەو هەڵوێستانە بهێنم کە خۆم بەزۆر لەسەر ژن و منداڵەکانم فەرزم کردبێت؟

ئەو نەخۆشییە درێژەم ئەزموونێکی باشی ژیانم بوو. رۆژێکیان هەستم دەکرد دەمرم، نامەیەکم بۆ ئاناسویابین نووسی، ئەویش لەگەڵ دکتۆرێک گەیشتنە سەرم، فشاری دڵی وەرگرتم، وتی لێدانی دڵت ئاساییە، مەترسییت لەسەر نییە، لەبەر لاوازییەکە کەوا هەست دەکەیت. بەقسەی دکتۆرەکە دڵنیانەبووم، بەدرێژایی شەوەکە رەوشم زۆر شپرزەبوو.

بەدەرکەوتنی خۆریش نەمردم، بەڵام هەستم دەکرد ئەوەیان کۆتاییمە. ئەو دەمانەی ئاگام لە خۆم بوو گوێم لە جیتا رادەگرت، قسەم بۆ نەدەکرا، نەدەکرا بەخۆم ئەو دوعایانە بخوێنمەوە. ئارەزووی ژیانم نەما، نەمدەویست بۆ ژیان بژیم و بەس، نەدەکرا من ئەوەندە بێدەسەڵات بم نەتوانم هیچ راژەیەک بەهاوڕێیەکانم بکەم و چاوەڕوانی نەمانی جەستەم بکەم.

لەسەر لێواری مردن بووم، رۆژێکیان دکتۆرێک لەگەڵ کەسێکی نەناسراوی ویلایەتی ماهاراشترای لەگەڵدابوو، دیارە کەوا ئەویش وەک من سوور بوو لەسەر بۆچوونەکانی خۆی، ئەویش دەیویست وەک من چارەسەرییەک وەربگرێت. ئەو لە دوا قۆناخی خوێندنی پزیشکی بوو، ئەو بڕواداری براهمو بوو، زۆریش بڕوای بەچارەسەری بەبەفری هەبوو، ناومان لەو نابوو، ئەو دکتۆرەی بەبەفر نەخۆش چارەسەر دەکات، بەڵام نەیتوانی من رازی بکات. من بەشێوازەکەی ئەو چارەسەری وەربگرم.

من بوارم دا لەسەر جەستەی من تاقیکردنەوەیەک بکات، لارییشم نەبوو چارەسەری دەرەکییم لەسەر ئەنجام بدات. ئەو پارچە بەفری لەسەر ئەندامەکانی جەستەم دادەنا، بێگومان ئەوەیان هیوایەکی بەمن بەخشی، هەستم دەکرد دەبووژێمەوە و وزەم پەیدا دەکرد. دیارە کەوا عەقڵ هەستەکانی دەگەیاندەوە جەستەم. ئارەزووی خواردنم پەیداکردەوە، دەمتوانی پێنج دە

دەقەیەك ڕێ بكەم. ئینجا ئەو بوارێكی تری سیستەمی خواردنی بۆم دانا، ئەو وتی:

من دڵنیام وزەت بەبەردەكەوێتەوە و بەزووترین كاتیش دەبووژێیتەوە ئەگەر هێلكەی خاو بخۆیت. هێلكە بەهیچ شێوەیەك زیانی نییە، ئەویش وەك شیر وایە، ئەوانە لە بنەماڵەی گۆشت نین، ئایا هەموو جۆرە هێلكەیەك تەلقیحكراون؟ لە بازاڕەكاندا هێلكەی خاوێن هەیە.

بەڵام من ئامادە نەبووم، یەك هێلكەی پاكیش بخۆم، ڕەوشم كەمێك باشتربوو، دەمتوانی هەندێ لە چالاكییە گشتییەكانم بكەم.

## یاساکەی رۆلات و تەنگژەکە

دکتۆرەکان و برادەران وتیان ئەگەر بچیتە ماپیران چاك دەبیتەوە. منیش چوومە ئەوێندەرێ، ئاوی ئەو ناوچەیە خویێ کانزاکانی زۆر بوو، بۆیە نەدەکرا لەوێ زۆرتر بمینێمەوە. لەبەرئەوەی نەخۆشی دوسنتاریام گرتبوو، بۆیە کۆمم هەستیار و ناسك ببوو، کە پیسایيم دەکرد هەستم بەژانێکی زۆر دەکرد، بۆیە لە خواردنیش دەترسام، نەمتوانی لە هەفتەیەك زیاتر لەوێ بمینێمەوە.

لەو رەوشە نالەبارەدا دکتۆرەکە وتی: تۆ چاك نابیتەوە و تەندروستیت ئاسایی نابێتەوە هەتا شیر نەخۆیتەوە. بەدەرزییەکی تێکەڵاو لە مادەی ئاسن و زەرنیخ چاکت دەکەمەوە. منیش وتم: رەنگە دەرزییەك وەربگرم، بەڵام من هەرگیز شیر ناخۆمەوە، چونکە من بەڵێنم لەگەڵ خۆم داوە. ئەویش وتی: بەڵێنەکە چییە؟ منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، کە مانگا و گامێش زۆر ئازار دەدەرێن بۆ شیرەکەیان ، بەو پرۆسەیەش، بوکا. من وادەزانم کەوا شیر نابێتە کایەکی سەرەکی خواردنی ئاسایی مرۆڤ، بۆیەش بەیەکجاری من وازم لە خواردنەوەی هێناوە. ئینجا یەکێك لە ئامادەبوونی وتی: باشە دەکرێ شیری بزن بخۆیتەوە؟

دکتۆرەکە قسەکەی پێ باش بوو، بۆیە وتی: باشە شیری بزنیش هەر باشە.

لەبەر پەرۆشییم بۆ سەرکردایەتیکردنی ساتیاجراها و بووژانەوەم بەوەیان رازی بووم. لەبەرئەوەی من لە رۆحی خۆمەوە هەر بەڵێنم بەشیری مانگا و گامێشەکە دابوو، بۆیە بەپێشنیارەکە رازی بووم، ئەگەرچی بەڵێنەکە مەبەستی شیری

هەموو ئازەڵێك بوو. ئیتر بۆ یەكەمجار لە بەڵێنەكەم پاشگەزبوومەوە و هەتا ئێستاش ئەو رووداوە ژانەكەی لەسەر سینگم هەر ماوە.
ئەزموونەكانی خواردنم زۆر ئەزیز بوون، كە بەشێك بوون لە توێژینەوەكانم لەبواری ئاهیمسا، واتە من نەمتوانی رێگایە دروستەكە هەڵبژێرم، ئەو ئازایەتییم تێدا نەبوو، بوونی گومانیش دیارە نیشانەی لاوازی بڕوابوونەكەیە، بۆیە من شەو و رۆژ دوعام دەكرد خودایە باوەڕم بدەرێ!
پاش ئەوەی ماوەیەك شیرەكەم خواردەوە دكتۆرەكە هەستی كردبوو، كەوا كۆمەكەم باشترە. كە تەندروستیم باش دەبوو، ئارەزووی ژیانم دەكەوتەوە بەر، بەتایبەتی كە خودا وزەی كاركردنی پێ دەبەخشیمەوە.
رۆژێكیان بەرێكەوت چاوم بەڕاپۆرتەكەی رۆلات دەكەوێت كە تازە بڵاوكرابووە، كە بڕگەكانم خوێندەوە سەرسام بووم. برادەران داوایان كرد بەزووترین كات بڕیارێك دەربكەین. بەبرادەرانم وت، دەبێ یەكسەر ساتیاجراها بكەین، من لەناو جێگەوە ئەوە دەكەم، بەڵام دیارە تەندروستی من بواری ئەوە نادات. برادەران كۆبوونەوە، ژمارەمان بیست كەسێك دەبوو، بەرنامەی ساتیاجراهام دانا، هەمولایەك رازی بوون لەسەر ئیمزاكردنەكەی. من تاقەتی نووسینم نەبوو، بەڵام هەندێ جار بۆچوونی خۆم لە رۆژنامەكان بڵاودەكردەوە. شانكارلال بەدروستی خەباتەكەی بەڕێوە دەبرد. یەكەمجار بوو هەست بكەم، ئەو وزەیەكی زۆری هەیە لە رێكخستنی كار و بەردەوامبوونیش لەو كارانەدا.
لەسەر داوای من كۆمەڵەی ساتیاجراها دامەزرا. ئەندامەكانی لە بۆمبای بوون، بارەگەیە سەرەكییەكەشی هەر لەوێ بوو، ژمارەیەكی زۆر ئیمزایان لەسەر بەڵێنەكە كرد. چەندین بڵاوكراوەش دەرچوو، تا هزری هەڵمەتەكەی خیدا لەناو خەڵكەكە بڵاوبكەینەوە كۆبوونەوەی میللی زۆرمان سازكرد.

من بوومە سەرۆکی کۆمەڵەی ساتیاجراها. زۆری نەخایاند کەوا دەرکەوت لە نێوان من و رووناکبیرانی ئەندامی کۆمەڵەکە رێککەوتنێك نییە. من سوور بووم لەسەرئەوەی زمانی فەرمی کۆمەڵەکە جوجراتی بێت. هەندێ کردەوەی سەیریش ببووە مایەی بێزاری و نیگەرانییان. بۆ هەموو حەقەکانیش حەقێك هەیە، هەموویان هزرە سەیرەکانی منیان بەسینگی فراوانەوە وەرگرت.
بەڵام من هەر لە سەرەتاوە هەستم دەکرد کەوا کۆمەڵەکەمان تەمەنی درێژ نابێت. باش دەبینرا کەوا ئەندامەکان لەسەر سووربوونم لە راستەقینەیی و ئاهیمسا بێزار دەبوون. لەگەڵ ئەوانەشدا لە سەرەتادا چالاکییەکانمان بەوزەیەکی کامیلەوە دەڕۆیشت، کۆمەڵەکەش بەخێرایی گەشەی دەکرد.

# دیمەنە نازدارەکە!

بورکـانی شۆڕشـەکە دژ بەڕاپۆرتەکـەی رۆلات گـەورەتر و تونـدتر دەبـوو، لەولاشەوە حکوومـەت سوور بوو لەسەرئەوەی داواکانی راپۆرتەکە جێبەجێ بکات. پـڕۆژەی یاسـاکەی رۆلاتـیش بڵاوکرایـەوە. مـن بـۆ یەکـەمین جار لـەو دانوستانەدا بەشدارییم لـە دانیشتنەکانی دەستەی یاسادانان لە هیند کرد. لـەوێ شاستریچـی وتـارێکی کاریگـەری خوێنـدەوە، هوشـیارییەکی دا بەحکوومەت. حاکمە بریتانییەکە وەك کەسێکی سیحرلێکراو گوێی لە وتارەکە دەگرت، دیار بوو کەوا وتارەکە باشی ورووژاندبوو.

کەسی خەوتوو بەوانە بەئاگا نایێت، دروست هەڵوێستی حکوومەت بەو شێوەیە بوو. ئـەوان دەیانویسـت هەڵبـژاردنێکی کـارتۆنی بکـەن. هاوارەکـەی من لـەو دەمانـە سـوودی نـەمابوو، قسـەم لەگـەڵ حاکمەکـە کـرد، چەندین نامـەم بـۆی نووسی، وتم، کردەوەکەی حکوومـەت ناچارم دەکات بـەرەو ساتیاجراها بچین، بەڵام ئەوانە هەموویان هیچ سوودێکی نەبوو.

هێشتا پڕۆژەکە لە رۆژنامەی فەرمی بڵاونەکرابووە. من تەندروستیم خراپ بوو، کـە لـە شـاری مـدراس داوەتکـرام دەبوایـە بچـم. دەنگیشـم دەرنەدەچـوو، لـە کۆبوونەوەکان تاقەتم نەبوو دەنگم هەڵبڕم، هەموو گیانم داوەشابوو.

کە چوومە باشوور وامدەزانی من لەناو وڵاتی خۆمم، لە ئەنجامی مانەوەم لە باشووری ئەفریقیادا هەستم دەکرد من حەقێکی تایبەتییم لەکن تامیلییەکان و تیلوژییـەکان هەیـە. ئـەوانیش نائومێـدیان نـەکردم. لـەوێ یەکـەمجار

راجاجوبالاشارییم ناسی. ئەو لەسەر داوای هاوڕێیەکانی بۆ پارێزەری چووبووە مدراس. لەوێ من لەلای ئەو دابەزیم، زووتریش پێیان وتبووم کەوا من دۆستایەتی ئەو پیاوە بکەم.

لەگەڵ راجاجوبالاشاری دۆستایەتییم کرد، بەردەوام باسی بەرنامەکانی خەباتمان دەکرد. بیریشم لەوە دەکردەوە ئەگەر یاساکەی رۆلات پەسەند بکرێت یاخیبوونێکی مەدەنی بکەین. ناکرێ مرۆڤ سەرپێچی یاسا بکات، هەتا حکوومەت بواری نەدا. باشە ئەگەر ئەوان بواریان نەداین، دەکرێ سەرپێچییەکە بکەین؟ ئەوەش چەند دەخاینێت؟ ئەو قسانە کاکلی هەموو دانوستانەکانمان بوو.

کۆبوونەوەیەکەمان کرد، لەوێ پێشنیارییان کرد، من نامیلکەیەك لەسەر ساتیاجراها ساز بکەم، بەڵام من گفتم نەدا و وتم، تاقەتی ئەوەم نییە. بەڵام هزرەکە لە مێشکمدا دەخولایەوە. بەیانی زوو وەك عادەتی خۆم بەئاگا هاتم، هێشتا چاوم بەخەو بوو، بیرم لە رەوشەکە دەکردەوە. پێشنیارەکەم بەبیردەهاتەوە، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر یاساکەی رۆلات پەسەند کرا چ بکەین. رووداوەکەم بەو شێوەیە بەخەیاڵدا دەهات:

بیرۆکەکە وەك خەونێك لێم پەیدابوو، بیرۆکەکە بەو شێوەیە بوو: ئێمە داوا لە میللەت بکەین، مانگرتنێکی گشتی ساز بکەن. ساتیاجراهاش دیارە کەوا پاککردنەوەی نەفسە، ئینجا با هەموو میللەتی هیندی خەباتێکی موقەدەس بکەن و خۆیان پاك بکەنەوە. لەو رۆژەدا هەموو کارەکان بوەستێنن، رۆژەکەش بکەنە رۆژی نوێژ و بەڕۆژووبوون. دیارە کەوا موسڵمانەکان لە یەك رۆژ زۆرتر بەڕۆژوو نابن، بۆیە وا باشە ماوەکەی تەنها بیست و چوار کاتژمێر بێت. بڕواشمان نەدەکرد هەموو هەرێمەکان بەپیر بانگەوازەکەماندا بێن، بەڵام

دڵنیابووم کەوا لە بۆمبای و مدراس و بیهار و سند بانگەوازەکەمان قبووڵ دەکەن. ئیتر ئەوانە ئەگەر بەیەکەوە پابەندبن زۆر باش دەبێت.
یەکسەر راجاجوبالاشاری پێشنیارەکەی منی قبووڵ کرد، بەهەمان مانا داوایەکی کورتم نووسی. بڕیاریش بوو مانگرتنەکە لە ڕۆژی ٣٠ی مارسی ساڵی ١٩١٩ بێت، بەڵام بەروارەکەمان کردە ڕۆژی ٦ی مانگی ئەپریل، ئیتر خەڵکەکە ماوەیەکی درێژیان لەبەردا نەبوو. ئاسانیش نەبوو ماوەی هوشیارکردنەوەکەش لەوە درێژتر بکەینەوە، چونکە دەبوایە خەڵکەکە دەست بەئیشوکارەکانیان بکەنەوە.

کەسیش نازانێت، مەسەلەکە چۆن وا ساز بوو. میللەتی هیندی لە خۆرهەڵاتەوە هەتا خۆرئاواوە پابەندی مانگرتنەکە بوون و ئەوەش هەموو شار و گوندی لەو ڕۆژەدا گرتەوە. بەڕاستی دیمەنەکە زۆر نازدار بوم!.

## ئای کە ئەو هەفتەیە لەبیرنەدەکرا!

ـ باشووری هیندا بووم، بروسکەیەکیان نارد تا بچمە بۆمبای بـ
بەشداریکردنی لـە ئاهەنگـەکانی ٦ی ئـەپریل. لـەو دەمانـەش لـە دەلهیـ
مـانگرتنێکی گـەورە لـە ٣٠ی مـارس لـە ئـارادا بـوو. هێشـتا فەرمانـەکاز
کۆچکردوو بەڕێز شرادانانەد جی و حەکیم ئەجمل خان لە دەلهی کاری پـ
دەکرا، زووتر دەلهی مانگرتنی وای بەخۆییەوە نەدیبوو. هیندۆس و موسڵمـ
وەك یـەك پیاو یـەکیانگرتبوو. داواکرا بـەڕێز شرادانانەد لـە مزگـەوتی هـەیـ
وتارێك پێشکەش بکات. دەسەڵات نەیاندەتوانی بەرگەی ئـەو هـەموو رووداوانـ
بگرن. پـۆلیس تەقـەیان لـە خـەڵك کـرد و قوربـانیش هـەبوو. ئـیتر سـەردەمـ
داپلۆسین لە دەلیهیش دەست پێ دەکات. منیش وەڵامی بروسکەکەم دایەو
کەوا پاش کۆتایی ئاهەنگەکە من یەکسەر بەرەو دەلهی بەڕێ دەکەوم.
ئەوەی لە دەلهی رووی دا لە شارەکانی لاهور و ئامریتسار روویان دابوو، بەڵـ
بەشێوەیەکی تر. دکتۆر ساتیابال و کیتشلو بەکلۆفەوە داوایان دەکرد سەردانـ
ئامریتسـار بکـەم. مـن زووتـر ئـەوانم نەدەناسـی، بـەڵام وتم، کـە سـەردانەکەی
دەلهییم تەواو بوو، سەرێکیش لە ئێوە دەدەم.
لە بەیانی ٦ی مانگی ئەپریلدا هەزارەها کەس لە بۆمبای بۆ خۆتەڕکردن بەئاوی
دەریا گەیشتنە سەر کەنارەکە، لەوێیەوە بەرەو پەرستگای پاکوردفار رۆیشتن
لەوانـە ژن و منداڵیشـیان لـەناودا بـوو، ژمارەیـەکی زۆری موسـڵمانیش
بەشداربوون. ئینجا هاوڕێیە موسڵمانەکان لـە مزگـەوتێك داوەتیان کردین
برادەران داوایان کرد وتارێك پێشکەش بکەم، وتیان پێشنیار بکەن خەڵکەکە
پەیمانەکانی خۆگونجاندن و یەکێتی نێوان موسڵمان و هیندۆس بکەن. منیش

وتم ئەوەیان بەرنامەسازی دەوێت، ناکرێ وا بەپەلە بێت، چونکە ئەوەی پەیمانی دا ناکرێ سازش بکات و پەشیمان ببێتەوە. بەڵام لەوێ ئاماژەیەکمان بەچەمکی خۆگونجاندن دابوو، بەخەڵکەکەمان ڕاگەیاند کەوا ڕەوشەکە ترسناکە و دەبێ هەموولایەك هەست بەوە بکەن و مەترسییەکەش لەسەر هیندۆس و موسڵمانەکانیشە. دەرئەنجام وتمان بۆ پەیمانەکە، دەکرێ بەیانی قسەی لەسەر بکەین.

مانگرتنەکەی بۆمبای زۆر سەرکەوتوو بوو، دوو سێ مەسەلەمان ڕاڤەکرد، وتمان ناکرێ داوای مانگرتن بکەین تا ڕەوشەکە ئەوە نەخوازێت و دەرکردنی یاساکانیش ئەوە بخوازێت. ناڕەزاییەکی زۆر لەسەر باجی خوێ هەبوو، کۆشش هەبوو بۆ لابردنی باجەکە، داوام لە خەڵکەکە کرد خۆیان خوێ لە ماڵەکانیان ساز بکەن و سەرپێچی یاساکانی خوێیەکە بکەن. داوام کرد ئەو کتێبانە بفرۆشرێن کە بەیاسا قەدەغەکراون. فرۆشتنی ئەو کتێبانە بوارساز بوو تا مانگرتن بکرێت، بۆیە کتێبی زۆرمان چاپ کرد، بڕیارمان دا پاش کۆتایی هاتنی بەڕۆژووبوونەکە کتێبەکان بفرۆشین.

لە ئێوارەی ڕۆژی ٦ی ئەپریل خەڵکەکە ئەو کتێبە قەدەغەکراوانەیان بەتیراژی زۆرەوە بۆ فرۆشتن لە دەست دابوو، کتێبەکان بەخێرایی تەواو بوون. دەمانویست پارەی کتێبەکان بۆ گەشەپێدانی مانگرتنەکان تەرخان بکەین، هەردوو کتێبەکەی ئۆتونۆمی هیند و خێرەکان بۆ هەموومان بەچوار عانە بوون، بەڵام خەڵکەکە پارەی زۆرتریان دەژمارد، هەتا ڕادەی هەموو پارەکانی ناو گیرفانیان دەژمارد، دانەی کتێبێك دەگەیشتە پێنج هەتا دە ڕووپییەش. لە بیرمە من دانەیەکم بەپەنجا ڕووپیە فرۆشت. بەخەڵکەکەشمان دەوت، ڕەنگە بەکڕینی ئەو کتێبانە بگیرێن، بەڵام ئەوان ترسیان لە زیندان نەمابوو.

حکومەت وتبووی ئەو کتێبانە قەدەغەکراو نەبوون، چاپی نوێ بوون، بۆیە بەپێی یاسا لێپرسینەوەی لەسەر ناکەین. بیرمان لەسەر کۆبوونەوەی خۆگونجاندنەکە کرد، داوای دیدارمان کرد، بەڵام ژمارەیەکی کەم خەڵك ئامادەبوون، بۆیەش وتیان ئەوەی دەبریسکێتەوە زێڕ نییە. من بەرەو دەلهی و

ئامریتسار بەڕێ کەوتم، کە گەیشتمە ماپورا، وتیان زانیارییمان هەیە تۆ دەگیرێیت. وتیان چیت دەوێ بۆت بکەین. من داوای هیچم نەکرد، وتم کەی یارمەتییەکم ویست داواتان لێ دەکەم.
پێش ئەوەی ترێنەکە بگاتە وێستگەی ترێنی بالوال نامەیەکیان نیشاندام کەوا من ناتوانم بچمە سنووری ویلایەتی بنجاب. پۆلیس ویستیان من لە ترێنەکە دابەزێنن، بەڵام من داواکەی ئەوانم جێبەجێ نەکرد، بەپۆلیسەکانم وت:
من لەسەر داوای خەڵکەکە و بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوەکان، نەک هەڵگیرسانی ئاشووبە دەچم، بۆیە بەداخەوە ناتوانم گوێ لە فەرمانەکانت بگرم. پۆلیسەکان لە وێستگەی بالوال منیان لەناو ترێنەکە دابەزاند و دەستبەسەریان کردم. لە ماپورا منیان بردە بنکەی پۆلیس، بەیانییەکەی بەترێنێکی باری منیان بەرەو بۆمبای بەڕێ کرد. نیوەڕۆکەی پۆلیس منیان لە وێستگەی ساوای مادهوبور دابەزاند، لەوێیەوە بەفەرمی منیان رادەستی موفتیشی پۆلیس کرد، کە بەترێنی پۆستەکە لە لاهورەوە هاتبوو. لە رێگای بۆمبای قسەی نەرمیان بۆ دەکردم، کەوا من ناکرێ بچمە ناو سنووری بنجاب و رەوشەکە ئارام نییە. منیش وتم بەهیچ بیانووێك من واز لە گەشتەکەم ناهێنم. ئەوانیش وتیان ئەوە دەسەڵاتی ئێمە نییە، دەکرێ لە بۆمبای قسەی خۆت بکەیت.
پۆلیسەکان منیان لە بۆمبای ئازاد کرد، بەڵام دەنگۆی گیرانی من زۆر بڵاوببۆوە. هاوڕێیان وتیان رەوشەکە لە بیدونی ئاڵۆزە و شۆڕش لەسەر تەقینەوەدایە. حاکم و پۆلیس روویان لەوێ کردووە. بۆیەش هاوڕێیەکانم وتیان رەوشەکە بەئێمە ئارام نابێتەوە دەبێ خۆت بچیت و ساردیيان بکەیتەوە. کە خەڵکەکە منیان بینی زۆر دڵیان خۆش بوو، ئیتر خەڵك کۆبۆوە و سروودی نیشتمانی هیندییان دەوتەوە. موسڵمانەکانیش ئەلاهوئەکبریان دەوتەوە. لە بیدونی ژمارەیەك پۆلیسی سوارییمان بینی، بەردباران دەکران، وەك لێزمە بەردیان بۆ دەهات. من لەناو عارەبانەکە بووم، خەڵکەکە زۆرتر کۆدەبوونەوە و پۆلیسەکانیش دەیانویست دڕ بەجەماوەرەکە بدەن و پەرتەیان پێ بکەن، بەڵام سوودی نەبوو. ئیتر مەترسیی دەگەیشتە سەر گیانی منیش چەند تیریش

بەنزیك عارەبانەكەم دەكەوت. دیمەنەكە ترسناك بوو، بەتیرباران كەوتنە گیانی خەڵكەكە. پۆلیسەكان بەئەسپەكانیان خەڵكەكەیان دەشێلا، خەڵكێكی زۆر كەوتبوونە بن پێیان و هاواریان لێ هەڵسابوو. ئیتر ئاژاوەكە هەموو ناوچەكەی گرتەوە. ئیتر بەو توندوتیژییەوە ڕێپێوانەكەیان ڕاگرت و پۆلیسەكان بواریان دا عارەبانەكەی منیش بەرەو پێشەوە بچێت. گەیشتمە نووسینگەی كونسڵ تا شكایەت لە دەستكردنەوەی پۆلیسەكان بكەم.

كە چوومە نووسینگەكەی كونسڵ بەڕێز جریفیپ، لەسەر قاڵدرمەكە ژمارەیەك سەربازی چەكدارم بینی خۆیان بۆ چالاكییەك سازكردبوو. ڕەوشەكەم بۆ كونسڵەكە ڕاڤەكرد، ئەویش وتی: من نەمدەویست ڕێپێوانەكە بگاتە ناوچەی فۆرت، لەوێ ئاژاوەیەك دەقەوما، دەبوایە فەرمان بەئەسپسوارەكان بدەم، هێرش ببەنە سەر خەڵكەكە، چونكە خەڵكەكە گوێیان نەدەگرت.

منیش وتم: بەڵام دەرئەنجامی ئەوەشت دەزانی، ئەسپەكان بەسەر سەری خەڵكەكە دەكەوتن. وادەزانم پێویستی نەدەكرد تیمێكی سواری ڕەوانە بكەیت.

ئەویش وتی: تۆ ناتوانیت بڕیار لەسەر ئەو جۆرە ڕەوشانە بدەیت، ئێمە زۆر باش لە تۆو لەو مەسەلانە تێدەگەین. ئەگەر زوو كۆنترۆڵی ڕەوشەكە نەكەین لەدەستمان دەردەچێت، خەڵكەكە لەدەستی تۆش دەردەچوون. ئیتر دەستیان بەسەرپێچی یاسا دەكرد، چونكە ئەوان هیچ مانای پاراستنی هێمنی نازانن. من گومانم لە مەبەستەكانی تۆدا نییە، بەڵام خەڵكەكە سادەن و نازانن تۆ مەبەستت چییە.

منیش وەڵامم دایەوە و وتم: لێرە من لەگەڵ بۆچوونەكانت جیاوازم، خەڵكەكە توندكار نین، بەڵكو خەڵك بەخۆڕسكییەوە نەرمن. زۆرمان قسە كرد، دەرئەنجام ئەو وتی: چ دەكەیت ئەگەر خەڵكەكە لە هەڵوێستەكانی تۆ تێنەگەیشتن؟

ـ یاخیبوونە مەدەنییەكە ڕادەگرم.

ـ مەبەستت چییە؟ تۆ وتبووت پاش بەردانم دەچەم بنجاب؟

ـ بەڵێ، من سواری یەكەم ترێن دەبووم، بەڵام دیارە ئیمڕۆ ناگونجێت.

_دەزانی چ رووی داوە. ئەوەی لە ئەحمەد ئاباد بووە، لە ئامریتساریش بووە. کەمێك پشوو بدە، خەڵکەکە هەمووی هار بوون، بەڵام هێشتا هەموو زانیارییەکانم وەرنەگرتووە. لە هەندێ شوێن تێلەکانی تەلگرافیان بڕیوە. دەزانی ئەو کارانە هەمووی لەسەر ئەستۆی تۆ ساغ دەبێتەوە.

_من بەدڵنیاییەوە هەمووی لە ئەستۆ دەگرم، بەڵام بەو ئاژاوەی ئەحمەد ئاباد نیگەرانم، یان ئەوەی لە ئامریتسار روویان داوە، ناتوانم بەرگری لەوانە بکەم. من هەرگیز ناچمە ئەوێندەرێ، ئەوان بەبێ بیانوو منیان راگرت و بواریان نەدام بچمە بنجاب.

بەبێ ئەوەی هیچ لەیەك بگەین زۆرمان قسە کرد. من وتم دەچمە سەر کەنارەکە و لەوێ کۆبوونەوەیەك دەکەین، زۆر باسی ناتوندوتیژییم بۆ کردن، باسی سنوورەکانی ساتیاجراهام کرد، وتم: ساتیاجراها لە جەوهەردا چەکی کەسە راستگۆییەکانە. بۆیەش دەبێ ئاشتیخوازبین. ئەگەر خەڵکەکە بەقسە و بەکردەوە و بەهزر ئاشتیخواز نەبن، منیش ناتوانم ساتیاجراها بەکۆمەڵەکە بکەم.

لە ئەحمەد ئاباد لە ئەنجامی ئاژاوەکان ئەفسەرێك دەکوژرێت. کە زانیم لەوێ دەیانەوێ ئاسنەکانی ترێن هەڵتەکێنن گەیشتمە ئەوێندەرێ. لە فیرامجام ئەفسەرێك کوژرابوو، بۆیە ئەحمەد ئاباد حاڵەتی ئامادەباشی بۆ رادەگەیێنن. هاوولاتییان بەبیستنی ئەو هەواڵە ترسابوون، بۆیەش زۆرتر رەوشەکە توندوتیژی تێدەکەوێت.

لە وێستگەکە ئەفسەرێك چاوەڕوانی دەکردم تا من بباتە لای کونسڵەکە. بەڕێز برات تووڕە دیار بوو. منیش بەنەرمی قسەم لەگەڵدا کرد، نیگەرانی و ئەفسووسم بۆ کارە توندکارەکان راگەیاند. من پێموت نەدەکرا حاڵەتی ئاوارەتە رابگەیێنن. رەوشەکە ئەوە هەڵناگرێت. من بەهەموو هێزێکمەوە بۆ ئارامی ناوچەکە هاوکارت دەبم. کۆبوونەوەیەکمان کرد و بارە ئاوارەتەکەی نەهێشت. لە رقی رووداوە تاڵەکان سێ رۆژ بەڕۆژووبوونم راگەیاند، بەخەڵکەکەم وت دەبێ رۆژێك بەڕۆژوو بن. پێشنیارم کرد دان بەهەڵەکانیان دابنێن.

من نەمویست ئەو کرێکارانەی ماوەیەک لە ناویاندا ژیابووم بەو رەوشە هەڵسوکەوت بکەن. هەستم دەکرد منیش لەو دەستدرێژیانە بەشدارم. هەرچەندی هاوارم کرد و داوام کرد کەس بەگوێی نەکردم.
داوایان لێ کردم پرۆسەکەی ساتیاجراها راگرم. من خۆم زووتر بڕیارەکەم دابوو، دەمزانی ئەوەیان سوودی نەما. هاوڕێیەکان بەدڵخۆشییەوە لەلام دەرچوون.
هەستم دەکرد بۆچوونی نەیار هەیە، دەیانوت، چۆن دەکرێ ساتیاجراهای بەکۆمەڵ بکرێت ئەگەر بۆ کردەوەیەکی ئارامکردنەوە ساتیاجراها پەنا بخەیت. بەو دوو بۆچوونە نیگەران بووم. من راییبوونم وابوو دەبێ سەرکردایەتی ساتیاجراها کۆنترۆڵی هاوولاتیان بکەن و ئارامییەکان بەرقرار بکەن. ئێستاش و ئەو دەمانەش بڕوام وابوو.

## هەڵەیەکی کوشندە

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی ئەحمەد ئاباد بەرەو نادیاد بەڕێ کەوتم. لەوێ بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا دەستەواژەی هەڵەیەکی کوشندەم بەکارهێنا، ئەوەی پاشان لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بڵاودەبێتەوە. کە لە ئەحمەد ئابادیش بووم، هەستم بەهەڵەی بچووک دەکرد، بەڵام کە گەیشتمە ئەو شارە و رەوشەکەم بەو شێوەیە بینی و گوێم لە راستی رووداوەکان بوو، کە وتیان لە خیدا ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان گیراون، هەستم کرد کەوا من هەڵەم کردووە ئەو مانگرتنەم بەو خەڵکە پێش وادەی خۆی کردوو.، کۆبوونەوەیەکی گشتییم کرد و لەوێ دانم بەهەڵەکەی خۆم دانا، بۆیەش بوومە گاڵتەجاری ئامادەبوان. من هەرگیز پەشیمان نیم کە دانم بەهەڵەکانم خۆم داناوە، کەس گەشە ناکات ئەگەر هەموو کەماسییەکانی خۆی بەچاوێکی تیژەوە نەدۆزێتەوە و دەستنیشانیان نەکات، پابەندبوون بەو یاسایە و بەوردیش یەکێکە لە بەندەکانی ئەوانەی دەیانەوێ ببنە هاوڕێی ساتیاجراها.

با بەیەکەوە بزانین ئەو هەڵە کوشندەیە چی بوو. پێش ئەوەی مانگرتنی مەدەنی جەماوەریی ساز بکرێت، دەبێ هەموولایەک پابەندبوونیان بەیاسای دەوڵەتەکە دەربخەن، زۆرجاریش پابەندبوون لە ئەنجامی ترسە. چونکە کەسی دەستپاک دزی ناکات ئەگەر یاسایەک بۆ سزادانی هەبێت یان نەبێت، هەر ئەو کەسەش شەوانە پابەند نابێت بەداگیرسانی لایتی پێشەوەی پایسکیلەکەی،

گومانیش هەیە گوێی لە ئامۆژگارییەکانی بگرێت. هاوڕێیانی ساتیاجراها بەئیرادەی خۆیانەوە، بەهەموو هوشیارییەوە پابەندی یاساکان دەبن، چونکە پابەندبوونەکە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیانە. کە فەرمانی مانگرتنەکەم دا هەڵەیەکی مەزنی وەك گەورەیی چیاکانی هملایام کرد، چونکە نەمدەزانی خەڵکەکە شیاوی ئەو پرۆسەیە نەبوون. کە چوومە بۆمبای کۆششم کرد هاوڕێیەکان کۆبکەمەوە بۆ هوشیارکردنەوەی ئاشتیانەی ساتیاجراها، بەڵام دەمبینی ژمارەیەکی کەم بەپیر ئەو بانگەوازەم دەهاتن، بۆیە تێگەیشتم کەوا مەشقکردن لەسەر مانگرتن ماوەیەکی زۆری دەوێت. من زووتر درکم بەوە نەکردبوو.

## رۆژنامەی ناڤاجیفان و یانگ ئیندیا

کە بزاڤەکەمان بۆ بەرقراربوونی هێزی ئاشتییانەی رەوشەکە نەرم نەرم دەڕۆیشت، حکوومەت بەبەرنامەیەکی نایاساییەوە هەنگاوی دەهاویشت. داپلۆسینی خەڵکەکە بەئاشکرا هەستی پێدەکرا. ئەوەشم بەڕوونی لە بنجابدا هەست پێ کردبوو. ئەحکامەکانی ئاوارتە راگەیاندرابوو، دادگا تایبەتییە نوێیەکان بەئارەزووی خۆیان سزایان لەسەر هاووڵاتییان دەردەکرد. سەربازەکان ژن و پیاوەکانیان ناچار دەکرد وەك کرم لەسەر زەوی بخشێن. کارەساتە کۆمەڵکوژییەکەی ئامریتسار نیگای میللەتی هیندی و هەموو جیهانی بۆ خۆی راکێشابوو.

بەبێ مۆڵەت بەرەو بنجاب بەڕێ کەوتم، وتم ئەگەر بواریشم نەدەن بچمە ناو سنووری بنجاب، نەدەکرا مانگرتنی مەدەنی رابگەیێنم. دەبوایە من گەشتەکەم هەر بکەم، هەرچەندە هاوڕێیەکانم ئامۆژگارییان کردم کە نەچم، من سووربووم لەسەر بەرنامەکەم، چونکە نەدەکرا لەو رەوشە نالەبارەدا من دەستەوەستان دانیشم و میللەتەکەم زوڵم و زۆرداریان لەسەر بێت.

من بەگومانەوە دەمڕوانییە هەڵسوکەوتی حکوومەت، بەڵام زۆریش دڵنیانە بووم، بەڵام کە زانیم بەنهێنی بەڕێز هورنیمانیان دوورخستووتەوە، ئەوەی رۆژنامەی بۆمبای کرونیکلی کردبووە هێزێکی مەزن، دەمزانی کەوا ئەو لاساریی و بێ یاسایی ناکات. لەگەڵ ئەوەش نەبوو من بەبێ رەزامەندی

حکوومەت سەردانی بنجاب بکەم. ئەو بەھەموو بڕوایەکەوە لەگەڵ راگرتن و هێمنکردنەوەی رەوشەکە بوو. ئەو زووتر نامەیەکی بۆم نووسیبوو کەوا مانگرتنەکە کۆتایی پێ بهێنن، بەڵام دووری نێوان بۆمبای و ئەحمەد ئاباد وایکردبوو، بەر لە بڕیارەکەم نامەکەم وەربگرێت، بۆیە دوورکردنەوەی ئەو منی سەرسام و نیگەران کردبوو. بۆیەش ئەنجوومەنی کارگێڕی رۆژنامەی بۆمبای کرونیکل داوایان لە من کردبوو بەرپرسیاریەتی رۆژنامەکە بکەم، بەڵام دەمزانی کەوا من هیچی زۆرترم بۆیان پێ ناکرێت، تەنها ئەرکم قورستر دەکات و بەس. کە حکوومەت رۆژنامەکەی راگرت، ئەرکەکانم سووکتربوون.

نووسەرەکانی رۆژنامەی بۆمبای کرونیکل سەرپەرشتی رۆژنامەی یانگ ئیندیایان دەکرد، بۆیە داوایان لە من کرد کەوا سەرنووسەریی بکەم. بڕیاریشیان دا رۆژنامەکە لە هەفتانەیی بکەنە هەفتەی دووجار، منیش ئەوەم پێ باش بوو، چونکە بواریشم دەبوو بەرنامە ئاشتییانەکەی ساتیاجرهاکەم تێدا باشتر شرۆڤە دەکەم.

بەڵام من چۆن هاوولاتییان بەساتیاجراها بەزمانی ئینگلیزی حاڵی بکەم؟ بەڵام هاوڕێیانم رۆژنامەیەکی مانگانەیان بەناوی ناڤاجیفان بەزمانی جوجراتی دەکرد، ئەوانیش رۆژنامەکەیان خستە بن دەستی من، دوایی رۆژنامەکە بووە هەفتانە.

دووبارە بۆمبای کرونیکل دەرچووەوە، یانگ ئیندیاکەش وەك جاران بووە بەهەفتانە. بۆیە ئاسان نەبوو دوو رۆژنامە و هەر یەکێکیان لە شارێك بێت، ئەوە ئەرك و پارەی زۆرتری دەویست. بۆیە داوام کرد رۆژنامەی یونگ ئیندیاش بگوازینەوە ئەحمەد ئاباد کە تێدا رۆژنامەی ناڤاجیفانیشی لێ دەردەچوو.

که رۆژنامەی رای هیندییم دەکرد، دەمزانی رۆژنامە چاپخانەی خۆی دەوێت. یاسای رۆژنامەگەریی هیندیش ئەو کاتە توند بوو، نەدەکرا چاپخانە ئەهلییەکان بوار بدەن نووسینەکان ئازادانە گوزارشتەکان بدرکێنن. دیارە ئەوەش لە ئەحمەد ئابادا ئاسان بوو.

من لەو دوو رۆژنامەیە بەهەموو هێزێکمەوە دەمنووسی بۆ گەیاندنی هزری ساتیاجراها بەخوێنەرەکانی، تیراژیان دەگەیشتە نزیکەی چل هەزار دانە. کە من دەگیرام رۆژنامەکانیش خوێنەریان کەم دەبوو. ئێستاش تیراژییان دەگاتە نزیکەی هەشتا هەزار دانە. من هەست دەکەم ئەو رۆژنامەیە کۆششیان کردبوو ئاشتی بەرقرار بێت، لەوێش ئازادانە بۆچوونەکان دەگوترا و هانی خەڵکمان دەدا، بۆیە دەڵێم ئەوانە خزمەتێکی مەزنی میللەتەکەیان لە کاتێکی ناسکدا دەکرد و رۆڵیان زۆر بوو لە کەمکردنەوەی داپلۆسین لەکاتی ئەحکامەکانی ئاوارتە.

## له بنجابدا

سیر مایکل، ئۆدویر منیای بەرووداوەکانی بنجاب تاوانبار کردبوو، گەنجەکایش تووڕە ببوون کەوا من بەرپرسم لەوەی حاڵەتی ئامادەباشی لە وڵاتدا پەیڕەوکراوە. ئەوان دەیانوت، ئەگەر بزاڤەکەی ساتیاجراها رانەگیرابوایە کۆمەڵکوژییەکەی ئامریتسار نەدەقەوما. هەندێکیش وتیان با بچێتە بنجاب لەوێ دەکوژرێت. من زووتر سەردانی بنجابم نەکردبوو، پەرۆش بووم بۆ تێگەیشتن لە رەوشەکە سەردانەکەم هەر بکەم. ئەوانەی منیان داوەتکردبوو، هەموویان گیرابوون، بەڵام دڵنیابووم کەوا حکوومەت جورئەت ناکات ئەوانە زۆر لە زیندان بهێڵێتەوە، ئەو بنجابیانەی لە بۆمبایدا منیان دەبینی سەربردەی زۆریان بۆ دەگێڕامەوە. ئەوانەش هاندەرم بوون من گەشتەکە بکەن. چەند جارێك گەشتەکەم دوا دەکەوت، حاکمی بریتانی هەر دەیوت پەلە مەکە.
کە لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی کردەوەکانی حکوومەت لەکاتی ئاوارتەکە پێکهێنرا، قەشە شارلز فریر ئەندروز گەیشتە بنجاب، قسەکانی ئەو هەناوی لەت لەت کردم، بەوەش دڕندەییەکانی رۆژانەی رەوشەکە زۆرتر بوو لەوەی لە رۆژنامەکان بڵاودەکرانەوە. ئەویش پەرۆش بوو من سەرێك لە بنجاب بدەم. لەسەر داوای هاوڕێیەکانم ئاگاداری حاکمم کردەوە کەوا دەمەوێ گەشتەکە بکەم. ئەو رۆژێکی بۆ گەشتەکەم دانا، وابزانم ١٧ی ئۆکتۆبەر بوو.

کە گەیشتمە لاهور دیمەنێکم بینی کە هەرگیز لەبەر چاوەکانم ون نابێت، وێستگەی ترێنەکە ئاپوورەیەکی زۆری تێدا بوو، وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەزیزێکیان بکەن کە ماوەیەکی زۆرە لێیان دابڕابێت. لەبەرئەوەی سەرکردە بنجابییەکان گیرابوون بۆیە خاتوو مالفیا و موتیلال و کۆچکردوو شرادانان جێ کارەکانیان بەڕێوە دەبرد. زوو من هەستم کرد هاتوومەتە ناو خەڵکی دۆست و ناسیارەکانی خۆم، هەرگیز خۆم بەغەریب نەدەزانی. مەسەلەی بڕوانەکردن و بەربەستکردنی بڕیارەکانی (هانتر) بۆ پێداچوونە لە کارەسات و رووداوەکان کۆتایی هاتبوو، هەمووومان ئەو بڕیارەمان بەدروست و گونجاو دەزانی، بۆیە بیرمان لەوە کردووە لەجیاتی حزبی کۆنگرە لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکان دابنێین. هەمووومان بۆ کاری لیژنەکە پەرتەمان لێ کرد. ئیشەکان زۆریان لەسەر ئەرکی من بوو، بۆیە بواریشم نەبوو توێژینەوەیەك لە میللەتی بنجاب و گوندەکانی لەنزیکەوە بکەم.

لەو کارەدا رەوشی ژنانی بنجابم زانی، دەستە دەستە دەهاتنە پێشم و گلۆرە رێسراوەکانیانی خۆیان لەپێشم دادەنا. لەوێ بیرم لەوە کردەوە کەوا ئەو ناوچەیە بۆ دروستکردنی قوماشی خادی زۆر بەپیت دەبێت.

لەگەڵ بیستنی هەواڵی زۆردارییەکان و ئازارە توندەکان هەستم بەژانی قووڵ دەکرد، زۆریشم لا سەیربوو، ئێستاش بیر لەوە دەکەمەوە حکوومەتی بریتانی لە گەرمەی شەڕەکاندا ئەو هەموو سەربازەی بۆ داپلۆسینی ئەو میللەتە رەوانە کردبوو تا کردەوەی وا وەحشیانە بەڕووی ئەو میللەتە داماوە بکەن.

منیان بۆ نووسینی راپۆرتەکە دەستنیشان کرد، جا ئەوەی دەیەوێت دڕەندییەکانی هەڵمەتی سەرکوتکردنەوەکان بزانێت، با ئەو راپۆرتە بەوردی بخوێنێتەوە کە یەك برگەی زێدەڕۆیی تێدا نییە و هەمووی بەبەڵگەوە تۆمارکراون.

## خەلافەت بەرامبەر پاراستنی مانگا

حزب لێکۆڵینەوەکانی لەسەر کردەوە وەحشیانەکەی ژەنراڵ دایار لە بنجاب دەست پێ کردبوو. کە داواکرا کۆنگرەیەکی هاوبەشی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان، کە بڕیاربوو بۆ دانوستان لەسەر کێشەی خەلافەت لە دەلهی بگیرێت، لەوانەی ئیمزایان لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە کردبوو کۆچکردوو حەکیم ئەجمل خان و بەڕێز ئەساف عەلی بوون. لە داوەتنامەکەشدا نووسرابوو کەوا کۆچکردوو بەڕێز شرادانانند جی بەشداری دەکات، کە بڕیاری بوو لە مانگی نۆڤمبەردا ببەسترێت. بەرنامەکەش وابوو کۆنگرەکە باسی ئەو ڕەوشە بکات کە لە ئەنجامی بابەتی خیانەتکردن لە خەلافەت بکەن، لەوێش باسی کێشەی پارێزگاری لە مانگاش دەکەن. هەردوو دۆسیەکەش وەك سەفقەیەك سەیر دەکرێت.

ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەکە زۆر بوون، لەوێ من لەبەردەم کۆنگرەدا وتم، ئەگەر بابەتی خەلافەتەکە لەسەر بنچینەیەکی راستی و بابەتیانەیە من پشتیوانی دەکەم، پشتیوانی موسڵمانەکان دەکەم لە بەرپابوونی خەلافەتی موسڵمانان، چونکە حکوومەت زوڵمی زۆری لێیان کردبوو. لەو وتارەدا جوان نەبوو، من کێشەی پارێزگاری لە مانگاکان بەیەك ببەستمەوە، نەدەکرا موسڵمانەکانیش مەسەلەی سەربڕینی مانگا بەخەلافەتەکە ببەستنەوە. خۆ ئەگەر موسڵمانەکان خۆیان ئەو بڕیارەیان وەرگرت و لەبەر رێزگرتنی هیندۆسەکان سەربڕینەکانیان

ڕاگرت، ئەوا ڕەچاوی هەستی هیندۆسەکانیان کردووە و هاوسێیەتییان بەگەورە زانیوە. ئەوەش هەڵوێستێکە ناکرێ هیندۆسەکان هەرگیز لەبیری بکەن. من وادەزانم وەرگرتنی ئەو هەڵوێستەش لەلایەن خۆیانەوە ئەرکی خۆیان بوو، ئەوەش ڕەنگدانەوەی بەرزی ڕەوشتیان بوو.

من وتم: دەبێ ئەو دوو کێشەیە بەجیا شرۆڤە بکرێت، شرۆڤەکانی حزبیش تەنها لەسەر مەسەلەی خەلافەتەکە بێت و بەس. ئامادەبوان قسەکانی منیان پێ باش بوو. بۆیەش سەربڕینی مانگاش لەناو کۆنگرە قسەی لەسەر نەکرا.

مولانا عەبدولباری وتی: پێویستە ئێمەی موسڵمان چیتر مانگا سەرنەبڕین، ئاگامان لە هەستی هیندۆسییەکان بێت. جا ئەگەر ئەوان لە کێشەی خەلافەتەکە یارمەتیمان بدەن یان نەدەن، مەسەلەکە هاوولاتیبوونە لە یەك وڵاتدا.

ئیتر من لەو دەمانە بڕوام کرد کەوا چارەیەك بۆ ئەو کێشەیە دادەنرێت.

هەندێك لە ئامادەبوان کێشەکەی بنجابیان هاوشانی خەلافەتەکە پێشنیارکرد، بەڵام من پەسەندم نەکرد، وتم ئەوەیان مەسەلەیەکی لۆکاڵییە، ئەوەش ئاهەنگەکانی ئاشتیمان سارد دەکاتەوە. هەموولایەك بیانووەکەی منیان بەباش زانی و پەسەندیان کرد.

یەکێك لەو بڕیارانەی لە کۆنگرەکە ئاماژەیان پێ درابوو، کەوا هیندۆسەکان و موسڵمانەکان پابەندبن بەپەیمانی خۆگونجاندن، ئینجا نەکڕینی کەلوپەلی بێگانە بوو، هێشتا باس لە قوماشی خادی نەکرابوو، بەڵام بەڕێز حەسرەت نەکات دەبێ تۆڵەی لێ بکرێتەوە، بۆیە دەیویست ئێمە تەنها کەلوپەلە بەوەیان ڕازی نەبوو، ئەو دەیویست ئەگەر بریتانیا چارەسەری خەلافەتەکە بریتانییەکان نەکڕین. منیش پێشنیارەکە و میکانیزمی جێبەجێکردنەکەم ڕەت کردەوە، بەڵگەشم پێشکەشکردن کە ئێستا هەموولایەك دەیانزانن. من لەو کۆنگرەیەدا ڕامانی خۆم لەسەر ناتوندوتیژییەکان دەربڕی، خەڵکەکە هەموو

بیانووەکانیـان زۆر لا پەسـەندبوو، بـەڵام زووتـر ئامـادەبوانیش بـەهاوارەوە پێشوازییان لـە پێشـنیارەکەی بـەڕێز حەسرەت کردبـوو، بۆیـە مـن دەترسام قسەکانی من بایەخێکی نەبێت. زۆریان قسەیان لەسەر بۆچوونەکەی من کرد، وتیـان نـەك نـاتوانین واز لـە کەلوپەلـەکانی بریتـانی بهێـنین، بـەڵکو گاڵتـەش بەداواکـەمان دەکـەن، چـونکە کـەس نـەبوو لـەناو ئامـادەبوان کەرەستـەیەکی بریتانی پێ نەبێت.

مولانا حەسرەت لـە وتەکەیدا وتی: بایکۆتی قوماشی بێگانە بەس نییە. کەس نازانێت ئێمە چەند کاتمان دەوێت تا دەتوانین بەخۆگونجاندن بەرهەمی خۆمان لە قوماش دابین بکەین. ئێمـە ئێستا کارێکمـان پێویستـە بـەخێرایی کـار لـە بریتانیـا بکـەین، مـن دژایـەتی بایکۆتەکـە ناکـەم، بـەڵام مـن ئـەنجامی بەپەلـەم دەوێت. کە من گوێم لـەو قسانە بوو بیرم لـە پرۆسـەیەکی تریش کردەوە کـە هاوشانی بایکۆتەکە بێت، نەدەکرا ئەو دەمانە یەکسەر واز لە قوماشی بریتـانی بهێنین، دوایی ئێمـە چـەند کاتمـان دەویست تـا خۆمـان بەرهـەمان دەبێت، بۆیـە من پاش تەواوبوونی وتەکەی ئەو لەناو گێژاوێکدا خولم دەخواردەوە.

لە قسەکانمدا نەدەکرا وشەی هیندی یان ئوردی بدۆزمەوە بۆ قسەکانم. ئەوە یەکەمجارم بـوو مـن وتـاری وا شـرۆڤەکارانە لەبـەردەم خـەڵك بـدەم، بەتایبـەتی ئەگەر خەڵکەکەش زۆریـان موسـڵمانی بـاکوور بـن. مـن زووتـر لـە کلکتـا لەگـەڵ یـەکگرتووی ئیسـلامی دانوسـتـانم کردبـوو، چـەند دەقەیـەك وتـارێکم پێشکەشکردبوون، مەبەست بـووە هەستی خەڵکەکـە بـورووژێنم، بـەڵام لێـرە مەسەلەکە جیاوازە، دەبێ بۆچوونەکانم بـەوردی بەرامبـەر خـەڵکێکی ئاگـادار دەربـبڕم. نـەدەکرا بـەزمانێکی پـاراو بـەئوردی قسـە بکـەم، کـە موسـڵمانەکانی دەلهی قسەیان پێ دەکرد، بۆیە بەهیندییەکی خراپ قسەکانم دەکرد، لەوێ بۆم

روون دەبێتەوە کەوا زمانی هیندستان باشترین زمانە کە هەموو هیندییەکان وەك زمانێکی هاوبەش بەکاری بهێنن.

نەمدەتوانی وشەیەك بەزمانی هیندی یان ئوردی بۆ هزرێکم بدۆزمەوە. دەرئەنجام وشەی یارمەتینەکردنم بۆ دەرکەوت، کە یەکەمجار لەو کۆبوونەوەیەدا بەکارم هێنابوو. بۆ تێگەیاندنی بەڕێز حەسرەت لەو رامانە و چۆنیەتی پراکتیزەکردنەکە وتم: موسڵمانەکان بڕیارێکی زۆر گرینگیان پەیڕەو کردووە، ئەگەر مەرجەکانی ئاشتییەکەمان بەدڵ نەبوو، ئەوا هەموو جۆرە یارمەتییەکانمان دەبڕین. دیارە کەوا ئەوەش ناکەین، ئەگەر رووبەڕوومان نەبوو. چیتر پێویستمان بەو نازناو و پۆستە شەرەفیانە نابێت کە بریتانییەکان پێشکەشیان کردووین، یان لە خزمەتکردنی حکوومەت بەردەوام بین، ئەوە ناکەین. ئەگەر حکوومەت غەدری لێ کردین و لە دۆسیەکەی خەلافەت پشتیوانی نەکردین، ئەوا ئێمەش یارمەتی نەکردنەکە پەیڕەو دەکەین، ئەوەش مافی خۆمانە.

چەند مانگێك رابرد و دەستەواژەی یارمەتی نەکردنەکە بڵاونەبووە.

## حزبی کۆنگرە لە ئامریتساردا

حکوومەتی بنجاب نەیدەتوانی ئەو سەدان کەسەی کە بەبێ دادگایی و بەبیانووی هیچەوە لە دادگاکانی سەربازییەوە کە سیمایەکەی دادپەروەرانەشی نەبوو گرتبوو، لە زیندانیان بهێڵێتەوە. لەبەر ناڕەزاییەکان نەدەکرا ئەوان ئازاد نەکرێن، بۆیە لەبەر لە کردنەوەی کۆبوونەوەکانی حزب زۆریان ئازاد کران. هەندێ لە سەرکردەکان ئازاد بوون، هەردوو برایان محەمەد عەلی و مولانا شوکت عەلی لە زیندانەوە هاتنە ناو کۆبوونەوەکە، ئەوەش شادییەکی خۆشی خستە ناو دڵی خەڵکەکە. سەرۆکی حزب موتیلال نەهرۆ بوو، کە وازی لە پیشە باشەکەی لە پارێزەری دەهێنێت و لەبەر کاری حزبی لە بنجابدا نیشتەجێ دەبێت.

من ساڵانە لە کۆبوونەوەکاندا لەسەر تەوەرێك کارنامەم هەبوو، ئەویش مەسەلەی زمانی نەتەوە و قسەکردن بەو زمانە بوو، تەوەری دووەمیش باسکردنی ڕەوشی هیندییەکانی دەرەوە بوو. بڕوام نەدەکرد ئیمساڵ لەو بابەتانە قسەمان هەبێت، بەڵام ئیش و چالاکی زۆریان لە من بار کردبوو.

تازە پاشا هەندێ چاکسازیم ڕاگەیاندبوو، ئامادەبوان پێیان وابوو ئەوانە شیاوی باس نین، بەڵام من وامدەزانی لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان ڕاگەیاندنەکە باشە. دوو بۆچوون لەسەر چاکسازییەکان هەبوو، لەبەرئەوەی

دارشتنەکەی لەلایەن لۆرد سینها بوو، بۆیە هیوام پێی هەبوو، بەڵام لەو ناوەدا نەهرۆ بێلایەن بوو.

بەڕێز مالفیا منی لە ژوورەکەی خۆی دانابوو، لەوێ باسی ژیانە سادەکەی خۆی بۆ دەکردم. ژوورەکەی ئەو وەك هوتێلی هەژارەکان بوو، لەبەر قەرەباڵغییەکە نەدەکرا بجووڵێیتەوە. شەووڕۆژ میوانی هەبوو، دەرگەکەی لەسەرپشت بوو. لەبەرئەوەی بۆچوونەکان زۆر بوون، جۆرەها رامان لەسەر چاکسازییەکان نمایش دەکرا. سەرکردەکان بۆچوونی زۆریان هەبوو، منیش لەبەر بەرژەوەندی گشتییەوە چەند جارێك خۆم لە کۆبوونەوەکان دووردەخستەوە، چونکە رەوشەکە لەناخەوە ویژادنی دەهەژاندم. من نیگا و پێشنیاری خۆم لەبەردەم کۆنگرەکە هەبوو، بۆیە قسەی ئەوەشم هەبوو، کە نەدەکرا میوانەکان دەنگ لەسەر بڕیارەکان بدەن. من ئەو مەرجەم هەبوو، ئەگەرنا لە کارەکان دووردەکەوتمەوە. دیارە کەوا دوورکەوتنەوەی منیش خەڵکی بنجابی نیگەران دەکرد، بۆیە بڕیاریان دا میوانەکان لە رۆژی دەنگدان بەشداری نەکەن، هەروەها ئەندامەکان ئەو جیاوازییەیان پێ خۆش و پەسەند نەبوو. ئەگەرچی تووڕەبوون و گلەییشی تێدا نەبوو. پاش دانوستانێکی چڕ و بەردەوام بڕیار درا پێشنیارەکان بەدۆزینەوەی چارەسەرییەکی ناوەندی یەکلا بکەنەوە. ئەو هەواڵەش خەڵکەکەی شادومان کرد و خۆشییەکە گەڕایەوە ناو دانیشتنەکانی کۆنگرەکە.

## سەرەتای کارکردنم لە حزبی کۆنگرەدا

بەشداربوونم لـە دانیشتنەکانی حـزب لـە ئامرتیسـار سـەرەتای راسـتەقینەیی بەشداربوونم بوو لە سیاسەتی حزبدا. کە ساڵانەش بەشدارییم دەکرد تـەنها بۆ لایـەنگیریی نیشـاندان و نوێکردنـەوەی بڕوابـوون بـوو، کـە تێـدا کارەکـانم وەك کەسێکی ئاسایی بوو، حەزم لە فەرمانی سەرووی ئەوانە نەدەکرد.

بەپێی ئەو ئەزموونەی ئامریتسار، من دەتوانم کارێك یان دووان بکەم ئەگەر بۆ بەرژەوەنـدی حـزب بێـت. هەسـتیشـم کردبـوو کـەوا کۆچـکردوو لوکامانیـا و دیشاباندو و موتیلال و ژمارەیەکی تری سەرکردەکان بەلێکۆڵینەوەکانی لەسـەر رووداوەکـانی بنجـاب کردبوومـان رازی بـوون، بۆیـە لـە کۆبوونـەوەی نافەرمییەکانیان بۆ داڕشتنی لیژنەی ئاوارەکان منیان بانگ دەکرد. ئەو جۆرە کۆبوونوانـە ئەو کەسانەیان بـانگ دەکـرد کـە سـەرکردایەتی بڕوایـان پێیانـەوە هەبوو، بەڵام خەڵکی تری بێکەڵکیش خۆیان تێدا هەڵدەقووتا.

من بـۆ ئـەو چالاکیانە ئامـادەبووم بەشـداری بکـەم. یەکـەمیان دروسـتکردنی کوتـەلێکی یادگـاری بـۆ قوربانیـانی کۆمەڵکوژییەکـەی باخچـەی جالیـانوالا، ئەندامانی حزب بەخۆشییەوە پێشنیارەکەیان قبووڵ کردبوو، بۆیـەش دەبوایە نزیکەی ٥٠٠ هەزار رووپیەش بۆ دروستکردنەکە کۆبکەینەوە، منیان بەئەمینی سەندووقەکە دانابوو. بەڕێز مالفیاش بۆ کۆکردنەوەی پارەش رووی لە کەسانی دەسـەڵاتداری بـەتوانا و لێهـاتوو کردبـوو. بـەپێی ئەزموونـەکانی خۆشـم لـە باشووری ئەفریقیادا تاقەتی منیش لەوەیانـدا لـەو کـەمتر نـەبوو، بەڵام من ئـەو تاقەتم نـەبوو پـارە لـە دەسـەڵاتداران کۆبکەمـەوە، چـونکە ئەسـتەم بـوو بۆ ئـەو پەیکەرە بچم پارە لە ئەمیر و پاشاکان وەربگرم. هاووڵاتییانی بۆمبای پارەیەکی نۆریـان بەخشـیبوو، دەبوایـە پەیکەرەکـە رەنگدانـەوەی قوربانییـەکانی هـەموو نەتـەوەکان بێـت، بـەڵام بەداخـەوە لـەجیاتی ئـەوەی بەیەکـەوە لەسـەر بنچینەی

خۆشەویستی و دانوستان کۆببنەوە، شەڕی یەکیان دەکرد، میللەتەکەش دۆش دامابوو نەیدەزانی چۆن پارە کۆکراوەکە بۆ پڕۆژەکە خەرج بکات.

توانای دووەمم کە دەکرا حزب سوودم لێ وەربگرێت، دەسەڵاتی داڕشتنی یاساکان بوو. دەستوورەکەی حزب بنچینەکانی لەلایەن جوخلییەوە دانرابوو، من خۆشم لە جوخلییەوە گوێم لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو بنچینە ببوو، بەڵام دیارە کەوا ئێستا دەڵێن ئەوانە لەگەڵ کارە زۆرەکانی حزب ناگونجێت، ساڵانەش ئەو مەسەلەیە نوێ دەکرایەوە و هیچ چارەسەرییەکی بۆ نەدەدۆزرایەوە.

بەپێی بنچینەکان دەبوایە حزب سێ سکرتێری هەبێت. لەوانەش تەنها یەکێکیان کارکەر بوو، هەر خۆشی بۆ ئەو کارە دەستبەتاڵ نەبوو، ئیتر تاکەکەسێك چۆن دەتوانێت حزبەکە بەڕێوە ببات و نیگا لە ئایینده‌ش بکات، یان بەڵێنەکان جێبەجێ بکات و کارەکان راپەڕێنێت؟ بڕیاریش بوو چارەسەری زۆری نوێنەرەکان بکەن و چاو لە گۆڕانکارییەکان بکەن و ئەو بەرەڵلاییەی هەبوو نەمینێت. منیان دانا بۆ بەرپرسیاریەتی داڕشتنەوەی دەستوورێکی نوێ، بەڵام بەمەرجی بەشداربوونی بەڕێز لوکامانیا و بەڕێز دیشباندو وەك نوێنەرانی میللەت، بەڵام من داوام کرد، لەبەرئەوەی ئەوانە کاریان زۆرە بۆیە ناتوانن بەزۆری بەشداری بکەن، واباشترە ئەوانە نوێنەریان هەبێت، هەروەها پێشنیاریشم کرد لیژنەکە تەنها سێ ئەندام بێت، ئەوانەش ساڵانە کۆببنەوە و دانوستانەکانیان بەنامە بێت. پێشنیارەکەیان قبووڵ کرد، منیش ئێستا شانازی زۆر بەو دەستوورە دەکەم. بڕواشم وایە ئەگەر بەتەواوی پابەندیی بەو دەستوورە بکەن، تەنها بەو پابەندبوونە دەتوانین ئۆتۆتۆمی وەربگرین. بەرپرسیاریەتی من لەو کارەدا مانای ئەوە بوو کەوا من بەڕاستەقینەیی گەیشتبوومە ناو سیاسەتی حزب.

# پەیدابوونی خادی

من هێشتا نە تەشی و نە شیشی چنینم دیبوو کە لە کتێبەکەم ئۆتۆنۆمی بۆ هیند لە ساڵی ۱۹۰۸دا باسم لێوەیان کردبوو. من وامدەزانی کەوا ئەوانە لە برسییەتییەکان و نەهامەتییەکان دەربازمان دەکەن. کە لە ساڵی ۱۹۱٥ لە باشووری ئەفریقیاوە گەڕامەوە لە کاتی دامەزراندنی بارەگەی دەستەکەمان لە سابارماتی ژمارەیەك دەزگای دەستیمان دانابوو. کە ئەوەشمان کرد، هەستمان بەوە کردبوو کەوا هەموومان بەڕەچەڵەك سەر بەچینە بازرگانەکانین یان لە بازاڕی ئازاد گەورە بووین، واتە کەسمان پیشەوەر نەبووین، بۆیەش پێویستمان بەکەسێك هەبوو فێرە رستن و چنینمان بکات. بەزەحمەتییەکی زۆرەوە توانیمان لە بالانبور یەکێك بدۆزینەوە، بەڵام ئەویش زانیارییەکانی لە ئێمە زۆرتر نەبوو، بەڵام دیارە کەوا هیچ شتێك لەبن دەستی ماجنلال دەربازی نەدەبوو، لەبەرئەوەی ئەو بەخۆڕسك دەستی میکانیکی هەبوو، بۆیە بەخێرایی پیشەکە فێربوو، ئێمەش یەك لەدوای یەك فێربووین.

هەموومان دەمانویست پۆشاکێك بۆ خۆمان بچنین، ئیتر هەموومان فێربووین و جلمان بەداوی هیندییەوە ساز دەکرد. بەوەش باش لە رەوشی تەونگەر و چنینەرەکانیش تێگەیشتین. بۆ پەیداکردنی قوماشیش لەلای چنینەرە دەستییەکانیش ئاسان نەبوو، چونکە زۆربەی ئەو قوماشەی دەستدەکەوت داوەکانیان بێگانەیی بوون. پاش کۆششێکی زۆر توانیمان چەند تەونگەر و چنینەری بەتوانای خۆماڵیمان دەستکەوت، بەڵام مەرجیان هەبوو کەوا ئێمە هەموو بەرهەمەکانیان لێ بکڕین، بۆیەش خۆمان کردە وەکیلی چەند کارگەیەکی تەونگەر و چنینی هیندی و لەناو هاوڕێیەکانیشمان کڕیارمان بۆ پەیدا دەکرد. ئیتر بەو شێوەیە پەیوەندیی باشمان بەکارگەکانەوە کردبوو، بەوەش زانیاری زۆرمان لەسەر رەوشی ئەوان زانی و لە کێشە و ناڕەحەتییەکانیان تێگەیشتین، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کەوا کارگەکان دەبوایە

بەخۆیان داو بەرهەم بهێنن تا بەرهەمەکانیان بچنن و بدوورن. پاشان بۆمان روون دەبێتەوە کەوا پرۆسەکەمان داهاتی بۆ هەموو ولاتەکە پەیدا کردبوو.
دووبارە کێشەیەکمان بۆ پەیدابوو، کەسمان دەست نەدەکەوت فێرە رستنمان بکات. چەرخێکی تایبەتییمان لە بارەگەی دەستەکەمان دەسووڕاند بۆ چنینەکە، بەلام هیچ بیرۆکەیەکمان لەسەر بەکارهێنانی رستنەکان نەبوو. رۆژێکیان ژنێکمان بۆ ئەو مەبەستە دۆزییەوە، ئەندامێکی زیرەکمان رەوانەی لای ئەو ژنە کرد تا لەو پیشەیە فێر بێت، بەلام ئەویش نەیتوانی پیشەکە فێر بێت. پاش گەڕانێکی زۆر و پرسیاری بەردەوام کەسمان بۆ پەیدا نەبوو.
بەلام پاش گەڕانی بەردەوام لە ناوچەکانی جوجرات ژنێکی کارامەمان لەو پیشەیە دۆزییەوە. دیار بوو لەو ناوچەیەدا خەڵکێکی زۆر ئەو پیشەیان دەزانی، بەلام کاریان پێ نەدەکرد و کەرەستەکانیان هەڵگرتبوو، بەلام ئەو ژنە وتی ئەگەر داوی پەمۆم بۆ پەیدا بکەن، من دووبارە چنین دەکەمەوە. بەئازایەتی برادەران توانیمان کەرەستەکان دابین بکەین، ئیتر داوی چنیراومان زۆر دەسکەوت.
بیرمان لەوە کردەوە چیتر سوود لەو داوە پەمۆیانە وەرنەگرین کە لەو کارگەیە دەستمان دەکەوێت، چونکە جاران خۆ کارگەی تایبەتی بۆ ئەو بەرهەمە نەبوو، دەبێ بەدەستی کرابێت، بۆیە ژنێکمان دۆزییەوە لۆکەمان بۆ پەرە بکات و پەمۆمان بۆ بەرهەم بهێنێت، ئەگەرچی کرێی ژنەکەش زۆر بوو، بەلام فێربوونی پیشەکە بەو پارەیە زۆر نەبوو، بۆیە بڕیارمان دا چەند گەنجێك فێربکەین داومان لەو پەمۆیە بۆ ساز بکەن. ئیتر ئیشەکە گەشەی کرد و پیشەسازی خادی پەیدابوو.
بەرهەمی دەستەکەمان پەیدابوو، لەگەڵ ئەوەش برادەران دەستکاری کەرەستەکانیان دەکرد و گەشەیان دەکرد و بەرهەمەکەی زۆرتر و باشتر دەبوو، تا قوماشی خادییمان زۆرتر بوو. توانرا یەك پارچە قوماشی دروستکراو بە١٧ عانە بفرۆشین.
من لە بۆمبای نەخۆش بووم، لەناو جێگەدا بووم، کە زانیم ئەو دوو ژنەی تەشییەکانمان بۆ دەڕێسن پارەی زۆرترمان لێ وەردەگرن. داوام کرد لە

ژوورەکەی خۆم چەرخی رستنەکە دابنێن و برادەران خۆیان ئەوە بکەن و چیتر فیلمان لێ نەکەن. بڕوابکەن لەگەڵ دەنگی سووڕانی چەرخەکە من لە نەخۆشییەکە چاك بوومەوە، بەڵام خۆم تاقەتم بەسووڕانەکە نەدەشکا، کەچی دڵم پێ خۆش بوو.
هەر لە بۆمبای رۆژێکیان گوێم لێ بوو هاوسێیەکمان لە ماڵەکەی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی دۆشەکی ماڵەکەی پەمۆ پەڕە دەکات. کابرام بانگ کرد تا ئەوەش بۆ ئێمە بکات. ئەویش پەمۆی بۆ سازکردین تا داوی لێ دروست بکەین. هەر بۆ فێرکردنی ئەو پیشەیە مەشقمان بەخەڵکەکانی خۆمان دەکرد، بەوەش پارەیەکی باشمان خەرج دەکرد، بەڵام خەڵکە باشەکان پارەکانیان بۆ دەداین، بەوەش توانیمان شارەزاییەکی باش لە سازکردن و رستن و چنین پەیدا بکەین.
بزاڤی خادی، کە ناوی بزاڤی خۆگونجاندنیش بوو سەدایەکی زۆری پەیدا کردبوو، بۆیەش خاوەن کارگەکان رەخنەی زۆریان لەو بەرهەمانە هەبوو. هەر لە سەرەتاوە دژایەتییان دەکردین، بەڵام هاوڕێیەکەمان عومەر سوبانی کە زۆر هاوکاری کردبووین ئەویش خاوەن کارگە بوو، ئەو شارەزایی و ئەزموونی زۆری بەئێمە بەخشیبوو، لەگەڵ هاوکارییەکانییدا بەردەوامیش لە رامانی خاوەن کارگەکان ئاگاداری دەکردینەوە. ئەو وتی یەکێك لەوانە حەز دەکات دیمانەتان بکات، منیش زوو قبووڵم کرد. دیمانەکەی رێکخست، خاوەن کارگەکە هات و بەیەکەوە دانیشتین و ئەو وتی:
ـدەزانی لە ماوەی رابردوو بزاڤێك بەناوی خۆگونجاندن هەبوو؟
ـبەڵێ دەزانم.
ـئایا دەزانی لەو دەمانەی کە سنوورەکان دەکێشران خاوەن کارگەکانی بزاڤی خۆگونجاندن ئیستغلالی زۆریان دەکرد؟ کە بزاڤەکە لەوپەڕی جۆشدا بوو ئێمە نرخی قوماشمان بەرز دەکردەوە و کردەوەی لەوەش خراپترمان دەکرد؟
ـبەڵێ گوێم لە هەندێ لەو زانیارانە دەبوو، زۆریش دڵم پێیان توند دەبوو.
ـستایشی خەمگینییەکەت دەگرین، بەڵام هۆکارێك بۆ خەمبارییەکەت نەبوو. ئێمە بەمەرجی مرۆڤایەتییەوە کارەکانمان ناکەین، ئێمە ئیش دەکەین تا زۆرترین قازانج بکەین و خاوەن پشکەکانیش رازی بکەین. چونکە نرخی

هەموو کاڵایەك بەگوێرەی داواکردنەکەیە. کێ دەتوانێت یاسای نمایش و داواکردن هەڵوەشێنێتەوە؟ دەکرا بنگالییەکان لەکاتی شۆڕشەکەیان بزانن کەوا بەرزکردنەوەی نرخی قوماشەکانی خۆگونجاندن لە ئەنجامی ڕەواجە زۆرەکەی بوو.
من قسەکانم بەکابرا بڕی و وتم: بنگالییەکانیش لە سەرەتای بوونیانەوە بڕوایان بەخەڵکی دەکرد. بەهەموو باوەڕەوە بڕوایان وابوو کەوا خاوەن کارگەکان لەو دەرفەتەدا ناکرێ ئەوەندە خۆپەرست بن و لەجیاتی بەشدارکردنی قوماشی بزاڤی خۆگونجاندان قوماشی بێگانە دابەش بکەن.
ئەویش لە وەڵامدا وتی: من دەزانم تۆ خۆشباوەڕی، بۆیە داوام کرد، تۆ ئەو ئەرکە بکێشیت و ماندوو بیت و بۆ دیمانەکەم ئامادە بیت، تا ئاگادارت بکەمەوە تۆش وەك بنگالییەکان سادە و نەفام نەبیت هەڵەکانی ئەوان دووبارە بکەیتەوە.
خاوەن کارگەکە نموونەی دروستکراوی کارگەکەی خۆی نیشاندام، کە چ جۆرە بەرهەمی باشیان هەیە و کاڵاکەیان دەگاتە هەموو گۆشەیەکی وڵات هەر لە باکوورەوە هەتا دۆڵەکانی چیای همالایا. بەرهەمیشیان زۆرە و بەشی پێداویستییەکانیش دەکات و چیتر پێویستیان بەهێنانی قوماشی دەرەوە نابێت. لەڕووی کوالێتیش باشە و نرخەکەشی گونجاوە.
ئینجا کابرا وتی: بۆیە تکا دەکەم واز لە شۆڕشەکەی جارانت بهێنە و بەرنامەکەت بگۆڕە، لەجیاتی ئەوانە بەرنامەڕێژی بکە کارگەی گەورە دامەزرێت، کە بەرهەمی زۆرتر بێنێت.
منیش پرسیم: کەواتە تۆ تەقدیری کۆششەکەمان دەگریت، ئەگەر هاوبەشمان بکەیت؟
ئەویش بەسەرسامییەوە پرسی: ئینجا ئەوەیان چۆن دەکەیت؟ ئیش بۆ ئەوە دەکەن کارگەی نوێ دروست بکرێت، دیارە منیش پیرۆزبایت لێ دەکەم.
منیش بۆم ڕوونکردەوە و وتم: دروست ئەوە ناکەم، بەڵام کۆشش دەکەین پیشەی ڕستنەکە نوێ بکەینەوە و بەردەوام بێت.

ئەو بەسەرسامییەوە پرسی: مەبەستت چییە؟ منیش چیرۆکی رستن و کۆششەکەم بۆ گێڕایەوەو ئینجا وتم: من باش دەزانم ئەگەر نەبینە وەکیلی کارگەکان سوودی نابێت. ئەوەش زیانی لە سوودی وڵات زۆرترە. چونکە کارگەکانمان هەتا ماوەیەکی درێژ بازاڕیان ناوێت. بۆیە من دەبێ لە کاری رێکخستنی رستنی دەستی بەردەوام بین، شێوەیەکیش بدۆزینەوە بۆ دۆزینەوەی بازاڕێك بۆ خەرجکردنی قوماشە خادییەکەمان. بۆیەش من بایەخ دەدەم بەبەرهەمهێنانی خادی. من بڕوای زۆرم بەو بەرهەمە خۆگونجاندنە هەیە، بەوەش من کار بۆ ژنانی هیندی برسی دەدۆزمەوە، کە ئیشەکانیان کەم و دەگمەنە. من دەمویست میللەتی هیندی سوود لەو داوە وەربگرن کە ژنان دەیرێسن و دەبێتە خادییەکە. نازانم ئەو بزاڤەی من چەند سەردەکەوێت، کە بزاڤەکە وا لە سەرەتای رێگادایە. ئینجا من بڕوای تەواویشم بەو بزاڤە هەیە. بەڵام دەرئەنجام ئەو بزاڤە زیانێك نابەخشێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بزاڤەکە قازانجێکی نەگۆڕی بەبەرهەمهێنانی قوماش لەو وڵاتەدا هەیە، بەڵام بەرهەمەکەش کەمە. کەواتە بزاڤەکەمان بێ هەڵە و چەواشە نییە، وەك تۆ باسی دەکەیت.

ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەگەر مەبەستت ئەوەیە بزاڤەکەتان بەرهەمێکی تر و زۆرتر پەیدا بکات، من رێگریت ناکەم، بەڵام تەشیکارییەکانتان بتوانن لە سەردەمی گەشەی ئامێرە میکانیکییەکاندا سەربکەون. ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە، بەهەرحاڵ داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

## هەڵکشانی زۆرتر

دووبـارە دەگەڕێمـەوە سـەر باسـکردنی بابـەتی بزاڤـی یارمـەتی نەکردنەکـە. لەولاشەوە بزاڤی بەرقراربوونی خەلافەتەکە کە لەلایـەن هـەردوو براکە پەیڕەو دەکرا گەرم بوو. من لەگەڵ کۆچکردوو مولانا عەبدلباری و چەندین زانای تری ئیسلامی دانوستانم دەکرد، بەتایبەتی قسەمان لەسەر پابەندبوونی موسڵمانان بەسیاسـەتی ناتوندوتیـژی دەکـرد. دەرئـەنجام گەیشـتینە ئـەو بڕوایـەی کـەوا ئاییـنی ئیسلام دژی ناتوندوتیـژی نـەبووە. کە ئـەوان پـەیمانیان داوە پـەیڕەوی ئەو سیاسەتە بکەن و بەو پەیمانەش پابەند دەبن. پاش دانوسـتانێکی زۆر لە کۆنگرەی بزاڤی خەلافەتدا بڕیاری یارمەتی نەکردنەکە پەسەند کرا. کۆچکردوو حەکیم سهیب گومانی هەبوو لەوەی کە چەند دەکرێ ئەو بەرنامەیە بێتە واری جێبەجێکردنـەوە، بـەڵام دوایـی گومانەکـەی نامینێـت، بۆیـەش بـەدڵ و بـەگیان پشتیوانی بزاڤەکەی دەکرد و یارمەتی بەرچاویشی پێشکەش کردبوو.

پاش ماوەیـەکی کـەم لـە جـوجرات کـۆنگرەی سیاسـی بەسـترا، لـەوێ بڕیـاری یارمەتی نەکردنەکەم پێشکەش کرد. ناڕەزایی یەکەم لەسەر بڕیارەکە لەلایەن ئۆپۆزسیونەوە ئەوەبوو، ئەوان دەیانوت دەبێ ئەو بڕیارە لە کۆنگرەی حزبەوە بڕیاری لێ وەربگرێت، ئەوە کاری کۆنگرەی لۆکالی نییە. منیش وتم، ئەوەیان لەسەر بزاڤێکی دواخراو دەبێت، چونکە بزاڤەکەی ئێمە بەرەو پێشەوە دەڕوات و گەشەی کردووە، دیارە کەوا کۆبوونەوە لۆکالییەکان نەک دەسەڵاتی ئەو جۆرە بڕیارانـەیان هەیـە و بـەس، بـەڵکو بەهـەموو جـۆش و بـڕواش ئـەوەیان ئـەرکی سەرشـانیانە. بۆیـەش بـۆ پێشـهاتی وا پێویسـت ناکـات پـرس بەسەرچـاوەی سـەرووی خۆمانـەوە بکـەین، ئەگـەر ئـەوەیان بەبەرپرسـیاریەتی تایبەتییشـەوە

کرابێت. دانوستانەکە بەعەقڵانیەتێکی نەرم و خۆشەوە کرا و دەنگی ڕەزامەندی وەرگرت.

لیژنەی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی هیندی کە کۆبوونەوەی تایبەتی خۆی لە سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠ بەست، بڕیار درا دانوستان لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەران و میوانەکان لە کلکتادا ئامادەبوون.

لەسەر داوای مولانا شوکت عەلی هەر لەناو ترێنەکە دانوستانمان لەسەر بزاڤی یامەرتینەدانەکە کرد. من لەو دەمانە وشەی ناتوندوتیژییم کەم لە نووسینەکانم بەکاردەهێنا، بەڵام لە وتارەکانم کە پێشکەشم دەکرد ئەو وشەیەم زۆر بەکاردەهێنا، بۆیەش لە وشەیەك دەگەڕام موسڵمانەکانیش تێبگەن. پرسم بەمولانا ئەبیکلام ئازادیش کرد، ئەو وشەیەکی بۆ دۆزیمەوە.

دەمویست بەزمانەکانی هیندی و جوجراتی و ئوردی وشەیەك بۆ مانای یارمەتینەدانەکە بدۆزمەوە. داوایان لە من کرد لەسەر ئەو بزاڤە و بۆ ئەو کۆبوونەوەیە گرینگە من نامەیەك بنووسم، لە پڕۆژە ئەسڵییەکەدا وشەی ناتوندوتیژییەکەم لابرد، بڕیارەکەم دا بەمولانا شوکت عەلی، ئەویش لە هەمان فارگۆن لەگەڵماندابوو، بەبێ ئەوەی هەست بکەم کەوا من ئەو وشەم لاداوە. پاشان ئێوارەکەی هەستم بەو هەڵەیە کردبوو. بەیانی داوام کرد ئەو هەڵەیەم بۆ چاك بکەنەوە.

من لە بڕیارەکەدا داوام کردبوو خەڵکی بنجاب قەرەبوو بکرێنەوە و دانوستانیش لەسەر کێشەی خەلافەتەکە بکەن. بەڵام بەڕێز فیجایاراجافاشاری لەسەر بڕیارەکەم ڕەخنەی هەبوو، ئەو دەیویست بزاڤەکە تەنها جەخت لەسەر یارمەتینەکردنەکە نەکات، بەڵکو نەمانی زۆردار و سەربەخۆییەکەش ئامانجی بێت. ئینجا بەڕێز موتیلالیش هاوسۆزی سەربەخۆییەکە بوو، منیش بەشادومانییەوە پێشنیارەکەم قبووڵ کرد و سەربەخۆییەکەم هاویشتە پاڵ

داوای بزاڤەکە و پاش دانوستانێکی زەحمەت و بەجۆش و توندیش ڕەزامەندی وەرگیرا.
موتیلال لە بەشداربووە یەکەمەکانی بزاڤەکەمان بوو، هێشتا دانوستانەکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە لەبیرە کە بەخۆشییەوە قسەمان لەسەر بڕیارەکە دەکرد. ئەو چەند وشەیەکی گۆڕی، بەڵام کەسانی تر پاش کۆبوونەوەکەی حزب لە شاری ناجبوردا دانیان بەبزاڤەکەمان دانا.
کۆچکردوو لوکامانیا لەوەیان دوودڵ بوو، دڵنیام ئەگەر لە ژیاندا مابوایە پشتیوانی بزاڤەکەی دەکردین. کە بەتەلەفۆن وتیان ئەو مرد، من لەبەرخۆمەوە وتم قەڵاتەکە خۆڕاگرەکەم نەما. ئەو دەمانە بزاڤەکەمان لە گەرمەی کارکردن بوو، ئەگەر ئەو لە ژیاندا بوایە پشتیوانی زۆری دەکردین، ئەگەرچی ئەو زۆریش بەمەزندە و ئەگەریی بوو، ئەوەش سوودی بەبزاڤەکەمان نەدەگەیاند. بەڵام مردنەکەی ئەو ئەرکی سەرشانی هەمووومانی لە کلکتادا قورستر کرد، هەستم دەکرد بێ ئامۆژگارییەکانی ئەو، ڕەنگە وڵاتەکەمان سەردەمێکی ناخۆش بەڕێ بکات.

## لە ناجبوردا

وەك چۆن لە کلکتادا حزب بڕیارەکەی پەسەند کردبوو، دەبوایە لە دانیشتنی ساڵانەی حزب لە ناجبوریش پەسەندی بکات. نزیکەی چواردە هەزار ئەندام ئامادەی ئەو کۆنگرەیە ببوون، لەوێ چەند بڕگەیەکیان دەستکاری کرد، وەك دەرکردنی داخستنی قوتابخانەکان لەو بایکۆتەدا. ئینجا بڕیارەکە پەسەندکرا. بڕیاربوو لەو دانیشتنەدا مەسەلەی هەموارکردنی دەستووری حزب دانوستانی لەسەر بکەن، لەوێ ڕەشنووسەکەی لیژنەی داڕشتنەوەکەیان پەسەند کرد، بەڵام بڕگەی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەیان لە ١٥٠٠ ئەندام کرد بە٦٠٠٠ ئەندام، وادەزانم ئەو بڕیارەش ڕاست نەبوو. دیارە کەوا ئامادەبوونی ١٥٠٠ ئەندامی کارامە باشترە لە دانانی ٦٠٠٠ ئەندام کە بەشێوەی ڕەمەکی و دوور لە پرنسیپیەکان، کە هەرگیز ناکرێ بڕیاری دروستیان پێ وەربگرێت. ئەوان وایاندەزانی زۆربوونی ژمارەی نوێنەرە بنچینەکانی دیموکراسی پتەوتر دەکات و ئەوانە دەبنە قەڵایەکی خۆڕاگری دیموکراسییەکە. بەڵام دەبێ ئێمە هەست بەوە بکەین کەوا ئەگەر میللەت هەستی بەسەربەخۆیی و یەکێتی و بەرپرسیاریەتی کرد، ئێمە گرەوی دیموکراسیەتمان بردۆتەوە، دەبێ خەڵکیش زیرەك بن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان کە ڕاستگۆیی و چاکسازییان پێوە دیار بێت.

یەکێك لەو بابەتانەی دانوستانی زۆری لەسەر کرا، ئامانجی حزب بوو، لە دەستووردا نووسراوە کەوا حزب کۆشش دەکات ئۆتۆنۆمی لەژێر حوکمی ئیمپراتۆرییەتی بریتانی ئەگەر گونجا دەستەبەر بکات، ئەگەر پێویستیش

بکات لە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەت. هەندێکیان وتیان با سەربەخۆیی بێت و لەژێر حکومی ئیمپراتۆرییەت بێت. بەڕێز مالفیا و بەڕێز جناح رامانی خۆیان ئاشکرا کرد، بەڵام نەیانتوانی زۆرینەی دەنگ وەربگرن. دەقی پرۆژەی دەستوورەکە کە من پێشنیارم کردبوو، کەوا دەستەبەرکردنی وەرگرتنی ئەو سەربەخۆییە با بەئاشتی و کایەی گونجاو و یاسایی بێت. دەستوورەکە نارەزایی لەسەر هەبوو، لایەنی ئۆپۆزسیونەکە دەیانوت: ناکرێ خەباتی سەربەخۆییەکە سنووردار بێت. دەرئەنجام پاش دانوستانێکی زۆر، حزب بڕیاری لەسەر دەستوورەکە دا. من بڕوا دەکەم ئەگەر میللەت بەڕاستگۆیی و زانین و بەجۆشەوە بەدەستوورەکە پابەند دەبوون، کە هۆیەك بوو بۆ رۆشنبیرکردنی میللەتەکە، یان پابەندبوون بەدەستوورەکە زامنی سەربەخۆییەکە دەبوو. دیارە کەوا لێرە بوار نییە قسە لەو بابەتە بکەین.

هەر لەو دانیشتنەدا قسە لەسەر یەکێتی موسڵمان و هیندۆس و قەلاچۆکردنی نەفرەتکردن و قوماشی خادییش کرا. لەو رۆژەوە ئەندامانی حزب کۆششکار بوون هیندۆسییەت لە نەفرەتەکە دەرباز بکەن و لەعنەتی نەفرەتیش بکەن. حزبیش پەیوەندی چالاکی لەگەڵ چینە نەفرەتلێکراوەکانی هیندی بەڕێگای قوماشی خادییەوە توندوتۆڵ دەکرد. هەروەها بزاڤی یارمەتی نەکردنەکە پشتیوانی لە بزاڤی خەلافەتەکە دەکرد، ئەوەش پلانی حزب بوو بۆ یەکێتی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان.

## ماڵئاوا

ئێستاش کاتی کۆتایی هاتنی بەشەکان هاتووە.
ئیتر لەو رۆژەوە، ژیانی من بوویتە کایەکی زۆر گشتی، تا رادەی ئەوەی من هیچ زانیارییەکم نییە لە خەڵکی بشارمەوە. سەرەڕای ئەوەش، من لە ساڵی ١٩٢١ەوە لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو حزبە کارم کردووە و بڕواش ناکەم لە ژیانمدا لە هیچ بوارێکدا ئاماژەم بەنەبوونی پەیوەندییەکان کردبێت. ئەگەرچی سەرکردەکان شرادانانند جی و دیباندو و حەکیم سهیب و لالا جییش مردن، بەڵام بەوە بەختیارین کەوا بەردەوام لەگەڵ سەرکردەی کارامە و بەئەزموون دەژین و کار دەکەین. ئیتر لەو دەمانەی گۆڕانە مەزنەکانمان لەناو حزبدا کرد و هەتا ئێستاش گەشە دەکات. لەو حەوت ساڵەی رابردوو لە مەیدانی ئەو حزبەدا ئەزموونی زۆر سەرەکییم دیوە. ئەگەر گێڕانەوەی چیرۆکی ئەزموونەکانم بەردەوام بوو، ناچارم ئاماژە بەپەیوەندییەکانم بەو سەرکردانەش بکەم، کە ئێستا ئەوەم پێ ناکرێت. هەتا ئەگەر لەبەر رەوشە تایبەتییەکەی خۆشم بێت. هەموو دەرئەنجامەکانی کە لە ئەزموونەکانمدا چەسپاون، دەرئەنجامی کۆنکریتین. بۆیە ئەوە بەڕاست دەزانم کەوا لەوەندە چیرۆکی گەشتی گەڕانم لە راستەقینەیی کۆتایی پێ بهێنم. لەڕاستییشدا قەڵەمەکەم ناتوانێت چیتر لەخۆیەوە بەردەوام بێت لە نووسیندا.
من بەداخەوە کە ناچارم لە خوێنەرەکانم دابڕێم. کەوا من جەختم لەسەر گرینگی ئەزموونەکانم کردووە، بەڵام نازانم نمایشەکە لەڕووی دروستییەوە حەقی خۆی پێدراوە یان نا. ئەوەی ماوە دەڵێم: من کۆششی زۆرم کرد تا چیرۆکی ژیانی خۆم وەک چۆن لە واقیع رووی داوە بگێڕمەوە. شێوە و

پێناسەی راستەقینەییەکەش خەمی گەورەی من بووە لەو نووسینەدا. ئەوەش هزرێکی بێگەردی پێ بەخشیووم، چونکە ئەوەی کە بەپەرۆشییەوە داوای دەکەم لە گێڕانەوەی ئەو ئەزموونانە ئەوەیە کەوا ئەوانەی دوودڵ و ڕاڕایین، بەرەو باوەڕیی بەراستەقینەیی و ئاهیمسا بچن.

لە ئەزموونە پتەوەکانمدا بڕوام بەتاکی خودا هەبووە. ئەگەر خوێنەرەکانم لە خوێندنەوەی بەشەکانی ئەو نووسینەدا درک بەڕاستەقینەیی نەکەن ئەویش ئاهیمسایە، کەواتە من ئەرکەکەم هیچ سوودێکی نەبووە. ئەگەر من لەوەیاندا سەرنەکەوتبم بۆ گەیشتن بەئامانجەکەم، واباشە خوێنەرەکانم هەست بەوە بکەن کەوا هەڵەکە لە دەربڕینی هەڵوێستەکەیە نەک لە هەڵوێستە مەزنەکە. هەرچەند من کۆششم کردبێت بۆ گەیشتن بەئاهیمسا راستەقینەکە، بەڵام هێشتا کەماسی هەر ماوە و گونجاو نییە. ئەو تیرۆژە گچکانەی رووناکی کە من توانیومە لە پرشنگی راستەقینەییدا کە لەسەرووی هەموو پێناسەکاندایە و ملیۆن جاریش لەسەرووی پرشنگی خۆریشە کە رۆژانە دەیبینین. لەڕاستییدا من تەنها لەو راستەقینەییە مەزنەدا یەک چەپکی کزیم دەستکەوتووە. بەڵام دەرئەنجامی چەندین ئەزموونی خۆم دەڵێم: ناکرێ بگەیتە هەستکردنی تەواو بەڕاستەقینەیی هەتا تەواو درک بەئاهیمسا نەکەیت.

تا باش بگەیتە رۆحی راستەقینەییی باوی ئەو دونیایە کە رووبەڕوو گەیشتووتە هەموو کون و کەلەبەرەکانی، دەبێ مرۆڤ وەک چۆن خۆی خۆشدەوێت هەموو بوونەوەرەکانیشی خۆش بوێت. ناکرێ بگەیتە ئەو راستەقینەییە ئەگەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان فەرامۆش بکەیت. بۆیەش کۆششم بۆ راستەقینەیی منی بەرەو سیاسەت برد. بەبێ دوودڵییەوە دەتوانم بەڕوونییەوە بڵێم: ئەوانەی دەڵێن کەوا پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت نییە، مانای راستی ئایین نازانن.

ناکرێ تا خودی خۆت پاک نەکەیتەوە، هەست بەیەکبوونی هەموو گیانلەبەرەکان ناکەیت. هەتا خۆت پاک نەکەیتەوە پابەندبوون بەئاهیمساش خەونێکی ساختەیە، بۆیەش خوداش درک بەکەسانی دڵپیس ناکات.

پاککردنەوەی خود، واتە پاکبوونەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیان. لەبەرئەوەی پاکبوونەوە زوو لەنێوان خەڵکەکە دەگوازرێتەوە، بۆیە پاکبوونەوەی تاکەکان واتە پاکبوونەوەی هەموو دەوروبەرەکەت.

بەڵام بواری گەیشتن بەپاکبوونەوەی خود رێگاکەی سەخت و هەڵدێرە. بۆ گەیشتن بەپاکبوونەوەی تەواو، دەبێ هەموو کەس سۆز لە هزر و قسە و کارەکانی دابشۆرێت، لە رەوتە نەیارەکانیش و لە دووری و نزیکی و خۆشەویستی و قینەکانیان ببوورێت. من دەزانم پاش ئەو هەموو کۆششە هێشتا نەگەیشتوومە سێ لایەنەکەی پاکبوون، لە هزر و قسە و کاردا، بۆیە پەسنی هەموو دونیا کارم لێ ناکات، بەڵکو ئازاریشم دەدات. من وادەزانم کەوا توانەوەی شەهوەتەکانی نەفس زۆر زەحمەترە لە پەلاماری مادی بۆ جیهان بەزەبری چەك. لەوەتی گەڕاومەتەوە هیند، ئەزموونی تژی بەسۆزە دامرکاوەکان لەناخمدا رووبەڕووم دەبێتەوە. لەبەرئەوەی من بەڕوویان دا نەشکاوم، بۆیە هەست بەزەلیلی دەکەم، ئەزموون و کارەکانم منی توند کردووە، هەروەها شادومانیشی کردووم. بەڵام من دەزانم بواری زۆرم لەبەردەم ماوە کە دەبێ بیبڕم. دەبێ نەفسی خۆم زۆر کەم بکەمەوە و کەمتر لە هەموو شتێك. هەتا بەئارەزووی خۆتەوە خۆت ون نەکەیت و نەچیتە دوا پلەی هەموو مەخلووقەکانەوە دەربازت نابێت. ئاهیمسا بەرجەستەبوونی بالای هەموو سنوورەکانی سادەییە.

ماڵئاوایی لە خوێنەرەکان دەکەم، هەر هیچ نا ئێستا. داواکارم لەگەڵ من بەیەکەوە دوعا بۆ خودای راستەقینەیی بکەین تا بەخشندەمان بکات بەنیعمەتی ئاهیمسا لە هزر و کار و قسەکردندا.

## پەراوێزەکان

١- بانیا: چینی سێیەمی کۆمەڵگەی کۆمەڵایەتی هیندۆسە کۆنەکانە، چینی براهمە یەکەم و کشاتریە، واتە حاکمەکان و سەربازەکان لەدوایی ئەوان دێت.

٢- جیتا: بەشی ٢٣ هەتا ٤٩ی داستانی مابهارتایە، کە فەلسەفەی کریشنا و راهێنانەکانی تێدایە.

٣- بایس و بایە و عانە: پارەی کۆنی هیندیین.

٤- جاینە: ئەوە دەگەڕێتەوە سەر جاین داهارما، ئەوەش ئایین و فەلسەفەیەکە بەر لە مێژوو لە باشووری ئاسیادا هەبووە.

٥- راماناما: کتێبێکی موقەدەسی سەلاواتەکانە.

٦- بارسییەکان: ئەو هیندیانەن کە زەردەشتین.

٧- بیورتانی: بزاڤێکی کریستیانی بوو، توندکار و توندڕەو بوون، لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە لە بریتانیادا باوبوو.

٨- دهوتی: سوخمەی ئاسایی پیاوی هیندییە، بەشی سەرووی جەستەی مرۆڤ دەگرێت.

٩- خۆشووشتن: ئەوەیان سرووتێکی ئاسایی هیندۆسەکانە، لە کاتی نوێژکردن یان مردنی کەسێك دەکرێت، دەبێ خۆشووشتنەکە لە ئاوی رۆیشتوو بێت باشترە.

١٠- ملوانەکە پیرۆزەکە: کە منداڵ دەستی بەخوێندن دەکرد ئەو ملوانەکەیەی لە مل دەکرا، ئەوەی لە ملی کردبوایە دەبوایە کەسێکی پاك بێت بەقسە و کردەوە و هزر.

١١- تایفەیەی میمان: تیرەیەکی هیندوئارین، باوەڕداری حەنەفین، رەنگە ئەو وشەیە لە وشەی مؤمن_ی عەرەبییەکەوە هاتبێت کە مانای ئیماندارە.

١٢- بریتوریا: شارێکە دەکەوێتە بەشی باکووری هەرێمی جوتنجی باشووری ئەفریقیا، یەکێك لە سێ پایتەختەکەی ئیدارەکانی ئەو وڵاتەیە.

١٣- قولی: نازناوێك بوو لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم بەکرێکارەکانی ئاسیایی دەگوترا.

١٤- سامی: وشەیەکە سپیپێستەکان بۆ ناشیرینکردنی رەشەکان بەکاریان دەهێنا.

١٥- ساتیاجراها: مەبەستە لە خەباتی ئاشتیانە کە غاندنی پێشەوایەتی دەکرد.
١٦- جوخلی: واتە جوبال کریشنا جوخلی(١٨٦٦_١٩١٥) ئەو یەکێك بوو لە مامۆستاکانی غاندنی و یەکێك بوو لە سیاسەتمەدارە گەورەکانی هیند.
١٧- نەفرەتلێکراوەکان: چینی پێنجەمی کۆمەڵگەی هیندی بوون، کە پیشە کەمەکانیان دەکرد، وەك پاککردنەوەی و فرێدانی ئاژەڵی تۆپیوو.
١٨- ساری: جلی ئاسایی ژنانەی خەڵکی نیمچە دوورگەی هیندییە.
١٩- کوون: دکتۆرێکی ئەڵمانی بوو، زانای چارەسەریی نەخۆشییەکانی بەئاو بوو.
٢٠- یاسای رۆلات: بریتانییەکان ئەو یاسایەیان لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا بۆ توندکردنی باری ئاوارتەیی دانابوو.
٢١- ئاکر: رووبەری ٤٨٤٠ یاردەی چوارگۆشەیە، کەواتە چوار هەزار مەتر چوار گۆشە.
٢٢- ئایکیداشی: رۆژی یازدەی پاش تەواوبوونی مانگ، یان دەرکەوتنی مانگی نوێیە، لەو ئاهەنگەدا لە گەنم و دانەوێڵەکان تێدا بەرۆژوو دەبن.
٢٣- ئاخوو: شاعیری سەدەکانی ناوەڕاستی هیندییەکانە و شیعری گاڵتەئامێزی وتووە.
٢٤- شانتینیکیتان ئاشرام: ئەو قوتابخانەیە بوو کە تاغووری شاعیر دایمەزراندبوو، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩١٣ خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت، دەیکاتە زانکۆ.
٢٥- بزاڤی خەلافەت: بزاڤێکی سیاسیی بوو موسڵمانەکانی باشووری ئاسیا بۆ پاراستنی خەلافەتی عوسمانی و سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی لەپاش جەنگی یەکەمیی جیهاندا بەڕووی بریتانییەکان چالاکییان دەکرد.

## سی ڤی شێرزاد هەینی

لە ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر لەدایکبووم. بەشی ڕووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و، هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێر بووم. شەش منداڵم هەیە، پێنجیان لە خوێندنی زانکۆ قۆناخی باشیان بڕیوە، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.

### چاپکراوەکانم ...

١- لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی (هەولێر)م ئامادەو چاپ کرد.
٢- هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤دا، ١٢ ژمارەی ڕۆژنامەی (هەولێر)م دەرکرد.
٣- کەلاوە... ١٩٩١ ڕیپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
٤- دیوەخانی فلێن... ڕۆژانەیە، لە ١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی بڵاوکرایەوە.
٥- هەولێر... تا دبلن...... ٢٠٠٠ ڕیپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
٦- بەغدا... بۆ هەولێر!...... ٢٠٠٠ ڕیپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
٧- مەملەکەتی فارگۆنەکان...... ٢٠٠١ ڕیپۆرتاژ، سلێمانی.
٨- کاکە، ئەبوئیسماعیل... ٢٠٠١ ، سلێمانی.
٩- بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ٢٠٠١ ، ڕۆمانی گابریل مارکیز.
١٠- ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان، دەزگای موکریانی.
١١- سارد، یان گەرم (١٢) ڕیپۆرتاژبوو، لە ڕۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی .
١٢- فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لە هەولێر ٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە.
١٣- مەملەکەتی کەلاوە، وەك نامیلکە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.
١٤- کۆریا ، پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر ٢٠٠٧.

١٥– هولۆکۆست... وەرگێڕان ... سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.

١٦– دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

١٧– مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی ١ سەنتەری مەسەلە هەولێر ٢٠٠٨.

١٨– بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، روایال، سارکۆزی ... و: خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨.

١٩– سێکس و پۆلیتیك، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: سەردەم ٢٠٠٨.

٢٠– تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن.. دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما ٢٠٠٨.

٢١– 955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە ... دەزگای نما ٢٠٠٨.

٢٢– دۆلار لە ئەمریکادا، دوو بابەتی ئابووریيە....و: دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

٢٣– مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٤– من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٩.

٢٥– مۆساد.. وەرگێڕان.. لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ١و ٢ هەولێر ٢٠٠٩، ٢٠١٠.

٢٦– دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ .. لە بڵاوکراوەکانی ئاودێر هەولێر ٢٠٠٩.

٢٧– ترێنە خێرایەکەی خۆرهەڵات ... وەرگێڕان دەزگای موکریانی ٢٠٠٩.

٢٨– نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە ... وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩.

٢٩– کاکە ئەبوخەلیل ... بەسەرهات ... رەخنەی چاودێر سلێمانی ٢٠٠٩.

٣٠– برادەرە جوانەکە، رەشیدە داتی ... دەزگای ئاراس وەرگێڕان ٢٠٠٩.

٣١– سارا پالین ... ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان .. وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١٠.

٣٢– دەسەڵات و نەخۆشی ... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠.

٣٣– سیاسەتی دڵ ... وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١٠.

٣٤– جیهان لە دیدی کۆشنێر ... وەرگێڕان دەزگای نما ٢٠١٠.

٣٥– سیڤییەکان ١... وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە ٢٠٠٢ _ ٢٠٠٩.

٣٦– گەشتێك بەرەو ئەوروپای نوێ ... دەزگای ئاراس، وەرگێڕان ٢٠١٠.

٣٧- حیکایەتەکانی غەدر و خوێن ... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠.

٣٨- چیرۆکێك لە خۆشەویستی و تاریکی، وەرگێڕان، ئاودێر. ٢٠١١ هەولێر.

٣٩- کازیوە ژنەکەی ناو فەیسبوك، نۆڤلێت، نما هەولێر ٢٠١١.

٤٠- ئەستێرە سەرگەردانەکە... ڕۆمان وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١.

٤١- سیڤییەکان ٢ کۆمەڵە بابەتو دیمانەیە، هەولێر ٢٠١١.

٤٢- توونتونوانەکە .. ڕۆمان وەرگێڕان، ئاوێر هەولێر ٢٠١١.

٤٣- مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس ٢٠١١.

٤٤- ئیسکێپ (دەربازبوون) ، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس ٢٠١١.

## ئامادەی چاپە:

١- دەسەڵاتی دوو ژن ... ئەنجیلا مێرکل و ئیلیزابێتی شاژن ٢٠٠٧ _٢٠٠٨.

٢- پایزە ساڵ ... تۆماری ڕووداوەکان ... ٢٠٠٩.

٣- پاسپۆرت... یادەوەری ٢٠١٠.

٤- سەگەکانی ناو ڕێگا، ڕۆمان، وەرگێڕان.

٥- سیڤییەکان، ٣ کۆمەڵە بابەت و دیمانەن.

٦- چ لە سوید فێربووم، کۆمەڵە وتارێکە ٢٠١٠ ، ٢٠١١.

# پێرست


ئاماژەیەک ..........
..........
پێشەکی وەرگێڕی دەقەکە لە زمانی جوجراتییەوە بۆ ئینگلیزی
..........
پێشەکی ..........
٥ ..........

بەشی یەکەم

ڕەچەڵەک و لەدایکبوون .......... ١١
منداڵییم .......... ١٤
ژنهێنانم بە منداڵی .......... ١٦
پیاوی ماڵەوە .......... ١٩
لە قۆناخی دواناوەندیدا .......... ٢١
دزی و تەکفیرکردنی .......... ٣٠
مردنی باوکم و شەرمەزارییە قورسەکە .......... ٣٣
تیرۆژە ئایینییەکان .......... ٣٦
ئامادەییەکانم بۆ گەشتەکەی ئینگلترا .......... ٤٠
دەرئەنجام خۆم لە لەندەن دیتەوە .......... ٤٩
بژارەکەم .......... ٥٣
گێڕانی کارکتەری پیاوێکی بەڕێزی ئینگلیزی .......... ٥٧
گۆڕانکارییەکانی ڕەوتی ژیانم .......... ٥٩
ئەزموونەکانم لەگەڵ سیستەمەکانی خواردەمەنی .......... ٦٣
ئافاتی درۆ .......... ٧٠
ڕاما پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە پشتیوانیان نییە .......... ٧٧
بوون بەئەندام لە سەندیکادا .......... ٨٥

بەشی دووەم

ژیانم چۆن دەستی پێکرد .......... ٩٤
ئامادەبوون بۆ گەشتکردنم بۆ باشووری ئەفریقیا .......... ١٠٣
چەند ئەزموونێک .......... ١٠٩
زۆرترین ئاستەنگ .......... ١١٧
پەیوەندییەکانم لەگەڵ هیندییەکان .......... ١٢٥
پێکەنینی قەدەرەکان .......... ١٣٥
مانەوەم لە ناتالدا .......... ١٣٨
کۆنگرەی هیندی لە ناتالدا .......... ١٤٥
توێژینەوەی بەراوردکاری لە ئایینەکان .......... ١٥٤

له هیندا ........................ ١٦٢
گەڕانەوەیەکی خێرا ........................ ١٧١

## بەشی سێیەم

تەوژمی باهۆزەکە ........................ ١٧٥
بژارەکە ........................ ١٨٢
هێمنییەکەی پاش باهۆزەکە ........................ ١٨٥
ڕۆحی خزمەتگوازرییەکە ........................ ١٩٢
ژیانێکی سادە ........................ ٢٠٠
شەڕەکەی بویر ........................ ٢٠٢
لەناو حزبدا ........................ ٢١٦
لە بنارسدا ........................ ٢٢٨
ئایا لە بۆمبایدا نیشتەجێ دەبم؟ ........................ ٢٣٢

## بەشی چوارەم

ئایا کەی بێ ئومێد بووم؟ ........................ ٢٤١
چاوپۆشین لە ریسواکارییەکان ........................ ٢٤٥
ڕۆحی فیداکاری چالاک ........................ ٢٤٨
ئەنجامی تەئمل لە خود ........................ ٢٥١
قوربانیدان لە پێناوی ڤێگاتیریدا ........................ ٢٥٤
ئاگادارکردنەوە ........................ ٢٥٨
ململانێی لەسەر دەسەڵات ........................ ٢٦١
یادگارە پیرۆزەکە و کافرەکان ........................ ٢٦٤
پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئەوروپییەکاندا ........................ ٢٦٨
رای هیندی ........................ ٢٧٣
تاعوونە رەشەکە ........................ ٢٧٧
سووتاندنی گەڕەکەکە ........................ ٢٨٢
نووشتە سیحرییەکەی کتێبێك ........................ ٢٨٤
کێڵگەکەی فونیکس ........................ ٢٨٨
نیگایەکی خێرای ناوماڵ ........................ ٢٩٥
شۆڕشەکەی زولو ........................ ٢٩٨
لەدایکبوونی ساتیاجراها ........................ ٣٠٤
ئازایەتی کاستوربا ........................ ٣٠٩
بەرەو کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانی نەفس ........................ ٣١٥

بەرۆژووبوون ........ ٣١٧
بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بووم ........ ٣١٩
مەشقە رۆحییەکە ........ ٣٢٤
زیوانی ناو گەنم ........ ٣٢٦
بەرۆژووبوونی کفرکردن ........ ٣٢٨
بەرەو دیمانەی جوخلی ........ ٣٣١
رۆڵی من لە شەڕەکەدا ........ ٣٣٤
دووفاقییەکی رۆحی ........ ٣٣٧
نموونەیەکی بچووکراوەی ساتیاجراها ........ ٣٤٠
چاکەکەی جوخلی ........ ٣٤٣
گەڕانەوەم بۆ وڵات ........ ٣٤٧

**بەشی پێنجەم**

ئەزموونی یەکەم ........ ٣٥٧
لەگەڵ جوخلی لە شاری بوونادا ........ ٣٥٩
مەینەتییەکانی گەشتیارانی پلەی سێیەم ........ ٣٦٨
کۆشش بۆ بەشداری لە کۆمەڵەکەدا ........ ٣٧٠
پردی لاکشمان جولا ........ ٣٧٦
دامەزراندنی دەستەکە ........ ٣٧٩
تاقیکردنەوەکە ........ ٣٨٢
هەڵوەشاندنەوەی کۆچکردن بەبۆندی بەقەرز ........ ٣٨٥
بۆیەی نیلە ........ ٣٨٨
پووچەڵکردنەوەی دەعواکە ........ ٤٧٩
شێوازەکانی ئیشکردن ........ ٣٩٧
هاوڕێیەکانم ........ ٣٩٩
چوونە ناو گوندەکان ........ ٤٠١
بەرۆژووبوون ........ ٤١٠
پیوازدزەکە ........ ٤١٤
ویستی یەکبوون ........ ٤١٨
هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی گیانفیداییەکان ........ ٤٢١
لەسەر لێواری مردن ........ ٤٢٨
یاساکەی رۆلات و تەنگژەکە ........ ٤٣٢
دیمەنە نازدارەکە! ........ ٤٣٥

# خاندی


٤٣٨ ................................................................
ئای کە ئەو هەفتەیە لەبیرنەدەکرا! ..............
٤٤٤ ................................................................
هەڵەیەکی کوشندە ..............
٤٤٦ ................................................................
ڕۆژنامەی ئاڤاجیڤان و یانگ ئیندیا ..............
٤٤٩ ................................................................
لە بنجابدا ..............
٤٥١ ................................................................
خەلافەت بەرامبەر پاراستنی مانگا ..............
٤٥٥ ................................................................
حزبی کۆنگرە لە ئامریتساردا ..............
٤٥٧ ................................................................
سەرەتای کارکردنم لە حزبی کۆنگرەدا ..............
٤٥٩ ................................................................
پەیدابوونی خادی ..............
٤٦٤ ................................................................
هەڵکشانی زۆرتر ..............
٤٦٧ ................................................................
لە ناجبوردا ..............
٤٦٩ ................................................................
ماڵئاوا ..............
٤٧٢ ................................................................
پەراوێزەکان ..............
٤٧٤ ................................................................
چاپکراوەکانی وەرگێڕ ..............

بێگومان شێوازی مامۆستا
کاریگەری لەسەر ڕۆحی
قوتابییەکان هەیە ، ئەگەر
چەند میلیش لێیانەوە دوور
بێت . ئەگەر مامۆستا درۆزن
بێت ناتوانێت قوتابییەکانی بە
ڕاستگۆیی پەروەردە بکات.
ئەستەمە مامۆستای
ترسنۆک خوێندکاری
ئازا پێ بگەیێنێت.
ئەگەر مامۆستا
نەتوانێت نەفسی
خۆی کۆنترۆڵ بکات،
چۆن فێرکارەکانی
فێری ئەوە دەکات.
بۆیەش من
بڕیارم دابوو ببمە
مامۆستایەکی نموونەیی
پراکتیکی
بۆ کیژان و کوڕان.
بەڕاستی
خوێندکارەکان
مامۆستای من بوون،
بۆیە لەبەر ئەوان دەبوایە
ڕاستگۆ و چاکەخواز بم ...

غاندی